واتە

11

کۆواریێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
حوزەیران ٢٠١١

هەوڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 00964 (0) 66 224 49 35

واتە بۆ ئەوانەیە کە
دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

هەوالنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور ئامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێبڕ

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێبڕ

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کێبڕ

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

یوسف مەلەک

ناوداریّک لە ناودارانی بیر و سیاسەتی کلدوئاشووری

١٨٩٩ – ١٩٥٩ز

دلاوەر زنکی

ئەگەر مرۆڤ ولّات و گەلەکەی خۆش بوێت و بکۆشێت بۆ تەناهیی ولّاتەکەی و خۆشگوزەرانیی میللەتەکەی و بەرگری لە خاکەکەی بکا، ئەوە شتێلێکی بەلّگەنەویستن و هیچ جێگەی سەرسوڕمان و دروستکراو نییە. ئەمە خۆڕسکە و لە هەموو مرۆڤێکدا چونیەکە. یەکێک لەو کەلّکەلّانەی ئەوەیە ئەوینی بۆ نیشتمان و خۆشەویستیی کەسوکار دلّی پڕ بکەن و هزر و هەستەکانی بگرنەوە، دوور نییە ئەم خۆشەویستی و ئەوینە دەستی بەسەردا بگرن و لە دەروون و سەرتاپای گیانیدا تەنیا شەیدایی بۆ نەتەوەکەی خۆی و خاکەکەی و ئەوی پێوەندیی پێیانەوە هەبێت. ڕەنگە لە کتێبێکدا ژیننامەی مرۆڤێک بدۆزینەوە، یاخۆ ناوی پیاوێک ببیسن دلّ و دەروونی فراوان بووە و سەرجەم مرۆڤانی خۆش ویستووە و خەمی مرۆڤایەتیی لەخۆ گرتووە و بەرگری لە داماوان کردووە و بۆ چەوساوەکان تێکۆشاوە، خەباتی کردووە و بەرگریی لە مافخوراوان کردووە و سەرکەوتنی بۆ میللەتانی ژێر دەسەلّاتی ستەمکاران بەدەست هێناوە.

لەو مەزنانەی بەدەگمەن ڕۆژگار دروستیان دەکاتەوە، (یوسف مەلەک)ی بیرمەند و سیاسەتوانی ئاشووری کلدانییە، کە یەکێک لە نووسەران بەم ئاوایە وەسفی دەکات: (خەباتگێڕی نەتەوەیی و بەرگریکەری ئازاد، ئەوی سەرسەختانە بەرگری لە ڕۆلّەکانی گەلەکەی و مافی هەموو زولّم لێ کراوان کرد... شێری بابل و بازی ئاشوور، ڕۆلّەی دلّسۆزی تلکێف).

ئەم پیاوە مەزنە پارێزەریی بۆ گەلی کورد دەکرد و بەرگریی لە مافەکانی دەکرد و بەو خامەیە سەرکەوتنی بۆ بەدەست دەهێنا، کە بوێری و ئازایەتیی لێ دەتکا و بەدەیان وتاری لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا دەنووسی و تێیاندا باسی ڕەوشی کوردانی دەکرد و لە ناوەند و کۆنفرانسە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

یوسف مەلەک ١٨٩٩ـ١٩٥٩

جیهانییەکاندا بەپاڵەوانێتی و ژیارەکەیانی هەڵدەدا، هەموو ئەمانەش لە کاتێکدا بوون قسەی ڕاست بوونی نەبوو و خۆپەرستی و تەماعکاری و چاوچنۆکی دنیایان داگرتبوو، لە زەمەنێکدا جگە لە بەرژەوەندیی تایبەتی کەس گوێی بەئێش و ئازاری ئەوانی تر نەدەدا.

لە نۆی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣١زدا شاری بەغدای جێ هێشت و ڕووی لە شاری حەلەب کرد، تا لە کۆنگرەی کوردی – ئاشووری ئامادە بێت و دۆخی کورد و ئاشوورییەکان تاوتوێ بکەن. لێ ئەو نەگەڕایەوە بەغدا، بگرە ڕووی لە (بەیروت) کرد، لەوێ سەقامگیر بوو و لە ڕۆژنامەی "الوطن"، کە خۆی دای مەزراند دەستی بەنووسین لەسەر کوردستان و میللەتی کورد کرد. لە بەیروتیش لە پێوەندییەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ دوکتۆر محەمەد نووری دەرسیمی و مێژوونووس حەسەن هوشیار و ماڵباتی بەدرخانییەکان، وەک: جەلادەت و کامەران و ڕەوشەن و بەتایبەتییش میر جەلادەت بەدرخان، کە ئەو کات لە بەیروت دادەنیشت، پێکەوە تاوتوێی کاروباری ئەدەب و هزر و سیاسەت و هەر شتێکیان دەکرد بۆ نەتەوەی کورد بەسوود بێت.

لەم بارەیەوە وتاری بەزمانەکانی ئینگلیزی و فرەنسی و تورکی لە ڕۆژنامە بیانییەکاندا

دەنووسی. هەڵبەت سڵی لە هیچ نەدەکردەوە و دروشمی ئەو سەرکەوتنی ڕاستی و حەق بەسەر ناهەقدا بوو، بێ گوێدانە ئەنجامەکەی.

یوسف مەلەک بەدرێژاییی ژیانی هاوتەریب بەرگریی لە هەردوو دۆزی کورد و ئاشووری کرد و هەردووکیانی بەکێشەیەکی کوردستان دانابوو و بەرپرسی چەوسانەوە و کوشتنی ئەو دوو میللەتەشی بۆ داگیرکەری بەریتانی دەگەڕاندەوە.

دوایت ئیزنهاوەر دەڵێت: (بێگومان، سەرجەم دۆستانی گەلی پۆڵۆنی دان بەپەرۆشییاندا دەنێن بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و دڵیان بۆی ژان دەکات).

بیریار و سیاسیی بەتوانا یوسف مەلەکیش هەمبەر مافی کوردستان دەڵێت:

ئای کە گوزارشتێکی جوانە و باشتر دەبوو ئەگەر گشتگیر بووایا، پێوەندیی بەسیاسەتەوە نەبووایا، بۆیە دڵگیرییەکەی لەدەست دەدات و وا لە خەڵکی دەکات لە گوماندا بن لە ڕاستیی مانا و مەبەستەکەی. داخۆ بەڕێز ئیزنهاوەر نازانێت پەرۆشی میللەتی کورد بۆ ئازادییەکەی کەمتر نییە لە تاسەی هەر میللەتێکی تر و دۆخەکەی پێویست بەچارەسەرێکی خێرا دەکات، لەوە پتر دواخستن قبووڵ ناکات، بەر لەوەی بەناچاری بگاتە ڕەوشگەلێک بڕوا ناکەم بەدڵی ئەوانە بێت کە بانگەشەی (دنیای ئازاد؟) دەکەن.

ئاخۆ لە گشت جیهانی ئەمڕۆدا جگە لە میللەتی کورد میللەتی تر هەیە، گەر بەزمانی خۆی قسان بکا یاسا دەستی بگاتێ؟ نەخێر! ئەگەر هەیە بڵێن بڵێن، چونکە دوور نییە من هەڵە بم و تەنیاش خوایە هەڵە ناکات. کورد تاقە میللەتە لە جیهاندا کە تورکیا ڕێی لێ دەگرێت بەزمانی خۆی قسە بکا، تەنانەت لە کاروباری تایبەتیی خۆشیدا.

ئەو تەنیا گەلە لە دنیادا نابێت کتێبی کوردی بخوێنێتەوە، ئیدی هەرچییەک بێت، چونکە سیاسەتی بەزۆر بەتورککردن کارێکی وا دەکات هەموو دەرگەکان بەڕوویدا دابخرێن. ئەگەر گەلی پۆڵۆنی، یا هی تر لە هەڵسوکەوتیدا ئازاد نەبێت، ئەوا هیچ نەبێت بەئازادییەکی تەواوەوە لە کاروباری فەرمی و تایبەتییدا پراکتیکی زمانەکەی خۆی دەکات، بەپێچەوانەی میللەتی کوردەوە، کە بەکوشتنی زمانەکەی بەکۆمەڵ ڕاماڵی کوشتن دەکرێن.

ئەوان لە هاتنە ناوەوەی کۆمۆنیزم دەترسێن، بۆیە لە ماڵ و سامان و هەوڵدان چیان بۆ بکرێت دەیخەنە گەڕ بۆ دژەوستانەوەی، کەچی لە بری بەسەریدا زاڵ بن، یاخۆ ڕەوتەکەی ڕاگرن بەم هەڵسوکەوتە ناپەسندانەیان پتری هان دەدەن. گەر تورکیا هاوپەیمانی سەربازیی ئەمەریکا نەبێت دژ بەڕووسیا، ئاخۆ سەیدا ئیزنهاوەر چاوپۆشی دەکرد وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێت، ئەوی میللەتی کورد لە تورکیا بەدەستییەوە دەناڵێنێت و گشت خەمی خۆی بەناوی (مرۆڤایەتی و دادپەروەری)یەوە تەنیا بەگەلانی ئەوروپای ڕۆهەڵاتەوە گرێ دەدات؟

(دنیای ئازاد) ئێستاشی لەگەڵدا بێت میللەتی کوردی نائومێدی بەیەکجاری بێ هیوا کردووە، ئەگەرچی وایش نیشان بدات واقیعەکەی قبووڵە، ئەو دەبینێت (جیهانی ئازاد) لە دروستکردنی قەڵا لە ولاتەکەیدا گورجوگۆڵە، مەبەستی ڕاستەوخۆش لەمە دەستخستنە بینییەتی زیاتر و زیاتر، هەروەها دوورخستنەوەیەتی لە هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی.

یوسف مەلەکی نووسەر و سیاسەتوان سێ میدالی لە حکوومەتی بەریتانییەوە پێ درا، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت بەریتانیا لە بەڵێنەکانی ژیوان بووەتەوە دژ بەبەڵێنەکانی بۆ گەلانی چەوساوە لە یارمەتیدان و دەستگرتنیان بەرەو ڕزگاری هەڵگەڕاوەتەوە، لەوەی چیان پێ دەکرێ و چۆن مافەکانیان دەخۆن و خاکیان داگیر دەکەن، هەر سێ خەڵاتەکەی بەداوای لێبووردنەوە بۆ دەوڵەتی بەریتانی گەڕاندەوە، چونکە ئەو پابەند نییە خەڵات لە لایەنێک وەرگرێت قسە و کرداری لە یەکەوە دوور بن.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

ئەم بەڵگەنامەیە لە ڕۆژنامەی (الوجدان) بڵاو بووەتەوە، ژمارەی تایبەت ١٣/٣٣٣ لە ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ز.

میداڵە گەڕێنراوەکان

سەرنووسەر (یوسف مەلەک) هەرسێ میداڵەکەی بۆ حکوومەتی بەریتانیا گەڕاندەوە، چونکە پاش ئەو کارە بەربەرییەی لە قوبرس ئەنجامی دا بەکەڵکی ئەوە نایەت بەهێمای مافی مرۆڤ، یا شکۆمەندیی دابنرێت، هەڵبەت دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە میدالانە لە ولاتێکی زۆر ڕووی داوە.

بەپۆستی گرەنتی/ ٢٠ی ئاداری ١٩٥٦ز

بۆ باڵوێزی حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی لە لبنان، بەیروت

ئەی خاوەن شکۆ،

لەگەڵ ئەم یاداشتنامەیەدا ئەم سێ میداڵەی ناویان دێنم دەگەڕێنمەوە، یەکەمیان (جەنگی مەزن لە پێناو شارستانی ١٩١٤ – ١٩١٩) دەگەیەنێت، کە حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی شا جۆرجی پێنجەم پێی دام. هەرچی ئەوەی تری: میدالی ١٩١٤ – ١٩١٨، میدالی ١٩٢٠.

ئەم سێ میداڵە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکەی دەگەڕێنمەوە، بەگوزارشت لە ناڕەزاییم لەسەر دوورخستنەوەی سەرۆکی قەشەکانی قوبرس، مەکاریۆسی سێیەم و هەرسێ

هاوەڵەکانی، نەک لەبەر تاوانێک کردبێتیان، بگرە لە پێناوی بەرگرییان لە مافی هاونیشتمانەکانیان لە بڕیاردانی چارەنووس و ئازادیدا، ئەو مافەی کە ئینگلتەرە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد و لەم بارەیەوە پەیمانی نێودەوڵەتی واژۆ کردووە، وەکو پەیماننامەی ئەتڵەسی.

دوورخستنەوەی خەباتگێڕانی ئازادیخواز بۆ وڵاتانی تر، هەرگیز لەگەڵ ئەو پرەنسیپەدا نایەتەوە، کە ئەم میدالانەیان لەسەر دراوە، لەبەر هەندێ بەپابەندبوونم بەپرەنسیپی ئازادیی گەلان لە دیارکردنی چارەنووسی خۆیاندا و بۆ ڕێزگرتن لە مەکاریۆسی سەرۆک قەشە و هاوەڵانی و هاووڵاتییانی، لە پێناو بەدیهێنانی ئەم پرەنسیپەدا . دەیانگەڕێنمەوە.

خاوەن شکۆ من خزمەتکاری گوێڕایەڵتانم.

یوسف مەلەک

وەڵامی بەریتانیا

باڵوێزی بەریتانیا: بەیروت ٢٣ی ئاداری ١٩٥٦ز.

(ژمارە میم ئەلف – ١٠١ یو – ١١)

سەیدا یوسف مەلەک

سنووقی پۆستە ٨٥٧ بەیروت

گەورەم

ڕاپەڕینەری باڵوێزخانەی خاوەن شکۆ ئاماژەی پێ دام پێت ڕابگەیەنم یاداشتنامەکەی ٢٠ی ئادارت وەرگیرا، کە سێ میدالی بەریتانی لەگەڵدا بوو.

ئێمە بڕیارەکەت بەگەڕاندنەوەی سێ میدالەکە بەوەزیری شەڕی خاوەن شکۆ ڕادەگەیەنین، لەگەڵ ئەو هۆیانەی وایان لێ کردیت ئەمە بکەی، تاکو ڕێنوێنییەکانیمان لەم بارەیەوە پێ دەگات، میدالەکان ئەمانەتن لامان.

سەیدا من خزمەتکاری گوێڕایەڵتانم.

ئەی. جی. گراهام

پێشەنگ لە پاشکۆی سەربازی

***

هەوڵنامەی کتێب

وتەیەکی داغستانی هـەیە دەڵێت: (زۆر کەس چاکەیان لە چاومانە، بەڵام ڕەنگە لە بیریان بکەین ئەگەر ماوەکەی درێژەی کێشا).

بیرمەندی ئاشووری کلدانی یوسف مەلەک و توێژەری تورک د. ئیسماعیل بێشکچی، کە تەمەنی لاوێتی بەخۆڕا ڕۆیی و سـاڵانێکی زۆری لە زیندان و گـرتگەکـانی تورکیـادا بەسـەر برد، لەگـەڵ چەندانـی تر چاکـە و منەتیـان بەسـەر سـەرجـەم کـوردانەوە هـەیە، دەبێت لە مـێشک و هزری هـەر کوردێکدا یادیان بپارێزین و ناویان لەسـەر دڵان بنەخشێنین.

ژیاننامەی

لە شارۆکەی (تلکێف /تەل ئەلحەجەر) لە ڕۆژی ١٥ی ئـاداری ١٨٩٩دا هاتووەتە دنیـاوە. لە کاتێکدا هێشتـا تەمـەنی شەش سـاڵان بوو جـەجۆ فـرەنسیس عەتاری باوکی کۆچی دوایی کرد. خاڵەکانی گـرتیـانە خۆیان و نـایانە بەر خوێندن، چووە قوتابخانەی (القدیس یوسف) لە بەغدا و زمـانەکانی عـەرەبـی و فـرەنسی و ئـینگلیـزی و تورکی خـوێند. پاشـان قـوتابخـانەی ڕەشـیـدیە و ئەمـریکان لە بەسرە، تاکو سـاڵی ١٩١٥.

لە تەمـەنی شـازدە سـاڵیدا وەکـو وەرگێـڕ چووە سـوپای ئینگلیـزەوە، پاشـان پۆسـتی جـێگری دادوەری سیـاسـیـی ئینگلیـز لە سـامـەڕا و بەغدا و دوایش مـوسڵ وەرگرت. ناچار بـوو بەغدا جێ هێڵێت و بەمەبەستی ئامادەبوون لە کۆنفرانسی (کوردی – ئاشووری) ڕوو لە حـەلەبی سـووریا بکا، پاشـان بۆ بەیرووت ڕۆیشت، لەوێ هـەندێک لە سـەرکـردە و پشـتـیـوانانی ڕێکـخـراوی ئەیـۆکـای ڕزگاریخـوازی ناسی، بەمەبەستی هاوکاریکردن و هـەماهـەنگیی تواناکان، بەتایبـەت ئەم ڕێکخراوە بەرهـەڵستیی ئینگلیزی دەکرد لە پێناوی ئازادی و سـەربەخۆیی قوبرس.

لە ئەیلوولی ١٩٣٣دا بـۆ جنێف ڕۆیشت بۆ قسـەکردن لەسـەر دۆزی ئـاشوورییـەکان لە کۆمـەڵەی گـەلان، دواتر گەڕایەوە بەیرووت تا ڕۆژنامەی بەناوبـانگەکەی (ئاپرا) واتا نـیشـتـمان، دامـەزرێنێت، کە لە ١٥ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٣٨دا بەزمـانەکـانی عـەرەبی و ئاشووری و ئـینگلیـزی و فـرەنسی دەری کرد.

کاتێک حوسنی ئەلزەعیمی (بەبنەچە کورد) پۆسـتی سـەرۆکی وڵاتی سووریای وەرگرت، یوسف مەلەک بۆ پیرۆزبایی لێکردنی لە دیمەشق سەردانی کرد، ئەویش بەفەرمی وەکو پێشوازیی سەرۆک و پاشایان پێشـوازیی کرد و ڕووی لێ نا تا پۆستێکی باڵای لە حکوومـەتدا بداتێ، کەچی ئەم ڕەتی کردەوە، چونکە سـەرقـاڵی دۆزی نەتەوەکەی بوو. سـەرۆک بەڵێنی پێ دا چـارەسـەرێکی گونجـاو بۆ گرفتی ئەو ئاشوورییانەی لە کەناری خابوور نیشتەجێن بدۆزێتەوە، بەڵام مـەرگ ڕێی نەدا و تیرۆر کرا.

لە ئایاری ١٩٥٦دا یوسف مەلەک لەگەڵ سەیدا: فوئاد ئەلبەدەویی خاوەنی ڕۆژنامەی (الوجدان)، کە وەستێنرابوو، ڕێککەوت ژمارەی تایبەت بۆ ڕای ئازاد و زوڵم و ستەمی داگیرکەر تەرخان بکا، ئەوە بوو ژمارە یەکی لە ڕۆژنامە سیاسییە هەفتانەکەی (الحرية) لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧زدا دەرکرد، تێیدا بەرگری لە مافی میللەتەکەی و میللەتانی چەوساوەی ناوچەکە دەکات.

لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥٩دا کۆچی دواییی کرد. دۆست و ناسیاوەکانی کۆچکردوو ئاهەنگی یادکردنەوەیان بۆ گێڕا و کارمەندانی باڵوێزخانەی عێراقی و ئێرانی و یۆنانی لە بەیروت و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی فەرمیی لبنانی و پەیامنێری ڕۆژنامە لبنانی و بیانییەکان ئامادەی بوون، ئاهەنگەکەش میر ڕەوشەن بەدرخان کردییەوە، پاشان ڕۆڵی گوتاربێژان هات و باسی کار و چالاکییەکانی یوسف مەلەکیان کرد، وەک پارێزەر جۆرج ئەلسالحی و کچی سەرۆکی ئاشووری ملکور شلیمۆ و دوکتۆر ئەدیب معەوەز و پارێزەر نازم پەترۆس (برازای کۆچکردوو) و ڕیمۆن لواری نەقیبی پەیامنێرانی ڕۆژنامە بیانییەکان و یوسف کەتۆ و عەبدوڵا ئەلحاج و باوە ئۆگستین سادق و زۆری تریش. بەم ئاوایە دۆستێکی دڵسۆزی گەلی کورد و ڕۆڵەی بەوەفای نەتەوەی ئاشووری جێی هێشتین.

دانراوەکانی:

١- فواجع الانتداب البريطاني في العراق.. بەزمانی عەرەبی، سالّ ١٩٣٢ لە بەیروت چاپ کراوە.

٢- الخيانة البريطانية للاشوريين.. بەرگێکی گەورەیە بەزمانی ئینگلیزییە، سالّی ١٩٣٥ لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چاپ کراوە. بەئینسکلۆپیدیایەکی گەورە و سەرچاوەیەکی سیاسیی پڕ بایەخ دادەنرێت، لەو کاتی بۆ قوبرس دوور خرابووەوە دەستی بەنووسینی ڕەشنووسەکەی کرد، پاشان بەشەکانی تری لە جنێف تەواو کرد. یۆنان ئیلیا یۆنان سالّی ١٩٨١ وەری گێڕایە سەر زمانی عەرەبی.

٣- سميل مقبرة الجبابرة المغرر بهم.. سالّی ١٩٣٨ بەئینگلیزی بلاّوی کردەوە و وەریش گێڕایە سەر زمانی فرەنسی.

٤- كردستان او بلاد الاكراد.. سالّی ١٩٤٥ بەزمانی عەرەبی بلاّو کرایەوە، توێژینەوەیەکی سیاسەت سەبارەت بەدۆزی کورد و مافەکانی.

٥- خليفه ابليس.. سالّی ١٩٤٥ بەزمانی عەرەبی بلاّو بووەتەوە، بەشێوازێکی توند و لۆجیک ئامێز باس لە تیمێکی مەترسیدار لە دەجاڵ و جادووگەران دەکات.

٦- قبرص وبربرية الاتراك في القرن العشرين.. کتێبێکی سیاسییە، سالّی ١٩٥٥ دەرچووە. نووسەر لەم کتێبەدا باس لە کێشەی قوبرس و ئەو ڕووداوە خوێناوییانە دەکات، کە شەوی ٦ - ٧ی ئەیلوولی ١٩٥٥ لە ئەستەنبوولّ و ئەزمیر ڕوویان دا.

هەواڵنامەی کێڵ

٧- ذكرى الامير جلادت بدرخان.. له تەمووزی ساڵی ١٩٥٢دا بەهاوبەشی لەگەڵ پارێزەر مەنسوور شلێتا دای ناوە، بۆ یادی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر لەدەستدانی میری مەزنی کورد: ئەمیر بۆتانی هاوڵی، ژێنەرەوەی ڕاپەڕینی نەتەوەیی کورد و سیاسەتوانی ژیر و زمانەوانی شارەزا.

٨- في ذكرى الدكتور فيليب عبدة مبارك.. نامیلکەیەکی تایبەتە بەیادکردنەوەی ئەو دۆستەی.

٩- من هو عبدالله الحاج؟. باس لە ژیاننامەی نوێنەری بوێر و گوتاربێژی ڕەوانبێژ عەبدوڵا ئەلحاج دەکات، کە بەگوتارە ئاگرینەکانی هۆڵی پەرلەمانی لبنانی هێنایە لەرزین.

سەرچاوەکان:

١- رواد من الشرق والغرب: يوسف ملك جندي مجهول تيه قومه/ يوسف ناظر. مجلة القيثارة، العدد (١٠٧) لسنة ١٢/ ١٩٩٧م.

٢- سمكو الجباري. يوسف ملك الاشوري الذي انصف القضية الكوردية. جريدة الاهالي، العدد الثالث، السنة الاولى، الاثنين ١ تموز ٢٠٠٢م.

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی لیبراڵیی سەربەخۆیە، ڕێکخراوی دۆستانی دیموکراسی - عێراق دەری دەکات.

٣- فاروق كوركيس. يوسف ملك الكاتب والمفكر الكلدواشوري (١٨٩٩ - ١٩٥٩).

٤- جريدة الوجدان. عدد خاص ١٣/٣٣٣، ٤ تشرين الاول ١٩٥٦م.

صاحبها ورئيس تحريرها: فؤاد البدوي. المدير المسؤول: اسكندر البستاني.

رئيس القسم الخاص: يوسف ملك. بيروت - لبنان.

هەوڵدانی کتێب

کوردستان، وڵاتی کوردان

توێژینەوەیەکی سیاسییە باس لە داخوازییەکانی کورد دەکا سەبارەت بەسەربەخۆیی

یوسف مەلەک (خاوەنی ڕۆژنامەی ئەپرا)

سەرەتا

ئاژانسەکانی دەنگوباس لە بروسکەکانیاندا سەبارەت بە کوردستان ئەمەیان بڵاو کردووەتەوە:

دەوڵەتێکی کوردی[1]

"نوێنەرانی کورد یاداشتێکیان بۆ وڵاتانی بەشداربوو لە کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ بەرز کردووەتەوە، تێیدا بەپێی ئەو پەیمانە نێودەوڵەتییانەی دوای شەڕ دانیان پێدا نراوە، پێ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دادەگرن.

لە یاداشتەکەدا هاتووە، ژمارەی ئەو کوردانەی لە پارچەیەکدا بڵاو بوونەتەوە، کە کەوتووەتە نێوان ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا و بە نۆ ملیۆن کەس دادەنرێ، بڕیاری ئەوەشی تێدا دراوە کە سەربەخۆییان بە یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی ئاشتی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دادەنرێت".

منیش وام بینی ئەو ئەرکەی لەسەر شانمە لە بەرابەر وڵاتە ڕاستەقینەکەی خۆمدا بەجێی بگەیەنم و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕای گشتی ئەوە بڵێم کە دەیزانم، بۆیە بیرم لە بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە لەنێو جەماوەردا کردەوە، بەڵکو درک بەوە بکا، کە گرفتێکی درێژخایەن لە گۆڕێدایە، ئەویش کێشەی کوردە، ناشبێت وا مەزەندە بکات ئێمە هەنگاوێک بەرەو پێش دەنێین بۆ ئاشتی و سەقامگیریی سیاسی، یاخۆ ئابووری ئەگەر بایەخی جیدی بەم ئاریشەیە نەدەین، ڕۆڵەکانی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

ڕۆهەڵات بەجیاوازیی بیروباوەڕیانەوە بە هزر و قسە و کردار، بەشداری دەکەن لە یەکخستنی توانایان بۆ ڕزگارکردنی ئەم پارچە زەوییە ڕۆهەڵاتییە.

وڵاتێلێک، کە تاکو شەڕی یەکەمی جیهانی مۆڵکی ئیمپراتۆریای لەناوچووی عوسمانی بوون، پاشان تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوون، سوورن لەسەر پێویستیی ڕزگاربوونی یەکجارەکی لە دەسەڵاتی بێگانەی ڕۆئاوا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کوردستان و میللەتەکەی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەمەش لە بەهای پاساوەکەی لە بەرابەر ڕۆئاوادا کەم دەکاتەوە، واتا ئێمەی ڕۆهەڵاتی دەمانەوێت لە یەک کاتدا زستان و هاوینمان هەبێ، واتا ئەوی بەوانی تری دەکەین ڕازی نین بەخۆمان بکرێت.

ئەگەر کوردستان ئازاد ببێت (ئەمەش ئەوپەڕی مافی خۆیەتی)، دەبێتە دۆستی سەرجەم وڵاتانی دراوسێ، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ تێیدایە، گومان و دوودڵی دایگرتووە و ئاسوودە نییە و ناشبێت... ئەی چۆن دەتوانێت خاترجەم بێت، یاخۆ گومان نەکات و ئەو هێزەی ڕەگەزەکانی ژیانی لەو توندوتیژییەوە هەڵدەهێنجێنێ، بەڕێوەی ببات؟ ئێمە داوای ئەستەم دەکەین.

ئەی ڕۆڵەکانی کوردستان! نەکەن بێ ئومێد بن، چونکە سەرشۆڕیمان پتر دەکات، نەتەوەیەک نییە بەردەوام بووبێت لە داواکردنی مافەکانی و بەدەستی نەهێنابێت، ئیدی چەندێک درێژەی کێشا بێت، میللەتێکیش نییە لە چەشنی ئێوە قوربانیی دابێت و بەسەربەخۆیی خۆی نەگەیشتبێت، مێژوو لە بەردەمتاندایە، ڕەنگە ڕێگەکە درێژ بێت، بەڵام لە ژیانی نەتەوە تازە سەرهەڵداوەکاندا کورتە و دوور نییە لەوەش کورتتر بێت کە مەزەندەی دەکەین.

پشت بەخۆبەستن نهێنیی سەرکەوتنانە، ئێوەش بکۆشن بۆ یەکخستنی قسەتان، کوردستانیش لە سەرووی هەموو شتەکانەوە دابنێن، چونکە دایکتانە، ئەو ئێستا لە دۆخێکدایە داوا لە گەورە و بچووکمان دەکات بەهانایەوە بگەین، هەرچی قوربانییەکیش بۆ ئازادیی کوردستان بێت هێند کەمە باس ناکرێت.

کوردێک لە تورکیا وەکو کوردێکە لە ئێران و عێراق و سووریا، جگە لە بەربەستی دروستکراو هیچ لێکیان جیا ناکاتەوە، گومان لە سەرکەوتنی ناکرێت، چونکە ناسروشتییە، هەر پرۆژەیەکیش سەربەخۆیی میللەتی کورد لە تەواوی خاکەکەیدا لە بەرچاو نەگرێت، دەبێت پشتگوێ بخرێت.

ئەی ڕۆڵەکانی کوردستان، چ دیان بن، یا موسڵمان. کوردستان ئەمانەتێکی پیرۆزە و لە ئەستۆتانە، باو باپیران بۆیان هێشتوونەتەوە، ئەم میراتە بپارێزن، تاکو خۆتان و نەوەکانتان بتوانن لە چوارچێوەی کوردستاندا هەرچی شتێکی ئازیز لە ژیاندا هەیە بیانپارێزن.

بژی کوردستان بەئازادی، لەژێر سایەی ئالا سێ ڕەنگەکەیدا، کە هێمای سروشت و ژیان و خاوێنییە.

یوسف مەلەک

بەیروووت، ٥ی ئایاری ١٩٤٥

کوردستان

زانیاریی گشتی

کوردستان بڕبڕەی پشتی ڕۆهەڵاتی ناوەندە، زۆرترین بەشی ئەو شاخانەی لە دەریای ڕەشەوە (لە نزیک قەفقاس)، تا کەنداوی فارس درێژ دەبنەوە، پێک دەهێنێ و لای ڕۆئاواش دەشتە بەپیتەکان دەگرێتە خۆ.

لەم خاکەدا یەک نەتەوە دەژێت، ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی نۆ ملیۆن دەبێت، بەهاوبەشی لەگەڵ ئاشوورییەکان – کلدان، خاک ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ئاین لێکیان جیا ناکاتەوە. ئەندامێکی بوێرە، خەباتکارە، لە جوانترین نەریتەکانی وەفاداری و لێبووردەیی و حەزی ئازادییە، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە بوونی خۆی پاراستووە، کورد نەتەوەیەکی زیندوو پێک دەهێنێت، لە ژیاندا لە مافی سروشتیی خۆیان بترازێت داوای هیچی تر ناکەن. دەیانەوێت بێگانە، کە دەستی بەسەر توانا کانیاندا گرتووە، لە هەر کوێیەکی وڵاتەکەیاندا بێت، بەسەریانەوە نەبێت، تاکو کاروباری وڵاتەکەیان چەشنێکی بەڕێوە ببەن زامنی سەرکەوتنیان بکات.

کوردەکان لەلایەنی ڕەگەز و زمان و ڕۆشنبیرییەوە لە دراوسێکانیان جیا دەکرێنەوە، هەروەها کوردستان ئەم وڵاتانە لێک دادەبڕێت تورکەکان لە ڕۆئاوا، ڕووس لە باکوری ڕۆهەڵات، ئێرانییەکان لە ڕۆژهەڵات و عەرەبیش لە خواروو.

بەڕاستی کوردستان یەکەیەکی جوگرافیایی و ئابووری و نەتەوەیی هەماهەنگی وا پێک دەهێنێت، بمانەوێ یا نەمانەوێ ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، چونکە پێگەکەی خاڵێکی گەوهەریی جەنگییە، هەروەها پردی پێوەندییە لە نێوان ڕۆئاوا و ڕۆهەڵاتدا، بۆیە پێویست دەکات بواری بۆ بڕەخسێنرێ، تاکو ببێتە یەکەیەکی بەتوانا و لەسەر پێی خۆی هەڵسێت (هەموو ئامادەییەکانی تێدایە) و هۆکارێکی سیاسیی پتەوە، لە بری ئەوەی ببێتە خاڵی پێکگەیشتنی بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکان، وەکو ئێستا تێیدایە، ئەگەر دیلێتی درێژە بکێشێ دوور نییە ببێتە شیمانەی شەڕێکی نوێ. لەو وڵاتانەی کورد تێیاندا کەمە نەتەوەیە، هەموو ڕێوشوێنێکی لێ گیراوە، لەبەرئەوەی نوشوستیی تەواوی بەدەست هێناوە، ئەم هەوڵە بۆش و بەتاڵانەش لە شکۆی ئەو وڵاتانەی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە زیاد ناکات، باشترە لەگەڵ کوردەکان لەسەر ڕێوشوێنی لۆجیکی ڕێک بکەون، کە دەتوانێت سەقامگیریی ئاشتی دابین بکات، چونکە لووشدانی نەتەوەی کورد هەروا سووک و ئاسان نییە.

سنووره سیاسییەکەی:

کوردستان بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان تورکیا و ئێراندا دابەش کرابوو. لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی ئاشتەوایی و پەیماننامەکانی تر، کە لەگەڵ تورکیادا بەستران، بەش

بەشکردنی لە نێوان تورکیا و ئێراندا فراوانتر بووەوە. هەرچی بەشی باشووری کوردستانی ڕۆژئاوای سەر بەتورکیایە، ئەوا چووە سووریاوە.

"سنووری تورکی – عێراقی دڵی کوردستانی مێژوویی کرد بە دوو لەتەوە[٢] و بۆ چەندین پشت توانای سەرهەڵدانی هۆزە کوردەکانی وەک یەکەیەکی نەتەوەیی تێک شکاند".

جوگرافیای سروشتیی کوردستان و سەرچاوەکانی:

زۆربەی زەوییەکانی کوردستان وەکو ناومان بردن، شاخاوین، بەڵام دەوڵەمەندیشە بە دەشت و دۆڵە بەپیتەکانی، ئەوە دەشتەکانی دیاربەکر و باسن و مووش و خاربووت و جزیرە و دۆڵەکانی دیجلە و فورات و ئەو لقانەی لێیان دەبنەوە، نموونەی ئەمەن.

سەرچاوەکانی:

زۆربەی خاکی وڵاتی کوردان کشتوکاڵییە، جۆران دانەوێڵە و گیابەند و تووتن و کونجی و سەرجەم چەشنەکانی سەوزە و بادەم و هەنجیر و گوێز و زەیتوون و سێو و هەرمێ و قەیسی و قۆخ و هەڵووژە و گێلاس وترێ و هەنار و تووی لێ بەرهەم دەهێنرێ، هەروەها گا و گۆتاڵی زۆرە و لەوەڕگەی بەڕێژەویشی تێدایە، سەرەڕای ئەمانەش مەگەر بەدەگمەن نەبێت سوود لە سەرچاوە کانزاییەکانی وەرنەگیراوە، تەنیا مس نەبێت لە نزیک دیاربەکر و نەوتیش لە کوردستانی باشوور.

هەرچی ئاسن و تەنەکە و خەڵووز و کبریت و قورقۆشم و زیون ئەوا بەڕادەی زۆر هەن.

لە ناوەندە گرینگەکانیشدا چەندان کارگەی چنین هەن، هەروەها پیشەسازیی ئەهلی وەکو قوماشی لۆکە و کەتان و ئاوریشم، هەروەها ڕایەخ و کارپێ چەرم و زیو و ئامێری لە ئاسن و پۆڵا و مس دروستکراو، کە زۆر بڵاون.

هەروەها بازرگانییەکی گرینگی ناردنە دەرەوەی لۆکە و مووی بزن و مازوو و ئاوریشم و ماسیی سوێرکراو و زیندوو و پەنیر و کەرە و پێست و ئاژەڵی ماڵی بەرویان هەیە.

جگە لەمانە سەرچاوەی ئاڵتوونی ڕەشیشە (نەوت)، کە خەڵکەکەی بەهیچ شێوەیەک سوودی لێ نابینن، بگرە خێرەکەی بۆ بێگانەی داگیرکەرە، کە پاڵی لێ داوەتەوە.

شارەکانی:

نزیکەی بیست شار هەن ژمارەی خەڵکەکەیان خۆیان لە نێوان ٣٠٠٠٠ و ٥٠٠٠٠ سەرنشین دەدەن، گرینگترینیشیان لە تورکیادا ئەمانەن: دیاربەکر و ماردین و خاربووت و مەڵاتیە و ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان و مووش و ڕان و بتلیس و خوزات و مادن و جزیرەی ئیبن عومەر.

لە ئێرانیش سابڵاغ و سەقز و سنە و کرماشان.

لە عێراقیش سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و مووسڵ و زاخۆ و ڕەواندز و کۆیسنجەق و هی تریش.

له قاهیره[٣]دا هاتووه:

"ڕێزدار عەلی کرنبێتسکی له ئەفسەرانی لەشکری پۆڵۆنیاییە، بوونی له میسردا به هەل زانی و چووه کۆلێجی ئاداب بەشی عەرەبی، تاکو سوودی زیاتر لەم زمانه وەربگرێت و له ئەدەبەکەی قوول ببێتەوە، بەڕێزی قسەی بۆ کردین و گوتی، ئەو له شەیدایانی گەشتوگوزارە، زۆربەی وڵاتانی جیهانی بینیون و له نێویاندا عێراقیش.... گوتی: بەڵام له هاوینەهەوارەکانی عێراق له باکور جوانتر و دڵگیرترم نەبینیوە، بەتایبەتی دەڤەری ڕەواندز، زێدەگۆیی ناکەم گەر بڵێم سروشتی ئەم ناوچەیە شێت و شەیداترت دەکات و ئەفسووناویترە له سروشتی چیاکانی سویسرا".

خۆێنەر تێبینیی ئەوە دەکات، ڕەواندز و شاخەکان له باکور، کە ئەم ئەفسەرە ئاماژەی پێ کردوون، کوردستان خۆیەتی.

دانیشتوانەکەی:

حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان هەوڵیان نەداوە ئاماریکی جیدی بۆ زانینی ژمارەی ڕاستەقینەی کوردەکان ئەنجام بدەن، هەموو ئەوانەیشی بڵاو کراونەتەوە دەکۆشێت ژمارە ڕاستەقینەکان کەم بکاتەوە، بەمەبەستی بێ بەهاکردنی بایەخی کێشەی درێژخایەنی کورد، تاکو بەتەواوی ئەو کەمکردنەوەیەی سالانە له ڕیزەکانی نەتەوەی کورددا ڕوو دەدات، له ئەنجامی یاسا ستەمکارییەکان و شالاوە سەربازییەکاندا، بۆیە ئەم ژمارانەی لێرەدا هاتوون نزیکن، بەهەرحاڵ خەملاندنەکە له ئەندازەدەرچوو نییە.

کۆی ڕووبەر بەکیلۆمەتری دووجا	ڕووبەری ناوچە کوردییەکان بەکیلۆمەتری دووجا	سەرجەم ژمارەی دانیشتوان	سەرجەم ژمارەی کوردەکان	ڕێژەی سەدیی کوردەکان
تورکیا ٧٦٠٠٠٠	٢٢٠٠٠٠ یانی ٢٩٪	١٦٢٠٠٠٠٠	٤٠٠٠٠٠٠	٢٥
ئێران ١٦٠٠٠٠٠	١٩٠٠٠٠ یا ١٢٪	١٥٠٠٠٠٠٠	٣٥٠٠٠٠٠	٢٣
عێراق ٣٠٠٠٠٠	١٠٥٠٠٠ یا ٢٩٪	٣٥٠٠٠٠٠	١٠٠٠٠٠٠	٢٨
سووریا			٣٠٠٠٠٠	
ڕووسیا			١٦٠٠٠٠	

ئەم ئامارەمان لەم سەرچاوانەوە وەرگرتووە:

کتێبی زەردی فەرەنسی ١٨٩٢ — Livre jaune francais 1892

کتێبی ڕێنوێنیی تورکی ١٩٣٢ — Turkish Handbook 1932

ئاماره تورکییەکان ١٩٤٢ — Turkish Statistics 1942

هەواڵنامەی کێبڕکێ

هەروەها کۆواری کوهستانی کوردی، کە لە ئێراندا دەرچووە، ژمارە ١٥ی ساڵی ١٩٤٥.

لەوەی هاتووە ١٩ لە سەدا لە کۆی ڕووبەری سێ وڵاتی گەورەی ڕۆژهەڵاتی و ٢٤ و نیو لە سەدا لە کۆی دانیشتوانەکە کوردن، زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها نەتەوەکەیان، کە هیچ پێوەندییەکیان بەنەتەوەکانی ترەوە نییە.

بەڕامان لە ڕووداوەکانی دوورخستنەوە و تاراندن بەپێوەرێکی فراوان لەلایەن تورک و ئێرانییەکانەوە، کۆڵۆنیی گەورەی کوردی لە دەرەوەی کوردستاندا هەبووە، دەکەوێتە ناوچەرگەی تورکیا و ئێرانەوە، ژمارەی ئەمانەش ناچنە خانەی مەزەندەکردنەکانمانەوە لە هەمبەر دانیشتوان.

ڕەگەز و زمان:

ڕەگەزی کورد دەگەڕێتەوە سەر ئارییەکان، هەروەها زمانەکەشیان، هەرچەندە لەم سەردەمەدا هەموو هەوڵی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا بووە ئەوە بووە زمانی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن، بەڵام نوشوستییان بەدەست هێناوە.

تەنانەت لە شارەکانیشدا کوردەکان لە ماڵەوە قسە بەزمانی خۆیان دەکەن، تەنیا شوێنە گرینگەکان نەبێت لە تورکیا، چونکە دێز تاکە پاڵنەرە بۆ باڵادەستیی زمانی تورکی.

ئیرادەی کورد ئەوە ڕەت دەکاتەوە و ئەوان پێوەستن بە زمانی تایبەتی خۆیانەوە و سەرشۆڕی قبووڵ ناکەن، هەموو ئەمانەش لە سۆنگەی ئەو ڕێوشوێنە نەسرۆیانەوەن، کە بۆ ملکەچکردنیان دەگیرێتە بەر.

زمانی کوردی لە تورکیا بەپێی یاسا قەدەغەیە، کەچی هەندێک خوێندنگەی کوردی لە تەنیا ناوچەیەکی عێراقدا هەیە. خوێندنگە لە گوندە کوردییەکاندا لەو وڵاتە و لە سووریادا بە زمانی عەرەبییە، ئەگەرچی تەنیا کەسی عەرەبیزان لە گوندەکەدا دەبێتە تاقە مامۆستای گوند.

لە هەر چوار وڵاتە جیاجیاکەدا لاوانی کورد ناچار دەکرێن زمانێلێک فێر بن لە هەموو ژیانیاندا پێویستیان پێ نابێت. لە عێراق و سووریا، چالاکیی ڕۆشنبیریی تایبەت بەکورد قەدەغە نییە. لە سووریا چاپەمەنیی کوردی زۆرن، لە ئێویاندا کۆواری هاوار، کە لە دیمەشق دەردەچێت و "ڕێیا تازە"ش لە ڕووسیا. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ١٥٠ کۆوار دەرچوونە و بڵاو بوونەتەوە، بەڵام بە پیتی لاتینین.

ئاینی کوردان:

ئەگەر کرستیانەکان و ژمارەیەکی کەمی ئاینی دێرینی زۆراتی Zoroastrain (واتا یەزیدییەکان)یان لێ دەرچن، ئەوا کوردەکان محەمەدین و زۆربەشیان سوننین، لە نێویاندا پرەنسیپی کۆنی مرۆیی بڵاو بووەتەوە، لە ئەنجامی بڕوای پێشووی زۆراتییان و ئەو بەڵگانەی ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە، ئەوان بەپێچەوانەی دراوسێکانیانەوە تا بڵێی لێبوواردەن.

ئەو ولاتانەی کوردیان تێدان داوا دەکەن کوردەکانیان پێوە بلکێنرێن، بەهۆی هاوشێوەیی ئاینی، وەلێ ئەو هێزەی وای لەم ولاتانە کرد لە واقیعدا نەتەوەپەرستیی تونده کە بەرگە ناگیرێ، لەگەڵ هەوڵ و کۆششی بۆ بەزۆر لکاندنی کورد، چەندێکیش حەزی بێ مانا و شێلگیرانەی نیشتمانیی ئەو ولاتانە تاوی سەندبێت، مەترسییەکەی لە هەڵکشاندا بووە.

مێژووی کورد

شوێنەوارێک لە دەستنووسە سۆمەرییەکاندا Sumerian records هەن کە پشتگیریی ئەوە دەکەن، نزیکەی بەر لە دوو هەزار ساڵ پێش زاین، هۆزە کوردەکان ناوجەرگەی کوردستانیان داگیر کردووە و لە شەڕی بەردەوامدا بوون لەگەڵ دراوسێ بەهێزەکانیاندا، وەکو بابلی و حیسی و ئاشووریيەکان، هەرگیزیش سەریان بۆ دەسەلاتی هیچ داگیرکەرێک دانەنواندووە.

ئەوان لە هێرشکردنە سەر نەینەوا و بابلدا یارمەتیی حشۆیرش SYRUSیان دا، هەروەها لە سەردەمی ئیمپراتۆریای ئەخمینیی ئێرانیدا Achaemenian ئیمتیازی سەربەخۆیان هەبوو و پاراستنی پەرستگەی زۆراتییەکانیش بەوان سپێردرابوو، لە کاتی کشانەوەی لەشکرەکەی زەینەفۆندا Xenophon لەلایەن کوردەکانەوە بەرەنگارییەکی تونديی ڕووبەڕوو بووەوە، هەروەها سەرکەوتووانە بەرهەڵستیی سەلجووقییەکانیان کرد، پاشان کورد لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ساسانییەکاندا بەرجەستە بوون.

دواتر شالاوی مەغۆل و هۆزە تورکەکان هات و ولاتیان کرد بەوێرانە.

سەلاحەدینی مەزن، بەرگریکاری دلێری دژ بەشاپێچاردی شێردڵ، کورد بوو، هەر لەژێر فەرمانڕەواییی ئەویشدا بوو زۆربەی هۆزە کوردەکانی یەکخست. لە نەوەی سێزدەمین کوردەکان سەرکەوتووانە بەرەنگاری داگیرکەرە تەتارەکان بوونەوە.

مێژووی هاوچەرخ بەداگیرکردنی کوردستان لاپەڕەی دادەخات.

سوڵتان سەلیمی یەکەم، یەکەمین خەلیفەی عوسمانی، کە بەیارمەتیی مێژوونووسی کورد ئیدریس واتا بتلیس، سیاسەتی یەکەتیی ئیسلامی پێڕەو دەکرد، ئەم سەلیمە توانی لە شەڕە سەرکەوتووانەکەی، کۆمەکی میرنشینە کوردییەکان دژ بەئێران بەدەست بهێنێ، پاشان ئەم یارمەتییە بەشێوەیەکی هەمیشەیی جێگیر بوو، بەپێی ڕێککەوتنێک تێیدا هاتبوو، میرە کوردەکان دان بەویلایەتی سوڵتاندا بنێن لەگەڵ پاراستنی مافەکانی میرێتییان لە چوارچێوەی ولاتەکەیاندا، دوای ئەوە کوردەکان لە شەڕەکانی هەموو سوڵتانەکاندا بەشدار بوون.

بەڵام دەرچوونی تورکیا لە یەکەتیی ولاتە فیودالەکان، واتا لەژێر سەرکردایەتیی عوسمانی بۆ ولاتێکی نەتەوەپەرستی، کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر پێوەندییەکانی تورکی ـــ کوردی هەبوو.

دەستدرێژیی پێ بەپێ بۆ سەر مافەکانی کورد، کە لە بەراییدا میرە کوردەکانی کردە ئامانج،

پاشـــان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دژ بەســـەرجـــەم نەتەوەی کـــورد تـوندتر بووەوە، ئـەمـــەش بووە هـۆی ململانێیەک تا ڕۆژی ئەمڕۆ سارد نەبووەتەوە.

بەپلەی یەکەم ئیمارەتە سەربەخۆ کوردەکانی کردە ئامانج و تا ساڵی ١٨٤٧ بەردەوام بوو، ئەوە بوو لەو ساڵەدا دوا ئیمارەتی کوردی، کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ بەرەنگاری لەشکری تورک بووەوە، ڕووخا. دواتر شۆڕشێلی خوێناوی لە ساڵەکانی ١٨٧٩ و ١٨٨٦ و ١٨٨٩ و ١٩١٣دا هەڵگیرسان.

پاش شـۆڕشی تورکـە لاوەکـان، تورکـەکـان هـەوڵ و کـۆشـشـیـان بۆ لکاندنی نەتەوەی کـورد بەخۆیانەوە، یاخۆ لەناودانیان پتر کرد.

بەگوزارشتێلێک کە پێشتر نموونەیان نەبووە، پەردە لەسەر ئەم سیاسەتە نوێیە هەڵدرایەوە.

لە تـورکـیـا بەکـارهێنانی زمـانـی کـوردییـان بەیـەکـجـا یاسـاغ کـرد، هـەروەها سـیـاسـەتی دوورخستنەوەی بەکۆمەڵ بووە هۆی هەڵگیرسانی سێ شـۆڕش لە ١٩٢٥/٢٨ و ١٩٣٠ و ١٩٣٧ و ١٩٣٨، بەشێوەیەک تورکەکانی ناچار کرد هانا بۆ ژمارەیەکی زۆر لە سوپاکەیان ببەن، هەروەها ناچار بوون چەکی ئاسمانی لەم هێرشە سەربازییانەیاندا بەکار بهێنن.

سیاسەتی نێودەوڵەتی:

شـەڕی (١٩١٤ – ١٩١٨) بووە هـۆی تەنگژەیەکی توند بەتایبـەتی لە تورکـیـا، نـەک هـەر کـوردی خسـتـە مـەترسـیـیـەوە، بگرە تووشی ئـاوارەییی بەکۆمـەڵ هاتن، هـەروەها بەتوندیش کەوتنە وێزەی کەمایەتییەکانی تر.

وڵاتانی هاوپەیمان لە کۆنگرەی ئاشتەوایی باش دەیانزانی، پێویستە ڕێگەچارەیەک بۆ ئاریشەی کورد بدۆزنەوە، لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەردا نوێنەری نەتەوەی کوردی لەوێ شەریف پاشا بوو.

وڵاتانی زلهـێز لە پەیمانی لۆزاندا دەنگیـان بۆ ئەو کـودەتایە دا کـە کەمـالیـیـەکـان بەزۆر پێی هەستـان، بەم شێوەیە کوردستـانی بەشبەش کراو پشتگوێ خرا و جیهـان لای لێ نەکردەوە، ئیتر بووە نێچیری چاوچنۆکیی نەتەوەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا بوون.

ڕەوشی ئێستا و داهاتووی کوردان

پاڵەپەستۆی بەردەوام لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بۆ سەر کورد، بەئامانجی لەناوبردنیان تووشی شکستی تەواو هات.

تاکە ئەنجامی لەناودانی دێرینترین نەتەوە لە جیـهـاندا، چەرمەسـەریی بێ کۆتا و وێرانکاری و خوێن ڕشتن بوو.

دوای کـۆتاییـهـاتنـی شـەڕی دووەمی جـیـهـانـی، هیچ نـەتەوەیەک لەو نەتەوە سـەرکـەوتووانە، لە بەرابەر دانپێدانانی هەمیشەیی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا نەیتوانی، دەستەوستان بمێنێتەوە. بەڵام

ناکرێت دان بەم ئاشتییەدا بنرێت، مادامەکی نەتەوەیەکی بەهێزی ستەم لێکراو هەیە. گرینگترین بنکەی ستراتیجیی لە جیهانی ڕۆهەڵاتدا داگیر کردووە، لەگەڵ ئەمانەشدا، ئینجاش نێچیری وڵاتە وێرانکارەکانە، بەشێوەیەک هەموو کات لە داهاتوودا دەبێتە هۆیەکی بەردەوام بۆ شەڕ هەڵگیرسان.

بۆ گەڕاندنەوەی میللەتی کورد بۆ شوێنی شیاوی خۆی، زەحمەتە لە ئێستاوە بڵێین شێوەی کۆتایی کە پێی دەگات دەزانین. ئەوی بەڵگەنەویستە بەپلەی یەکەم گەڕاندنەوەی مافەکانی ئەم میللەتەیە، ئەو مافە سروشتییانەی دانیان پێدا نراوە، ناکرێت لەوە کەمتر بدرێتە میللەتی کورد، کە بگەڕێنەوە بۆ جێگیرکردنی ئەو مافانەی کە بنەماکانی بەر لە بیست و چوار ساڵ لە پەیمانی سیڤەردا دانراون.

وڵاتانی زلهێزی ئازاد لە شەڕی پێشوودا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، جا چ لە گەڕاندنەوەی مافەکانی کورد بێت، یا بەهێز لەناودانی، یاخۆ دەسیسەی سیاسی بۆ لەتوپەتکردنی.

ئەم سەرنەکەوتنە وای لە هاوپەیمانان کرد جارێکی تر بۆ پشتگیریکردنی پرەنسیپی دادپەروەری چەک هەڵگرنەوە، ئەوی گومانی تێدا نییە ئەم پرەنسیپە هەر بەخۆی بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی دادپەروەریی هەمیشەیی بۆ خاوەنەکانیان. هەر ئەمەشە گەلی کورد مکوڕە لەسەری و کردوویەتییە ئامانج.

مێژوو ماڵوێرانێکانی خۆی ڕاست دەکاتەوە ئەمەش نابێت مەگەر بەپێدانی شوێنی شیاو لە نێوان نەتەوە ئازادەکاندا.

هەینێ کوردستان سەربەخۆ دەبێت، هاوسەنگیی ژمارەیی لە نێوان کورد و تورک و ئێرانی و عەرەب بەتەنیشتییەوە ماقوولّ دەبێت، بەمەش ئێمە ئەو بنەمایەمان پێڕەو کردووە، کە ئەوروپا دەیەوێت لەسەری بڕوات، هەر گەلێک سەربەخۆیی خۆی بدرێتێ، ئەوی گومانی تێدا نییە بەتایبەت ئەمریکا و چین پشتگیری لە کێشەی ڕەوای کورد دەکەن.

هەرچی فرەنسایە، کە هەردەم پشتیوانیی لە گەلە بچووکەکان کردووە، گومانی تێدا نییە دەنگی دەبیسین هەینێ ئاریشەی کورد دەخرێتە ڕوو و قسانی لەسەر دەکرێت، باشمان لە بیرە، کە بەڕێز پۆڵ پۆڵکۆری کۆمسیاری فرەنسا، ئەو دەمی کێشەی هاتنە ناوەوەی عێراق بۆ کۆمەڵەی گەلان لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢دا خرایە بەرچاو، گوتی: خەم دەخوات بەوەی دان بەنامەرکەزییەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا نەنراوە.

فرەنسا هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی لەم درکاندنە نەبوو، تەنیا پشتگیریی کێشەی گەلە بچووکەکان نەبێت، لە چەشنی کێشەی گەلی کورد.

کێ نکوولّی لەوە دەکات کە هەردەم پەنابەرە سیاسییەکان و ئەوانی تریشی لە هەڵاتووان لە دەست مرۆقی ستەمکار دەگرتنە خۆ؟ ئەگەر ئەم سیاسەتە مرۆییە نەبووایە، ئەوا ئەمرۆ بەهەزاران

هەوالنامەی کتێب

مرۆڤ شوێنیان گۆڕستانەکان دەبوو

هەروەها ئاشوورییەکان، کلدان، ڕۆڵەکانی کوردستان، ئەوانەی لە نووتەکترین ڕۆژەکانیاندا لە ساڵی ١٩٣٣دا دەرگەی جیهانیان بە ڕووداداخرا، لەو کاتی لە کونجێکی بچووک دەگەڕان، تاکو خۆیانی لێ حەشار بدەن؟ لە کوێیان دۆزییەوە؟ لە سینگی کراوەی فرەنسا، لەبەر هۆکاری مرۆیی ڕووت، کە جگە لە سەرئێشە هیچی لە ئێمە دەستنەکەوت.

کوردستان و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان

وڵاتانی هاوپەیمانی شەڕی پێشوو، بایەخی کوردستان و خەڵکەکەیان بۆ پێویستی سەربەخۆیی پشتگوێ نەخستبوو، تاکو ئەمن و ئاسایش لەو وڵاتانەی کوردیان تێدان سەقامگیر بن و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان بوەستن، چونکە پاڵەپەستۆی زۆر "وەکو زانراوە" دەبێتە هۆی تەقینەوە، بۆیە هەردوو حکوومەتی بەریتانیایی و فرەنسایی لە ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد و ئەمە بەشێکیەتی:

" مەبەستی فرەنسا و بەریتانیای مەزن لە بەرگریکردن لە ڕۆهەڵات، کە شەڕی بەخۆوە بینی و ڕزگار بوو لە چڵێسیەکانی ئەڵمان، ئەوە ڕزگاربوونی ئەو گەلانەیە، کە ماوەیەکی درێژ بەدەستی تورکەوە دەیاننااڵند، ڕزگاربوونێکی تەواو و یەکجارەکی، پاشان دامەزراندنی حکوومەت و بەڕێوەبردنی نیشتمانی، کە هێزی لە حەزی خەڵکەکە و ئازادیی هەڵبژاردنیان وەردەگرێت".

ئاخۆ ئەوەی میللەتی کورد لە زوڵم و زۆرداری چەشتی بەس نییە؟

کوردستان سوودی لەم ڕاگەیاندنە نەبینی، ئەوی کە ئێمڕۆ کوردەکان داوای دەکەن، واتا داننان بەسەرپشکیی شێوەی ئەو حوکمەی خۆیان دەیانەوێت.

هـ. سی. ئارمسترۆنگی نووسەری ئینگلیزی لە کتێبەکەیدا

Grey Wolf. Mustafa Kemal. (Arthur barker, Ltd 21. Garrick Street, covent garden, London) هاتووە:

"ئاگر و شمشێر هێند لە کوردستان لە کاردا بوون، تاکو بووە چۆڵەوانی. دوای ئەشکەنجەدان زەلامەکانیان کوشت، گوندەکانیان سووتاند، کێڵگەکانیان وێران کرد، دەستیان بۆ ئافرەت و منداڵان درێژ کرد و پاشان کوشتیانن.

تورکەکانی مستەفا کەمال بەهەمان دڵڕەقی و درندەیی تۆڵەیان دەسەندەوە، کە تورکەکانی سوڵتان لە کاتی سەربڕینی یۆنانی و ئەرمەن و بولگارەکاندا پیادەیان دەکرد، کوردەکانیان سەربڕی.

مستەفا کەمال دادگەی سەربازیی تایبەتی نارد، کە ناوی دادگەی سەربەخۆیی لێ نابوو، کەوتنە لەداردان و دوورخستنەوە و بەبڕیاری سەربازیی کورت بەهەزارانیان فڕێ دایە گرتیگەکانەوە و زۆریان ئەشکەنجە دان" ل ٢٦٥.

"له توانای سەرۆکەکاندایە ئەمجار سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام لەسەر لایەنگرانیانە ئازار بکێشن. بەری دادگەکانی سەربەخۆیی بەردابوو و بەناو تورکیادا بەرەڵای کردن و حوکمی تیرۆری بڵاو کردەوە و بڕیاری خوێنینی دەرکرد. زەلامەکانیان بەرەو سێدارە دەبرد، تەنیا لەبەرئەوەی گاڵتەیان بەو بزووتنەوەیە دەهات، کە لە شوێنی شیاودا نەبوو، یاخۆ ڕەخنەگرتنیان، یا ئامادەنەبوونیان بەهەندێک کاری بێ مانای یاسایی، کاتێک فەرمانڕەوایان سستییان دەنواند، مستەفا کەمال هەڕەشەی لێ دەکردن... بەزیندانیکردن و ئازاردان و سێدارە و خوێن و حوکمی تیرۆر، کە نیشانەکانی تورکیای گرتەوە". ل ٢٦٩.

بڕیارەکان

ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٢٥ کاتێک داواکاری گشتی لە دادگەکانی سەربەخۆیی سەربازی داوای ٥٣ تاوانباری کرد، ئەو تۆمەتەی ئاراستەیان کرابوو بەم شێوەیە کورت کرایەوە:

"ئێوە هەمووتان یەک خاڵ کۆی کردوونەتەوە. بەمانایەکی تر، لەسەر دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ، کە بەرەو پێشی بردن، لەبەر ئەمە نرخەکەی لەسەر قەنارەکان دەدەنەوە".

"Kurdistan[4] was laid waste with fire and sword, the men were tortured and killed, the villages were burnt, the crops destroyed, the women and children raped and murdered. The Turks of Mustafa Kemal, in revenge, massacred the Kurds with the crueity and ferocity with which the Turks of the Sultan had massacred Greeks, Armenians and Bulgars. Mustafa Kemal sent special military tribunals of Independence they were called. They hanged, banished and imprisoned thousands with military brevity. Many were tortured. (page 265).

"The ieaders might escape this time, but their followers should suffer. He sent out the Tribunals of Independence.

They combed through Turkey, making a reign of terror and a bloody assize. They sent men to the gallows for an ill-timed jest, an impiped criticism,…….. page 269.

The sentences

When on june 28, 1925, the Turkish prosecutor at the Military Tribunals domanded the heads of fifty three of the accused, he summed up the charge against them in the following terms:

"You are all united on one point, that is to say:

The constituation of an Independent Kurdistan which inspired you on ward. For that, on the gallows you will have to pay".

لە کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی نێوەندیی پاشایی ئاسیایی لە ڕۆژی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٣٢دا لە لەندەن[٥] بەسەرۆکایەتیی سێر ئارنۆڵد. ت. ویلسۆن، کە کارەکانی کۆمسیۆنی باڵا لە عێراق بەڕێوە دەبات، سەرۆک فیلیپ مەمفەرد[٦] گوتارێکی دا سەبارەت بەو شاڵاوانەی دژ بەکورد لە

عێراقدا دەکرێن، گوتی:

"لەبەر ئەمە لقێک لە سوپای عێراقی لە بەهاری ڕابردوودا دژی برا[٧]، دیسانەوە ئەمەش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لە سۆنگەی ئەمەوە ڕەوشەکە زۆر مەترسیدار بوو، بەتایبەت پێویستیی وای دەخواست حکوومەتی عێراقی لە پایزی داهاتوودا وا بۆ کۆمەڵەی گەلانی دەربخات ڕەوشەکە ئارام و مایەی ڕەزامەندییە.

کەواتە تێبینیی ئەوە دەکرێت ئەو هەڵمەتانەی دژ بەکورد لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، تا ڕادەیەک ، دژی شێخ مەحمود بەردەوام بوون، لە ئەیلوولی ١٩٣٠یەوە تاکو نیسانی ١٩٣١، هەروەها دوا بەدوای ئەوە دژی شێخ ئەحمەد لە تشرینی دووەمی ١٩٣١ بۆ حوزەیرانی ١٩٣٢، لە نیسانەوە بۆ حوزەیران توند بوو. بیرتان نەچێت تاوانی ئەم کوردانە داواکردنی پاراستنیان بوو لەلایەن ئێمەوە، یا بەلای کەمەوە بەجێگەیاندنی ئەو بەڵێنانەی حکوومەتەکەمان و لێژنەی هەمیشەیی ماندەیت (ئینتیداب) پێیان داون. هەروەها بۆمبی درەنگوەخت تەقیویان بۆ هاویشتن، تاکو ڕێ لە گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ گوندەکانیان بگرێت بۆ بردنی خواردن و پێخەف، ئەم بۆمبانە دوای فڕێدانیان بەچەندان مانگ گەلێک کەسیان کوشت".

کۆڵۆنێل سێر ئارنۆڵد ویلسۆن ئەم تێبینییانەی دا:

"هێزی ئاسمانیی پاشایی بەر لە دە ساڵ و بەتایبەت لە ماوەی شەش مانگی دواییدا کوردەکانی بۆمباران دەکرد، تا گوندەکانی چۆڵ کرد و ئاوڵە کۆڕاوەکان گەواهیی بلاوبوونەوەی ئەم شێوە پێشکەوتنە بێزراوەن، وەکو یەکێک لە هەواڵنێرەکانی تایمس باسی کرد".

لە کاتی کورتکردنەوەی یاداشتەکەدا ناوبراو گوتی:

"ئەوی مایەی دڵخۆشییە ئەگەر بزانین دەکرێت بەزیانێکی کەمتر لەم ڕوحانە چل گوند لە بووندا بسڕێنەوە. ڕەوشی کەمایەتییەکان لە عێراقدا بەتەواوی جیاوازە لە دۆخی سەرجەم کەمایەتییەکانی تر لە جیهاندا، ئەمەش لەبەر نەبوونی ئەندامێک لە ئەندامەکانی کۆمەڵەی گەلان لەوێ، تاکو سکاڵایان بەرز بکاتەوە، یان کێشەیەکی تایبەت بۆ بەرچاوی جنێڤ.

یەکێک لە پەیامنێرانی تایمس بەڕووپامایییەوە باسی ئەوەی دەکرد، نزیکەی سەد کورد لە دواکەوتووانی شێخ ئەحمەد، لەوانەی بۆ تورکیا هەڵاتن، لە ئەنجامی بۆمبارانی ئاسمانی لەلایەن ئێمەوە، تورکیا بێ ڕێوڕەسمی دادوەری لەداری دان، بەبەهانەی ئەوەی بڕیارێلێک پێشتر سەبارەت بەتاوانێلێک ئەنجامیان داوە دەرچوونە، ئەو دەمی پێش ١٨ ساڵ ئەم ووڵاتە بەدەستیانەوە بوو، ڕوونە کە ئەم گێڕانەوەیە ڕاستەقینە نەبوو، بڵاوکردنەوەشی لە تایمسدا لە ئازادیی هەڵبژاردن بە پەیامنێرەکە تەنیا کەمێک متمانەبەخۆبوونی پێ دا. ڕێگەدان بەتورک بەکوشتنی سەد کورد (دوای لێکۆڵینەوەی گاڵتەجارپی دادوەری)، کە لە هاووڵاتییانی وڵاتێکدا بوون وەکو پێ بزانین بێ هیچ ناڕەزاییەک هێشتا لەژێر ماندەیتماندایە، چۆنی لێ بڕوانین وێنەیەکی غەمبارە و زۆر شتی شاراوە و ئازاری لەخۆ حەشارداوە".

(1) "An Iraq Army column was therefore sent against him last spring. This was also a failure, and consequently the position had grown very serious, especially in view of the necessity for the Iraq Government to present a peaceful and satisfactory picture to the League of Nations in the coming autumn.

.....

(1) Extracts from a lecture delivered by captain Philip Mumford beforeThe R0yal central Asian Society. 77. Grosvenor street, w.I, London.

Reprinted from the "journal of the Royal central Asian society, vol. xx, january, 1933.

Members,Meeting on september 26 Lt.-col. Sir Arnold wilson in the chair. In introducing the speaker, the chairman referred to captain Philip Mumford as one who had been for seven years intelligence officer in Iraq. and was in a position to speak on this matter from personal knowledge. "He would describe recent events which had a direct bearing upon the immediate future, and on the prospect of the Minorities after the forthcoming admission of Iraq to the League of Nations."

"it will be seen. Therefore, that operations against the Kurds during the past two years have been almost continuous.

Operations against Shaikh Mahmud taking place from september, 1930, to April. 1931, and operations against Shaikh Ahmad intermittently from November, 1931, to June, 1932, being intensive from April to June.

"Remember, the chief crime of the Kurds was to ask for our protection, or at least the fulfilment of the promises made by our Government and the permanent Mandates commission.

"Delay action bombs were used to prevent the inhabitants from returning to get food or bedding. These bombs had caused deaths months after they had fallen."

Lt-col. Sir Arnold Wilson made the following observations:

"…the R.A.F. have been bombing the Kurdish population for the last ten years, and in parrticular the last six months. Devastated villages and slaughter of cattle bear witness to the spread in the words of a special correspondent to the Times of a uniform pattern of civilization."

In summarrising the discussion, the Chairman, Sir Arnold Wilson, remarked that it was gratifying to know that forty villages could be wiped out with small loss of life. Minorities in Iraq differed greatly from any other minorities in the world, in that there is no member of the League of Nations to bring up their claim or particular case at Geneva. A correspondent in the Times referred with complacency to the fact that nearly one hundred Kurds who fied to Turkey from our bombardments of Shaikh Ahmed

were hanged without ceremony by the Turks, in pursuance of sentences previously passed for crimes committed when this country was in their hands some 18 years ago. The statememt was quite obviously false, and its publication in The Times did little crwdit to the discretion of its correspondent. That the Turks should be allowed to do to death by a mock judicial process nearly one hundred subjects from an area over which we still had a mandate, without, as far as we know, any protest, was a lamentable foature of the situation that, however regarded, contained much that was obscure and distressing.".

پەیمانی سیڤەر

بەندەکانی ٦٢ تاکو ٦٤ لە بەشی سێیەم (کوردستان) لە پەیمانی سیڤەر، کە لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا لە نێوان تورکیای دۆڕاو لەلایەکەوە و وڵاتە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکاندا لەلایەکی ترەوە ئیمزا کراون، پێویستیی دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردییان لە ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی فورات و باشووری ڕۆئاوای ئەرمینیا و باکووری هێڵی سنووریی تورکیی هاوسنووری سووریا و عێراقیان لە خۆ گرتوون.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئیمزاکردنی ئەو پەیمانەدا، کوردەکان داوایەکیان بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز کردەوە تێیدا ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە زۆربەی کورد جیابوونەوەیان دەوێت لە تورکیا، ئەگەر ئەنجوومەن بینی شایان بەوەن، ئەوا پشتگیریی سەربەخۆییەکەیان دەکات.

لەم حاڵەتەدا وڵاتە سەرەکییە هاوپەیمانەکان لاریبان نێیە لە خستنە پاڵی ئەو کوردانەی لەو کاتەدا سەر بەزەوییەکانی ویلایەتی مووسڵ بوون، بۆ سەر دەوڵەتی کوردی. نەک هەر ئەمە بەتەنیا، بگرە پەیمانی ناوبراو داوای نوێنەرێکی کوردی کرد بەشداری بکات لە کارەکانی لێژنەی نێودەوڵەتی بۆ دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان و چارەی خۆنووسینی.

تورکەکان، دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر مێژووی پێ ڕاگەیاندنی بڕیارەکانی لێژنەی پێکهێنراو بۆ تاوتوێکردن ڕازی بوون لەسەر ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو لێژنەیە.

ئەمانە دەقی ئەم پەیمانە بوو، کە ویستی مافی زەوتکراو بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە، هەڵبەت سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەهۆی بەستنی پەیمانی لۆزان لەسەر بنەمای هێز، پەیمانی سیڤەر و پرەنسیپەکانی ویلسۆن شکستیان هێنا و کوردەکان وەکو خۆیان مانەوە و بەدەست ستەمی داگیرکەرەوە دەیاننالاند، لە هەندێک لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا بوون، بەپێی یاسا نەدەبوو بەکوردی قسان بکرێت، ئیدی نازانین چۆن ئیمزاکەرانی بەڵێننامەی ئەتلەنتی لەم سیاسەتە کۆنانە بێدەنگ دەبن؟

ئەمەش دەقی پەیمانی سیڤەرە، کە پێوەند بەکوردستانە، بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکەینەوە.

پەیمانی سیڤەر[٨]

بەشی سێیەم

کوردستان

بەندی ٦٢:

لێژنەیەک کۆ دەبنەوە، بارەگاکەی لە ئەستەمبۆڵە، لە سێ ئەندام پێک هاتووە هەریەک لە حکوومەتێلی ئینگلیزی و فرەنسایی و ئیتاڵیایی دەستنیشانیان دەکەن، بۆیە لە ماوەی شەش مانگدا دادەنرێت، دوای ئەوەی ئەم پەیمانە دەخرێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، پرۆژەی بەڕێوەبردنی ناوەند، ئەو دەڤەرانە لەخۆ دەگرێت، کە زۆربەیان کوردن، لە ڕۆهەڵاتی فوراتەوە بۆ باشوور خواروو سنووری ئەرمینیا، هەروەها پاشان لەگەڵ باکوری سنووری تورکیای دراوسێی سووریا و نێوان دوو ڕووبار Mesopotamia دیار دەکرێت، هەر وەکو چۆن لە بەندی ٢٧ –٢[٢] و[٣]دا هاتووە ئەگەر بە کۆی دەنگ لەسەر هەر پرسێک ڕێک نەکەوتن، ئەوا هەر یەکێک لە ئەندامانی لێژنە هەواڵەی حکوومەتەکەی خۆی دەکات، لەسەر پرۆژەکەشە مسۆگەریی تەواو لەخۆ بگرێت بۆ پاراستنی ئاشوورییەکان ـــ کلدان و کەمایەتییەکانی تر، چ ڕەگەزی بێت، یا ئاینی، لە سنووری ئەم زەوییانەوە، لەبەر ئەم مەبەستە لێژنەیەکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی ئینگلیز و ئیتاڵیایی و ئێرانی و کوردەکان ڕەوانەی ئەو ناوچەیە دەکرێت و بڕیاری هەموارکردن دەدات (ئەگەر بیەوێت)، کە پێویستە لەسەر سنووری تورکیا ئەنجام بدرێت، بۆیێ بەندەکانی ئەم پەیمانە، کە لەسەر ڕۆشناییی ئەوە ئەو سنوورە لەگەڵ سنووری ئێراندا ڕێک دەخرێت.

بەندی ٦٣:

بەمە حکوومەتی تورکی لەسەر قبووڵکردن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی هەردوو لێژنەی ناوبراو ڕازی دەبێت لە بەندی ٦٢دا لە ماوەی سێ مانگدا دوای پێ ڕاگەیاندنی بە حکوومەتی ناوبراو.

بەندی ٦٤ – لە ماوەی ساڵێکدا دوای چوونە ناوی پەیمانەکە بۆ قۆناغی جێبەجێکردن، ئەگەر میللەتی کورد ویستی، کە لەو زەوییانەی لە بەندی ٦٢دا ڕوون کراونەتەوە، داواکاری بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بەرز بکاتەوە، بەشێوەیەک تێیدا دەری بخات زۆربەی دانیشتوانی ئەم دەڤەرە حەزیان لە جیابوونەوە لە تورکیایە، هەروەها ئەگەر ئەنجوومەن بینی ئەم میللەتە توانای سەربەخۆبوونێکی وایان هەیە، ئەوا ئەنجوومەن پێشنیاز دەکات پێیان بدەن، تورکیا ڕازی دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پێشنیازە و دەبێت دەست هەڵگرێت لە سەرجەم ماف و ئیمتیازەکانی لەم ناوچەیەدا.

مەرجەکانی وازهێنان بابەتی ڕێککەوتنێکی جیایە لە نێوان وڵاتانی سەرەکیی هاوپەیمان و تورکیا، لە کاتی دەستهەڵگرتنێکی وادا، وڵاتە هاوپەیمانە سەرەکییەکان لاریان لەسەر نییە، ئەگەر ئەم کوردانەی لەو پارچەیەی کوردستاندا دەژین، کە تاکو ئێستا خراوەتە ویلایەتی مووسڵەوە، ویستیان ئارەزوومەندانە بخرێنە سەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییەوە، کە چۆن بابەتی باسەکەمانە.

KURDISTAN IN THE TREATY OF SEVRES

Section III

Kurdistan

Article 62

A Commission sitting at Constantinople and composed of three members appointed by the British, French and Italian Governments respectively shall draft within six months from the coming into force of the present Treaty a scheme of local autonomy for the predominantly Kurdish areas lying east of the Euphrates, south of the Southern boundary of Armenia, as it may be hereafter determined and north of the frontier of Turkey with Syria and Mesopotamia, as defined in Article 27, 11, (2) and (3). If unanimity cannot be secured on any question. It will be referred by the members of the commission to their respective Governments.

The scheme shall contain full safe-guards for the protection of the Assyro-Chaldeans and other racial or religious minorities with these areas and with this object, a Commission composed of British, Italian, Persian and Kurdish representatives shall visit the spot to examine and decide what ratificatious, if any, should be made in the Turkish frontier where under the provisionsof the present Treaty, that frontier coincides with that of persia.

Article 63

The Turkish Government hereby to accept and execute the decisions of both the Commissions mentioned in Article 62 within three month from their communicating to the said Government.

Article 64

If within one year from the coming into force of the present Treaty the Kurdish people within the areas defined in Article 62 shall address themselves to the Concil of the League of Nations in such a manner as to show that a majority of the population of these areas desires independence from Turkey, and if the Council then considers that these peoples are capable of such independence and recommends that it should be granted to them, Turkey hereby agrees to execute such a recommendation, and to renounce all rights and title over these areas.

The detailed provisions for such renounciation will from the subject of a separate agreement between the Principel Allied powers and Turkey.

If and when such renounciation takes place, no objections will be raised by the principal Allied powers to the voluntary adhesion to such independent Kurdistan state of the Kurds inhabiting that part of Kurdistan which has hitherto been included in the Mosul Vilayet.

ئینگلتەرە و کێشەی کورد

ئینگلتەرە یەکەمین وڵات بوو بایەخی بەکوردستان دا، چونکە یەکێک لەو کلیلانەیە کە دەچێتەوە سەر هیند، ئەوە بوو دوای گرتنی عێراق باشترین پیاوەکانی خۆی بۆ کوردستان ڕەوانە کرد، بۆ پێوەندیکردن بەکوردەکانەوە و لە نزیکەوە سەرنجدانی بیرورایەکانیان، بەر لە بڕیاردانی چارەنووسی کوردستان.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و لەبەر هەندێک هۆی سیاسی و سەربازیی هەمەجۆر، بڕیار درا دەوڵەتێکی کوردی هەر لە کوردەکان خۆیان دابمەزرێت.

کاتێک لە ئایاری ١٩٢٠دا عێراق خرایە ژێر ماندەیتی (ئینتیداب – چاودێری) بەریتانیاوە، ماوەیەکی کەم تێپەڕی بوو بەسەر وەرگرتنی وەزارەتی دەرەوەی تورکی دانەیەک لە پەیماننامەی سیڤەر، لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، بەریتانیا و عێراق چاویان بڕیبە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وەکو ئەوەی لە پەیمانی سیڤەردا[٩] هاتووە، لەبەر ئەمە ڕۆژی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ ئەم ڕاگەیاندنە هاوبەشەیان دەرکرد:

وەرگێڕانی ڕاگەیاندنەکە

"حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکوومەتی عێراق دان بەمافی کوردەکانی دانیشتووی ناو سنووری عێراقدا دەنێن بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لەو ناوچانەی کورد تێیدا زۆرینەی ڕەها پێک دەهێنن، داواش لە ڕەگەزە جیاوازە کوردەکان دەکەن بەزووترین کات لە نێوان خۆیاندا پێک بگەن و بەڕێککەوتنێک بگەن، کە بتوانێ شێوەی ئەو حکوومەتە دەستنیشان بکات، کە پێیان باشە لەگەڵ سنوورەکەی و نوێنەری فەرمی بۆ بەغدا بنێرن بۆ قسەوباس سەبارەت بەپێوەندییە سیاسی و ئابووریییەکانیان لەگەڵ هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراقدا".

ئەم ڕاگەیاندنە زۆر ڕوونە و بەڕاشکاوییەکی تەواوەوە دانی بەمافەکانی کورددا ناوە، کە پابەندن بەنەتەوەی خۆیانەوە و ڕۆژگار نەیتوانیوە مۆرکی تایبەتی خۆیان بسڕێتەوە.

نیشتمانپەروەریی کوردیش کەس ناوروژێنێ، بگرە ئەوی دەیەوێت تەنیا گەڕاندنەوەی مافەکانیەتی. مافەکانی کوردیش دژ بەمافەکانی هیچ لایەنێکی تر ناوەستێتەوە، کێشەی کورد زۆر سادە و ساکارە و لە سێ وشەدا کورت دەبێتەوە:

یەکخستنی کوردستان و سەربەخۆبوونی

ڕاگەیاندنەکە

"His Brtannic Majesty,s Government and the Government of Iraq recognise the rights of the Kurds living within the boundaries of Iraq to set up a Kurdish Government within these boundaries, and hope that the different Kurdish elements will, as soon as possible, arrive at an agreement between themselves as to the from which they wish that Government should take, and the boundaries within wich they wish it to extend, and will send responsible delegates to Baghdad to discuss their economic and political relations with His Britannic Majesty,s Government and the Government of Iraq.".

پەیمانی لۆزان

دوای دەرکەوتنی ئەتاتورک و سەرکەوتنی تورک بەسەر یۆنانییەکاندا و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان و جیابوونەوەی هەریەکەیان بۆ لایەک، ئەو وڵاتانەی پەیمانی سیڤەریان مۆر کردبوو، ڕازی بوون بەپەیمانی لۆزان مۆر بکەن، کە لە ڕۆژی ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣دا مۆر کرا و پەیمانی سیڤەری ئیفلیج کرد و بەندەکانی خاڵی کردنەوە، وێڕای ڕاشکاویی مافەکانی کورد تێیدا، بەم شێوەیە لەسەر ڕەف هەڵگیرا لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی هێزێکی تر بتوانێت مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنێتەوە، چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا هێزی سەرکوت نوشوستیی بۆ نووسراوە، ئەگەر دادپەروەری کۆڵەکەکانی نەبێت.

دانوستاندنی بەستنی پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٢دا بەردەوام بوو، تا لە تەمووزی ١٩٢٣دا بەکۆتا هات.

ڕووسیا و کوردستان

بۆ ڕۆژێک چییە ڕووسیا لە کوردستان بێ ئاگا نەبووە، چونکە لە سنوورەکەیەوە دوور نییە هەروەها لە سوودە ئەدەبی (؟ وەرگێڕ) و ماددییەکەی، کە لە کاتی سەربەخۆبوون و یەکەتییەکەیدا سوودی لێ دەبینێ.

خەڵکی کوردستان حەز دەکەن لە پێکهاتە سەربەخۆکەیدا بیکەنە ڕووگەی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا و ئامێز بۆ ئەو ئەندامانە بکەنەوە، کە سەر بەون و بەدرێژاییی چەندان ساڵ ستەمی مرۆڤ پەڕاگەندەی کردوون، هەروەها ئامێزی بۆ ئەو پرۆژانە دەکاتەوە، کە سوودیان بۆ هەمووانە.

کاتێک لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان ئینگلتەرە و فرەنسا و ڕووسیا سەبارەت بەدەسەڵاتیان لە ناوچەکاندا ڕووی دا لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بوون، حکوومەتی ڕووسی یاداشتەکەی سازانۆڤی مێژووی ٢٩ی شوباتی ١٩١٦ کێشایەوە، ئەو کات دوودڵ بوو لە قبووڵکردنی ئەو پێشنیازانەی خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە، پاشان یاداشتێکی[١٠] نوێی (٢٦ی

نیسانی ١٩١٦) ئاراستەی هاوپەیمانەکانی کرد، تێیدا ڕەزامەندیی لەسەر پڕۆژەی دابەشکردنەکە نیشان دا، بەمەرجێک ناوچە کوردییەکان[١١]ی خواروو‌ی وان و بتلیس لەناو خاکی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیدا بمێننەوە.

کوردەکان لە ڕووسیا کەمایەتییەکی زۆر کەمن، کار لە سەربەخۆیی کوردستان ناکات، ناشچێتە ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە، مەگەر تەنیا بۆ زانیاری لەسەر شتێک.. وێڕای ئەمەش مافی تەواوی خۆیان هەیە و هێند پەیمانگەی هەن لە پێویستیی خۆی لە چاو ئەو ملیۆنان کوردانەی دەڤەرەکانی ترەوە زیادن، مەگەر زۆر بەدەگمەن ئەگینا ڕێگەی هیچیان نادەن، ئەمەش بۆ خوێنەر، کە کورد لە ڕووسیا چییان هەیە:

حەفتا خوێندنگەی سەرەتایی

پەیمانگەی خانەی مامۆستایان

قوتابخانەی پیشە و هونەرە جوانەکان

کۆڕی زانیاری ئەدەبی کوردی بەگشتیی

یاریگە (تیاترۆ)

دەرمانخانەکان

زمانی کوردی لە سەرجەم ئەم پەیمانگانەدا دەخوێنرێ، کاتێک دەزانین ژمارەی کورد لە ڕووسیای سۆڤیەتی سەد و شەست هەزار تێپەڕ ناکات، دەمودەست درک بەوە دەکەین تا چ ڕادەیەک دەکرێت گرینگی بەچارەنووسی میللەتێکی چەند ملیۆنی بدرێت، کە دوور لە ئیرادەی خۆی نەزانی کوشتوویەتی و تا ئێستاش دیلی سیاسەتی داگیرکەرانە، کە هیچ کات ڕای وەرناگیرێ. ئەم ڕاستییە واقیعییانە بەژمارە دەردەخەین، تاکو نەڵێن ئەمە لە جۆری پڕوپاگەندە ناسراوەکانە. هەروەها کورد لەوێ ڕۆژنامەیلێکیان هەن بە زمانی خۆیان دەردەچن، ئەوان تەنیا لەبەر کوردبوونیان ستەمیان لێ ناکرێت.

ئەو هەواڵانەی لە ئێرانەوە دێن وا دەگەیەنن، کوردەکان لەو دەڤەرانەی ڕووسەکانیان تێدا هاتنە ژوورەوە و ئەو بایەخەی ڕووسەکان پێیان دەدەن و پێویستییەکانی ژیانیان بەنرخێکی گەلێک هەرزان بۆ دابین دەکەن ئاهێکیان بەبەردا هاتووەتەوە.

ئەمە مایەی سەرسوڕمان نییە، چونکە ڕووسیا هەردەم گرینگی بەم گەلانە دەدات و هەوڵی ڕزگارکردنیان دەدات، چونکە نایەوێت شۆڕش و نیگەرانی و ونبوونی یاسا لە وڵاتێکی دراوسێی بەردەوام بن، بگرە دەیەوێت خوێن نەڕژێنرێت و بەهەموو میللەتێک بەڕێوەبردنێک بدرێت خۆشگوزەرانیی پێ بدات، تاکو ببێتە ئامرازێکی باش بۆ ڕاڤەی کۆمەڵی گەلان.

ڕووسیا هەر لە شەڕی پێشووەوە ویستی بەشێک لە کوردستان ئازاد بکات و ڕێی پێشان بدات بۆ چاوەڕوانیی ڕزگارکردنی پارچەکانی تریشی، تاکو ئەم میللەتە بکارێت دەوڵەتی خۆی

هەواڵنامەی کۆڕ

دابەزرێنێت، کـە هـەر دەبێت بێـتـە دی، ڕووس لەوانی تر باشـتـر دەزانـن مـیللـەتی کـورد دان بەجوانییەکانی ئەوەدا دەنێت، کە بۆی باش بوونە، بەتایبەت لەم دۆخە سەیرەی ئێستایدا، هـەروەها لە خەسڵەتەکانی کورد، بە تاک و کۆمەڵیانەوە و بەسـەرجەم میللەتەکەشـەوە وایە، ئەگەر بسـتێکی بدەیتێ، ئەوا میلێکت دەداتێ و هێشتا لای وایە چاکەکەی پڕ بەپێست نییە.

شتێکی بەڵگەنەویستە، کورد ئەوەیان پتر بەدڵ بێت، کە یەکەمین جار دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردن، ئەوە لەنێویاندا پایەی بڵندی دەبێت، وێڕای ئەوەی سـەرکردە کوردەکان جیاوازی ناکەن لە نێـوان ئەو مـیللـەتانەی کـار بۆ بەرژەوەندیـی کـوردسـتـان دەکـەن، چونکە ئـامـانجـی سـەرەکـیـیـان یەکخستنی کوردستان و سەربەخۆبوونیەتی، ئیتر بەدەستی ئەم بەدی بێت، یا ئەو.

کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ

کۆنگرەی سـان فـرانسـیسکۆ بووە مـایەی بایـەخی سـەرجـەم کوردەکان، بیرەوەرییـەکـانی کێشـە ڕاگیراوەکەیـانی بیر هێنانەوە، کە کۆنگرەکانی دوای شەڕی پێشـوو چارەی کردن، پاشـان دوای ژیانەوەی تورکیـای نوێ لە بیر کران، وەلێ لە چاوەڕوانیی دەرفەتدا، بۆ ژیاندنەوەی کێشـەکەیان لە بەردەم دادگەیەکی باڵای دادپەروەرانەدا کوردەکان چاویان لێک نەنان.

بۆیە ئـەم کـــۆنگرەیـە و ئەوانـەیشـی بـەدوایدا دێن بەهـەڵێکی لەبـار دەزانن، تـا داوای مـــافـــە سروشتییە پێشتر دان پێدانراوەکانیان بکەن، چونکە ژێردەستکردنیان دژ بەدادپەروەری و لۆجیکە و لەگەڵ پەیمانی ئەتڵەنتیدا نایەتەوە، کە لە بەندی سێیەمیدا هاتووە:

"ڕێز لە مافی سـەرجـەم گەلان دەگرن لە هـەڵبژاردنی شێوەی حوکمکردن، کە دەیەوێ لە سایەیدا بژێت و پێیـان خـۆشـە مـافـەیلی سـەروەری و خـودمـوخـتـاری بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەوانـی بەزۆر لێیـان سەندرابووەوە".

لە بەندی پێنجەمیشدا هاتووە:

"ئاڕەزوویان لە هاوکاریی تووندوتۆڵ هەیە لە نێوان هـەمـوو نەتەوەکاندا لە بواری ئابووریدا، تاکو بۆ هـەمـووان بەرزکردنەوەی ئاسـتـی کرێکاران و پێشـکەوتنی ئابووری و بیمـەی کۆمـەڵایەتی دابین بکات".

لەم ڕۆهەڵاتەی ئێـمـەدا نەتەوەی کوردی لێ بترازێ، میللـەتێک نییـە بـەشـێـوەیـەک لە شـێـوەکـان ئیدارەی تایبەتی خۆی نەبێت.

هـەروەهـا بەندی سـێـیـــەمی پەیمـانی ئەتلـەنتی بەتەواوی بەســـەر گـــەلی کـوردی بێـــبـــەری لە ئازادییەکەی پێڕەو دەبێت.

لەبەر ئەمـە، کێشـەی کورد باشـترین ئەزمـوونە بۆ ئیمـزاکەرانی ئەم پـەیمانە، تا بیسـەڵێنن ئەوان مەبەسـتیـانە ئەوی تێیدا هاتووە جێبەجێی بکەن، بێ ئەوەی مەبەسـتی سیاسی ڕۆڵ لە سـڕینەوەی

ڕاستیدا بگێڕێت.

هەرچەندە ئێمە دەزانین کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ لە دەسەڵاتیدا نییە چاو بەنموونەی وەک کێشەی کورددا بگێڕێت، چونکە تەنیا چاو بەچۆنێتیی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئاشتیی جیهانیدا دەگێڕێت، بەڵام سەرکردە کوردەکان داخوازییە نیشتمانییەکانیان بۆ بەرز کردەوە، تاکو لە کاتی پێویستدا بەرەو کۆنگرەی ئاشتەوایی ببرێت.

پێشتر لە ساڵی ١٩٤٤دا کوردەکان بەر لە دۆزینەوەی بیرۆکەی کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ، ئەو دەمی هەندێک کۆنگرە لەم ڕۆهەڵاتەی ئێمەدا دەبەستران، بێ پابەندبوون بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان بەبڕیارەکانەوە، بڕیاریان دا بێ بەتەنگەوەهاتنی خواستەکانی سەربەخۆیی کورد، بەهیچ شێوەیەک پابەند نەبن بەو بڕیارانەی لە یەک لایەنەوە دەردەچێت. ئەگینا چی لە نۆ ملیۆن مرۆڤ بکەین؟ ئاخۆ دەکرێت هەر لەبەرئەوەی دان بەمافە سروشتییەکانیاندا نەنێین، گۆ لە سەرپاکیان بەردەین؟ میللەتە ئازادەکان ڕازی نابن بەکۆیلە بکرێن، خۆ کوردستانیش بەوە ڕازی نابێت ئیدی هەروا قوربانیی گەمە سیاسییەکان بێت لەسەر حسێبی تایبەتی ئەو.

ئیتر سەردەمی ڕۆڵی ئەو یارییانە بەسەرچوو، چونکە ئەمڕۆ کورد ئەوانەی بەر لە ٢٥ ساڵ نین، بۆیە ئەگەر کۆنگرەکانی داهاتوو کوردستانیان فەرامۆش کرد، ئەوا نە ئاشتیی ڕاستەقینە و نەیش سەقامگیری لە ڕۆهەڵاتدا فەراهەم دەبن. زۆری نییە گەر کێشەیەک بوونی هەبێت، پشتگوێی بخەین و وابزانین گەر لە بیرمان کرد خەڵکەکەیشی لە بیریان دەچێتەوە.

ئەمڕۆ کورد سەرجەم ئەو ڕەگەزە پێویستانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت شک دەبات. سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لە پێویستییە ئابوورییەکانی هەڵکشاوترە، هێندە لاویان هەیە بەشی ئەوە بکەن گشت لقەکانی دەوڵەت پڕ بکەنەوە، دوای بانگەوازی سەربەخۆیی کوردستانی مەزن لە هەفتەیەک پتر تێ ناپەڕێت لەشکرێکی بێ شومار و بەهێزی دەبێت لە باشترین سوپاکانی ڕۆهەڵات، چونکە کورد بەناوبانگن بەتوانای تاک و ئەفسەر و سەرکردەکانیان، کەسێک سەری لە ولاتەکەیان نەداوە ستایشی ئازایەتی و جوامێری و میواندارییانی نەکردبێ.

تۆێژینەوە وردەکەمان ئەوە دەردەخات، کە دیانەکانی ئەوێ دوای سەربەخۆبوونی کوردستان دەکەونە خۆشییەوە، چونکە هەرچەندە گەلی کوردی ئاری موسڵمانن، بەڵام زۆر لێبووردەن و بەر لە هەموو شتێک خاک دەیانبەستێتەوە بەڕۆڵەکانی تری گەلی کوردستانەوە.

بەم ئاوایە لەگەڵیاندا بەبرایەتی دەژێت، هەموانیش دەزانن بەگشت دڵسۆزی و بڕوایەکەوە کار بۆ پێشخستنی ولاتەکەیان دەکەن، چونکە تاقە هیوای خۆیانی تێدا دەبینەوە.

نموونەی لەمە چاکتر نییە بۆ لێبووردەیی کورد، کە لە ساڵی ١٩٢٤دا لێژنەکەی کۆنت تلکیی نێردراو لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو ناکۆکییەی ئەو کات هەبوو لەسەر ویلایەتی مووسڵ و چارەنووسەکەی بڕیاری لەسەر دا، لە لاپەڕە ٤٧ی ڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی:

"توانیمان ئەو ڕاستییە جێگیرە پتەو بکەین، ئەویش ئەوەیە ئێمە لەنێو سەرجەم گەلانی موسڵماندا، بینیمان کورد و کرستیان پێکەوە لەوپەڕی تەباییدا دەژین".

مایەی سەرسوڕمان نییە، پێوەندیی باش کە مێژووەکەی بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، کوردی بەدراوسێ کرستیانەکانیەوە دەبەستەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا بەتوندی پشتی یەکتریان دەگرت.

چاپکراوی نوێ

بڕوانە ئەم ڕۆژنامە و چاپکراوانەی خوارەوە، کە سەبارەت بەکوردستان نووسیویانە:

ناوی ڕۆژنامە	شوێنی	ژمارەکەی	مێژووی
اخبار الحرب	قاهیرە	٥٣	٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤
الاوریان	بەیروت	٥٠٨٥	٤ی شوباتی ١٩٤٤
ڕۆژا نو	بەیروت	٣٩	٢١ی شوباتی ١٩٤٤
اللواء	بەیروت	١٠٥٣	١٣ی ئایاری ١٩٤٤
قادیشا	بەیروت	٤٠	٧ی حوزەیرانی ١٩٤٤
اللواء	بەیروت	١١١٤	٥ی ئابی ١٩٤٤
بەیروت	بەیروت	٢١٠٩	٢٢ی ئابی ١٩٤٤
الصفاء	بەیروت	٢٦٩٢	١٦ی کـ١ ١٩٤٤
صوت الاحرار	بەیروت	٥٢٨٩	١٨ی شوباتی ١٩٤٥
صوت الاحرار	بەیروت	٥٢٩٢	٢٢ی شوباتی ١٩٤٥
الاتحاد اللبنانی	بەیروت	٢٦٣٨	١١ی ئاداری ١٩٤٥
الاتحاد اللبنانی	بەیروت	٢٦٣٩	١٤ی ئاداری ١٩٤٥
التلغراف	بەیروت	٣٠	٢٥ی ئاداری ١٩٤٥
الاتحاد اللبنانی	بەیروت	٢٦٤٤	٢٨ی ئاداری ١٩٤٥
المقطم	قاهیرە	١٧٤٢١	٢٨ی ئاداری ١٩٤٥
الحدیث	بەیروت	١٨٧٤	١٩ی نیسانی ١٩٤٥
النهار	بەیروت	٣١١٩	١٦ی ئایاری ١٩٤٥

(١) گوتاری سەرۆک فیلیپ میمفەردی ئینگلیزی، کە لە کۆواری کۆمەڵەی ئاسیاویی پاشایی بەرگی ٢٠، کانوونی دووەمی ١٩٣٣دا بڵاو بووەتەوە (گرینگە).

کتێب و ئامەی کتێب

(٢) چاپکراوەکانی کۆمەڵەی کوردان Ligue kurde

أ. یاداشتێک سەبارەت بەکوردستان

ب. پرەنسیپی نیشتمانیی کوردی.

ج. ولاتی کوردان.

د. کوردستان.

هـ. یاداشتی دووەم سەبارەت بەکوردستان.

و. پاشکۆکانی یاداشتی کوردی سەبارەت بەکوردستان.

دەتوانرێت چاپکراوەکانی کۆمەڵەی کوردان Ligue kurde لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە بەدەست بهێنرێن:

655 E ALLegheny Avenue

Philadelphia

U.S America

(٣) ا. کوشتوبڕی کورد لە تورکیا ١٩٢٨ لە سێ بەرگدا بەئینگلیزی و فرەنسایی و تورکی.

ب. کێشەی کوردستان ١٩٢٩ ١٩٣٠ بەئینگلیزی. فیلادلفیا، ئەمریکا.

ج. کێشەی کورد. قاهیرە ١٩٣١

د. گرفتی کوردستان. قاهیرە ١٩٣١ بەفرەناسیی

هـ. کێشەی کورد لە عێراقدا. پاریس ١٩٣٢ بەفرەنسایی

دەکرێت لە ڕێگەی نووسین بۆ ئەو ناونیشانە ئەم چاپکراوانە بەدەست بێنن:

کۆمەڵەی یەکەتی و سەربەخۆییی کورد

(٤) تۆژینەوەیەک لە ڕۆژنامەوانیی کوردی، کۆمەڵەی پاشاییی ئاسیایی لە کۆوارەکەیدا لە ئەیلوولی ١٩٤٤دا بڵاوی کردووەتەوە. ل٣١٣ – ٣١٤ لەندەن.

5- Irmine Romanette. Le Kurdistan et la Question Kurde. Librairie Marceau, 32, Avenne Marceau, Paris

هەواڵنامەی کتێب

هەندێک لەو شۆڕشانەی کورد، کە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە

ناوی ولات	مێژووی شۆڕشەکە	گرینگترین سەرکردە شۆڕشگێڕەکان
تورکیا	١٧٨٨ ١٨١٢	عەبدوڕەحمان پاشای بابان
	١٨١٢ ١٨٢٥	محەمەد پاشای ڕەواندزی، کە لە ساڵی ١٨٣٠دا لە دانپێدانانی بەدەسەڵاتی بابلعالی ژیوان بووەوە
	١٨٤٢	بەدرخان میری بۆتان
تورکیا	١٨٤٣	نورولاّ بەگ لە دەڤەری هەکاری
	١٨٧٧ – ١٨٧٨	عوسمان پاشا و حوسێن کەنعان پاشا، ڕۆڵەی میر بەدرخان
	١٨٨٠	شێخ عەبدولّلای شەمدینانی
	١٨٨٩	شۆڕشی بتلیس
	١٨٩٥	دیسانەوە پشێوی لە ناوچەی هەکاری
	١٨٩٩	ئەمین عالی بەگ و مەدحەت بەگ، نەوەی بەدرخان
	١٩٠٨	ئیبراهیم پاشا، سەرۆکی میللیەکان لە ناوچەی پیرانشەهر
	١٩٠٩ – ١٩١٣	پشێوی لە گەلێک لە ناوچە کوردییەکان
	١٩٢٥ – ١٩٢٨	شێخ سەعید و دکتۆر فوئاد و پارێزەر ئەختی و کۆڵۆنێل خالید بەگ و سەرۆک کەمال فەوزی و زۆری تریش
	١٩٣٠	فرزەندە بەگ و حسکۆ تللۆ و گەلێکی تریش
	١٩٣٧ _ ١٩٣٨	سەید ڕەزا لە دەرسیم
ئێران		شۆڕش و پشێویی یەک لە دوای یەکی ساڵانە
عێراق		شۆڕشی شێخ مەحموود ١٩١٩
		ڕاگەیاندنی خۆ بەمیرکردن لەسەر کوردستان لە تشرینی دووەمی ١٩١٩.
		پشێویی ساڵی ١٩٢١ و ناچارکردنی هێزە داگیرکەرەکان بەچۆڵکردنی سلێمانی لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢
	١٩٢٩	لە ئەیلوولی ١٩٢٩ تاکو نیسانی ١٩٣١ شۆڕشی شێخ مەحموود

هەواڵنامەی کێبڵ

١٩٣٠	بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە باکور و پشێوی خوێناوی
١٩٣١ _ ١٩٣٢	لە تشرینی دووەمی ١٩٣١ تاکو حوزەیرانی ١٩٣٢، شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی
١٩٣٣ _ ١٩٤٢	شۆڕشێلی تر لە زۆرێک لە ناوچە کوردییەکاندا، سەرجەمیان داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد
١٩٤٣	شۆڕشەکانی مستەفا پاشای سەرکردەی بارزانییەکان، دوای شۆڕشەکانی شێخ ئەحمەدی برای، تا ئێستاش پشکۆکەی دەگەشێتەوە.

کوردەکانی عێراق و ئەوانی تریش دەڕوانن ئەم نیشتمانپەروەرە کوردە، وەکو سەرکردەیەک قوربانی بەخۆی دەدات و بەهەموو ئەوەیشی کە هەیەتی لە پێناوی کوردستاندا، لەبەر ئەمە نازناوی مستەفا پاشایان پێ دا، ئەمەش لە دانپێدانانیان بەخزمەتە نیشتمانییەکانی لە پێناوی ولاتەکەیدا.

لەو دەمی لاپەڕەکانی ئەم نامیلکەیە لە تایپکردندا بوون، مامۆستای پارێزەری لبنانی مەنسوور شلێتا ئەم وتارەی لە ڕۆژنامەی اللجور[١٢] لەبارەی کوردستانەوە پێشکێش بەخوێنەران دەکات، ئێمەش بەباشمان زانی دووبارە لێرەدا بڵاوی بکەینەوە، یەکەم لەبەر دەستپاکیی نووسینەکەی، دووەمیش لە بریی میللەتی کورد دان بەجوانییەکەیدا دەنێین.

چەند مایەی خۆشحاڵی دەبێت بۆ ڕۆهەڵات کەسانی وەک مامۆستا شلێتا قۆڵی لێ هەڵماڵن و بەرگری لە میللەتێکی لێقەوماوی وەکو کورد بکەن.

ئێمە سەرنجی مامۆستا شلێتامان ڕاکێشا بۆ ئەو بەڵگانەی پشتگیری لە ژمارەی کوردەکان دەکەن، لەگەڵ ڕووبەری خاکەکەیان وەکو لە لاپەڕە ٩ی ئەم نامیلکەیەدا هاتوونە، ئەوە بوو وتارێکی تری بڵاو کردەوە، خوێنەران لە اللجور[١٣]دا دەیبینن.

پەراوێزەکان

(١) بڕوانە: المقطم المصری. عدد ١٧٤٢١، ٢٨ اذار ١٩٤٥.

(٢) بڕوانە: دائرة المعارف الانکلیزیة (الطبعة الرابعة عشرة) وتارەکە سەبارەت بەویلایەتی مووسڵە.

(٣) بڕوانە: جریدة الاخبار البغدادیة، عدد ١٢٨٠ في ١٠ اذار ,١٩٤٥

(4) Grey Wolf. Mustafa Kemal. (Arthur barker, Ltd. 21 Garrick Street, covent garden, London)

(٥) بڕوانە کۆوارەکەی ئەم کۆمەڵەیە بەرگی ٢٠، کانوونی دووەمی ١٩٣٣ ل١١٠ تا ١١٩.

(٦) سێر ویلسۆن وەکو یەکێک لە ئەفسەرانی هەواڵگری لە عێراقدا بۆ ماوەی ٧ ساڵ پێشکێشی ئامادەبووانی کرد، هەروەها گوتی هەموو ئامادەییەکی تێدایە ئەوی بینیوێتی قسەی لەسەر بکات.

(۷) شێخ ئەحمەد بارزانی

(۸) نووسەر بەخۆی لە دەقە ئینگلیزییەکەوە وەری گێڕاوە.

(۹) بڕوانە ل۲۵۲ لە ڕاپۆرتی حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا، تایبەت و بەرز کراوە بۆ کۆمەڵەی گەلان، سەبارەت بەچۆنێتیی بەڕێوەبردن لە ماوەی ۱۹۲۰ تا ۱۹۳۱دا (چاپەمەنیی کۆڵۆنییەکان ژمارە ۵۸).

(۱۰) بڕوانە کتێبەکەی سازانۆڤی وەزیری ڕووسی. ل ۲٦۰.

(۱۱) بەم شێوەیە سنوورەکەی دیار کرا: دەڤەری نێوان مووش و سمرتەی دیجلە، جەزیرەی ئیبن عومەر و زنجیرەی لووتکە چیاکانی دەڕواننە ئامێدی و مەرگەوەڕ (بڕوانە کتێبەکەی مینۆرسکی) و کتێبەکەی سێر ئارنۆڵد. ت. ویلسۆن و لا. ئات، نێوان دوو ڕووبار ۱۹۱٤ ۱۹۱۷ ل ۱۵۳.

(۱۲) ژمارە ۳۲٦٤ لە ۲٤ی نیسانی ۱۹٤۵، (اللجور) لە بەیرووت دەردەچێ و خاوەنەکەی مامۆستا شارڵ حلوە.

(۱۳) ژمارە ۳۲۷۲ لە ۳ی ئایاری ۱۹٤۵.

UN PROBLÈME DE L'ORDRE DU JOUR

LE KURDISTAN

Le problème du Kurdistan ressemble singulièrement au problème polonais. C'est le problème d'un peuple, fier, brave, belliqueux, sachant défendre sa liberté au prix de son sang, mais qui a eu le malheur de mal choisir sa place entre de puissants voisins.

Quand on a un seul puissant voisin, c'est un moindre mal; le pays est conquis; mais, il demeure une entité, capable de lutter en bloc pour son indépendance. Le malheur est d'être disputé et partagé entre plusieurs voisins. Quelle vitalité ne faut-il pas alors avoir pour conserver son âme intacte !

Le Kurdistan a eu cette vitalité, et il a conservé son âme: c'est pourquoi, son problème se pose de nouveau.

Le Kurdistan — qui n'existe aujourd'hui que de nom et d'âme — comprend le territoire habité par les Kurdes entre le Mont Ararat, Diyala, affluent du Tigre, et le Kara-Su. Sa superficie est de 350 000 km2 environ (la Pologne en a 388.000) et sa population, de 2.700 000 habitants. Il est entièrement partagé entre ses quatre voisins: l'Iran, la Russie, la Turquie et l'Iraq.

En Iran, les Kurdes occupent les régions de Kirmanchah, Khoï, Maku etc. En dehors de ces régions, ils vivent à l'état de colonies isolées. Leur nombre est de 500.000 âmes, d'après l'Encyclopédie de l'Islam, mais de 32 000 seulement d'après l'Encyclopaedia britannica.

En Turquie, les Kurdes occupent les frontières Turco-iraniennes, surtout autour du lac de Van. Ils y comptent un million et demi d'habitants — soit les 3/5 de tous les Kurdes réunis.

En Iraq, ils comptent un demi-million et vivent surtout dans l'ancienne willayat de Maoussil, où ils jouissent d'une certaine autonomie.

En Russie, à Erivan et à Kars, ils sont au nombre de 125.000 âmes environ.

Rappelons enfin qu'en Syrie, notamment à Alep, dans le Nord des Alaouites, et à Damas, des colonies de Kurdes sont depuis longtemps établis et comptent actuellement quelque 150.000 citoyens.

Une Histoire Mouvementée

Si l'histoire — et les gloires passées et les exploits ancestraux — pouvaient avoir sur la destinée des peuples l'effet que l'on se plaît à chanter, les Kurdes seraient aujourd'hui, non la proie du plus fort, mais les maîtres de l'Orient. Hélas! l'histoire repose dans ses archives silencieuses; et les valeurs actuelles dirigent seules le monde.

2.000 ans A. C., un peuple nommé Gutu ou Kuti occupa la

région du Tigre moyen et s'étendit dans toutes les directions. Une autre peuplade, appelée Kassites, descendit à Babylone des Monts Zagros et la gouverna pendant 600 ans. ce sont les deux ancêtres des Kurdes.

Ancêtres brillants, mais dont l'histoire reste confuse jusqu'au 6ème siècle, par une bizarrerie étrange ; les Kurdes furent appelés par les autres peuples de noms si divers (kardu par les Assyriens, Gortukh par les Arméniens, Carduchi, Gordse Cyrti par les Grecs) que pour éclaircir tout ce qu'ils en disent, on a encore bien des efforts à dépenser.

Du VIIème au IXème siècle, ils subirent l'occupation arabe. Mais, lorsque le khalifat s'établit a Bagdad. ils disposèrent parfois en maîtres du gouvernement Au XIIème siècle, des troupes kurdes combattirent les Croisés sous les ordres de Saladin La puissance kurde atteint alors son apogée.

En 1514, vint l'occupation turque, Selim 1er confia le pays kurde (indépendant en fait, à Mullah Idris. un kurde de Bitlis Mullah transfera des kurdes parmi les Arabes et des Arabes parmi les kurdes pour convertir ceux-ci à la foi sunnite. Mais, en dépit des égards manifestés aux kurdes par les Turcs, la sympathie des kurdes resta acquise à l'Iran

Avec le XVIIème siècle, le drame du kurdistan commence Ce peuple orgueilleux, qui avait combattu les Hittites, les Assyriens, les Mongols, qui avait absorbé les Mèdes et les Assyriens déchus, va être bailoté entre ses puissants voisins au gré de la fortune des armes. Durant trois siècles, les guerres se suivront d'abord entre la Turquie et l'Iran, ensuite entre la Turquie et la Russie, au grand détriment des kurdes.

Vers 1650, la Turquie réussit à réoccuper toutes les provinces kurdes et entreprit une centralisation générale Les kurdes se révoltèrent. En 1666, un kurde, fils de cheikh, se déclara mahdi (ça fait toujours bien). Emprisonné, il reconnut qu'il travaillait pour le "Grand kurdistan."

L'avenir du Kurdistan

Aujourd'hui, les kurdes se redressent de nouveau et réclament leur indépendance. Que fera-t-on de leurs doléances?

Les kurdes sont un peuple vigoureux, uni, ambitieux. On dit qu'ils ont été des Zoroastriens, et qu'ils ont au IIIème siècle de notre ère, adoré des arbres et sacrifié au diable.

Actuellement, ils sont en majorité sunnites et en minorité chiites. Bien qu'ils pratiquent le nomadisme et le semi-nomadisme, ils ont une tendance générale vers le sédentarisme. Ils se sont montrés d'habiles cultivateurs, et par là ont dominé dans le Nord de l'Irak, l'élément arabe bédouin. Dans le HANDBOOK publié par le Foreign Office, il est dit : "Northern Mesopotamia seems destined to become Kurdish land."

Et les Kurdes agissent activement pour faire valoir leurs revendications et rester en contact les uns avec les autres.

Ils ont plusieurs journaux et revues dont KURDISTAN, publié dès 1902, LA JOURNEE KURDE, LE SOLEIL KURDE, LA VIE, PROGRES, RESURRECTION, etc.

Mais peu importent tant de qualités et tant de droits si la volonté de Grandes Puissances est indifférente ou malveillante.

Comme pour tous les petits pays, l'avenir du Kurdistan dépend en partie de sa volonté de vivre — et en partie du destin et des grands courants politiques.

Au XIXème siècle, à la faveur des guerres russo-turques, les Kurdes s'étendirent peu à peu en Russie avec laquelle, ils sympathisaient.

Ils sympathisaient également avec leurs voisins chrétiens, les Arméniens. Pour contrarier ces sympathies, Abdul Hamid organisa en 1891 des divisions de cavalerie kurdes, rattachées à lui, et qui devinrent une cause de terreur générale. Ces kurdes privilegiés retarderent considérablement le développement de la conscience nationale parmi les kurdes. Ils créérent des sentiments de malveillance entre les Arméniens et les kurdes.

Mais, en 1909, après la chuthe de Abdul Hamid, la cavalerie kurde fut supprimée. Beaucoup de ses chefs allèrent diriger brillamment leur peuple. Des députés kurdes à la Chambre et au Sénat turcs défendirent la même cause.

En même temps, cercles et journaux kurdes étaient fondés à Constantinople, à Baghdad, à Mossoul, pour cultiver et répandre la langue maternelle

Cependant, alors que les kurdes travaillaient à leur union, les grandes puissances (par application du principe de la liberté des peuples à disposer d'eux-même !) étaient en contestation sur la part qui leur revenait respectivement du kurdistan.

Le 17 novembre 1913, un protocole de délimitation fut signé à Constantinople et une commission quadruple (Turquie, Perse, Angleterre, Russie) réussit à délimiter les frontières en satisfaisant, du moins momentanément, les parties en cause... Le kurdistan devait pleurer d'émotion à la vue de l'empressement que mettaient ses voisins pour l'avoir.

Le Kurdistan Durant et Après la Grande-Guerre

La guerre de 1914-1918 donna aux kurdes l'occasion de reprendre leur lutte pour leur indépendance. Ils n'avaient aucun intérêt

بێڵ
بە کەرکووکیشدا ڕەت بووە

گیرتروود بێڵ

گێرتروود بێڵ، مێژوودۆستێکی بە ناوبانگ و وێنەگر و گەڕیدەیە. لە نێوان ساڵانی ١٨٦٨ _ ١٩٢٦ دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایک بووە، دواتر کۆچی بۆ ئینگلتەرا کردووە. دوای ئەوەی خوێندنی مێژووی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد کۆتایی پێ هێناوە، بە وڵاتەیلێکی زۆری دنیادا گەڕاوە، یاداشتی نووسیوەتەوە و لە پاشماوە مێژوویەکی زۆر، وردبووەتەوە و وێنەیانی گرتووە.

هەولێر بۆ کتێب

لە گەشتەکانی ساڵانی ١٩٠٠– ١٩١٨ یدا حەوت هەزار وێنەی گرتووە و هەزار و شەشسەد لاپەڕەی یاداشتی ڕۆژانەی نووسیوەتەوە. (کۆلێجی نیوکاسل)، لە کۆتاییی کار و کۆششێکی چوار ساڵیدا، کە لە ١٩٨٥ دا کۆتاییی پێ هاتووە، تەواوی وێنە فۆتۆگرافییەکانی بێڵ و یاداشتەکانی لە ڕاژەی ئینتەرنێتدا ناوەتە بەردەستان.

گێرتروود بێڵی ئارکیۆلۆجی ئینگلیز (١٨٦٨ – ١٩٢٦)، ساڵی ١٩١١ لەو گەشتەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیدا کە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری ئینگلیزدا بووە، گەلێک وێنەی دانسقەی گەلێک بوار گرتووە.

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە

لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو شوێنە شیاوەی دیتەوە کە تێیدا درێژە بە بەهرە سەرەکییەکانی بدا. گەشتێکی بەرفراوانی بە دەوری جیهاندا لە سەردەمێکدا دەست پێ کردووە، دەگمەن بووە ژنێکی گەڕیدەی تێدا ببینرێ، بیابان و کۆچەرایەتی ببڕێ بۆ کۆکردنەوەی دۆزراوە دێرینەکان و زمانی گەلانێکی دوور لە وڵاتەکەی خۆی فێر بێ و لە پایتەختە جیاجیاکانی دنیادا ببێتە میوانی باڵوێزان و کۆنسوڵان. گەلێک کەس لەوەدا کۆکن کە بووەتە کەسایەتیی هەرە بە ناوبانگی ئینگلیز لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی ئەو سەردەمانەدا. تەنانەت ئەفسانەی (لۆرەنسی عەرەب)ی گومان لێکراویشی ڕامالیوە. چیرۆکی کارکردنی لە هەواڵگرییە سەربازییەکانی سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیی، بەو ڕووداوەیل و کەسایەتییانەیەوە دەوڵەمەندە کە شێوەی سیمای سەدەی بیستەمی دەستنیشان کردووە، دوای شەڕیش بەشداریی لە کۆنگرەی قاهیرە و کۆنگرەی پاریسدا کردووە و لە پێکهێنانەوەی ئەو ڕۆهەڵاتەی ئەمڕۆ هەیە،

هەروەها لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نوێدا دەورێکی بنەڕەتیی بینیوە و بەپێی بۆچوونی گەلێک لە شارەزایان هەر ئەم پێشنیازی دامەزراندنی فەیسەڵی یەکەمی بۆ شانشینیی عێراق کردووە و بۆشی چووەتە سەر.

بێڵ ماوەیەکی زۆری دواسالانی تەمەنی لە عێراقدا بووە و هەر لە عێراقیشدا کۆچی دواییی کردووە، خاکەکەی تەرمی گێرتروودی لە ئامێز گرتووە.

بە گشتی، بە بەهێزترین ئافرەتێکی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیای ئەوسا دەژمێررێ.

*

بێڵ لە یەکێک لەو گەشتانەیدا بە دەڤەری کەرکووکدا کەڕاوە و یاداشت و تێبینیی تۆمار کردووە و کۆمەڵێک وێنەی گرتووە و بۆی بەجێ هێشتووین، کە لێرەدا تێبینییەکان و کۆمەڵێک لەو وێنانە بڵاو دەکەینەوە.

سەرچاوە:

http://www. hasankeyf. itgo. com/ gertrude_bell. html

http://www. neelwafurat. com/ itempage. aspx?id= egb127232-5129510&search=books

*

بەشێک لە یاداشتەکانی مس بێڵ

١٩١١/٣/٢٩

چوارشەمە ٢٩ ی ئادار (١٩١١/٣/٢٩) ڕۆژی لەدایکبوونی (مۆریس) پیرۆزبایی لێ دەکەم. پلەی گەرما لە ٦ .٥١ ؟ دا (واتە: سەعات شەش و چل و پێنج خولەک) ٢٩ .٠٥، کاروان کەوتە ڕێ، بەڵام من (مودیر)م بانگ کرد و تا ٧ .١٥ نەکەوتمە ڕێ. لەسەرخۆ ڕێمان کرد، چونکە ئەسپە ڕەشەکە

نەساغ بوو و دەشەلی. لە ٩٠٥٠ دا بە (قورِو چای)دا ڕەت بووین، ئاوی تێدا نەبوو. لە ١٠٢٥ دا، دوای پەڕینەوەی (تاوق چای)ی بەرین و فرە لک، کە بڕە ئاوێکی باشی تێدا بوو، گەیشتینە داقووق (تاوخ). بارگەمان لەنێو کۆمەڵە گردێکدا خست. لەژێر منارە ڕووخاوێکی زۆر جواندا.

خاو بوومەوە و نووستم – یەکەم نیوەڕۆ بوو بە تەمبەڵی لە دەستی بدەم! دوای بایەکی توند کە بەرەوخوار بووەوە، سەرما بوو، لە ٦٤٠ دا گەرمی ٤٧ پلە بوو. چەند پارچە گۆزەیەکی نموونەی شین و ڕەش و بەشینی تێر ڕەنگ کراوی سەدەکانی ناوەڕاستم دیتەوە.



منارەی داقووق



منارەی داقووق



منارەی داقووق

١٩١١/٣/٣٠

پێنجشەمە ٣٠ی مارت (٣٠ی مارتی ١٩١١) شەو شەختە و ئاونگی هەبوو. لە سەعات ٥ دا پلەی گەرمی ٣٤ و پاڵەپەستۆی زەپۆش ٢٩٠١٥ لە ٦٠١ دا من ئارەزووی بینینی نزرگەی (ئەربەعین)ی[1] ناو گوندەکەم هەبوو، بەڵام سەیرم کرد تەنیا دوو ژووری لە قوڕ دروست کراو بوو و گومەزێکی زۆر بچووکی هەبوو. دەرەوەی گوند (ئیمام)ێکی لێیە گومەزێکی تایبەتی چون شێوازەکەی گومەزی (ست زوبەیدە)ی هەیە. کە لە گەچ بنیات نراوە، پێم وایە کۆنە. ئێمە بەرەو (مەتارە) چووین، لە ٨٠١٥ دا ڕێی ئاساییمان جێ هێشت و لە ڕێیەکی قەدبڕی کورتترەوە بە ناو گردۆلکەکاندا ڕێمان کرد. ماینەکەم هێشتا گەلێک نەساغە، پێ دەچوو لەسەر تۆپین بێ. لە ١٠٢٥ دا گەیشتینە (قەرالی چای) کە دێی (قەرالی) بە لای دەستە ڕاستی ڕێگەکەوە. لە ١١٠١٠ دا گەیشتینە خڕی (تۆخمارلی) لەگەڵ گوندی تۆخمارلیی هەر ئەم بەرە، لێرەدا ماینەکەم چاک بووەوە. بەم جۆرە بەسەر دەغڵە گەنمی بەرین و گرداندا بەرەو ڕۆهەڵات چووین و (کەرکووک) لەسەر بەرزاییی بەرامبەرماندا بوو. هەموو خەڵکەکە بەدەرەوە بوون، لە گۆڕستاندا لەبەر ئەوەی ڕۆژێکی خۆش بوو. ئێمە لە ١٠٣٠ دا چووینە ناو کەرکووک، ڕێیەکە بە ناو شارەکەدا دەڕۆی و

لەناو خرە بەردەلانییەکەدا لە تەک پردەکەوە بارگەمان خست. لە سەعات ٢ دا لەپڕ ئاپۆرایەکی گەورە کۆبوونەوە، منیش بەرەو سەرا چووم بۆ دەستخستنی پاسەوان، کە لە ناو شاردا لەگەڵماندا بن، چەند خرستیانێک پاسیان دەکردم و سەرۆکی پۆلیسم بینی (پێم وایە) ناوی شەنکەت (؟)[٢] ئەفەندی بوو، بەغداییەکی بەدەستوبرد و شایستە بوو. ڕاستەوخۆ قسەی بەجێی دەکرد. دەیگوت سامی پاشا وەک پشکنەر دەچێتە بەغدا و خۆشی زۆر حەزی لێیە بنێررێتە ئەوێ. زۆر ئاشکرا بوو لێرە لایەنگیری دەسەڵاتی نازم بوون و کاروباری تایبەتیی خۆیان بەڕێوە دەبرد. دەیگوت ئەگەر نازم لە پشێوییە عەشایەرییەکان بگەڕێ، دیسان سەرهەڵدەداتەوە. هەمەوەند دەگەڕێنەوە دەوروبەری ڕێی ئاڵتوون کوێپری (پردێ)[٣]، من وام بۆ دەرکەوت سلێمانی هێشتا گەلێک پشێویی تێدایە. من عەونوڵڵا[٤] پاشای موتەسەریفم نەدی. ئەو نێزیکەی دوو ساڵ لێرە بووە و چەسپاندنی ئاشتیی بەلاوە بە بایەخ بووە. لە هەموو لایەکدا دەمبیست، زۆر بەڕێزەوە باسیان دەکرد. شەوکەت دەیگوت یوسف پاشا زۆر شایستە بوو. بەم جۆرە من لەگەڵ چەند پۆلیسێک و چەند خرستیانێک بە دەوری لاپاڵی گردی قەڵاوە بەرەو ڕۆهەڵات ڕێمان کرد. بە تەنیشت شاردا لە باشووری تەکیەوە[٥]، " بە منارە کاشیپۆشە زۆر لارەکەیەوە " هاتینە لای " مار تەهماس گورد"[٦] کە لەبان گردێکدا دروست کراوە. بە ڕادەیەکی بەرز دڵخۆشکەرەوەیە، لە گەڵ جووتە ستوونێک لە " سەروستان _ واتە باخچەی دا سەرو " دەچێ. من تا ١٥ ،٥ هەر نەخشەم دەکێشا، ماندوو بووم و دواتر چووم بۆ بینینی (گەورەی کلدانییان). ئەو لە قەڵادا دەژیا و لە پەنجەرەیەوە دیمەنێکی جوان دیاربوو. لەلایەن قەشەیەکی دۆمینیکانی کاوندا (کەسایەتیگەلێکی عەرەب)ەوە پێشوازیم لێ کرا، گەلێک دۆستانە بوو. یەکسەر گەورە خرستیانەکە هاتە ژوورەوە، پیاوێکی پیر بوو، هەشت ساڵی لە ڕۆما بەسەر بردبوو. ئەوان سەد ماڵێک دەبوون (؟) لەگەڵ کەرکووک و لە نێزیکیدا. گەورە خرستیانەکە و گشت قەشەکان بە فرەنسی دەدوان. گەورە خرستیانەکە بە باشی لەبارەی یوسف پاشاوە دەدوا، کە خرستیانەکانی خۆش دەویستن. من ئەو ڕێیەم بڕی بۆ بینینی ئەو کەنیسە گەورەیەی تازە تەواو بووبوو و لە جێی کەنیسەیەکی گچکە دروست کرابوو کە ڕمابوو و بووبووە کەلاوە. ئینجا بەرەو خێوەتەکانم بوومەوە.

دیمەنی قەڵای کەرکووک و پردە بەردینە کۆنەکەی



دیمەنی قەڵای کەرکووک و پردە بەردینە کۆنەکەی

دیمەنی قەڵای کەرکووک و پردە بەردینە کۆنەکەی

١٩١١/٣/٣١

هەینی ٣١ی مارت (٣١ی مارتی ١٩١١) لە ٥.٣٠ دا پلەی گەرما ٤٣، پاڵەپەستۆی زەپۆش ٢٩.٩ سەعات ٦ بۆ (مار تەهماس گورد) و تا ١٠.٤٥ کارکردن، ئینجا بۆ لای گەورە خرستیانەکە، کە لەگەڵ قەشەیەک چووم بۆ بینینی ئەو مزگەوتە بچووکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان کەنیسەی (ڤیرجینیا)[٧] بووە و تا ئێستەش مزگەوتی (دایە مریەم)ی پێ دەڵێن. بینایەکی شێوە بازیلیکی (ڕۆمانی)یە لەگەڵ نوێژگەیەکی سەرەکی کە بە ڕاڕەوێکی سێ کەوانەیی سەرگیراو جودا کراوەتەوە، لەسەر پردۆلکەیەکی بەرینی ئەستوون زۆر جوان دروست کراوە. پردۆلکەیەکی بەرزی شێوە تایبەتمەندی ڕووبەرەو ڕۆهەڵات و چەند دەرگەیەکی ڕۆئاوا لەناو نوێژگە و ڕاڕەو و دەرگەیەک لەلای باشووردا. کۆتاییی نوێژگەکە بە دوو ستوونە پردۆلکە لەلای حەرەمی پیرۆز کۆتاییی هاتووە، گومەزێکی سەر ئەستوونان دای دەپۆشێ. نوێژکەیەک لە کۆتایی.. (کەمەرەیەک). نوێژگەی باشوور هی سەدەکانی ناوەڕاستە و چوارچێوەیەکی تەختەی ڕازاوەی هەیە کە تا ئێستا پێی دەڵێن ئارامگەی یایە مریەم و لەوانەیە لەسەر هەندێک لە شمەکی یادگاریی مریەمدا ڕۆنرابێ. کەمەرەیەکی بێ ئارایشت بەرەو پێشەوە چووە. لە بەری باکووری نوێژگەکەدا پایەگەلێک بەرەو

بەشی مینبەر دەچێ کە پێدەچێ مینبەرە کۆنەکە بێ- لێی زیاد کرابێ. ئەوجا دوای ئەوەی دەستم لە کار هەڵگرت، لەناو ئاپۆرەیەکی خەڵکدا بۆ خوارەوە بەرەو خێوەتەکانم چووم. بۆ بەرامبەر دانەوەی سەردانێکی شەوکەت ئەفەندی (موتەسەریف لە نوێژدا بوو و ئەم چاوەڕوانیی دەکرد بڕوا... بۆ..) و لە ١٢,٤٥ دا گەڕانەوە. کەرکووک بەشێوەیەکی ترسناک پیسە. سەر و خوارەوەی شار بۆگەنییە و پیاو ڕشانەوەی دێ، ئاوەڕۆی باراناوی سەر کراوە لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا و ڕێچکەی باریک لە دوو لایاندا بە سیان داپۆشراوە. خانووبەرەی نوێ لە بەری ڕۆئاوای خرەکەوە پەیدا بووە، ئەمانە خاوێنترن، مااڵەکان لەناو باخچەدان. هەموو فەرمانگە فەرمییەکان بەم بەرەوەن. لێرەوە چووینە دەرەوە بە ناو کێڵگە گەنمدا و بەسەر گردەیلێ بەهارێکی وەهادا. ئینجا بەسەر گردەکانەوە قەدبڕمان کرد. بە ڕێیەکی پاسکراودا، کە ساڵێک لەمەوبەر لەاڵیەن ڕێگرە هەمەوەندەکانەوە هێرشی دەکرایە سەر. لە ٣,٤٠ دا هاتینە الی خاڵێک کە بە خان[٨] دەناسرا. لێرە زەبتییەکانمان بە دوو پیاوی سەر بە عەشیرەتە عەرەبەکان گۆڕییەوە... کە بیست ساڵی ئەم دواییانە هێزی پاراستنی بۆ نێررراوە بۆ پاسەوانیی ڕێگەکە لە هەمەوەندەکان. ئەمانە بۆ ئەوە بەکار هێنراون ببنە یاوەر بەاڵم ئێستا(...). زەبتییەکانم پەسنی (عەونوڵاڵ) یان دەکرد و پێیاندا هەڵدەدا، دەیانگوت ئەو گوێی لە هەموو کەسێک دەگرت و بایەخی بەهەموو شتێک دەدا. هەروەها بەڕێزەوە باسی یوسف پاشایان دەکرد. لەوەتی مەشرووتییەت هاتووەتە گۆڕێ و بەتایبەتی لە هاتنی محەمەد ڕەشاد[٩] و (هەروەها لە هاتنی عەونوڵاڵ)وە گۆڕانێکی زۆر گەورە لە گۆڕێدایە و ئەوان ئاواتیان دەخواست عەونوڵاڵ، دە ساڵی تریش لێرە بووایە. بە گردێکی ڕووت و وشکدا ڕەت بووین، لە تڕۆپکەکەیدا دەشتێکی جوانی بە گەنمەشامییەوە بینی لە گەڵ گوندێک، ئاسۆگە بە چیاگەلێکی بە بەفرداپۆشراو کۆتایی هاتبوو. سپیترین و بەرزترینیان لە نێزیک سلێمانییەوە بوو. دەشتەکان بەرەو ڕۆهەاڵت کشابوون، بە هێڵە گردێکی نزم کە ناوچەی هەمەوەند و ئاژاوەی ئەوانی لێ دەست پێ دەکا. پەرژین کراوە. شەوکەت بۆی باس کردم کە بە لایانەوە پەسند نەبووە عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە چەک بکرێن کە دوور نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێویست بەو هێزانە هەبێ. ئەو بۆ ماوەیەکی پێویست لەو ناوە ماوەتەوە بۆ دابینکردنی هەڵسوکەوتی پشت پێ بەستراو لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکان. لە ٥ دا گەڕاینەوە بارگە لە کەڵوڕی نێزیک گردی گەورەی (باش تەپە). هەموو خەڵکی ئەم دەڤەرە کوردن و دۆستی هەمەوەندەکانن. شەوێکی خۆشە. مانگی نوێمان لێوە دیارە.

١/ ٤ / ١٩١١

شەممو ١ی نیسانی ١٩١١ لە سەعات ٥,٣٠ دا پلەی گەرما ٤٠ و پاڵەپەستۆی زەڤۆش ٢٨,٩٥ بەیانییەکی خۆش بوو. ٦,٤ کەوتینە ڕێ و ٧,٢٠ بە تەک (یارنیدە Yarnideh)[١٠] گردێک و گوندێکی بە تەکەوەیە، لەوێوە بۆ (گۆپتەپە) سەعات ٨,٠ چوومە سەر تڕۆپکی گردەکە و دیمەنێکی زۆر جوان و بەرینی (خڕی قاجار) م بینی کە لقێکی زێی گچکە (زێی کۆیە)یە. لە باکوردا چیای

ئەلقووش بە بەفر سپی بوو، ڕۆهەڵاتی چیای ملهۆش و (یاقووت – الا !!) ی ڕەواندز و چیای سپیی سەرووی سلێمانی کە قەندیلە. گردێکی زۆر بەرز و بە شکۆیە، لە ڕۆهەڵاتیدا جۆرە بازنەیەکی دەرەکی، بە ڕۆهەڵاتیەوەی دەبەستێ و لەسەر باکوری نەخشەی ئەم ڕێیەدا دەوەستێ. لە ٨.٠ دا خڕی قاجارمان ڕەت دا، گەیشتینە ئاڵتوون کوێپری (پردێ)، لە ١٠.٢٠ (کاتی کاروان، من و فەتووح لە پێشەوە وەستاین) پردەکەی سەر لقە سەرەکییەکە، ئەوەی زۆر قووڵ و بە خوڕ بوو، بەشێوەیەکی سەراساییی بڵند بوو، چون چیایەک بوو(١١)، من تا کاروان گەیشت، لە نووسینگەی بەڕێوەبەردا ڕۆنیشتم کە لە بەرامبەر ڕێی چوونە سەر پردەکەدا بوو، ئینجا من سەردانی (سەرۆکی شارەوانی)م کرد، پیاوێکی بە سااڵداچووی سەرنجڕاکێش بوو. کە جارپیان دا سوارە ئامادەن، من هەڵسام تا فریای کاروان بکەوم.



پردێ

سەرچاوە:

http://www.gerty.ncl.ac.uk/diary_details.php?diary_id=936

http://www.gerty.ncl.ac.uk/diary_details.php?diary_id=937

http://www.gerty.ncl.ac.uk/diary_details.php?diary_id=938

http://www.gerty.ncl.ac.uk/diary_details.php?diary_id=939

***

تێبینی و پەڕاوێزەکانی وەرگێڕ:

(١) ئەربەعین: واتە چل کەسەکە، گوایە گۆڕی چل کەسی خواناسی لێیە. شوێنی تریش ئەم جۆرە گۆڕ و نزرگانەی هەر بەم ناوەوە لێیە.

(٢) دەبێ ناوەکە (شەوکەت) بووبێ. ئەو هەر بە (شەنکەت)ی دەنووسێ، من کردوومەتە شەوکەت.

(٣) ئەو ناوی (پردێ)یە لە نووسینە ڕەسەنەکەدا هەبوو، – من بۆم زیاد نەکردووە ! –، دیارە ئەوسا سااڵی

١٩١١ ساڵی هاتنی خاتوو بێڵ پردێشیان بە (ئاڵتوون کوێپری) گوتووە. کەچی هەندێک لایەنی ئاژاوەچی و لە بیانووگەڕ بەکارهێنانی ناوەکە بە شێوەی (پردێ) لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە تابلۆی وەک ئاماژەی سەر ڕێیە گشتییەکاندا بە زیادەڕەوییی شۆفینیی کوردانی داناوە و لە هەندێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانەوە کردوویانەتە هەرا.

ئەمەی ئێرە کە بەڵگەیەکی کۆنە و لەلایەن بیانییەکەوە تۆمار کراوە، بە پێچەوانەی لافی ئەوان ! ، پێچەوانەی مەبەستی ناحەزان و شۆفینییەتی خۆیان دەردەخا.

(٤) مەبەست (عەونوڵڵا کازمی)ی موتەسەریفی ئەوسای کەرکووکە. ناوی محەمەد سەلیمە (١٨٦٨) لە ئەرزەڕۆم لەدایک بووە، (١٩١٤) کۆچی دواییی کردووە. نووسەر و تێکۆشەرێکی ناسراوی دژی ڕێژیمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بووە.

(٥) مەبەست تەکێی تاڵەبانییە.

(٦) مار تەهمازگورد: مەبەست کەنیسەی سووری کەرکووکە. یەکێک بووە لە کۆنترین یادگارییەکانی شەهیدانی خرستیانانی (سەدەی پێنجەمی زاین)، گۆڕەکانی تەهمازگورد و شیرینی نانکەری شەهیدانی لێیە. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانی دەیکاتە کۆگای چەک و تەقەمەنی، کە لە بەردەمی لەشکری ئینگلیزدا پاشەکشێ دەکا، لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە دەستی ئینگلیز بە بینا و تەقەمەنییەکانەوە دەیتەقێنێتەوە. ئەوەی ئێستا هەیە تازە دروست کراوەتەوە.

(٧) مەبەست مزگەوتی گەورەی سەر قەڵای کەرکووکە.

(٨) جێی جەندرمە و هێڵی تەلگرافی سەردەمی عوسمانیی سەرەڕێی پردێ _ کەرکووک بووە، دواتر دوو سێ ماڵی شوانکارەی لێ بوو پێیان دەگوت (خانەکە)، لە شەڕی عێراق _ ئێراندا ڕێژیمی بەعس بیناکۆنەکەی تەقاندەوە و دانیشتوانانیشی ئاوارە کرد.

(٩) مەبەست سوڵتان محەمەد ڕەشادی سی و پێنجەمین سوڵتانی عوسمانییە (١٨٤٤ _ ١٩١٨).

(١٠) دەبێ گوندی (یارمجە!) بێ.

(١١) لە جێی ئەو پردەی (مس بێڵ) ساڵی ١٩١١ لەگەڵ وێنەکانی ئەم دەڤەرە گرتوونی، پردێکی ئاسنین دروست کراوە کە ئێستاش ئەو پردە ماوە، (هاملتن) لە کتێبی (ڕێیەک لە کوردستاندا) ئاماژەی پێ دەکا و دەڵێ:

(..... پردەکەی ئەمڕۆ پردێکی سەربازیی ئاسنینە لە شێوەی _ ئینکلیزی _ دایە، لە شوێنی ئەو پردە بەردینە دروست کراوە کە تورک _ عوسمانی _ لە پاشەکشێی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ دا تەقاندوویەتییەوە.)

بڕوانە:

إي. إم. هاملتن – طريق في كردستان – ترجمة: جرجيس فتح الله – دار ئاراس للطباعة والنشر – الطبعة الثانية – مطبعة وزارة التربية – أربيل – كردستان ١٩٩٩.

عێراق و کورد

ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە

ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ژمارە ١٠٣، ٢٨ی ئاداری ٢٠١١

گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی
بۆ ڕێگرتن لە ململانێ لە سەرتاسەری دنیا

١ – ٢

هەوالنامەی کێشە

عێراق و کورد: ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە

کورتە و سپاردەکان

حکوومەتی عێراقی زۆری پێ چوو تا پێک هات، بەڵام سەروشتی گشتگیرییەکەی و شێوازی پێکهێنانەکەی هیوای ئەوەی لێ دەکرێ بتوانێ لەو ململانێیەی لە نێوان کورد و عەرەب هەیە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێ. ململانێیەکە کە کاریگەرییەکەی وێرانکەری بەسەر مێژووی سەدەی بیست و یەکەمی عێراقەوە بەجێ هێشتووە، بۆی هەیە شەڵەڵی سیاسیی لێ بکەوێتەوە یان لەوەش خراپتر لێکترازانی عێراقی لێ بکەوێتەوە. لایەنەکانی ناو حکوومەتی هاوپەیمانیەتی هەڵێکی دەگمەنیان لە بەردەمە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن. لەدەستدانی ئەو هەلە هیچ پاساوێکی بۆ نابێ. هەردوو لا دەبێ ئەو ئیرادەیەیان هەبێ کە لە ئەنجامی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتێک بۆ دانانی بناخەی چارەسەرێکی ئاشتییانە و بەدانوستان، دێتە ئاراوە. بەتایبەتی، ئەوان دەبێ هەر زووبەزوو دەست بە گفتوگۆکان لەبارەی دۆخی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، بکەنەوە. ئەوان هەروەها ڕێککەوتننامەی کانوونی دووەمی ٢٠١١ بەکار بێنن بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەناو بۆڕییە نەوتییە نەتەوەییەکاندا وەکو بنەمایەک بۆ دانوستانەکان لەبارەی یاسایەکی گشتگیر بۆ بەشکردنی داهاتی نەوت.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: رابەر یوونس

هەروەک ناڕەزایەتییەکان لە سەرتاسەری وڵات دەریان خستووە، عێراق خاڵی نییە لەو هەستی شۆڕش و ڕاپەڕینەی وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفەریقای گرتووەتەوە. هەروەها شکستی لەسەریەکی حکوومەتگەلی عێراق لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و، لەوەش گرینگتر دابینکردنی وزەی کارەبا، بوونەتە هۆی ناڕەزایەتیی ڕەوای خەڵک. سەرۆک وەزیران نووری مالیکی دەبێ دۆینەوەی وەڵامی کاریگەر بۆ داواکارییەکانی ناڕازییەکان، بەتایبەتی پێش هاتنی هاوینی گەرم، بکاتە گرینگترین ئەولەوییەت کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی پێشوەختە بۆ حکوومەتی نوێ. هەمان شت بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕاستە کە زۆر لەمێژە گازاندەی خەڵک لە خراپیی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، هەیە. خۆپێشاندانەکانی سلێمانی لە مانگی شوبات و ئاداری ٢٠١١دا ئەوە دەردەخەن کە حکوومەتی هەرێم لە ئەنجامدانی کرداری چاکسازیی ڕازیکەر دوا کەوتووە و بەم شێوەیەش ڕووبەڕووی مەترسیی زیاتربوون و بڵاوبوونەوەی نائارامی دەبێتەوە.

پێوەندیی نێوان کورد و عەرەب هەر بە مەترسیداری ماونەتەوە. لە کۆتایی مانگیی شوباتدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێزی سەربازیی ناردە کەرکووک لە هەوڵێکی شەفافدا بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک لە ڕووداوەکانی سلێمانییەوە بگوازێتەوە و هەروەها دانشتوانی کورد لە دەوری کێشەی هەرە وروژێنەری کەرکووک کۆ بکاتەوە. بە ئەنجامدانی ئەو کارەش، حکوومەتی هەرێم بەشێوەیەکی مەترسیدار باری ئەو ناوچەیەی، کە خۆی گرژ بوو، هەڵایساند و دۆخی گرژیی ئەتنیی خراپتر کرد. ئەمە دەبێ وەکو بیرهێنەرەوەیەک بێ بۆ سەرانی بەغدا و هەولێر بۆ ئەوەی دەستبەجێ کار لەسەر باشکردنی دۆخی ناوچەکانی تەماسی نێوان کورد و عەرەب.

بۆ چوونە پاڵ حکوومەتێکی هاوپەیمانی، سەرکردەکانی کورد مەرجی بەشکردنی دەسەڵات و داواکاریی گەورەی تریشیان بۆ سەرچاوەی ئابووری و ناوچەی تر خستە ڕوو. مالیکی دەڵێ ئەو بە زۆرینەی داواکارییەکان ڕازی بووە بەڵام بۆ کورد بەڵگەی سەلمێنەر بڕێتییە لەوەی ئاخۆ مالیکی دەیەوێ جێبەجێیان بکات یان نا و چۆن. جێی گومانە کە سەرۆک وەزیران بتوانێ یان تەنانەت بیەوێ داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات، هەردوو لا پێویستە مرونەتیان هەبێ بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە پێویستەکان – بەتاییبەتی لەبارەی تەواوکردنی پێکهاتەی حکوومەت، یاسای نەوت و بەشکردنی داهات و دیاریکردنی سنووری ناوەخۆی هەرێمی کوردستان.

لە ڕابردوودا، گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی هانی ئەوەی داوە کە کەرکووک بارێکی تایبەتی هەبێ وەکو پارێزگەیەکی پشتبەخۆ بەستوو بۆ ماوەیەکی کاتی نە لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەغدا نە هەولێر بێ، هەروەها میکانیزمێکی هەبێ کە دوا جار چارەنووسی کەرکووک یەکلای بکاتەوە و ڕێککەوتنێکی بەشکردنی دەسەڵات بێنێتە ئاراوە کە تێیدا نوێنەرانی گرووپە ئەتنییە گەورەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتییان هەبێ. ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە دەستی پێڕا دەگات و ئێستەش کاتی ئەوەیە بەدوای بکەن. لە مانگی کانوونی یەکەمدا، بەغدا و هەولێر، لەسەر

بنەمای سەرکەوتنیان لە پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوپەیمانی، ڕێککەوتننامەیەی تاکتیکییان تاوتوێ کرد لەبارەی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە کە جێبەجێکردنی بەسوودی هەردوو لا کۆتاییی دێت. هەردوو لا پێویستە ئەم ڕێککەوتنە هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوە ببەن بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لەبارەی ئەو کێشانەی کە پێوەندییەکانی بەغدا و هەولێری لەوتەی شەڕی ٢٠٠٣ەوە هەراسان کردووە.

لە مانگی یۆنیۆی ٢٠٠٩دا، پرۆگرامی هاریکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) هێزێکی ئاستبەرزی دروست کرد کە ئامانجیان کارکردن بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی لە ڕێی دانوستانەوە ئەویش سەرەتا لە ڕێی میکانیزمی بەهێزکردنی متمانەوە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان – ئەو ناوچە فراوانەی زەوی لە سنووری سووریاوە تا سنووری ئێران کە کورد بە بەشێکی مێژوویی لە خاکی کوردستانی دادەنێن. بەڵام یونامی زۆر باش دەیزانی کە ئەو هێزە ئەگەری نەبوو لە ئەرکەکەیدا پێشەوە بچێت لەبەرئەوەی عێراق لە مانگەکانی دواتر بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆیشت، بۆیە ئامانجی ڕاستەقینەی بریتی بوو لەوەی لایەنەکان لەسەر مێزی دانوستان بهێڵێتەوە تا حکوومەتێکی نوێ پێک دێت. ئەو ماوەیە کە سااڵ و نیوێکی پێ چوو، ئێستە بە کۆتا هاتووە، بۆیە ئەمڕۆ، دەستپێشخەرییەکە دەبێ ژیانی نوێی پەیدا بکرێتەوە.

کرۆکی کێشە ناوچەییەکان لە نێوان بەغدا و هەولێر تایبەتمەندیەتیی کەرکووکە کە لە یەک کاتدا ناوی سێ قەوارەی جودا بەڵام تێک ئااڵوە – کەرکووک وەکو شار، کەرکووک وەکو پارێزگە و کەرکووک وەکو کێڵگەی نەوتیی زەبەاڵح – کە بوونەتە هۆکاری کێبڕکێ لەسەرکردن. دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ پرۆسەیەک دیاری دەکات کە بەهۆیەوە بارێ کەرکووک و ناوچە جێ ناکۆکەکانی یەکالیی دەبێتەوە، بەڵام ئەو پرۆسەیە بەهۆی ناکۆکییەکی گەورە لەبارەی لێکدانەوەی مادەکە و نەبوونی ئیرادەی سیاسی پشتی بەر زەوی کەوت. لە هەمان کاتدا، بارودۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان پشتگوێ خراوە بۆ ئەوەی هەڵبژاوسێ. لەو ناوچانەی کە تێکەاڵویی ئەتنی چڕە، وەکو شاری کەرکووک و چەندان ناوچەی تری پارێزگەی نەینەوا، ئەو کێشەیە بارگرژیی بەهێز و ورووژاندنی سیاسیی دروست کردووە کە مەبەست لێی نانەوەی ململانێی دەستەبییە.

بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی ڕووداوی بچووک بۆ ئاگرێکی فراوانتر، هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٩دا میکانیزمی تەناهیی هاوبەشیان پێک هێنا لەو ناوچانەی جێی ورووژانن _ هێلی نێوان سوپای عێراقی و هێزی پاسەوانی هەرێمی کوردستان کە بە پێشمەرگە دەناسرێن – ئەو میکانیزمە بە درێژاییی بڕبڕەی ناوچە کێشەدارەکاندا دەڕوات.

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو میکانیزمە بریتی بوون لە خاڵی پشکنینی هاوبەش و دەورییەی هاوبەش لە سوپا و هێزی پاسەوانیی هەرێم و ئەفسەری ئەمەریکایی، وێڕای سەنتەری هاوئاهەنگی کە ئامانجی باشترکردنی پێوەندی و متمانە هەبووبوو لە نێوان هەردوو لا. هەروەها بەغدا و هەولێر لەسەر کۆمەڵێک یاساش لەبارەی بااڵوکردنەوەی هێزە تەناهییەکانیان لەو

ناوچانەدا ڕێککەوتن.

ئەو هەنگاوانە بارگرژییان کەم کردووەتەوە، بەڵام بوونی ئەو هێزانە و هەڵوێستیان لەو ناوچانەی پێیان سپێردراوە ئەوە بیر دانشتوانە ماندووەکەی دێنێتەوە کە ململانێکە زۆر دوورترە لە چارەسەر. چەقبەستوویی نێوان سوپا و پێشمەرگە لە کەرکووک و دەوروبەری بەتایبەتی، هەروەها ڕەفتاری وروژێنەرانەی پۆلیسی کوردی لە کەرکووک کە بە ئاسایش دەناسرێن لە ماوەی دوای کشانەوەی هێزە ئەمەریکاییەکان کە بڕیارە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ جێبەجێ بکرێت، کێشە دروست دەکەن. ڕووداوەکان لە کۆتاییی مانگی شوبات و سەرەتای مانگی ئادار کاتێک هێزی پێشمەرگە لە دەوربەری کەرکووک بڵاو کرانەوە دوای ناڕەزاییی سەرانی عەرەب و تورکمان لە شارەکەدا هۆشدارییەکی تر بوو کە دۆخی تەناهیی کەرکووک کە لەوەتەی ٢٠٠٣ بەشێوەیەکی نیسبی جێگیر بووە بۆی هەیە خۆی نەگرێت.

میکانیزمی تەناهیی هاوبەش ئامانجی کڕینی کات بوو بۆ دانوستانەکان لەبارەی ناوچە جێناکۆکەکانەوە. تا ئێستە، ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ شکاندانی بنبەستەکە هێنراونەتە کایەوە، بۆ نموونە پرۆسەی ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی پارێزگا لە کەرکووک، ئەو ڕاستییەیان دووپات کردووەتەوە کە کە نائومێدی و ئاڵۆزکردنی تۆمەتەکانی زیاد کردووە. ناکۆکییەکە کاریگەریی تەنیا بەسەر ناوچە جێناکۆکەکانەوە نییە، بگرە سەرژمێریی سەرتاسەریشی بەشێوەیەکی نادیار دوا خستووە لەبەر ناکۆکی لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە لە ناوچە جێناکۆکەکان. بێ هەنگاونان بۆ پێشەوە، ململانێ هەڕەشەی تەقینەوە دەکات، لە کاتێکدا هێزە ئەمەریکاییەکان خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ کشانەوە لە عێراق و لەو شوێنانەش کە دەکەونە هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق. ئەمە نیگەرانیی لە هەموو شوێنێک لێ کەوتووەتەوە، بەتایبەتی لە نێوان دانیشتوانی کەرکووک کە پێ دەچێ یەکدەنگ بن لەسەر داواکاریی پاراستنیان لەلایەن هێزە ئەمەریکاییەکانەوە.

هیچ چارەسەرێکی ئاسان بوونی نییە. هەرچەندە حکوومەتی مالیکی ڕەنگە چاوی لەوە بێ دانوستان بکا بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بەڵام ئەو سیناڕۆیەی زیاتر ڕێی تێ دەچێ ئەوەیە هێزی سەربازیی ئەمەریکا لە باکوری عێراق لە چەند مانگی داهاتوودا بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکرێنەوە، ئەگەر هەر بەیەکجاری نەکشێنرێنەوە. یونامی دەستی کردووە بە تێڕوانین لە ڕادەی ئامادەیی بەغدا و هەولێر بۆ دووبارە دانووستان لەبارەی کێشە جەوهەرییەکان، بەڵام دواکەوتنی دیاریکردنی وەزیری چەند وەزارەتێکی سەرەکیی عێراق وەکو وەزیری بەرگری و ناوخۆ لە بەرژەوەندیی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان نییە.

ئەمەریکا وای دادەنێ کە هێزەکانی عێراق بەجێ دەهێڵن بۆیە عێراقییەکان دەبێ، بێ ئەو ڕووماڵە تەناهییە سایکۆلۆجییەی هێزەکانی ئەمەریکا پێشکێشیان دەکرد، خۆیان کێشەکان لە ناوچە جێناکۆکەکاندا چارەسەر بکەن. ئەمەریکا پێ دەچێ گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی کە هەر خودی

جێهێشتنی عێراق بۆی هەیە پاڵ بە عێراقییەکانەوە بنێ مێشکیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ڕێک کەون و ئیرادەیەکی سیاسی بێننە کایەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر تایبەتمەندیی کەرکووک و ناوچەکانی تر. ئەمە بۆی هەیە گرەوێکی مەنتیقی بێ، بەڵام گرەوێکی مەترسیداریشە. لە کەمترین بڕدا، ئەمەریکا دەبێ پاڵپشتیی دیپلۆماسی و داراییی بەهێز پێشکێشی یونامی بکا کە گفتوگۆکان ڕێک دەخات، بۆ نموونە پاڵپشتیی سەربازی ببەستێتەوە بەوەی لایەنەکان بەشداریی‌یەکی بنیاتنەرانە لە گفتوگۆکان بکەن و پابەند بن بە دوورکەوتنەوە لە هەنگاوی عەسکەریی یەکلایەنانە. یونامی دەبێ هەنگاوی بەهێزکردنی متمانە لە ناوچە کێشەدارەکاندا پێشنیاز بکا بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی نیسانی ٢٠٠٩ی خۆی (کە بڵاو نەکراوەتەوە).

بەئەنجامدانی ئەو کارەش، یونامی دەبێ هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی نوێنەرانی سیاسیی ناوچە کێشەدارەکان بەشدار بن. هەریەک لە حکوومەتەکەی مالیکی و هەرێمی کوردستان پێویستە هانی جموجۆڵی ئابووری بدەن لە ناوچە جێنانکۆکەکان و کەرکووک لەگەڵ بەکارهێنانی بێلایەنانەی داهاتی زیادەی فرۆشتنی نەوت لە پرۆژەگەلێک کە سوود بە هەموو کۆمەڵگەکە بگەیەنێ.

لە هەمووی زیاتر، سەرانی بەغدا و هەولێر پێویستییان بەوەیە لە خۆیان بپرسن: ئاخۆ ئەوان قەناعەتیان هەیە بەدوای چارەسەرێک لە ڕێی دانوستان بگەڕێن ئەویش بە دەرکپێکردنی ئەو ڕاستییەی ئەوان ناتوانن ئامانجەکانی خۆیان بە زیاتر هێشتنەوەی کێشەکە یان بە بەکارهێنانی هێز، بپێکن؟ یان ئەوان تەنیا بە سەرهەڵدانی ملمالانێیەکی تووندوتیژ کە هیچ لایان نایەوێ و بەرەنجاکەکەشی بەدەست خۆیان نابێ، ئەوجا دەکەونە خۆیان؟

ڕاسپاردەکان

بۆ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

١. بەشێوەیەکی عەلەنی پابەندبوونی خۆتان بە دۆزینەوەی چارەسەرێک لە ڕێی دانوستانن بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان ڕابگەیەنن.

٢. دەست بکەنەوە بە گفتوگۆکان لەبارەی هەموو کێشە پێوەندیدارەکان لە نێویشیاندا چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان، یاسای نەوت، یاسای دابەشکردنی داهات، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان لە کەرکووک و سەرژمێریی گشتی، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی تاووتوێی ناوچە کێشەدارەکان بکەن وەکو بەشێک لەو هێزە ئاستبەرزەی لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دامەزراوە، هەروەها دەست بکەن بە هەنگاوی متمانە بەهێزکردن لە ناوچە جیاجیاکان، وەکو لە ڕاپۆرتەکەی یونامیدا هاتووە.

٣. لەو گفتوگۆیانەدا سەرانی ئەو لایەنانە بەشدار بکەن کە نوێنەرایەتیی هەموو گرووپێکی ئەتنی و

ئاینی لە ناوچە کێشەدارەکان دەکەن.

٤. خاڵی پشکنینی هاوبەشی سوپا – پێشمەرگە و دەورییە و کردەی سەربازیی هاوبەش لە ناوچەکێشەدارەکان دریژە پێ بدەن بە پشتبەستن بە میکانیزمی تەناهیی هاوبەشی ئەمەریکایی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، سەنتەرەکانی هاوئاهەنگیی لە ناوچە کێشەدارەکان بهێڵنەوە و ستافی تەواویان بۆ دابین بکەن، هەروەها تیمێکی چاودێریی بەغدا –هەولێر پێک بێنن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی پێوەندییان بە کردەی سەربازیی هاوبەشەوە هەیە، بکەن.

٥. ڕێنوێنیی ڕوون بۆ هێزە تەناهییەکان کە لە ناوچە کێشەدارەکاندا بڵاو کراونەتەوە بنێرن تا لەو ناوچە جیاوازانەی بۆیان دیاری کراوە بمێننەوە، تەنیا لەو خاڵە پشکنینە هاوبەشانە نەبێ کە بەهاوبەشی لەسەری ڕێک کەوتوون، لەگەڵ دەورییەی هاوبەش و کردەی هاوبەش لە دژی گرووپە تووندوتیژەکان لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، بەرپرسێک لە کابینەی حکوومەتی عێراقی و بەرپرسێک لە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان دەستنیشان بکرێن بۆ ئەوەی لە کاتی ناکۆکیدا بەپەلە ئاگەداری لایەنی خۆیان بکەنەوە، هەروەها حکوومەتی عێراق ئەفسەرێکی سەربازیی باڵا لە سەنتەری ئۆپەراسیۆنی نەتەوەیی لە بەغدا دابنێ و هاوشانەکەشی لە حکوومەتی هەرێم ئەفسەرێکی باڵا دابنێن بۆ هەمان مەبەست.

٦. دەسەڵاتی پارێزگەکان هان بدرێن لە ناوچە جێناکۆکەکان بۆ ئەوەی کارمەندی زیاتری هێزی پۆلیس لە هەموو نەتەوەیاتەییەکان و مەزهەبییەکان دامەزرێنن بۆ ئەوەی هێزێک دروست بکەن کە بەشێوەیەکی یەکسان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی تێکەڵاوی ئەو ناوچانە بێت.

٧. بەردەوام بن لەسەر هەوڵەکان بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردی و پۆلیس (لە نێویشاندا هێزی سەربازیی زێرەڤانی) کە سەر بە وەزارەتی پێوەندیدار بن لە بەرگری و ناوخۆ وەکو بەشێک لە پلانی تەناهیی نیشتمانی..

٨. هەنگاو بەرەو سەروەریی پۆلیس بنرێ لە ناوچە جێناکۆکەکاندا بە ئامانجی ناوچەیەکی داماڵراو لە سەربازی کە تێیدا نە سوپای عێراقی و نە هێزی پێشمەرگە یان زێرەڤانیی کوردی ڕێگەیان پێدراوە جموجۆڵ بکەن.

٩. بڕیاری دادگەی باڵا پەسەند بکەن کە ئەو سەرژمێرییەی لە مادەی ١٤٠دا ئاماژەی پێ کراوە هەمان شت و ڕێوشوێن نییە لەگەڵ ئەو سەرژمێرییەی هەر ٢٠ ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێ، ئەویش بە داواکردن لە پەرلەمان کە یاسای سەرژمێریی ٢٠٠٨ لەسەر ئەم بنەوایە هەموار بکاتەوە – لە پێناو ئامانجی نیشتمانی – و ئەو پرسیارە ورووژێنەر و ناپێویستانەی لەبارەی نەتەوەی خەڵک لە فۆرمەکەدا هەیە لا بدرێت.

١١. هانی گەشەسەندنی ئابووری بدەن لە ناوچە جێناکۆکەکان، وێڕای هاندان بۆ بەکارهێنانێکی کارای داهاتی زیادە لە فرۆشی نەوت بۆ پڕووژەگەلی بەسود بۆ هەموو کۆمەڵگە.

بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

١١. یاسایەک دابنێن و ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی دیاری بکەن بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی، ئاسایش، پاراستن و زانیاری کە سەر بە پارتە دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن، ئەو هێزە یەکخراوانەش بکەونە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و تەنفیزیی حکوومەتی هەرێمەوە.

١٢. ڕێنوێنیی ئاسایش (پۆلیسی تەناهیی سەر بە حزب) بکرێ کە لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر بڵاو کراونەتەوە و تێکەڵیی ئەتنی و مەزهەبییان تێدایە، بە هاوئاهەنگییەکی نێزیک لەگەڵ پۆلیسی ئەو ناوچانە کار بکەن و لە چوارچێوەی یاسای فیدرالیی عێراقی دەرنەچن، هەروەها پلانێک دابنێن بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی هێزەکانی ئاسایش کە لەو ناوچانەدا بڵاو کراونەتەوە بە وەرگرتنی کارمەند لە هەموو گرووپە ئەتنی و مەزهەبییەکان بۆ ئەوەی هێزێک دروست ببێ کە بەیەکسانی ڕەنگدانەوەی تێکەڵیی هەموو کۆمەڵگەی ئەو ناوچانە بێ.

بۆ حکوومەتی ناوخۆیی کەرکووک، نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین:

١٣. دڵنیا بنەوە کە پڕۆژە ناوخۆییەکان کە لە بودجەی ناوەندیی عێراقەوە پارەدار دەکرێت لەوانەش داهاتی زیادە لە نەوت و گازی بەرهەمهاتوو یان پالێوراوی پاڕێزگە، (ئەوەی پێی دەگوترێ پترۆدۆلار) بەشێوەیەکی یەکسان لە تەواوی پاڕێزگە دابەش بکرێن و سوود بە هەموو هاوواڵاتییان بگەیەنی بێ لایەنگیری.

١٤. کارمەندی تەناهیی زیاتر دامەزرێنن لە هەموو پێکهێنەرە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بۆ ئەوەی هێزێکی پۆلیس وا دروست ببێ کە بەشێوەیەکی یەکسان هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ڕەنگ بداتەوە.

بۆ بەرنامەی هاریکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی)

١٥. ئەو هێزە ئاستبەرزە دووبارە زیندوو بکەنەوە بەلایەنی کەمەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشمەکێشانەی کە لە هێڵی تەماسی ناوچە کێشەدارەکاندا ڕوو دەدەن. یارمەتیدەر بن لە گفتوگۆکان لە نێوان لایەنەکانی عێراق لەبارەی کێشەی سنووری ناوخۆیی بە پێشکێشکردنی پسپۆڕیی تەکنیکی و ڕاوێژی سیاسی لە هەموو ئاستێکدا، بەپشتبەستن بە ڕاپۆرتی یونامی ٢٠٠٩ هەنگاوی دیاریکراو بۆ دروستکردنی متمانە لە ناوچە کێشەدارەکاندا پێشکێش بکەن، هەروەها هەمو هەوڵێک بدەن بۆ بەشداریپێکردنی سەرانی هەموو لایەنەکان کە نوێنەرایەتیی هەموو گرووپێکی ئەتنی و مەزهەبی بکا لە ناوچە جێناکۆکەکاندا.

بۆ حکوومەتی ئەمەریکا:

١٦. پالپشتی لە دەستپێکی تێهەڵچوونەوەی گفتوگۆکان لە نێوان حکوومەتی عێراق و هەولێردا

بکەن لە هەموو کێشەکاندا کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا و پاڵپشتیی دارایی و دیپلۆماسیی تەواو بۆ یونامی پێشکێش بکەن لە کاتی ناوبژیوانیکردنی لە نێوان لایەنەکان.

۱۷. هاندان و پاڵپشتیکردن لە میکانزمی تەناهیی هاوبەشی عێراقی بدەن لە ناوچە کێشەدارەکاندا بۆ کەمکردنەوەی ململانێی چەکدارانە، ئەگەر هاتو دانوستان لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا نەکرا.

۱۸. هاریکاریی سەربازی وەکو کارتێکی فشار بۆ پاڵپەستۆکردنە سەر حکوومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکار بێنن بۆ ئەوەی خۆیان دوور کەنەوە لە هەنگاوی یەکلایەنە لە ناوچە کێشەدارەکان بە جوولاندنی سوپای عێراقی یان پێشمەرگە، هەروەها لە ڕێکخستنێکی گونجاوی هێزە تەناهییەکانیان و درێژەدان بە هاوئاهەنگی لە نێوانیان لە میکانیزمی تەناهیی هاوبەش و ڕێزگرتنیان لە مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا.

هەولێر، بەغدا، برۆکسل ۲۸ ئاداری ۲۰۱۱

عێراق و کورد:
ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە

یەکەم: پێشەکی: کورد لە حکوومەتی عێراقیی نوێدا

۱. نۆزدە داواکارییەکەی کورد: نۆ مانگ لە ناکۆکی لە نێوان بارستەکاندا ئەوەی دەرخست کە هیچ حکوومەتێک نایەتە پێک هێنان بێ بەشداریی دوو پارتە سەرەکییە کوردییەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان[1]. دوو پارتەکەکە بەیەکەوە لە هەڵبژاردنی ئاداری ۲۰۱۰دا بە لیستی کوردستانی چوونە ناو هەڵبژاردنەوە و خۆیان دوور گرت لە ڕاستەوخۆ پاڵپشتیکردن لە یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکان یان کاندیدێکی دیاریکراو لە پێشبڕکێکارە سەرەکییەکان لە دەوڵەتی یاساییی نووری مالیکی و عێراقییەی ئەیاد عەلاوی بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەت. لە جیاتی ئەوە، ئامادەییان پێشان دا کە لەگەڵ هەر لایەنێکدا کار بکەن کە ئامادە بێ داواکارییە ۱۹ خاڵییەکەیان جێبەجێ بکا کە لە مانگی ئابی ۲۰۱۰دا ڕایان گەیاندبوو.

لە سەرووی ئەو لیستەش داواکاریی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی بوو کە بە بینینی کورد بەرەنجامەکەی گێڕانەوەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تره بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەمەش داوایەکیان دێتە دی کە لەوەتەی ۲۰۰۳ەوە ئاواتیان بووە[2]. داواکارییەکانی تر کە لەلایەن کوردەوە بۆ چەندان ساڵ هەر دووپات کراوەتەوە پێوەندییان بە یاسای نەوتەوە هەیە کە لەمێژە تووشی شکست بووە وێڕای هەموارکردنی یاسایی و دەستووریی زیاتر و نوێنەرایەتیی کوردی لە داوودەزگاکانی دەوڵەت. هەر یەک لە مالیکی و عەلاوی بەشێوەیەکی عەلەنی دانیان بە ڕۆڵی

گرینگی کورد له پێکهێنانی حکوومەتدا ناوە. لە مانگەکانی دوای هەڵبژاردنەکانەوە، دەوڵەتی یاسا ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ جێبەجێکردنی زۆرینەی داواکارییەکانی کورد، ئەگەر ئەوان پاڵپشتی لە مالیکی بکەن بۆ بەردەوامبوون لە پۆستەکەی وەکو سەرۆک وەزیران[٣]. عێراقییە کەمتر پێشوازیی لە داواکارییەکان کرد، ڕای گەیاند کە شتێکی زەحمەتە مل بۆ داواکارییەکانی کورد بدات لەبارەی ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەگەر لەگەڵ کورد بگەنە ڕێککەوتنێک ئەوا زۆر مانادارتر دەبێ لە هەر بەڵێنێک کە مالیکی پێیان بدات، لەبەرئەوەی مالیکی لە دەسەڵاتیدا نییە جێبەجێیان بکا لەبەرئەوەی ناوچەی سەرەکیی دەنگدەرانی ئەو زۆر دوورە لەو ناوچانەوە[٤]. لە بەرامبەردا، بەشێکی گەورەی ناوچەی دانگدانی عێراقییە شانبەشانی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دەژین[٥].

تەنانەت بۆ مالیکی، وێڕای ئامادەیی خۆی بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد، شتەکان هەر وا سادە دەرنەچوون. وێڕای ئەم داوایانەی سەرەوە، لیستی داخوازیی کورد چەند مەرجێکی مەودا دووری تێدا بوو کە ئامانجیان ئەوە بوو هەلی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی مالیکی لەلایەن حکوومەتی داهاتوو لەبارەی کەرکووک و ناوچەکانی تر زیاتر بکا. کورد بەتایبەتی پێداگیرییان دەکرد لەسەر:

* حکوومەتی هاوپەیمانی حکوومەتی یەکەتیی نیشتمانی بێ، واتە عێراقیە و دەوڵەتی یاسا و کوردستانیشی تێدا بێ وێڕای ئەندامانی لیستی چوارەم، هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراق.
* کوردستانی مافی ئەوەی هەبێ پۆستی سەرۆک بۆ خۆی بێ[٦].
* دەسەڵاتی سەرەک وەزیران کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی نەتوانێ دەسەڵاتێکی ناهاوسەنگ بۆ خۆی گل بداتەوە.

لەبارەی مەرجی یەکەمەوە، مەحموود عوسمان، سیاسەتوانێکی دیار و سەربەخۆ لە لیستی کوردستانی، ڕوونی کردەوە کە: (لە ڕووی مێژووییەوە، ئێمە لە شیعەکانەوە نێزیکترین، لە ڕووی جوگرافیشەوە، لە سوننییەکان. ئەگەر هەر ڕێیەکیان بگرین لەوێ باجەکەی دەدەین، وە بەپێچەوانەشەوە. هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە پشتگیری لە حکوومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی دەکەین)[٧].

کورد بەشێوەیەکی تایبەتی دوو کەسیان بە هاوپەیمان بینیوە: ئەیاد عەلاویی سەرۆکی لیستی عێراقییە (بەڵام لەناو لایەنگرانی عەلاویدا کە زۆربەیان عەربی سوننەن، نا) هەروەها عادل عەبدولمەهدی کە بەرپرسێکی باڵای ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامییە لە عێراق کە حزبەکەی ئەو مێژوویەکی هاوبەشی هەیە لە خەباتی سیاسی لەگەڵ کورد لە دژی ڕێژیمی پێشوو و پاڵپشتیی لە بەهەرێمکردن کردووە کە لەگەڵ تێڕوانینی کورد یەک دەگرێتەوە بۆ عێراقێکی فیدرالّ[٨]. لە کۆتاییدا، هەر چوار بارستە چوونە نێو حکوومەتە هاوپەیمانیەتییەکەوە.

مەرجی دووەم جێی مشتومڕ بوو تا ڕێککەوتنێک لەسەر حکوومەتێکی نوێ لە ١٠ی نۆڤێمبەر

ڕاگەیەنرا. کورد لەمێژ بوو ئەوەیان دووپات کردبووەوە کە دەیانەوێ جەلال تاڵەبانی، کە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥ەوە سەرۆکی عێراق بووە، لە پۆستەکەی بمێنێتەوە. مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی ئاشکرا پاڵپشتیی خۆی بۆ تاڵەبانی ڕاگەیاند و گوتی ئەمە (ئیستیحقاقێکی هەڵبژاردن" نییە بگرە ئیستیحقاقێکی نەتەوەییە) بۆ کورد کە لەو وڵاتەدا گەورەترین گرووپی ئەتنین لە دوای عەرەب[٩]. سەرۆکایەتیی کۆمار گرینگییەکی ڕەمزیی بۆ کورد هەیە لەو وڵاتەدا کە ئەندامە لە جامیعەی عەرەبی[١٠]، هەروەها بەرگرییەکە لە دەیان ساڵی خەبات لە دژی ڕێژیمی بەغدا[١١].

لە کاتی دانوستانەکاندا لەبارەی حکوومەتی نوێ، ئەمەریکا هەوڵی ئەوەی دەدا سەرکردەی لیستی عێراقییە ئەیاد عەلاوی ببێتە سەرۆک، کوردیش لە بەرامبەردا پۆستی سەرکی پەرلەمان وەربگرن، ئەو هەوڵەش لە کۆتاییدا سەری نەگرت[١٢].

لە کاتێکدا هەندێ بەرپرسی کورد لەو ساڵەدا پێشنیازی ئەوەیان کردبوو ئەو پۆستە جێگەی دانوستانە[١٣]، هەروەها بەرپرسانی گۆڕان ئەوەیان خستبووە ڕوو کە ئەوان بەرهەڵستیی تاڵەبانی دەکەن بۆ کاندیدکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی[١٤]، بارزانی بەردەوام بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی وێڕای پاڵپەستیۆیەکی توندی ئەمەریکایی، ڕەنگە لەبەرئەوەی خواستی بارزانی پارەتەکەی ئەوە بووە کە تاڵەبانی لە بەغدا بێت نەک لە کوردستان کە دوو پارتە پێشبڕکێی بەهێزیان هەیە[١٥].

مەرجی سێیەم لە هەموویان سەختتر بوو بۆ جێبەجێکردن. بێگومان تا ئێستەش جێبەجێ نەکراوە. ڕکابەرەکانی مالیکی – عێراقییە، هاوپەیمانێتیی نیشتمانیی عێراق[١٦] و کورد – دەیانەویست دەسەڵاتەکانی مالیکی، کە لە ماوەی خولی یەکەمیدا بە مەیلی تاکڕەوی تۆمەتبار دەکرا، لە حکوومەتی نوێدا سنووردار بکەن کە ئەمەش مالیکیی نیگەران کردبوو. ئەوانە پاڵپشتییان لە ژمارەیەک ڕێوشوێن دەکرد بۆ ئەو سنووردارکردنەی دەسەڵات لەوانەش دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵا بۆ سیاسەتە ستراتیجییەکان، هەروەها دانانی یاساگەلێک بۆ دەرهێنانی دەزگا تەناهی و هەواڵگرییەکان و چەند هێزێکی تەناهیی دیاریکراو لەژێر کۆنترۆڵی تایبەتیی سەرەک وەزیر[١٧] و پێڕەوی ئەنجوومەنی وەزیران کە دەسەڵاتەکانی سەرەک وەزیران بە ڕوونی دیاری دەکات بەبەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی وەزیرەکانی. هەموو ئەمانە هێشتا لەژێر دانوستاندنن، بەڵام پەلەی سیاسەتوانانی عێراقیە بۆ مسۆگەرکردنی پۆستی باڵا لە حکوومەت پاڵپەستۆی پارتەکەی خۆیان و کوردیشیان پووچەڵ کردەوە لە بەرامبەر مالیکی بۆ دانانی ئەو سنوورانە لەسەر دەسەڵاتەکانی. مالیکی داواکانی کوردی قبوڵ کرد بە ئیمزاکردنی بەڵگەنامەیەک کە گوایە ڕێککەوتننامەی سەرەکیی بە وردەکاریی زیاترەوە لەخۆ گرتووە بەڵام هەر بە نهێنی ماوەتەوە[١٨].

ئەم ڕێککەوتننامەیە بووە هۆی توانەوەی گرژی لە پێوەندییە کەسانییەکانی نێوان مالیکی و

بارزانی و بووه هۆی دروستبوونی حکوومەتی هاوپەیمانیی عێراقی کە هاوڕێک لەگەڵ داواکاریی کورد هەموو کوتلە سەرەکییەکان لەخۆ دەگرێ. ئێستە زۆر شت پێوەستە بەوەی ئاخۆ مالیکی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ دەکات یان نا.

۲. گرژی لە ناوچەی تەماسی کورد و عەرەب

دانوستانەکان لەسەر پێکهێنانی حکوومەت نەک تەنیا گرینگیی پارتە کوردییەکانی زەق کردەوە بگرە ئەو کاریگەرییە درێژخایەنەی هێلی تەماسی کورد و عەرەبیشی بەسەر نەخشە و سروشتی دۆخە نوێکەدا زەق کردەوە. ئەو خۆ لێکدوورگرتنەی نێوان هەردوو پایتەخت، بەغدا و هەولێر، لەسەر چۆنیەتیی بەشکردنی دەسەڵات و ناوچە و سەرچاوەکاندا چەندان لایەنی سەرەکیی سیاسەتدانانی گرتووەتەوە و پیسی کردوون و کاریگەریی بەسەر کێشەگەلێکەوە هەبووە کە لە یەکەم بینیندا وا دەردەکەون کە پێوەندیدار نین، بۆ نموونە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان[۱۹]. لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد دانوستانەکان لەبارەی ڕەهەندەکانی ئەم ململانێیە یان ئەوەتا بە موساوەمەی دوا دەقیقە کە خۆیان لە کێشە سەرەکییەکان دزیوەتەوە چارەسەر کراون، هەروەک لە یاسای هەڵبژاردنی ۲۰۰۹دا[۲۰]، یان بەر زەوی کەتون بۆ نموونە ڕەشنووسی یاسای نەوتی ساڵی ۲۰۰۷، کاریگەریی ئەمەش بووتە هۆی قووڵترکردنەوەی کێشەکان و کەلێنی نێوان بەغدا و هەولێر.

بنبەستیش هەروەها بارگرژیی دروست کردووە کە لە کاتی تەنگژەی سیاسیدا تەقیونەتەوە. لێرەدا، دەرفەتی سەرکەوتنی کورد دڵنیا نییە. کورد وەکو لایەنی سەرەکیی حکوومەتی نوێ داواکارییەکانیان لەبارەی کەرکووک بە گوڕ و تینێکی نوێوە ڕەپێش دەخەن. بەڵام ئەوان کاتی کەمیان لە بەردەستە لەبەرئەوەی کشانەوەی دیاریکراوی هێزەکانی ئەمەریکا لە بەهێزترین دۆست و هاوپەیمان و پارێزەریان بێبەش دەکات. بەرپرسانی کورد و پەرلەمانتاران هەست و سۆزی تێکەڵ دەردەبڕن لەبارەی دەستکەوتەکانی کورد لە حکوومەتی نوێدا. فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆک مەسعوود بارزانی گوتی ئەو وەرەی بەوە بەرزە کە کورد بەتەواوی بەشێکن لە پرۆسەی بڕیار لە بەغدا[۲۱]، هەروەها مشتومڕی ئەوەی دەکرد کە بارودۆخەکە ئەمڕۆ جیاوازە لە چوار ساڵ پێش ئێستە کاتێک هاوبەشەکان لە یەکەمین حکوومەتی مالیکی ڕێککەتننامەیەکی بەڕێوەبردنیان مۆر کرد کە مادەیەکی لەبارەی کەرکووک حکوومەت نەیتوانی جێبەجێی بکا[۲۲]: (ئەمە جۆرە ڕێککەوتنێکی جیاوازە، جۆرە هاوپەیمانیەتییەکی جیاوازە، و بارودۆخ جیاوازە لە عێراق. ئێمە ئەم جارە گەیشتووینەتە لێک تێگەیشتنێکی باش لەگەڵ مالیکی)[۲۳] کە لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە کە ۱۹ داواکارییەکەی کوردی تێدایە. نەجمەدین کەریم، پەرلەمانتارێکی کورد (یەکێتی – کەرکووک) بەهەمان شێوە گەشبین بوو:

چوار ساڵ بەر لە ئێستە، ئیلتیزام بەو ڕێککەوتننامانەوە نەکرا هەرچەندە هەمان ئەو

گفتوگۆیانەی ئەم جارە لەو کاتیش کران. مالیکی ئێستە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە شتەکان پێویستە یەکلایی ببنەوە. ئەو تێ دەگات کە کورد چیی تر هەڕەشە نین بۆ (یەکەتیی) عێراق. پێوەندییەکان لەگەڵ بارزانی زۆرباشتر بوون، هەردەمیش لەگەڵ تالەبانیدا پێوەندییان باش بووە. کورد و شیعە پێویستییان بە یەکە[٢٤].

دەکرێ ئەو بۆچوونانە زیاد لە پێویست گەشبینانە بووبن. مەحموود عوسمان، ئەندام پەرلەمانێکی سەربەخۆی عێراق (کە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی خۆی کاندید کرد) لێکۆڵینەوەیەکی تر بۆ واقیعەکە دەکات و دەڵێ هەڵوێستی کورد ڕەنگە لەوەتەی هەڵبژاردنەوە خراپتر بووبێت لە بەغدا: سێ پارێزگاکەی کوردستان کورسیی کەمتریان هێنا لەچاو پارێزگەکانی تر کاتێک ژمارەی کردسییەکانی پەرلەمان زیاد کرا لە ٢٧٥ەوە بۆ ٣٢٥، عوسمان وای گوت، لە ئەنجامیشدا بارستە کوردستانییەکان کورسیی کەمتریان بەر کەوت لەوەی هەڵبژاردنەکانی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥دا[٢٥]، وێڕای ئەمەش، "هەموو لایەنێک لە حکوومەت بەشدارە، کەواتە دەوڵەتی یاسا و عێراقییە لەسەر کێشەکان یەک بکەون دەتوانن لە دژی ئێمە بوەستنەوە). لە کۆتاییدا، ڕۆڵی پەرلەمان لاواز بووە لەبەرئەوەی هەموو کوتلە پەرلەمانییە گەورەکان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بەشدارن[٢٦].

نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی کۆمیتەی حکوومەت کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، گومانی هاوشێوەی هەبوو: (مالیکی هەرگیز بەڵێنەکانی ناباتە سەر بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە ماوەی دیارکراودا (٢ ساڵ). تەنانەت ئەگەر کاریش بکرێت بۆ جێبەجێکردنی لە ماوەی چوار ساڵیشدا جێبەجێ نابێ)[٢٧].

لەوەتەی پێکهێنانی حکوومەتەوە، مالکی چەندان ئاماژەی تێکەڵی لەبارەی نیەتەکانی خۆی ئاشکرا کردووە. یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی پێشنیازی ئەوەی کرد کە کورد ئاسوودە دەبن ئەگەر تەنیا نیوەی داواکارییەکانیشیان بێتە جێبەجێکردن[٢٨]، ئەم بانگەشەیەش لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە[٢٩].

بەرپرسێکی باڵای حکوومەتیی نێزیک لە مالیکی ئەوەی دووپات کردەوە کە سەرەک وەزیران ڕەنگە هیچ پەلەی نەبێت لە جێبەجێکردنی مادە ی١٤٠ :(هەندێ لە بەڵێنەکانی مالیکی لە ماوەی دوو تا سێ هەفتەدا دێتە تر، هەندێکیش لە ماوەی دوو تا سێ ساڵ، هەروەها هەندێکیان دە ساڵیان پێ دەچێ. زۆر بەڵێنی (جێبەجێنەکراو) هەن کە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٦ەوە ماونەتەوە (کاتێک یەکەم جار مالیکی حکوومەتی پێک هێنا). هێشتاش مادەی ١٤٠مان جێبەجێ نەکردووە و ڕەنگە ١٠ ساڵی تریش بخایەنێ)[٣٠].

لە پەرەسەندنێکی نوێی کێشەئامێز بۆ کورد، مالیکی کەمێک دوای وەرگرتنەوەی پۆستی سەرەک وەزیران لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ ئاماژەی بەوە کرد کە لە کاتێکدا ئەو بە داواکارییەکانی کورد ڕازی بووە کە مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێ، شێوازی گوتنە ناڕوونەکەی ئەو

جێبەجێکردنەی مەحاڵ کرد، بەمەش هەموارکردنی دەستووری کردە زەرورەت[٣١]. دواتر لە هەنگاوێکی ئیجابیدا دوای چەند هەفتەیەک، مالیکی پەسنی ڕێککەوتنێکی نێوان بەغدا و هەولێری کرد لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە. هەناردەکردنی نەوت لە کوردستان دوای ساڵ و نیوێک لە پچڕان لە ٢ی شوباتی ٢٠١١دا دەستی پێ کردەوە[٣٢].

ئەو دوو کێشە جمکە – کەرکووک و نەوت – دڵی ئەو ملمالنێیە چارەنەکراوەیەن لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و هەرێم. ئەو ئاماژەیەی نیازباشیی ئێستە لە نێوان مالیکی و سەرانی کوردیدا هەیە ڕەنگە بەردەبازێکی بەسوود پێشکێش بکا بۆ دانوستانەکان لەبارەی ئەو کێشانە. نێردەی هاریکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونامی) بۆ عێراق خەریکە تەلیح بۆ زیندووکردنەوەی ئەو هێزە ئاستبەرزە دەکات کە لە یۆنیۆی ٢٠٠٩دا دروستی کرد کە دواتر کارەکانی کەوتنە پەراوێزەوە لەگەڵ هاتنە پێشی هەڵبژاردنەکانی ئاداری ٢٠١٠ و خۆئامادەکردنی سیاسەتوانا بۆ ئەو مەبەستە[٣٣]. ئاد مێلکێرت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کەوتە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە بەغدا و هەولێر لە شوباتی ٢٠١١دا، ئامانجی میلکەرت گەڕان بوو بەدوای تەوافوقێکی بنەڕەتی کە گفتوگۆکان پێویستە دووبارە دەست پێ بکەنەوە. ئەگەر نیشانە سەرەتاییەکان هاندەر نەبن ڕەنگە لەبەرئەوە بێ کە حکوومەت هێشتا بەتەواوی پێک نەهاتووە و هەندێ لە پۆستە سەرەکییەکان هێشتا بەتاڵن.

مەترسییەکان گەورەن، درێژەکێشانی ملمالنێی کەرکووک و توانای سەلێنراوی ئەو کێشەیە بۆ ئاڵۆزکردن و هەندێ جار بلۆککردنی پێشوەچوون لە حوکمڕانی و یاسادانان و هەڵبژاردندا ئەو پێویستییە بەهێزە زەق دەکاتەوە بۆ پاڵهێزێکی چڕ بۆ چارەسەرێکی مامناوەندی کە بۆ هەموو لایەک جێی قبوولکردن بێ، لە سەرووی هەموو دانیشتوانی ناوچە جێناکۆکەکان کە دەنگیان بە دەگمەن نەبێ نەبیستراوە لەو شەڕەقسەیەی نیوان بەغدا و هەولێر.

لە سەرێکی جیاوە لە ٢٠١٠دا، یونامی کارئاسانیی بۆ دانوستان لە نێوان لایەنی دەسەڵاتدار لەو پارێزگایە، لیستێکی عەرەبی بە ناوی حەدبا، لەگەڵ سیاستوانانی کوردی ناوچەکە لە لیستی برایەتی، کرد. دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە یۆنیۆی ٢٠٠٩دا و پێشکەوتنی حەدبا، کە لەسەر حسێبی بااڵدەستیی کورد بوو لە حکوومەتی ناوخۆییدا[٣٤]، بارگرژییەکان بەرز بوونەوە. یونامی دەستپێشخەرییەکی گرتە ئەستۆ کە لەلایەن رافیع ئەلعساوی، جێگری سەرەک وەزیران، پێشکێش کرابوو بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک و گفتوگۆکان بەردەوام بوون تا ڕادەیەکی باش پێش ئەوەی پەرتەوازە ببنەوە لە مشتومڕە فراوانترەکە لەبارەی پێکهێنانی حکوومەت. ئەو هەوڵە، کە لە خوارەوە باسی لێوە کراوە، پێویستە ئێستە زیندوو بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەر بگرێت و ببێتە بناخەیەک بۆ دانوستانەکان لەبارەی ملمالنێی قوولتری کەرکووک.

ئەم ڕاپۆرتە بە پلەیەک تیشک دەخاتە سەر کەرکووک، ئەو کێشەیەی کە سەلماندوویەتی سەختترین کێشەیە بۆ چارەسەرکردن، لەگەڵ ئاماژەکردن بە دۆخی نەینەوا. ئەم ڕاپۆرتە پرسی

ناوچە جێناکۆکەکان لە پارێزگاکانی تر، کە ڕەنگە ئاسانتر بن بۆ چارەسەرکردن وەکو بەشێک لە دەستەواژەیەکی گشتی، لە خۆ ناگرێت.

دووەم: بنبەستی ناوچە کێشەدارەکان

١. هەڵوێستی چەقبەستوو

هەڵوێستی ڕاگەیەنراو لەبارەی دۆخی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان تا ئێستە بە چەقبەستوویی ماوەتەوە، لە کاتێکدا میکانیزمی دانراو بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە نووچیان خواردووە لە بەرەو پێشچوون[٣٥]. کەرکووک – بە دانیشتووانە تێکەڵەکەی و سامانە نەوتییەکەی – هێشتا لە کۆڕێکی ململانێکەدایە. سەرانی کورد هیچ ڕوانینێکیان تریان بۆ کەرکووک ئاماژە پێ نەداوە بێجگە لە گێڕانەوەی بۆ سەر کوردستان لە کاتێکدا لە بەرامبەر ئەوەش زۆربەی سەرکردە عەرەبەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا پێداگری دەکەن کە ئەو پارێزگایە لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەغدا بمێنێتەوە. تورکمانەکان، کەمینەیەکی ئەتنی بچووک لەو ولاتەدا بەگشتی، بەڵام گرووپێکی تا ڕادەیەک گەورە بە نیسبەت ناوچە کێشەدارەکانەوە، پێ دەچێ زەوینەیەکی سیاسیی ناوەندییان هەبێت لەم ململانێیە کە داوای ئەوە دەکەن کەرکووک وەکو هەرێمێکی یەک پارێزگاییی سەربەخۆ بێت نەک ڕاستەوخۆ بەسترابێتەوە بە بەغدا یان هەولێر.

بۆ کورد، کەرکووک دۆزێکی ڕەوایە و کێشەیەکە لە هەستێکی بەهێزی نادادپەروەری لە جیاکاری، مۆڵک زەوتکردن، ڕاگواستن و کۆشتن لەلایەن ڕێژیمەکانی پێشووی عێراقەوە بەرامبەریان سەرچاوەی گرتووە[٣٦]. ئەم هەستە تێکەڵ بووە بە هەستێکی قوڵی نائومێدی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ەوە کە حکوومەتی ناوەندی وێڕای بەڵێنی فەرمی و چەندبارە نەیتوانیوە پێشڕەوی لە بارودۆخی کەرکووک بکا. مەسرور بارزانی، سەرۆکی دەزگا هەواڵگری و تەناهییەکانی حکوومەتی هەرێم و کوڕی مەسعوود بارزانی گوتی:

ئێمە قوربانیمان داوە. ئێمە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتین لە دنیا، هەروەها موساوەمەمان کردووە. ئەوان ناتوانن داوامان لێ بکەن سەربارى ئەو موساوەمانەی ئێمە کردوومانن موساوەمەی تر بکەین[٣٧]. ئەمە بارگرژیی لە شەقامەکاندا لێ دەکەوێتەوە. ئەنجامنەدانی هیچ شتێک لەلایەن ئەوانەوە نادەستوورییە[٣٨]. ئێمە دەمانەوێ پێشەوە بچین، لە کاتێکدا ئەوان نایانەوێ وا بکەن[٣٩].

کورد هەر نارەزاییەک بۆ داواکانیان کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە (هەروەها لەلایەن هەندێ چاودێرانیشەوە) بکرێ ڕەت دەکەنەوە لەبەرئەوەی مادام کورد ڕازین لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە بۆیە ئەگەر کەرکووک بخرێتەوە سەر کوردستان یەکپارچەیی ولات نابێت کاری تێ بکرێت، وەکو مەسرور بارزانی گوتی:

ئاخۆ کوردستان بەشێکە لە عێراق؟ بەڵێ! بۆیە هیچ جیاوازییەک نییە ئەگەر کەرکووک ببێتە

بەشێک لە کوردستان. ئەگەر نا ئێوە مامەڵە لەگەڵ عێراق وەکو ووڵاتێکی یەکپارچە ناکەن. کەرکووک کوردستان سەربەخۆ ناکات لەبەرئەوەی لە ڕووی زەوییەوە داخراوە. ووڵاتانی دراوسێ ڕێگە بەمە نادەن. ئێمە چۆن نەوتی خۆمان بنێرینە دەرەوە؟ ئەمە تەنیا بیانووە[٤٠].

ئەو هەروەها ئەوەشی خستە سەر کە: (ئەمەیە عێراقی ئەمڕۆ. بێگومان من نازانم دوای سەد ساڵی تر چی ڕوو دەدات)[٤١].

لە هەنگاوێکی ترا کە کورد بە موساوەمەیەکی گرینگی وەسف کرد، سەرانی کورد پێشنیازی ئەوەیان کرد کەرکووک دۆخێکی تایبەتی هەبێ لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ڕێکخستنێک بۆ بەشکردنی دەسەڵات لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان[٤٢]. ئەمە، بەدیتنی ئەوان، هێشتا ئەو ناسنامە بنچینەییەی کەرکووک کە بڕوایان وایە کوردییە، دەپارێزێت[٤٣]. ئەم جۆرە بۆچوونانە لای عەرەب و تورکمانەکان وەکو نفرین وان لە دەرەوە و ناوەوەی کەرکووک. بە بینینی ئەوان، خستنەڕی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی کوردستان خێراتر دەکات و بەم شێوەیە عێراق پارچە پارچە دەبێ. ڕاوێژکارێکی باڵای مالیکی، عەلی ئەدیب، گوتی:

کورد لەسەر بنەوای نەتەوەییان بیر دەکەنەوە و دەیانەوێ دەوڵەتێکی بەهێز بنیات بنێن، هەر وەکو لە سەردەمی پێشووتری مێژووی ئەوروپا. لەمەشدا نەوت سەرەکیترین فاکتەرە. ئەوان هەوڵی سەربەخۆیی ئابووری دەدەن و چاوەڕێ دەکەن تا دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێ بۆ جیابوونەوە[٤٤].

لەم ڕوانگەیەوە، ریفراندۆم لەبارەی چارەنووسی کەرکووک حەتمەن ململانێی لێ دەکەوێتەوە و بۆیە نابێ ئەو ریفراندۆمە بکرێ تا ڕێککەوتنێکی سیاسیی پێشوەختە لە نێوان خەڵکی کەرکووک دێتە ئاراوە. لەم کاتەدا، کەرکووک دەبێ وەکو پارێزگەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە کە تێیدا کورد ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، شتێکی لە شێوەی بەغدا (شار و پارێزگایەکی تێکەڵ کە تێیدا شیعە باڵادەستە)[٤٥]. لە پێناو پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە[٤٦].

ئەمەش شتێکی سەختە کە عەرەب یان تورکمان ڕازی ببن کەرکووک بخرێتەوە سەر کوردستان یان کورد ڕازی ببن چارەنووسی کەرکووک وەکو ئیستە بمێنێتەوە. چارەسەرێکی لۆجیکی دەکەوێتە نێوان ئەو دوو هەڵوێستەوە – بارێکی تایبەت بۆ ماوەیەک دیاریکراوی ئینتیقالی لەگەڵ هاوبەشی لە دەسەڵاتی ناوەخۆ و میکانیزمێک بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیی کۆتاییی ئەو ناوچانە. لە کاتێکدا سەرکردەکان لە بەغدا بەشێوەیەکی ئاشکرا پاڵپشتی لە سیناڕۆیەکی لەو جۆرە ناکەن، ئەم سیناریۆیە قبووڵکراویی بەدەست هێنا کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٩دا ئیدارەی ئۆباما قورساییی خۆی خستە پاڵەوە[٤٧]. هەروەها ئاماژەی ئەوە هەیە کە سەرکردەگەلی کوردیش بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن. لە گفتوگۆ نهێنییەکاندا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا و تورکیا، مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گوایە تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەو مەسەلەیە دەربڕیوە کە ئیتر ئەمە بژارەیەک نییە بۆ کورد هەر وا بە سادەیی کەرکووک بخرێتە سەر کوردستان[٤٨]. بەڵام بێگومان لە ڕووکەشدا هەر سوورە لەسەر مافی کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک و هەروەها

سەربەخۆییش[٤٩].

سیناریۆی باری تایبەت بۆ کەرکووک چەندان شێوەی جیاوازی هەن کە پێوەندییان هەیە بە سروشتی کەرکووک و پێوەندییەکانی بە بەغدا و هەولێر و هاوسەنگیی دەسەلآت لە کەرکووک لە نێوان بەغدا و هەولێر، شێوەی ڕێککەوتنێک لەسەر دابەشکردنی دەسەلآت لە کەرکووک، درێژیی ماوەی ئینتیقالییەکە و ئەو میکانیزمەی دوا جار بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک دادەنرێ. وێڕای ئەمانە، هێشتا ئەوەش ناڕوونە ئاخۆ هەموو لایەک مەبەستیان هەمان شتە دەڵێن (کەرکووک)؟: کەرکووک دەکرێ پارێزگاکە بێ، یان شارەکە یان هەردووکیان بێ. بەلایەنی کەمەوە یەک چاودێری ڕۆژئاوایی پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەگەر مەسعوود بارزانی تاوتوێی بارێکی تایبەتی بۆ کەرکووک بکا ئەو کات ئەو بارە تەنیا شارەکە دەگرێتەوە نەک ناوچەکانی باکور و باشووری کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی سەربازیی کوردیدایە لەوتەی ٢٠٠٣[٥٠].

بۆ زاڵبوون بەسەر شکستەکانی پێشتری، یونامی بە پاڵپشتیی ئەمەریکا، پرۆسەیەکی پێشنیاز کردووە کە دەشێ چارەسەرێکی بە دانوستاندانی لێ بکەوێتەوە. کورد تانەیان لێ گرتووە و دەڵێن دەستوور داوای ریفراندۆم دەکات. ئێستە هەر یەک لە ئەمەریکا و یونامی لە کۆنووسەکەدا زۆر بە ڕوونی دەڵێن چارەسەرێک لە ڕێی دانوستانەوە دەبێ بە ریفراندۆمێکی ناوخۆیی کەرکووک پەسەند بکرێ – هاوتەریب لەگەڵ ئیلتیزامە دەستوورییەکان، بەڵام نەک بەکەیفی کورد بەزووترین کات ئەنجام بدرێ کە لە ڕێیەوە دانیشتووان بڕیار بدەن ئاخۆ دەیانەوێ بچنە پاڵ کوردستان یان دەیانەوێ لەسەر ڕێککەوتنێکی تەوافوقی بمێنەوە کە لەلایەن سەرانی سیاسییەوە دانوستانی لەبارەوە بکرێ. لە نیسانی ٢٠٠٩دا، یونامی ڕاپۆرتێکی دڕێژی لەبارەی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکانی تر پێشکێش بە سەرکردەگەلی عێراق کرد کە مەبەست لێی ئەوە بوو وەکو بناخەیەک بۆ گوتوویژەکان لە نێوان لایەنەکاندا بەکاریان بێنێ[٥١]. بەڵام هاتنی هەڵبژاردنی ئاداری ٢٠١٠ و دانوستانە درێژەکێشەکانی دواتر لەبارەی پێکهێنانی حکوومەت پرۆسەکەیان پەک خست و مەسەلەکە بە سستی مایەوە. یونامی تەنیا لە مانگی شوباتی ٢٠١١دا، چەند هەفتەیەک دوای پەسەندکردنی کابینەی نوێ، توانی دووبارە بکەوێتەوە کار بۆ ئەوەی بزانێ سەرانی کوردی و عێراقی تا چەند بەلایانەوە گرینگە گفتوگۆکان لە ئاستێکی بالآدا زیندوو بکەنەوە.

هەڵبژاردنی ئاداری ٢٠١٠ خاڵێکی وەرچەرخانی لە ڕوانگەی کورد بۆ کەرکووک دیاری کرد هەر وەکو چۆن هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە شوباتی ٢٠٠٩دا هۆشیاری کردبوونەوە کە بالآدەستیی ئەوان کە لەوتەی ٢٠٠٣ هەیانە ئیتر کۆتاییی هاتووە. ئەو دوو ڕووداوە گەڕانەوەی عەرەبی سوننەی بۆ سیاسەت بەخۆوە بینی، کە ئەمەش زۆر بە زەقی لە ناوچە کێشەدارەکاندا دەبینرا کە لەو شوێنانە عەرەبی سوننە لەگەڵ کورد و کەمینەکانی تر بەیەکەوە نیشتەجێن. هەموو ئەو ٤٣ ئەندام پەرلەمانەی لە ناوچە کێشەدارەکاندا هەڵبژێردراون سەر بە لیستی عێراقییەن و بەمەش کاریگەرییەکی سیاسیی گرینگیان بەو هاوپەیمانەتییەی نێوان پارتەکانی ناو ئەو لیستە

داوه له یەکـلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانەدا. (لیـستی تەوافـوقی ڕکـابەر کـە لە هەڵبژاردنەکانی پێشـتردا مەیدانی سیاسیی قۆرخ کردبوو، کەوتە پەڕاوێزەوە). لە کەرکووک، هاوپەیمانیی کوردستان و عێراقییە هەر یەکە و شەش کورسییان بە دەست هێنا. لە نەینەوا، هاوپەیمانیی کوردستانی هەشت کورسیی بە دەست هێنا لە بەرامبەر ٢٠ کورسیی لیستی عێراقییە. بەرپرسێکی عێراقی گوتی:

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نێزیکەی هەموو شتێکی گۆڕیوە، بەتایبەتی لە کەرکووک و نەینەوا. ئومێدەکانی کورد کەمێک دابەزیون و ترسی نوێییان هەیە، لە کاتێکدا سوننییەکان چاوەڕوانیی تازەیان هەیە. هەر یەک لەو دوو لایە دەرک بەوە دەکـەن کـە ئەوی تر واقـیـعـە. بەڵام کـات و – هەڵبژاردنێکی – ویست تا بگەنە ئەو دەرکپێکردنە[٥٢].

لە ئەنجامدا، دەنگگەلێک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کەوتوونەتە گومانکردن لە ستراتیجییەتی سەرکردایەتیی کوردی لەبارەی مادەی ١٤٠. مەحموود عوسمان، ئەندام پەرلەمانێکی سەربەخۆ و دانوستانکارێکی کۆنی کورد، گاڵتەی بە مەفهوومی دوا وادە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم هات. ئەو لە جیاتی ئەوە پێشنیازەکانی یونامیی پێ باشە کە دانوستان بکرێ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە بخرێتە دەنگدانەوە:

من لەگـەڵ بیـرۆکـەی وادەدانان نـیم. کـاتێک تۆ دوا وادەیەک دەسـەپێنی، هەمـووان لـە دژی تۆ دەکەونە کار، کاتێکیش کارەکە ناگاتە ئەنجام، ئەلک نائومێد و تووڕە دەبن. ئێمە ناتوانین شتێک بەسـەر ئەوانی تردا (عـەرەب و تورکمـان) بسـەپێـنین. ئێسـتـە ئەمـەریکا و نەتەوە یەکگرتـووەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن یەکەم جار ڕێک بکەوین ئەوجا ریفراندۆم ئەنجام بدرێ. ئەمە مـەنتیقییە. ئەنجـامـەکەشی ئەوە دەبێت کە کـەرکووک دەبێـتـە هـەرێمێکی سـەربەخۆ. سـەرکردایەتیی کورد ئامادەییی بۆ ئەمـە تێدا نـیـیـە، بەڵام پلانی بەدیلیشـیـان نـیـیـە. سـەرکردایەتیی کـورد نایەوێ ئەو شیمانانەی کەیفی پێ نایە تاووتوێ بکا. ئەگەر پێداگریش بکەیت یان هەمووی بێ یان هیچی، ئەوا هیچ دەبێ. ئەوان نەدەبووایە سـەراب دروست بکەن، دەبووایە قسـەلەڕوو بـن لە بەرامـبـەر خـەڵک (کورد) بەدرێژایی ئەو سالانە[٥٣].

لە کـەرکووک، زۆر کەس خـەریکە ئیش لەسـەر ئەو گـریمانەیە دەکـەن کە ریفـراندۆم بەم زووانە ئەنجام نادرێ، بە لایـەنی کەم تا چارەسـەرێک لە ڕێی دانوستانەوە نەیەتە ئاراوە ئەنجام نادرێ. لە چەندان وۆرکشـۆپ کە تێیـدا سیاسـەتوانانی کەرکووکی بەنوێنەرایەتیی گرووپە ئەتنی و لایەنە سیاسـییە سـەرەکییەکان لە سالانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ ئامادە بوون، هەموو لایەنەکان وا پێ دەچوو باڕێکی تایبـەت بۆ کەرکووک و ڕێککەوتن لەسـەر دابەشکردنی دەسـەلات بە تەنیـا ڕێگەی واقـیـعی بزانن[٥٤].

٢. تەنگژەی سەرژمێری

لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا کێشەی کەرکووک لەسەر چارەنووسە و لەبەر ئەوەش کە لایەنە ئەتنییەکان و نوێنەرە سیاسییەکانیان پێ دەچوو وای ببینن کە ئەگەر دەرکەوێ کێ زۆرینەیە ئەوا مەسەلەکە یەکلایی دەبێتەوە، بۆیە شەڕی سەرەکی لەسەر دیمۆگرافیا بووە: چەند لە هەر یەک لە پێکهێنەرەکان لە کەرکووک دەژین یان مافی ئەوەیان هەیە لەوێ بژین، هەروەها چۆن ئەو ژمارانە دیاری بکرێن[٥٥]. ناکۆکی لەسەر ئەوەی کێ مافی ئەوەی هەیە لەوێ نیشتەجێ بێ – هەروەها کێ مافی دەنگدانی دەبێ – هەوڵەکانی لە ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩دا بۆ نووسینەوەی یاسا بۆ هەڵبژاردنی پارێزگا و هەڵبژاردنی گشتی پەک خست.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەرکووک لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە شوباتی ٢٠٠٩دا بێتە بواردن، بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی مەسەلەی نیشتەجێبوون هێشتا یەکلایی نەبووبووەوە[٥٦]، هەڵبژاردن ئەنجام نەدراوە و هێشتا چاوەڕوانییەکی کەمی لێ دەکرێ کە وا زوو ئەنجام بدرێ. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، سیاسەتوانان گەیشتنە چارەیەکی مامناوەند دوای شەڕێکی زۆر و ماندووکەر لەبارەی تۆماری دەنگدەرانی کەرکووک[٥٧]، بەم شێوەیە ئەو پارێزگایە توانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ٢٠١٠دا بەشدار بێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووک بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوە چوون، سیاسەتوانان نووچیان هێنا لە یەکلاییکردنەوەی ململانێیە بنەڕەتییەکە.

لەبەر چەندان هۆکار، ژمارەیەک لایەنی سیاسی پێداگری دەکەن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووک لەسەر بنەوای مادەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ کە بۆ ئەوە دانراوە کێشەی بەشکردنی دەسەڵات و گێرانەوەی مووڵک و چاوخشاندنەوە بە تۆماری دەنگدەران چارەسەر بکا. هەندێ کەس بە ڕاستی باوەڕیان وایە کە چارەسەری تەنگژەی کەرکووک بڕێتییە لە کۆمەڵە ڕێککەوتنێک لە دەستەوارەیەکدا کە ئەو سێ توخمە سەرەکییەی تێدا بێ، لە کاتێکدا ئەوانی تر خۆیان لە پشت مادەی ٢٣دا شاردووەتەوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن تا کاتێکی نادیار دوا بخەن لە ترسی ئەوەی بەرەنجامەکەی لە بەرژەوەندیی ئەوان نابێ.

لەبەر ڕۆڵی ناوەندیی مەسەلەی دیمۆگرافیا، ئیغرای ئەوە هەبووە کە بەشێوەیەکی خۆویستانە یان خۆنەویستانە دانیشتوان بجوڵێنێت[٥٨] کە نیشانەکانی لە مانگەکانی پێش ئەو سەرژمێرییە نیشتمانییەی بڕیار بوو لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ ئەنجام بدرێت دەرکەوتن[٥٩]. هەموو لایەنێک گرینگییەکی زۆر بەو سەرژمێرییە دەدەن کە هەر دوو سەدە جارێک ئەنجام دەدرێ لەبەر دوو هۆ: سەرژمێری یەکێکە لەو سێی هەنگاوەی مادەی ١٤٠ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکان و هەروەها فۆرمی سەرژمێرییەکە پرسیارێکی تێدایە لەبارەی دیاریکردنی نەتەوە. بۆیە سەرژمێرییەک لە ناوچە کێشەکدارەکان دەبێتە جۆرێک لە پێش– ڕیفراندۆم کە بەرەنجامەکانی ئەنجامی ریفراندۆمێکی داهاتوو دیاری دەکات. مەسرور بارزانی بە گرووپی

تەنگژەی ناودەوڵەتی ڕاگەیاند کە (سەرژمێرییەکە زۆر یارمەتیدەر دەبێ. ئەو سەرژمێرییە ئەوە دیاری دەکات کە هەر ناوچەیەو سەر بە کوێیە. ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی لە هەر بریاردانێکی دواتر)[٦٠].

لە ئەنجامدا، سەرژمێرییەکە مشتومڕی زۆر ناوەتەوە، کە ئەویش بووەتە هۆی دووبارە و دووبارە داخستنی ئەو سەرژمێرییە: یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٧ (لەو ساڵەی کە لە سەرەتاوە بڕیار بوو سەرژمێرییەکەی تێدا ئەنجام بدرێ)، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩ و دوو جاریش لە ٢٠١٠ و دوا جار بۆ ماوەیەکی نادیار دوا خراوە[٦١].

ئەگەر ئەو سەرژمێرییە ئەنجام بدرێ، بۆی هەیە کێشەی گەورتر بنێتەوە نەک تەنیا پاڵەپەستۆ بۆ سەر خەڵک بۆ ئەوەی بڕۆنە کەرکووک یان لێوەی دەرچن. عاتیفە لە کەرکووک باڵای لە ئاسمانە، هەر هەنگاوێکیش کە وا لێک بدرێتەوە ئەجێندای هەولێر یان بەغدا پەرە پێ دەدا بۆی هەیە تووندوتیژی لێ بکەوێتەوە. ئێما سکای، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ وەکو ڕاوێژکاری سیاسیی باڵای جەنەراڵ رای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی پێشووی هێزە ئەمەریکاییەکان لە عێراق، و وەکو ڕێکخەری حکوومەتی دەسەڵاتی ئینتیقالیی هاوپەیمانان لە کەرکووک لە ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ کاری دەکرد، لەو ماوەیەی لە کەرکووک بوو، گرێکوێرانێکی تایبەتی بۆ کەرکووک پەیدا کرد، ئەو دەڵێ لە کەرکووک و ئەو ناوچە جێناکۆکانەی تر کە خەڵکەکەی بۆ چەندان جیل ژن و ژنخوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە و زمانی یەکتر دەزانن:

... لەوانەش پرسی نەتەوە لە سەرژمێرییەکەدا خەڵک ناچار دەکات کە خۆیان لە ڕوویەکی بەرتەسکەوە پێناسە بکەن کاتێک پێناسەی ئەوان چەندان ڕووی جیاوازی هەیە. تۆ وا دەکەیت خەڵک خۆیان بەشێوەیەک پێناسە بکەن کە یارمەتیدەر نییە لە پرۆسەی چارەسەر لە کاتێکدا کە پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ تێشک خستنە سەر پرسگەلێک کە خەڵک لێک نێزیک دەکاتەوە. ڕەفیق حەریری (سەرەک وەزیرانی تیرۆرکراوی لبنان) جارێکیان لەبارەی لبنان گوتی: (ئەگەر شەڕی ناوخۆت دەوێ سەرژمێری ئەنجام بدە)[٦٢].

لە دواخستنی سەرژمێری لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ بۆ ٢ی دیسێمبەر و دواتر دووبارە دواخستنی هەتا وادەیەکی دیاریکراو، حکوومەتی ڕاییکردنی نووری مالیکی پێ دەچوو دەرک بەو مەترسییانە بکا لە بەردەوامبوون لەسەر پڕۆژەیەکی ئەوەندە چارەنووسساز لە غیابی حکوومەتێکی تەواو دەسەڵاتدارادا. تەنانەت حکوومەتی نوێش، پێویستیی بەوە دەبێ ئەو بڕیارە، کە لە ڕووی سیاسییەوە هەستیارە، بدات ئاخۆ بەردەوام بێ لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە وەکو پلانی بۆ دانرابوو لەژێر هەندێ ڕێککەوتنی تردا، یان هەر بەیەکجاری نەیکات. بەم شێوەیە، هەندێ سیاسەتوان پێشنیازی ئەوەیان کردووە خانەی نەتەوایەتی لە فۆرمی سەرژمێریدا لاببرێت لەبەرئەوەی خزمەت بە هیچ گەشەسەندنێکی نیشتمانی یان مەبەستێکی کۆمەڵایەتی ناکات بگرە ڕەنگدانەوەی ئەجێندایەکی سیاسیی کوردییە لە ناوچە کێشەدارەکان[٦٣].

هەوڵدانەمەی کێشک

یەک کێشە ئەوەیە کە یاسایەکی ساڵی ٢٠٠٨ لەبارەی سەرژمێری باسی نەتەوایەتی دەکات هاوڕێک لەگەڵ داتای تر کە پێویستە بەدەست بێن[٦٤]. ئەو یاسایەش تەنیا دەسەڵاتی پەرلەمانە کە هەموار یان پووچەڵی بکاتەوە، کە ئەم هەنگاوەش کورد گوتوویانە بە تۆندی لە دژی دەوەستنەوە. لەوەش گرینگتر، بەرپرسانی کورد هەڕەشەی ئەوەیان کردووە بایکۆتی ئەو سەرژمێرییە دەکەن ئەگەر خانەی نەتەوایەتی لاببرێت[٦٥].

دادگەی باڵای عێراق گرژییەکی تری خستە سەر مشتومڕەکە کاتێک لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠دا بڕیارێکی دا کە سەرژمێری گشتی (کە ئەو کاتە هەر بڕیار بوو لە ٥ی دیسێمبەر ئەنجام بدرێ) ئامانجی گەشەسەندن و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەیە و جیاوازە لە ڕووی ئامانج و کاریگەری لەو سەرژمێرییەی لە مادەی ١٤٠دا ئاماژەی پێ دەکات لەبارەی ناوچە کێشەدارەکانەوە لەبەرئەوە نابێ تێکەڵ بکرێن. لەبەرئەوەی هەبوونی خانەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی سەرەکی داوایەکی کوردە وەکو بەشێک لە هەوڵەکانیان بۆ لکاندنەوەی ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردە بە هەرێمی کوردستانەوە، بۆیە ئەو بڕیارە ئەوە پێشنیاز دەکات کە ئەگەر سەرژمێرییەکی جیا بۆ ناوچە کێشەدارەکان هەبێت ئەوا ئەو سەرژمێرییە نیشتمانییەی ئیستە وادەی بۆ دانراوە پێوسیت ناکات پرسیاری نەتەوایەتیی تێدا بێ. دواتر لە داهاتوودا سەرژمێرییەکی تایبەتی بە ناوچە جێناکۆکەکان بۆ بەجێهێنانی پێویستییەکانی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی دەکرێ پرسیاری نەتەوایەتیی تێدا بێ، ئەگەر لایەنەکان بەپێوستی بزانن. بەڵام ئەگەر سەرژمێرییە بێ خانەی نەتەوایەتی بکرێ ئەوا هێشتە لەسەر پەرلەمانە یاسایەکی ساڵی ٢٠٠٨ هەموار بکا کە تێیدا خانەی نەتەوایەتی پێویستە.

ئەمە ڕەنگە بەشی ئەوە نەکات چەقبەستی سەرژمێری بشکێنێ. سیاسەتوانانی عەرەب و تورکمان لە کەرکووک ئەوە پێشان دەدەن کە نە جیاکردنەوەی سەرژمێریی نیشتمانی لە سەرژمێری ناوچە کێشەدارەکان[٦٦]، و نە لابردنی خانەی نەتەوایەتیش لە فۆرمی سەرژمێری ڕێگەیەکی قبووڵکراو دەبێ بۆ پێشوەچوون[٦٧]. ئەوان دەڵێن کە کێشەی کەرکووک ئەوەیە گۆڕانی دیمۆگرافیی دەسکاری دوای ٢٠٠٣ قەبارەی کوردی لە کەرکووک زیاد کردووە و سەرژمێری شەرعییەت بەبوونی ئەوان دەدات بۆ ئەو ریفراندۆمەی بڕیارە لەبارەی چارەنووسی کەرکووک ئەنجام بدرێت. لەبەرئەوە ئەوان پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی سەرژمێری (بە یان بێ خانەی نەتەوایەتییەوە) دەبێ دوای جێبەجێکردنی مادەی ٢٣ یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٠٨ بێت کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە[٦٨]. نوێنەرێکی عەرەب لە کەرکووک لە پەرلەمانی عێراقی عومەر جبوری لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێ نابێ هیچ سەرژمێرییەک لە کەرکووک و ناوچە کێشەدارەکانی تر ئەنجام بدرێ هەتا بارودۆخ جێگیر دەبێتەوە و حکوومەتی عێراقی بەشێوەیەکی تەواو بارودۆخەکە دەگرێتە دەست:

بەپێی دەستوور و یاسای سەرژمێریی ٢٠٠٨، سەرژمێری نیشتمانی دەبێ لەلایەن حکوومەتی

فیدراڵییەوە ئەنحام بدرێ. حکوومەتیش لە کەرکووک دەسەڵاتی زۆر کەمە و لە زۆر لە شارەدێکانی نەینەواش و یەک شارەدێی دیالە هەر هیچ دەسەڵاتی نییە، باسی سێ پارێزگا کوردییەکان هەر مەکە. مادام حکوومەتی فیدراڵی ناتوانێ سەرژمێرییەکی سەرتاسەری ئەنجام بدات لە دۆخێکی جێگیردا، بۆیە سەرژمێری دەبێ دوابخرێ[٦٩].

ترسیی سەرەکیی عەرەب و تورکمان ئەوەیە سەرژمێرییەکە هەبوونی زۆرینەی کورد لە کەرکووک دەسەلێنێ. (ئەوان پێشبینیی ئەوە دەکەن ڕێژەیان لە سەدا ٦٠ بێت.) سیاسەتوانێکی عەرەب وای گوت لە ئاماژەیەکدا بۆ ئەوەی کە کورد دەتوانن ساختە بکەن بۆ زیادکردنی ژمارەی خۆیان، بۆ نموونە بە هەژمارکردنی ئەو کوردانەی کە لە بنچینەدا خەڵکی کەرکووک نین[٧٠]. بەڵام ئەو ترسەش دەشێ بەسەریەوە نرا بێ، بەتایبەتی ئەگەر میکانیزمێکی بێلایەنانە هەبێ بۆ دیاریکردنی ئەوەی کێ دانیشتووی کەرکووکە و چاودێریی نێودەوڵەتیش ڕێگر دەبێ لە هەر جموجۆڵێکی ساختەکاری.

ئەگەر ڕێژەی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٠دا ئاماژەیەک بێت و ئەگەر وا گریمانە بکەن (هەر وەک چۆن زۆرینەی سیاسەتوانەکانی کەرکووک پێ دەچێ وا بیر بکەنەوە) کە خەڵکی گرووپێکی ئەتنیی دەنگ بە کاندیدانە بدەن کە لە هەمان گرووپن[٧١]، ئەوا کورد نوێنەرایەتیی کەمتر لە سەدا ٦٠ی کەرکووک دەکەن سەرەڕای ئەو تەوژمەی هاتنەژوورەوەی کورد و دەرچوونی عەرەب لەوەتەی ٢٠٠٣ەوە. جیاوازیی نێوان هاوپەیمانیی کوردستانی و کوتلەی عێراقییەی عەرب و تورکمان لە کەرکووک جێی فەرامۆشکردن بوو[٧٢]. ئەم ئەنجامە دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ: کورد دەڵێن ساختەکاری لە شارەدێی حەویجەی عەرەبی سوودی بە لیستی عێراقییە گەیاندووە[٧٣]، لە کاتێکدا ڕکابەرەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕێژەی دەنگی هاوپەیمانیی کوردستانی بەهێ ئەو کوردانەی کە بە ئەسڵ خەڵکی ئەوێ نین زیاد کراوە[٧٤].

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕادەی بەشداریکردن بەهەند وەربگیری: سیاسەتوانێکی عەرەب گوتی کە ڕێژەی بەشداریی دەنگدان لەناو عەرەب زیاتر بوو وەک لەناو کورد، گوایە لەناو کورددا ناڕەزاییەک هەبووە لە بەرامبەر سەرکردەکانیان[٧٥].

ئەندام پەرلەمانی کوردیی سەربەخۆ مەحموود عوسمان پاڵپەستۆی بەهێزی سەرکردایەتیی کوردیی بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە کێشەدارەکاندا بۆ دیاریکردنی قەوارەی هەر پێکهێنەرێکی ئەتنی لەو ناوچانە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ سەرژمێری بۆی هەیە بەشە بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە. هەرێم ساڵانە لە سەتا ١٧ی بودجەی عێراقی وەردەگرێ (کە ئەمە خەرجیی بەرپرسیاریەتییە فیدراڵییەکان و پڕۆژە ستراتیجییەکانیشی لێ دەرنەکراوە) بەڵام ئەو ڕێژەیە لە غیابی سەرژمێریدا تا ڕادەیەک شتێکی هەڕەمەکییە[٧٦]. عوسمان گوتی (نەبوونی سەرژمێری بۆ کورد کێشەیەک نییە، لەبەرئەوەی ئێمە ئێستە لە سەدا ١٧ی بودجە

وەردەگرین، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشاتووانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە سەدا ١٢,٨ە. ئەگەر سەرژمێری ئەنجام بدرێ، کورد بە ملیاران دۆلار لە دەست دەدات)[٧٧]. ئەمە ڕەنگە ڕاست بێ ئەگەر کورد نووچیان خوارد لە گێڕانەوەی ناوچە زۆرینە کوردییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی هەرێم بۆی هەیە بگاتە لە سەدا ١٧ ئەگەر فراوان بوو و ناوچە جێناکۆکەکان بگرێتەوە.

بۆ حاڵی حازر، پرسی سەرژمێری پێ دەچێ وەکو لایەنەکانی تری مەتەڵی کەرکووک بە هەڵنەدراوی بمێنێتەوە[٧٨] – کە بەرەنجامی پێچەوانەی بەسەر ولات بەشێوەیەکی گشتی دەبێ، لەبەرئەوەی ولات زۆر پێویستیی بە هەبوونی داتای کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە بۆ مەبەستی گەشەپێدان و ئامانجی تر.

٣. دانوستانەکان لە نەینەوا

پێشوەچوونەکان لە پارێزگەی نەینەوا – کە لە کۆی ٩ شارەدێی شەشیان جێی ناکۆکین، جا ئەو ناکۆکییە بە تەواوەتی بێتیان بەشێکیان بێ[٧٩] – بۆی هەیە ببێتە پێشڕەوێکی چاک لە یەکلاییبوونەوەی کەرکووک. بەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٠ لەوێ ئەو گۆڕانە گەورانەی پشتڕاست کردەوە لە سیاسەتی ناوەخۆیی ئەو پاریزگەیەدا کە بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ٢٠٠٩ هاتبووە ئاراوە کاتێک لیستی عەرەبیی ئەلحەدبا دەسەڵاتی گرتە دەست دوای چەند ساڵێک لە بالادەستیی کورد دوای ئەوەی لیستی عێراقییە ٢٠ کورسیی بەدەست هێنا لە بەرامبەر هەشت کورسیی هاوپەیمانیی کوردستانی، ئوسامە نوجێفی، یەکێک لە براوەکان لەسەر لیستی عێراقییە و برای ئەسیل نوجێفیی پارێزگاری نەینەوا گوتی:

لە ڕابردوودا، ئێمە ململانێیەکی سیاسیمان لەگەڵ کورددا هەبوو. ئەوان دانیان بە مافی ئێمە بۆ دەسەڵاتدا نەدەهێنا، لەبەر ئەمەش ئەوان ڕەتیان کردەوە قسە لەگەڵ ئێمەدا بکەن. بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکەدا ئێمە توانیمان زۆرینە بە دەست بێنین، و هەڵوێستی ئێمە دووبارە قایم بووەوە. هەر یەک لە لیستی عێراقییە و حەدبا (لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەتی پارێزگاکانی ٢٠٠٩دا) لە نەینەوا دەنگی باشیان بە دەست هێنا، ئێستە کورد ناتوانن نکووڵی لە مافەکانمان بکەن وەکو زۆرینە. ئەمە شتەکانی گۆڕیوە. ئێستە بۆیان ڕوون بووەتووە ئێمەین کە حوکم دەگێڕن و کۆنترۆڵی شتەکان لێرە لە نەینەوا دەکەین، هەروەکو چۆن ئەوان لە کوردستان وان[٨٠].

هاوسەنگیی نوێی دەسەڵات لە نەینەوا بۆی هەبوو ململانێی لێ بکەوتبووایەوە. بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆر کەس، ئەو هاوسەنگییە نوێیە باشتربوونێکی نەگۆڕی لە پێوەندییەکانی ڕکابەرەکاندا بەدوادا هات: مەسعود بارزانی لە نۆڤێمبەری ٢٠١٠ پێشوازیی لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی لەلایەن ئوسامە نجێفییەوە کرد، کە ئەم پێشوەچوونەش چەند مانگێک پێشتر هی بیرلێکردنەوە نەبوو، نوجێفیش لە ڕۆژی کرانەوەی کۆنگرەی پارتیدا لە ١١ی

کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ لە هەولێر ئامادە بوو و گوتەیەکی پێشکێش کرد[٨١]. لەمەشدا فەزلێکی زۆر بۆ یەکێک لە جێگرەکانی سەرەک وەزیرانی عێراق، رافیع ئەلعیساوی، دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات دیالۆگێکی مەدەنیی لێ کەوتەوە لە کاتێکدا پێشتر تەنیا خیتابی توند و بارگرژیی مەترسیدار هەبوون، ئەگەرچی تەباییەکی تەواو هێشتا وەگیر نەکەوتووە[٨٢].

ململانێی نەینەوا لە دوو کێشەی پێوەندیدار سەرچاوەی گرتووە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ٢٠٠٩ لیستێکی عەرەبی هێنایە سەر دەسەڵات، حەدبا، بە زۆرینەیەکی کەم کە ١٩ کورسییە لە ٣٧ کورسی کە ئەو هێزەی پێ داوە بە تەنیا حوکم بگێڕێ. لیستە کوردییەکە، کە تا ئەو کاتە حوکمی نەینەوای کردبوو، تووڕەیی پێشان دا لەسەر بەشداری پێنەکردنی لە حوکمڕانی، هەرچەندە ١٢ کورسیشی بەدەست هێنابوو، دواتریش بایکۆتی ئەنجوومەنەکەی کرد. لە بەرامبەردا، پارێزگاری نوێ، ئەسیل نوجێفی لە لیستی حەدبا، نائومێدیی خۆی پێشان دا لەوەی نەیتوانیوە حوکم بەسەر هەموو پارێزگاکەدا بکا، لە بەر ڕۆشناییی هێزی سەربازیی پارتی و کۆنترۆڵی ئیداریی بەسەر ئەو شارەدێیانەوە کە بەشێک لە ناوچە کێشدارەکان پێک دێنن[٨٣]. ئەو بنبەستە چەندان جار مەترسیی تەشەنەکردن بۆ تووندوتیژی هەبوو کە وای لە ئەمەریکا کرد لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٩دا میکانیزمی تەناهیی هاوبەش پێک بێنێ بۆ ئەوەی ڕێ لە تەشەنەکردن و ململانێیەکی فراوانتر لە نێوان هێزەکانی تەناهی و (سوپای فیدرالی) سەر بە پارێزگا لەلایەک و هێزە کوردییەکانی پاسەوانیی هەرێم و پۆلیسی ژێر دەست پارتی لەلایەکی تر، بگرێ.

ئەو بەرامبەرەی عیساوی، بە پاڵپشتیی هێزی سەبارێی ئەمەریکایی، ویستوویەتی دابینی بکا بڕێتی بووە لە پێدانی پۆستی ئیداریی باڵا بە کورد لە بەرامبەر ئەوەی هێزە تەناهییە کوردییەکان بخرێنە سەر هێزی پۆلیس و سوپای فیدرالی لەو ناوچەیەدا – واتە وازهێنانی کورد لە باڵادەستیی تەناهیی لە ناوچە کێشەدارەکاندا[٨٤]. هەروەها ئەو دەستەواژەیە چەند لایەنێکی تریشی هەیە، لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی لە ناوچە زۆرینە کوردییەکان لەگەڵ پاراستنی تایبەتیی کەمە نەتەوایەتییەکان[٨٥]. لە نیسانی ٢٠١٠دا، یونامی دەستی بە هەوڵەکانی کرد و ئاسانکاری کرد بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لا بە ناوبژیوانیی عیساوی. بۆ عیساوی، کە سەرکردەیەکی باڵای ئەلعێراقییەیە، ئامانجەکە سیاسیش بوو: چارسەرکردنی کێشەی نەینەوا بۆی هەیە یارمەتیدەر بێ لە پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی کورد – ئەلعێراقییە بۆ دژەوستانەوەی دەوڵەتی یاسای مالیکی دوای هەڵبژاردنەکانی ئاداری ٢٠١٠[٨٦].

لەلایەن خۆیەوە، یونامی هیوای دەخواست کە پێشوەچوون لە مەسەلەی نەینەوا ببێتە بناخەیەک بۆ گفتوگۆی دواتر لەسەر کەرکووک[٨٧].

بەپێچەوانەی جیاوازی و ناکۆکییەکان و حاڵەتی گەرمبوونی گوتار و ڕووداوی نێزکەی گورچکبڕ لەسەر هێڵی تەماسدا لە نێوان هەردوو لادا، سیاسەتوانانی کورد و عەرەب لە نەینەوا (بەهەمان

شـێـوه له بەغـدا و هەولێـریش) ڕێگەیەکـیـان دۆزیەوه بۆ پەرەپێـدانی دیالۆگ و تـەنانـەت پێشوەچوونیش. ئەوان چەندان لێژنەیان پێک هێنا بۆ دیراسەکردنی لایەنەکانی تەنگژەی نەینەوا، له ناویشیاندا دیراسەکردنی کێشەی تەناهی و گیراوەکان و کەمینەکان. له هەمووی گرینگتر سەردانی بێوێنەی ئەسیل نوجێفی بوو بۆ هەولێر له مانگی ئایاری ٢٠١٠دا(٨٨). ئەم سەردانە چەند مانگێک دواتر سەردانێکی هاوشێوەی بەدوادا هات لەلایەن برای نوجێفی، ئوسامە، کە زەنگی توانەوەیەکی ڕاستەقینەی لێ دا له چەقبەستوویی پێوەندییەکان له نێوان هەردوو لادا(٨٩). بەڵام سەرباری ئەم پێشوەچوونانە، هیچ ڕێککەوتنێک بە ئەنجام نەگەیشت، دوا جار مالیکی حکوومەتی لەگەڵ کورد و عێراقییە، وەکو بەشداری بچووک زیاتر لەوەی بەشداری گەورە بن، پێک هێنا.

سەران و سیاسەتوانانی کورد وا پێ دەچێ ببنە دوو بەرە لەبارەی گرینگیی پێشوەچوونی پێوەندییەکان. فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆک بارزانی باسی له (لێکتێگەیشتنێکی باشتر) لەگەڵ برایانی نوجێفی کرد کە بەهۆیەوە پێوەندییان باشتر دەبێ(٩٠). بەڵام پەرلەمانتارانی یەکێتی و گۆڕان گوتیان له کاتێکدا ئوسامە دەیەوێت وەکو پیاوێکی دەوڵەت هەڵسوکەوت بکا، کەچی له کاتی کۆنگرەی پارتیدا وشەی (کورد) یان (هەرێمی کوردستان)ی بەکار نەهێنا کە ئەو وشانە بۆ کورد گرینگیی سیمبۆلیی گەورەیان هەیە کاتێک لەلایەن کەسانی غەیرە کوردەوە دەگوترێ(٩١). وێڕای ئەمە، دیپلۆماتکارانی ڕۆئاوایی هۆشداریان دا کە کورد ڕەنگە زیادەڕۆییان کردبێ له هەڵسەنگاندنی ئامادەیی یان توانای برایان نوجێفی بۆ هێنانە کایەی ڕێککەوتنێک(٩٢). دووبەرەکییە ناوەخۆییەکان لەناو لیستی عێراقییەش هەڕەشەی ئەوە دەکەن پێشوەچوون بەرەو چارەسەرێک بەدانوستان بوەستێنن. لەگەڵ ئەمەشدا، دەرگە بە ڕووی پێشوەچوونێک له گفتوگۆکان لەبارەی کێشەی نەینەوا کراوەیە. هەروەها بۆی هەیە ڕێککەوتن له مەسەلەی نەینەوا بەردێکی بناخەی گرینگ بێ بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک(٩٣).

پەراوێزەکان:

(١) دوای هەڵبژاردنەکانی ئاداری ٢٠١٠، پارتە کوردییە سەرەکییەکان هاوپەیمانیی کوردستانییان پێک هێنا له بەغدا کە ئامانج لێی پێشکێشکردنی بەرەیەکی هاوبەش بوو له بەرامبەر کوتلە ناکوردییەکان. ئەو هاوپەیمانیەتییە پێک هاتبوو له پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها بزووتنەوەی (گۆڕان) و دوو پارتی تری ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی. له ٢٩ی تشرینی یەکەم هەشت ئەندام پەرلەمانەکەی گۆڕان له عێراق لەو هاوپەیمانەتییە کشانەوە گوایە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار له هەرێمی کوردستان له جیاتی وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی ئەوان بۆ چاکسازی دەسەڵاتی خۆیان فراوانتر کردووە.

(٢) بڕوانە ڕاپۆرتی ژمارە ٥٦ی گرووپی تەنگژەی ناوەدەوڵەتی، عێراق و کورد: شەڕ لەسەر کەرکووک، ١٨ی تەموزی ٢٠٠٦، هەروەها ڕاپۆرتی ژمارە ٦٤، عێراق و کورد: چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک، ١٩ی

نیسانی ۲۰۰۷.

(۳) له یۆنیۆی ۲۰۱۰، حەسەن ئەلسنێد، پەرلەمانتارێکی لیستی دەوڵەتی یاسا، له گوتەیەکدا که ئاماژە بوو بۆ مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، گوتی (حکوومەتی نوێ بەشێوەیەکی جیدی کار دەکات بۆ نانی یەکەم هەنگاو لەبارەی ئەو پرسە و جێبەجێکردنی). ئەو هەروەها له لێدوانێکیدا که که مشتومڕی نایەوە له بەغدا، ئەوەشی خستە سەر دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانەتیی کوردستانی دەتوانن یاداشتنامەیەکی لێکتێشگەیشتن لەگەڵ یەک ئیمزا بکەن بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو بەڵێنە (بەغدادایە نیوز، ۲۵ یۆنیۆ، ۲۰۱۰). هەر زوو دوای ئەو لێدوانە ڕەتکردنەوە دەستی پێ کرد، له کاتێکد سیاسەتوانانی کورد گومانی قووڵیان لەو بارەیەوە دەردەبڕی. له کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا له دوای کۆبوونەوەیەک له ٨ی ئاب له نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی و مالیکیدا، مالیکی نیوچە ڕەزامەندییەکی لەسەر مادەی ١٤٠ پێشان دا: (ئەو مادەیە هەڵناپەسێردرێ و هیچ فراکسیۆنێکیش ناتوانێ پێچەوانەی بکاتەوە) (ئەلوراقیب ئەلعیراقی، ١١ ئاب، ٢٠١٠). مالیکی هەر ماوەیەکی کورت دوای هەڵبژاردنەکان کەوتە درێژکردنی دەستی هاریکاری بۆ کورد، ئەو ئامادە بوو دانوستان بکا بەس بۆ ئەوەی بتوانێ ڕازییان بکات. له مانگی مایۆ، هەواڵی ئەوە سەریان هەڵدا که حکوومەتی مالیکی زیتار له ٤٠٠ پۆلیسی کوردی له هەرێمی کوردستان خستووتەوە ناو هێزەکانی پۆلیسی وەزارەتی ناوەخۆی عێراق له کەرکووک و دیاله. سەرانی ناکوردی ناوچەکە ئەو هەنگاوەیان بەوە وەسف کرد که مالیکی ئامادەیە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر ئاڵوگۆڕ بکا بۆ ئەوەی له دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. گرووپی تەنگژە دیمانەی لەگەڵ هەر یەک له ئەرشەد سالحی ئەندام پەرلەمانی تورکمان له لیستی عێراقییە له کەرکووک، ٢٣ مایس ٢٠١٠، و محەمەد تەمیم پەرلەمانتاری عەرەبی بەغدا له لیستی عێراقییە، ٢٧ مایسی ٢٠١٠، لەگەڵ فەوزی ئەکرەم، ئەندام پەرلەمانی تورکمان له لیستی سەردرییەکان له بەغدا، ٢٧ مایسی ٢٠١٠، ئەنجام دا.

(٤) گوتەبێژی عێراقیە مەیسون دەملوجی گوتی: (ئەگەر ئەوان (کورد) هاوپەیمانەتی لەگەڵ مالیکی پێک بێنن، ئەوا زەرەر دەکەن، بەتایبەتی له مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکاندا). ئەو هەروەها ئەوەشی گوت که لەبەرئەوەی زۆربەی دەنگدەرانی ناکوردی ناوچە کێشەدارەکان دەنگیان بە عێراقیە داوە نەک دەوڵەتی یاسا، مالیکی ناتوانێ یارمەتیی کورد بدات له هەوڵەکانیان بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی. ئەمە مانای ئەوەیە که کورد پێویستە دانوستان لەگەڵ عێراقیە بکەن بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن، ئەو وای گوت.

(٥) شڕۆڤەکارێکی عێراقی تێبینی ئەوەی کردبوو که پرسی کەرکووک یارمەتیدەرە له دیاریکردنی بەرەنجامی پێکهێنانی حکوومەت: (ئەگەر کورد بیانتوانیبووایە ڕێککەوتن لەگەڵ عێراقیە ئەنجام بدەن لەبارەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر، ئەوا حکوومەت بەشێوەیەکی زۆر جیاواز دەبوو) (دیمانەی گرووپی تەنگژە، عەمان، ٢٤ی شوبات ٢٠١١)

(٦) دواین داواکاریی کورد ئەوە بوو مالیکی ڕازی بێ که ئەگەر هاوپەیمانیی کوتله کوردستانییەکان له حکوومەت بکشێتەوە، حکوومەت هەڵوەشێتەوە. ئەمە تاکە داواکاری بوو کە مالیکی ڕەتی کردەوە، هەروەها بەرپرسانی کورد ئەو کاتە گوتیان ئەوان دەرک بەوە دەکەن که ناواقیعی بوو. بەپێی دەستوور،

حکوومەت تەنیا لە حاڵەتێکدا هەڵدەوەشێتەوە کە لە پەرلەماندا متمانەی لێ بسەندرێتەوە، ئەمەش شەرت نییە لە ئەنجامی کشانەوەی شەریکێک بێ لە حکوومەتی هاوپەیمانیدا. لە ئەنجامدا، لایەنەکان گەیشتنە چارەسەرێکی مامناوەندی، کە ڕەشنووسەکەی _ لەگەڵ دوا ڕێککەوتن لەبارەی هەڕدە داواکارییەکان – بڵاو نەکراوەتەوە و هیچ شتێکیشان لەبارەوە نەگووتووە. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، نەجەمدین کەریم، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان، بەغدا، ١٧ شوبات ٢٠١١.

(٧) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەغدا، ٢٥ مایۆی ٢٠١٠.

(٨) بڕوانە ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی ژمارە ٧٠، سیاسەتی شیعە لە عێراق: ڕۆڵی ئەنجوومەنی باڵا، ١٥ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٧، بەڵام کاریگەریی ئەنجوومەنی باڵا بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، لە ئەنجامی ئەدای خراپی خۆی لە هەردوو هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ٢٠٠٩ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ٢٠١٠.

(٩) لە کوردستان تی ڤی وەرگیراوە، ٨ نۆڤێمبەر ٢٠١٠. بارزانی گوتی هەڵوێستی سەرۆک (پێوەندیی بە هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و شەقامی کوردییەوە هەیە و بڕیاری یەک کەس نییە) ئەو هەروەها ئەوەشی خستە سەر کە (گوتلەی کوردستانی تەنیا نوێنەرایەتیی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ناکات، بگرە نوێنەرایەتیی نەتەوەی دووەمی عێراق دەکات و ئەوەی کورد داوا دەکات ئیستیحقاقێکی نەتەوەییە نەک ئستیحقاقێکی هەڵبژاردن)

(١٠) ئەمە بۆی هەیە گرینگییەکی تایبەتیی هەبێ لەمانگی نیسانی ٢٠١١ کە بڕیارە جامیعەی عەرەبی لە بەغدا کۆبوونەوە بکا.

(١١) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، سەرانی کوردی بەغدا، هەولێر و سلێمانی. ٢٠١٠.

(١٢) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، واشنتۆن، ١٠ و١٢ی نۆڤێمبەر ٢٠١٠.

(١٣) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، هەولێر و سلێمانی، نیسان، مایۆ و سیپتێمبەری ٢٠١٠.

(١٤) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، سلێمانی، مایۆ ٢٠١٠.

(١٥) پەرلەمانتاری سەربەخۆی کورد مەحموود عوسمان گوتی (تاکە هۆکارێک بۆ ئەوەی کورد داوای سەرۆکایەتی بکەن ئەوەیە کە تاڵەبانی هێشتا لەوێیە و بارزانی نایەوێ بێتەوە کوردستان) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەغدا، ٢٥ مایۆ ٢٠١٠. یەکێکی تر لە ئەندامە باڵاکانی هاوپەیمانیی کوردستانی فوئاد مەعسوم، لایەنگرێکی تاڵەبانی، تێڕوانینێکی جیاوازی هەبوو: بەپێچەوانەی حکوومەتی ماوەبەسەرچوو و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی، حکوومەتی نوێ یەک سەرۆکی هەیە، هاوتەریب لەگەڵ دەستووری ٢٠٠٥. هەندێ بەرپرسی کوردی باوەڕیان وایە کە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی کە لە سێ ئەندام پێک هاتبوو هۆکاری ڕێگرتن بوو لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور لەبارەی کەرکووک، بەتایبەتی ئەو برگەیەی پێوەندیی هەیە بە گیرانەوەی قەزا و ناحیەکان کە لەلایەن ڕێژیمی پێشووەوە لێ جیا کراونەتەوە (ئەو ئەرکە درابوو بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بۆ یەکلاییکردنەوەی)، هەروەها باوەڕییان وایە کە سەرۆکێکی تەنیای کوردی دەتوانێ ئەمە لە بەرژەوەندیی خۆیان بە کۆتا بێنێ. مەعسوم، کە ئەندامێکی پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی هاوپەیمانیی بارستە کوردستانییەکان،

گوتی: (ئێستە کە سەرۆکایەتیی سێ ئەندامی هەڵوەشێنراوەتەوە، ئێمە دەمانەوێ سەرۆکایەتی بۆ کورد بێ لەبەرئەوەی سەرۆک دەتوانێ چارەسەری کێشەی قەزاکانی کەرکووک بکات.) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەدوڵەتی، سلێمانی ٢٤ مایۆ ٢٠١٠. سەرکردەیەکی عەرەبی کەرکووک ناکۆک بوو لەگەڵ ئەو بۆچوونە کوردییە کە سەرۆکێکی بەتەنیا بتوانێ ناحیەکانی کەرکووک بگێڕێتەوە. ئەو گوتی ئەو دەقە دەستوورییەی پێوەندیی بەوە هەیە ئێستە مردووە و بەتاڵ بووەتەوە لەبەرئەوەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نەماوە. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەدوڵەتی، راکان سید، جێگری پارێزگار، کەرکووک، ٢٠ مایۆ ٢٠١٠.

(١٦) ئەم هاوپەیمانییە ئینتیخابییە ناجێگیرەی ٢٠٠٩–٢٠١٠ لە پارتی ئیسلامی شیعەی وەکو رەوتی سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق و پارتە بچووکتر و تاکە کەسەکانی لە خۆ دەگرت. دوابەدوای هەڵبژاردنی ئاداری ٢٠١٠، خۆی لەگەڵ دەوڵەتی یاسای نووری مالیکیدا خستە یەک بەرە بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی نیشتمانی پێک بێنن کە سەرەک وەزیرانی پێشوو ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک ئەو کوتلەیە بوو.

(١٧) بڕوانە ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گرووپی تەنگژەی ناوەدوڵەتی ژمارە ٩٩، کارە تەواونەکراوەکان: هێزە تەناهییەکانی عێراق لە نێوان کەمکردنەوە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ٢٦ ئۆکتۆبەر ٢٠١١.

(١٨) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەدوڵەتی، خالید شوانی، ئەندام پەیەرلەمانی هاوپەیمانیی بارستە کوردستانییەکان لەسەر لیستی یەکێتی لە کەرکووک، بەغدا، ١٣ شوبات ٢٠١١.

(١٩) دانوستانەکانی ٢٠٠٨ لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نموونەی پێشڕۆن. بڕوانە ڕاپۆرتی بۆ ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گرووپی تەنگژەی ناوەدوڵەتی ژمارە ٨٠، نەوت بەرامبەر خاک: بەرەو مامەڵەیەکی گەورە لەبارەی عێراق و کورد، ٢٨ ئۆکتۆبەر ٢٠٠٨، لاپەڕە ٣ و ٤. بۆ تاووتوێکردنی نموونەی تر ـ بڕوانە ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی گرووپی تەنگژەی ناوەدوڵەتی ژمارە ٧٥، عێراقی دوای هەڵچوون ٢: پێویستیی ستراتیجییەکی سیاسیی نوێ، ٣٠ نیسان ٢٠٠٨، لاپەڕە ١١ تا ١٤ و ٢٤ تا ٢٨.

(٢٠) بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ململانێیە، بڕوانە ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گرووپی تەنگژەی ناوەدوڵەتی ژمارە ٩٤، داهاتووی نادیاری عێراق: هەڵبژاردنەکان و دواتر، ٢٥ شوبات ٢٠١٠، لاپەڕە ٢٠ تا ٢٧.

(٢١) کورد ئەو پۆستانەیان بەدەست هێنا: سەرۆک، جێگری سەرۆک وەزیران، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وەزیرانی دەرەوە، تەندروستی، بازرگانی، پەنابەران هەروەها کاروباری ئافرەتان، کۆمەڵگەی مەدەنی و وەزیرێکی بێ وەزارەت.

(٢٢) ڕێککەوتنەکان کە لە نێوان هاوبەشەکانی حکوومەتدا ئیمزا کرابوون دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە شوباتی ٢٠٠٥ و کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ هەر یەکەو دەقێکی لەبارەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی تر تێدا بوو. لەبەرئەوەی ئەو مادانە بە زۆری جێبەجێ نەکرابوون، لە هەڵبژاردنەکانی ئاداری ٢٠١٠دا، کورد پاڵپەستۆیان دروست کرد بۆ میکانیزمگەلێک بۆ دڵنیابوونەوە لە جێبەجێبوونی

بەڵێنی هاوشێوە کە لەلایەن مالیکییەوە دەدرێ.

(٢٣) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، هەولێر، ٢٠ شوبات ٢٠١١.

(٢٤) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، بەغدا، ١٧ شوبات ٢٠١١.

(٢٥) لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، هاوپەیمانیی کوردستانی، کە لە هەر یەک لە یەکێتی و پارتی پێک هاتووە، ٥٣ کورسیی بە دەست هێنا کە دەکاتە ١٩,٣ی دەنگەکان. بە خستنە سەری ٥ کورسییەکەی تر یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کە لە چوار ساڵی پێشتردا لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستانی چووبووە ناو هەڵبژاردنەوە، قەوارەی کورد بەپێی دەنگ بووە ٢١,١ لە سەت. لە هەڵبژاردنی ئاداری ٢٠١٠دا، بەپێچەوانەوە، هاوپەیمانیی کوردستانی ٤٣ کورسیی بە دەست هێنا (١٣,٢ لە سەتی دەنگەکان). ئەگەر پارتە کوردییەکانی تریش بخەینە سەر ــ چوار کورسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، دوو کورسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، هەشت کورسیی گۆڕان ــ کۆی گشتی دەبێتە ٥٧ کورسی کە دەکاتە ١٧,٥ لە سەتی دەنگەکان. لەبەرئەوەی گۆڕان لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ لە هاوپەیمانیی کوردستان کشایەوە لە بەغدا و شیمانەی ئەوەشی هەیە لەگەڵ پارتی و یەکێتی نەچێتە هەڵبژاردنەوە بەتایبەتی تا ئەو کاتەی داواکارییەکانی لەبارەی شێوازی حوکمڕانی لە کوردستان جێبەجێ نەکرێن، ڕێژەیەکی سەتیی گونجاوتر دەبێتە ٤٩ کورسی بۆ هاوپەیمانیی کوردستان کە دەکاتە ١٥,١ لە سەتی دەنگەکان. بە واتایەکی تر، هاوپەیمانیی کوردستانی ٦ خاڵی لە ڕێژەی سەتی لە دەست داوە لە ڕێژەی نوێنەرایەتیی خۆی لەوەتەی ٢٠٠٥ەوە.

(٢٦) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، بەغدا، ١٢ شوبات ٢٠١١.

(٢٧) لە ڕۆژنامەی ڕووداو وەرگیراوە، ٩ی شوبات ٢٠١١.

(٢٨) ڕاوێژکارەکە گوتی: (ڕێککەوتننامەیەکی ئیمزاکراو هەیە لە نێوان مالیکی و بارزانی، بەڵام لەبارەی بابەتە گشتییەکانە. ئەو ڕێککەوتننامەیە ئیلزامی نییە بۆ جێبەجێکردن. لەوانەیە ٥٠ لە سەتی جێبەجێ بووبێ. کورد ١٩ داواکاریی پێشکێش کرد بەڵام ئەگەر هەشت لەوانە بێنە جێبەجێکردن ئەوا ڕازی دەبن) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، بەغدا، ١٦ شوبات، ٢٠١١.

(٢٩) بەپێچەوانەوە، ئەندام پەرلەمانێکی کورد گوتی کورد بەهەموو شێوەیەک پاڵپەستۆ دروست دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە. (ئێمە دەستوور بەکار دێنن تا ئەوان بەردەوام بن، دەنا ئێمەش بە ڕێچکەی باشووری سوداندا دەڕۆین) واتە سەربەخۆیی. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، بەغدا ١٣ نیسان ٢٠١١.

(٣٠) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، بەغدا، ١٦ مارس ٢٠١١.

(٣١) ئەو کێشەیە ماوەیەکی زۆرە بەدەوری پێشناسە و چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەو ریفراندۆمەدا دەخولێتەوە کە لە مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە. کورد پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێ ئەو ریفراندۆمە چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلایی بکاتەوە لە کاتێکدا مادەی ١٤٠ لە سروشتدا ناڕوونە و هەروەها دیار نییە کە لە چ ئاستێکی ئیداری جێبەجێ بکرێ. لە دیمانەیەکی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠دا دوای ئەوەی حکوومەتی نوێ لە پەرلەمان متمانەی پێ درا، مالیکی گوتی: (من لەگەڵ مادەی ١٤٠دام ئەگەر ئەمە دڵی کورد خۆش دەکات... ئەمە مادەیەکی دەستوورییە. ئەوانیش

(سەرکردەکانی کورد) پرسیاری ئەوەیان دەکرد بۆچی ئەم مادەیە جێبەجێ نابێ. ئێمە پێمان گوتن ئەو مادەیە بەشێوەیەکی وا نووسراوەتەوە کە ناتوانرێ جێبەجێ بکرێ، ئەمە خەتای ئێمە نییە. بەربەستی زۆر گەورە لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم مادەیەدا هەیە. برۆن دەستوور بگۆڕن، دۆخی ئێستە بگۆڕن، مادەکە بگۆڕن،... بەکێشانەوەی سنووری پارێزگاکان بە کەرکووک و نەینەواشەوە... ئەمە پێویستیی بە بڕیارێک هەیە لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییەوە کە لەلایەن پەرلەمانیشەوە پەسەند بکرێ. ئەگەر ئەم دەقە یاساییە تەواو نەبێ هەموو دەقەکانی تر دەوەستن.) دیمانەکە بەتەواوی لەسەر مالپەڕی کۆواری وۆڵ ستریت جۆرنالْ بلاّو کراوەتەوە، ٢٨ دیسێمبەر ٢٠١٠. ڕاوێژکارێکی مالیکی ئەم ڕوانگەیەی دووپات کردەوە: (مادەی ١٤٠ لە دەستووردایە. هیچ سیاسەتوانێکی عێراقی نییە کە دژایەتیی بکا. بەلاّم ئاخۆ دەتوانی مادەکە جێبەجێ بکەیت؟ ئەمە پێوەندیی بە مالیکی یان هەر سەرەک وەزیرانێکی تر نییە. جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ شتێکی مەحالّە بەپشتبەستن بە دەقی یاساییەکەی. وێڕای ئەمەش، ئەم مادەیە سنووردار نەکراوە بۆ کەرکووک بگرە زۆر پارێزگا دەگرێتەوە کە پێویستییان بە دووبارە کێشنەوەی سنووری ئیداریان هەیە، بۆ نموونە بەغدا، کەربەلا، نەجەف، دیالە _ کە ئەمەش بەڕپرسیاریەتیی سەرەک وەزیران نییە، بگرە هی سەرۆکە. ئەنجامدانی ئەمەش دەبێتە هۆی تەقینەوەیەک لە سەرتاسەری عێراق) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، بەغدا، ١٢ شوبات ٢٠١١.

(٣٢) هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی چوار مانگ نەوتی هەنارەد کرد لە ساڵی ٢٠٠٩دا، بەلاّم دواتر کارەکانی وەستاند بەهۆی نکوولّیی بەغدا لە پێدانی حەقی وەبەرهێنان و بەگەڕخستنی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان. حکوومەتەکەی مالیکی زۆر لەمێژە نکوولّی دەکات لە داننان بەو کۆنتراکتانەی حکوومەتی هەرێم لەگەلّ کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان ئیمزای کردوون و بەپێچەوانەی یاسای عێراقی لە قەلّەمی داون. بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیەکی لە نێوان وەزیری نەوتی عێراقی عەبدولکەریم لوعێبی و وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم ئاشتی هەورامی ئیمزا کراوە لە بەغدا لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١، حکوومەتی هەرێم نابێ کەمتر لە ١٠٠،٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەم بێنێ لە ماوەی ساڵی ٢٠١١، لە بەرامبەریشدا، حکوومەتی بەغدا پارەی تێچووی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان دەدات (بەلاّم قازانجەکانیان نا) دوای ئەوە تێچووەکانیان لێک دەدرێتەوە و دەپشکنرێ، بێ ئەوەی شەرعییەت بە گرێبەستەکانیش بدات.

ئەو ڕێککەوتنە تونای هەیە خزمەت بە هەردوو لا بکا، لەبەرئەوەی داهات دەچێتەوە ناو خەزێنەی ناوەندی لە کاتێکدا گرێی بەرهەمهێنانی هایدرۆکاربۆن بۆ حکوومەتی هەرێم دەبێتەوە و بەسوودی خۆی دەبێ. (لە چاوەڕوانیی چارەسەرێک بۆ ململانێکان لەسەر بەڕێوەبردنی پیشەسازیی نەوتی عێراق لە ڕێی پەسەنکردنی یاسایەکی گشتگیری هایدرۆکاربۆن، ئەو کۆمپانیایانەی گرێبەستییان لەگەلّ حکوومەتی هەرێم ئیمزا کردووە پێ ناچێ بەتەواوی پاداشتی خۆیان وەربگرن لەبەرئەوەی حکوومەتی هەرێم دەلّێ حکوومەتی فیدرالّی دەبێ قازانجەکانیان بدات، لە کاتێکدا بەغدا ڕەتی دەکاتەوە دان بە شەرعییەتی گرێبەستەکاندا بنێ. ئەم کۆمپانیایانە سوورن لەسەر ڕێزگرتن لە گرێبەستەکانیان بەو هیوایەی کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر زوو یەکلایی ببێتەوە و قازانجی گەورە بکەن کاتێ: هەرێمی کوردستان زیاتر پەرە بە سامانی نەوت و گازی خۆی دەدات.

(٣٣) ڕاگەیەنراوی یونامی، ١٥ حوزەیران ٢٠٠٩، لە ماڵپەڕی www.uniraq.org هێزە تایبەتەکە چەندان جار کۆبوونەوەی ئەنجام دا، بەڵام هیچی پێ نەکرا تەنیا ئەوە نەبێ کە کێشەکە بەزیندوویی و هێڵەکانی پێوەندیی بە کراوەیی بهێڵێتەوە. ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕێتی بوو لە پێکگەیاندنی ماوەی نێوان ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ناوچە کێشەدارەکان کە لە نیسانی ٢٠٠٩دا پێشکێشی لایەنەکانی کرد، لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکوومەتێکی نوێ. ئەم ماوەیە دەرکەوت کە سااڵ و نیوێک درێژەی کێشا.

(٣٤) بڕوانە ڕاپۆرتی ژمارە ٩٠ی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی بۆ ڕۆهەاڵتی ناوەڕاست، بەرەی نوێی عێراق: ململانێ لەسەر نەینەوا، ٢٨ ئەیلول ٢٠٠٩.

(٣٥) ئەو میکانیزمانە بڕێتین لە: ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ریفراندۆم کە لە مادەی ١٤٠ی دەستوور ئاماژەی پێ کراوە (هەندێ پێشوەچوون لەبارەی بەشێکی ئەو مادەیە کراوە بۆ تایبەتی لەبارەی "ئاساییکردنەوە"، کە قەرەبووکردنەوەی یان گێڕانەوەی موڵک و ماڵی دەست بەسەردا گیراوە)، ڕێککەوتنی مانگی دیسێمبەری ٢٠٠٧ لە نێوان سەرانی کورد و عەرەب لە کەرکووک، هەرڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا (کە لە شوێنەکانی تر لە مانگی شوباتی ٢٠٠٩دا بەڕێوە چوون)، لەگەڵ هەنگاونان بۆ چالاککردنی ئەو ڕێککەوتننانە (بەشکردنی دەسەاڵت، گێڕانەوەی موڵک و ماڵ و چاوخشاندنەوە بە تۆماری دەنگدەران).

(٣٦) بڕوانە ڕاپۆرتەکانی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی: شەڕ لەسەر کەرکووک، لەگەڵ عێراق و کورد: چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک.

(٣٧) مەفهومی داواکردن لە کورج بۆ ئەوەی موساوەمە بکا لەسەر کێشەگەلێک کە پێشتر موساوەمەیان لەسەر کردووە مەبەست لێی درێژکردنەوەی وادەی ریفراندۆمەکە بۆ دوای دیسێبەری ٢٠٠٧ (کورد پێداگرییان دەکرد لەسەر ئەوەی کە لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێ، بەڵام نەیانتوانی بیسەپێنن)، هەروەها مەبەست لێی شێوازی لێکدانەوەی سروشتی ریفراندۆمەکەیە بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی کورد نیازیان بوو (کورد پێداگرییان دەکرد کە ریفراندۆمێکی چارەنووسسازیان دەوێ لە کەرکووک کە ئەوە یەکلایی بکاتەوە بڕیار بدات ئاخۆ کەرکووک دەبێ بەشێک لە کوردستان یان نا، بەم یونامی و ئەمەریکا گوتوویانە کە هەر ریفراندۆمێک پێویستە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێک سیاسیی پێشوەختە بێت لە نێوان لایەنە سەرەکییەکان)، هەروەها مەبەستێکی تریشی بڕێتییە لە دواخستنی سەرژمێری (کورد دەیانویست سەرژمێرییەکە ئەوە دەربخات کە ئەوان زۆرینەن لە کەرکووک: بڕوانە خوارەوە)

(٣٨) کورد مشتومڕی ئەوە دەکەن کە مادەی ١٤٠ پڕۆسەیەک دیاری دەکات کە وادەیەکی هەیە. بەبینینی ئەوان، جێبەجێنەکردنی پێشێلکردنی دەستورە.

(٣٩) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، مەسرور بارزانی، سەرۆکی هەواڵگری و ئاسایشی حکوومەتی هەرێم، سەاڵحەدین، ٢١ سێپتێمبەر ٢٠١٠.

(٤٠) ڕەخنەگران لە کورد هەمان مشتومڕ دەکەن بەم بە پێشەوانەوە: لەبەر ئەوەیە عێراق وڵاتێکی یەکگرتووە، بە هەرێم کوردستانیشەوە لەناو سیستەمێکی فیدراڵی و داهاتی نەوت بەشێوەیەکی یەکسان بەش دەکرێ، پێویست ناکات کەرکووک بچێتە سەر هەرێمی کوردستان. دیمانەی گرووپی

تەنگژەی ناوەوڵەتی، بەغدا، شوباتی ٢٠١١. جیاوازییە سەرەکییەکە لەنێوان هەردوو لادا بڕێتییە لەوەی کورد دەڵێن ئەوان کەرکووک بەبەشێکی مێژوویی کوردستان دادەنێن، لە کاتێکدا عەرەب و تورکمان بەتوندی پێچەوانەی ئەمەن.

(٤١) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، سەلاحەدین، ٢١ سێپتێمبەری ٢٠١٠. سااڵێک پێشتر، ڕەخنەگرێکی عەرەب ئەم مەنتیقەی ڕەت کردەوە. (لە گوتاری خۆیان، کورد تەلیحی ئەوە دەکەن کە ئەوان ڕەنگە لە عێراق جیا ببنەوە، ئەمەش عێراقییەکانی تر دەترسێنێ. ئەگەر ئەوان ئەم تەمومژاوییەیان نەبووایە، کەرکووک دەکرا بێتە بەشێک لە کوردستان، لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا هەر بەشێک لە عێراق دەبوو). دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، فەلاح شەنشال، سەرۆکی لێژنەی دادپەروەری و لێپرسینەوەی پەرلەمان (لایەنگرێکی سەدر)، بەغدا، ٢٧ ئێێلوولی ٢٠٠٩.

(٤٢) خالید شوانی، ئەندامێکی کوردی یەکێتیی نشتمانی ئەندامی پەرلەمانی عێراق گوتی: (من پێشنیاز دەکەم کەرکووک بارێکی تایبەتی هەبێ لەناو هەرێمی کوردستاندا و دەسەاڵتی تایبەتی هەبێ کە نە سەر بە هەولێر بێت و نە سەر بە بەغدا. پەروەردە و خوێندن بە چوار زمان دەبێت و هەموو لایەنەکان هەموو مافێکی کولتووریان دەبێ. لەبارەی بەشکردنی دەسەاڵتیش، تورکمان و عەرەب ژمارەیەکی دیاریکراوی کورسییان پێ بدرێت لە هەر یەک لە ئەنجوومەنی پارێزگا و پەرلەمانی کوردستانیش وێڕای چەند پۆستێکی وەزاریی دیاریکراو لە حکوومەتی هەرێم. تورکمانێک یان عەرەبێک بێتە پارێزگاری کەرکووک، بەاڵیەنی کەم تا مانەمان بە یەک دروست دەبێ. ئەو کات ئێمە پێویستیمان بەوە دەبێ دەنگدانێک بکەین بۆ هەڵبژاردنی پارێزگا نەوەکو ئەوان ئێمە تاوانبار بکەن بە دانانی تورکمانێک کە ڕەنگە لایەنگری کورد بێت) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، کەرکووک، ٢٣ وایۆ ٢٠١٠.

(٤٣) مەسرور بارزانی: (ئێمە لەسەر بەشکردنی دەسەاڵت لە کەرکووک ڕازین. ناکۆکییەکە لەسەر ناسنامەی کەرکووکە) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، سەلاحەدین، ٢١ سێپتێمبەر ٢٠١٠. باوکی ئەو، مەسعوود بارزانی لە گوتەیەکدا گوتی (ناسنامەی کوردیی کەرکووک جێی موساوەمە نییە) ڕۆیتەرز لە زاری بارزانییەوە گواستوویەتیەوە، ١١ دیسێمبەر ٢٠١٠.

(٤٤) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، عەلی ئەدیب، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو (پارتی دەعوە)، بەغدا، ٢٧ مایۆ ٢٠١٠.

(٤٥) لە دەستووری کاتیی عێراقدا، یاسای ئیداریی ئینتیقاڵیی ٢٠٠٤، نەک بەغدا و نە کەرکووک ناتوانن بچنە پاڵ پارێزگایەکی تر یان هەرێمێکی تر. لە دستووری ٢٠٠٥، ئەو سنوورە تەنیا لەسەر بەغدا مایەوە.

(٤٦) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، عەلی ئەدیب، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو (پارتی دەعوە)، بەغدا، ٢٧ مایۆ ٢٠١٠.

(٤٧) لە بەڵگەنامەیەکی نهێنیی مانگی سێپتیمبەری ٢٠٠٩دا بۆ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆ بایدن، باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراق، کریستۆفەر هیڵ پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئیدارەی ئۆباما (ڕۆڵێکی دیارتر و بەهێزتر بگێڕێت لە خاوکردنەوەی مەسەلەی کەرکووک وەکو ناوچەیەکی وروژێنەر و جێی

دووبەرەکی) بە گرتنەبەری (شێوازێکی ڕاستەوخۆتر و چاکتیفتر) بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێکی تۆکمە و لەسەر بنەوای تەوافوق کە یارمەتیدەر دەبێ لە (یەکێتیی نەیشتمانیی عێراق). بەشێ،دەیەکی تایبەت: لە جیاتی ریفراندۆمێکی چارەنووسساز بۆ ئەوەی کەرکووک ببێتەوە بەشێ لە کوردستان، کە بارزانی بەشێوەیەکی سەرسەختانە داوای دەکات و یونامی پێی وایە دەبێتە هۆی شەری ناوەخۆ، ئێمە پێمان وایە ئەمەریکا دەبێ بەشێوەیەکی هێمنانە بەرگری بکا لە ڕێککەوتنێ: لەسەر بنەوای (بارێکی تایبەت) ئینتیقالی لە ڕێی دانوستانەوە بۆ ئەوەی کەرکووک ببێتە ناوچەیەکی ئیداریی جیا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، کە دواتریش بکرێ بە ڕێککەوتن لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق درێژ بکرێتەوە، و گرەنتیی تایبەت و پارێزگاریش پێشکێش بە هەموو پێکهێنەرەکانی ئەو پارێزگایە بکرێ. ئەو ڕێککەوتنە شێوازێکی بەشکردنی دەسەڵاتیش لە خۆ دەگرێت بۆ ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک لە نێوان عەرەب و کورد و تورکمان. ئەمە پەیامێکی زۆر زەحمەت دەبێ بۆ کورد و بارزانی بەتایبەتی. ئەگەر ئێمە ئێستە هەڵوێستی خۆمان ڕوون نەکەینەوە، بۆی هەیە کورد دانوستان زەحمەت بکەن بەهۆی بەهەڵە خوێندنەوەی سیاسەتی ئێمە. گەیاندنی ئەو پەیامە بە کورد، بۆ ئێستە پێویستە بە شێوەیەکی نهێنی بێ نەک وەکو شتێکی سیاسەتی گشتی بەڵگەنامە نهێنییەکە وا دەڵێ کە مێژووی ١٢ی سێپتێمبەری ٢٠٠٩ی پێوەیە و ڕۆژنامەیەکی لبنانی، ئەلئەخبار، بە دەستی کەوتبوو کە لە نۆڤێمبەری ٢٠١٠دا بڵاوی کردەوە. گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتیش لەوتەی ساڵی ٢٠٠٧ەوە پێشنیازی چارەیەکی لەو شێوەیەی کردووە.

(٤٨) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەڕێوەبەری ئەمەریکایی و تورکی، واشنتۆن و ئەنقەرە ٢٠١٠.
جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆ بایدن گوایە لە کۆبوونەوەیەکدا لە ١٧ی سێپتێمبەری ٢٠٠٩دا ئاماژەی بە پێویستیی هەبوونی بارێکی تایبەت بۆ کەرکووک کردووە بۆ مەسعوود بارزانی. دیمانەی گرووپی تەنژەی نێودەوڵەتی، بەڕێوەبەری ئەمەریکایی، واشنتۆن، ٢٥ سێپتێمبەری ٢٠٠٩.

(٤٩) بۆ نموونە، بارزانی جەختی لە مافی کوردستان بۆ هەردووکیان کردەوە لە گوتارێکدا لە کۆنگرەی پارەتەکەی لە هەولێ/ لە ١١ی دیسێمبەری ٢٠١٠دا، کە لەلایەن ئاژانسی ڕۆیتەرزەوە گواستراوەتەوە.

(٥٠) دیمانەی گرووپی تەنەنگژەی ناودەوڵەتی، هەولێر ٣ ئۆکتۆبەر ٢٠٠٩.

(٥١) یونامی ڕاپۆرتکەی ئاشکرا نەکردووە.

(٥٢) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، سەفا ئەلشێخ، بەڕێوەبەر بە وەکالەت، ئەنجوومەنی تەناهیی نیشتمانی، بەغدا، ٢٦ مایۆ ٢٠١٠.

(٥٣) دیمانەی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، بەغدا، ٢٥ مایۆ ٢٠١٠.

(٥٤) ئەم وۆرکشۆپانە لەلایەن دەزگای فریدریک نۆمانەوە ڕێک دەخران لە بەرلین و هەولێر لە ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٩ و هەروەها لە بەیروت لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠دا، هەروەها لەلایەن گرووپی ڕاوێژکاریی دیالۆگ لە ئەمستەردام بە مانگی فێبرایەری ٢٠٠٩ و یۆلیۆی ٢٠١٠دا.

(٥٥) لە کاتێکدا چارەنووسی کەرکووک کێشەی سەرەکییە کە بۆ یەکلاییبوونەوەی دیمۆگرافیا زۆر گرینگە، مەسەلەی بەشکردنی دەسەڵاتیش شتێکی تری: هەرچەندە لایەنەکانی کەرکووک لە بنەوادا ڕەزامەندیی لەسەر پێشان دەدەن، بەڵام لەگەڵ یەک مشتومڕیانە لەسەر لایەنگیری لە مەسەلەی دامەزراندن لە

کەرتی گشتی. بۆ نموونە، شرۆڤەکارێکی عەرەب لە کەرکووک بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو بڕیارێکی دامەزراندن لە کەرکووک (لە ناوەخۆدا دەدرێن و دواتر دەنێردرێن بۆ بەغدا بۆ ڕەزامەندی، ئەمەش مانای وایە هەموو پۆستەکان دەدرێن بە کورد، تەنیا کەرتی پەروەردە و کارەبا نەبێت کە تێیاندا تورکمان دامەزراون. بەغدا وەکو ڕۆتینێک ئەو دامەزراندنانە پەسەند دەکات، لەبەرئەوەی نایەوێ بکەوێتە ناو شەڕێک لەگەڵ هەرێمی کوردستان. تەنیا بواردنێک لەمەڕ کۆمپانیا نەوتی باکور بووە کە بەڕێوەبەرەکەی (عەرەبێکی شیعەی لەدایکبووی کەرکووکە) ڕاستەوخۆ لەلایەن بەغداوە دامەزرێنراوە – وێڕای ناڕەزاییی کورد) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، کەرکووک، ١٨ سێپتێمبەر ٢٠١٠. بەرپرسێکی کورد گازاندەی لەوە هەبوو کە لایەنگیری لە دژی کورد هەیە: (مانگی ڕابردوو، کۆمپانیای نەوتی باشوور ٦٠٠ کەسی دامەزراند، هەر هەموویان عەرەب بوون. ئەو مامۆستایانەی لە توز خورماتو و داقوق دامەزرێنراون، هەموو تورکمانن. ڕۆژەکانی عێراق (ئەندامانی میلیشیای سەحوە) کە خرانەوە سەر هێزی پۆلیس هەر هەموو عەرەبن، لە ناویشیاندا ئەفسەرانی هەواڵگریی پێشوو و بەعسی هەیە. کاتێک ئێمە داوای مافەکانی خۆمان دەکەین لە دژی عەرەب کار ناکەین. ئەمە ئێمەی نیگەران کردووە. حکوومەتی بەغدا کار لە دژی ئێمە دەکات (کورد). بەعەرەبکردن تا ئەمڕۆش بەردەوامە". دیمانەی گرووپی تەنەنگژەی ناوەوڵەتی، هەڵۆ نەجات هەمزە، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، ئاسایشی کەرکووک، کەرکووک، ٢٠ سێپتێمبەر ٢٠١٠.

(٥٦) دوو مەسەلەکەی تر بڕێتی بوون لە گێڕانەوەی مووڵک و ماڵ و بەشکردنی دەسەلات. بۆ تاووتوێی هەوڵە بێهوودەکان بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک، بڕوانە ڕاپۆرتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی ژمارە/٨٨، عێراق و کورد: کێشە بەدرێژاییی هێڵی تەماس، ٨ یۆلیۆ ٢٠٠٩، لاپەڕە ٤– ٧.

(٥٧) ئەندام پەرلەمانان کۆک بوون لەسەر بەکارهێنانی تۆماری دەنگدەرانی ٢٠٠٩ بە مەرج. بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، داهاتووی نادیاری عێراق، لاپەڕە ٢٠–٢١.

(٥٨) حکوومەتی هەرێم بەردەوام کاری کردووە بۆ ئەوەی کوردەکانی کەرکووک لە کەرکووک بهێڵێتەوە و هانی کوردە کەرکووکییەکانی ترە داوە کە لە هەرێم دەژین بگەڕێنەوە بۆ کەرکووک. بۆ نموونە، حکوومەت ڕێگە نادات کوردی کەرکووکی زەویوزار لە هەرێم بگرن یان تازە لەدایکبووەکانیان لە هەرێم ناونووس بکەن، هەروەها فەرمانبەرانی حکوومەتی گواستووەتەوە بۆ نموون مامۆستایان، بۆ کەرکووک و لەوێ زەویی پێ داون، هەروەها سنووری تریشی بەسەردا سەپاندوون. کوردێک کە بەڕەسەن کەرکووکییە و لە هەولێر دادەنیشێت گوتی: "باوکم لە کەرکووک ویستی ئۆتۆمۆبێلە نوێیەکە لە هەولێر تۆمار بکا، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگەیان پێ نەدا بێ کەفیلێک لە هەولێر. ئەو کوردە! ئەمە کوردە کەرکووکییەکان شێت دەکات. ئەوان (سەرانی کورد) پێویستە خۆیان بچن بۆ کەرکووک! ئەوان وا مامەڵە لەگەڵ کوردی کەرکووکی دەکەن وەک ئەوەی لەگەڵ عەرەب مامەڵە بکەن، حەیف" دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، هەولێر ٣ ئۆمتۆبەر ٢٠٠٩.

(٥٩) چەندان هەڕەشە لە دژی ئەندامانی گرووپێکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، وێڕای هەوڵی دەرکردنی خەڵکانێک کە بوونێ ئەوان لەو شوێنانە بە نایاسایی دراوەتە قەڵەم، هەبوون. بۆ نموونە، لە

سێپتێمبەری ٢٠١٠دا، دەسەڵاتدارانی پۆلیسی کوردی لە کەرکووک چەند خێزانێکی عەرەبیان گرت و هەوڵیان دا دەریان بکەن لەو ناوچانە کە لە ئەنجامی شەڕی مەزهەبی لە بەغدا و دەوروبەری لە ساڵی ٢٠٠٦ ئاوارە بووبوون، بە بیانووی ئەوەی ئەوانە نیشتەجێی نایاساین. بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی کوردیی ئەو ناوچەیە بەرگریی لەو کرداره کرد (کە لەلایەن یەکەکانی پۆلیسەوە لەژێر فەرمانی ئەو ئەنجام درابوو) و بە هەوڵێکی نایاسی بۆ ڕێگرتن لە خەڵکی ئاوارە لە دروستکردنی خانوو بێ مۆڵەتی حکوومەت، ئەژمار کرد. "ئێستە نێزیکەی ٨،٠٠٠ خێزان هەن، هەمویان خەڵکی دیالەن. هەمووشیان خێزانی گەورەی ١٠ یان ١١ ئەندامین. ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ترسی تووندوتیژی ڕایان کردووە، بەڵام ئێستە ئەوان خانووی بێ مۆڵەت لێرە دروست دەکەن. ئەمە کێشە دروست دەکات، بۆیە پۆلیس هەوڵ دەدات بیانوەستێنێت." دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەر لە کەرکووک، بەڕێوەبەی ئاسایشی پارتی، کەرکووک، ٢٠ سێپتێمبەر ٢٠١٠ هەر لە دەوروبەری هەمان کاتدا لە ناحیەی دبس، سەرانی عەرەب ڕایان گەیاند هەڕەشەیان لەسەرە کە لەسەر کاغەز بەسەر ماڵاندا بڵاو کرابووەوە، بۆ ئەوەی شوێنەکانیان جێ بێڵن بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، کەرکووک، سێپتێمبەر ٢٠١٠، هەروەها لە بەیروت، ١٥ ئۆکتۆبەری ٢٠١٠. کۆمپانیای نەوتی باکوریش وا بڵاو بووەوە کە هەرەشەی ئەوەی کردووە ئەو گوندنشینە گوردانە ڕاگوازێتەوە کە لەو ناوچانە نیشتەجێن لە بنکەکانی ئەو کۆمپانیایە نێزکە، کە دەسەڵاتدارانی کوردی ناوچەکە بە بەردەوامیی سیاسەتی بەعەرەبکردنیان دایە قەڵەم. بڕوانە ڕاپۆرتی نەوتی عێراق، ٧ ئۆکتۆبەر ٢٠١٠، لە www.iraqoilreport.com

(٦٠) ئەو هەروەها ئەوشی خستە سەر ئەو پێی وایە سەرژمێرییەکە ئەوەندەی ریفراندۆمەکە گرینگ نابێ، لەبەرئەوەی بەتەنیا هیچ شتێک چارەسەر ناکات. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، سەلاحەدین، ٢١ سێپتێمبەر ٢٠١٠. سیاسەتوانێکی کوردی سەربەخۆ لە کەرکووک هۆشداریی لە بەرامبەر بینینی شتەکان بەم شێوەیە دەبڕی، ئەوەشی گوت کە کەناڵی تەلەڤزیۆنی یەکێتی وەکو پێش – ریفراندۆمێک ئاماژەی بە سەرژمێرییەکە کردبوو، بەمەش عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک ترسیان لێ نیشتبوو و وای لێ کردن بەرهەڵستیی بکەن. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، کەرکووک، ١٩ سێپتێمبەر ٢٠١٠. سەرکردەیەکی عەرەب گوتی: (کورد پێیان وایە دوای سەرژمێرییەکە ئەوان چیتر پێویستییان بە ریفراندۆم نابێ) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، عەبدورەحمان مەنشەد ئەلعوبێدی، کەرکووک، ١٨ سێپتێمبەر ٢٠١٠.

(٦١) سەرانی هەموو پێهاتەکانی کەرکووک سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ی عێراق قبوڵ دەکەن وەکو دوا سەرژمێریی دانیشتوان کە جێی پشتپێبەستن بێ بۆ عێراق. کورد هەموو سەرژمێرییەکانی دواتری ڕەت دەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەو سەرژمێرییانە دوای بەعەرەبکردن ئەنجام دراون (کە تێیدا کورد و ناعەرەب بەزۆرەملێ لە کەرکووک و ناوچەکانی تر دەرکران)، لە کاتێکدا عەرەب و تورکمانیش سەرژمێرییەک لەژێر بارودۆخی ئێستەدا ڕەت دەکەنەوە لەبەرئەوەی، ئەوان دەڵێن، کورد ژمارەی دانیشتووانی کەرکووکیان زیاد کردووە بەو کوردانە کە خەڵکی کەرکووک نین. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناوەوڵەتی، ڕاکان سەعید، جێگری پارێزگاری کەرکووک، هەولێر، ١٧ سێپتێمبەر ٢٠١٠.

(٦٢) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، لەندەن، ٢٤ سێپتێمبەر ٢٠١٠.

(٦٣) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، ئەندام پەرلەمانی عێراقییە، واشنتۆن، ٢ نۆڤێمبەر ٢٠١٠، حەسەن تۆران، کەرکووک، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک لە پارتی دادی تورکمان، کەرکووک، ١٩ سێپتێمبەر ٢٠١٠. تۆران گوتی (تەنیا کورد پێویستییان بە خانەی نەتەوەیە لە فۆرمی سەرژمێری – لە ناوچە کێشەدارەکان. ئەمە پرۆژەیەکی سیاسییە و بۆ پەرەپێدانی عێراق پێویست نییە)

(٦٤) مادەی یەکەم – پێناسەی یاسای ژمارەی ٤٠ی ٢٠٠٨ (کە لە ئۆکتۆبەر ٢٠٠٨ لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا) ئەوە لەخۆ دەگرێت: "داتای ئاماری: هەموو ژمارە زانیارییەک کە پێوەندیی بە لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و تەندروستیی دانیشتوانەوە هەیە. هەروەها زانیاری لەسەر پەروەردە، ئاستی ژیان، نەتەوایەتی، ئاین، نیشتەجێبوون و زانیاری تریش دەگرێتەوە". لە مادەی ٦دا، بە ڕوونی دەڵێ کە کۆمسیۆنی باڵای سەرژمێری کە بەرپرسیارە لە: "داتای دیمۆکرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەبارەی دانیشتووان و داتای ئاماری لەبارەی خانوو و نیشتەجێیەکانیان لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراوی کاتدا" ئەمە پێ دەچێ مانای وابێ کە "زانیاریی ئاماری لەبارەی خانوو و نیشتەجێکانیان" پێویستە داتا لەبارەی نەتەوایەتیش بگرێتەوە.

(٦٥) دوای ئەوەی وەزیری پلاندانان عەلی بابان ئەم هەنگاوەی پێشنیاز کرد، هاوشانەکەی لە حکوومەتی هەرێم گوتی "ئەگەر خانەی نەتەوایەتی لابرێت لە فۆرمەکە، ئەوا هەرێم کوردستان بەشداری ناکات لە سەرژمێرییەکەدا". ئەوەشی خستە سەر کە لابردنی ئەو خانەیە "پێشێلکارییەکە ڕوونی دەستوورە" ئاژانسی فرانس پرێس ئەمە گواستووەتەوە. ٢٠ ئۆکتۆبەرە ، ٢٠١٠ ئەو بڕیارە ڕەنگە پێشێلکاریی یاسای عێراقی بێت نەک دەستوور، کە هیچ داواکارییەکی دیاریکراوی لەبارەی سەرژمێرییەوە تێدا نییە.

(٦٦) ئەوان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئاماژەکردن بە سەرژمێرییەکی نیشتمانی وەکو سەرژمێرییەکەی جیاواز لە ڕووی یاساییەوە لەو سەرژمێرییە تایبەتەی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا بکرێ تەنیا شتێکی ڕەمزییە لەبەرئەوەی هەمووان لە گوتاری سیاسییاندا هەر ئەو سەرژمێرییە نیشتمانییە بەکار دێنن بۆ ناوچە کێشەدارەکان و هەروەها کە ئەو کێشەیە بەر لە هەموو شتێک کێشەیەکی سیاسییە. سیاسەتوانانی کورد کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو جۆرە جوداکردنەوەیە هیچ مانایەکی نییە. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەغدا، ١٧ یەنایەر ٢٠١١.

(٦٧) ڕەنگە چارەسەرێکی مامناوەندی ئەوە بێ خانەی نەتەوایەتی بکرێتە ئیختیاری (هەروەکو لە فۆرمی سەرژمێریی ئەمەریکاداوایە، بۆ نموونە).

(٦٨) دیمانەی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، عەبدوڵڵا سامی (عەرەب)، بورهان مزهەر ئەلعاسی (عەرەب) و حەسەن تۆران (تورکمان، ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، کەرکووک، ١٩ یەنایەر ٢٠١١.

(٦٩) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەغدا، ١٢ یەنایەر ٢٠١١.

(٧٠) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، عەبدورەحمان مەنشید ئەلعوبێدی، کەرکووک، ١٨ سێپتێمبەر ٢٠١٠.

(٧١) سیاسەتوانێکی کوردی سەربەخۆ گوتی خەڵکی کەرکووک خەمیان خزمەتگوزارییە و پشتگیری لە هەر کەسێک دەکەن کە ئەو خزمەتگوزارییانەیان بۆ دابین بکا، بەڵام ئەوەشی گوت کە کورد دەنگ بۆ کورد دەدەن لەبەرئەوەی هەست دەکەن هەبوونیان لە کەرکووک جێگیر پارێزراو نییە و پێویستییان بە پارێزگاریی چەکاریی پارتە کوردییەکان هەیە. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، کەرکووک، ٢٠ یەنایەر ٢٠١١.

(٧٢) ئەلعێراقییە ٥،٠٠٠ دەنگی زیاتر لە هاوپەیمانیی کوردستانی بە دەست هێنا. بەم، هاوپەیمانی کوردستانی زیاتر لە ٥٨،٠٠٠ دەنگی زیاتریان دۆڕاندە پارتە کوردییە ڕکابەرەکان، دیارترینیان گۆڕان لەوەی کە عێراقییە دۆڕاندییە پارتە عەرەبەکانی تر کە نێزیکەی ٤٠،٠٠٠ دەنگ دەبوو. بۆیە هاوسەنگی (دووبارە وا دابنێین کە کورد دەنگی بۆ کورد دا و عەرب و تورکمان بۆ لیستە عەرەبەکان) تەنیا ١٣،٠٠٠ دەنگ بوو لە بەرژەوەندی کورد _ زۆر کەمتر لەو جۆرە زۆرینەیەی ئەوان پێشبینییان دەکرد و دەیانەویست بۆ ئەوەی کەیسەکەیان بەهێز بکەن بۆ ئەوەی کەرکووک بخەنەوە سەر کوردستان.

(٧٣) خالید شوانی، کاندیدی سەرەکیی هاوپەیمانیی کوردستانی لە کەرکووک گوتی: "ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئەتنیی کەرکووک نەبوو. دەنگی کورد پەرتەوازە بوو، لە کاتێکدا لایەنی عەرەب و تورکمان زیاتر ڕێکخراوتر و تونتر بوو. وێڕای ئەمە، لە حەویجە ساختەکاری هەبوو. ئێمە ناڕەزاییمان تۆمار کرد (لەلایەن کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانەوە) بەڵام دواتر دەستبەرداری بووین لە پێناو یەکێتیی نیشتمانیدا" دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، کەرکووک، ٢٣ مایۆ ٢٠١٠. ئەندامێکی ئەلعێراقییە نکوولیی لەوە نەکرد کە خرووقاتەکانی حەویجە یاریدەر بوو لەوەی لیستەکەی ئەو دەنگی زیاتر بێنێت. ئەوەشی خستە سەر کە عەرەب سوودمەند بوون لەبەرئەوەی گۆڕان بەشێوەیەکی ورد چاودێریی ژمارەدنی دەنگەکانی دەکرد لە ناوچە کوردییەکاندا، بەڵام هیچ سەرپەرشتییەکی لەو شێوەیە لە ناوچە عەرەبییەکانی وەکو حەویجە نەبوو. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، عەمان، ٦ نۆڤێمبەر ٢٠١٠.

(٧٤) ئەرشەد سالحی، کاندیدی سەرەکیی ئەلعێراقییە لە کەرکووک، گوتی "ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕەنگدانەوەی قەبارەی دانیشتووان نییە. ژمارەیەکی زۆر کوردی نایاسایی لە کەرکووک هەن، خەڵکانێک کە بە ئەسڵ کەرکووکی نین" دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، کەرکووک، ٢٣ مایۆ ٢٠١٠.

(٧٥) محەمەد تەمیم، کاندیدێکی سەرکەوتووی ئەلعێراقییە لە کەرکووک، گوتی سەرەڕای ئاستەنگ لەلایەن کوردەوە لەو ناوچانەی عەرەب کەمینەن (ئەو ئاماژەی بە چەند گوندێک کرد لە ناوچەی لەیلان و دبس و داقوق)، دەنگدەرانی عەرەب خۆیان گەیاندە بنکەکانی دەنگدان، هەندێ جار بە یارمەتیی سوپای عێراقی کە بنکەکانی دەنگدانیان دەپاراست و ئۆتۆمۆبێلەکانیان بۆ گواستنەوەی دەنگدەران بۆ ناو شارەکان بەکار دەهێنا. "دەنگدەرانی عەرەب وەکو کۆماندۆی سوپا خۆیان خشاندە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە" ئەو وای گوت، وەکو ئاماژەیەک بۆ هەم سەختی و هەم سووربوونی ئەوان لەسەر دەنگدان. "کورد دەیانبردەوە ئەگەر زیاتر بەرەو پیری دەنگدانەوە بچووبانە. بەڵام تووڕەییەک لە پارتە سەرەکییەکان هەیە (پارتی و یەکێتی) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەغدا، ٢٧ مایۆ ٢٠١٠.

(٧٦) ژمارەی لە سەدا ١٧ لە بەرنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراک)ی ساڵانی ١٩٩٠ەکانی نەتەوە

یەکگرتووەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، کاتێک هەرێمی کوردستان بڕێکی دیاریکراوی داهاتی نەوتی عێراقی ڕاستەوخۆ لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەردەگرت لە کاتێکدا ئەو هەرێمە کەوتبووە دەرەوەی دەسەڵاتی بەغدا. لە کاتێکدا هیچ سەرژمێرییەک ئەنجام نەدراوە، هۆکاری تر بەکار هاتوون بۆ دیاریکردنی بۆ لێکدانەوی ژمارەی دانیشتووان، بۆ نموونە سیستەمی کارتی خۆراک کە ئەویش زۆر ورد نییە، بەڵام وەکو بنەوایەک بۆ هەڵبژاردنەکان بەکار هاتووە. پێویستیی هاندانی ئەو کوردانەی لە ئەسەڵدا خەڵکی ناوچە جێناکۆکەکانن و لە هەرێمی کوردستان دەژین بۆ ئەوەیە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەیان پێش ئەوەی سەرژمێری ئەنجام بدرێ زیاتر ڕێژەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی هەرێم و داهاتی سالانەیان لە بودجە کەم دەکاتەوە.

(۷۷) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەغدا، ۱۲ یەنایەری ۲۰۱۱.

(۷۸) ئالۆزییەک لە نەینەواش سەری هەڵداوە. نەینەوا پێکهاتەی کەمینەی تێدایە کە وەکو کەمینەی ئایینی یان ئەتنی پۆلێن کراون وەکو یەزیدی و شەبەکەکان. بەڵای زۆرێک لە کورد، یەزیدییەکان کوردی نا موسڵمانن، بەڵام بەڵای زۆری تر، لەناویشیاندا زۆر لە یەزیدییەکان خۆیان، پێکهاتەیەکی ئەتنیی جودان. هەمان شت بۆ شەبەکەکانیش ڕاستە. لایەنی ئەتنیی ئەو پێکهاتانە لە ڕووسیاسییەوە پێوەندیدارە ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین کە هەبوونی ئەوان لە ناوچە جێناکۆکەکانی نەینەوا پێشوەچوونی بەرەو سەرژمێریی لەو پارێزگەیە پەک خستووە. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، ناسۆ ئەلروبەیعی، وەزیری پلاندانان بە وەکالەت، بەغدا، ۱۷ یەنایەر ۲۰۱۱. وێڕای ئەمە، نەینەوا سێ ناوچەی جیای هەیە کە لەلایەن هێزی تەناهیی کوردەوە کۆنترۆڵ کراون. پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگا هەردوو پێداگری دەکەن کە پارێزگەی نەینەوا پێویستە سەرژمێرییەک لەو ناوچانەدا ئەنجام بدات، وەکو تەواوی ناوچەکانی تری ئەو پارێزگایە، لە کاتێکدا حکوومەتی هەرێم دەڵێ ئەو دەبێ ئەو سەرژمێرییە لەو ناوچانە بکا. حکوومەتی فیدراڵی دەتوانێ ئەو بەرپرسیاریەتییە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام تا ئێستە هیچ ڕێککەوتنێک لەو بارەوە نییە بەهۆی نەبوونی متمانە لە نێوان سەرکردایەتیی نەینەوا و حکوومەتی هەرێم. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، مەهدی عەلاق، جێگری وەزیری پلاندانان و بەرپرس لە سەرژمێری، بەغدا، ٦ نارسی۲۰۱۱.

(۷۹) شەش ناحیەکە بڕێتین لە: ئاکرێ، حەمدانیە، شێخان، سنجار، تەلەعفەر، تەلکێف.

(۸۰) دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەغدا، ۲۲ مایۆ ۲۰۱۰.

(۸۱) ئامادەبوونی نوجێفی موفاجەئە بوو، بەڵام لەوەش موفاجەئەتر ئەوە بوو کە مایەوە سەرەڕای لێدوانەکانی مەسعوود بارزانی لەبارەی مافی کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسین و کەرکووک، کە تا ڕادەیەک کێشەی نایەوە، بەتایبەتی لەناو لیستەکەی نوجێفیدا – عێراقییە.

(۸۲) جێگری سەرەک وەزیران رافیع ئەلعیساوی، عەرەبێکی سوننی خەڵکی فەلوجە، هەر زوو دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە یەنایەری ۲۰۰۹دا دەستی کرد بە دروستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ سیاسەتوانانی نەینەوا. ئەو لە ڕەبیعە لە کۆبوونەوەیەک لە ئەپریلی ۲۰۰۹دا بەشداری کرد کە تێیدا بڕیار درا نوجێفی ببێتە پارێزگار. ناوبژیوانیی ئەو لە نێوان نوجێفی و سەرانی کورد لە نەینەوا (هەروەها لەگەڵ حکوومەتی هەرێمیش) لە یۆنیۆی ۲۰۰۹دا دەستی پێ کرد، لە مانگی یۆلیۆی هەمان

سـاڵیش، ئەنجـوومـەنی تەناهیی نیشـتـمـانی داوای لێ کرد سـەرۆکایـەتیی لیژنەیەک بکا لـە نەینەوا بۆ لێکۆڵینەوە هۆکاری بارگرژییـەکان و پێشنیازی چارەسـەر بکا. ئەم هـەوڵانەی لە ئابی ٢٠٠٩دا لەوپەڕی گـوڕ و تینـدا بـوو کاتێک جـەنەراڵ ڕای ئۆدێرنۆ، فـەرماندەی ئەمـەریکا لە عێـراق، پێشنیازی کرد خـاڵی پشـکنـین و دەوریـیـەی هـاوبەش بەدرێژاییـی هێـلـی تـەمـاس دامـەزرێن. دیمـانەی گـرووپـی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەڕپرسـێکی ئاگـەدار لە دانوسـتـانەکان، بەغدا، ٢٦ سـێپـتـێمـبـەر ٢٠٠٩. بڕوانە ڕاپۆرتی گـرووپی تەنگژی ناودەوڵەتی، بەرەی شـەڕی نـوێی عێـراق، لاپەڕە ٣٧. دوای ژمـارەیـەک لە کـۆبوونەوەی سـەرکـەوتوو، ناوبژیوانییـەکە بەر زەوی کـەوت لە یەنـایـەری ٢٠١٠ لەبەرئەوەی هـەڵبـژاردنی بەدوا هـات، دواتر لـە ئێـریلی هـەمـان سـاڵ دەسـتـی پێ کـردەوە دوای ئەوەی دەرەنجـامـی هـەلبـژاردنەکـە وێنە سیاسییەکەی ڕوون کردەوە.

(٨٣) بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، بەرەی شـەڕی نوێی عێراق.

(٨٤) لە سێپتێمبەری ٢٠٠٩دا، هێزەکانی ئەمەریکا پێشنیازی ڕێگەچارەیەکی چەن قۆناخیی کرد کە تێیدا: کـورد دان بـە سنووری نـەینەوا دابنێن وەکـو سنووری شــەرعی قـبـووڵ بکـەن حکوومـــەتی ناوەخـۆ سەروەریی بەسـەر هـەموو پارێزگەوە هـەبێ و لە بەرامبـەریشدا کورد جێگری پارێزگار پـۆستی سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی پارێزگا وەربگرێت. دواتر بۆ مـاوەی شـەش مـانگ دەوریـیـە هـاوبەش لە هێزی ئەمـەریکایی، عێراقی و کوردی تەناهی بپارێزن، ئواتریش پێشمـەرگە و ئاسـایش بخرێنەوە سـەر سوپای عێراق و پۆلیس و لە خـەڵکی ناوچەکـە کـارمـەندیان بۆ دابین بکرێت. دیمانەی گـرووپـی تەنگژە، یاریدەری ڕای ئۆدێرنۆ، بەغدا، ٢٥ سـێپـتـێمـبـەر ٢٠٠٩. دەوریـیـە هـاوبەشەکان لە یەنایەری ٢٠١٠دا دەسـتیان بە کار کرد. بەڵام ڕێککەوتنە گشتییەکە بێبەر دەرچوو.

(٨٥) دیمانەی گـرووپی تەنگژە، کـەریم سنجـاری، وەزیری ناوەخـۆی حکوومـەتی هـەرێم، هـەولێـر، ٩ مـارس ٢٠١٠، لەگـەڵ حـونەین قـادو، سکرتێری گشـتیی گردبوونەوەی دیموکراتیی شـەبەک، بەغدا، ٢٨ مـایۆ ٢٠١٠.

(٨٦) (ئێمـە هیـوا دەخـوازین کـە دانوسـتـانەکـان بـە ئەنجـامی ئیـجـابیـیـەوە یاریدەر بێت لە پێکهـێنانی حکوومـەتی نـوێ. ئەگـەر ئێمـە بتـوانین بگـەینە ڕێککەوتنێک لەگـەڵ کورد لەبارەی نەینـەوا، ئەمـە هـەمـوو شـتێک ئاسـانتر دەکات. ئەو کات ئێمـە دەتوانین بـەیەکەوە هاوپەیمانەتییـەک پێک بێنین بۆ پێک هێنانی حکوومـەت) دیمانـەی گـرووپـی تەنگژە، ئـوسـامـە نوجـێـفـی، بەغـدا، ٢٢ مـایۆ ٢٠١٠. هـەردوو لا لەوە تێگەیشتن کە هیچ ڕێککەوتنێکی کۆتایی ناگاتە ئەنجام لەبارەی نەینەواوە هەتا حکوومەتێک پێک نەیەت کە عێراقییەش وەکو پێکهێنەرێکی سەرەکی لەخۆ بگرێت و کوردیش وەکو هاوبەش. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ئوسامە نوجێفی، بەغدا، ٧ی ئاب ٢٠١٠، لەگەڵ کەریم سنجاری، وەزیری ناوەخۆی حکوومەتی هەرێم، هـەولێـر، ٢٢ مـایۆ ٢٠١٠. بەڕپرسـێکی ئەمـەریکایی ڕوونی کـردەوە کـە: (ئێمـە بنیـمـان ئەو پرۆسەیە تا ئەو جێیەی پێ کرا بەردەوام بوو، لە غیابی حکوومـەت. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە هیچ لایەکیان ئامـــادە نیـــیـــە تـەنازولێکی مـانـادار بکا تا دڵنیـــا نەبنـەوە لەوەی دەبنـە هـاوبەش لـە هاوپەیمانەتیی فەرمانڕەواییکردندا) دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ٢ یۆلیۆ، ٢٠١٠.

(٨٧) دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەڕپرسێکی یونامی، ١٢ ئەپریل ٢٠١٠.

(٨٨) لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠، ئەسیل نوجێفی، پارێزگایر نەینەوا لەگەڵ عەجیل یاوەر، سەرۆک خێڵێکی گرینگ و ئەندام پەرلەمانی عێراقی لە پارێزگای نەینەوا، سەردانی هەولێریان کرد وەکو بەشێک لە دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم. (ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو بۆ هەموان) یەکێک لە بەشدارانی گفتوگۆکان وای گوت. دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ٢٧ مایۆ ٢٠١٠.

(٨٩) ئوسامە نوجێفی لە ٢٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ بە یاوەری سەرکردەی عێراقییە ئەیاد عەلاوی و ئەندام پەرلەمانتارانی عێراقییە سالح موتلەگ و رافیع ئیلعیساوی سەردانی هەولێریان کرد. یەکێک لە بەشدارانی گفتوگۆکان گوتی نوجێفی بە دانوستانکارە کوردەکان گوت کە ئەو ئامادەیە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵداتەوە و کاتی ئەوە هاتووە چارەسەرێکی سیاسی بدۆزرێتەوە. دیمانەی گرووپی تەنگژە، ٢ نۆڤێمبەر ٢٠١٠. لە ١١ی نۆڤێمبەر، نوجێفی (لەگەڵ سەرەک وەزیران نووری مالیکی و عەلاوی و کەسانی تر) لە یەکەمین ڕۆژی کۆنگرەی پارتی لە هەولێر ئامادە بوون، کە تێیدا مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند کورد مافی کەرکووکیان هەیە و هەرێمی کوردستانیش مافی چارەی خۆنووسینی هەیە.

(٩٠) دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەولێر، ٢٠ یەنایەر ٢٠١١.

(٩١) دیمانەی گرووپی تەنگژە، بەغدا، ١٧ یەنایەر ٢٠١١.

(٩٢) دیپلۆماتکارێک گوتی برایانی نوجێفی بەتەواوی تەناهیی نەینەوایان لە بەردەست نییە. خێڵە عەرەبەکان بەلای سنووری سووریاوە کە هاوپەیمانەتییان لەگەڵ ئەواندا هەیە بۆی هەیە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد قبوڵ نەکەن. بڕوانە دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەولێر، ٢١ یەنایەر ٢٠١١. دیپلۆماتکارێکی تر گوتی سەرانی کورد بە پێوەندیی لەگەڵ تورکیا پشتقایمن بۆ ئەوەی ئوسامە نوجێفی پابەند بکەن بە ڕێککەوتنەکە، بەڵام ئەو ڕەنگە قورسایی و شێوازی خۆی بۆ ململانێیەکە پەرە پێ بدات. دیمانەی گرووپی تەنگژە، هەولێر، ٢٢ یەنایەر

(٩٣) نیشانەی دڵخۆشکەری تر هەبوون. وەکو بەشێک لە گفتوگۆکانی نەینەوا، دانوستانکارە کوردەکان گوایە ئەوەیان پێشان دابوو ئەوان هێڵی سەوز وەکو سنووری فەرمیی نێوان هەرێمی کوردستان و تەواوی ناوچەکانی تری عێراق قبوڵ دەکەن، کە چارەسەرێکی چاوەڕوانکراوە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان. ئەمە هەڵوێستی سالی ٢٠٠٩ی کوردی پێچەوانە کردەوە، کاتێک ئەوان نکوولییان لە شەرعییەتی هێڵی سەوز دەکرد (کە لە دەستوور وەکو نوێنەری سنووری هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە) بەهۆی نائومێدییان لە نائامادەیی حکوومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠. بڕوانە ڕاپۆرتی گرووپی تەنگژە، کێشە بەدرێژاییی هێڵی تەماس، لاپەڕە ١٠-١٢. سەرانی کورد هەروەها ڕازی بوون هێزەکانی ئاسایشیش لە سالی ٢٠١٠دا خاڵێکی پشکنینی هاوبەش لە نەینەوا بکێشنەوە. دیمانەی گرووپی تەنگژەی ناودەوڵەتی، مەسروور بارزانی، سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی و ئاسایشی حکوومەتی هەرێم، سەلاحەدین، ٢١ سێپتێمبەر ٢٠١٠.

کورد و هاشمییەکان

مێژوویەکی پڕ لە دۆستایەتی و وەفاداری

مێژووی کوردستان و کەسایەتییەکانی

د. محەمەد عەلی سوێرکی

پێشەکی

عەرەبە موسڵمانەکان ساڵی (١٦ی کۆچی = ٦٣٧ ی ز) بۆ یەکەمین جار دوای گرتنی شاری تکریت و حولوان کە شا یەزدگوردی ساسانییان بەلەشکرەوە تێیاندا ستاری گرتبوو، پێوەندییان بە کوردەوە کردووە، کە هەر یەکە لە (سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس) و (خالیدی کوڕی وەلید) و (عییازی کوڕی غەنەم) و (ئەبوموسای ئەشعەری) بەشدارییان لەم شارگیرییەدا کردووە، لە ساڵی ١٨ی کۆچیشدا دوای گرتنی (تکریت)، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس بە فەرمانی (عومەری کوڕی خەتاب) سێ لەشکری بۆ گرتنی (جزیرە)ی (ولاتی کوردان) نارد.

بەم جۆرە بە داهاتنی ساڵی ٢٥ی کۆچی= ٦٤٥ ی زاین، دوای گرتنی ئیسلامی، کوردستان بووە بەشێک لە دەوڵەتی ئیسلامی و کوردیش کەوتووەتە ناو ڕایەڵەی کۆمەڵی فرەجۆری ئیسلامی و بەشداریان لە لەشکرەکانی خاکگیری و خزمەتی میر و سوڵتانانداندا کردووە و هەندێکیشیان دەچوونە ناو بازنەکانی زانست و خوێندنەوە، هەروەک هەندێکیشیان، هەروەک گەلانی تر، بەشداریی ئەو ئاژاوە و پشێوییانەیان دەکرد کە لە ناوچەکانیاندا یان لە نێزیکیاندا بەرپا دەبوو.

هەروەها وەک باسی لێوە کراوە بەرلەوەش پێوەندی لە نێوانی کورد و عەرەبدا بووە، لەم بارەیەوە گوتراوە کە یەک لە یاوەرە کوردەکان کە ناوی (جابانی کورد) هەبووە، لە مەکە ژیاوە و یاوەریی محەمەدی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێ)ی کردووە و دوای ئەو کوڕی ئەو کە ناوی مەیموونی کوڕی جابانی تابعی) (واتە: یاوەری یاوەران) دەرکەوتووە و لە باوکییەوە هەندێک فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

لەبارەی جابان (گابان)ی باوکی مەیموونی کوردییەوە، محەمەد ئەفەندیی ئالووسی لە کتێبی (تفسير روح المعاني) لێکدانەوەی گیانی واتاکانیدا باسی لێوە کردووە و دەڵێ: تەماشای کتێبی: (الاصابه في تمييز الصحابه) بۆچوونی دروست لە ناسینی یاوەرانداى: (الحافظ بن حجر العسقلاني) حافزی کوڕی حەجەری عەسقەلانیی کردووە، کە جابانی کورد هەندێک فەرموودەی لەبارەی مارەیی و هی تر‌ەوە گێڕاوەتەوە، هەروەها لەبارەی مەیموونی کوڕیشیەوەی لێکۆڵیوەتەوە کە یەکێک بووە لە تابیعەکان. هەروەها لە کتێبی: (أسد الغابه) ئوسدولغابەی ئیبنولئەسیر و کتێبی:

(تجريد أسماء الصحابة) (تەجرید ئەسمائوسەحابە)ی حافزی زەهەبی، فەرموودەیەکی بیستووە کە لە محەمەدی پێغەمبەر (دروودی لێ بێ)ی بیستووە دەڵێ: (أن أيّ رجل تزوّج امرأة وهو ينوي ألا يعطيها الصداق لقي الله عز وجل وهو زان.) واتە: هەر پیاوێک ژنێکی خواست و نیازی پێدانی مارەییەکەی نەبێ، وەک زیناکارێک بەرامبەر خوا دەبێتەوە. هەروەها د. ئەحمەد ئەلخەلیل دەڵێ: دوور نییە جابان لە دانیشتووانی مەکە بووبێ و دوای موسڵمانبوونی لەگەڵ ئەوانەی بێ پشت و پەنا بوونە (مستضعفين) کۆچی کردبێت بۆ مەدینە، چون ئەوەی زانراوە ڕەوەندێکی فورس و ڕۆم و سابیئی و حەبەشی، بە مەبەستی بازرگانی و ئاین بڵاوکردنەوە و سیاسییەوە لە مەکە نیشتەجێ بوونە، جابانیش دوور نییە یەکێکی ئەو ڕەوەندانە بووبێ، یان یەکێک لەو بەندانە، دەبێ ئەوەش بە بەرچاوەوە بگرین کە کوردەکان ئەوسا وەک ئیساسەتیش و وەک ڕۆشنبیریش لەسەر فارسەکان ژمێرراون[1].

عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیب ڕێز لە جەژنی نەورۆز دەگرێ

دەڵێن لە کوفە دیاری و شمەکێکی دانسقە لە جەژنی نەورۆزدا لای ئیمامی عەلی کۆ بووەتەوە، پەسندی نەکردووە، پێیان گوتووە: ئەمە ڕۆژی نەورۆزە، گوتوویەتی: کەواتە هەموو ڕۆژێک بۆ ئێمە نەورۆزە[2]، وەکو دیاریشە ئەمە جەژنێکی نەتەوەییە و کوردەکان لە ٢١ ی ئاداری هەموو ساڵێک ئاهەنگی تێدا دەگێڕن.

ئەبوموسلیمی خوراسانیی بانگهێشتکار دەوڵەتی عەباسی دادەمەزرێنێ

دوای کوژرانی حوسێنی کوڕی عەلی لە دوای کارەساتی کەربەلای زانراودا، دوژمنایەتی لە نێوانی ئومەوییان و ئەو عەلەوییانەدا تووندتر بوو کە چەندان شۆڕشیان لە ویلایەتە ئیسلامییەکاندا بەرپا کرد، دواتر کارێکی بە بایەخ هاتە گۆڕێ کە گوازرانەوەی پێشەوایەتی (ئیمامە) بوو لە بنەماڵەی عەلیی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە لەسەر دەستی ئەبی هاشمی کوڕی محەمەدی حەنەفییە بۆ بنەماڵەی عەباسی مامی پێغەمبەر دروودی لێ بێ، کە سولەیمانی کوڕی عەبدولەلیکی جێنشینی ئومەوی کوشتنەکەی ڕێک خست ئەوەش بە دەرمانخواردکردنی کە لە ڕێی بەرەو گوندی (حومەیمە)ی

باشووری ئوردندا بووه که محەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی یەک لە ئامۆزایانی لێ دادەنیشت، هەر کە هەستی بە نێزیکبوونەوەی مەرگی کردووە، نهێنییەکانی بانگهێشتی هاشمیی بۆ درکاندووە و دەستی لە مافی پێشەوایەتیی بۆ هەڵگرتووە و ناوی بانگهێشتکارانی لە کووفەی پێ ڕاگەیاندووە و لێرەشەوە مافی پێشەوایەتی لە بنەماڵەی هاشمییانی عەلەوییەوە چووە لای بنەماڵەی عەباسیی هاشمی[٣].

محەمەدی کوڕی عەلیی عەباسی بە هێزەوە دەستی دایە بانگهێشت و بانگهێشتکارانی دامەزراند و پێی ڕاسپاردن کە بە نهێنی بانگهێشت لە کووفە و خوراساندا بڵاو بکەنەوە، بەڵام بانگهێشت بە هاتنە پاڵەوەی (ئەبومۆسلیمی خوراسانیی کورد)ەوە کەوتە کار و جێنشینیی عەباسی ئەگەر ئازایەتی و دەسڕۆییی ئەم قارەمانەی لە خوراسانی نە قۆستایەوە نەدەگەیشتە ئەو هێز و بەرزییە، کە بانگهێشتی عەباسیی پەسند کردووە و لایەنگیری بنەماڵەی کردووە و دەستی بە بانگهێشت کردووە بۆ پشتگیریکردنیان و لە خوراساندا خەڵکی ئامادە کردووە بۆ شۆڕشی دژی ئومەوییان و توانیویەتی شۆڕشگێڕان کۆ بکاتەوە و بەرەو دیمەشقی پایتەختیان پێشڕەوی بکا تا لە ساڵی ١٣٢ی کۆچی، ٧٥٠ی زاین بۆی لوا و قەوارەیانی ڕووخاند.

لە شۆڕشەکەدا فارس و کورد و عەرەب لەگەڵدا بەشداریان کرد، کە مەڕوانی دووەمی دوا جێنشینی ئومەوییان لە لێدوانی بەردەم لەشکرەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوون و دەڵێ: ئەی ڕۆڵەکانی سەربەستان، هێرش ببەنە سەر ئەمان، کە خەڵکی شارەزوریان کۆ کردووەتەوە (کە ناوچەیەکی کوردییە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدایە) و لە خەڵکی خوراسان و بەرچاوڕوونان زۆریان لەگەڵدا نییە).

ژیننامەکەشی دەڵێ: ناوی عەبدولڕەحمانە و بە ناوی ئەبومۆسلیمی خوراسانییەوە ناسراوە، ناوی باوکی بەر لە موسڵمانبوونی (بەندا هورموز) بووە، کە موسڵمان بووە ناوی (عوسمان)ی لێ نرا، ئەبومۆسلیمیش ناوی (بێهزادان) بووە و ساڵی ٧١٨ ی زایین لە (ماهی بەسرە)ی سەر بە (ئەسفەهان)دا لەدایک بووە، لە کووفە پێوەندیی بە (ئیبراهیمی کوڕی محەمەدی عەباسی) یەوە کردووە و ساڵی (٧٤٥ – ٧٤٦ ی زاین) وەک بانگهێشتکارێکی عەباسییان ناردوویەتییە خوراسان، لەوێ نیشتەجێ بووە و خەڵکەکەی کێشاوەتە لای خۆی و هەڵمەتی بردووەتە سەر والیی نیسابوور و کوشتوویەتی و دەستی بەسەر نیسابووردا گرتووە و دەسەڵاتی تێدا گرتووەتە دەست و لێدوانی بەناوی ئەبولعەباس ئەلسەففاحی عەباسی (عەبدوڵڵای کوڕی محەمەد)ەوە داوە و لە بانگهێشتە سیاسی و ئایینییەکەیدا سەرکەوتووە، هەر وەک دەڵێن خەڵکی شەست دێی نێزیک مەرو لە یەک ڕۆژدا هاتوونەتە پاڵی و دێهقانەکان (خاوەن زەوییە فارسەکان)ی خوراسان لەسەر دەستی ئەم نەبێ نەبوونەتە ئیسلام.

لە هاوینی ١٢٩ی کۆچی، ٧٤٧ ی زایندا بە ئاشکرا ئالای یاخیبوونی هەڵدایەوە و توانی هەموو ناحەزانی دەوڵەتی ئومەوی لەژێر ئالایدا کۆ بکاتەوە و خەڵکی یەمەنیشیان لەناودا بووە، ئینجا

لەشکرێکی بۆ شەڕی مەڕوانی کوڕی محەمەدی دوا شای ئومەوییان بەڕێ خست. لەسەر زێی (نێوانی مووسڵ و هەولێر)ی کوردستانی عێراقدا بەرامبەر یەک هاتن و هەر لەوێدا سەربازانی دەوڵەتی ئومەوی بەرەو شام هەڵهاتن و مەڕوانی دووەمیش بەرەو میسر هەڵهات و لە (بووسیر)ی سەعیددا کۆژرا، کە دەوڵەتی ئومەوییش لەناوچوو، ئەبولعەباس ئەلسەفاح دامەزرانی جێنشینێتیی عەباسییانی لە بەغدا جارِ دا.

ئەبومووسلیم تا ساڵی ١٣٧ی کۆچی (٧٥٤ – ٧٥٥ی زاین) هەر والیی خوراسان بوو، کە ئەبوجەعفەری مەنسووری جێنشینی عەباسی هەڵی خەڵەتاند و هێنایە عێراق کە ئەوەی لێ بینی کە مەترسیی چاو لە پاشاییی لێ بکرێ و پێشتریش ڕق و کینەیان لە نێودا بووە، بە نامەردی و لە بێئاگاییدا لە مەدائیندا کوشتی، مەنسوور پێخۆشحاڵی شیعری گوتووە کە دەڵێ:

زعمت أن الدين لا يقتضى فاستوف بالكيل أبا مجرم
اشرب بكأس كنت تسقي بها أمر في الحلق من العلقم

واتە:

لافت لێداوە کە قەرز بە پێودانگ دادرێتەوە
ئەتۆش جامێک بنۆشە لە گوێژاڵک تاڵترت پێ دەرخوارد دەدا

لە زمانی عەرەبی و فارسیدا زمانپاراو، ئازا و بلیمەت و سەخت و شیعر گێڕەرەوە بووە، دڵڕەق، شمشێر قەمچیی بووە. چاوچنۆکیی لە خەڵکی تر کەمتر بووە، ساڵی ٥٦٩ی کۆچی، ١١٧٣ی زاین کە مردووە نە خانوو و نە تەلار و تەنانەت قولێک و نە دینارێکیشی بووە.

لەبارەی کوردێتیی ئەبومووسلیمیشەوە، دوکتۆر ئیحسان عەباس لە تۆژینەوەی کتێبی مردنی گەورەپیاوان (وفیات الاعیان)ی ئیبن خەلەکانی مێژوونووسدا ئاماژەی بۆ کردووە و پشتی بەو قسەیەی بەستووە کە دەڵێ خەڵکەکە لەبارەی ڕەسەنی ئەبومووسلیمەوە ناکۆک بوون، وەک گوتراوە عەرەب بووە، هەروەها گوتراویشە کە فارس بووە، هەروەها گوتراوە کە کورد بووە، لەم بارەیەشەوە ئەبو دەللامەی شاعیری بێباک بۆ پێشاندانی کوردێتیی ئەبوموسلیمدا دەڵێ:

أبا مجرم ما غير الله نعمة على عبده حتى يغيرها العبد
أفي دولة المنصور حاولت غدره ألا آن أهل الغدر آباؤك (الكرد)
أبا مجرم خوفتني القتل فانتحى عليك بما خوفتني الاسد الورد[٤]

واتە:

ئەی باوکی تاوانبار خوا بژێوییەک لە بەندەی ناگۆڕێ ئەگەر بەندە بەخۆی نەیگۆڕێ
ئاخۆ لە دەوڵەتی (مەنسوور)دا هەوڵی غەدر لێکردنت کرد کە غەدرکاران باو وباپیرە کوردەکانتن ئەی باوکی تاوانبار...

دوای ئەوە کوردەکان پشتی عەباسییانیان گرت، باسی عەلی گچکەی میری کوردی هەولێر کراوە کە بەلەشکرێکی گەورەوە بۆ یارمەتیدانی (ئەلڕاشد بیللا)ی جێنشینی عەباسی چووەتە بەغدا و بووەتە دەستەڕاستی ئەم جێنشینە عەباسییە و ڕێی لە هەر دوژمنێکی گرت دەستدرێژی بەسەر دەرگانەی جێنشینێتیی عەباسیدا بکا لە بەغدا.

ئەیووبییە کوردەکان دان بە سەروەریی خانەدانی قوتادەزادە " ئل قتادە " بەسەر حیجازەوە دەنێن

سەلاحەدینی ئەیووبیی قارەمانی کورد ساڵی ٥٦٧ی کۆچی، ١١٧١ی زاین توانیویەتی جێنشینێتیی فاتمییانی میسر لەناو ببا، ئینجا چاوی بڕییە ئەوەی هەرێمی حیجاز بخاتە ژێر دەسەلات، دا دوو ئامانجی سەرەکی بەدەست بخا: یەکەمیان گەڕاندنەوەی حیجاز بوو بۆ دەسەلاتی خۆی و دووەمیشیان بۆ ئەوەی دەست بەسەر بازرگانیی دەریای سووردا بگرێ.

سەلاحەدین، ساڵی ٥٦٩ی کۆچی، ١١٧٣ی زاین (تووران شا)ی برای لە هەڵمەتێکدا نارد حیجاز، کە بەبێ شەڕ چووە ناوەکە. گەورەی مەکە (شریف مکە)ش ڕای گەیاند لەلایەنی سیاسییەوە چووەتە ژێر دەسەلاتی ئەیووبییان و ئەیووبییەکان ئەو دوو بنەماڵە بەرزەی حەسەن زادەکان لە مەکە و حوسێن زادەکانیشیان لە مەدینە دامەزراند، بەمەرجی دەست لە کۆکردنەوەی ئەو باجانە هەڵبگرن کە لەلایەن گەورانی مەکەوە لە وەرزی حەجدا لە حاجییان و بازرگانان وەردەگیرا.

بەڵام توندبوونی ناکۆکیی نێوانی گەورانی بنەماڵەی دەسەلاتدارەکان لە مەکە و مەدینەدا ئەیووبییانی هان دا دەست لە کاروباری گەورەیی لە حیجازدا وەربدەنان هەبێ. و جێگرێک بۆ خۆیان لە مەکە دابنێن پەلێک سەرباز پشتگیرییان بکەن و بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت بە خۆشیان هەبێ. هەروەها دەبێ ئەوەش بۆ ئەیووبییەکان بژمێررێ کە شوێنە پیرۆزەکانیان لە مەکە و مەدینەی مونەوەرە لەو هێرشانە پاراستووە کە ئەوروپاییان (فەرەنگ) نەخشەیان بۆ کێشاوە کە دەستیان بەسەر وڵاتی شامدا گرتبوو، ساڵی ٥٧٧ ی کۆچی، ١١٨١ ی زاین (ئەرنات) خاوەنی خاچپەرستی کەرەک سەرکردایەتیی لەشکرکێشییەکی کرد بە نیازی داگیرکردنی حیجاز و دەسەلات بەسەر دەریای سووردا گرتن و بە دەستەوەگرتنی بازرگانییە پێشکەوتووەکەی، بەتایبەتی لە وەرزی حەجدا، بەڵام ئەیووبییەکان نەخشەکەیان پووچەڵ کردەوە، ئەمەش بە هێرشبردنە سەر کە لە هی کەرەک و دەست بەسەردا گرتن و تالانکردنی سامانەکەی و کە ئەرناتی ناچار کرد بە پەلە بگەڕێتەوە میرنشینییەکەی لە کەرەکدا، سەرەڕای ئەوەی سەربازەکانی بەرگەی گەرمایی زۆری هاوینیان نەگرت و هەستیان بە پێویستیی بە ئاوی سازگاری بۆ خواردنەوە هەیە.

هەروەها ئەرنات ساڵی ٥٧٨ی کۆچی، ١١٨٢ی زاین ئەوەی دووبارە کردەوە و تا (یەنبوع)ی باکوری حیجاز ڕۆیشت و گەیشتە یەک قۆناخی نێزیکی مەدینەی مونەوەرە، کە سەلاحەدین

فەرمانی بە (ئەلەلیکولعادل)ی برای دا کە جێگری بوو لە میسردا، خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان بکا و کەشتیگەلەکەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەرەنگ بنێرێ، کە ئەم هەڵمەتە توانیی کەشتیگەلی فەرەنگ تێک بشکێنێ و پتر لە سێسەد سەرباز بە دیل بگرن، کە ساڵی ٥٧٨ی کۆچی، ١١٨٢ی زاین بە فەرمانی سەلاحەدین لە ئەسکەندەرییە کوژران بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ کەسانی تری لەوانەی بیر لە دەستدرێژی دەکەنەوە بۆ سەر پیرۆزییە ئیسلامییەکان، بەمەش سەلاحەدین دەسەلاتی بەسەر دەریای سووردا گرت و لە پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی حیجازدا سەرکەوت.(٥)

شەریف (پیاوە گەورە) هاشمییەکان فەرمانڕەواییی حیجاز (مەکە و مەدینە) یان لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەمی کۆچی، دەیەمی زاینەوە کردووە، کە لە سێ بنەماڵە سێگۆشەی ڕێژیمی شەریفایەتیدا دەبینران کە ئەمانە بوون: بەنو موسا و بەنو سولەیمان (٣٥٨ – ٤٥٣ ی کۆچی، ٩٦٨ – ١٠٦١ ی زاین)، بەنو هاشم (٤٥٥ – ٥٩٧ ی کۆچی، ١٠٦٣ – ١٢٠٠ ی زاین)، بەنو قەتادە (٥٩٧ – ١٣٢٨ ی کۆچی، ١٢٠٠ – ١٩١٠ی زاین).

بەنو قەتادەی دوا بنەماڵە (قەتادەییەکان) بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ عەبدوڵای کوڕی حەسەنی موسەننای کوڕی حەسەنی کوڕەزای کوڕی عەلیی کوڕی ئەبی تاڵب و فاتمەی کچی محەمەدی پێغەمبەر درووی خوای لێ بێ. کە ئەم بنەماڵەیە حوکمی مەکەی موکەڕەمەی لە ساڵی ٥٩٧ی کۆچی، ١٢٠٠ی زاینەوە تا ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی، ١٩١٠ی زاین کردووە، کە سەرەتای گرتنە دەستی شەریفایەتیی حیجازیان ئاماژەیە دەکا لە سەردەمی ئەیووبییاندا بووە، کە ئەیووبییەکان دانیان بە فەرمانڕەواییی بنەماڵەی شەریف (پیرۆز)ی ئال حەسەن (حەسەن زادە)دکان بەسەر مەکەی موکەڕەمەدا ناوە، کە، شەریف حوسێنی کوڕی عەلیی (باوکی شایەکان: عەلی و عەبدوڵڵا و فەیسەڵ و مبر زەید) و بەرپاکەرەوەی شۆڕشی هەرە گەورەی عەرەب لە ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی، ١٩١٦ی زاین، دەچێتەوە سەر ئەم بنەماڵەیە، کە شەریف حوسێنی کوڕی عەلی دامەزراندنی شانشینیی حیجازی هاشمیی ڕاگەیاند و ڕێژیمی شەریفایەتیی کۆتاییی پێ هێنا و ئەم شانشینییە لە فەرمانڕەواییی حیجازدا تا ساڵی ١٣٤٤ی کۆچی / ١٩٢٥ی زاین درێژەی هەبوو(٦).

دواتر حوکمی حیجاز کەوتە دەست ئال سعوود (سعوود زادەکان) کە توانییان دوورگەی عەرەب یەکخەن و دوای ئەوە زاوی وڵاتەکە بوو بە (نەجد و حیجاز) ئینجا (شانشینیی عەرەبی سعوودی).

عوبەیدوڵای شەمزینیی نەهریی شۆڕشگێڕی کورد لە حیجاز نیشتەجێ دەبێ

بە یەکەم کەس دادەنرێ هەوڵی یەکخستنەوەی کورد و دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی دابێ، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەرکردایەتیی شۆڕشێکی دژی عوسمانییەکان و ئێرانییەکان کردووە، ساڵی ١٨٨٠ لە شەمزینان کۆنگرەیەکی بەستووە، نێزیکەی ٢٢٠ پێشەوای کورد ئامادەی بوونە و داوای یەکەتییەکی عەشایەریی کوردی و خۆئامادەکردنی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی دژی دەوڵەتی

عوسمانی و ئێرانی لێ داوا کردوون، هەروەها لە ڕێی کۆنسوڵیانەوە لە ئەنادۆڵ داوای پشتگیریی نێودەوڵەتیی دۆزی کوردستانی لە بەریتانیا کردووە و بەڵێنی دابینکردنی مافەکانی کرستیانەکانیشی داونەتێ.

ساڵی ١٨٨٠ شۆڕشە چەکدارەکەی لە کوردستانی باکوری ڕۆئاوادا لەسەر سنووری تورکی و ئێرانیدا بەرپا بوو و شۆڕشی نەهری بە زوویی فراوان بووەوە و هێزەکانی توانیی دەست بەسەر زۆربەی ناوچە و شارەکانی کوردستانی ئێراندا بگرێ، کە داوودەزگای کوردیی فەرمیی ناوخۆیی تێیاندا دامەزراند.

بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشتر، تورکیا لەشکرێکی بۆ پشتگیریی سوپای ئێران بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورداندا نارد ، بەڵام هێزەکانی نەهری لە پێشڕەویدا بەردەوام بوو، کە لە شاری تەورێز نێزیک بووەوە، ئێران داوای یارمەتیی هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و ئینگلیزی کرد، بەم جۆرە ڕووسیا لەشکرێکی نارد بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی ئێران لە دامرکاندەوەی شۆڕشی کورددا.

لەشکرەکانی ئێران و تورک و ڕووس لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی هێزەکانی کوردیان دا و دەسەڵاتدارانی تورک توانییان نەهری دەستگیر بکەن و لە ئەستەمبوڵدا دیلی بکەن کە وەک (دیلێکی شانازی) لەوێدا ژیا، ئینجا ساڵی ١٨٨٣ لەگەڵ سەد خێزانی کوردی تردا بۆ مەدینەی مونەوەرە دوور خرانەوە و ساڵی ١٨٨٨ی زایین لەوێدا کۆچی دوایی کرد.

کورد لە شۆڕشی گەورەی عەرەبیی ١٩١٦ – ١٩١٨ ی

زایندا بەشداریی شەریف حوسێن دەکەن

بەر لەوەی شۆڕشی عەرەب لە وڵاتی شام و عێراقدا لە دژی دیکتاتۆرییەت و زۆرداریی تورک بەرپا بێ، لە هەر یەک لە سووریا و لبنانداا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ هەبوو داوای سەربەخۆیی عەرەبی لە پاشکۆیەتیی تورک دەکرد، کوردی سووریا و لبنان و عێراقیش لە بەراییەکانی بزووتنەوەی عەرەبیدا بەشداریی کردووە، هەر یەکە لە عەبدولڕەحمان پاشای ئەلیووسفی پێشەوای کوردانی دیمەشق و خالیدی بەرازیی پێشەوای کورد لە شاری حەما و میر ئەسعەدی ئەیووبی لە چیای لبنان، واژۆیان لەسەر بەڵگەنامەیەکدا کرد کە داوای لە شەریف حوسێن دەکرد شۆڕش لە دژی تورک ڕابگەیەنێ.

هەروەها شەهید نایف تیللۆی یەک لە کوردانی دیمەشق لە ڕیزی یەکەمین کاروانی شەهیدانی ئازادیخوازانی سووریادا بوو کە جەمال پاشای سەففاح (خوێنڕێژ) ڕۆژی ٢١ی ئابی ١٩١٥ لە بەیروت ئیعدامی کردوون.

کاتێک (کۆمەڵەی نهێنیی پەیمان) لە ئاستانە (ئەستەمبوڵ) دامەزرێنرا، جەعفەر عەسکەریی کوردی ئەفسەری سوپا، یەکێک بووە لە ئەندامانی، کە دواتر دەورێکی گەورەی لە سەرکردایەتیی سوپای شۆڕشی عەرەبی لە حیجاز و شامدا بینی. هەروەها جەلال بابانی یەک لە کوردەیلی عێراق

چووەتە پاڵ شۆڕشی عەرەبی و دواتر لە سەردەمی پاتشایەتیی عێراقدا بووەتە وەزیر.(٧)

دوای ئەوەی شەریف حوسێنی کوڕی عەلیی میری مەکە شۆڕشی لە دژی دیکتاتۆرییەتی تورک ڕاگەیاند و جیهادی بۆ سەربەخۆیی عەرەب و سەربەستییان کرد، ژمارەیەک لە سەرکردە و سەربازی کورد چوونەتە ژێر ئاڵای شۆڕشی مەزنی عەرەب و تا بەدەستهێنانی سەرکەوتنی پرشنگدار بەسەر تورک و دەرکردنیان لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە شەڕیان لەناو ڕیزەکانیدا کردووە، کە جەعفەر پاشای عەسکەری و جەمیل مەدفەعی و ڕەشید پاشای مەدفەعی، لە ڕیزی پێشەوەیاندا بوون، جەعفەر عەسکەری مانگی حوزەیرانی ١٩١٧ی زاین بەرەو پیری بانگەوازی شۆڕشی مەزنی عەرەبیدا چووە و چووەتە پاڵ میر فەیسەڵی کوڕی حوسێن و لە لەشکری باکوریدا سەرکردایەتیی هێزە سەربازییەکان (نیزامی)ی پێ سپێررراوە، کە لە خۆبەخشە عێراقی و سووریایی و ئوردنی و فەڵەستینییان پێک هاتووە، ئەرکی ڕێکخستنی ئەم سوپایەی لە یەکەگەلێکی پێوەست بە بنەماکانی پابەندبوونی سەربازیدا گرتووەتە ئەستۆ، کە ئەو ڕۆژەی گەیشتووەتە عەقەبە لە مانگی ئابی ١٩١٧دا ژمارەیان نێزیکەی دوو هەزار سەرباز بووە و ئەم سوپایە بە سەرکردایەتیی خۆی شەڕەکانی شۆڕشی عەرەبیی لە باکوری حیجاز و ئوردن و سووریادا ئەنجام داوە و بەوەش سەلماندی کە ئەو سەربازە پیشەییەیە کە لە بەجێ گەیاندنی ئەرکە سەربازییەکانی خەمی تری نەبووە.(٨)

جەعفەر عەسکەری لە چوونە ناو شەڕەکانی شۆڕشی عەرەبی لە وڵاتی شامدا بەردەوام بوو تا ئامانجی یەکەمی بە دی هات کە دەرکردنی تورکەکان بووە سااڵی ١٩١٨ی زاین لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە. دوای پێکهێنانی حکوومەتی عەرەبی سووریی بە پێشەوایەتیی شا فەیسەڵی یەکەم (١٩١٨ – ١٩٢٠ی زاین)، جەعفەر عەسکەری لە مەعان، ئینجا لە حەڵەب بە حاکمی سەربازیی دامەزرێنران دواتر بووەتە یاوەری و کە شا فەیسەڵ تەختی عێراقی بەدەست خست لەگەڵیدا لە خزمەتدا بووە، کە بە وەزیری بەرگریی دامەزراند و کاری بۆ دامەزراندنی سوپای عێراقیی نوێ کردووە، ئینجا لە بەغدا سێ جار بووەتە سەرەک وەزیران، لە خزمەتی هاشمییەیاندا بە هەموو ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و لە خۆبوردەییەکەوە مایەوە تا ڕۆژی تیرۆرکردنی لە ١٩٣٦ ی زایندا.

هەروەها ڕەشید پاشای مەدفەعی چووە ناو سوپای شۆڕشی عەرەبییەوە و سەرکردایەتیی هێزی تۆپخانەی وەرگرت و سااڵی ١٩١٧ بەشداریی لە شەڕەکانی حیجاز و هێرشبردنە سەر قەڵای (موعەززەم)دا کرد و هەر کە لەشکری باکور گەیشتە عەقەبە چوارسەد ئەفسەر و سەربازی لە ژێر فەرماندا بوو، دوای ئەوە لە گەڵ میر عەلیی کوڕی حوسێندا بە سەرکردەی تۆپخانەی (ڕابغ) دامەزرا، دواتر گوێزرایەوە سەرکردایەتیی هێزە نیزامییەکان (ڕێکخراوەکان)، لە سوپای میر فەیسەڵ و بەم جۆرە وەک سەرکردەی تیپ لە عەقەبە هەر لە سااڵی ١٩١٧ەوە تا کۆتاییی شەڕ لە ١٩١٩ی زاین لە خزمەتدا بوو.

هەروەها لیوا بەهائەدین شیروانی – لە کوردانی سلێمانییە – چووە ڕیزەکانی سوپای عەرەبی

لە حیجاز و سووریا و دواتر لە سەردەمی شاهێتیدا لە عێراق بووە وەزیری نێررراو لە ئوردن.[٩]

هەروەها جەمال ڕەشید بابانی ئەفسەر (١٨٩٣ – ١٩٦٥ی زاین)یش چووەتە پاڵ شۆڕشی عەرەبی لە عەقەبە کە لە پلەی مولازیمی یەکەمدا بووە و لە گرتنی ولاتی شامدا لەگەڵ سوپای شۆڕشدا بووە، ئینجا بۆ پلەی سەرۆک (ڕەئیس) بەرز کرایەوە و فەرماندەی بەتەرییەی تۆپخانەی درایێ.[١٠]

کە شۆڕشی کۆمۆنیستیش لە ڕووسیا لە ١٩١٧دا سەرکەوت سدیق ڕەسوولْ قادری _ کە کوردێکی عێراقە _ ڕووی کردە لای شەریف حوسێن لە مەکە و هانی دا بۆ فەتوا دەرکردن بە حەرامکردنی کۆمۆنیزم.[١١]

کاتێک حکوومەتی فەیسەڵ لە دیمەشق ڕووبەڕووی هێرشی فەرەنسی بووەوە بە سەرکردایەتیی جەنەڕاڵ گۆرۆ، شەهید یوسف ئەلعەزمەی سەرکردەی سوپای سووریا (کە لە کوردەکانی دیمەشق بووە) خۆی بۆ پارێزگاریی ولاّت تەرخان کرد و لە شەڕی مەیسەلووندا خۆی ڕاگرت، تەنانەت تەنانەت خۆیشی لە پێناوی خۆشەویستی و سەربەرزیی (ئوممەت)ەکەی بەخت کرد.

کوردێک پەیمان (بەیعەت) بە خەلیفایەتیی شەریف حوسێن دەدا

ساڵی ١٩٢٤ی زاین کە عەرەب و موسڵمانەکان لە ئوردن یەکتریان بۆ پەیماندان بانگ کرد شەریف حوسێنی کوڕی عەلی لەسەر موسڵمانان بکرێتە خەلیفە، گەلێک لە خەڵک و پێشەوایانی شام و عێراق و هیندستان و ولاّتانی تر پەیمانیان دایێ، لەوانەی پەیمانیشیان دایێ لە ئوردن خالید دەروێشی کوردی پارێزگاری (ئەحراج عەجلوون)ی ئەوسا بوو کە بنەچەکانی دەچێتەوە سەر کوردەکانی دیاربەکر.[١٢]

کە پەیمان بۆ شەریف حوسێن ئەنجام درا، لێدوان و چامەیەکی زۆر لە بارەگاکەی (شوونەی باشوور)دا خوێنرایەوە و ئەوانەی بەم بۆنەیەوە پەیڤین شێخ عومەری کوردی موفتیی مەدینەی مونەوەرەشیان تێدا بوو.

ساڵی ١٩٣٢ش کە شەریف حوسێن لە عەممان مرد، شاعیران لاواندیانەوە، دیارترینی ئەمانەش ئەحمەد شەوقیی میری شاعیرانی (بنەچە کورد) بوو لە چامەکەیدا هاتووە:

لك في الارض والسماء مآتم قام فيها أبو الملائك هاشم

قم تحدث أبا علي إلينا كيف غامرت في جوار الارائم

خێرەدینی زەرکەلیی شاعیر و سیاسەتمەداریش (کە لە کوردی دیمەشق بووە) لاواندوویەتییەوە:

نعى نادب لعرب شبانها فجدد بالنعي إخوانها

بكي كل ذي عزة تربه فهاج نزارا و عدنانها(١٣)

کوردەکان پشتگیریی کوڕانی شەریف حوسێن دەکەن لە شانشینییەکانیاندا
شا فەیسەڵی یەکەم لە سووریا و عێراقدا

دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی ١٩١٨ شا فەیسەڵی یەکەم فەرمانڕەواییی سووریای ناوەوەی کرد و ئەم فەرمانڕەواییەی تا شەڕی مەیسەلوون لە ٢٤ی تەموزی ساڵی ١٩٢٠ی زاین درێژەی هەبوو، گەلێک لە کوردی سووریا و عێراق وەک محەمەد کورد عەلی و یووسف ئەلعەزمە و عەلی ئاغای زولفۆ و خەلیل بەکر زازا، لەگەڵدا لە خزمەتدا بوون، کە ئەمەی دواییان بە ڕاوێژکاری کاروباری سوپاییی شا فەیسەڵی کوڕی حوسێن دامەزرێنرا، ئینجا وەک ئەفسەری هەواڵگریی دەرباری شانشینی کاری کردووە و ئەرکی چاودێریی جموجووڵەکانی جەنەڕاڵ گۆرۆی فەرەنسی لە لبنان پێ سپێررا و هەروەها زانینی ناوی دیارەکانی ئەو کەسانەی پێوەندیی پێوە دەکەن و ئەو نەخشانەی بە تەمایە جێبەجێیان بکا و ئەو هەوڵانەی دەیاندا بۆ هێرشبردنە سەر سووریا، دووریش نییە لەناوبردنی جەنەڕاڵ گۆرۆش لە کاتی پێویستدا، هەروەها سەرکردایەتیی پەلی (سەرییە)ی سواردی خۆبەختکاران لە حومس و حەمای کردووە، لە ئەنجامی دڵسۆزیشیدا بۆ شا فەیسەڵ و سووریا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی فەرەنسییەوە لە سووریا فەرمانی لەداردان لەسەر خۆی و کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی دەرکرا، لە بڕیاری فەرمانەکەدا هاتووە:

کۆماری فەرەنسی _ ئەنجوومەنی سوپایی جەنگیی تیپی سێیەم کە ئێستا لە دیمەشقە، بە ناوی گەلی فەرەنسییەوە بڕیاری دا:

ئەنجوومەنی سوپایی جەنگی کە ئێستا لە دیمەشق پێک هاتووە، ڕۆژی ٩ ی ئاب بە کۆی دەنگ و دوای بیستنی بڕیارگەل و داواکارییەکانی نوێنەری سوپایی بڕیاری دا عەبدولقادر سووکەر و شوکری ئەلتەببا و ئەحمەد قەدری و خێرەدین زەرکەلی _ کوردی دیمەشق _ و تۆفیق موفەریج و خەلیل زازا و ریاز ئەلسوڵح و عومەر بەهلەوان و حوسێن ڕەمەزان و سەلیم عەبدولڕەحمان و عومەر شاکیر و عادل ئەرسەلان و عوسمان قاسم و تۆفیق ئەلیازیجی و بەهجەت ئەلشیهابی و ڕەفیق ئەلتمیمی و محەمەد ئەلتمیمی، هەروەها لە ١٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٠ دا بڕیاری چون ئەو فەرمانانە بۆ هەر یەکێک لە عەلی ئاغا زولفۆی لەدایکبووی سووریا و دانیشتووی دیمەشق _ کورده _ کە بەسەریاندا ساغ بووەتەوە ئەوانە جێبەجێکاریی مادی و هێزی ئاوەزیان بەکار هێناوە بۆ پشتگیریکردنی دوژمنانی حکوومەتی فەرەنسی و پەسندکردنی پڕۆژەکانیان، بەم کارەشیان بە تاوانبار دانران و بە پێی مادەی ٦٣ و ٢٠٥ی یاسای شەڕی سوپایی و یاسای ١٤ نۆڤەمبەر (تشرین دووەم)ی ساڵی ١٩١٨، شایستەی سزادانن). هەر لەبەر ئەم هۆیانەش و بەپێی ماددە باس کراوەکان بڕیاری لەداردانیان لەسەر درا، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی هەموو سامانێکیان، هەروەها بەپێی هەر دوو مادەی ١٣٩ی یاسای سزای سوپایی و ٩ی یاسای ٢٢ی یۆلیۆ (تەموز)ی ساڵی ١٨١٧ی زاین هەموو تێچووەکانی دادگاییکردنیان پێ ببڕێررێ بە مەرجێک لە

سامانی خۆیان ببڕێ و ڕاستەوخۆ بدرێتە گەنجینەی حکوومەتی فرەنسی. ئەم بڕیارەی ئێستا هەر دەبێ لە ڕۆژی ٩ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ەوە جێبەجێ بکرێ، دوا مۆڵەتیش دەبێ ١٤ی ئەیلوول بێ و تێچووی دادگاییەکەش بڕی ٩٨٠ فرەنکە.(١٤)

هەروەها کوردی ئوردن پشتگیریی شا فەیسەڵی یەکەم و حکوومەتەکەیان لە سووریا کردووە، کە ڕۆهەڵاتی ئوردن بەشێک بووە لە شانشینییەکەی، حکوومەتەکەی تووشی ڕەشەبای سیاسیی گەورە هاتووە، پێشەوایانی ڕۆهەڵاتی ئوردن و شێخەکانیان کوردیشیان لەگەڵ لە تەک ئەم حکوومەتە وەستان و بە سەروسامان پشتگیرییان لێ کرد و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی دڵسۆزانەیان هەبووە کە بە ناوەڕۆکی بڕووسکەکانیان و ناڕەزاییی دەربڕین و پێکهێنانی لیژنەگەلی نیشتمانی و بەشداریکردن لە کارەکانی کۆنگرەی سووریا لە دیمەشقی پایتەختدا.

لە دیارترینی کەسایەتییە کوردەکانی ئوردن کە لەم سەردەمەدا دەرکەوتن (سیدۆی کورد) ی یەک لە پیاوە گەورەکان و بازرگانانی شاری عەمان بوو کە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی دڵسۆزانەی هەبووە کە لەم هەڵوێستانەیەوە دەردەکەوێ:

کاتێک هەواڵی دابەشکردنی سووریا لە نێوانی فرەنسا و بەریتانیا بڵاو بووەوە، گەلی ئوردن دەستی بە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندان و پێکهێنانی لیژنە نیشتمانییەکانی کۆکردنەوەی پیتاک کرد و بۆ بەرگری لە نیشتمان بەخۆ کەوتن، سیدۆی کور و تاهر ئەلجوققە و سەعید خەیر لیژنەیەکی نیشتمانییان لە عەمان پێک هێنا و ڕۆژی ١٥ / ١١ / ١٩١٩ بڕووسکەیەکیان لەم بارەیەوە بەڕێزی میر فەیسەڵ لە دیمەشق بەرز کردەوە تێیدا دەیانگوت:

(دڵاواییی عەرەبی و دڵسۆزیی نیشتمانی بە ڕادەیەک بەدڵی نەتەوەدا چووە، کە هەڵناسەنگێنرێ، لەبەرئەوە لەلای خۆمان لقێکی لیژنەی باڵای نیشتمانیمان دامەزراند و پێکهێنانی سەربازگەلێکی نیشتمانیشمان پێک هێنا ڕۆژانە مەشقی سەربازی ئەنجام بدەن و سەرۆک عەشیرەتەکانمان لە دەوروبەری مەعانەوە تا کەرەک و عەشایەری بەلقامان بۆ کۆ بوونەوە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا بانگ کردووە بۆ ئەوەی لەبارەی بەرژەوەندیی نیشتمانەوە گفتوگۆ بکەین و هەرچییەک ئەنجام دەدرێ ئاگەدارتان دەکەینەوە، تکای ئەوە لە لیژنەی باڵای نیشتمانی دەکەین ڕۆژانە لە ڕووداوەکانی پایتەخت ئاگەدارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی قسە و بزووتنەوە یەک بن).(١٥)

هەروەها سیدۆی کورد ئامادەی ئەو ئاهەنگە بووە کە یانەی عەرەبی بۆ ڕێزنان لە پێشەوایانی ئوردن و چەرکەسەکانی ئوردن و جۆلانی سووریا، لە بەلقا ڕێکی خستووە و ئەوانەی کۆبوونەتەوە گفتوگۆیان لەبارەی دواڕۆژی سووریاوە کردووە و بەیانێکیان دەرکردووە تێیدا ناڕەزاییان بەرامبەر دابەشکردنی وڵاتەوە دەربڕیوە و سوێندی بیروباوەڕیان خواردووە کە بە سەر و سامان سەربەخۆیی بپارێزن و سیدۆی کوردیش یەکێک بووە لەوانەی ئەم بەیانەیان واژۆ کردووە.(١٦)

هەروەها سیدۆی کورد لەگەڵ نوێنەرانی ڕۆهەڵاتی ئوردن لە کۆنگرەی گشتیی سووریادا

بەشداریی کردووە، کە لە دیمەشق گیراوە و لەگەڵ بیست و چوار کەسایەتیی تری ئوردن وەک چاودێر ئامادەی کردنەوەکەی بووە، هەروەها سیدۆی کورد بەشداریی لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی سووریای ٨ ی ئاداری ١٩٢٠ کردووە کە سەربەخۆیی سووریای سروشتیی جارٍ داوە و داوای مەلیک فەیسەڵی تێدا کراوە ببێتە شای سووریا.[١٧]

هەندێک لە کوردەکان پۆستی بەڕێوەبەرایەتییان لە سەردەمی فەیسەڵدا لە ئوردن پێ دراوە، هەر یەک لە ئیسماعیل ئەفەندیی کوردی بە نووسەر – فەرمانبەری جێبەجێکاری (مأمور إجراء) لە دادگەی کەرەک لە ٢٥ / ١ / ١٩١٩ەوە دامەزراوە و محەمەد عەلی کوردی بە نووسەری (موفرەدات) لە دادگەی سەرەتاییی کەڕەک و سەعید ئەفەندیی کوردی بە سەرنووسەری دادگەی سەلت دامەزراون.[١٨]

بە بۆنەی چوونە سەر تەختی شاهێتیی عێراقی شا فەیسەڵی یەکەم لە ١٠ی ئابی ١٩٢١ دا شێخ عومەری کوردی موفتیی شافیعییان لە مەدینەی مونەوەرە لە بەردەستی خاوەن شکۆ شا حوسێنی کوڕی عەلیدا چامەیەکی بە ناونیشانی ئەمڕۆ پیرۆزباییت لێ کرا (هنئت هذا الیوم) ڕووی تێ کردووە و گوتوویەتی:

حققت وحدة أمة عربية لقد استقر التاج فوق عراق
لله اشرف مظهر ملأ الدنا شرفاً ودام يضيء في الآفاق
لك ما تشا من همة الشرف التي أبدى محيا البدر بعد محاق
نور من الحرمين لاح وانه قد عم كل الكون في الإشراق
هذا العراق وصنوه في أثره سيجد أقصى السير في الإلحاق
مولاي دم ظل الإله فروعه تمتد في الآفاق كالأعراق
وأضيء لعرش الهدى في حرم التقى وأمدد نطاق الملك أي نطاق
تتتوج التيجان منك وإنها بسناك تصبح قرة الآماق
هنئت هذا اليوم انك نعمة من (منقذ) هو نعمة الخلاق
أبداك بالشرف الذي قد زانه عال التقى ومكارم الأخلاق
إن الآباء من الشريف حسامه يعلو به متناهي الأعناق
لم يعد مبدأك العظيم تغير عند اضطراب القوم في الميثاق
للدين دم ولأمة فكلاهما لولاك ما نجيا من الإغراق[١٩]

لە عێراقیشدا چەندانێک لە گەورەکانی کورد لە تەک شا فەیسەڵی یەکەمدا وەستان و لە بنیاتنانی دەوڵەتە تازەکەیدا بەشداریان لەگەڵیدا کردووە و گەلێک پۆستی بەرزیان لە حکوومەتی عێراقدا وەرگرتووە، وەک سەرۆک وەزیران و وەزیریەکان و ئەندامیەتیی پەرلەمان و

سەرکردایەتیی سوپا وەک بەکر سدقی و جەعفەری عەسکەری و جەمیل مەدفەعی ئەحمەد موختار بابان...

مەلا مستەفای بارزانی بەدەنگ بانگەوازی شای ئوردنەوە دێ*

لە سەروبەندی ململانێی عەرەبی ـ ئیسرائیلی ـ ی ساڵی ١٩٦٧ دا، حوسێنی کوڕی تەلاڵی شای خوالێخۆشبووی ئوردن پاڵەپەستۆی خستە سەر محەمەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران و داوای لێ کرد کە عێراقییەکان دەیانەوێ بەرگری لە مزگەوتی ئەقسای قودس بکەن لە فەڵەستین، وەڵامی شا ئەوە بوو: پاڵەپەستۆ دەخەینە سەر کوردەکان بۆ ڕاگرتنی جموجووڵیان، ئەوە بوو مەلا مستەفای بارزانی هەر لەو ڕۆژانەدا لە لێدوانێکیدا گوتی ئامادەیە دە هەزار کورد بنێرێ بۆ بەشداریکردن لە شەڕی دژی ئیسرائیل، بەڵام ئەوساکە ڕووداوەکان یەک بە دوای یەکدا هاتن و بوار نەڕەخسا ئەم کۆششانە بەروبووبان ببێ.(٢٠)

الملا مصطفى البارزاني يستجيب لنداء ملك الأردن

خلال الصراع العربي- الإسرائيلي عام ١٩٦٧م ضغط ملك الأردن الراحل الحسين بن طلال على شاه إيران محمد رضا بهلوي وطلب منه بأن العراقيين يريدون الدفاع عن المسجد الأقصى والمقدسات في فلسطين، فكان جواب الشاه: سوف نضغط على الأكراد من أجل إيقاف حركاتهم، وبالفعل صرح الملا مصطفى البارزاني يوم ذاك بأنه مستعد لحشد عشرة آلاف كردي للاشتراك في الحرب ضد إسرائيل، ولكن الأحداث تتابعت بعد ذلك، ولم يتح لهذه المساعي أن تثمر(٢٠).

پشتگیریی میر عەبدوڵڵا لە پرۆژەی سووریای گەورەدا

شا عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن پرۆژەی سووریای گەورەی پێشنیاز کرد (١٩٣٩ - ١٩٥٠)، کە یەکەتیی سووریای سروشتیی (سووریا، ئوردن، فەڵەستین، لبنان)ی لە یەک یەکەتیی سیاسیدا بە ئامانج گرتبوو دا دواتر ببێتە تۆوی یەکخستنی عەرەب، ئەمەش هەر ئەو بیرۆکەیە بووە کە شەریف حوسێنی کوڕی عەلیی باوکی لە شۆڕشی گەورەی عەرەبی ساڵی ١٩١٦ی زایندا پێشنیازی کردبوو، بە مەرجی ئەوەی دیمەشق ببێتە پایتەختی و عەبدوڵڵای کوڕی حوسێنیش بە سەرۆکی دەوڵەتی سووریای یەکگرتوو ناوزەد بکرێ.

شا عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن گەلێک پێوەندیی کردووە و نامەی جیاجیای لەگەڵ سەرکردایەتییە میللییە کاریگەرەکانی ولاتی شام گۆڕیوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی سووریای هەرە گەورە و خستنەڕووی هەڵوێستی بەرامبەری و ئەگەر خۆ چاوێک بەو بەڵگەنامانەدا بگێڕین کە لە کتێبی بەڵگەنامە هاشمییەکان: پرۆژەی سووریای هەرە گەورە)دا بڵاو کراونەتەوە، ژمارەیەک لە نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێو شا عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن و هەندێک لە کەسایەتییە کوردە ناسراوەکانی

فەڵەستین و سووریای تێدا بەرچاو دەکەوێ، وەک محەمەد کورد عەلیی مێژوونووس و ئەدیب و لیوا سامی ئەلحننناوی و مووسای ئەلحەمووری و عەشیرەتی بەرازی و عەشیرەتە کوردەکانی جزیرە لە باکوری سووریا.

کوردەکانی شام لەو نامانەیاندا کە ئاراستەی شا عەبدوڵڵایان کردووە یەکەم پشتگیریی ڕەهای خۆیان بۆ ئەم پرۆژەیە دەربڕی، لە نامەیەکی محەمەد کورد عەلی فرەزانای مەزنی کوردی (یەک لە کوردانی دیمەشق) بۆ بەڕێز میر عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن تێیدا دەڵێ:

(گەورەم خاوەنی بەرزیی مەزن، شانازی بوو بۆ من کە میری گەورەم بانگهێشتم دەکا بۆ ئەوەی سەری لێ بدەم، منیش خوا بە شایەت دادەنێم پتر بە تاسەوەم بە ڕووی گەش و میهرەبانی هاشمی بۆ ئەوەی خۆشی بە چاو و دڵ بدەم، هەرچەندیش ڕۆژگار لێ نەدەگەڕا ئەم ئاواتەم بە دی بێت تا بە یانەتان سەربڵند بم و هەموو نزایەکیشم ئەوەیە بەم زووانە شەڕ چەک و گرانیی دانێ و بگەمە شوێنی پیرۆزتان، خوا خاوەنەکەی بکاتە کانگەی هەموو فەڕێک بۆ بەئاگاهاتنەوەی نەتەوەی عەرەب، گوێڕایەڵی بۆ بنەماڵەی پاکژ لە چاکترینی قوربانییانە و پێوەندی بە پێوەندی دڵسۆزی لەگەڵ هۆی ڕستی کە، کەس لە سیەرووییەوە نییە بۆ شانازی و ڕێز، خوا میرم بە تەندروستی دڵخۆشی بکا و چاوی بە ڕۆڵەکانی ڕوون بکا.)[٢١]

هەروەها میر عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن نامەگەلی لەبارەی یەکەتیی سووریاوە لەگەڵ لیوا سمی ئەلحننناوی لە دیمەشق گۆڕیوەتەوە و حننناوی لەیەک لە نامەکانیدا کە ئاراستەی میر عەبدوڵڵا لە عەمان کراوە دەڵێ چاوی بە گەورەکانی کورد کەوتووە و بابەتەکەی لەگەڵدا باس کردوون و لە ئێستاشەوە هیچیان لێ دەرناکەوێ ئەوانە نەبێ گەورەی بەرزمان پێیان قایل بێ..[٢٢]

عەشیرەتی بەرازیی کوردیش کە لە شاری حەما دادەنیشن و هەندێک عەشیرەتی کوردی تری نیشتەجێی جزیرەی سەروو چەندان نامەی پشتگیرییان بۆ بەرزیی میر عەبدوڵڵا ناردووە پشتگیریی پرۆژەی یەکەتیی سووریای هەرە گەورەیان تێدا دەربڕیوە.[٢٣]

هەروەها کوردەکانی شاری خەلیلی فەلەستینیش نامەیان بۆ میر عەبدوڵڵا ناردووە تێیدا پشتگیریی پرۆژەی سووریای هەرە گەورە کردووە، مووسا ئەلحەممووری سەرۆکی ئەوقافی شاری خەلیل – لە ٢٨ی ئابی ١٩٤٧ی زاین نامەیەکی بۆ شا عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن ناردووە پێشنیازی کردووە پێوەندی بە کوردەکانی شام بکا دا پێکەوە کار بۆ یەکەتیی سووریا بکەن، تێیدا هاتووە: (... سێ یەکی شاری خەلیل کوردی ئەیووبین و ئامادەن بێنە ژێر سایەی ئالاتانەوە و من، بەوەی کە بەڕێوەبەریانم، منیش و ئەوانیش ئەگەر پەسندی بکەن پێشنیازی ئەوە دەکەم من و هەندێک لە پێشەوایانیان دەچین پێوەندی بە کوردەکانی شامەوە دەکەین کە پێوەندیی ڕەگەز بەیەکمان دەبەستێتەوە، پشت بە خوا و ئێوە بۆ پشتگیریی بەرزیتان بە چاکترین بار.)

لەوانەی خەڵکی خەلیل واژۆیان لەسەر ئەم نامەیە کردبوو، هەر یەک لەمانەن: مووسا ئەلحەممووریی سەرۆکی پەندادەران (وعا) لە حەرەمی ئیبراهیمی و سەرۆکی ئەوقافی خەلیل و

عەبدولجەواد فەڕاح ئەلکوردی ئەلئەییووبی و عەبدولغەنی ئەبوخەلەف ئەلکوردی ئەلئەیووبی و موسلیم بەدر ئەلکوردی ئەلئەیووبی.(٢٤)

کوردی ئوردن و هاشمییەکان

کوردەکانی ئوردن بە هێما سیاسی و بیرمەند و عەشایەرییەکانیان ڕۆڵێکی دیاریان لە مێژووی هاوچەرخی ئوردندا بینیوە کە خوالێخۆشبوو شا عەبدوڵڵای یەکەم، ساڵی ١٩٢١ی زاین دای مەزراندووە و هەر لە زووەوە بەشداریەکی دیاریان لە ژیانی سیاسیدا بووە و پۆستگەلێکی بەرزیان لە دەزگا جیاکانی دەوڵەتدا وەدەست هێناوە و وەزیر و دیپلۆماسی و سەرکردەی سوپایی و بەڕێوەبەرێتییان تێدا هەڵکەوتووە و بەردەوام خاوەن بەهرەی بەرز بوون، بۆیە بەردەوام متمانەی سەرکردایەتیی هاشمییان بەدەست خستووە و هەموو ئەو ماف و ئەرکانەیان هەبووە کە هاونیشتمانیی ئوردنی هەیبووە، بەبێ جیاوازی و پەڕاوێزخستن.

سەردەمی میرنشینیی ئوردنی ١٩٢١ - ١٩٤٦ی زاین

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینیی ئوردنییەوە ساڵی ١٩٢١، کەسایەتییە کوردەکان ڕۆڵێکی دیاریان لە ژیانی سیاسیی ئوردندا بینیوە، بەشداریان لە پێکهێنانی حزبە سیاسییەکان و بەشداریان لە بڕیارەکانیاندا کردووە و لە کۆنگرە نیشتمانییەکاندا ئامادە بوون و بە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپێشاندان و پشتگیریی دۆزی فەڵەستین لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئوردنی دژی بەندەکانی پەیمانی بەریتانی تێکۆشاون.

لەو کەسایەتییانەش کە لە سەردەمی میرنشینیدا دەرکەوتوون: سیدۆ عەلی ئەلکوردی و عەلی ئەلکوردی و خەیرەدین ئەلزەرکەلی و سەلیم ئاغا ئەلسەعدوون و فایز ئەلکوردی و یەحیا ئەلکوردی و سەعد جومعە و مدحەت جومعە و حوسنی سیدۆ ئەلکوردی و ئەحمەد ئەلکوردی . شا حوسێنی کوڕی عەلی خەیرەدینی زەرکەلیی سیاسەتمەداری کوردی لە حیجازەوە هێنابوو و داوای لێ کردبوو بچێتە عەمان و ڕێگە خۆش بکا بۆ دامەزراندنی حکوومەتی یەکەمی بە پێشەوایەتیی میر عەبدوڵای کوڕی، دوای دامەزراندنی میرنشینییەکە زەرکەلی پۆستی پشکنەری گشتیی پەروەردە (مەعارف) ، ئینجا سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی حکوومەتی لە ساڵانی ١٩٢١ - ١٩٢٣ ی زاین وەرگرتبوو.(٢٥)

هەروەها سێیدۆی کوردی بە بەشداریکردن لە ئەندامێتی و دامەزراندنی چەندان حزبی سیاسیی ئەوسا و ئامادەبوونی لە کۆنگرە نیشتمانییەکاندا و دژایەتیکردنی پەیمانی بەریتانی و پشتگیریکردنی سیاسەتی میر عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن و بە پیرۆزکردنی هەنگاوەکانی لە کۆششی ناو میرنشینیی بەرەو سەربەخۆیی تەواو دەورێکی دیاری لە ژیانی سیاسی بینی بوو، کە لە ساڵانی ١٩٢٧ -١٩٣٠ی زایندا یەکێک بووە لە ئەندامانی (حزبی گەلی ئوردونی)، کە

پشتگیریی حوکمی دەستووریی میر عەبدوڵڵای کوڕی حوسێنی ڕادەگەیاند.(٢٦)

گەڵێکی تر لە کوردەکانی ئوردن لە سەردەمی میرنشینیش و شاهێتیشدا چەندان پۆستی سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرایەتی و سیاسی و سوپایی و دیپلۆماسییان لە بواره جیاکاندا وەدەست هێناوە، لەمانە:

یەکەم: بواری سیاسی:

یەکەم: وەزیرەکان:

ناو	پۆست	مێژوو
ڕەشید پاشای مەدفەعی	وەزیری ناوخۆ و بەرگری	١٩٣٧
سەعد جومعە	وەزیری دەرباری شاهیی هاشمی	١٩٦٥
سەعد جومعە	سەرەک وەزیران (دوو جار)	١٩٦٧
د. یوسف مستەفا زهنی	وەزیری نۆژداری و کاروباری کۆمەڵایەتی و کار	١٩٧٣ – ١٩٧٤
ئەندازیار سەڵاح جومعە	وەزیری کشتوکاڵ و ئازووقە (تموین)	١٩٧٦ – ١٩٧٩
ئەندازیار ئەشرەف ئەلکوردی	وەزیری نۆژداری	١٩٩٧ – ١٩٩٨
سەعدەدین جومعە	وەزیری کاروباری سەرۆکایەتیی وەزیران	١٩٩٧ – ١٩٩٨
ئەندازیار عومەر ئەشرەف ئەلکوردی	وەزیری پێوەندییەکان	٢٠٠٦

دووەم: ئەنجوومەنی پیاوماقوولان (ئەعیانی) ئوردنی

ناو	پۆست	مێژوو
سەعد جومعە	ئەندامی ئەنجوومەنی پیاوماقوولان (ئەعیان)	١٩٦٧ – ١٩٦٩
سەعد جومعە –ئەندام	ئەندامی ئەنجوومەنی پیاوماقوولان	١٩٧١ – ١٩٧٩
دوکتۆر ئەشرەف ئەلکوردی	ئەندامی ئەنجوومەنی پیاوماقوولان	١٩٩٣ – ١٩٩٧
سەعدەدین جومعە	ئەندامی ئەنجوومەنی پیاوماقوولان	١٩٩٧ – ٢٠٠٧

هەوڵنامەی کۆپی

سێیەم: لە کاری دیپلۆماسیدا

ناو	پۆست	مێژوو
عەلی سیدۆ ئەلکوردی	وەزیری نوێنەر (موفەووەز) و دیپلۆماسی لە جەدە و ئەنقەرە و دیمەشق و یەمەن	ساڵی ١٩٦١ خانەنشین بوو
سەعد جومعە	باڵیۆز لە ئێران و سووریا و ئەمەریکا و مەغریب و ئەڵمانیای ڕۆژاوا بەریتانیا و تووس و ئیسپانیا	١٩٥٧ – ١٩٧١
لیوا عەبدولئیلاە ئەلکوردی	بالیۆز لە مالیزیا وڕووسیا	هێشتا لە کاردایە
مازن مدحەت جومعە	باڵیۆز لە مالیزیا	

چوارەم: لە بواری بەڕێوەبەرێتیدا

ناو	پۆست	مێژوو
ڕەشید ئەلەدفەعی	موتەسەرریفی لیوای بەلقا	١٩٢٨ – ١٩٣٠
ڕەشید ئەلەدفەعی	پارێزگاری پایتەخت	١٩٢٨
سەعد جومعە	پارێزگاری پایتەخت	١٩٥٤ – ١٩٥٨
خەلیل بەکر زازا	بەڕێوەبەری ناحیەی شۆبەک	١٩٣٠
محەمەد عەلی ئەلکوردی	بەڕێوەبەری ناحیەی کووڕە	١٩٢٥ – ١٩٢٧
محەمەد عەلی ئەلکوردی	قایمقامی ناحیەی عەجلوون	١٩٣٣
محەمەد عەلی ئەلکوردی	موتەسەریفی لیوای بەلقا	١٩٤٨
عەلی سیدۆ ئەلکوردی	قایمقامی جەبەل عەجلوون	١٩٤٩

لە بواری سوپاییدا:

دوای گەیشتنی میر عەبدوڵڵا بۆ مەعان ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ی زاین، گەلێک لە پێشەوایان و پیاوانی ئوردن و سووریا هاتنە لای بۆ پشتگیریی بیروباوەڕ و سیاسەتی بۆ ئازادکردنی وڵات و لەناو ئەوانەدا کە هاتبوونە لای خەلیل بەکر زازا و نووردین بەرزنجیی دوو ئەفسەری کورد.[٢٧]

خەلیل بەکر زازا لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی کوردی دیمەشقیدا چوونە ئوردن، ئەمانە حوسێن ئاغا ڕەمەزانیشیان لە ناودا بووە، بۆ بەشداری لە شۆڕشی هەرە گەورەی عەرەبدا لەگەڵ شەریف حوسێنی کوڕی عەلی، لێرەوە پێوەندیی نێوان خەلیل بەکر زازا و میر فەیسەڵی کوڕی حوسێن

پتەو بووە کە ساڵی ١٩١٨ی زاین بە شای وڵاتی سووریا دامەزرا.

دوای هەرەسهێنانی حوکمی فەیسەڵی لە سووریا ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٠ هاتووەتە مەعان لە باشووری ئوردن و پێشخزمەتیی خۆی خستووەتە بەردەستی میر عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن و کاتێک میر عەبدوڵڵا میرنشینییەکی لە ڕۆهەڵاتی ئوردن دامەزراند ساڵی ١٩٢١ یەکێک بووە لە پێشەنگانی ئەوانەی خۆیان گەیاندووەتە سوپای ئوردن و بەشداریی لە دامەزراندنی سوپا و هێزەکانی دەرەک و پێکهێنان و مەشق بە تاکەکانی کردووە، چەندین پۆستی وەرگرتووە، سەرکردایەتیی دەرەکی کەرەک ساڵی ١٩٢٢ و جەرەش و توفەیلە ١٩٢٣ و سەلت ١٩٣٨ و سەرکردایەتیی کەرتی مەلکا ١٩٢٨ و بەڕێوەبەرێتیی ناحیەی شۆبەک ١٩٣٠ و سەرکردەی ناوچەی عەجلوون، ڕۆژی ٨ / ١٢ / ١٩٣٨ لە کاتی فەرمان بەجێ گەیاندندا بە ڕووداوێکی ناخۆش کۆچی دواییی کردووە، لە کاتی فرماندا بە دڵسۆزی و بەهرەمەندی ناسراوە و ڕێزی میر عەبدوڵڵا کوڕی حوسێنی بەدەست هێناوە و لە دامەزرێنەرانی دەزگای ئاسایشی گشتیی ئوردنی دانراوە، تەیسیر زبیانی تێکۆشەری سووری لە بارەیەوە دەڵێ: بە هێزی و ئازایەتی و کارپتەوی ناسراوە. (٢٨)

هەروەها فردریک. ج. بیکی سەرکردەی سوپای ئوردنی ساڵی ١٩٢٨ لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێ: ژمارەی کوردەکان لە سوپای ئوردندا گەیشتووەتە ١٤ی سەرکردایەتی بەڕێژەی ١,٣ ٪ لە کۆی دانیشتوانی ئوردن کە ئەوسا ژمارەیان (٢٦٠) هەزار کەس بووە.(٢٩)

کۆمەڵێکی گەورە لە توانستە کوردییەکان لە ئاستی ئەفسەر و سەرباز لەوانەی لە سوپای عوسمانی و سوپای فەیسەڵیدا خزمەتیان کردبوو، لە سەرەتای دامەزرانیدا چوونەتە ڕیزی سوپای ئوردنی و تۆوی سوپای ئوردنیان پێک هێنا و مۆرکی دیاریان لە مەشق پێکردن و دامەزراندن و پەرەپێدانییەوە هەبووە و هەندێک لە کوردەکان لە کاتی بەجێهێنانی ئەرک و بەرگری لە نیشتمانداو، شانازیی شەهیدبوونیان بەدەست خستووە، لەمانە:

سەربازی شەهید موحەمەد موحیدین زازا، لە عەمان کە ڕۆژی ٢٥ / ٨ / ١٩٤٨ دا شەهید بووە.

مولازیمی فرۆکەوان شەهید عامر ئەحمەد بەکر زازا، لە سەڵت ساڵی ١٩٦٧ شەهید بووە.

ئەفسەری فرۆکەوان شەهید بەدرەدین زازا، لە سەڵت لە ڕووداوێکی بەربوونەوەی فرۆکەدا لە شۆبەک بە یاوەریی شازنە عەلیا، لە تۆقان شاڵی ١٩٧٧ی زاین.

ژن و ژنخوازیی نێوان کورد و هاشمییەکان

لە سەدەی بیستەمدا هەندێک ژن و ژنخوازی لەناو کورد و هاشمییەکانی نەوەی شەریف حوسێنی کوڕی عەلی و نەوەکانی ئامۆزایانی عێراق و ئوردندا بووە.

پێوەندیی چەسپاو لە نێوان میرە بەدرخانییەکان (نەوەی میری جزیرە و بۆتان) و هاشمییەکان

هەبووە، کە ناسری کوڕی جەمیل (خاڵی خاوەنشکۆ شا حوسێنی شای ئوردن) خاتوو (نەوزاد)ی کچی (قودرەت سورەییا بەدرخان)ی خواست، ئەم پێوەندییە تازە بووەوە.[٣٠]

ئەوەی شایەنی باسە میر عەبدوڵڵا کوڕی حوسێنی میری ڕۆهەڵاتی ئوردون ویستوویەتی یارمەتیی میر جەلادەت بەدرخان بدا، کە لە دیمەشق بووە، بەوەی پۆستێکی گەورەی لە عەمان بداتێ، بەڵام جەلادەت بەدەنگ ئەو بانگهێشتەوە نەچووە.[٣١]

لە ئوردنیش ژن و ژنخوازی لەناو هاشمییەکان و کوردەکاندا بووە، کە خاوەن بەرزیی شاهانە میربانوو بەسمەی کچی تەڵاڵ شووی بە مامۆستا وەلید ئەلکوردی _ پیاوی کاری ناسراو _ کرد، کە ئەمڕۆ پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای فۆسفاتی ئوردنیی بە دەستەوەیە.

هەروەها خاوەن بەرزیی شاهانە میربانوو عائیشەی کچی حوسێن شووی بە ڕێزدار سەعدەدین جومعە ئەلکوردی کردووە.

لە عێراقیش ژن و ژنخوازی لەناو بنەماڵە هاشمییەکان و کوردەکانیدا بووە، کە (محەمەد عەتا ئەمینی پژدەری)ی سەر بە عەشیرەتی پژدەری کوردە، (سارەی کچی شەریف حوسێنی کوڕی عەلیی شای حیجاز)ی میربانووی هاشمیی خواستووە، کە خوشکی میر زەیدی کوڕی حوسێنە. محەمەد عەتا لە کاری دیپلۆماسیدا بووە و پۆستی وەزیری باوەڕپێکراوی بەدەست هێناوە، لە پاڵ ئەوەشدا کاری لە ئەدەبییاتدا دەکرد و ساڵی ١٩٧١ی زایین کۆچی دواییی کردووە.[٣٢]

میر عەبدولئیلاهی کوڕی عەلیی وەسیش (پێ سێپێرداوی تەختی عێراق)، لەگەڵ کچە کوردێکدا کە ناوی (نەسرین) بووە نیازی هاوسەرکاریی هەبووە، کە کچی عەلی کەمال بوو کە پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس بوو لە عێراق، عەبدولئیلاه (نەسرین)ی لە هاوینەهەواری سەرسنگ لە کوردستاندا چاو پێ کەوتبوو، چووبووە دڵییەوە ئارەزووی هێنانی بووە، بەڵام قسمەت نەبوو، کە دواتر شووی بە کەسێکی تر کرد و ئەمڕۆ لە دەوڵەتی میرنشینییە عەرەبییە یەکگرتووەکاندا لەگەڵیدا دەژی.

مقۆمقۆی ئەوەش بڵاو بووەوە کە میربانوو بەدیعەی خوشکی میر عەبدولئیلاه قایلی کرد کە نەسرین نەخوازێ. بەڵام میربانوو بەدیعە نارەزاییی بەرامبەر ئەم دەنگۆیانە دەربڕی، لەبەرئەوەی ئەوساکە لە ئەسکەندەرییە بووە و لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی دەڵێ: (بۆ مێژوو دەڵێم، کە ئەحمەد موختار بابانی (دوا سەرەک وەزیرانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی) بوو کە میر عەبدولئیلاهی قایل کرد کە داوای نەکا و نەهێنییەکە لە ناویاندا بە شاردراوەیی مایەوە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ کەس پێی نازانێ.[٣٣]

هەروەها شا فەیسەڵی دووەم مانگی ئەیلوولی ١٩٥٧ لە شاری ئەستەمبوولّ کچە خانەدانی میسری (سوبحییە فازیلّە)ی کچی محەمەد عەلی ئیبراهیم (١٩٠٠ – ١٩٧٧ی زاین) ی کوڕی میر وەحیدەدینی کوڕی ئیبراهیم فەهمی پاشای کوڕی ئەحمەد ڕیفعەت پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای

کوڕی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشای گەورەی بنیاتنەری میسری نوێ.

ئەوەی زانراویشە، محەمەد عەلی پاشا (١٨٤٩– ١٨٨٤ی زاین) بنەچەی دەچێتەوە سەر کوردەکانی شاری دیاربەکر، نەک بۆ ئەڵمانیا وەک بڵاو کراوەتەوە و ئەم ڕاستییانەش لە وتارێکدا بە ناونیشانی (تەخت پێ سپێرراو (وەلی عەهد) باسی بژێوی بەدەستی بۆ کردم)دا هاتووە.. کە لە لاپەڕە (٥٦)ی کۆواری ئەلموسەویر(المصور)ی میسریی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٤٩ی زاین دەرچووە.

لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسیدا عەباس مەحموود ئەلعەقاد لەگەڵ پێسپێررواوی تەخت (وەلی عەهد)ی میسری ئەو سەردەمەدا کە میر محەمەد عەلی بووە ئەنجامی داوە پێسپێررواو جەختی لەسەر کوردبوونی بنەماڵەی محەمەد عەلیی گەورە کردووە، کە لەبەر بایەخی ئەو وتارە ئەو پارچەیەی لێ دادەبڕین کە لەژێر ناونیشانی (دیاربەکر.. لا) دا دەڵێ: ... (بەڕێزی بە ئەمانەتێکی زانایانەی تۆچەرەوەوە گوتی: نازانم و ڕێگەش بە خۆم نادەم گومان لەوە بکەم کە نایزانم، بەڵام من لە بارەی بنەماڵەوە باسی شتێکتان بۆ دەکەم لەوانەیە گەلێک کەس بە سەیری بزانن لەبارەی پێگەیینی بنەماڵەی عەلەوی بکەم (کە دراوەتە پاڵ محەمەد عەلی)، ئەوەی باو بێ ئەوەیە کە بەپێی باسێک لە نزیک ولاتی ئەرناووتدا (ئەڵبانیای ئەمڕۆ) پەروەردە بووە، بەڵام ئەوەی لە کتێبێکدا بەرچاوم کەوتووە کە قازیی میسر لە سەردەمی محەمەد عەلییدا نووسیوە. ...) بنەچەی بنەماڵەکە لە دیاربەکری ولاتی کوردانەوە بووە و لەوێشەوە باوکی محەمەد عەلی و براکانی چوونە قولە، ئینجا یەک لە مامەکانی گوازتیەوە بۆ ئاستانە (ئەستەمبوڵ) و مامی دووەمی بە دوای بازرگانی کەوت و ڕێی گرتە بەر و باوکی محەمەد عەلی لە قولە مایەوە، ئەم گێڕانەوەیە ئەوەی بیستوومانە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە بارەی میر حەلیم (یەک لە نەوەکانی محەمەد عەلی)یەوە کە پێگەیینی بنەماڵەکەی دەگەیاندەوە دیاربەکری ولاتی کوردان. "

عەباس مەحموود ئەلعەقاد لە کۆتاییی وتارەکەدا بە دوایدا دەڕوا: (ولاتی کورد) ئەوەندەی شانازیی بەسە دوو قارەمانی نەمری بۆ جیهانی ئیسلامەتی هێناوەتە گۆڕێ: سەلاحەدین و محەمەد عەلیی گەورە، کە لە سەرەتای پێگەیشتنیان و ڕاپەڕینی میسردا بە یەک دەگەنەوە و لە دانە پاڵئەوانی قەلای یوسفی (قەلای ئەمڕۆی قاهیرە) کە بە بیناکردن دەدرێتە پاڵ سەلاحەدین و بە تازەکردنەوە و پتەوکردنەوە دەدرێتە پاڵ محەمەد عەلیی گەورە."[٣٤]

لە کاتێکدا (فازیلە) ڕۆژی ٨ی ئابی ١٩٤١ لە پاریس لەدایک بووە و دوای خوازبێنیی سەری لە بەغدا داوە، بەڵام شا فەیسەڵی دووەم _ خوای لێ خۆش بێ _ لە کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی زایندا کوژرا و مارەی نەکرد و دوای ئەوە ساڵی ١٩٦٥ی زاین شووی بە خەیری ئۆغورلوی کوڕی سوعاد خەیریی سەرەک وەزیرانی کۆماری تورکیا کرد.[٣٥]

کوردەکان ساڵی ١٩٤١ی زاین شا فەیسەڵی دووم لە هەولێر دەپارێزن

ساڵی ١٩٤١ی زاین کە بزووتنەوەی ڕەشید عالی ئەلگەیلانی لە بەغدا ڕووی دا، بنەماڵەی هاشمی بەغدایان جێ هێشت و لە سەرووی گشتیانیشەوە شا فەیسەڵی دووەم و شابانوو عالیەی دایکی و میربانوو بەدیعە ڕوویان لە کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لە مەترسیی بۆردمانی ئاسمانیی بەریتانی دوور کەوتنەوە کە بە درێژاییی مانکی ئەیاری ١٩٤١ بەغدا بەرەنگاری بووەوە.

بنەماڵەی هاشمی بوونە میوانی پارێزگاری هەولێر، دواتر گوازتیانەوە میوانداریی (مەلا ئەفەندی عومەری کوڕی ئەبوبەکر، ناسراو بە مەلای گچکەی پێشەوای کورد.)[٣٦]، کە بنەماڵەی هاشمی خواردەیی و پارێزگاری و پێشوازییان پێشکێش کردن، شا فەیسەڵی دووەم ئەوسا لە تەمەنی شەش ساڵیدا بووە، مەلا ئەفەندیش شەو و ڕۆژ هەر لەگەڵیدا بووە و بۆ پاراستن و ترسی لەسەر ژیانی لەبەر دەرگەی ژوورەکەیدا دەنووست و دەیگوت: (ئەگەر کەسێک نیازی بەدکارییەکی لەگەڵ شادا کرد هیچ چارێ نییە دەبێ بەر لە شەمەوە ڕەتبێ.) دوای کۆتاییهاتنی ئۆپیراسیۆنە سوپاییەکان و نشوستیی کودەتا، بنەماڵەی هاشمی گەڕایەوە بەغدا.[٣٧]

لەبارەی ئەم وەفادارییە کوردییەوە میربانوو بەدیعە لە یاداشتەکانیدا دەڵێ:

(دوای بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی ساڵی ١٩٤١ی زاین، بارودۆخی سەختی سیاسیی پێویستی کرد بنەماڵەی هاشمی بەغدا جێ بهێڵن و عەبدوللیلاه لە بەسرە مایەوە جەمیل مەدفەعی و عەلی جەودەت ئەلئەیوبیی لەگەڵدا بووە، مانەوە و نووستنیان لە یەختێکدا بووە لەناو شەتتولعەرەبدا گیرساوەتەوە.

بنەماڵەی هاشمی جانتاکانیان بۆ ڕاگوزاریی لە بەغداوە بۆ کەرکووک ئامادە کرد و لە میوانداریی پارێزگاری هەولێردا بوون و لەوێشەوە شا فەیسەڵ و بنەماڵەکەی گوازتیانەوە بۆ لای یەک لە مەلا گەورە کوردەکان لە هەولێر و لەو ماڵەیدا مانەوە کە لە قەڵاتە بەناوبانگەکەی ناوەڕاستی هەولێردا بووە، لە ماڵی مەلا ئەفەندی (باوکی عیزەدین ئەفەندیی نوێنەر – نائیب) دا چەند ڕۆژێک مانەوە، شەوێکیان یەک لە کودەتاچییەکان دێ و داوا لە مەلا ئەفەندی دەکا شا فەیسەڵی دووەمی ڕادەست بکا، ئەمیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: (وەڵڵاهی بشمکوژن شاتان نادەمی..). کە سووربوونەوەیان بینی چوونە دەرەوە... حکوومەتی کودەتاچییەکان کۆتاییی هات و میر عەبدولئیلاه گەڕایەوە عێراق و کوودەتاچییەکان بەرەو هەندەران هەڵاتن و ولاتەکەیان بێ حکوومەت جێ هێشت و عەبدولئیلاه چووە ناو بەغدا و سوپای ئوردنی و عیراقییان و ئینگلیز عێراقیان لە کودەتاچییان گەڕاندەوە و کە گەیشتنە بەغدا و جانتایان ئامادە کرد و گەڕانەوە بەغدا.

هیچمان به دەستەوە نەبوو بەشداریکردنی کوردەکان نەبێ لەو ئاهەنگ و خۆشییانەیاندا بەوەی لە عێراقدا ڕووی دا و کوردەکان گۆرانییان گوت و هەڵپەڕکێ و جلی ڕەنگاوڕەنگی ئاڵووالآمان لەبەر کرد بە شانازیی چیاکانی کوردستان و خەڵکە وەفاداره چاکەکەی و خۆمان ئامادە کرد بۆ ڕاگوزاریی گەڕانەوە بۆ بەغدا.[٣٨]

سالّی ١٩٥٨ی زاین، ئەندازیارێکی کورد میربانوو بەدیعە لە کودەتاچییان ڕزگار دەکا

کاتێک عەبدولکەریم قاسم کودەتای ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ی زاینی لە بەغدا ئەنجام دا و بنەماڵەی شاهانەی هاشمیی تێدا کوژرا، تەنیا میربانوو بەدیعەی کچی شا عەلیی کوڕی حوسێن، کە خوشکی عەبدولئیلاهی وەسی بوو لەگەڵ شەریف حوسێنی کوڕی عەلیی مێردەکەی و منداڵە شەریفەکانی نەبن کە (محەمەد و عەبدوڵڵا و عەلی) بوون، کەسی تریان لێ ڕزگار نەبوو، ئەمانە تا کاتی کودەتاکە لە ماڵی خۆیان بوون و لە ترسی ژیانیان ماڵیان جێ هێشتبوو و چوو بوونە ماڵی (عەبدولقادرعەبدولعەزیزی ڕانییە)ی ئەندازیاری کورد لە ناوچەی مەنسووری بەغدان ئەم کابرایە ئەندازیاری کارەبایی بووە و پێوەندییەکی چەسپاوی لەگەڵ میربانوو بەدیعە هەبووە، کاری لە خانووە تازەکەی مەنسووریاندا کردووە، ئەندازیارەکە ڕۆژی کودەتا شوومەکە پێشوازیی لێیان کردووە و پاراستوونی، شەوێک لە ماڵیان بوون و سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووەم بە ئۆتۆمۆبێلی تایبەتیی خۆی بە دوو قۆناخ دەیانگەیەنێتە باڵوێزگەی سعوودی لە ناوچەی وەزیرییەی بەغدا و ئەندازیارە کوردەکە بەم کارەی میربانوو بەدیعە و مێردەکەی و منداڵەکانی لە مردنێکی بێگومان ڕزگار کردووە ئەگەر بکەوتنایە بەردەستی کودەتاچییان، ئینجا بە دڵنیاییەوە لەلایەن باڵوێزگەی سعوودییەوە براونەتە هەندەران. میربانوو بەدیعە ئەم چیڕۆکەی لە یاداشتەکانیدا لە ژێر ناوونیشانی (سوپاس عەبدولقادر ڕانییە)دا گێڕاوەتەوە.[٣٩]

پەڕاوێزەکان:

(١) مشاهير الكرد: ١٥٦/١، جابان الكردي بقلم احمد الخليل، منشور على الإنترنت ضمن عنوان (مشاهير الكرد في التاريخ الإسلامي).

(٢) القرطبي: بهجة المجالس وانس الجالس ٢٨٠/١.

(٣) حسن ابراهيم حسن: تاريخ الإسلام، ١٠/٢-١١

(٤) دائرة المعرف الإسلامية:٤٠٢/١-٤٠٤، الأعلام:٣٣٧/٣-٣٣٨، تاريخ الأمم والملوك: ٣١٣/٩، تاريخ بخاري لترشيحي: ٧، البدء والتاريخ: ٧٨/٦-٩٥، وفيات الأعيان: ٢٨٠/١، ميزان الاعتدال: ١١٧/٢ظ، تاريخ بغداد:٢٠٧/١٠، الكامل:٥/

مروج الذهب: ٦ /١٨٦، أنساب الأشراف:٦٣١/٤، مشاهير الكرد:١٧-١٨، معجم الأدباء: ١٢١/٥-١٢٣، وللمزرباني كتاب عنه (أخبار أبي مسلم) في نحو مائة ورقه. وهناك قصة تركية بعنوان (أبو مسلم) في

مخطوط بمكتبة فينا، طبعت بالآستانة عام ١٨٨٣م.

(٥) فاروق عمر فوزي: المدخل إلي تاريخ آل البيت منذ فجر الإسلام وحتى مطلع العصر الحديث. جامعة آل البيت، المفرق، ١٩٩٨م. ص ٢٩٠-٢٩٣

(٦) فاروق عمر فوزي: المدخل إلى تاريخ آل البيت، ص٢٨٩-٢٩٠

(٧) أعلام الكرد:٢١٤

(٨) سليمان موسى: معارك الثورة العربية الكبرى: الحرب في الحجاز، عمان، ١٩٨٩، ٢١٠، ٢١٠، عن سيرته انظر: مشاهير الكرد، بغداد، ١٩٤٥، ١٦٠/١

(٩) مير بصري: أعلام الكرد، ٢٢٧.

(١٠) مير بصري: أعلام الكرد، ٢١٧.

(١١) مير بصري: أعلام الكرد، ١٢٩.

(١٢) محمد عدنان البخيت: الوثائق الهاشمية، ١٩٩٦، المجلد٧/ص ٥٧٩

(١٤) جريدة العاصمة الحكومية الرسمية، دمشق، تاريخ ١٨ أيلول ١٩٢٠)

(١٣) ملحق الثورة العربية الكبرى، بيروت، ١٩٦٦.

(١٥) جريدة العاصمة، دمشق، عدد٨٥، تاريخ ١٩١٩/١١/١٨، الصويركي: شرقي الأردن والعهد الفيصلي، عمان، ١٩٩٢، ص٥٧.

(١٦) جريدة العاصمة، دمشق، عدد٨١، تاريخ ١٩١٩/١٢/٤

(١٧) هاني خير: السجل التاريخي المصور، ٢٥، جريدة العاصمة، عدد٢٥، تاريخ ١٩١٩/٢/١٢

(١٨) الصويركي: شرقي الأردن والعهد الفيصلي، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٨

(١٩) سعد أبو دية: التاريخ من خلال الشعر(جريدة القبلة، مكة المكرمة، ٢١ذي القعدة، ١٣٣٩هـ)، قصائد في الثورة العربية الكبرى، ٣٨٢

(٢٠) سليمان موسى: أوراق من دفاتر الأيام، عمان، ٢٠٠٠، ص٦٥.

(٢١) عبدالله بن الحسين: الوثائق الهاشمية، ٣/، ٥٨، ١٧٢.

(٢٢ المصدر السابق، ١٦/٣، ٦٨، ١٦٩.

(٢٣) نفس المصدر، ٢٨٧/٣.

(٢٤) نفس المصدر، ٢٩٤/٣.

(٢٥) الصويركي: الأكراد الأردنيون، ٩٧.

(٢٦) سليمان الموسى: تاريخ الأردن في القرن العشرين، ٢٢٢، ٢٢٤، محمد خريسات: الأردنيون والقضايا الوطنية، ٨٨.

(٢٧) سليمان الموسى: تاريخ الأردن في القرن العشرين، ١٥٥، نواف السريحين: تاريخ الجيش العربي الأردني، عمان، ١٩٩٠، ص٢٠، ٤٢، ٤٣.

(٢٨) الأكراد الأردنيون: ١٤٧، تيسير ظبيان: العهد الفيصلي، جريدة الرأي، تاريخ ١٩٧٣/٣/١

هوالنّاشر كتب

(٢٩) معن أبونوار: قيام وتطور إمارة شرقي الأردن، عمان، ٢٠٠٠، ص ٢٦٨.

(٣٠) الأمير جلادت بدرخان، ٨٢.

(٣١) الأمير جلادت بدرخان،٥٩-٦٠.

(٣٢) مير بصري: أعلام الكرد،٢٣٢.

(٣٣) الأميرة بديعة: مذكرات وريثة العروش، ٢٧٣-٢٧٤.

(٣٤) الموسوعة العربية: ١٦٦١/٢-١٦٦٢، ٣٢١.

أعيان القرن الثالث عشر:١١٥-١٢٠، هناك قول شائع بان أصل أسرة محمد علي من أصل الباني، ولكن الخديويون كانوا يعدون في مصر على الدوام أتراكا، لكنهم كانوا بحق في عواطفهم وآمالهم مصريين (دائرة المعارف الإسلامية: ٢٣٨/٤) وقد قال الأمير محمد علي أحد أحفاد هذه الأسرة عام ١٩٤٩ لمجلة المصور المصرية إن أصلهم أكراد من دياربكر.

(٣٥) مير بصري: أعلام السياسة في العراق الحديث، ٣٧.

(٣٦) هو أبوبكر الملا أفندي عمر ابن أبي بكر المعروف بكوجك ملا (الملا الصغير) ابن عثمان، من مواليد اربيل سنة ١٨٦٧، عمل في الإرشاد والتدريس في اربيل، وألف وترجم في الفلك والإسطرلاب، توفي عام ١٩٤٢، انظر ترجمته في: محمد أمين زكي: مشاهير الكرد، ١٢٦/٢-١٢٧، محمد الصويركي: معجم أعلام الكرد.

(٣٧) سامي الصقار: طه الهاشمي، جريدة الرأي الأردنية، العدد٩٦٩١، تاريخ ١٩٩٧/٣/٧.

(٩٣٨) فائق الشيخ علي: مذكرات وريثة العروش الأميرة بديعة، لندن، دار الحكمة، ط٣، ٢٠٠٣، ص١٣١-١٣٢

(٣٩) الأميرة بديعة: مذكرات وريثة العروش، ٣١٨-

***

* ئەم قسەیە ڕاست نییە و هیچ بنج و بناوانێکی نییە. بارزانی خۆی دەست پێشخەریی ڕاگرتنی شەڕی کوردستانی کرد لە ئاستی عێراقدا بۆ ئەوەی سوپای عێراق تەرخان ببێ بۆ شەڕی ئیسرائیل راستییەکی تێدا نییە.

سەرچاوە:

http://www.kobanisat.net/vb/showthread.php?t=5740

ئەرمەن و کورد

فەرهاد پیربالّ

٢–١

ئێمەی ئەرمەن
هەموو کات بەدڵگەرمییەوە بەتەنگ بانگەوازی کوردەکانەوە چووینە
بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەین
کە ئەوانیش سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بهێنن.

Bulletin Armenien, N. 18-19-20,
Paris: Mars - Avril 1920.

هەوالنامەی کێبڕکێ

کوردستان لەو نەخشە جوگرافییانەی لەلایەن کوردناسەکانەوە بڵاو کراونەتەوە، هەردەم کەوتووەتە ناو سنووری سیاسیی دەوڵەتێکی زلهێزەوە (ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، ئەرمەنی، هەخامەنشی یان عوسمانی، ساسانی، سەلجووقی، قاجاری..). تەنانەت لە نەخشە جوگرافییە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا کوردستان زۆر بەدەگمەن وەک ووڵاتێکی سەربەخۆ ناوی هاتووە. ئەمەش چونکە کوردستان بەدرێژاییی مێژوو هەردەم بەزۆر لکێندراوەتە دەوڵەتێک یان ئیمپراتۆریەتێکی غەیرە کوردەوە.

کوردستان زۆر نەتەوە و دینی جۆرەوجۆری تێدایە. ئەمە جگە لەوەی کە کورد هاوسنووری نەتەوە و دینی جۆرەوجۆر بووە.. لەوانە ئەرمەن؛ کە لەگەڵیاندا نەک هەر هاوسنوور و دراوسێ بگرە هاوشار و زۆرجاران هاوگەڕەکیش بوونە بەدرێژاییی مێژوو.

گەلی ئەرمەن، لە کۆنەوە دراوسێی کورد، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی جوگرافییەوە، لە باکوری کوردستانی گەورەدا دەژین: لە ڕۆئاواوە لە شاری ورمێی کوردستانی ئێرانەوە سنووریان دەست

پێ دەکا تا دەگاتە شاری قۆنیای تورکیا. لە باکوریشەوە: لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتییەوە تا خواروویی چیای ئارارات. ئەمە جگە لەوەی لەناو هەندێ لە شارە کوردنشینەکانی کوردستانی تورکیادا لەگەڵ کورددا پێکەوە دەژیان. لەخۆرایی نییە، لە ولاتی لبنانداە هەتا ئەمڕۆش عەرەبەکان لەبارەی ئەو پێوەندییە پتەوەی نێوان ئەرمەن و کوردەوە دەڵێن «کورد ئامۆزای ئەرمەنییەکانن».

ئەرمەن، بەگوێرەی نووسینی مێژوونووسە یۆنانییەکان (هیرۆدۆت و سترابۆن) دەبێ لە ساڵەکانی ١٢٠٠ بەر لە زاین، لە بەلکانەوە لە رێگەی بسفۆر و دەردەنیلەوە بەرەو رۆهەلات هاتبن، بەر لەوانیش ئەو شوێنەی لێی دەگیرسێنەوە دیارە ئۆرارتۆکان (ئیمپراتۆریەتی ئوورارتوو) لە ساڵەکانی دوو هەزاری بەر لە زاین لە دەوروبەری دەریاچەی وان دەوڵەتیان هەبووە کە بە هالدی یا خالدی دەناسران ئیتر ئەوان لەسەر کەلاوەی ئەم دەوڵەتە دادەکوتن.

بۆ ڕەچەلەکی ئەرمەنەکان، مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە وەکو کورد لە نەژادی ئەوروپایی و ئارین. دوای بلاوبوونەوەی ئاینی کریستی، پادشای ئەرمەنەکان یەکەم پادشای دنیا بووە بڕوای بە ئاینی کریستی هێناوە و ئەم ئاینەشی بە فەرمی کردووە بە ئاینی دەوڵەت. ئەوسا کوردەکان زەردەشتی بوون بەڵام هیچ ناکۆکییەکی ئاینی لە نێوانیاندا سەری هەڵنەداوە.

ئەرشاک سافراستیان (کوردستان و کوردەکان، وەرگێڕانی: خالید هەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر: ٢٠١٠) دەڵێ: کورد و ئەرمەن، کە دوو نەتەوەی دێرین و رەسەنی دراوسێن، بەر لە ٥ هەزار ساڵێک، ئەو کاتەی ئەرمەن لە ناوچەی بەلکانەوە بەرەو چیاکانی ئارارات و زاگرۆس کۆچیان کردووە، دراوسێکانی ئەوسایان کە باو و باپیرانی گەلی کوردی ئێستا بوون، ئەو کات بە گووتی یا کاشوو دواتریش بە میدیا ناو دەبردران، ئەمان ئەو کات لەو ناوچانە دەژیان و خاوەنی خاک و دەسەلاتی خۆیان بوون ئیتر لەوساوە بوون بە دراوسێی یەکتر، بەڵام دواتر بەرژەوەندییەکان وایان سەپاند کە کورد نەبێتە خاوەن قەوارەی سیاسی و خاکەکەشی بکەوێتە مەترسییەوە.

یەکێک لە کۆنترین بەڵگەنامە کە ئاماژەی بە پێوەندی و دراوسێیەتیی ئەرمەن و کورد دابێت، مێژوونووسی یۆنانی (ئێگزەنەفۆن)ە لە کتێبی (ئاناباز) کە لە ساڵی (٤٠١ پ. ز)دا بە زمانی یۆنانی نووسیویەتی. ئێگزەنەفۆن دەڵێ: «یۆنانییەکان ڕاوەدووی کاردۆخەکانیان نەنا. چوون قسەیان لەگەڵ هەندێکیان کرد، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ ڕازی دەبن ئەگەر لەشکرەکە بەناو ولاتەکەیاندا تێپەڕ ببێت؟».

بەم قسەیەی ئێگزەنەفۆن، کاتێ دەڵێ: «چووین قسەمان لەگەڵ یەک دووانێکیان کرد» دەردەکەوێ، کە لەو سەردەمەدا کاردۆخەکان ژیانێکی عەشیرەتگەری و سیاسیی ڕێکوپێکیان نەبووە: هیچ ئاغا یان سەرکردە و پاشایەکیان نەبووە، ئەگینا دەچووە پێشەوە و قسەی لەگەڵ سەرکردەی یۆنانییەکان دەکرد. ئەمە لە کاتێکدا ئێگزەنەفۆن کاتێ باسی ئەرمەنییەکان دەکا، باش ئاماژەی ئەوە دەکا کە ئەو ئەرمەنییانە پاشایەکیان هەبووە و ناوی ئەو پاشایە (تیریباز) بووە.

یئنجا لە شۆینێکی تردا دەڵێ: «کریزۆف، خۆی و هاوەڵەکانی لە ئاوەکەیان دا. ئینجا ئێگزەنەفۆن، لەلای خۆیەوە، دەستەیەک لە پیاوە هەرە چاپووکەکانی هێزی دواوەی هەڵبژارد و لە دواوەڕا، بە هەموو هێزی خۆیانەوە، بە ڕاکردن ملیان نا بەرەو گوزەرگاکەی بەرامبەر ئەو ڕێگەیەی دەچووەوە سەر زنجیرە چیای ئەرمەنییەکان..».

پاشان لە بەشی چوارەمدا دەڵێ: «یۆنانییەکان ڕووبارەکەیان بڕی؛ دەستە دەستە لە شێوەی تەارەکی سەربازیدا، دەمەونیوەڕۆ گەیشتنە سەر خاکی ئەرمینیا، دەشتێکی هەتا چاو هەتەر دەکا بەرفراوان، جارجار نەبێ کە هەورازێکی دەهاتە بەرمانەوە. بەڵام ئەو ناوە، نێزیک ڕووبارەکە، سەبارەت بە ناکۆکی و دووبەرەکایەتییان لەگەڵ کاردۆخەکان، هیچ گوندێکی لێ نەبوو».

لە سالّی (٤٠١ پ. ز)دا گەزنەفۆن لە پەڕتووکەکەیدا بەناوی (کوروووشنامە) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەرمینیا لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو بەڵام سەر بەدەوڵەتی میدیا بووە. هەروەها ماسا خورینی مێژوونووسی ئەرمەن دەڵێ: «ئێمە لە سەردەمی هایکدا نازناوی پادشامان نەبوو میرمان بەکار دەهێنا بەڵام ئەم نازناوە ئەرباکس پادشای میدییەکان بەئێمەی دا، ئەو کاتەی میری ئەرمەنییەکان (باروێرە)ی نازناوی پادشای پێ دا و کرایە پادشای ئێمە».

لەناو گەڕاڵە ئەوروپاییەکانی سەدەی بیستەم، مارکۆ پۆڵۆ لە سەفەرنامەکەی خۆیدا لە بەشی (٢١: ل ٦٩) ئاوها باسی پێوەندیی نێوان ئەرمەنستان و کوردستان دەکا:

لە مەڵبەندی تورکمان Turcomanدا سێ جۆر خەڵک دەژین: تورکمان، کە محەمەد دەپەرستن و وەکو ئاژەڵان دەژین. لە هەموو شتێکدا میللەتێکی نەزان و جاهیلن، زمانێکی وەحشییانەیان هەیە و لە زمانی میللەتانی تر ناچێ. مالّیان نییە، لەناو شاخ و داخان لەگەڵ ئاژەڵەکانیان دەژین و کۆچەرن. خەڵکی تر: ئەرمەنییەکانن، کە خەڵکانێکی مەسیحیی زۆر ڕێکوپێک، پاشانیش یۆنانییەکان کە هەردووکیان تێکەڵ لەناو شار و دێهاتەکان ژیان بەسەردەبەن. خەریکی بازرگانی و پیشەی جۆرەوجۆرن. ناودارترین شارەکانی ئەم مەڵبەندە ئەمانەن: قۆنیا، قەیسەری، سیڤاس. سانت بلاسیۆس لە سالّی ٣١٦دا لە سیڤاس شەهید کرا لە پێناو مەسیح. ئەم سێ شارە زۆر دەوڵەمەند و ئاوەدانن.

ئنجا لە بەشی (٢٢: ل ٧٠– ٧٣) دەڵێ:

«ئەرمینیای گەورە مەڵبەندێکی یەکجار فراوانە. لە هەموو شۆینێکدا هەمان زمان بەکار دەبەن و لە زمانی مەڵبەندەکانی تر جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتیش دەچێتەوە سەر زمانی ئەرمینیای بچووک. لە ئەرزنجانەوە دەست پێ دەکا. بەشی هەرە زۆری خەڵکەکە ئەرمەنین. شـــــارەکانی تریش بریتین لە ئەرزەڕۆم Argiron، ئەرجیش، بایبوورت کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی ترابزۆن بەرەو تەورێز.

لەم مەڵبەندەی ئەرمینیای گەورەدایە کە کەشتییەکەی نوح، وەک بیستوتانە، لەسەر

لووتکەی چیایەکی یەکجار بەرز گیرساوەتەوە».

ئینجا دێتە سەر باسی ئەرمەنستان و دەڵێ:

«ئێستاش با وەسفی سنوورەکانی ئەم ئەرمینیا گەورەیە بکەین. باشووری، ئەمانەن: مووسڵ، مووش، ماردین. خەڵکی مووسڵ مەسیحین: ژاکۆبی Jacobites و نەستۆرین Nestoriens».

بازرگانی ناوداری فەرەنسایی، ژان باپتیست تاڤێرنیێ J.B. TAVERNIRER لە سەفەرنامەکەیدا Les Six Voyages en Turquie et en perse کە لە ئەمستردام بە فەرەنسایی لە (١٦٧٨) چاپ کراوە، لە بەرگی دووەم لە لاپەڕە ٢٦دا باسی ئەوە دەکا کە لەشکرە فراوانەکەی شا عەباسی سەفەوی لە چەندان میللەتی جۆرەوجۆر پێکهاتوون، وەکو «عەرەب ــ ئەرمەن، فارس، کورد... هتد»؛ ئینجا باسی ئەرمەن و کوردەکانی شاری دیاربەکر دەکا، دەڵێ:

«شارەکە شارێکی ئاپوورەیە و ژمارەی دانیشتوانی گەلێک زۆرە. خەڵک دەڵێن کە تەنیا مەسیحییەکان ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە بیست هەزار کەس. دوو لەسەر سێی ئەو مەسیحییانە ئەرمەنن، ئەوانی تریش نەستۆری و کەمێکیشیان یاقووبین».

لەناو گەراڵە فرەنساییەکای کۆتایی سەدەی هەژدەمدا، پییێر ژووبێرت Pierre-Amedee JAU-BERT ، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا، بە فراوانی باسی پێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەن، هەروەها لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانی دەکا، هەروەها ژیانی کورد و ئەو ئەزموونە زەحمەتەی کە لای کوردەکان چەشتی. ناوبراو لە ساڵی ١٨٢١دا لە پاریس کتێبێکی بایەخدار لەبارەی کوردستانەوە بەناونیشانی Voyage en Armenie et en Perse بڵاو دەکاتەوە.

ئەم چەند دێرەی لە خوارەوە دەیانخوێنیتەوە بڕێتین لە بیر و بۆچوونی رۆهەڵاتناسێکی فرەنسایی بە ناوی (ئەلفرێد ژاکوب) کە لە چارەگی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا سەفەرێکی دوور و درێژی بەپارزەوینی ئەفریقدا و ئاسیادا کردووە: لەو سەفەرەیدا سەری لە کوردستانیش داوە و یاداشتەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەناونیشانی Voyages en Asie en Afriqne لە ساڵی ١٨٥٣دا لە پاریس چاپ کردووە. لە بەشی سی و نۆیەمی گەشتنامەکەیدا لە لاپەڕە ٢٨٩دا، دوای باسی شاری یەریڤان و چیای ئارارات و ڕووباری ئاراس، لە دەستپێکردنی شاری (وان)دا دەڵێ:

« شاری وان دەکەوێتە رۆهەڵاتی گۆمی وانەوە، هەر چوار دەوری بە شوورەیەکی بەردین دەور دراوە، لە ناوەوەشدا قەڵایەکی بەرز کە لەسەر کەڵەبەردێکی تاق و تەنیا هەڵچندراو، پارێزگاریی شارەکە دەکا. شاری وان نێزیکەی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار کەسی تێدا دەژی، بەشی زۆریان ئەرمەنین، شاری وان بەکۆنترین شاری ئەرمینیا لە قەڵەم دەدرێ، هەر بۆیەش لە ڕووی مێژووییەوە بەختی ئەوەی هەبووە کە هەموو کات گەڕیدەکان رووی تێ بکەن».

پاشان باسی شاری ئەرزەڕۆم دەکات: «گرینگترین شاری ئەرمینیای تورکیا لە ڕووی بازرگانی

و ژمارەی دانیشتوانەوە بڕێتیە لە شاری ئەرزەرۆم، ئەو شارەی کە بەم دواییە ژمارەیەکی زۆر لە فرەنسایییەکان رووبان تێ کردبوو. شاری ئەرزەڕۆم ئەمڕۆ بڕێتییە لە ناوەندێکی زۆر گرینگی پاشایەتی کە سەرتاپای بەرزاییەکانی ئەرمینیا دەگرێتەوە؛ تورکەکان بەم ناوچەیە دەڵێن کوردستان».

ئینجا لە لاپەڕە ٢٩٢دا لە باسی یەزیدییەکاندا دەڵێ: «ئەرمینیا جگە لە خەڵکی تورک و دووڕەگ، ژمارەیەکی سەرنجڕاکێشی لە یەزیدییەکانیش تێدا دەژی، یەزیدییەکان ئەو کۆمەڵە خەڵکەن Peu-plades کە لە سەرتاپای میزۆپۆتامیای کۆندا، دەژین، هەروەها لە سووریا، لە حەلەبەوە تا بەسرە، لە مووسڵ، لە تەوریز، لە یەریڤان».

کوردناسێکی تری فرەنسایی، هینری بیـــندەر Henry BINDER، لە کتێبی Au Kurdistan کە لە (١٨٨٧) لە پاریس چاپ کراوە، لەبارەی چالاکی و ڕۆڵی ئابێ مەسیحییەکانەوە لە شاری مووسڵدا دەڵێ:

«بنکە دینییەکان ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبن، سالٌ بەسالٌیش ژمارەی ئەوانەی پێوەندی بە مەزهەبی ئەوانەوە دەکەن، زۆرتر دەبن. ئابێ کان هەرگیز داوا لە موسڵمانەکان ناکەن بچنە سەر دینی ئەوان.

سەردانی خوێندنگە و چاپخانەکەیان دەکەین کە زۆر بەجوانی دامەزراوە. لە چاپخانەکەی خۆیاندا، کتێبی دینی بە زمانی ئەرمەنی و ئیسترانقیلی و کلدانی و سوریانی و عەرەبی چاپ دەکەن. فەرمانبەر و کرێکارەکانی چاپخانە ئەو گەنجانەن کە لە بەردەستی باوکە ڕۆحانییەکان پەروەردە بوونە.

هاوسنووری و پێکەوەژیانی ئەرمەن و کورد، تەنانەت لە گەلێک گوند و شارۆکە و شارەکاندا هەردووکیان هەر لەناو هەمان گوند و شاردا پێکەوە ژیاون، وایکردووە دۆستایەتی و خۆشەویستی و لە یەکترچوونێک لە نێوانیاندا پەیدا ببێ؛ تەنانەت وای کردووە هاوچارەنووس پێکەوەش ڕووبەڕووی ترشی و تاڵیی ژیان و داهاتووی خۆیان ببنەوە: بەتایبەت بەدەست زوڵمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و قاجاریییەکانەوە.

پێوەندیی نێوان کورد و ئەرمەن تەنیا دراوسێیەتی نەبووە، بگرە نێزیکایەتییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە نێوانیاندا هەر لە کۆنەوە هەبووە: لە بەشەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانیشدا.

د. جەمال نەبەز ئاماژەی ئەوە دەکا کە پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، بەشێک لە نووسینە کوردییەکان بە خەتی سریانی بوونە، بەشێکی کەمتریشیان بە خەتی ئەرمەنی بوونە. ڕاستییەکەیشی، ئەرمەنییەکان لە سەدەکانی ڕابردوودا ڕۆڵی زۆریان هەبووە بەسەر بووژاندنەوەی کولتووری کورددا.

لە فـۆلکلۆری کـوردیدا هـەندێ سـەرچاوە باس لەوە دەکـەن کـە لە سـەردەمی ساسـانییـەکـاندا، (شـیـرین)ی دەزگـیـرانی فـەرهادی کـۆکـەن ئەرمـەن بووە؛ کـچی پاشـایەکی ئەرمـەن بووە. بەڵام (حـەمـەبۆر) لێکدەرەوەی دیوانی (کوردی)، لە چاپەکەی دەزگای ئاراسدا پێی وایە شیرینی کچە ئەرمەن ژنی پاشایەکی ساسانی بووە بەناوی کەیخوسرەوی پەرۆێز، لەم بارەوە دەڵێ: «شـیـرین: کە ژنی خـوسـرەو پەرۆێز بووە، کـچە ئەرمـەنیـیـەک بووە، بـەناوی (سـیـرۆن)ەوە کـە بەیتی شـیـرین و فـەرهـادیش بەزمـانی ئەرمـەنی هەیە. گـوایە خـوسـرەوی مـێـردی مـەرجی ئـەو هونەرنـواندنەی فـەرهـادی کـۆهـکەنی کردووە کـە بەرامبـەر بەوە واز لە (شـیـرین)ی ژنی بهـێنێ بۆ (کـۆهـکەن) و بڕوای وا بـووە، کـۆهـکەن ئەو کـارەی بۆ ناکـرێ کـاتێ زانیـویە ئـەوا (کـۆهـکەن) زۆر بەجـوانی و چاکی و هونەرمـەندانە کارەکـەی لە کۆتاییـدایە، خـوسـرەو لە بەڵێنـەکەی پەشیمـان دەبێتەوە هـانای بۆ پیرێژنێک بردووە کە چۆن لە دەست کۆهکەن ڕزگار ببێ، ئەو پیرێژنە لە داوێنی چیـایەکەوە دەکـەوێتـە شیـوەن و هـاوار و گـریان و کە (کـۆهکەن) هۆی ئەو (شـەپۆڕ)ەی لێ پرسـیوە، پیرێژن وتوویە شیـرین مردووە، ئـیتر کـۆهکەن گورج قـوڵنگێکی بەردتاشـیـی لەناوچەوانـی خـۆی داوە و لە چیـایەکەوە بەربووەتـە خـوارێ و بەناکامی مردووە».

ئەرمـەنیـبوونی شـیـرین، کـە لە زمـانی ئەرمـەنیـدا بـە (سـیـرۆن) ناودەبرێت، لە هـەمـوو ڕوویەکەوە، نیشانەی پێوەندیی بەهێزی نێوان ئەرمـەن و کورد بووە لەو زەمانەوە. بەتایبـەتیش چونکە (شـیـرین) نەک هـەر سـیـمبـوڵی خـۆشـەویسـتی و جـوانیی کـچـە، بگرە ڕیشـەی خـۆی زۆر جـوان لەنـاو شـیـعری کـلاسـیـکیی کـوردیدا ڕەگـاژۆ کـردووە، تەنانەت لەناو زمـانی کوردیشدا: شـیـرین زەمـانە، شـیـرین زمان، شیرین خەو...

عـەلادین سـەجـادی لـە (ڕشـتـەی مـرواری)دا دەڵێ کـە پیـرێژنێکی خـەڵکی سـولەیمانی ئەمـانەی دەوت:

چوومە مـاڵـی گاوەر	قوڵپەقوڵپی ساوەر
چوومە مـاڵـی جوولەکە	قوڵپە قوڵپی کوولەکە
چوومە مـاڵی ئەرمەنی	قوڵپەقوڵپی سەمەنی
چوومە مـاڵی موسـڵمان	دەنگی ئایەت و قورعان!.

خۆشەویستی و پێوەندیی نێوان ئەرمـەن و کورد گەیشتووەتە ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خودی زانا ئەرمـەنییەکان لەبارەی مێژووی کوردەوە نووسیویانە.

مـێـژوونووسـی گـەورەی ئەرمـەنی، مـایسـای خـۆرێنسکی Moses Khoren، لە سـەدەی پێنجەمدا، بە سـەرچاوەیەکی گرینگ دەژمێردرێت لە بواری مێژووی دێرینی کورددا. مینۆرسکی لە لێکۆڵینەوەکانیدا، لەبارەی مێدیکان و کوردەوە، کەڵکی لە کتێبـەکانی ئەم مێژوونووسـە ئەرمـەنییە

وەرگرتووە کە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی مێدەکانەوە نووسیوە و دەستنووسەکانی لە ماتێنەدەرانی ئەرمەنستاندا پارێزراون. بەرهەمی ئەم مێژوونووسە، هەرچەند باسی مێژووی دێرینی کورد دەکا، بەڵام پێوەندیی بە ناسینی کورد و سەرەتای پێکهاتنی کوردناسییەوە هەیە. کتێبەکەی کراوەتە فرەنسایی و لە ١٨٤١دا لە ئیتاڵیا چاپ کراوە.

بۆ کورتکردنەوەی باسەکەمان، هەروەها بە پشتبەستن بە (کورد و ئەرمەن، پێوەندییە مێژوویییەکان، نووسراوی فارس عوسمان، وەرگێڕانی خالید هەرکی، بڵاوکراوەکانی نما)، ئەو پێوەندییەی نێوان ئەرمەن و کورد بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی دەخەینە بەرچاو. زۆربەی ئەم زانییارییانەی ئێرە، لە سەرچاوە فرەنساییەکانەوە و لەو کتێبانەی خۆمەوە کە پێشتر چاپم کردبوون، وەرگیراون:

٦١٢ پ. ز

دەوڵەتی ئۆرارتۆ، کە لە سااڵنی (٨٠٠ پ. ز)ەوە دامەزرابوو، بەردەوام دەبێ تا ساڵی (٦٠٩ – ٦١٢ پ.ز) واتە تا ئەو کاتەی لەسەر دەستی میدییەکان کۆتاییی پێ دێ. ئەم لەناوچوونە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرمەنەکان بۆ گردۆلکەکانی ئەرمینیا کۆچ بکەن و لەوێ نیشتەجێ بن دواتر دەوڵەتی ئەرمینیای یەکەم دابمەزرێنن.

هەرچەندە کورد و ئەرمەن بەشدارن لە پێکهێنانی (ئوورارتۆ) کە هەردوو گەل لەسەر ئەوە کۆکن کە لە بنەڕەتدا دەچنەوە سەر ئەم ڕەگەزە بەڵام پێوەندییە ڕاستەوخۆکانیان بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتی میدییەکان بە هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی کلدنییەکان (بابلی) توانییان ئیمپراتۆریەتی ئاشووری لە ٦١٢ پ.ز بڕووخێنن و سامانەکەشی لە نێوان خۆیاندا دابەش کەن، ئەو کات ئیتر ناوچەی ئەرمەنەکان دەکەوێتە ژێر دەسەاڵتی میرە ئەرمەنییە خۆجێیەکان کە لەژێر دەسەاڵتی ناڕاستەوخۆی میدییەکان دەبردرا بەڕێوە، ئەو کات حاکمەکان لە خەاڵکی ناوچەکە و لە ئەرمەنەکان بۆیان دادەمەزراندن بەمەرجی ئەوەی دڵسۆزی و لایەنگرییان بۆ سیاسەتی دەوڵەتی میدییەکان هەبێ، سەرانە و باجی دارایی و سەربازیش بە دەوڵەتی میدییەکان بدەن.

٥٥٠ پ. ز

دوای ئەوەی داریووش پاشای هەخامەنشی (ئەخمینی) دەوڵەتی میدییەکان لەناودەبات و ئیمپراتۆریەتی ئەخمینییەکان دادەمەزرێنێ، ئەرمینیا دەبێتە هەرێمی سێزدەمین لە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی. کوروشی هەخامەنشی (ئەخمینی) کوڕێکی خۆی دەکاتە حاکمی ئەرمینیا و میدیا و مەملکەتی کادوسین. بەم شێوەیە کورد و ئەرمەن کەوتنەوە ژێر دەستی یەک فەرمانڕەوا. ئەمە بووە مایەی ئەوەی کە هەردووکیان (کورد و ئەرمەن) پێوەندییەکانیان خۆش بکەن لە پێناو دژایەتی و بەرگریکردن لە دەسەاڵتی ئەخمینیی زاڵ و نوێدا. ئەوە بوو ئەرمەنەکان پشتگیرییان لە شۆڕشی (فرۆرتیش)ی میدیایی کرد دژی داریووشی یەکەم.

٣٣١ پ. ز

ئەسکەندەری مەقەدۆنی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لە سالّی (٣٣١ پ.ز) لەناو دەبا؛ ئەرمینیا دەچێتە ژێر دەسەلاّتی یۆنانی.

یەکەم دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنی لە ماوەی ٣٣١ تا ١٨٩ پ..ز دادەمەزرێ کە بە میرنشینی ئەرمەنیی یەکەم دەناسرێ.

لە ئەنجامی مردنی ئەسکەندەر لە ٣٢٣ پ.ز دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتەکەی، هەریەک لە (میدیا – ولاّتی کوروئین – کوردستان) و ئەرمینیا بوونە بەشی فەرماندەکەی کە ناوی سلوقس بوو. ناوچە کوردی و ئەرمەنییەکان خەلّکانی ناوچەکە خۆیان حوکمڕانیان دەکردن.

لە کۆتاییی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی یەکەمی (پ.ز)دا، ئەرمینیا و کوردستان دەبنە سەنتەری ملمالانێکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی برپی و رۆمانی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزێکی نوێ لە ناوچەکە سەر هەلّبدات ئەویش شانشینی ئەرمەنی بوو – دووەم شانشینی ئەرمەنی لە ١٨٩پ.ز – کە بە هاوکاریی پادشای برپیی میهردادی یەکەم توانیی یەکەم جار باکوری کوردستان داگیر بکا و دواتریش باشووری کوردستان.

ئەو کات تیگران پادشای دووەم پایەتەختێکی نوێ دروست دەکا بەناوی تیگران کێرتا (میافارقینی ئێستا) لە لێواری چەپی رووباری دیجلەی نێزیک دیاربەکر.

١٤٠– ٥٥ پ. ز

مێژوونووسی ئەرمەنی مووسا خورینی کە لە سەدەی پێنج و سەرەتاکانی سەدەی شەشدا ژیاوە، ئاماژە بەوە دەکات کە (مار) واتە میدییەکان لە دەوروبەری رووباری ئاراکس لە سەردەمی تیگران پادشای مەزن لە ١٤٠– ٥٥ پ.ز بوونیان هەبووە، ناوبراو ئەو ناوچانەی دەستنیشان کردووە کە کوردەکان لێی ژیاون، زۆر بە ڕوونی دەڵێ ئەو کەسانە (مەبەستی کوردە) لە رۆهەلاّتی چیای ئارارات دەژیان؛ هەندێکیشیان لە کەنار رووباری ئاراس بوون، بەشی سێیەمیشیان لە ناوچەی سەروکانیی رووباری کارنی دەژیان کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا پێی دەوترێ رووباری کورد، لە تەنیشت (دوین)ی پایەتەختی ئەرمینیای کۆن.

٩٤– ٥٥ پ. ز

لە بەناوبانگترین پادشاکانی میرنشینی ئەرمەنیی دووەم (تیگرانی دووەم) بوو کە بە «تیگرانی مەزن» دەناسرا، لە سالّی ٩٤ – ٥٥ پ.ز حوکمڕانیی کرد. ئەم پادشایە توانیی هەموو ئەرمینیا رزگار بکا. ئەوە بوو خواروویی ولاّتی نێوان دوو رووبارەکە (مابین النهرین)ی بە ئەرمینیاوە لکاند تا گەیشتە سوور و سەیدا لە سووریا. دوای ئەوە کاپەدۆکسی لە ئاسیای بچووک داگیر کرد تا وای لێ هات لە سالّی ٧٠ ی پ.ز بووە یەکەم حاکمی ناوچەی ڕۆهەلات، بەهۆیەوە کۆنسۆلی

رۆمانی (شیشرۆن) ناوی نابوو (پادشای ئاسیای مەزن) چونکە سنووری ئیمپراتۆریەکەی لە رۆهەلاتەوە: لە دەریای قەزوینەوە تا دەریای سپیی ناوەڕاست، لە رۆئاوا و لە باکوریشەوە قەوقاس تا کیلیکیا و فەلەستین لە باشوور دەگرتە خۆ.

٤٢٩ ز.

بە مردنی چوارەم ئەردەشێر پادشا، لە ٤٢٩ز ئەرمینیا ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی ساسانییەکانەوە تا ساڵی ٦٤٠ ئەو کاتەی لە سەردەمی عومەر کوڕی خەتاب سوپای عەرەبی بە سەرکردایەتیی (عیاض بن غنم) دەگاتە ئەوێ.

٦٤٢

سەرکردەی عەرەب (سوراقە بن عەمرو) دەگاتە دەریای قەزوین، دوای زیاتر لە دە ساڵێک، واتە لە ٦٥٣ پەیمانێکی ئاشتەوایی لە نێوان ئەو و حاکمی ئەرمەنیی سەر بە دەوڵەتی ساسانییەکان دەبەسترێ بەو مەرجەی والییەکی عەرەب بۆ ئەرمینیا دابمەزرێ و یاریدەرەکەشی ئەرمەنیی خەڵکی ناوچەکە بێ.

ئەم دۆخە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی (معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان) خەلافەتی ئەمەوییەکان دەگرێتە دەست لە ساڵی ٦٦١ کە (بانگخوازی ئەرمەنییەکانی کرد بۆ ئەوەی سەرانە بدەن و گوێڕایەڵی ئەو بن) ئەرمەنەکان زاتی ئەوەیان نەکرد ئەم بانگخوازە رەت کەنەوە بۆیە حاکمی ئەرمینیای ئەو سەردەم (گریگۆر مامیگۆنیا) سەردانی دیمەشقی کرد و معاویەش زۆر بەڕێزەوە پێشوازیی لێ کرد بەم شێوەیە پێوەندییەکانی عەرەب و ئەرمەنی لە سەردەمی معاویە بە خۆشی بەڕێ دەچن.

٦٥٧

پاش ئەوەی هاوپەیمانێتیەکەی نێوان ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و دەوڵەتە عەرەبە موسڵمانەکان لە ٦٥٣ کۆتاییی دێ، میر تیۆدۆر ئەرمینیا رادەستی عەرەبەکان دەکاتەوە، عەرەبەکان بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەبی سوفیان و عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە ٦٥٧ ناچار دەبن لەو وڵاتە بکشێنەوە، ئەمە لەوکاتەدا دەبێ کە ئەبی سوفیان ناچار دەبێ سوپاکەی لە ئەرمینیا بکێشێتەوە ئیتر ئەرمینیا دووبارە دەکەوێتەوە ژێر دەسەلاتی بێزەنتییەکان.

٨٤٩

پێوەندییەکانی ئەرمەن و عەرەب لە سەردەمی هەردوو دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسیدا بە چەند قۆناغێکی ناجێگیرلە نێوان ئاشتی و شەڕدا تێپەڕ دەبێ. هەندێک جار گەیشتووەتە ئاستی شۆڕش هەڵگیرسان و یاخیبوون.

شۆڕشی ئەرمەنییەکان کە لە ساڵی ٨٤٩ هەڵگیرسا لە ٨٥٢ دامرکایەوە، ئەمەش بە ترسناکترین شۆڕشی دژی دەوڵەتی عەباسی دێتە ئەژمار کە لە سەردەمی حوکمڕانی متوکل هەڵگیرسابێ. دوای ئەوەی بەسەر شۆڕشەکەدا زاڵ دەبن خەلیفەی عەباسی متوکل، سەرکردەی ئەرمەنی (ئەشوەت) دەکا بە حاکمی ئەرمینیا، کە زۆر بە توانایی تا ٨٨٥ حوکمڕانییەکەی دەبرد بەڕێوە و هەموو میرە ئەرمەنییەکانیشی ناچار کرد تا داوا لە خەلیفەی عەباسی بکەن بۆ ئەوەی ئەشوەت بکا بە پادشای ئەرمینیا. ئەوە بوو خەلیفەی عەباسییش گوێی بۆ داواکەیان راگرت.

ئیتر لەو رۆژەوە لە ٨٨٥ میرنشینی چوارەمی ئەرمەنییەکان دامەزرا، ئەشوەت پادشا هەموو هەوڵەکانی خستنە گەڕ بۆ ئەوەی لە ململانێکەی نێوان عەرەب و بێزەنتیەکان بێلایەن بوەستێ.

لە سەردەمی ئیسلامدا کە زۆربەی کورد بڕوایان بە ئایینی ئیسلام هێنا.. ئەرمەنەکانیش لەسەر ئایینی کریستی خۆیان مابوونەوە.

کورد و ئەرمەن بەیەکەوە ڕووبەڕووی هێرشەکانی تورک و تەتەر و مەگۆلەکان بوونەتەوە، بەیەکەوە تووشیان بە تووشی کاولکار و خاپووکاران بووە. ئەوەی هاتە سەر کوردستان لە کوشتن و بڕین و کاولکاری هاتووەتە سەر ئەرمینیاش، ئەمە بووەتە مایەی ئەوەی کە هەردووکیان ببنە خاوەنی یەک چارەنووس و یەک هەست.

٨٥٠ – ٩٥٠

محەمەدی مەلا کەریم لە کتێبی حاجی قادری کۆییدا دەڵێ:

هەر لە سەرەتای هاتنی عەرەبە موسڵمانەکانەوە لە سەردەمی خەلیفەی دووەم عومەر و خەلیفەی سێیەم عوسماندا زۆر شوێنیان لە باشووری ئەرمینیا داگیر کردووە و ئیتر وردە وردە بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەو شوێنە داگیرکراوانە، بەزۆر یا بەخواهیش، موسڵمان بوون و، بەپێی ئەوە کە کوردی موسڵمان دراوسێیان بوون و موسڵمان بوون، بە موسڵمانبوونەکەیان لە گەلەکەی خۆیان دابڕاون و زمانی کوردی بووە بە زمانیان و بوون بە کورد.

هەر میرێکی کورد لە یەکێ لە میرنیشینییە دراوسێکانیاندا دەسەڵاتی بووبێ لێی داگیر کردوون و خەڵکی ئەو شوێنە تازە داگیرکراوانەیش هەروا وردە وردە موسڵمان بوون. پاشتریش کە خێڵە تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەئێران و عێراقی ئێستادا هاتن و تورکیای ئێستایان داگیرکرد کە گەلێ میللەتی جوێ جوێی تێدا بووە و، ئەرمەنیش یەکێک بووە لە گەلەکانی ڕۆهەڵات و باکوری ڕۆهەڵاتی و، بەشێکی زۆری باکوری کوردستانی ئێستایش بەشێک بووە لە ئەرمینیا، عەشایرێکی شەڕوانی زۆری کوردیش لەگەڵ خێڵە تورکەکاندا هاتوون و لەوانەیە لە پێشیشیانەوە بووبن و شەڕیان بۆ کردبن و ولاتیان بۆ داگیر کردبن. خێڵە کوردەکان ڕۆهەڵاتی تورکیای ئێستایان داگیر کرد کە بەشێک بووە لە ئەرمینیا و خێڵە تورکەکانیش ناوەڕاست و ڕۆئاوای و، هەردوولا بەدرێژاییی سالان بەشێکی زۆری میللەتی ئەرمەن و ڕۆم و گەلانی تری تورکیای ئەو

سەردەمەیان کرد بەموسڵمان و ئەوانەی لەژێر دەستی کوردەکاندا موسڵمان بوون بوون بەکورد و ئەوانەی لەژێر دەستی تورکەکاندا موسڵمان بوون، بوون بە تورک، وەک چۆن یۆنانییەکانی قوبرس کە عوسمانییەکان داگیریان کرد ئەوانەیان کە موسڵمان بوون، بوون بە تورک و ئەوانەیان لەسەر ئایینی خۆیان مانەوە هەر بە یۆنانییەتی مانەوە و، ئەو بەشانەیش لە گەلانی بەڵقان کە لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا موسڵمان بوون لە گەلەکانی خۆیان دابڕان و زۆریشیان بوون بە تورک.

لەو کاتەوە کە بەشێکی زۆری ئەرمەنستانی لەوەوپێش بووە بە کوردستان، نەتەوەییەکانی ئەرمەن ئەو ناوچانە، هەروەک جاری جاران، بەئەرمینیا دادەنێن، وەک چۆن هەندێ نەتەوەیی عەرەب گۆرانی بە بااڵی ئەندەلووسی جاراندا دەڵێن.

٩٥١

دەوڵەتی شەدادی لە ساڵی ٩٥١ لەسەر دەستی محەمەد کوڕی شەداد کوڕی قرتق دروست بوو سەرەتا شاری کنجە (جنزە)ی کردە پایەتەخت کە دەکەوێتە خواروی شاری یەریڤانی ئێستا بە ٢٥ کم (بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەی کوردەکانی نیشتەجێی ئەوێ هاوکاریی زۆریان کرد) دواتر پایەتەختەکەی لە کنجەوە گواستەوە بۆ پایەتەختی ئەرمەنەکان (دوین).

وا مەزەندە دەکرێ کە شاری جنزە یا کنجە هەمان شاری دوین بێ کە ئەیووبی باوکی سەلاحەدین لەگەڵ خانەوادەکەی لێی ژیاوە ئەو کاتەی لە سەردەمی شەدادییەکان رووی تێ کردووە. ئەم شارە پایتەختی کۆنی ئەرمەنەکان بوو بەاڵم دواتر شەدادییەکان کردیانە پایەتەختی دەوڵەتی کوردیی ئیسلامی. ئەمە بەر لەوەی بۆ پایەتەختەکەی تری خۆیان بچن کە (ئانی) بوو.

٩٩٠

دەوڵەتی دووەمی کوردی کە کاریگەری ئەرێنیی هەبووە لەسەر پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەوڵەتی دۆستەکی بوو، کە لە هەندێک سەرچاوەی عەرەبی بە دەوڵەتی مەروانی ناوی دێت. ئەم دەوڵەتە، میری کورد باز کوڕی دۆستەک لە ٩٩٠ دایمەزراندووە، شاری میافارقینی کردە پایەتەخت. ئەمەش دیارە کە یەکێکە لە پایەتەختەکانی ئەرمەن کە پادشای ئەرمەنی تیگرانی مەزن دروستی کردبوو ناوی نابوو (تیکرانا کیرتا).

١٠٧١

لە شەڕی (مەلازگر) کە تیایدا بە سەرۆکایەتیی (ئەلب ئەرسەلان) بەسەر ئیمپراتۆری بێزەنتیەکان (چوارەم رۆمانوس) سەردەکەوێ؛ سەلجوقییەکان شاری (ئانی) و دواتر (قارس)یان داگیر کرد. ئەو کات هەموو ولاتی ئەرمینیای بێزەنتی دەکەوێتە ژێر دەسەاڵتی سەلجوقییەکان.

١١٨٧

کۆنترین مـیناتۆری کوردی: فرمانێکی سەلاحەدینی ئەیوبیی تێدایە کە ئازادیی ئەرمەنییەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیدا مسۆگەر دەکات؛ داوا دەکات کە ئەرمەن بۆیان هەیە کولتووری نەتەوەیی خۆیان هەبێت و ئازادانە بە زمانی خۆیان بنووسن.

ئەم هەڵوێستەی سەلاحەدینی ئەیوبیی کورد لە هەمبەر ئەرمەنییەکان، بە یەکەمین هەڵوێستی ئیسلام دەژمێردرێ کە بەشێوەیەکی فەرمی، بێ وەرگرتنی باج، ڕێگەی دابێتە گەلێکی مەسیحی کە بەشێوەیەکی ئازاد کولتوور و زمانی خۆیان بەکار بهێنن.

١٧١١

پەندی کوردی بە ئەلفابێی ئەرمەنی.

د. کەمال مەزهەر، لەبارەی دەسنووسی کوردی بە ئەلفابێی ئەرمەنییەکانی ئارشیڤخانەی شاری ماتێنەدەرانەوە لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتدا دەڵێ کە لەوێدا " ئینجیلێکی دەسنووس بە زمانی کوردی و بە پیتی ئەرمەنی هەیە کە ڕوور نییە لە سەدەی هەژدەدا نووسرابێتەوە "

سەدەی ١٢ تا ١٥

ئەرمەنەکان لە سەدەی دوازدەوە تا سەدەی پازدەم بەردەوام ڕووبەڕووی هێرشی تۆرانییەکان (سەلجوقی و مەنگۆلی و تورکمانی) دەبنەوە تا ئەو کاتەی لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە ١٤٧٣ لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی دووەمدا داگیر دەکرێ.

(ابن بطوطه)ی مەراکشی، کە لەو ساڵانەدا بە کوردستاندا تێ پەڕیوە، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا دەڵێ: «ئۆرخان سەدان کۆشک و تەلاری جوانی لە خەڵکی بێدەسەلاتی ئەوێ زەوت کردبوو و خەڵکی بنەماڵەی خۆی لەوێ ئاخنیبوو. تەنانەت کلێسایەکەشی داگیر کردبوو و کردبووی بە مزگەوت.

١٢٥٤

جوگرافیاناسی ئەرمەن، هیتوومی یەکەم HETDUM I کە لە ساڵی ١٢٥٤دا بە کوردستاندا تێ پەڕیوە و چووەتە تەورێز، باسی پێوەندیی نێوان ئەرمەن و کوردی کردووە.

١٣٠٠

ئەدەبی کلاسیکی ئەرمەن، کە لە سەدەی ١٤ی زاینییەوە دەست پێ دەکات، گەلێک بابەتی وای تێدایە کە چۆنایەتیی پێوەندییەکانی ئەرمەن لەگەڵ دراوسێ و هۆزە کوردەکان بەگشتی ڕوون دەکاتەوە.

١٤٠٠

نوێژە مەسیحییەکەی تۆماس مێتسۆب

کوردناسی فرەنسایی، تۆما بوا، دەڵێ: لە ساڵی ١٩٣٧دا، پرۆفیسۆر عەبدوڵڵا زادە لە ئارشیڤخانەیەکی کۆنی ئەرمەنییەکاندا لە شاری ئێتشمیازین Etchmiadzin بە خەتی مێژوونووسی ئەرمەنی، تۆماس مێتسۆپ T. METSOP (کە لە ١٤٤٦دا مردووە) دەسنووسێکی دۆزییەوە کە لە ساڵانی ١٤٠٠دا نووسراوە و چەندان ئەلفابێی جۆرەوجۆری تێدایە.. هەروەها چەند نوێژێکی مەسیحییەکانی تێدایە بە حەوت زمانی جیاواز، لەوانە بە زمانی کوردیش.

Thomas BOIS: Bulletin Raisonne d Etudes Kurdes, Imprimerie Catholique, Beyrouth: 1964. P. 551. ـ

– لە ژمارەیەک دەسنووسی ئەرمەنیدا چەند دێرێکی کوردی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی نووسراوە. یەکێک لەو دەسنووسانە لەبارەی رێزمانی ئەرمەنییە و لە سەدەی پازدەدا نووسراوەتەوە، بەڵام چەند نزایەکی بە عەرەبی و فارسی و کوردیی تێدایە.

گەڵێک لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لەو سەردەمەدا ئەلفابێی ئەرمەنی و سیریاک (ئاشووری) لە کوردستاندا بەکار هاتبن.

ڤ. مینۆرسکی، " کۆنترین تێکست بە کوردی". باسی تێکستێکی یەک دێری کوردیی دەکات کە ساڵی ١٩٣٨ لە تفلیس لەناو دەستنووسێکی ئەرمەنیدا هاتووە و بە قسەی مینۆرسکی ئەم تێکستە کوردییە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پازدەم و ئەگەر کۆنترییش نەبێت. بڕوانە:

648-V. Minorsky, “Le plus ancien texte en Kurde. “In Bull. mensuel du Centre d'études Kurdes, Paris, 1950, n* 10, p. 8-10.

هەروەها، د. ن. مەکەنزی، "زمانی میدییەکان". ئەم وتارە لەسەر چەند ڕستەیەکی کوردی بینا کراوە کە شانیزەر لە وتارێکی خۆیدا باسی ئەلفوبێیەکی تازە دەکا بەگوێرەی دەسنووسێکی کۆنی ئەرمەنی تازە دۆزراوە کە –کە بەگوێرەی شانزەر– مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەم و ڕەنگە لە نێوان ساڵەکانی ١٤٣٠ تا ١٤٤٦ نووسرابێ. لەم دەسنووسەدا تەنیا تاقە دێرێکی کوردیی تێدایە کە بە زمانی میدی (کوردی) نووسراوە. نووسەر شیکردنەوەیەکی ئەم دێرەی بە زمانی میدی کردووە و بە هیچ شێوەیەک دژی ئەوە نەبووە کە زمانی میدی بە کوردی دابنێ. بڕوانە:

David Neil MacKenzie "The Language of the Medians", In: BSOAS 22, 1959, pp. 354-355.

١٤٩٢

پەنابەرە جوولەکە ئیسپانیاییەکان کاتێ کۆچیان کرد بەرەو تورکیا، دەزگای چاپیان لەگەڵ خۆیان بردە تورکیا، سوڵتانی عوسمانی مۆڵەتی چاپی کتێبی پێیان دا بەڵام بە مەرجێک کتێبەکان

بە ئەلفوبێی عەرەبی نەنووسرێن. دواتریش ئەم مۆڵەتە بە کەمینە مەسیحییەکانیش درا، هەتا سەدەی هەژدەم لە سەرانسەری حوکمڕانیی عوسمانیدا کتێب بە خەتی عیبری، یۆنانی، ئەرمەنی، سریانی و هەندێک جاریش لاتینی چاپ دەکرا.. بەڵام نەک بەو خەتە عەرەبییەی کە عوسمانی و موسڵمانەکان کەڵکیان لێ وەردەگرت.

١٥١٢

سوڵتان سەلیمی یەکەم کە لە سەردەمی ئەودا زۆربەی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. وردە وردە خاکی ئەرمەن و دینی ئاشوورییەکان و زمانی چەرکەسەکان و مێژووی قپتییەکان و ناسکاییی ئازەرییەکان و خۆڕاگریی ڕووسەکان و جوانیی مازەندەران و کانیاوی گەیلەک و سامانی گورجستان و شکۆی داغستان، تەنانەت کەڕامەتی ئاوی نیل و بیاوانەکانی سعوودیەی عەرەبیش.. هەموویان وردە وردە دەکەونە ژێر چەکمە و شمشێری ئەم هۆزە عوسمانییە وەحشیگەرایەی کە لە کۆتاییدا دەبێتە گەورەترین ئیمپراتۆریەتی دنیا.

بەم شێوەیە، لە ساڵانی (١٥٠٠) بەملاوە، ئەم فەرمانڕەوا تورکە عوسمانییانە، بە زەبری شمشێر و ئاگر و چەک، پەیتا پەیتا پارچەی دەسەڵات و پاوانکارییەکانی خۆیان فراوانتر دەکەن: لە دیوی ڕۆئاوادا بەرەو یۆنان و بولگارستان، لە دیوی ڕۆهەڵاتیشدا بەرەو داگیرکردنی زۆربەی شارەکانی کوردستان. ئیتر لە ساڵانی (١٥٠٠) بەملاوە سێ چارەگی خاکی کوردستانی گەورە و ئەرمەنستانیش، وردە وردە دەکەونە ژێر شمشێر و ڕەحمەتی خوانەناسانەی ئەم بنەماڵە تورکە عوسمانییانەوە.

١٥١٤

لە شەڕی چاڵدێران، لە نێوان شا ئیسماعیلی سەفەویی ئێران و سوڵتان سەلیمی عوسمانیدا، تورک نیوەی کوردستانی ئەمڕۆ لەسەر ناوی خۆیان تاپۆ دەکەن.

مەلا ئیدریسی بدلیسی (بەتلیسی) ئەو کوردەی کە لە ئیمپراتۆریای عوسمانی پایەکی بەرزی هەبووە بە فارسی ساڵی ١٥٠١ (هشت بهشت)ی نووسیوە کە مێژووی یەکەمین هەشت سوڵتانەکانی عوسمانیی نووسیوەتەوە؛ خزمەتی زۆری بە سوڵتان سەلیمی یەکەم کردووە، لە ساڵی ١٥١٥ سوڵتان سەلیم بە تێلەگە و دیاریەکی زۆرەوە ڕەوانەی لای سەرکردە کوردەکانی (لە گۆتیۆم و زاگرۆس) کردووە بۆ ئەوەی خۆیان لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ فارسەکان دوور بگرن و لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی بکەن.

بوڵتەنی ئەرمەنی دەڵێ: کوردەکان سەبارەت بە سوننیبوونیان بە هانای سوڵتان سەلیمی عوسمانی کەوتن و یارمەتییان دا بۆ ئەوەی سەرکەوتنی بەغدا وەدەست بهێنێ. ئیدریسی بەتلیس، یەکێک لە کوردە بەتوانا و دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمە، کاتێ لە بەغدا گەڕایەوە، بە سوڵتان سەلیمی ڕاگەیاند کە کوردەکان دەیانەوێ لەگەڵ تورکیا بن بە یەک. ئیدی بەسترانەوەی

کوردستان به تورکیاوه هیچ گیروگرفتێکی نەهاته سەر ڕێ.

Bulletin Armenien
30 Mors, 15-30 Avril 1920,p.4-5.

١٦٤٠ -١٦٢٣

سوڵتانی عوسمانی موڕادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠) سەردانی ڕۆهەڵاتی کوردستانی تورکیا دەکات و فەرمان دەردەکا بە بووردنی میرە فەرمانڕەواکانی ئەرمەن لە باجدان. ناوچەکانی خواروووی دەریاچەی وان و دۆڵی موک لەژێر دەسەڵاتی خانەوادەی عەبدال خانی بەتلیسیدا بوون کە هیچ کاتێک لێپرسراوێتیی کەسی قەبوڵ نەبوو.

سوڵتان موڕادی چوارەم لە ١٦٣٥ تەورێزی گرت، لە ١٦٣٦ بەغدایشی گرت. ئینجا لە ١٦٣٨ سەرجەم مەڵبەندەکانی مزووری و ئامێدیی سووتاند و وێرانی کردن بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەو ناوچانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

١٦٢٧

دوای دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی، فارسەکان توانییان کەناری ڕۆهەڵاتی ئەرمینیا داگیر بکەن. لە شەڕی نێوان فارس و عوسمانییەکاندا، فارسەکان ئەرمینیایان داگیردەکرد. دوای ماوەیەکی تر عوسمانییەکان لێیان دەسەندنەوە و دەکەوتەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، تا ساڵی ١٦٢٧ ئەو کاتەی شای ئێران ناچار دەبێ بۆ بەرژەوەندیی عوسمانییەکان دەست لە ئەرمینیا و گورجستان هەڵبگرێ (نادر شای ئێران کە بۆ ماوەیەکی کورت ئەرمینیای خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی ئەیتوانی ئەم گێڕانەوەیە بپارێزێ بۆیە ئەرکی پاراستنی ئەرمینیای بۆ ڕووسیا جێ هێشت، ئەوە بوو کە ڕووسەکان دەستیان بەسەر ئەم سامان و سەروەتەدا گرت. ئەوسا دوای ئەوەی نادر شا دەست لە ئەرمینیا هەڵ دەگرێ ڕووسە قەیسەرییەکان دەسەڵاتی تەواوەتییان بەسەر ئەوناوچەیەدا سەپاند.

١٦٤٠

سوڵتان ئیبراهیم هاتە سەر حوکم و هەر هەموو کڵێساکانی ئەرزەڕۆمی کرد بە مزگەوت.

١٦٨٢

یەکێک لە ڕۆهەڵاتناسە ئیتاڵییەکان کە لە ١٦٨٢دا ماوەیەک لە دەوروبەری مووسڵ لەگەڵ کاپووسانە پیاوە مەسیحییەکاندا ژیاوە، دەڵێ: " ئێمە لە کاتی پێویستدا دەمانتوانی بەئاسانی خۆمان فێری زمانی کوردی بکەین، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی قاموس و کتێبی ڕێزمانی کوردییەوە کە لای ئابێ پیرە مەسیحییەکاندا دەست دەکەوتن. دەمانبینین، پێشانیان دەداین.

چونکه ئەوان لە رێگەی چوونە ناو خەڵکەوە باش فێری زمانەکە بووبوون.

١٦٨٧

برای محەمەدی چوارەم، سلێمانی دووەم دەبێتە سوڵتان و ڕۆربەی کوردە مەسیحییەکانی ناوچە شاخاوییەکانی، بەزەبری ئاگر و شمشێر کرد بە موسڵمان.

١٨١٢

میر بەدرخان لە ساڵی ١٨١٢ دێتە سەر حوکم دوای ئەوەی دەوڵەتەکە دادەمەزرێنێ کە لە ساڵی ١٨١٢ تا ١٨٤٨ دەخایەنێ.

لە ئەنجامی نیانیی مامەڵەی ئەمیر و چاوپۆشین لە ڕابردوو توانیی دڵی خەڵکی ناوچە و دەوروبەری بۆ دۆزەکەی بکێشێ بەتایبەت ئەرمەنەکان کە ئەوپەڕی هاوکارییان لەگەڵ کرد، ئەرمەنەکان لای میر بەدرخان پایە و مەکانەتێکی تایبەتیان هەبوو بە چاوی کورد سەیری دەکردن. بۆیە هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن بەدرخان پێی وابوو کە کورد و ئەرمەن بە ڕەچەڵەک یەکن. بۆیە ئەرمەنەکان بە حوکمی شارەزایی و پسپۆڕییان توانییان بەسەر هەموو کەناڵە ئابووری و بازرگانییەکانی دەوڵەتدا زاڵ بن، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەموو ئەرمەنەکان بچنە پاڵی و ئەویش پشتیان پێ ببەستێ و ببنە جێی متمانەی ئەو، لە هەموو بوارەکانی کار و پایەکان شوێنیان هەبوو وەکو ڕاوێژکار (ستیبان مانوگلیان و گەرگانیش تشالکزیان) ڕاوێژکاری بەدرخان بوون. یەکێک لە ئەفسەرەکانی ئەرمەنی فەرماندایەتیی سوپایەکی کوردی بەدرخانی دەکرد، زۆربەیان شانازییان بە ئەرمەنایەتیی خۆیان دەکرد لە کاتێکدا کە تورکەکان ئەو مافەیان لێ قەدەغە کردبوون.

١٨٢٧

ڕووس لەو هەوڵەدا بوون کە بوونی خۆیان لەو ناوچانە بسەلێنن. ئەوسا لە ڕێککەوتنی ئاشتەواییی تورکمان شای ساڵی ١٨٢٨دا دەکەونە ڕێککەوتنێک کە بەهۆیەوە هەموو گورجستان و بەشێک لە ئەرمینیا (هەرێمی قەرەباغ و ولایەتی یەریڤان و نەخجیوان) دەبنە بەشی ڕووسیا هەروەها ئەم پەیماننامەیە مافی بە ئەرمەنەکانی ئێران دا کە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان لەژێر دەسەڵاتی ڕووسیا. بەم بڕیارە نێزیکەی ٢٥ هەزار ئەرمەنی لە دانیشتوانی پارێزگای ورمێی سەر بە ئێران گەڕانەوە ئەرمینیا.

١٨٤٨

ڕۆهەڵاتناسی ئەڵمانی جوهانس لیبسیوس کە لە ڕەوشی کورد و ئەرمەنەکان بە ئاگا بوو باس لەو دۆستایەتییەی کورد و ئەرمەنەکان دەکات لە ١٨٤٨دا دەڵێ دۆستایەتی و پێوەندییەکانیان ئەوەندە خۆش و تەبا بوو گەیشتبووە ئاستی ژنخوازی و تێکەڵاوی، کوردەکان زۆر ریزیان لە نەریتە

ئاینییەکانی ئەرمەنەکان دەگرت.

١٨٥٦

کاتێک عوسمانییەکان هێرش دەکەنە سەر شۆڕشەکەی بەدرخان و تێکی دەشکێنن ئەرمەنەکان لە هەڵوێستە جوامێرییەکانیان پاشگەز نابنەوە، شان بەشانی میر بەدرخان بەرگری دەکەن ئەو هێرشە کە عوسمانییەکان بە هاوکاریی ئینگلیز کردیانە سەر کورد و ئەرمەن بەیەکەوە بەرۆکیان لێ گرتبوو تا راپەڕینەکەی ١٨٥٦ کە یەزدان شیر پێی هەڵسا هەمان هەڵوێستیان هەبوو ئەو ڕاپەڕینەی دوای شەڕی قرمی نێوان دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانی کە عوسمانییەکان بە دڕندەیی دایان مرکاندەوە.

١٨٥٧

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەملاوە، یەکێک لە سەرەتاکانی پەخشانی کوردی و دەستپێکردنی وەرگێڕان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەهۆی هاوکاریی ئەرمەنەکانەوەیە کە دەردەکەوێت: یەکەم وەرگێڕانی ئینجیل بۆ کوردی بڕێتییە لە ئینجیلێک لە ساڵی ١٨٥٧ لە زمانی یۆنانییەوە کراوەتە دیالێکتی کرمانجی و بەئەلفوبێی ئەرمەنی چاپ کراوە، لە ٣٩٨ لاپەڕەدا، لە ئەستەمبوڵ، لەلایەن مسیۆنێر و قەشە ئەرمەنییەکانەوە بڵاو کراوەتەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەملاوە سەرنجایەکی نوێ لە جموجۆڵی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا دەردەکەوێت، ئەویش بڕێتییە لە وەرگێڕانی ئینجیل و کتێبە دینییە مەسیحییەکان بە هاوکاریی ئەو قەشە و پاتریارکە ئەرمەنییانەی کە لە ئەستەمبوڵ و لە کوردستانی تورکیادا دەژیان.

موژدەگارەکان Missionnaires ئەو قەشە و دینداره مەسیحییانەن کە دەنێردرانە هەندەران بۆ بە مەسیحیکردنی خەڵکی غەیرە مەسیحی. ئەم موژدەگارانە، لە ویلایەتەکانی وان و بەتلیس دا، لە دەوروبەری ساڵانی ١٨٥٠ەوە ڕەگ و ڕیشەی خۆیان داکوتاندبوو. لەناو ئەوانەدا ئەرمەنییەکان لە پێش هەموویانەوە پڕوپاگەندەی دینییان بۆ دەکردن و یارمەتییان دەدان. جەنەراڵ شەریف پاشای کورد، لەم بارەوە دەڵێ:

موژدەگارەکان کاتێ پێیان نایە کوردستان، ڕوویان کردە عەشیرەتە مەسیحییەکانی کوردستان. لەناو ئەم عەشیرەتانەشدا ئەرمەنییە ئۆرثۆدۆکسییەکان لە هەموو کەسێک زووتر و ئاسانتر چوونە ژێر بارەوە. «٢٨»

پێوەندی و هاوکارییەکی تۆندوتۆڵ، بۆ وەرگێڕانی ئینجیل و کتێبە دینییە مەسیحییەکان، بۆ سەر زمانی کوردی، لە نێوان موژدەگار و پیاوە دینییە ئەرمەنەکاندا هەبووە. موژدەگارەکان لەم بارەیەوە سوودیان لە پاتریرک و قەشە و ڕووناکبیرە ئەرمەنەکانی کوردستان وەردەگرت، چونکە:

١ــ زۆربەی قەشە و پاتریک و رووناکبیرە ئەرمەنەکانی کوردستان، خاوەن توانا و رۆڵێکی گەورە بوونە؛ کوردییان دەزانی و دەیانتوانی کاری وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی بکەن.

٢ــ ئەرمەن لە هەموو میللەتێکی رۆهەڵات زیاتر نێزیک بووە لە کورد، دراوسێی یەکتر بوونە، لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دینیشەوە خزمایەتی و پێوەندییەکی دێرینیان هەبووە، لە ڕووی سیاسیشەوە هاوئاڵار و هاوچارەنووس بوونە.

یەکەم وەرگێڕانی ئینجیل بۆ زمانی کوردی، بڕێتییە لە ئینجیلێک کە لە ساڵی ١٨٥٧دا، لە زمانی یۆنانییەوە کراوەتە دیالێکتی کرمانجی و بە ئەلفوبێی ئەرمەنی چاپ کراوە، لە ٣٩٨ لاپەڕەدا. ١٧ بە ١٠ سانتیمەتر، لە بەرگێکی کارتۆنی پتەودا، لە ئەستەمبۆڵ، لەلایەن موژدەگارە مەسیحییە ئەرمەنییەکانەوە بڵاو کراوەتەوە. ناونیشانی کتێبەکە، بە دیالێکتی کرمانجی، بەئەلفوبێی ئەرمەنی، ئەمە بووە: ئینجیل. خودێێ مە، ئیسایێ مەسیح . نڤیساندن ب دەستی ماتیۆس مارکۆز و لۆکاس یۆحەننا، ل ئەستەمبۆلدا، ١٨٥٧.

کتێبی ناوبراو هیچ پێشەکییەکی لەگەڵ نییە، یەکسەر لە لاپەڕەی یەکەمەوە ناواخنی ئینجیلەکە دەست پێ دەکات: لێکدانەوەی مەتتا (ماتیۆس) لە لاپەڕە ١ تا ١١٢؛ لێکدانەوەی مەرقۆس لە لاپەڕە ١١٣ تا ١٨٤؛ لێکدانەوەی لۆقا لە لاپەڕە ١٨٥ تا ٣٠٨؛ لێکدانەوەی یۆحەننا لە لاپەڕە ٣٠٩ بەملاوە تا کۆتایی، ل ٣٩٨.

لە لاپەڕەی یەکەمدا بەخەتێکی زۆر گەورە نووسراوە (ئینجیل بە کاڤلا)، لە خوار ئەوەوە بەخەتێکی درشت نووسراوە (ماتیۆس)، لە خوار ئەویشەوە بەخەتێکی کەمێک درشت نووسراوە (پشکا ١)؛ ئینجا لە دێری یەکەمدا ئینجیلەکە وا دەستێ دەکات (کتێبی مەڤلوودێن عیسائێل مەسیح ئی کوڕی ئیبراهیم...).

لاپەڕەکانی کتێبەکە، سەرتاپای کۆپلەکانی، ژمارەبەند کراون. لە سەرەتای هەر کۆپلەیەکدا ژمارەیەک دانراوە. بۆ نموونە، ئینجیلی مەتتا، بەشی یەکەم ٢٥ کۆپلەیە و بەشی دووەم ٢٣ کۆپلە.

پێش ئەم ئینجیلە، هیچ بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی تر (لە شێوەی کتێبێکی چاپکراودا) شک نابەین کە لە زمانێکی بێگانەوە کرابێتە کوردی. کەواتە لە بواری مێژووی سەرهەڵدانی جموجۆڵی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە زمانەوانییەکانەوە Etudes Linguistiques Comparatives ، ئەم ئینجیلە بایەخێکی فراوانی هەیە.

بایەخی سەرەکیی ئەم ئینجیلە لەوەدایە کە یەکێکە لە یەکەم نموونەی پەخشانەکان بە زمانی کوردی: دوای چیرۆکەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی، کە بەناونیشانی (مەم و زین) لە ١٨٥٦دا نووسراوە. لە ڕووی زمانەوانیشەوە (زاراوەسازی و رستەسازی و وشەسازی)، هەروەها لە ڕووی پێشکەوتنی نووسین بە کوردی و پەرەسەندنی ئاستی پەخشانی کوردیشەوە، گرینگییەکی زۆری هەیە. جگە لەمانەش، لە بواری لێکۆڵینەوەی شێواز Sirylistique : شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکان لەبارەی ژیاننامەی مەسیحەوە، شایانی لێکۆڵینەوەن.

زمانی ئەرمەنی لە کۆنەوە و تا ئێستاش ــ بە ئەلفابێکەشیانەوە ــ لەژێر کاریگەریی زمانی یۆنانیدایە. زمانەکەیان پڕە لە وشە و پەیڤی یۆنانی.

پرۆفیسۆری فرەنسایی ئەرمەننناس Antoine Meillet دەڵێ: "وەرگێڕی ئینجیلی ئەرمەنی، تێکستە یۆنانییەکەی وشە بە وشە وەرگێڕاوەتە سەر ئەرمەنی. بێ هیچ دەستوەردانێک لە ڕووی ڕستەسازییەوە، ڕەوتی ریزی وشەکانی بەتەواوەتی پاراستووە. کەواتە، دەتوانین بڵێین وەرگێڕە ئەرمەنییەکان بەتەواوەتی مۆدێلی نووسین و ناواخنی ئینجیلە بنچینەییە یۆنانییەکانیان پاراستووە.

ئەم دیاردەیە، بێگومان کاری کردووەتە سەر تەرجەمە کوردییەکەش. چ بە گوێرەی ئەم ئینجیلەوە کە ئەرمەنییەکان لە یۆنانییەوە کردوویانەتە کوردیی ئەلفابێی ئەرمەنی، چ بەگوێرەی ئەو ئینجیلانەش کە ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە کراونەتە کوردیی ئەلفابێی عەرەبی: زمانە کوردییەکەی ئەم ئینجیلە، بە هەمان شێوە، لەژێر کاریگەرێتیی وشەسازی و زاراوە یۆنانییەکاندا بووە.

لەلایەکی تریشەوە، پەیڤ و کارێگەرێتیی زمانی ئەرمەنی خۆیشی، دیارە، کەم تا زۆر ڕەنگیان داوەتەوە بەسەر زمانە کوردییەکەدا.

نێزیکایەتیی زمانی کوردی و ئەرمەنی هێندە زۆرە، کە زمانەوانێکی ئەرمەنی پێوەندییەکە تەنانەت بەپێچەوانەشەوە دەبینێ، دەڵێ: "زمانی ئەرمەنی کاریگەرێتیی گەلێک زمانی وەک کوردی و یۆنانی و تورکی و عەرەبی و فارسیی بەسەرەوەیە".

١٨٦١

دووەم کتێبی وەرگێڕدراو بۆ کوردی، بە ناونیشانی (ئەلفا بێ جێ یا کورمانجی و ئەرمەنی) لە ئەستەمبوڵ چاپی دووەمی لە ساڵی ١٨٦١، بە دیالێکتی کرمانجی، بەئەلفوبێی ئەرمەنی، دیسان بە هاوکاریی نووسەر و قەشە ئەرمەنییەکان بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە بە زمانی کوردی و ئەرمەنییە: ستوونێک بە کوردی و ستوونی بەرامبەر بە ئەرمەنی. باسی مێژووی مەسیحییەتە، زیاتر لە (٣٥) نیگاری تێدایە.

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوە یەکەم کتێبی منداڵان و قوتابخانەییە، یەکەم کتێبی لێکدانەوەی دینی مەسیحە، یەکەم کتێبە کە مێژووی بە زمانی کوردی نووسیبێتەوە، یەکەم کتێبی وێنەدارە ــ بە زمانی کوردی، یەکەم هەوڵدانی دارشتنی ئەلفوبێیە بۆ زمانی کوردی. هەروەها یەکەم کتێبی کوردی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی و یەکەم قاموسی کوردی ــ ئەرمەنییە، کە لە بواری وەرگێڕاندا بایەخێکی گرینگی هەیە. قاموسەکە زیاتر لە ٣٠٠ وشە و زاراوەی کوردی ــ ئەرمەنیی تێدایە، واتایان بە هەردوو زمان ڕوون کراوەتەوە. (بڕوانە پاشکۆی ئەم پەڕتووکە).

ناونیشانەکەی، بە ئەرمەنی و کوردی، نووسراوە. لە خوار ناونیشانی کتێبەکەوە، بە ئەرمەنی نووسراوە: لەم کتێبەدا کۆمەڵێک زانیاری هەن بۆ منداڵان لە کوردستاندا لەبارەی ئاینی

مەسیحییەوە. پاشان، هەر بە ئەرمەنی، نووسراوە :

ئەم کتێبە ئامادە کراوە بە هاوکاری:

١ــ ماتیۆسی ئەرمەنییان لە ئێچمیازین.

٢ــ پاتریرکی ئوورشەلیم، باوە هۆڤان توو.

٣ــ باوە هانکووت سیەلۆ، کە ئەویش هەر پاتریرکە.

٤ــ پاتریرکی ئەستەمبۆڵ، باوە سەرکەسی.

ئینجا بە کوردی نووسراوە:

چاپا دوویێ ١٨٦١

خەڵاتیا/ ئەستەمبۆڵ

چاپخانا " هەیڤا نوو"

خوویێ یێ چاپخانا مەهندسیان

بەرگی کتێبەکە: کارتۆنێکی تەنکی زەردە. وێنەی ژنێک و دوو منداڵە پەری، کە لەملا و لەولای دانیشتون، لە ناوەڕاستدا نیگار کێشراون. کتێبەکە ٥٦ لاپەڕەیە. ١٤ بە ٢١ سانتیمەتر. (٤٢) وێنەی تێدایە.

کتێبەکە بە زمانی کوردی و ئەرمەنییە. هەر لاپەڕەیەک کراوەتە دوو ستوون، ستوونێک بە کوردی و ستوونی بەرامبەر بە ئەرمەنییە. ئاشکرایە کە نووسەرە ئەرمەنییەکان، لە سەرەتادا بابەتەکەیان بە ئەرمەنی نووسیوە و پاشان وەریان گێڕاوەتە سەر کوردی. ئەم کتێبە، سەرتاپای، بڕێتییە لە تێکستی بچووک و جۆرەوجۆر. تێکستەکان (کوردی و ئەرمەنییەکان)، هەموویان لە بەردەستدان بۆ بەراوردکردنیان بە یەکتر.

لاپەڕەی یەکەم، بڕێتییە لە پێشەکییەک بە زمانی کوردی. لە دێری یەکەمدا نووسراوە: ڤێ ئەلفا بێ هاتە چێکرنی ژبۆ زارۆکێن کوردستانێ. لەو پێشەکییەدا باسی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەکا. لاپەڕەی دووەم: هەمان پێشەکی و باسە بە زمانی ئەرمەنی.

لاپەڕەی سێیەم: وێنەیەکی جوانە لەبارەی قوتابخانە و مامۆستا و قوتابییانەوە، قوتابخانە و خوێندن لە پێش چاوی خوێنەران شیرین دەکا. لە خوارەوەش بە ئەرمەنی باسی رۆڵی قوتابخانە دەکا.

لاپەڕەی ٤ ــ ٧، بڕێتین لە حەرفە ئەرمەنییەکان بەرامبەر بە دەنگەکانی زمانی کوردی. بەرامبەر هەر فۆنەتیک و دەنگێکی کوردی حەرفێکی ئەرمەنیی گونجاو داڕێژراوە. بە زمانی ئەرمەنی باس لە گونجاندنی ئەلفوبێی ئەرمەنی بۆ فۆنەتیکی زمانی کوردی کراوە. هەوڵی ئەوە دراوە کە نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی بخرێتە قاڵبی ئەلفوبێی ئەرمەنییەوە و لەمەودوا کوردی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی بنووسرێتەوە.

لاپەڕەی ٨ ــ ١٢: چەند دەرس و ڕاهێنانێکی پراتیکین لەبارەی چەسپاندن و پیادەکردنی ئەلفوبێی ئەرمەنی بۆ زمانی کوردی و نووسین بە کوردی. لاپەڕەی ١٣: (لوغەتێن یەک دەنگی یا کورمانجی و ئەرمەنی). کراوەتە دوو بەش، هەر بەشێکیش کراوەتە دوو ستوون. ستوونێک وشەی کوردین، کە لە ستوونەکەی بەرامبەریدا، واتاکەی بە زمانی ئەرمەنی نووسراوە. ئیدی، قاموووسێکی کوردی ــ ئەرمەنیی بچکۆلانەیە. بە هەمووی ١٠٨ وشەی کوردی ــ ئەرمەنییە. وشەکانیش، وەک لە ناونیشانی لاپەڕەکەدا دەسنیشانی کردووە: وشەی یەک سیلابین. نموونەی ئەم وشانەی کە هێناویەتییەوە: ئەز، ئاخ، ئەم، ئاڤ، پاچ، تاڵ، کاڵ.

لاپەڕەی ١٤ ــ ١٥: (لوغەتێن یەک دەنگی یا کورمانجی و لوغەتێن دوو دەنگیێن ئەرمەنی). بەهەمان شێوە، قاموووسێکی کوردی ــ ئەرمەنیی بچکۆلانەیە. بە هەمووی ١٠٤ وشەی کوردی ــ ئەرمەنییە. وشەکانیش، وشەی یەک سیلابیی کوردین بەرامبەر وشەی دوو سیلابیی ئەرمەنی.

لاپەڕەی ١٥ ــ ١٧: (لوغەتێن دوو دەنگی یا کورمانجی و لوغەتێن دوو دەنگیێن ئەرمەنی). بەهەمان شێوە، قاموووسێکی کوردی ــ ئەرمەنیی بچکۆلانەیە. وشەی دوو سیلابیی کوردین بەرامبەر وشەی دوو سیلابیی ئەرمەنی.

لاپەڕەی ١٨: (لوغەتێن سێ دەنگی یا کورمانجی و لوغەتێن دوو دەنگیێن ئەرمەنی). قاموووسێکی کوردی ــ ئەرمەنیی بچکۆلانەیە. وشەی سی سیلابیی کوردین بەرامبەر وشەی دوو سیلابیی ئەرمەنی.

لاپەڕەی ١٩: (لوغەتێن چوار دەنگی یا کورمانجی و لوغەتێن دوو دەنگیێن ئەرمەنی). قاموووسێکی رستەی چوار بڕگەیی کوردی ــ ئەرمەنییە. بە هەمووی ٤٤ رستەی کوردی ــ ئەرمەنییە.

لاپەڕەی ٢٠ ــ ٢٤: کراوەتە دوو ستوون. لە سەرەوەی هەر ستوونێکدا بە کوردی و ئەرمەنی نووسراوە (پیشەسازی هۆی پێشکەوتنە). ئینجا لە خوارەوەدا، لە ناونیشانی ستوونە کوردییەکەدا نووسراوە (باستماخانە) واتە (چاپخانە). لەسەر ستوونە ئەرمەنییەکەشدا بەهەمان شێوە نووسراوە (چاپخانە). بە کوردی و ئەرمەنی، باس لە بایەخ و ڕۆڵی چاپخانە دەکا لە بواری پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا. وتارەکە وا دەست پێ دەکات: " ڤێ سوورەتی ..." . مەبەستی وێنەی ئەو چاپخانەیە کە لە سەرەوەی لاپەڕەکەدا ڕەسم کراوە.

لاپەڕەی ٢٥: (دوعایێ خودێ یێ). لاپەڕەکە کراوەتە دوو ستوون. لە ستوونی یەکەمدا، بە زمانی کوردی دەقی ئەو نوێژە نووسراوە کە هەموو بەیانییەک مەسیحییەکان دەیکەن. لە ستوونی دووەمدا هەمان نوێژ بە زمانی ئەرمەنی لە بەرامبەرەکەیدا نووسراوە.

لاپەڕەی ٢٦ــ ٢٩: بە ئەرمەنی نووسراوە (وشەی بەکارهاتووی ڕۆژانە). لاپەڕەکە کراوەتە دوو بەش. هەر بەشێکیش کراوەتە دوو ستوون. قاموووسێکی کوردی ــ ئەرمەنیی بچکۆلەیە. نموونەی ئەم وشانەی کە هێناویەتییەوە: گەنم، جۆ، نۆک، گڵگڵ، نیسک. بەکورتی، ئەم قاموووسە، ناوی

هەموو رووەک و خواردن و باڵندە و گیانەوەر و بابەتەکانی سروشتی تێدایە. لەژێر وێنەی پلنگێکیشدا نووسراوە: ئەف پلنگ دنێڤ چیایێن ئەرمەنستانێ دژێت.

لاپەڕەی ٣٠ ــ ٣٣: قاموووسێکی کوردی ــ ئەرمەنییە، لە دوو ستوونداٮ، تەنیا بۆ ژمارەکان؛ لە ژمارە یەکەوە تا نۆهەت ملیۆن.

لاپەڕە ٣٤ ــ ٥٤: دوو وتار لە هەشت بەشدا، لە دوو ستوونی بەرامبەر بە یەک، یەکیان بە کوردی و ئەوی تریان بە ئەرمەنی، لەبارەی مێژووی ئەرمەنستان و بایەخی دینی مەسیحییەوە.

لاپەڕە: ٥٥: پارچە شیعرێک، لە ستوونی یەکەمدا بە کوردی و لە دووەمدا هەمان شیعر بە ئەرمەنی.

وەک لە بەرگی کتێبەکەدا نووسراوە: ئەمەیان چاپی دووەمی کتێبەکەیە. چاپی یەکەمی، دیارە، چەند ساڵێک پێش ١٨٦١ بڵاو کراوەتەوە.

بەبۆچوونی ئێمە: ئەم رێبەرە ــ کە نازانین چاپە یەکەمەکەی کەی بڵاو کراوەتەوە ــ یەکەم کتێبی کوردی بووە بە ئەلفوبێی ئەرمەنی. بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە کتێبی ناوبراو، وەک دەبینین، بەشێکی گرینگی پێشەوەی، برێتییە لە رێبەرێک و بنچینەیەکی زانستی بۆ نووسین بە ئەلفوبێی ئەرمەنی. ئەگەر پێش ئەم کتێبە نوۆسینی کوردی بە ئەلفوبێی ئەرمەنی لەو سەردەمەدا هەبووایە، پێویستی بەم رێبەرە نەدەکرد چاپ بکرێت. چاپکردنی ئەم کتێبە تەنیا ڕێ خۆشکردنێک بووە بۆئەوەی رۆڵەکانی گەلی کورد ئەلفوبێی ئەرمەنی فێر ببن و بتوانن دوای ئەوە بە زمانی خۆیان ئینجیل و کتێبی دینیی مەسیحیی تەرجەمەکراو و بابەتی گرینگی تری تەرجەمەکراو ــ وەک لەم کتێبەدا دەبینین ــ بخوێننەوە. کەواتە، دەبێ ئەم رێبەرە ئەلفوبێیە پێش ئینجیلەکەی ١٨٥٧ چاپکرابێ.

لە کۆتاییی ساڵانی ١٨٥٠دا، لە کاتێکدا کورد، نەخوێندەوار، لە خەوی غەفڵەتدا بوون، یانیش لە رێگەوبکاندا، کاروانی رێگە دوورەکانیان ڕووت دەکردەوە؛ ماتیۆسێک و سێ پاتریرکی ئەرمەنی، وەک لەسەر بەرگی کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، سەرقاڵی ئەوە بوون کە ئەلفوبێیەک بۆ زمانی کوردی دابمەزرێنن و کورد فێری خوێندەواری بکەن، ئینجا پاشان لە ساڵی ١٨٦١دا ئەم کتێبە بە زمانی کوردی ــ بە ئەلفوبێی ئەرمەنی لەبارەی مەسیح و ئاشتی و شارستانییەتەوە بنووسن و تەرجەمەی کوردیی بکەن؛ رۆڵی دین و چاپخانە و پیشەسازی لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤدا بۆ کوردان ڕوون بکەنەوە.

ئەم موژدەگار و پاتریرکە ئەرمەنییانە، بێگومان، زۆربەیان، پێویستە زمانی کوردییان زانیبێت. ئەوانە، ئەگەر رێبەری ئەلفوبێ و کتێبی قوتابخانەیی لەم چەشنەیان بۆ مندالان لەو سەردەمەدا وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردی و بڵاویان کردبێتەوە؛ بێگومان لەوانەیە چەند قوتابخانەیەکیشیان بۆ منداڵانی کورد کردبێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دەرسە زمانەوانی و دینییانەی تێدا بڵێنەوە.

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوە یەکەم کتێبی منداڵان و قوتابخانەییە، یەکەم کتێبی لێکدانەوەی دینی مەسیحە، یەکەم کتێبە کە مێژووی بە کوردی نووسیبێتەوە، یەکەم کتێبی وێنەدارە ــ بە زمانی کوردی، یەکەم هەوڵدانی دارشتنی ئەلفوبێیە بۆ زمانی کوردی.

هەموو نووسراوەکانی نێو ئەم کتێبە، بە دوو تێکستی بەرامبەر بە یەک: بە دوو زمانی ئەرمەنی و کوردی لە دوو ستوونی بەرامبەر بە یەکدا نووسراون. کوردییەکە، بێگومان، دەبێ لە ئەرمەنییەکەوە تەرجەمە کرابێ.

هەروەها ئەم کتێبە یەکەم قاموووسی کوردی ــ ئەرمەنییە، کە لە بواری وەرگێڕاندا بایەخێکی گرینگی هەیە. قاموووسەکە زیاتر لە ٣٠٠ وشە و زاراوەی کوردی ــ ئەرمەنێی تێدایە، واتایان بە هەردوو زمان ڕوون کراوەتەوە. وەرگێڕ و زمانەوان و قاموووسەوانە کورد و ئەرمەنەکان دەتوانن سوودێکی زۆری لێ ببینن.

ئەم کتێبە: یەکەم هەوڵدانە کە تێکستی تەرجەمەکراوی، لە هەمان لاپەڕەدا، لە ستوونێکی بەرامبەردا، لە تەنیشت تێکستی لێوەرگیراوەکە دانابێت. ئەم کارە، زیاتر یارمەتیی خوێنەر دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ تێکستەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکات. ئەلفا بێ جێ یا کورمانجی و ئەرمەنی: پەخشانێکی سفت و جوانی نووسینی کوردیی ناوەڕاستی سالانی سەدەی ڕابردووە، شایانی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆرە.

نووسەرانی ئەم کتێبە، لە وتارە تەرجەمەکراوەکاندا، باسی بایەخی چاپخانەیان بۆ کوردان کردووە، ڕۆڵی چاپخانە و زانستییان لە پێشکەوتنی کۆمەڵ و بیری مرۆڤدا، بە زمانێکی ئاسان باس کردووە. ئەمە بۆ ئەو کاتە زۆر بووە. بایەخی ئەم کتێبە لە ڕووی ڕێزمان و زاراوەناسی و وشەسازی و ڕستەسازییەوە، هەروەها لە ڕووی پێشکەوتنی نووسین بە زمانی کوردی و پەرەسەندنی ئاستی پەخشانی کوردییەوە، گرینگییەکی زۆری هەیە.

موژدەگار و پاتریرکە ئەرمەنییەکان، لە وەرگێڕانی ئەم ئینجیل و کتێبە دینییانەدا بە ئەلفوبێی ئەرمەنی و سریانی، چەند ئامانجێکی گرینگیان هەبووە:

١ــ بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی ئەرمەنی و سریانی، لە جیاتیی بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی، بۆ نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی: بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ئەلفوبێی عەرەبی، واتە لە کولتووری تورکی و فارسی و عەرەبی دوور بکەونەوە و ببن بە خاوەن کولتوورێکی ئەرمەنی ــ مەسیحی.

٢ــ بۆ ئەوەی خەڵکی کورد بتوانن ئینجیل و کتێبە دینییە مەسیحییەکان بخوێننەوە و ڕوو بکەنە باوەڕهێنان بە دینی مەسیح.

٣ــ بۆ ئەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەناو خەڵکی کورددا بڵاو ببێتەوە و گیانی برایەتی لە نێوان ئەرمەن و کورددا دروست ببێت.

٤ـ بۆ ئەوەی ئەرمەنییەکانیش، بەتایبەتی ئەو ئەرمەنییانەی زمانی خۆیان بیر چووبووەوە و بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد، ئەوانیش سوود لە ناوەرۆکی ئەم کتێبە وەربگرن.

بۆ دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکانی ئەم یەکەم وەرگێڕدراوە چاپکراوانە، ئەم تێبینییانە تۆمار دەکەین:

– وەرگێڕەکان لەم قۆناغەدا کە کتێبیان تەرجەمەی سەر زمانی کوردی کردووە، کورد نەبوونە؛ بگرە خەڵکێکی بێگانە بوونە، واتە موژدەگارە رۆئاواییەکان و قەشە ئەرمەنییەکان.

– ئەم وەرگێڕە بیانییانە، نووسەر و شاعیر و مێژوونووس نەبوونە، بگرە پیاوی دینی مەسیحی بوونە: پاتریرک و ماتیۆس و قەشە.

– مەبەستیان لە وەرگێڕان مەبەستێکی ئەدەبی یان هونەری نەبووە، بگرە مەبەستێکی دینییان هەبووە: بڵاوکردنەوەی دینی مەسیح لە کوردستاندا.

– ئەم کتێبە تەرجەمەکراوانە، لە زمانی یۆنانی و ئەرمەنی و سریانییەوە تەرجەمە کراون.

– ئەم کتێبە تەرجەمەکراوانە، کاریگەرێتیی زمانی یۆنانی و سریانی و ئەرمەنییان بەسەرەوە هەبووە.

– بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوانە زیاتر لە باکوری کوردستاندا بووە، بەتایبەتی کوردستانی تورکیا.

– ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوانە، زۆرتر بە دیالێکتی کرمانجی و بە ئەلفوبێی ئەرمەنی یان سریانی بوونە.

هەوڵنامەی کتێب

١٨٧٨

– پەیمانی سان ستیفانۆ (٣ی ئاداری ١٨٧٨) و پەیمانی بەرلین (١٣ی تەموزی ١٨٧٨) لە نێوان دەوڵەتانی زلهێز و ئەرمەنەکاندا؛ بەپێی ئەم دوو پەیمانە مافی حوکمی ئۆتۆنۆمی دەدرایە ئەرمەنییەکان.

– دوای ئەوەی ڕووس بە تەواوەتی دەستیان بەسەر ناوچەی قەوقاسدا گرت چاویان بڕییە ئەوەی بگەنە (ئاوە گەرمەکە) و بەنداوەکانی بسفۆر و دەردەنیل، بۆیە دەبووایە شەڕێک لە نێوان ئەوان و دەوڵەتی عوسمانی ڕوو بدا، ئەوە بوو دوای هاتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ سەر حوکم شەڕێکی ڕووسیی عوسمانی لە ١٨٧٨ هەڵگیرسا کە بە سەرکەوتنی ڕووس بەسەر عوسمانییەکاندا تەواو بوو. (ئەرمەنییەکان، بەپێی پەیمانەکانی سان ستیفانۆ لە ٣ ی ئاداری ١٨٧٨ و بەرلین لە ١٣ی تەموزی ١٨٧٨ مافی حوکمی ئۆتۆنۆمییان پێ درابوو). پێ دەچێ لەو سەروبەندەدا بێت کە حاجی قادری کۆیی گوتوویەتی:

خاکی جزیر و بۆتان یەعنی ولاتی کوردان

سەد حەیف و مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان

محەمەدی مەلا کەریم لە شیکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا، دەڵێ:

لە زەمانی عوسمانییەکاندا نیشتمانی نەتەوەیی ئەرمەن دوو پارچە بوو، پارچەیەکی لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوو، ئەو پارچەکەشیان لەژێر دەستی ڕووسیای قەیسەریدا. پارچەی ژێر دەستی عوسمانییەکان لە پیسترین شێوەی ژیاندا دەژیا، وە ناڕەحەتترین چەشنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و ئاینیی بەسەرەوە بوو. پارچەکەی تریشی هەرچەند هەروا ژێردەست بوو، بەڵام حکوومەتێکی ڕووکەشی هەبوو کە داردەستی ڕووسیای قەیسەری بوو بۆ ڕاکێشانی دڵی ئەرمەنییەکانی عوسمانی. حکوومەتی عوسمانییش لە زەمانی حاجیدا لە دوارۆژەکانی ژیانیدا بوو، وە هێزی لەبەر بڕابوو. چ دەوڵەتە ئیستیعماریيەکانی ڕۆئاوا و چ ڕووسیای قەیسەری هەریەکە لە لایەکەوە قەپاڵیان گیر کردبوو لە لەشی (پیاوی نەخۆش) – وەک ئەو ڕۆژە بەحکوومەتی عوسمانییان دەوت – وە دەیانویست ڕۆژێ زووتر لە پێی بخەن و کەلەپوورەکەی دابەش بکەن لە بەینی خۆیاندا. بەم پێیە زۆرانبازییەکی سەخت لە بەینی ئەم وڵاتە تەماعکارانەدا پەیدا بووبوو، بۆ ئەوەی هەر کامیان بەشێکی زۆرتری لە کەلەپووری عوسمانییەکان دەس کەوێ و باشتر بەرهەڵستی سەرکەوتنی ئەویان بکا. لەسەر ئەم بنچینەیە هەردوو لای ئەم دوو ئۆردووگایە هەوڵی ئەوەیان بوو چاکتر جێی خۆیان لە دڵی نەتەوەی ئەرمەندا بکەنەوە کە لە خەباتێکی سەختی خوێنیندا بوو بۆ دەسخستنەوەی سەربەخۆییی وڵاتەکەی، وە لە هەموو ئازادیخواهانی گێتییەوە پشتیوانییەکی گەرمی لێ دەکرا، هەتا کار گەیشتە ڕادەیەک مەسەلەکەیان کەوتە ناو بەینی دەوڵەتان و ئەوەندەی نەمابوو مافی خۆیان وەرگرن. ئەلبەم کاتەدا حاجی بێ ئەوەی لە ناوکرۆکی ئەم خەباتەی نەتەوەی ئەرمەن بگات، وە لەبەر شوێنی غاتیفەی ڕووت کەوتن، دێتە دەنگ بەرانبەر بەئازادیی ئەرمەن و سەربەخۆییی ئەرمەنستان، وە بانگ دەکا بۆ پووچکردنەوەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی لەم بارەوە دەدرا، وە بەبێ ئەوە بەخۆی بزانێ دەبێ بە پارێزەری مەسڵەحەتی داگیرکەرە تورکەکان، وە ڕێگەی ئیشکردن بۆ کورد دادەنێ تا ببن بەکۆسپ لە ڕێی مافە ڕاستەکانی ئەرمەندا و ئاخ هەڵدەکێشێ بۆ ئەوە کە چۆن گەورە گەورانی کورد نەماون تا ڕاپەڕن بۆ بەرهەڵستیی مەسەلەی ئەرمەن.

حاجی لەم پارچە شیعرە دریژەی، پڕ لە هەستی لێشاوکردووی دووربینانەی کوردایەتیدا، هەندێ شتی وتووە وایان لێوە دەردەکەوێ دژی تێکۆشانی گەلی ئەرمەن بووبێ لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و وەرگرتنی سەربەخۆییی ئەرمەنستاندا:

خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بەئەرمەنستان
وا ڕێگەتان دەبەسرێ عێلاتی جاف و بڵباس
گەر مردوون لە گەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستان

کـامی کچ و هەتیـوی شـیـرین بـێ ڕایدەکـێـشن هاوار دەبەنە بەر کێ؟ پەشـمـە دەخـیل و ئـامـان مـەسـجـید دەبێتـە دێرە، ناقـووسـیـان مـوئەززین مـەتران دەبێتـە قـازی، مـوفـتی دەبێتـە ڕەهبـان هیچ غیـرەتێک نەماوە سەد جار قەسـەم بە قورئان پەیدا بێ ئەرمـەنسـتـان نامـێنێ یەک لە کـوردان سـەرتان لە قـورِ هەڵێنن، ئەحـوالّمـان ببـیـنن چۆنین لە دەسـتی زوڵمی بێ دینی دوور لە ئیـمـان وەڵڵاهـی سـوممە بـیـللا، تەڵڵاهـی ئەم بـەڵایە هەر هێندی پێ دەزانن ئیـقـلیـمی کـردە تۆفـان تۆفـانی ئاو نیـیـە هیچ دەرچێ لە کـێـوی جـوودی بەحـری تفـەنگ و تۆپە، ئینسـانە بەحـری عـومـمان ئەم قـسـەیـەی کـە کـردم ناگـاتە چەند سـاڵی تر ئەم حـاڵەتە دەبینن یەک یەک بەچاوی خـۆتان حـاڵ ئێسـتێکە وەهایـە مـەگـەر خـودا بەسـووکی تێکیـان بدا وە ئیللا دوورە لە عـەقـڵی ئینسـان هەرچی وەکـوو بەیانم بۆ کـردوون بەتەحـقـیـق پەیدا دەبن سێ گـانە، کـام قـورِ بکەین بەسـەرمـان لەم بەینە ئیـتـتـیـفـاقێ پەیدا بکەن بەمـەردی فـەرقی نەبێ شـوان و جـووتیـار و مـیـر و گـاوان گـەر هیچ نەبـێ بە ئۆین تابیـع بە دەوڵەتـێ بن بێگانە چاکـە دوشـمن نەک دوشـمنی لە خـۆتان ڕۆمی وەکوو بەنی موون کەس پشتیان پێ نەبەستێ کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتە ماون و حەیران کـوا والیی سـەنەندوج، بەگـزادەیی ڕەواندوز کـوا حـاکـمـانی بابان، مـیـری جـزیر و بۆتان.

تا دەڵێ:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحێبی جەیش و عیرفان

جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن: تۆپ و تفەنگ و هاوان
پارانەوە و تەوەککول لەم عەسرە پارە ناکا
تیرە دوعایی جەوشەن، پەیکانە حیرزی مەیدان
بۆچی بەشیری ئێمە یەعنی ڕەسوولی ئەکرەم
هیچ ئەدعییەی نەزانی ڕۆژێ کە دەچووە مەیدان

کە ئەم پارچە شیعرە دەخوێنینەوە هەست دەکەین ئەوەندەی نەماوە تێکۆشانی گەلی ئەرمەن بۆ گەیشتن بەئازادی و سەربەخۆیی، پێ بگا و بێتە بەر. بە هاتنەبەریشی مەسەلەی گەلی کورد بەتەواوی دەبێ بەژێرەوە و بۆ خۆیشی لەناودەچێ و شناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدا و، بۆیە حاجی داوای هەستانەوەی گەلی کورد دەکا بۆ بەربەرەکانێی ئەرمەن و پڕۆژە پەلهاوێژییەکانیان.

محەمەدی مەلا کەریم، ڕاڤەکاری شیعرەکانی حاجی دەڵێ: من کە یەکەم جار ئەم مەسەلەیەم لە کتێبی «حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد(٢)»دا هێناوەتە ئاراوە، ئاگام لە تەنیا ڕوویەکی مەسەلەکە بووە کە بەدادیی مەسەلەی ئازادیخوازیی ئەرمەنە و هەر ئەوەندەی لێ تێ گەیشتووم کە حاجی قادر دژی مەسەلەی ئەرمەنە و پێی وایە بە سەرکەوتنی گەلی ئەرمەن و دروستبوونی ئەرمەنستان کورد و کوردستان دەکەونە بن دەستی ئەرمەن و، ئەمەیش دیارە هەڵەیە چونکە گەلی کورد و ئەرمەن دوو گەلی جیان و هەریەکە ولاتی خۆی هەیە. حاجی لەم جۆرە تێگەیشتنەی خۆیەوە گەلی کورد بانگ دەکا بۆ بەگژداچوونی ئەم ویستەی گەلی ئەرمەن.

محەمەدی مەلا کەریم دەڵێ:

حاجی پەی بەوە نابا کە کورد و ئەرمەن هەردووکیان گیرۆدەی دەستی یەک داگیرکەر بوون، وە بانگ ناکا بۆ یەکگرتنی هەردوو لایان لە خەباتێکی پێکەوەدا بۆ ڕزگاربوونی هەردوولا، وە ناچێ بەگژی کردەوەی ناپەسندی عوسمانییەکاندا کە هەموو جارێ هەستی ئاینیی کوردەکانیان دەبزواندەوە و دەیانکردن بەگژی ئەرمەندا و خوێنێکی زۆری هەردوولایان بەڕشتن دەدا، وە هەر سەرۆکێکی کورد کە هەوڵی بدایە بۆ برایەتیی کورد و ئەرمەن بێ سەرنوگومکردن دەسیان لێ هەڵنەدەگرت. نەتەوەی کوردیش لەبەر پێنەگەیشتنی هەستی نەتەوایەتیی خۆی لەم پیلانەی عوسمانییەکان تێ نەدەگەیی تا پێی هەڵنەخەڵەتێ.

محەمەدی مەلا کەریم دەڵێ:

ئەرمەنییەکان لەم بارەوە گەلێک لە ئێمە لە پێشتر بوون. ئەوەبوو سەرۆکی پارتیی (تاشناکسیۆن)ی ئەرمەنی کە ناوی (ڕوسدۆم) بوو لە هاوینی ١٨٩٥ – ١٨٩٦دا لە (جنێڤ) چاوی

بە(عەبدوڕەحمان بەدرخان) کەوت بۆ ئەوەی هەوڵی هەردوولا یەکخەن، وە هەتاوەکو بەدرخانیش بەیاننامەیەکی بە زوبانی کوردی وە بەپیتی عەرەبی لەم بابەتەوە بۆ نەتەوەی کورد بڵاو کردەوە لە ڕۆژنامەی (ترۆشاک)ی ئەرمەنیدا.

١٨٧٨

لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لە ڕاپەڕینە مەزنەکانی کوردی دێتە ئەژمار لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەم دەستی پێ کرد. ئەم ڕاپەڕینەش بەهۆی هاوکارییەکانیانەوە پێوەندییەکی تری پتەوی لە نێوان کورد و ئەرمەن دروست کرد، سەرەڕای ئەوەی ئەو کات ئەرمەنەکان تازە ماوەیەکی کورت بوو مافی حوکمی ئۆتۆنۆمییان بەپێی پەیمانەکانی سان ستیڤانۆ لە ٣ی ئاداری ١٨٧٨ و بەرلین لە ١٣ی تەمووزی ١٨٧٨ پێ درابوو.

شێخ عوبەیدوڵڵا نوێنەری خۆی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان ناردبوو داوای لە سەرکردە کوردەکان کردبوو کە هاوکاریی بکەن بۆ ئەوەی لە داگیرکەرانی تورک و ئێرانی رزگاریان بێ و دەوڵەتی کوردی دامەزرێنن. پێی ڕاگەیاندبون کە ئەوان (داگیرکەران) هیچ مافی ئەوەیان نییە حوکمڕانی لە کوردستان بکەن، نوێنەری بۆ کوردەکانی ڕووسیاش ناردبوو تا هاوکاریی براکانیان بکەن، بۆیە شێخ بە زەروری زانی سۆزی نەتەوە دراوسێکانیش بۆ خۆ بکێشێ ئەوانەی بەیەکەوە لەگەڵ کورد دەژین وەکو ئاشووری و ئەرمەن و عەرەب چونکە هاوکێشە و هاومەینەتن، (پێوەندیی لەگەڵ سەرکردەی ئاشوورییەکان کرد کە مار شەمعون بوو ئەویش بەڵێنی هاوکاریی بە شێخ دا)، بایەخی زۆریشی بە ئەرمەنەکان دا چونکە بەیەکەوە دەژین.

زیاتر لە بۆنەیەک شێخ ڕای دەگەیاند کە ئێمە و ئەرمەن براین، دەبێ تەبا و یەک بین، هەر بۆیەش ئەرمەنەکان پشتگیریی خۆیان بۆ شێخ دەربڕی. ئاسۆکانی دەست پێشخەری هاوپەیمانێتیی کورد و ئەرمەن و ئاشووری دژی تورکەکان بەدی دەکران. هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ دوورخستنەوەی ئەرمەن و ئاشوورییەکان لەو هاوپەیمانێتییە نەزۆک بوون. بیانووی ئینگلیز لەو دوورخستنەوەیە ئەوە بوو گوایە تەنیا ئەوروپا بۆی هەیە کریستەکان بپارێزێ.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (کە سەرکردەی تەریقەی نەقشبەندیی سەرتاسەری کوردستان بوو) لای ئەرمەن و ئاشوورییەکان جێی متمانە بوو، بەتایبەت ئەو کاتەی لە کۆنگرەی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین لە وەڵامی ئەوانەی دژی پەیماننامەی بەرلین بوون و وتی: تورکەکان دەیانەوێ بەدەستی ئێمە لە کریستەکان بدەن ئەو کاتەی ئەوانی لەناوبرد ئەوسا ڕوو لە ئێمە دەکەن و لەناومان دەبەن. ئێمەش لەوە بە ئاگاین.

شێخ لە ڕێنوێنییەکانیدا بۆ ڕاپەڕیوە کوردەکان جەختی لەسەر پاراستنی سەر و گیانی بێگانەکان کردەوە بەتایبەت ئەرمەن و ئاشوورییەکان داوای کرد کە هەر مااڵە و ئاڵایەکی شین هەڵواسێ بۆ ئەوەی کەس تخوونی ئەو مااڵە نەکەوێ. مینۆرسکی مێژوونووسی ڕووسیایی کە لەو

سەردەم ژیاوە، بە دەقی وتەکەی دەڵێ (هیچ لە ئەرمەنەکان زیانیان لە بزووتنەوەکەی عوبەیدوڵڵا پێ نەگەیی».

١٨٨٨

وەرگێڕانی چەند بەشێکی ئینجیل و پەیمانی نوێ و چەند پەندێک، بەئەلفوبێی سریانی Syr-yaque لە ساڵی ١٨٨٨دا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئوسامە نەقشبەندی و جەمیل رۆفائیل: زمانی کوردی لە سەدەی نۆزدەمدا بە ئەلفوبێ و خەتی سریانی (کرشونی) نووسراوە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش، تۆژەرانی ناوبراو دەسنووسێکیان لە کتێبخانەی (الاثار) دۆزیوەتەوە و باسێکیان لەسەر نووسیوە.

لە ژمارە ١٤ ــ ١٥ی هەمان کۆواردا، د. یوسف حبی، سەرنووسیاری کۆوارەکە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە جگە لەم دەسنووسە، دوو دەسنووسی تریش (لە هەمان بابەت) بە زمانی کوردی بە خەتی سریانی لە کتێبخانەی (دێری خاتوو ئالقووش) هەبوونە؛ لەم دواییەدا گواستراونەتەوە کتێبخانەی (دیر الرهبان) لە دۆرەی شاری بەغدا کە ژمارە ٣٠٥ و ٣٠٦یان (لە بەشی القواعد، المعجمات، الاشعار) دراوەتێ.

ئەوەی یەکەم، بەپێی سەرچاوە فەرەنساییەکەی پشتی پێ بەستراوە: رێزمانی کلدانی (سریانی/ رۆهەلاتی) ــ کوردی، لەگەڵ تەرجەمەی چەند بەشێکی پەیمانی نوێ؛ وێڕای چەند پەندێک، بە ئەلفوبێی کلدانی (سریانی /رۆهەلاتی). قەوارەکەی: ٢٣ بە ١٦ سم، حەقدە پەڕاوە، هەر پەڕاوێکی ١٩ دێرە. لە ١٨ی ئابی ١٨٨٨ لە (ئەراس) لەلایەن ئێلیا هەمۆ ئەلئەلقوشی نووسراوەتەوە.

دووەمیان: رێزمانی کوردی لەگەڵ تەرجەمەی چەند بەشێکی ئینجیل (هەردووکیان ١٨ پەڕاون)؛ هەروەها چەند نامەیەکی مار پۆڵس، لەگەڵ قامووسێک، نووسراوی: قەشە ئەبلحەد (هەردووکیان ٧ پەڕاون). ئەمە هەمان کتێبی پێشووە، بەڵام چەند پەڕاوێزێکی بۆ زیاد کراوە. ٢٢ بە ٥ سم. هەر لاپەڕەی ١٨ دێرە. (قەشە ئەلشەمماس) ئێلیا هەمۆ ئەلئەلقوشی نووسیویەتییەوە.

شایانی باسە، نووسین بە زمانی کوردی – بە ئەلفوبێی سریانی Syryaque مێژوویەکی لە ١٨٨٨ کۆنتری هەیە؛ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٤٠٠ز).

١٨٨٩

د. عەبدوڵڵا جەودەت، دامەزرێنی یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کە لەلایەن کوردەوە دامەزرابێت لە ساڵی (١٨٨٩) لە ئەستەمبوڵ، بۆ یەکەمین جار ناو لەم نەسلە کوردە ڕووناکبیرە نوێخوازە دەنێ (کوردە گەنجەکان). ناوبراو بۆ خۆیشی یەکێک بوو لەو وەچە گەنجە گۆڕانخوازە و دامەزرێنی ڕێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی) بوو کە پاشان بووە هۆی دروستبوونی (بزاقی گەنجە تورکەکان).

مۆسیقاناسی ئەرمەن، کۆمیتاس، تێزێک لەبارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەنووسێت و (١٣) گۆرانیی کوردی بە نموونە دەهێنێتەوە و نۆتەیان بۆ دادەنێ.

– محەمەدی مەلا کەریم، ڕاڤەکاری شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، دەڵێ: حاجی دەهات بەراوردی کوردی دەکرد لەگەڵ نەتەوەکانی تر کە بە زوبانی خۆیان دەیانخوێند و دەیاننووسی، وە ئەیوت هەر هیچ نەبێ چاوێک لە ئەرمەنییەکان بکەن کە:

بە زوبانی کــەچ و خــەتی خــواری
بە جــەریدە و کــتــێــبی خــەڵواری
چوونە ڕیزی مــوعــەززەمــاتی مــیللەل
وەختە خۆیان حیساب بکەن بە دووەل

لە پێش ئەم دوو بەیتــەوە بەیتــێکی تریش هەیە کــە بەراورد لە نێــوان دوو زمــانــی کــوردی و ئەرمەنیدا دەکا و ئەڵێ:

لە قــەســاحــەت بلاّ مــوعــەڕڕا بێ
چ قیامەت! بە ئەرمەنییش نابێ»

حاجی لێرەدا جێگەی ڕەخنە لێ گرتنە کە بەشێوەیەکی وا باسی زوبان و خەتی ئەرمەنی دەکا کە مانای بە سووکی سەیرکردنیان بگەیەنێ، لە کاتێکدا کە پێویستە لەسەر هەموو ئادەمیزادێکی بەشــەرەف، نەخــوازەلاّ ڕۆشنبــیران و تێکۆشــەران، کــەچاوی ڕێز لێ گرتنەوە ســەیری هەمــوو نەتەوەیەک بکەن، وە قــەدری خوو و ڕەوشت و زانست و مێژووبان بزانن، وە لە کاتێکدا کە هەردوو نەتەوەی کــورد و ئەرمــەن ســاڵانی ســاڵ گــیرۆدەی دەســتی یەک داگــیرکــەر بوون، وە مــێــژوویەکی تێکەڵیــان بووە کــە تا ئێــســتــاش هەر مــاوە. ئەوەتا ئێــســتــا کــەمــایەتیی کــورد باشــتــرین و پێشکەوتووترین ژیان ئەژیی لە ئــەرمــەنســتــانی ســۆڤــیــەتیدا، وە ئــەوەتە هــەردوو نەتەوەی کــورد و ئەرمەن تاڵ و سەختترین ژیانیان هەیە لە ژێردەستی حوکمڕانە فاشیستەکانی تورکیادا.

هــەروەها حــاجی بــەراوردی پێــشکــەوتنی گــەلی ئــەرمــەن دەکــا، بۆ ئــەوەی کــوردیش چــاو لە ئەوان بکەن:

ئیستێکە مــوستــەقیللن، مــەحــسوودی کوللی ئەدیان
بولغــار و ســیــرب و یۆنان، هــەم ئەرمــەن و قــەرەتاغ
هەر پێنجــیــان بە تــەعــداد نابن بــەقــەددی بابان
هــەر ئێکە مــوســتــــەقــیللن، کــوللێکی دەوڵەتێکن
ساحێبی جــەیش و ڕایــەت، ئەرکانی حــەرب و مەیدان

یان:

هەم حەقیانە ئەرمەن غیرەتکەشی یەکترن
وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بەشیران
بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت
دەینێرنە ئوروپا گەورە و بچووکی خۆیان

١٨٩١

سوڵتان عەبدولحەمید هۆزە کوردەکانی ڕێک خست بۆ ئەوەی بیانکا بە تیپ و فەوجی سوار تا لە شەڕەکاندا هاوکاریی سوپای تورکی بکەن. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ناوی لەم تیپ و فەوجانە نا (حەمیدی) ئەمەش وەکو پیرۆزکردنیان بە ناوی خۆی دێت (لەم سەردەمە پێیان دەوترێ جاش). لە ڕووی پراکتیکەوە ٧٦ فەوج یا تیپی لێ پێک هێنان، هەر تیپێک یا فەوجێک بڕێتی بوو لە ٤٠٠ چەکدار کە بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی هۆزەکانەوە بوو، ئەمانیش لەژێر فەرماندایەتیی سوپاسالاری عوسمانیی شەشەمدا بوون کە بارەگاکەی لە ئەرزنجان بوو.

ئەم تیپانە زۆر بەهێز نەبوون چونکە هەندێکیان بە دروستی دانەمەزرابوون، ئا لەژێر ئەم دەمامکە نوێیە نێزیکەی ٢٠ تیپیان بە جلە ڕازاوەکانیانەوە بۆ بەرەکانی شەڕ دژی یۆنانستان ڕاپێچ کردن. لە (١٨٩٧ز) لە چیاکانیانەوە بەرێگەی ترابزۆنەوە بەرێ کران، دوای ئەوەی لە ئەستەنبوڵ مانۆڕێکی سەربازییان پێ کردن لەوێشەوە بۆ سالۆنیکا، دواتر ڕەوانەی بەرەکانی شەڕیان کردن لە بەراییەکانی سوپای تورک لە تیسالی دوای شەڕ، چواریەکیان کە بە زیندووێتی مابوونەوە بە ئەسپەکانیانەوە گەڕانەوە ماڵ، ئەوانی تر هەموویان تێدا چوون.

هەر لە کاتی دامەزراندنی تیپی حەمیدی (١٨٩١)ەوە دەبینین هەستی پیاوەتی لەنێو هەندێک لە سەرکردەی هۆزەکان جووڵەی دەکرد بۆیە سەنگەریان دەگواستەوە لە تیپی حەمیدیەوە بۆ سەنگەری گەل. هەندێ جاریش لە کتوپڕی هۆزێک یاخی دەبوو خۆی جیا دەکردەوە.

زۆربەی جار ئەندامانی پەرلەمان لەو دوو گەلەی کورد و ئەرمەن لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا هاوهەلوێست دەبوون، گەلێک جار گفتوگۆکانیان سنووری ناکۆکییەکانیانی ڕەت دەکرد ئەوانەی لەسەر مولک و کێشەکانی تردا هەیانبوو. بۆیە دەبینین لە هاوینی ساڵی (١٩٠٩) فەرمانبەرە نهێنییەکانی لێژنەی تورکیای فەتات بەنێو هەرێمی ڕۆهەڵاتدا دەخولانەوە و تۆوی فیتنە و ئاژاوەیان لەنێو ڕیزەکانی گەلی ئەرمەن و کورددا دەچاند.

١٨٩٤

لە ساڵی ١٨٩٠ پارتی تاشناق (یەکەتی) دامەزرا کە دروشمی ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بەرز کردبووەوە بەڵام دوای ئەوەی گەلی ئەرمەن دڵنیا بوون لەوەی سوڵتانی

عوسمانی ئەو چاکسازییە جێبەجێ ناکات کە بەڵێنی لەسەر دابوو واتە دەوڵەت وەک جارانی پێشوو لە سەرجەم پەیمانەکانی پاشگەز دەبێتەوە بۆیە دەبینین ئەرمەنەکان لە ناوچەی ساسۆن لە ساڵی ١٨٩٤ شۆڕشیان هەڵگیرساند.

سوڵتان عەبدولحەمید هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەی بە هەڵێکی گونجاو زانی بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و نەخشە و پلانەکانی کە بڕێتی بوون لە جینۆسایدی گەلی ئەرمەنی و داخستنی دۆسیەی چاکسازیی ناوەخۆیی بە پاساوی جیاجیا، لە هەردوو مانگی ئاب و ئەیلوولی ١٨٩٤دا بۆ جاری دووەمیش لە ١٨٩٥دا سوڵتانی عوسمانی بەبەرچاوی تەواوی دەوڵەتانەوە کوشتارگەی بۆ ئەرمەنەکان نایەوە زۆر بە درندەیی کەوتە گیان و ماڵ و کڵێسا و گوندەکانیان و بەتەواوەتی جینۆسایدی کردن.

لەم کارەی خۆیدا، سوڵتان عەبدولحەمید بەزۆر داوای لە هەندێ عەشیرەتە کوردەکان کرد کە بەهۆی جیاوازیی دینی کورد لە دینی ئەرمەن بەشداری لە کۆکوژیی گەلی ئەرمەندا بکەن. بەداخەوە هەندێک لە کوردەکانی ژێردەستەی سوڵتان عەبدولحەمید کە بەزۆر داوایان لێ کرابوو، داخوازییە گلاوەکەی سوڵتان عەبدولحەمیدیان بەجێ گەیاند.

د. کەمال مەزهەر لە کتێبی (کوردستان لە ساڵەکانی یەکەمی جیهانیدا) بەشێکی فراوانی بۆ ئەم جینۆسایدە و پێوەندیی بە کوردەوە تەرخان کردووە، دەڵێ: هەزاران ئەرمەن لە گوند و خێمە و حەشارگەکانی کوردان خۆیان شاردبووەوە، دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی ژمارەیەکی زۆری ئەرمەن دۆزرانەوە لە کوردستان کە توانیبوویان دەربازبن.

– بۆ یەکەم جار هەردوو پەیماننامەی سان ستیڤانۆ و بەرلین کێشەی ئەرمەنەکانیان لە کێشەی ناوەخۆ گواستەوە بۆ کێشەیەکی عوسمانیی نێودەوڵەتی.

١٨٩٥

بەپێی (تأريخ الامة الارمنية) ، نووسینی (دوکتۆر أ. استارچیان)، چاپی مووسڵ، ١٩٥١.: ئەرمەنییەکان لەم بارەوە گەلێک لە ئێمە لە پێشتر بوون. ئەوە بوو سەرۆکی پارتیی (تاشناکسیۆن)ی ئەرمەنی کە ناوی (ڕوسدۆم) بوو لە هاوینی ١٨٩٥ – ١٨٩٦دا لە (جنێڤ) چاوی بە(عەبدوڕەحمان بەدرخان) کەوت بۆ ئەوەی هەوڵی هەردوولا یەکخەن، وە هەتاوەکو بەدرخانیش بەیاننامەیەکی بە زوبانی کوردی وە بە پیتی عەرەبی لەم بابەتەوە بۆ نەتەوەی کورد بڵاو کردەوە لە ڕۆژنامەی (ترۆشاک)ی ئەرمەنیدا.

١٨٩٨

دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە (قاهیرە – جنێف – فۆڵکستۆن)، ڕۆڵێکی باشی لە پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئەرمەندا بینی. ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە بە دڵێکی کراوە و پڕ بایەخەوە لەلایەن

ئەرمەنەکان و ستافی رۆژنامەوانان پێشوازییان لێوە کرا. ئینجا پاشان رێکخستنە سیاسییەکانی ئەرمەنییەکان لە تورکیا و دەرەوە رۆڵێکی باشیان لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی رۆژنامەی کوردستان گێرا بە گەیاندنی ئەو رۆژنامەیە بۆ دەستی کوردەکانی هەندەران لە هەر کوێیەک بن. ئەرمەن و کورد لە رێگەی ئەو رۆژنامەیەوە، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن لە نالاندنی ژێر دەسەلاتی تورک هاوبەشن، هەروەها هەردوو لایەن لەژێر زوڵم و نادادپەروەریی تورکدا دەنالێنن و بەیەکەوەش خەبات بۆ رزگاربوون لەم ژێردەستییە دەکەن. رۆژنامەی (کوردستان) لە رەتدانەوەی لێدوانێکی سوڵتان عەبدولحەمید دووەم کە دەڵێ: (کورد دوژمنی ئەرمەنە) لە ژمارەی ٢٧ی ساڵی ١٩٠١دا وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: «عەبدولحەمید دەڵێ کورد دوژمنی ئێوەیە بەڵام ئێمە دەڵێین وا نییە، ئێوە دوژمنی سەرسەختی نەتەوەکانن لەم دەوڵەتە، ئەگەر ئەمە بڕوا بکەن ئەوا هەموو شتێک لەدەست دەدەن، بەڵام ئاخۆ ئێوە دەزانن کە ئەرمەن نابێتە دوژمنتان؟ کەوایە دوژمنی ئێوە خودی سوڵتانە».

لە ژمارەی ١٤ و وتارێکی مەلا ساڵح لە جزیرەوە بڵاو کراوەتەوە، نیگەرانیی خۆی بۆ ئەو دۆخە ستەمکارەی کورد و ئەرمەن دەربڕیوە:

لە سووچێکی ئەم دنیایەدا خەڵک بە کردنەوەی خوێندنگە و ئاوەدانکردنەوە و پڕۆژەی خزمەتگوزاریەوە خەریکن، کەچی لای ئێمە سوڵتانەکان بە کاری لەناوبردن و کاولکاریی کورد و ئەرمەنەکانەوە خەریکن.. هانی هەردوولایان دەدەن تا بەگژ یەکدا بچنەوە. ئێمە دەزانین کە ئەرمەن گەلێکن دەیانەوێ بژین، لەو ژێردەستی و چەوسانەوەیە رزگاریان ببێ. هەروەها ئەوەش دەزانین کە مەبەستیانە هەردوولامان لەسەر ئەم دواکەوتوویییە بێئیرادەوە و بەگژ یەکتردا بچین، بەڵام دەبێ دەسەلاتدارانی تورک ئەو راستییە بزانن ئەمەی ئەوان مەبەستیانە هەرگیز نایەتە دی و نایبینن‌ەوە، ئێمەش لە خەباتماندا لە پێناو پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەردەوام دەبین.

١٩٠٠

کوردناسی ئەرمەن خ. ئابۆڤیان چەندان زانیاریی گرینگ و کەرەستەی تازە دەخەنە مەیدانی کوردناسییەوە.

– عەبدورەحمان بەدرخان، سەرنووسیاری رۆژنامەی (کوردستان) حاشا لە کورەکەی خۆی دەکا چونکە لە بەرامبەر قەتڵوعامی ئەرمەنییەکاندا هاوهەڵوێستی سوڵتانی عوسمانی بووە.

١٩٠٧

دۆستایەتییەکی تری نێوان کورد و ئەرمەن ئەو پێوەندییە بوو کە لە نێوان سەرکردەکانی تاشناق و ئیبراهیم پاشای مەللی سەرۆکی هۆزی ملان و سەرۆک هۆزە بێلایەنەکان بوو وەکو سلێڤان و حەسنان و حەیدەران و جەبران. ئەم جۆرە پێوەندییانە گەیشتنە ئەو ئاستەی کە هەندێک لە سەرکردە کوردەکان بچنە ریز پارتە ئەرمەنەکان وەکو قاسم بەگ لە ١٩٠٧ لە ریز

هەواڵنامەی کۆنگرە

پارتی تاشناق دریژەی بە خەباتی خۆی دەدا. هەروەها شێخ زەینەل یەکێک بوو لە سەرکردەی تیرەکانی دەرسیم کە لە مەزنترین بانگخوازانی هاوکاری و هاوپەیمانیی کورد و ئەرمەن بوو. ئەم بانگخوازەی بووە مایەی ئەوەی دەسەلاتدارانی تورک لە ١٩٠٨ تیرۆری بکەن.

١٩٠٩

لەگەڵ ئەمەشدا بەڵگەی وامان بەدەستەوەیە کە ئەوە دەسەلێتن پیاوەکانی بازنەی ناوەوەی لێژنەی (تورکیای فەتات) کە زۆربەیان لە رەگەزە تێکەڵاوەکان پێک هاتبوون، بە چاوێکی نارەزاییەوە سەیری لەیەک تێگەیشتن و هاوکاریی نێوان گەلی کورد و ئەرمەنیان دەکرد. زۆربەی جار ئەندامانی پەرلەمان لەو دوو گەلەی کورد و ئەرمەن لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا هاوهەڵوێست دەبوون، گەلێک جار گفتوگۆکانیان سنووری ناکۆکییەکانیانی رەت دەکرد ئەوانەی لەسەر مولک و کێشەکانی تردا هەیانبوو. بۆیە دەبینین لە هاوینی ساڵی (١٩٠٩) فەرمانبەرە نهێنییەکانی لێژنەی تورکیای فەتات بەنێو هەرێمی رۆهەڵاتدا دەخولانەوە و توی فیتنە و ئاژاوەیان لەنێو ریزەکانی گەلی ئەرمەن و کورددا دەچاند.

١٩١٣

ئەمیر ساڵح بەدرخان لە ژمارەی ٢ی رۆژنامەی یەکبوون لە ٢٩ سێپتەمبەری ١٩١٣ وتارێکی بەتورکی بە ناونیشانی (دەردی کۆمەڵایەتیی کوردستان، کورد و ئەرمەن) بڵاو کردەوە، لە وتارەکەیدا بەراوردێکی باری کورد و ئەرمەنی کردووە لەم بەراوردەیدا باسی لەو چەوسانەوە و زوڵمە کردووە کە هەریەک لە کورد و ئەرمەن لەسەر دەستی سیاستە رەگەزپەرستییەکەی تورکەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە:

ئەو دوو نەتەوەیەی کورد و ئەرمەن کە زۆریان لێ کراوە لەم ناوچەیە بەیەکەوە بژین، گومان لە نیازپاکیی ئەواندا نییە. ئەوان دەخوازن بە ئارامی و ژیانێکی پڕ لە ئاسوودە بۆ خۆیان و نەوەکانیان دابین بکەن، کوردەکان کە لەسەر لووتکە و بناری چیاکاندا دەژین جگە لە ئەرمەنەکان هیچ کەسی تر لە دەوروبەری خۆیان بە دۆست نابینن، هەروەها ئەرمەنەکانیش هەمان هەستیان هەیە، بۆیە دەبێ کوردەکان گومان لە نیازپاکیی ئەرمەنەکان نەکەن و ئەرمەنەکانیش نابێ گوێ لە پروپاگەندەی ناحەز و دوژمنان بگرن.

– گۆڤاری رۆژی کورد کۆمەڵەی هیڤی (خوێندکارانی کورد) لە ئەستەنبۆڵ لە ١٩١٣ دەریان دەکرد، رۆڵێکی باشی هەبوو لە چارەسەر و توێژینەوەی جەوهەریانەی پرسی کورد و کێشە تایبەتییەکانی پێوەند بە دۆستایەتیی کورد و ئەرمەن و ئاشوورییەکان.

– رۆژنامە ئەرمەنییەکان دەنگۆی دەرچوونی کۆواری رۆژی کوردیان لە رۆژنامەکانی خۆیاندا بڵاو کردەوە، رۆژنامەی ئەودیزۆنی ئەرمەنی لە ژمارەی ٢١٤ کە لە ساڵی ١٩١٣ نووسیبووی (چاوەڕوانی ئاسۆیەکی رووناک لەم کۆوارە دەکرێ کە بیری پێشکەوتوو لەنێو گەلی کورد بڵاو

کاتەوە). هەر لە ژمارەکانی بەراییەوە ئەم کۆوارە وێڕای گرینگیدان بە پرسی کورد و دواڕۆژی بایەخی بە پێوەندییەکانی گەلی کورد و گەلە دراوسێکانیشی دەدا بەتایبەت ئاشووری و ئەرمەنی یەکێک لە وتارەکانی کە لەژێر ناونیشانی (سەردەمی باپیرانمان سەردەمی ئێمەیە و ... سەردەمی تۆشە) تیایدا هانی گەلی کورد بۆ ژیانی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لەگەڵ گەلە دراوسێکان دەدا بە تایبەت کریستەکان کە لە سەردەمی چەرخی دەوڵەتی ئاشوورییەکانەوە تا حوکمی عەرەبی بەیەکەوە ژیاون ئێستاش کە حوکمەتی تورک سیاسەتی (جیایان کەرەوە دەستیان بەسەردا دەگری) لە نێوان کورد و ئەرمەن و ئاشوورییەکان پیادە دەکات، بۆ بەرپەرچدانەوە ئەم سیاسەتە ناڕەوایەی تورکەکان دەبێ هەموو دەرفەتەکان لە تورک بگرین و رێگەیان پێ نەدەین کەلێن بخەنە ریزەکانمان بۆیە دەبێ یەکەم جار یەکڕیزیی نێوان کورد بپارێزین دواتر نێوان کورد و گەلانی دراوسێ.

– رۆژنامەی (جاماناک)ی ئەرمەنی لە ژمارەی ١٦٠٨ی ساڵی ١٩١٣ وتارێکی ئەدیب و سیاسەتوانی کوردی عبدوڵڵا جەودەت کە بەناوی بانگەواز لە کۆواری هەتاوی وەرگێڕابووە سەر زمانی ئەرمەنی لە وتارەکەدا ئاماژە بە ئەرک و فەرمانەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەدات بۆ پێشکەوتن و پێشوەچونی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن لە رۆژنامەکانیدا بڵاو کردەوە.

– ئەفسەرە عەرەبەکانی سوپای عوسمانی لە ساڵی ١٩١٢ نامەیەکیان لە (بۆلایر) کەوتە دەست کە یەکێ لە سەرۆکەکانی پارتیی یەکگرتن و پێشکەوتنی تورک (حزب الاتحاد والترقي) بۆ ئەفسەرێکی گەورەی لە خۆیانی نووسیبوو. لەو نامەدا نووسرابوو: «عەرەبەکان بدەن بەدەم گوللەی دوژمنەوە و، هەوڵ بدەن خۆتانیان لێ ڕزگار بکەن، چونکە کوشتنیان سوودمان پێ دەگەیەنێ. بەڵام کوردەکان بیانهێڵنەوە چونکە پێویستمان دەبن لە وڵاتی ئەرمەندا». ئەم نامەیە وەختی خۆی لە زۆربەی ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا بڵاو کرایەوە (کتێبی «مؤتمر الشهداء»، چاپی بەیروت، ل ٤٥).

١٩١٣

هاوسۆزی جەنەراڵ شەریف پاشا، باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم و نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس، لەگەڵ ئەرمەن و کێشەی ئەرمەنییەکاندا؛ جەنەراڵ شەریف پاشا لە کۆواری مەشرووتیەت بە زمانی فرەنسایی دەنووسێ:

١– زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی لە هاوولاتیە کوردەکان دەکەین و ئاواتەخوازین کە بتوانن لەگەڵ ئەرمەنییەکان دەست لە دەستی یەکتر بنێن بۆ ئەوەی بتوانین، بە کردەوەیەکی هاوبەش و هاوخەباتە، لەدەست ئەو بەڵایەی وڵاتەکەمان رزگارمان بێت کە ناوی جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقییە.

mechroutiette, n,47 , p.40 -43 , paris: 1913.

٢– کورد، هەموو خەڵک دەزانێ، زیرەکییەکی وردیان هەیە، هەروەها بەهرەی ئەوەشیان هەیە کە

بتوانن لەناو میللەتانی تردا بتوێنەوە. ئەگەر تا ئەمڕۆ، بەشێوەیەکی گشتی فەرامۆش کرابن لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە، ئەوا بەرپرسیارێتیی ئەم فەرامۆشکراوییە دەکەوێتە ئەستۆی ئیدارەی تورکەکان. ئیدارەی تورک لە جیاتیی ئەوەی بەشێوەیەکی چاک سوودیان لێ ببینێ و بەکاریان بێنێ، ژیانی هەموویانی خستووەتە هەژاری و نەخۆش و نەخوێندەوارییەوە...

مەشروواتییەت، ژمارە (٤٠)، (٨– ٩، مارس ١٩١٣)

٣– کورد هەردەم بەشێوەیەکی ئاقڵانە ژیاوە لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا. حکوومەتی حەمیدیە و حکوومەتی ئیتیحادییەکان بوو کە کوردیان لەو سالانەی دواییدا گلاندە نێو ئەو چلاوە پیسەی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکانەوە.

ئێمەی کورد، ئەمڕۆ، بەقەد دڵسۆزەکانی ئەرمینیا و زیاتریش، شیوەن بۆ ئەو قەتڵوعامە دەگێڕین. لە تۆڵەی ئەم قەتڵوعامە و دەنگدانەوەی لە جیهاندا، ئەمڕۆ ئەرمەنییەکان دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت و کورد – وەک کۆیلە – بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. کوردیش، بەشێوەیەکی سروشتی، ناتوانێ ئەم گریمانەیە قبووڵ بکات و بکەوێتە بن دەستی زوڵم و ڕیاکاریی حکوومەتێکی بێگانەی ترەوە. ئەم بوو نەژادە پاکە، پێویستە لە چوارچێوەیەکی قانوونیدا پێکەوە هەڵبکەن، لە پێناو پێکەوەژیانێکی ئاشووبدە و ئارام لە دەوڵەتی عوسمانیدا، وەک جارانی پێش قەتڵوعامەکە. چونکە کورد و ئەرمەن، هەرچەندە نەژادیان لێکتر جیاوازە، بەڵام هەمان ڕۆحیات و ئاکاریان هەیە. بەرژەوەندییان لەوەدایە کە هەردوولا، بەشێوەیەکی هاوڕێیانە لەگەڵ یەکتر بژین. هەردوولایان، لە کانگەی دڵەوە حەز لەوە دەکەن کە چەند ڕیفۆرمێک، لەسەر بنچینەیەکی یەکسانی و دادپەروەرانە بێتە ئارا.

ئەم حەزە هاوبەشەش، وا پێ دەچێ پێویست بێ کە لە کەباتێکی هاوبەشدا کۆ بکرێتەوە. لەم بارەیەشەوە، پێویستە هەردوولامان مەنهەجی methodique بین.

mechroutiette, n.40, p.g, mars 1913.

١٩١٤

دوای شەڕێکی قورس لە پادگاکانی وەتیس لە ٣ی مانگی نیسانی ١٩١٤ شۆڕشگێڕە کوردەکان توانیان دەست بگرن بەسەر شاری بدلیس کە کرایە سەنتەری ڕاپەڕین و ئالای کوردستانیان لێ بەرز کردەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەم شارە رزگار دەکرێ خەباتگێڕە کوردە ڕاپەڕیوەکان زۆربەیان شوێنە ستراتیجەکان لە دەوروبەری شار جێ دەهێڵن و بەشداری لە ئاهەنگ و خۆشییەکانی سەرکەوتن دەکەن ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هاوسەنگیی هێزەکە تێک بچێ و لەشکری تورک بتوانێ بە ئاسانی هێرش بکا و ناوچەکە لە دەست کوردەکان دەربهێنێتەوە. کوردە ڕاپەڕیوەکان زۆر بەڕێزەوە لەلایەن ئەرمەنەکان بەڕێ دەکران چونکە لەو ماوەیەدا هیچ گرفت و زوڵمێکیان لێ نەکردبوون.

– رۆژنامەکانی ئەرمەنی کە لە هەندەران دەردەچوون شان بەشانی رۆژنامە کوردییەکان لە ساڵی ١٩١٤ هەلوێستیان دژی تورکەکان وەرگرت لە کاتی ڕاپەڕینەکەی بدلیسدا، دەنگوباس و هەواڵی ڕاپەڕینەکەیان زۆر بەوردی و بەڕپرسیارانە بڵاو دەکردەوە و شیکردنەوە و توێژینەوەی بەپێزیان لەسەر ئەم پرسە و هەنگاوەکان و ئامانج و خەسلەتەکانیشی بڵاو دەکردەوە. ب. ناڤاساردیان پسپۆڕ لە بواری پرسی کورد نووسیبووی (ڕاپەڕینی بدلیس دەبێ بخرێتە خانەی ڕاپەڕینی کورد دژی تورکەکان).

١٩١٥

گەلی ئەرمەن وەک هەموو گەلانی ئەو ناوچەیە سەرەتا دڵیان بە هاتنی پارتی ئیتیحاد و تەرەقی خۆش بوو بەڵام ئەوان لە ریزی گەلانی قوربانیی دەستی اتحاد وتەرەقیدا بوون لە زەرەرمەندترین گەلی ئەو ناوچەیە بوون کە لە ئەنجامی هەڵمەتی جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥ی کە تیایدا زیاتر لە ملیۆن و نیوێک کەسی تێدا چوو.

– لەبارەی کارە کۆکوژییەکەی ئەرمەنەکان کە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی تورک ئەنجامی دابوو، مێژوونووس فائیز غەسێر کە شایەتحاڵێکی ئەم کۆکوژییەی ئەرمەنەکان بوو، دەڵێ: «بەڕپرسە تورکەکان لاشەی ئەرمەنەکانیان بە جلی کوردی دادەپۆشی، بۆ ئەوەی بیانکات بە کوژراوی کورد و بیانخاتە ئەستۆی ئەرمەنەکانەوە».

١٩١٧

لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی کێشەی ئەرمینیا هاتەوە سەر مێز بەتایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی ڕووس توانییان بگەنە باکوری ڕۆهەڵاتی تورکیا و پانتاییەکی زۆری هەرێمەکانی ئەرمینیا و کوردستانیان داگیر کرد، بەڵام ئەوەندەی نەبرد بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیزمی ١٩١٧ەوە ڕووسیا بۆ کپکردنی ئاگری شۆڕش هێزەکانی خۆی لەو ناوچانە کێشایەوە. ئەوە بوو هێزەکانی ئەرمەنی ناچار بوون بچنە ژێرباری تێکچوونی هاوکێشەکە و بەرگری لە و ولاتەکەیان بکەن.

لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩١٧ حکوومەتی کیرنسکی دانی بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی ئەرمەنی نا، دوای ئەوە ئیتر ڕێپێدراوی گەلی سۆڤیەتیش لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ کە دوای وازهێنانی کیرنسکی دامەزرابوو ئەوانیش دانیان پێدانا. ئەوە بوو لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٧ حکوومەتی سۆڤیەتی بڕیارێکی تایبەتی سەبارەت بە ئەرمینیای تورکی دەرکرد کە ئیمزای هەر یەک لە لینین و ستالینی لەسەر بوو ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە: «ئەنجوومەنی ڕێگەپێدراو ڕادەگەیەنێ کە حکوومەتی کرێکار و جووتیاران لە ڕووسیا پشتگیری لە کێشە و مافی ئەرمەنەکانی تورکیا دەکات کە ڕووسیا داگیری کردووە، ئەو بوارەشیان بۆ دەڕەخسێنێ کە حکوومەتی خۆیان دروست بکەن و رزگارییان جێگیر کەن».

١٩١٨

کۆمەڵەی نیشتمانیی ئەرمەن، سەربەخۆییی کۆماری ئەرمینیای لە ٢٨ی ئایاری ١٩١٨ ڕاگەیاند و شاری یەریڤانیشیان کردە پایەتەخت، بۆیە حکوومەتی عوسمانی ناچار دەبێ لە ٤ی حوزەیرانی ١٩١٨ بەپێی پەیماننامەی باتوم دان بە سەربەخۆییی ئەرمینیا بنێ.

١٩١٩

داخوازینامە نێودەوڵەتییەکەی جەنەڕاڵ شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. ئەم هەنگاوە، گرژییەک لە نێوان ئەرمەن و کورد دروست دەکات لەسەر مەسەلەی دیاریکردنی سنووری (ئەرمەنستان) و (کوردستان) چونکە نەوبار پاشای ئەرمەن ئەویش لە هەمان کۆنفرانسدا داخوازینامەیەکی پێشکێش کردبوو و داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ ئەرمەنستان کردبوو کە سنوورە سیاسییەکەی تێکەڵ دەبووە سنووری سیاسیی کوردستان.

– نوورەدین زازا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا Ma vie en Kurde کە بە زمانی فەرەنسایی نووسیویەتی:

دانیشتوانی کوردی مادن ئەرمەنەکانی شارەکەیان پاراست لە قەسابخانەکانی سەرباز و جەندرمە و تاوانبارەکانی مافی گشتی کە لێپرسراوانی تورک بۆ ئەو مەبەستە لە زیندان بەرەڵایان کردبوون. ساڵی ١٩١٩ کوردەکان یارمەتیی ئەرمەنەکانیان دا بۆ پەنابردنە بەر سووریا و لەو ساڵەدا باوکم کچێکی بچکۆلەی هەتیوی ئەرمەنی گرتە خۆ بە ناوی (جاجۆ) کە ناوی خۆی (ماجدە) بوو و دوای ڕۆیشتنی ئەرمەنەکان لە مادن گەڕەکەکەیان بووبووە خەرابەیەک، بەڵام تایەفەی یۆنانی تا ڕێککەوتننامەی لۆزان مانەوە کە تیایدا بڕیار درا دانیشتوانەکان لە نێوان تورکیای کەمالی و هەریەک لە یۆنان و بولگاریا و ڕۆمانیا و یۆگۆسلاڤیادا بگۆڕدرێنەوە و، یۆنانییەکانی مادن ناچار بوون خانووە خۆشەکان و مووڵکەکان و بێستانە جوانەکانیان کە وەک هاوڕێ کوردەکانیان لە دەوروبەری مادن هەیانبوو، بەجێ بهێڵن.

مامەکانم و پووڕەکانم و (جاجۆ)– ئەو کچە بچووکە ئەرمەنییەی باوکم لە قەسابخانەکان ڕزگاری کرد– لە قاتی سێیەم دەخەوتن، خزمەتکارەکانیش لە ژوورێکی دیوەخانەکەدا دەخەوتن.

١٩١٩/٢/٢٥

شاندێکی ئەرمەنی لە پەیماننامەی ئاشتەواییی پاریس بەشدار دەبێ کە لە ٢٥ی شوباتی ١٩١٩ دەبەسترا و یاداشتێک دەدا بە سەرۆکایەتیی کۆنگرە تیایدا داوا لە هاوپەیمانان دەکا کە دان بە حکوومەتی ئەرمینیا بنێن و وەکو دەوڵەتێکی سەرکەوتوو لە شەڕی یەکەمی جیهاندا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانەکان لە پەیماننامەی سیڤەر لە ١٩٢٠ دان بە سەربەخۆیی ئەرمینیا دەنێن (دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە روسیا و تورکیا بۆ ئەرمەنەکان) بەڵام حکوومەتی رووسیا هانی هەندێک لایەنی دا بەناوی لێژنەی رزگاری کە کودەتایەکیان ئەنجام دا دژی ئەو حکوومەتە ساوایە بە سەرۆکایەتیی (سیمۆن فراتیان) لە ١٨ی شوباتی ١٩٢١ ئەو کودەتایەیان بە ئەنجام گەیاند و حکوومەتێکیان لە شوێن حکوومەتی نیشتمانی دامەزراند کە ئەوەندەی نەخایاند دووای ئەوەی حکوومەتی یەکەتیی سۆڤیەت بە تەواوەتی دەکەوێتە سەرپێ و دەست دەگرێ بەسەر هەموو ناوچەکانی ڕووسیای قەیسەری کە لەوانە ناوچەی قەوقاسیشی دەگرتەوە، روو لە یەریڤان دەکا و لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٢١ داگیری دەکا و رای گەیاند کە ئەرمینیا بەشێکە لە یەکەتیی سۆڤیەتی.

ئەوە بوو دامەزراندنی حکوومەتی دوای قەوقاسی راگەیاند کە برێتی بوو لە ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان. لە ١٩٢٦ لە دەستووری نوێی وڵات بە تەواوەتی هەڵوەشایەوە ناونرا بە – یاسای بنەڕەتی دەوڵەتی سۆڤیەتی – کە بەو پێیە دەوڵەتی سۆڤیەتی راگەیەندرا و ئەرمینیاش لە بچووکترین ئەو ١٥ دەوڵەتە بوو کە یەکەتیی سۆڤیەتیان پێک دەهێنا، ناوەکەشی بووە کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتیی سۆشیالیست.

١٩١٩/١٢/٢٠

شەریف پاشا ڕێککەوتننامەیەکی دووقۆڵی لەگەڵ نۆبار پاشای ئەرمەنییەکان مۆر دەکات و بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، دەست لە چەند شارێکی کوردی هەڵدەگرێت بۆ نۆبار پاشای ئەرمەنی..

١٩٢٠

ئەرمەنییەکان، هەم ئەوانەی ناو کۆماری ئەرمەنستان، هەم ئەوانەیش لەناو تورکیا و لە ئەوروپا دەژیان، لە دوای کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانی، پڕ بە دڵ حەزیان دەکرد کوردستان ببێتە دەوڵەت و بە سەربەخۆیی خۆی بگات. (بوڵتەنی ئەرمەنی Bulletin Armenien) کە کۆواڕێکی ئەرمەنییەکان بووە لە پاریس بە فرەنسایی بڵاو کراوەتەوە، لە ساڵی (١٩٢٠) لە ژمارە (١٩–٢٠)دا دەڵێ:

«هاوئاینبوونی کورد و تورک بە هیچ شێوەیەک ڕەوایی ناداتە ئەوەی کە شەریف پاشا ئۆتۆنۆمیی کوردەکان لەژێر سەرپەرشتیی تورکیادا بە باشتر بزانێ، چونکە ئاشکرایە جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی لەم بابەتە لە «تەڵەیەک» زیاتر هیچی تر نابێ. مەسەلەی ئاین پێوەندییەکی یەکجار زۆر کەمی بە سەربەخۆیی نەتەوەیی و ئازادییەوە هەیە. خەباتی گەلی ئەرمەن خەباتێکی ئاینی نییە. بگرە تاقە ئامانجێکی ئەوەیە کە ئێمەی گەلی ئەرمەن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆمان بگەین. لە سۆنگەی هەمان شتدا ئێمە هیوادارین گەلی کورد لە ڕێگەی خەباتی جیابوونەوە و ئازادیخوانەی خۆیدا هەر جەسوور و بەردەوام بێت».

هەوالنامەی ڕێبەر

– نوورەدین زازا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:

سیاسەتەکانی مستەفا کەمال کوردیان نیگەران کرد، هەروەک چاوبڕینی ئەرمەن لە باکووری کوردستان نیگەرانی کردن، سەرەڕای ئەوە هەندێک ناسیونالیستی کورد ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەرمەن لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و یەکێکی کوردیدا و، چەند ڕێککەوتنێکیش لە نێوان نوێنەرەکانیاندا ئیمزا کرا بەمەبەستی ئەوەی داواکانیان پێشکێشی پەیماننامەی (سیڤەر ١٩٢٠) بکەن، کە سەرگەرمی ئامادەکاری بوون بۆ لێکۆڵینەوەی چارەنووسی گەلانی نیشتەجێ لە چوارچێوەی خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا. ئەو کاتە هێشتا بزووتنەوەی میللیی کورد بازووی بەهێز نەبووبوو، لە بەرامبەردا مستەفا کەمال سیاسەتێکی سەربازیی و مایکاڤیلیانەی دووفاقی گرتە بەر و بەخێرایی ئەو قازانجانەی چنییەوە کە دۆخەکە بۆی ڕەخساندبوو و، سوودی لە ئازارەکانی کورد و هیواکانی وەرگرت. ئەو لێککەیشتنی نێوان کورد و ئەرمەنی لە پاریس بەخیانەت دانا و ئامادەیی دەربڕی بۆ دانی ئۆتۆنۆمی بەکورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی تورکی ڕزگارکراو لە داگیرکەری دەرەکی و، بڕوای وابوو ئینگلیزەکان لەم ئەرکەدا یارمەتیی دەدەن.

کورد تا ڕادەیەکی زۆر بڕوایان بە بۆچوونەکانی هێنا، تەنانەت یەکەمین یەکەکانی خۆبەخت لە شارە کوردییەکانی (ئەرزەڕۆم، وان و بەدلیس) پێک هێنرا. ئەمانە ئەو شارانەن کە ئەرمەنەکان چاویان تێ بڕیبوون. مستەفا کەمال کۆمەڵێکی ٦٠ کەسی لە سەرۆکە دیارەکانی کورد لە خۆی کۆ کردبووەوە و بەوانە دژایەتیی ناسیۆنالیستەکانی کوردی دەکرد کە بەدوای چارەسەرێکی نێودەوڵەتیی کێشەی کورددا دەگەڕان و لەمەشدا پشتیان بەپشتیوانیی ئینگلیز قایم بوو،

١٩٢٥

لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت، میکائیلی ڕەشید شیعری نوێ بڵاو دەکاتەوە.

– کابرایەکی ئەرمەنیی ڕەسام، لە کۆتاییی ساڵانی بیستەکاندا لە هەولێر، ڕەسامێکی زۆر گەورە بوو، کوردی ئەودیو، ناوی جهانگیر بووە. دیمەنی سروشتی کوردستان و جوانی کوردەواریی دەکرد، " دانیال قەسابی هونەرمەند، لە هەمان ئەو ساڵانەدا، لەژێر تەئسیری ئەودا هاتە مەیدانی هونەر".

– زۆربەی وێنەگر و نیگارکێشەکانی کوردستان ئەرمەن بوون.

١٩٢٥

بزووتنەوەی دووەم کە بووە شایەد بۆ پێوەندییە خۆشەکانی نێوان کورد و ئەرمەن ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران بوو لە ١٩٢٥ .

شێخ فەرمانی بۆ هەموو لایەک دەرکرد کە بەهیچ شێوەیەک دەستدرێژی نەکرێتە سەر

سەروماڵی ئەرمەن و ئاشوورییەکان چونکە شێخ درکی بەوە دەکرد کە تورکەکان نیازیانە درزێک بخەنە دۆستایەتیی کورد و ئەرمەن و ئاشووری بۆ ئەم مەبەستە ئاگادارییەکی بە هەموو کوردێک دا و فەرمانی دا کە (هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر ئەرمەنەکان ڕووبەڕووی تووندترین سزا دەبێتەوە). ئەم فەرمانەی شێخ سەعیدی پیران دەنگ و سەدایەکی زۆری لە نێوەندی کوردەکان دایەوە. سەرەڕای ئەو پشێوییەی لە کاتی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ناوچەکە بەخۆیەوە بینی ڕۆژنامەکانی تورکی و بیانی هیچ سەرپێچی و دەستدرێژییەکی کوردەکانیان بۆ سەر ئەرمەنەکان تۆمار نەکرد. هەروەکو شێخ سەعید و سەرکردە کوردەکانی تر گومانی ئەوەیان هەبوو کە تورکەکان هەوڵی بڵاوبوونەوەی نائارامی و پشێوی دەدەن بۆ ئەوەی ناکۆکی بکەوێتە نێوان کورد و ئەرمەنەکان.

– لە ساڵی ١٩٢٥ نووسەری شەهید، یەکێک لە منەوەرەکانی ئەو سەردەمە، جەمال عیرفان، کتێبێک بە ناونیشانی کورد لە کەیەکەوە خەریکە؟ لە نووسینێکی ڕۆبێن پاشای ئەرمەنییەوە دەکاتە کوردی و لە بەغدا لە چاپخانەی فورات بڵاوی دەکاتەوە. ئەم کتێبە دەبێتە یەکەم کتێبی تەرجەمەکراوی کوردی لە کوردستانی عێراقدا. لە کوردستانی ئێرانیشدا، لە سابڵاغ (میرزا عەزیز زەندییە، مەشهوور بە ئەڵمانی) لەسەر داخوازیی مسیۆنێرەکان، لە زمانی ئینگلیزییەوە کتێبێکی دینی مەسیح وەردەگێڕێتە سەر کوردی و ناونیشانی (ارشاد المذنبین)ی دەداتێ.

١٩٢٦

هەڵگیرسانی شۆڕشی ئاگری، بە سەرکردایەتیی بەرۆ پاشا هەسکی و ئینجا جەنەرال ئیحسان پاشا، کە لە زستانی ١٩٢٦ لە ناوچەکانی دەوروبەری چیای ئاگری بەرپا بووبوو، بووە خاڵی وەرچەرخانێکی زۆر باش و پۆزەتیڤ لە پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن.

ەی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧

پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران لە کوردستانی تورکیادا، سەرۆک عەشیرەتە شۆڕشگێڕ و بەرپرسی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، زۆربەیان، لەلایەن ڕژێمی ئەتاتورکەوە ئاوارەی عێراق و ئێران و سووریا و لبنان کران. لە کۆتاییدا پێوەندییان بە یەکتر کردەوە و بڕیاریان دا «کۆنگرەیەکی نەتەوەیی» ببەستن و ڕێکخراوی (خۆیبوون) دامەزرێنن.

یەکەم دانیشتنی کۆنگرە، لە ەی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا پێنج ڕۆژی خایاند، لەوێ لەسەر پرەنسیپە بنچینەییەکان ڕێک کەوتن، لە هاوینەهەواری (بیحەمدوون) لە لبنان، تا ٢١ی مانگ دریژەیان بە کۆبوونەوەکان دا. زۆربەی سەرچاوەکان دەڵێن کە ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە، زۆربەیان لە ماڵی سەرۆکی ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی پارتی ئەرمەنی (داشناک) بەناوی (واهان پاپازیان) ئەنجامدراوە. چونکە پارتی ئەرمەنی (داشناک) هاوپەیمان بووە لەگەڵ ڕێکخراوی (خۆیبوون)ی کورد، لە پێناو جودابوونەوەی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەت لە سۆڤیەت واتە لە پێناو

سەربەخۆیی ئەرمەنستان تێ دەکۆشا. ئەم هاوپەیمانییەی کورد و ئەرمەن بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئارارات کە تا (١٩٣٠) بە سەرکردایەتیی جەنەرالٌ ئیحسان نووری پاشا درێژەی کێشا لە مەڵبەندەکانی شاری بەتلیسەوە تا چیاکانی ئارارات لە شاری (وان).

لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی چوار ڕێکخراوی کوردی: میللەت فیر قەسی؛ کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعی کورد.؛ کۆمیتەی ئیستیقلال؛ کۆمەڵەی کورد و کوردستان، بە ئامادەبوونی (واهان پاپازیان)ی سەرۆکی ڕێکخراوی (داشناک – تاشناق)ی ئەرمەن، بەشدار بووبوون.

کورد بڕیاریان دا کە هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی پێشوو هەڵبوەشێننەوە و هەموویان بڕژێنە ناو ئەم کۆمەڵە تازەیەوە؛ یەکگرتوو، لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵەیەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێ بکۆشن. هەر لەو سالانەدا ڕێکخراوی (خۆیبوون) ئالای کوردستان دادەڕێژێت. هەر لەو سەروبەندەشدایە کە ڕێککەوتننامەیەکی گرینگ و مێژوویی لە پێناو پتەوترکردنی دۆستایەتیی ئەرمەن و کورد، هەروەها لە پێناو پێکەوەخەباتی هاوبەش لە نێوان ئەرمەن و کورددا ئیمزا دەکرێت.

١٩٢٧

پارتی تاشناقی شۆڕشگێڕ لە شۆڕشی ئاگری لە سالەکانی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠ بەشداریەکی تەواوی لەگەڵ هاوپەیمانەکەیدا (پارتی خۆیبوون) هەبوو. ئەم هاوکارییە لە بەیاننامەی کۆتاییی کۆنگرەی دووەمی پارتەکەیان جەختی لەسەر کرابووەوە کە تیایدا هاتبوو (کۆنگرە لەگەڵ شۆڕشی کوردی کە دژی تورکیا دەستیان پێ کردووە هاوسۆزە لە رزگاربوونی کوردەکان ، بۆیە پارتی تاشناق بەڵێن دەدا هاوکاری و پشتگیریی ئەو بزووتنەوەیە بکا بەمەرجێ لە پێناو رزگاربوون لەژێر چنگی تورکیا بێت).

نوێنەرەکانی پارتی تاشناق لە هەوڵی وەدەستهێنانی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بوون، ڕۆبین پاشا کە سەرکردەیەکی تاشناق بوو هەوڵی وەدەستهێنانی پشتگیریی ئینگلتەرا و ئێرانی دەدا بۆ کوردەکانی تورکیا، لە هەوڵی پەیداکردنی چەک و تفاقی ئێران دابوو بۆ کوردەکان هەروەها ئەرمەنەکانی ئێران لە پەیداکردنی چەک و یارمەتییەکانی تر دریغییان نەدەکرد، لە ڕێگەی باشووری تەبرێزەوە بە بزووتنەوەی کوردەکانیان دەگەیاندن، چونکە پارتی تاشناق کۆگا و عەمباری زۆریان لە خواروو قەوقاز و چەند ناوچەیەکی ئێران هەبوو تیایدا ئەم تفاق و کەرەستانەیان کۆ دەکردنەوە و ئاودیویان دەکردن، ئەمەش دەکەوتە خانەی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی پەیماننامەکەی نێوان پارتی خۆیبوون و تاشناقەوە.

چەند کەتیبەیەکی سەربازیی ئەرمەن بۆ بەشداری و هاوکاریی شۆڕشی کوردی نێردرانە ئاگری بە سەرۆکایەتیی ئەردەشێر مرادیان وەکو پشتگیریی مادی و مەعنەویی شۆڕش. ئیحسان نووری پێشوازییەکی فەرمیی لە نوێنەری ئەرمەنەکان کرد. شۆڕشگێڕە کوردەکان ناوی ئەم سەرکردە ئەرمەنەیان نا (زیلان).

لەو شەڕانە ١٢ باڵەفڕی شەڕیی تورک دەخرێنە خوارەوە جگە لە سەدان کوشتار و زیانی ماڵیی تر. دەسەڵاتی تورک هیچی نەمابوو بیداتە بەر رووی خۆی بۆ ئەوەی خۆی لە شەرمەزاریی شکستەکان دەرباز کا ناچار پەنای بۆ ئەو هاوکارییەی ئەرمەن و کورد دەبرد کە ئەم یاخیبوونەی کوردەکان بە فیت و هاندانی ئەرمەنەکانە. بۆیە کارەکە بەم ئاستە دەگا ئەمەی لە مەحافلی دەولی و دانیشتنەکانی نێودەوڵەتی باسی لێوە دەکرد، بوونی شاند و نوێنەری ئەرمەنەکان لە ناو تەشکیلاتە کوردییەکان بەڵگە بوون بەدەست تورکەکانەوە کە ئەرمەنەکان هانی کوردەکان دەدەن بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕینیان دژی تورک.

ئەو هەڵوێست و هاوپەیمانێتییەی ئەرمەن و کورد کاری کردبووە سەر پێوەندییەکانی کورد و ڕووسیا، بەهۆی ئەوەی ئەرمەنەکان زۆر بەتوندی دژایەتیی ڕووسیایان دەکرد بەهۆی ئەوەی هاوکاریی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیای دەکرد. لەبەر ئەمە ڕووسیاش ڕوی خۆی لە کوردەکان وەرگێڕا و کەوتە پڕوپاگەندە دژی شۆڕشی کوردی بە داردەستی ئیمپریالیزمی دایە قەڵەم و بۆ دژایەتیکردنی شۆڕشی کوردیش هاوکاریی تەواوی تورکیای دەکرد ئەم دژایەتییە هەم لە ڕێگەی تورکیا و هەم لەڕێگەی نووسین و بڵاوکراوەکانی ڕووسیا کاری لەسەر دەکرد.

بە ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتدارانی ڕووسیا پیلانی دەستگیرکردنی (ئەردەشێر مرادیان) نوێنەری ئەرمەنەکانیان لە ئاگری دا کە بە پیلانێک بەرەو خاڵە سنوورییەکانیان کێشا و لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵ و پاسەوانەکانی کە کورد بوون، دەستگیریان کردن و بۆ سیبیریا دووریان خستنەوە.

١٩٢٧

لە یەکەتیی سۆڤیەت و جیۆرجیا و ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت چەند فیلمێکی سینەماییی کوردی یان لەبارەی کورد، لەناو ئەوانەدا فیلمی (زارێ)، دەرهێنانی: بێگ نەزارۆف کە ٧٢ دەقیقە، بێدەنگ، ڕەش و سپی، ی. دەرهێنەر: ئا. دانیەلان، بەرهەمهێنانی: ئەرمێنکینۆ، ئەکتەرەکان هەندێکیان کوردن، هەروەها کۆمەڵێک ئەکتەری ناوداری ئەرمەنستانی سۆڤیەتی وەکو: مانفێلان، گۆڵازیان، مەنووچەریان، مێژووی بەرهەمهێنان: ١٩٢٧، کاتی ڕووداوەکانی ناو فیلمەکە: ٥/ئاب/١٩١٥، شوێنی ڕووداوەکان: نێوان چیای ئەلەگەز و چیای ئاگری (سەر سنووری ئەرمەنستانی سۆڤیەت و کوردستانی تورکیا).

فیلمی (زارێ) باس لە ژیانی کۆچەرە کورده یەزیدییەکانی سەر سنووری ئەرمەنستانی سۆڤیەت و کوردستانی تورکیا دەکا لە (١٩١٥) واتە پێش ئۆکتۆبەری (١٩١٧) کە چۆن لەلایەکەوە بەدەست ئاغاکەیانەوە (تەیموور بەگ) بە هاوقۆڵی و هاوکاریی شێخی عەشیرەتەکەیان، لەلایەکی تریشەوە بەدەست سیستەمی گەندەڵ و نامرۆڤانەی قەیسەری ڕووسیاوە دەچەوسێندرێنەوە. ئەمەش لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکێک کە لە نێوان (زارێ) و (تەیموور بەگ)ی ئاغای عەشیرەتەکەیانەوە ڕوو دەدا.

١٩٢٨

دانانی ئەلفوبێی کوردی لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت.

– ئەرمەنییەکانی کوردستان، دەورێکی دیار و پێشڕەوانەیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هونەری فۆتۆ و وێنەگرتن لە کوردستان. نووسەری (مێژووی شاری سلێمانی)، ئەکرەمی مەحمودی سالّحە ڕەشە، لە لاپەڕە (٤٩٧)ی کتێبی ناوبراودا گەواهیی ئەوەمان بۆ دەدات کە زۆربەی هەرە زۆری یەکەمین وێنەگرەکانی سلێمانی و هەڵەبجە کە لەناو شاردا ستۆدیۆی وێنەگرتنیان بۆ یەکەمین جار لە ساڵانی (١٩٣٠)دا لە سلێمانی و لە هەڵەبجەدا کردووەتەوە، ئەرمەنی و جوولەکەکان بوون. بۆ نموونە (فانووس) و (ئەجێ)، هەردووکیان ئەرمەنی بوون، شەریک بوون، بۆ ماوەی یەک دوو ساڵ مانەوە. شوێنەکەیان (بەردەرکی سەرا) بوو، لە پێش شەڕی (٦)ی ئەیلوول.

١٩٢٩

لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت، کارلینێ چاچان «شیعری نوێ» بڵاو دەکاتەوە.

١٩٣٠/١/١

– ئەلفابێی لاتینی لە ئەرمەنستانی یەکەتیی سۆڤیەت، کە لەلایەن عەرەبی شەمۆ و مارە گۆڵێفەوە دروست کرابوو، بەشێوەیەکی ڕەسمی کەوتە کار. پاشان لە ١٩٤٦ گۆڕا و بووە ئەلفابێی سلاڤی.

– ڕۆژنامەی ریا تازە (یەریڤان ١٩٣٠– ١٩٣٨، ١٩٥٥ – ١٩٩٣)

– یەکەمین وێنەگرەکانی سلێمانی کە لەناو شار ستۆدیۆی وێنەگرتنیان لە ساڵانی (١٩٣٠)دا لە سلێمانی و هەڵەبجەش کردووەتەوە، ئەرمەنی و جوولەکە بوون.

– ڕادیۆی ئەرمینیای بەشی کوردی، بە هاندان و هەوڵی توێژەری کورد جاسمی جەلیل، ڕۆڵێکی باشی ئەرێنیی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دەگێڕا لە گەیاندنی وێنەی تەبایی و بەیەکەوەژیانی گەلانی کۆماری ئەرمینیا.

– ئەرمەنەکان لە ئەمەریکا ڕۆڵێکی باشیان گێڕا بۆ ناساندنی کێشەی کورد و ڕێخۆشکردن لە بەردەم سیاسەتوانانی کورد بۆ نواندنی کار و چالاکییەکانیان لەوێ. ئەمە کاتێک بەدی دەکرا کە واهان قارداشیان یەکێکە لە سەرکردەکانی تاشناق و چالاکوانێکی ئەرمەن بوو لە ئەمەریکا داوەتی چالاکوانی کورد و ئەندامی پارتی خۆیبوون ئەمیر سورەیا بەدرخان دەکا بۆ ئەمەریکا چونکە ناوبراو لەو ناوچانەی ژێر ئینتدابی فرەنساوە دوور خرابووەوە، داوەتی دەکا بۆ ئەمەریکا بۆ ئەوەی لەوێ دۆست و هەوادار و لایەنگر بۆ گەلی کورد و دۆزەکەی پەیدا بکا.

دوای ئەوەی ئەمیر سورەیا لەسەر داوەتی واهان دەگاتە ئەمەریکا هەمان ڕێچکە دەگرێتە بەر کە بۆی دیاری دەکا هەڵدەستێ بە دانانی پەرتووکێک بەناوی (کێشەی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

تورکەکاندا) بە زمانی ئینگلیزی لە فیلادلفیا، بۆ ئەوەی ڕای گشتیی ئەمەریکایی بە کێشەی کورد ئاشنا بکات.

– نووردین زازا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: لە ساڵی ١٩٣٠ بە دەست پێشخەرییەکی (مەمدوح سەلیم) و بەڕێک کەوتن لەگەڵ کۆمەڵێک کوردی مۆڵەتدار لە بواری مافپەروەری (حقوق) و زانستی سیاسیی بەڕەچەڵەک خەڵکی (وان) و هەندێک ڕووناکبیری تورکیاش، ڕێکخراوێکی سیاسییی (خۆیبوون)یان لە سووریا دروست کرد، کە ئامانجەکەی سەربەخۆیی کوردستانی تورکیا بوو، هەمان ساڵ هەندێک لە ئەندامەکانیان، بەڕێک کەوتن لەگەڵ ئەرمەن هەوڵیان دا بێنە تورکیاوە بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری سەربازیی دژی تورکیا و تواناییان (ئیحسان نووری) ئەفسەری پێشووی دەستەی ئەرکانی تورکیا بنێرنە چیاکانی ئارارات.

شای ئێران کە ململانێی سنووریی هەبوو لەگەڵ مستەفا کەمال، ڕێی دا بە ئیحسان نووری کە لە ئێران بپەڕێتەوە و لە بەشی ڕۆئاوای چیاکانی ئارارات جێگیر ببێت.

ئیحسان نووری توانی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکە کوردەکان لە قوربانییانی چەوساندنەوەی کەمالیزم لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لەوێوە زۆری نەبرد بەهەڵمەتەکانی هێزەکانی تورکیای پەرێشان کرد.

١٩٣١

یەکەم چیرۆکی تەرجەمەکراو کە بە کتێب بڵاو کرابێتەوە: سەرهاتیا جاسم. حاجی جندی و ئەمینێ عەڤداڵ لە نووسینێکی لازۆی ئەرمەنییەوە کردوویانەتە کرمانجی، بە پیتی لاتینی: یەریڤان.

– بڵاوبوونەوەی یەکەمین شیعرەکانی ئەمینی عەڤداڵ لە ئەرمەنستانی سۆڤیەت.

١٩٤٦ کتێبی (کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦دا La Republique Kurde) نووسراوی کوردناسی ناودار، ولیەم ئیگلتۆن William EAGLETON، تاکو ئێستا بەباشترین سەرچاوە دێتە ژماردن کە بە زمانێکی ئەوروپایی (بە زمانی ئینگلیزی) لەبارەی (کۆماری کوردستان لە مەهاباد ١٩٤٦) نووسرابێت.

ئەم کتێبە گرینگە، لە ساڵی ١٩٩١دا، واتە نێزیکەی ٣٠ ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی چاپە ئینگلیزییەکە، لەلایەن نووسەرێکی فەرنسایی، بە بنەچە ئەرمەن، بەناوی کاترین تێر– سەرکیسیان Catherine Ter SARKISSIAN تەرجەمەی زمانی فەرنسایی کراوە، لە ڕێگەی دەزگای کۆمپلێکسەوە Edition complexe لە پاریس کەوتووەتە بەر دیدی خوێندەوارانی فەرەنسا و فەرەنسایی زمان.

کەسێتیی تاکی عێراقی

باقر یاسین

بەشی حەوتەم:

دیکتاتۆری لە ناکاری کەسێتیی عێراقیدا

هەوالنامەی کتێب

ئاخۆ کەسێتیی عێراقی بەدەسەڵاتخوازی دەناسرێتەوە؟

٧- کەسی عێراقی حەزی بەخۆدەرخستن و ناوبانگ و بەرجەستەکردنی هێزی خۆیە:

پێویست ناکات ئەم خووە (واتا ئارەزووی خۆدەرخستن و ناوبانگ و دەرخستنی هێزی خود) تایبەت بێت بەمرۆڤی عێراقییەوە، بەڵام دەرکەوتنی بەهێز و زاڵ لە ئاکاریدا، وێڕای دەست پێوەگرتنی بەزۆری نیمچە نەساغ و پراکتیزەکردنی بەشێوەیەکی بەردەوام و ئاشکرا، وای لێ کردین قسەی لەسەر بکەین بەو سیفەتەی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئاکاری تاکی عێراقی.

هۆی دەرکەوتنی ئەم خووە لای کەسی عێراقی، پابەندبوونی زاڵێتی بەحەزی تاکڕەوی و لەخۆ ڕازیبوونە، لەبەرئەوەی بەئەنگێزی نەستی دەکۆشێت بۆ بەدیارخستن و بەرجەستەکردنی تواناکانی و جەختکردنەوە لەسەر هێزی خودی خۆی، تا ئەمەی بۆ بچێتە سەر و بەچەندان شێوە، هەندێک جار لەگەڵ ئەم خووەدا ئەنگێزی تری جیاواز تێکەڵ دەبێ، کە تێکەڵەیەکە لە غیرەکردن و ئیرەیی و خۆپەرستی و بۆڕبۆڕێنی ناڕەوا، ئەمەش کاریگەریی ئەم شێوازە لە ئاکاری ناسراو بەتاکڕەویی زاڵ پتر دەکات.

دووریش نییە ئەم هەوڵە بۆ دەرکەوتن و بەرجەستەکردنی هێزی خود لای مرۆڤی عێراقی، لە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

کاتی پێڕەوکردنی ئاکاری زێدەڕۆیی لە بەخشندەیی تاکدا بەدەر بکەوێ.

ئەم کارەش بەشێوەیەکی ڕوون لە سووربوون دەردەکەوێ، بۆ نموونە سازدانی داوەتی خواردنی بەکۆمەڵ بۆ هاوەڵ و ناسیاو و برادەران، گوێیشی لێ نییە لە فراوانکردنەوەی ئەو داوەتانە، تاکو تەنانەت بێگانەش بگرێتەوە، لەوانەی تازە ناسیونی و هۆیەکەشی لەم حەزەدا خۆی حەشار داوە، کە ئەم داوەتە بەکۆمەڵانەی ژمارەیەکی زۆر لە خۆ دەگرن، نەک یەک کەس، شێوەیەکی پتر لکاوە بەبڵاوبوونەوەی ناوبانگ و ناو دەرکردن و بەرجەستەکردنی ئابڕووی تاک لە نێوان ژمارەیەکی زیاتری خەڵکدا، هەروەها میکانیزمی باو، کە ئەو داوەتانەی لە عێراقدا پێ بەڕێوە دەچێ، کارێکی وا دەکات خاوەن داوەت ببێتە جێگەی بایەخ و گرینگی پێدان و چاوی هەمووانی لەسەر بێ، لەبەرئەوەی دەبێتە کەسی یەکەم و بڕیاردەر و ڕەتکەرەوە لە دەرکردنی ڕێنوێنیی و ئامۆژگاری لە کاتی ئەم چالاکییەوە، بەمەش لووتبەرزییە خۆییە پەنگخواردووەکەی خۆی لە نەست و حەزی دەرکەوتن و جیاکاری و دەسەڵاتخوازی و بەرجەستەکردنی هێز و دەستبەسەرداگرتنی تاکڕەویی تێر کردووە، ئەگەرچی بەم بڕە، یاخۆ بەم ئاستە دیارکراوە بێت.

هەندێک جار ئەم جۆرە بەخشندەییە وا دەنوێنێت وەک ئەوەی ئاکارێکی دەسەڵاتخوازانەی زۆرەملێ و بەدەر لە ئیرادە بێ، گەلێک جار ڕێک دەکەوێ عێراقییەک دەبینین پارەی پێویستی پێ نییە بۆ داوەت، کەچی دەچێت بڕێک پارە قەرز دەکات، تا خەرجیی ئەو داوەتەی پێ دابین بکا، کە خەڵک و میوانی بۆ بانگهێشت کردووە، دوور نییە زۆرجار پێویست، یاخۆ بەزۆر نەبێ، ڕەنگە بەشێکی کەم لە تاکەکانی گەلانی دنیا ئەم شێوە سەیرە بگرنە بەر. واتا قەرز دەکات بۆ ئەوەی خەڵک بەمیوان ڕاگرێت، هەرچی نەریتی بەپێوە وەستانی خانەخوێ و نان نەخواردنێتی لەگەڵ میوانەکاندا (بەو پێیەی داوەتکەرە)، دوور نییە نەریتێکی بۆماوەی چەندان دەیە و نەوە بێت، هەرچەندە لێکدانەوەی باو بۆ ئەم نەریتە ئەوەیە، تاکو ساز و ئامادە بێ بۆ خزمەتی میوانەکانی و بەخشندەیی و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەو ناتەواوییانەی لە کاتی داوەتەکەدا پێویستیان پێیان دەبێت، بەڵام ئەم پاساوە لاواز و نادروستە، بگرە تا ئەوپەڕی سادە و ساکارە.

لێکدانەوەی گونجاوتر بۆ ئەم نەریتە بۆماوەیە، کە لەگەڵ شیکردنەوەی دەروونیدا بێتەوە، ئارەزووی شاراوەیە بۆ دەرخستنی جیاکاری و تاکڕەوی و سەرنجڕاکێشان و ڕاکێشانی گرینگی پێدانی ئەوانی تر، بۆیە ئەم هەڵسوکەوتە شێوەیەکی ساکارە لە ئاکار، کە بەناهۆشیاری جێبەجێ دەکرێ، بۆ دەرخستنی لە پێشەوەی خود و بەرجەستەبوون و تایبەتمەندیی تاک.

دەکرێ بەئاسانی ڕاست و دروستی ئەم شیکردنەوەیە دەربخەین، کاتێک تێبینیی کۆششی تاکی

عێراقی دەکەین بۆ نیشاندانی بەخشندەیی کەسێنی لە بۆنە بێدەنگەکاندا، یاخۆ لە دووانەی خاڵی لە ڕووکەشی ڕاگەیەندراو و بەکۆمەڵ، دەبێتە هەوڵێکی زۆرجار لاواز و خاو و بەتاڵ لە حەماسەت.

دوور نییە هاوشان لەگەڵ ئەم حەزەدا (حەزی لادان بەلای خۆدەرخستن و ناوبانگ)، یاخۆ حەزی نەرێنیی تر تێکەڵی دەبێ، هەندێک جار وا دیار دەدات ڕەنگدانەوەیەتی، یاخۆ ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی، وەکو:

هەردەم لادانی تاکی عێراقی بەلای خستنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی بۆ سەر ئەوانی تر، هەروەها لە سەرجەم کردارەکان و هەڵسوکەوتی خراپ و دزێو، کە لە کۆمەڵگەدا پێی هەڵدەستێت، یان لە کردارەکەیدا تێوەدەگلێ، ئەمەش بەرگرییەکە لە خودی خۆی، لەبەرئەوەی دەرک بەوە دەکات ئەم کردار و هەڵسوکەوتانە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەوە مایەی قبووڵ نین، ئیتر ئەگەر پێ هەستانەکەی بەویستی خۆی بێت، یاخۆ بەمەبەستی زۆرەملێ و گرتنە خۆ بوو.

٨- عێراقی سڵ لە داهاتوو دەکاتەوە:

هیچ پێوەندییەکی دۆستانە، یاخۆ بڕوا، یا هۆگریی بەهەموو ماناکانییەوە و لە گشت ڕەوش و دۆخ و کات و چاخ و سەدەکاندا لەنێوان مرۆڤی عێراقی و داهاتوودا دروست نابێ، دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە عێراقی بەداهاتوو دڵنیا نییە و پشتی پێ نابەستێ، بگرە سڵی لێ دەکاتەوە لەو ڕووداو و ناکاوانەی بۆی هەڵگرتووە، کە زۆرجار لە وڵاتی عێراقدا ڕووداوی دڵتەزێن و خەمهێنەرن، ئەزموونی تاکی عێراقی لە ماوەی هەزاران ساڵدا لە ناخیدا تەواو دڵنیا بووە، کە داهاتوو تەنیا بەڵا و کارەسات و شەڕ و شتی ناکاوی کارەساتبار و هەواڵی خراپ هەڵدەگرێ و دەشارێتەوە، لە داهاتوودا تەنیا چاوەڕوانیی ترس و دەسەلاتخوازیی ئەوانی تر و ئازار و کوشتار و برسییەتی و لافاو و ئاوارەیی و ستەم و دڵڕەقی و دوورکەوتنەوەی خۆشەویستان و خەمی تاڵ دەکات، بەم ئاوایە لە هەموو نەوە یەک لە دوای یەکەکاندا بەشێوەیەکی کارەساتباری پڕ لە خەمی دووبارە بووەوەی خاڵی لە خۆشی و شادمانی و کامەرانی پێوەندیی نێوان مرۆڤی عێراقی و داهاتوو دروست دەبێ.

بەتێپەڕبوونی سەدە و ساڵ و ڕۆژەکان مرۆڤی عێراقی ڕۆشنبیریی ترس و گومان لە داهاتووی بۆ مایەوە، هەروەها ئاگەداری لەوەی بۆی هەڵگیراوە و شاردراوەتەوە لەو چارەنووسە نادیارەی بۆی ماوەتەوە، ئیدی وای لێ هات گومانی چێنراو لە ناخی ئاوەزی عێراقیدا سەبارەت بەداهاتوو پێوەندیی نێوانیانی جیا دەکردەوە.

ترس و بیم لە دواڕۆژ وا لە مرۆڤ دەکات بەردەوام هەستی گومان و دوودڵی بۆی لە نیشانەدا بێ و بیکاتە کەسێکی گومانکەر و لە زۆربەی کێشەکانی ژیان بترسێ، ئەم گومان و ترسە وای لێ دەکەن نەک هەر لە کاروباری پێوەند بەداهاتوو و نەزانراو وابێ، بگرە تەنانەت ئەوی پێوەندیشە بەڕووداوەکانی ئێستا و ڕاستییە زانراو و بەرجەستە و بینراوەکان لە واقیعی ڕۆژانەدا، بۆیە

دەبینین لێکدانەوەی تایبەت و تایبەتمەندی دەبێ بەتۆقان و گومان و مەزەندە و ڕەشبینە لە ئاست زۆربەی ڕووداوەکانی دەوروبەردا، دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی ئەم خەسڵەتە لە ئاکاری تاکی عێراقیدا دەستنیشان بکرێ.

ڕەنگە پێویستمان بەدرێژدادڕی و شیکردنەوە لە لێکدانەوەی ئەم دۆخەدا نەبێت، لەبەرئەوەی مێژووی عێراق بەهەزاران بەڵگە و نیشانەی واقیعی و کردەنیمان لەسەر ئەمە دەداتێ.

زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێین ڕوحی مرۆڤی عێراقی و ویژدان و هەست و ئومێد و ئاواتەکانی و ئارەزووی بۆ ژیانی ئاسوودە و سەقامگیر و حەزی بۆ تەناهی و شادمانی و گەشبینی جار لە دوای جار و بەشێوەیەکی بەردەوام لە کاتی هێدمە و ڕووداوە دڵتەزێنە بەدوای یەکتر هاتووەکاندا درزی تێ کەوتووە و تێک شکاوە، ئەمەش مێژووی عێراقی سەرجەم قۆناخە بەدوای یەکتر هاتووەکاندا بەرهەمیان هێناوە.

بەسەدان نموونە هەن دەکرێ بۆ ئەم بواڕە بەکار بهێنرێن، لە ڕووداوی مێژوویی کۆن، یاخۆ هاوچەرخ بۆ هێمای ترسی مرۆڤی عێراقی لە داهاتوو و تۆقینی بەردەوامی لە ڕووداوە مەزەندە کراوەکان.

سەیرترین ڕووداوی مێژوویی، کە جەخت لەسەر ترسی مرۆڤ لە عێراقدا لە دواڕۆژ دەکاتەوە و نادڵنیایی لەوەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ و دەیشارێتەوە لە ڕووداوەکان، ئەوەیە کە هەندێک لە گێڕانەوەکان باسی دەکەن، کە حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی پاش وەرگرتنی حوکم لە عێراقدا، کۆشکی میرێتی لە کوفە ڕماندووە. لە (مروج الذهب)یش ئەم ڕووداوە دراوەتە پاڵ عەبدولەلیکی کوڕی مەروان، کە سەری موسعەبی کوڕی زوبێری لە کۆشکی میرێتی دانا ڕەشبین بوو، ئەمەش لە دەروونیدا یادەوەری و پاشخانی ڕەشبینانەی[١٥] جێ هێشت، هەر لەم کۆشکەشدا سەری ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی دانرا، بەر لە ناردنی بۆ دیمەشق و دوای ئەوەی هەر یەک لە عوبەیدوڵای کوڕی زیاد و ئەلشمەری کوڕی زی جەوشەن و عومەری کوڕی سەعد لە کوشتن و سەربڕینیدا بەشدار بوون.

دواتر لە هەمان کۆشکدا سەری ئەو سیانەش دانران (عوبەیدوڵای کوڕی زیاد و ئەلشمەری کوڕی زی جەوشەن و عومەری کوڕی سەعد) بەر لە ناردنیان وەکو دیاری بۆ مەکە، بۆ محەمەد بن حەنەفیە، کە برای ئیمام حوسێنە، ئەوە بوو موختاری کوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی بۆ تۆڵەی ئیمام حوسێن کوشتنی و لە سەریانی دا.

پاشان هەر لەو کۆشکەدا دوای ئەوە سەری موختاری کوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی دانرا، پێش ناردنی بۆ مەکە وەکو دیاری بۆ عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر، دوای ئەوەی موسعەبی کوڕی زوبێر، کە لەلایەن عەبدوڵڵای کوڕی زوبێری برایەوە بووە والی بەسەر عێراقەوە، هەستا بەکوشتنی موختاری کوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی و بڕینی سەری و ناردنی سەرەکەی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی زوبێری برای، کە لە مەکە دادەنیشت.

دواتر لە هەمان کۆشکی میرایەتیدا لە کوفە سەری موسعەبی کوڕی زوبێر دانرا، پاش ئەوەی لەشکری عەبدولەلیکی کوڕی مەروان بەسەریدا زاڵ بوو.

بۆیە سروشتی بوو دوای ئەم مێژووە بارگاوییە بەماڵوێرانی و سەربڕین، کە ئەم کۆشکە بەخۆیەوەیانی بینی، حەجاجی کوڕی یوسف و عەبدولەلیک ترس و ڕەشبینی و دوودڵی و گومان لە داهاتوو دایان بگرێ.

لە چاخی نوێشدا خوویەکی خراپ لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بڵاو بووەوە، ئەمەش لە سەردەمی کودەتا سەربازییەکاندا بوو، کە لە عێراقدا ساڵی ١٩٥٨ و دوای ئەوەش دەستی پێ کرد، لە سۆنگەی ترسی عێراقییەکان لە ڕووداوەکانی داهاتوو، لەبەرئەوەی عێراقییەکان لە ئەفسەر و فەرماندەی یەکەکان و فەرمانبەران و بەرپرسانی دەوڵەت، بەهەموو ئاستەکانەوە وا ڕاهاتبوون بروسکەی پشتگیری و پیرۆزبایی لەگەڵ ڕاگەیاندنی کوودەتای نوێدا بنێرن، یاخۆ سیستەمی تازەدا ئەگەرچی دوابکەوێت، یا نەناردنی بروسکەی پشتگیری کە دەکرێ وا لێک بدرێتەوە هەڵوێستێکی نەرێنی، یاخۆ نەیار بەکودەتا تازەکە، یان سیستەمە نوێیەکەیە، کە جار وا هەبوو هەڵوێستەکە باش ناهات، ئەگەریش دڵنیا نەبووایا ئەم کودەتا نوێیە سەردەکەوێ و دەیباتەوە، یاخۆ شکست دەهێنێت و لەناو دەچێ (لەبەرئەوەی ڕێککەوتووە هەوڵی کودەتا دراوە و نوشوستی هێناوە و دوای یەک دوو ڕۆژ سەرکوت کراوە و سەرجەم بەشداربووان لەدار دراون) لەبەر هەندێ زۆرێک لە عێراقییەکان بەتایبەت ئەفسەر و بەرپرسان و فەرمانبەرانی ناسراو لەو ماوەیەدا ناچار بوون دوو بروسکەی جیاواز ئامادە بکەن:

یەکەمیان پیرۆزبایی و پشتگیریی ئەو دۆخە تازەیەی لەخۆ گرتبێ، ئەوی تریش خەم و پەژارە و ڕەتکردنەوەی پیلانە (داگیرکارییە پۆخڵەکە.... هتد)ی گرنبێتە خۆ، لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لەم ئەفسەر و فەرمانبەر و بەرپرسانە لەمسەر و لەوسەری وڵات نازانن چی ڕوو دەدات و ئەنجامەکەی لە داهاتوودا چۆن دەبێ و چارەنووسی کودەتا تازەکە بەکوێ دەگات، بۆیە خۆیان تەیار دەکەن، تا بۆ هەر دوو دۆخەکە ئامادەبن، پشتگیری و ڕەتکردنەوە لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی ئەوەن داخۆ دواڕۆژ بەڕووداوە نارۆشن و وروژێنەر و زۆرجار خوێناوییەکەیەوە چییان بەسەردا دەسەپێنێ.

ئەم شێوەیە لە ئاکاری ڕاڕایی، کە لەو سەردەمە کودەتاییەدا بەسەر سەدان هەزار عێراقیدا سەپێنرا، ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی ترس لە داهاتوو و ئەوی بۆی شاراوەتەوە لە ناگەهانی خوێناوی، هەروەها هەڵوێستێکی بارگاوییە بەدوودڵی و گومان و نیگەرانی و هەڵپەرستی، حەزی خۆڕسکی مرۆڤ لە ژیاندا و بەتەنگەوەهاتنی بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی و تەناهی بۆ خۆی، وای لێ دەکەن ئەم جۆرە ئاکارە پێڕەو بکا، کە ڕەنگە داوونەریتی کۆمەڵایەتیی باو و ناسراو ڕەتی بکەنەوە. هەموو ئەمانەش لە کۆتاییدا گومان و دوودڵی وترس لە هەموو ئاستەکانیدا لە نێوان عێراقییەکان و دواڕۆژدا دەچێنن.

بەڵگە و ئاماژەش بۆ ئەمە، کە جەخت لەسەر ترسی عێراقییەکان لە داهاتوو دەکاتەوە، ئەو دۆخە

هەمەچەشنە ناخۆش و مایەی خەمەیە، کە وا لە پیاوی عێراقیی حوکمدراوی درێژماوەی بەندیخانە دەکات، بەشەرعی ژنەکەی تەڵاق بدات و لێی جیابێتەوە، بەتایبەت کاتی حوکمی قورسی دەرچوو لە دادگە عورفییەکانەوە لە سەردەمی کودەتا سەربازییەکاندا، هەرچەندە جێبەجێکردنی تەڵاق لە ڕەوشی وادا زۆر کات ناڕەزامەندیی ژنەکەی بەخۆوە دەبینی، وەلێ لە گەلێک دۆخدا (کەم نین) هەر بەکردەنی تەڵاقەکە لەژێر سووربوونی شێلگیرانەدا لەلایەن پیاوەکەوە ئەنجام دەدرا، لە کەم کاتیشدا لەلایەن ژنە و کەسوکارییەوە، لەبەرئەوەی کەسیان لە ولاتێکی وەکو عێراقدا بڕوایان بەداهاتوو نەبووە، وەکو چۆن شاعیرەکە دەڵێت (هیچ ساغێک بەم زووانە بەساغی نامێنێتەوە...) هەروەها کەس متمانەی بەوە نییە داخۆ ڕۆژانی داهاتووی پڕ لە پشێوی چیان بۆ حەشار داوە لە هەڵوێست و شتی لە ناکاو، لە ولاتێکدا ئاوەدان زەبروزەنگ و ڕووداوی سەیر و خوێناوی، لەبەر هەندێ عێراقی لە سۆنگەی لەرزینی متمانە لە نێوان خۆی و دوارۆژدا، بەباشی نازانێ خۆی بخاتە ژێر بەزەیی داهاتووی بارگاوی (لە گەلێک کاتدا) بەو کتوپڕانەی مایەی دڵخۆشی نین.

بۆیە ئەم ئاستە بەپێی ئەو پێوەندییەی لە نێوان تاکی عێراقی و داهاتوودا بەدرێژاییی چەندان چاخ و سەدەی یەک لە دوای یەک کاریگەریی قوڵ و ئاماژەی ڕوون و نیشانەی نەرێنیی لە بنیاتی دەروونی و ئاکاری مرۆڤی عێراقیدا جێ هێشتووە، لەبەرئەوەی دوور لە دەسەڵاتی خۆی و بەتێپەڕبوونی کات هەستی خۆشحاڵی و کامەرانی کەم بوونەتەوە و لە قووڵاییی ڕوح و ویژدانیدا هەستی ئاسوودەییی کز بووەوە و پەی دەر پەی جەزی زاڵ لە خۆشی و ژیانی پڕ لە کامەرانی و ئومێدی گەش کوژانەوە و ڕووبەری گەشبینی و دڵخۆشی گۆڕان بەهەستی ئاگایی و گومان و شێلگیری و نادڵنیایی بۆ دوارۆژ... لەگەڵ شوێنەوارێک لە خەمۆکی و خەمی شاراوە.

دەتوانین تێبینیی هەندێک وەڵامی هێمابەخش لەسەر ترسی متبوو لە ناهۆشیاری لای تاکی عێراقی بکەین، لە بەرابەر دوارۆژدا لە کاتی هەندێک زاراوە و ڕستە و ئەو بڕگانەی تاکی عێراقی لە ڕۆژێکدا بەدەیان جار دەیڵێتەوە و دووبارەی دەکاتەوە، بێ ئەوەی لە مانا و مەبەستەکانیان بگات، یان بەلای کەمەوە بێ ئەوەی بزانێ ناوەڕۆکەکەی چ مەبەستێلێکی پڕ لە گومان و دوودڵی و بێ بڕوایی داهاتوو و زەمەن و ڕۆژەکانی لە خۆ گرتووە...

پێویستە لەسەرمان جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆر لە ڕستە و بڕگەدا، کە تاکی عێراقی لە قسە ڕۆژانەییەکانیدا لە پێوەند بەدوارۆژ و زەمەنی داهاتوو بەکاریان دەهێنێ و دەیانڵێتەوە.

جۆری یەکەم: ئەو بڕگە و ڕستە و وشانەی بارگاوین بەمەبەست و مانایەلێکی بڕواهێنان و دووبارەکردنەوەی زۆری لەسەر زمانی تاکی عێراقی، مانای ترس لە داهاتوو نین، سەرجەم مەبەست و ماناکانی ئاماژە بەوە دەکەن و دەچنەوە سەر ناوەڕۆکی ئاینیی بڕوابوونی ئیسلامی لە پاڕانەوە بۆ خودا و داواکردنی لێخۆشبوون و ئاسوودەیی و ڕزگاربوون و... هتد.

وەکو چۆن ئەم بڕگانە بەچڕی بەکار دێن:

(ئینشاڵڵا، بەپشتیوانیی خوا، ئەگەر خوا حەز بکات، لێی گەڕێ بۆ خوا، ئەگەر خوا پشتیوانمان

بێ، بەهیوای خۆشی و گشت شتێک لە دەست خوای تاک و تەنیایە، خوا کەریم و ڕەحیمە، تەمەن لە دەستی خوایە، پشت بەخوا ببەستە و ناوی خوای لێ بێنە، ئیشاڵڵا خوا بەخێری دەگێڕێت، بزانە خوا چی لە ناوچەوانت نووسیوە، ئەوی خوا نووسیبێتی دەبێت، هەموو شتێک لە دەست خوایە).

تا دوایی لە ڕستە و بڕگەی بڕوابوونی هێمای بڕوا بەیەزدان و پشتبەستن بەبەزەیی ئەو لە کاروباری دواڕۆژدا.

جۆری دووەم: ئەو بڕگانەن مۆرکی دنیاییان بەسەردا زاڵە و نیشانەی ڕەشبینی و ترس و ئاگایی و گومان و دوودڵییان لە ڕۆژانی داهاتوو هەڵگرتووە، تەنانەت هەندێکیان ئاماژە بەترس و مەزەندەی خراپ دەکەن، نموونەشمان زۆرن:

– ئەگەر ماین، تا ئەو کاتە هەزار کڵاو بەفلسێک، بابگەینە ئەو کاتە ئاسانە، کێ دەزانێت چی ڕوودەدا؟ بەخوا دەبێ و نابێت، ئەگەر شتێک ڕووی دا ڕوو لە کوێ بکەین؟ خوایە ئەم پێکەنینە بەخێر بگێڕی، خوا لەم خەنینەوەیە بمانپارێزێ و لە شەڕ بەدوورمان بخات، خاتر خوا ئەگەر شتێک ڕوو بدات دنیا کاول دەبێ، ئەگەر دەست پێ بکا چی دەیوەستێنێتەوە؟ بەس لە دەست دەرچێت بزانە چی ڕوو دەدات، هەموو تەمەنمان بەترس بەڕێ کرد، بەخوا ڕۆژانی داهاتوو مایەی ترسن، ئەمە ژیانە؟ ئەمە چی تەواوی دەکات، هەموو شتەکانم دەفرۆشم و بۆی دەردەچم، گرینگ سەلامەتییە، هەموویمان بەداخ و حەسرەتەوە بەڕێ کرد، ئەوی هاتووە لەوی ڕۆیشت باشتر نییە... هتد.

ئەم بڕگانە و سەدانی تریش ڕۆژانە و بەردەوام لەسەر زمانی عێراقییەکانەوە لە گشت سەردەم و ڕۆژەکاندا دەیانبیسین، بێ هیچ گومانێک نیشانەی ترسن لە داهاتوو و هەموویان بارگاوین بەڕەشبینی و چاوەڕوانیی خراپتر.

میللەتێکی گەشبین بەدواڕۆژ و دڵنیا لێی، ناگونجێ بڕگەی پڕ لە ڕەشبینی دووبارە بکاتەوە و بیڵێت، لە چەشنی ئەوانەی هێنامانناوە و ڕستەی بەم قەبارەیە لە ترس و بیم و ڕەشبینی بۆ ڕۆژانی داهاتوو ناهێنێتەوە، پاڵنەری هەموو ئەمانە ئەو ترسە نێژراوەیە لە قووڵاییی ڕوحی تاکی عێراقی لەوی داهاتوو چی بۆ شاردووەتەوە.

نەبوونی سەقامگیریی سیاسی و بەردەوامیی کودەتا سیاسی و سەربازییەکان و دووبارەبوونەوەی پشێویی تەناهی لە کاتی نێزیکەی سەدەیەکەوە ترسی مرۆڤی عێراقیی لە دواڕۆژ قووڵتر کردووەتەوە.

ئەگەر بمانەوێ ڕەنگدانەوەکانی گشت ئەمانە بەسەر دەروون و ئاکاری تاکی عێراقیدا بزانین، ئەوا دەتوانین بڵێین، نەمانی متمانە بەداهاتوو وا لە تاکی عێراقی دەکات زۆر نیگەران بێت، گومانباوی، منجەکەر، جێقڵدانە تەنگ، ڕەشبین، زۆر ئاگەدار، هێند بایەخ بەخۆی، یا بەجلوبەرگی، یان ماڵەکەی، یانیش شتەکانی نادات، ئەگەرچی زۆری ئارەزوو لێیە، حەز بەکاری

بازرگانی و ئابووریی ناجێگیر و قازانجی خێرایە، کار و پڕۆژە پیشەسازییەکان لە هزر و بیریدا دوا دەخات، بەهۆی پێوەندیی بەداهاتوو و زەمەنی داهاتووی ئابڵوقەدراو بەگومان و دوودڵی لە ئاوەزی تاکی عێراقیدا، هەستی دوودڵی پلە بەپلە ڕێ لە عێراقی دەگرێت هاوەڵییەکی جێگیر و بەختەوەر لەگەڵ ئەوانی تردا دابنێ، کە سیفەتی بەردەوامی و جێگیری هەبێ... هتد.

لە کۆتاییدا دەبێ جارێکی تر بڵێین هەموو ئەوانەی باسمان کردن، لە بیر و ڕا و بڕیار، ئەوانە قسەیلێکن هەمبەر کۆی گشتیی باو، نەک سەبارەت دۆخەیلی تایبەت، لەبەرئەوەی دوور نییە گەلێک دۆخ و ڕەوشی کەسێتیی تاکی عێراقیی نەڕێنی، یاخۆ ئەڕێنی ببینینەوە، هیچ بڕیارێک لەو بڕیارانەی پێشوو نایانگرێتەوە.

بەهەرحاڵ دەبێ ئەمە شوێنەوارێک لە ژینگەی دەروونیی تاکی عێراقی جێ هێڵێت و بەدوایدا لەسەر ئاکاری گشتی لە ئاست کاروباری ڕۆژانەدا ڕەنگ بداتەوە.

٩- عێراقی ڕقی لە چارەسەری نیوە بەنیوە، یاخۆ ڕێککەوتن، یا ئاشتییە:

عێراقی بەگشتی و لە هەر ئاستێکدا بێ بەپەرۆش نییە بۆ چارەسەری نیوە بەنیوە و ڕێکەوتن و ئاشتی، ئەو وای دەبینێ ئەم چارەسەرانە یەکێک لە خەسڵەتەکانی لاوازی و سستی و سەرشۆڕی و ڕیسواییە، هەروەها دەبینێ نیشانەیە بۆ لاوازی لە توانا لە سەپاندنی ئیرادەی بەهێز، یاخۆ سەپاندنی چارەسەری یەکجارەکی و بنبڕ، ئەمەش ئەو چارەسەرەیە زۆرجار لە چارەسەرێکی تر پێی باشترە، ئەو نە سەبری هەیە و نەیش بەرگەگرتن بۆ چاوەڕوانیی ئەنجامەکانی چارەسەرە ناسەرەکییەکان، یا نیوە بەنیوە، یان ڕێککەوتن، کە پێویستی بەسەبر و لەسەرخۆیی و هەوڵی بەردەوام و بەدوای یەکدا هاتوو و کاتێکی درێژە بۆ پێشخستن و پاراستنی قۆناخ بەقۆناخ.

هەڵوێستی عێراقی لەم بابەتەدا بەسەر هەموو لایەنەکاندا ڕێ دەکات و لەسەر گشت ئاستێکدا پێڕەو دەکرێ، جا لە ناکۆکیی تاکەکەسیدا بێت، یاخۆ کێشەی بەکۆمەڵ و نیشتمانی و گشتی.

فەلسەفە لەم بوارەدا ڕەنگە لەو مانایانەوە دەست پێ بکا، کە ئەو پەندە عێراقییە لە خۆی دەگرێت، کە دەڵێت: (لە بری ئەوەی پێی بڵێی کش، قاچی بشکێنە)، مانای ئەوەیە، لە بری ئەوەی چەندان جار (کش)ی لێ بکەیت و خۆت لە دەرکردنی مریشکێکدا ماندوو بکەیت بێزاری کردووییت، پاشان دوای ئەوە دیسانەوە لێت نێزیک بێتەوە، دەبێت واز لەم چارەسەرە لاوازە بهێنیت و یەکسەر قاچی مامرەکە بشکێنی، ئەمەش چارەی یەکجارەکی و بنجبڕە، لەبەرئەوەی دوای ئەوە هەرگیز توخنت ناکەوێتەوە.

ئەنجامی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە، لەگەڵ بیرنەکردنەوە، یا نەبینین بەنرخێکی گران لەسەری دەکەوێ لە چارەسەری وادا و هەندێک جار بەهۆی ملهوڕییەوە لەسەر حسێبی مەترسییەکان، ئەوا عێراقی زۆرجار خۆی دەخاتە گرفتێکی نوێی واوە گەورەتر و ئاڵۆزتر لە گرفتە بنەڕەتییەکە، کە لە سەرەتاوە دەیویست چارەی بکات.

ئەو گرفتەی ناخۆشی لەسەری ڕووی دا، پاشان ململانێ لەبارەیەوە لە نێوان عێراق و کوێت لە سەرەتای نەوەتەکاندا، لە سەرەتادا سەبارەت بەکێشەیەکی دارایی پێوەست بەهەندێک پارە چڕ دەبێتەوە، کە عێراق لە کوێتی داوا کرد، بەهۆی خراپیی دارایییەوە، کە لە دوادوایی شەڕ لەگەڵ ئێراندا بەدەستییەوە دەینالاند، وێڕای ئەو تۆمەتە عێراقییانە (ڕاگەیاندن)، کە کوێت سوودی لە دەردەسەرییەکانی عێراق و سەرقاڵیی بەشەڕەوە بینیوە، بەناردنی ڕێژەیەکی زۆر لە نەوت، کە لە بناخەدا بەشی عێراقە، یاخۆ لەسەر حسێبی ئەوە... هتد.

وێڕای ئەو چارەسەرییانەی چەندان لایەن و وڵاتی ناوچەیی و ناودەوڵەتی پێشکێشیان کرد، هەندێکیان تا بڵێی قایلکەر و هاندەر بوون بەنیسبەت عێراقەوە و لایەنی کوێتییش ڕەزامەندیی لەسەریان دەربڕی، وەکو گەڕاندنەوەی کێڵگەی ڕومێلەی باکوری پڕ لە نەوتی عێراقی و ڕازیبوونی کوێت لەسەر بەکرێدانی دوورگەی بۆبیان بەعێراق بۆ ماوەی نێزیکەی سەت ساڵ... هتد.

کەچی عێراق گشت ئەمانەی بەچارەسەری نیوەچڵ و خاو دانا و چارەسەری سەربازی بەداگیرکردنی سەرتاپای کوێت بەباشتر زانی... ئەوە بوو ئەنجامی کۆتاییی لەدەستدانی هەموو ئەو دەرفەتانە و وێرانکردنی پتر لە نیوەی سوپای عێراق و زیان بەرکەوتنی مرۆیی و دارایی هەڵکشاوتر لەو بڕە پارەیەی عێراق لەکوێتی داوا کردبوو بەدەیان قات و چوونە ناوەوەی عێراق بۆ گرفتی سزادانی ناودەوڵەتیی ئابووری و سەربازی و تەریک کەوتنەوەی سیاسیی جیهانی، کە بەڕووخانی ڕێژیم و وێرانکردنی عێراق و لەدەستدانی سەربەخۆییی نیشتمانیی بەتەواوی کۆتاییی هات.

لایەنی عێراق دەیتوانی زۆر بەئاسانی خۆی لەو هەموو چەڵەمانە بپارێزێ، ئەگەر پشتی بەڕێگەچارە لەسەر بنەوای ڕێککەوتن ببەستایایە.

ڕووداوێکی ڕاستەقینەی تر هەیە دەکرێ لەم بارەیەوە ئاماژەی پێ بکەین:

ساڵێک لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، حکوومەتی سووریا بنکەیەکی سنووری لەسەر سنوور لە نێوان عێراق و سووریادا لە ناوچەی بیابانیی وشک و برینگ دروست کرد، لە کاتی تەواوکردنی بینایەکەدا لە دەسەڵاتدارانی عێراقەوە لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە بروسکەیەک ڕەوانە کرا و تێیدا داوا لە دەسەڵاتدارانی سووریا کرا ئەم بینایە بڕووخێنن، لەبەرئەوەی لەناو خاکی عێراقدا بنیات نراوە، ئەمەش بەپێی ئەوەی داواکەی عێراق ئاماژەی پێ دەکات، کاتێک دەسەڵاتدارانی سووریا گەڕانەوە سەر پشکنینی نەخشەکانی ئەو دەڤەرەی سنوور، ڕاست و دروستیی قسەکانی عێراقی بۆ دەرکەوتبوو و شوێنی بینایەی بنکە سوورییەکە بەسەدان مەتر سنووری بڕیبوو، وا دیارە بوونی بەرزاییەک، یا تەپۆلکەیەک لەو بیابانە پان و بەرینە هەڵبژاردنی شوێنی ئەم بنکەیەی سەپاندووە، تاکو بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بێ و بینین و چاودێریی بەسەر ناوچەکەدا ئاسان بکاتەوە و وا لە ئەندامانی پاسەوانیی سنوور بکا بینین و چاودێریی ئاسان بکاتەوە، جگە لەمەش پێگەکە وا لە بنکەکە دەکات پارێزراو بێت لە لافاو، کە هەندێک جار لە وەرزی

زستاندا ڕوو دەدات.

دەسەڵاتدارانی سووریا یاداشتنامەیەکی وەڵامدەرەوەیان بۆ لایەنی عێراقی نارد، تێیدا هاتبوو بەوردی بابەتەکەی تاوتوێ کردووە و ڕاست و دروستیی داخوازییەکەیی عێراقی بۆ دەرکەوتووە و داوای لێبووردن دەکات لەو سنووربڕینە ساکارەی لە شوێنی بیناکە ئەنجامی داوە، کە لە چەند سەت مەترێک تێ ناپەڕێت و پێشنیازی ئەوە بۆ عێراقییەکان دەکات، عێراقیش لە خاکی سووریا هێندەی هەمان بڕە زەوی ببات، کە بینایان لەسەر کردووە، تاکو ناچاری ئەوە نەبن بینا تازەکە بڕووخێنن، کە تازە لێی بوونەتەوە و لایەنی سووری ئامادەیە سنوور لە بەرژەوەندیی عێراقدا هەموار بکا، بەهەمان ئەو بڕە مەترانەی بینایەکە هاتووەتە ناو خاکی عێراقەوە و دەکرێت عێراق هەر شوێنێک هەڵدەبژێرێت، کە لەسەر سنووری سووریا هەمواریی تێدا دەکرێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاری بهێنێت...

جێی خۆیەتی ئەوە بیر بخەینەوە، کە فەلسەفەی ڕێژیمی عێراق لەو کاتەدا لە ساڵانی هەشتاکاندا بڕواهێنان بوو بەیەکەتیی عەرەب و بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو بەپێی ئەو ئامانجانەی دەسەڵاتی عێراق دەیانخاتە ڕوو.

سەرەڕای ئەمەش ئەو دەڤەرەی ناخۆشی لەسەری بوو لە شوێنی بنکەی سنووریی پۆلیس بڕێتییە لە بیابانێکی گەلێک پان و بەرین و قاقڕ، درێندە و کاروان و ڕێبوارانی تێدا ون دەبن و هیچ گوندێکی ئاوەدان، یا شتێکی بەرچاوی تێدا نییە، شتێکیشی تێدا شک نابرێ مایەی تەماح بێ.

دوای ناردنی یاداشتنامە سوورییەکە بۆ لایەنی عێراقی هەمبەر ئەم بابەتە، کە ڕێگەچارەی دانوستاندنی ئاشتییانەی لەخۆ دەگرت، وەڵامی یەکلاکەرەوە و بنجبڕی لایەنی عێراقی هاتەوە و پێک هاتبوو لە دوو وشە و سێیەمی نەبوو (بینایەکە بڕووخێنرێت!!).

دوای گەیشتنی وەڵامی عێراق دەسەڵاتدارانی سووریا بینای بنکە نوێیەکەیان ڕووخاند و کەمێک لەولاتر دەستیان کرد بەبنیاتنانی بینایەکی تازەی تر...!

بەم شێوەیە لایەنی عێراقی ئەو پێشنیازە، یاخۆ ڕێگەچارەیە ڕێکەوتنی پێ باش نەبوو، چارەسەری پشت بەستوو بەیەکلاییکردنەوەی بەسروشت ڕووبەڕووبوونەوەی پێ باشتر بوو...

١٠- کەسی عێراقی حەزەکانی ڕوونن و ئامانجەکانیشی بەرچاون و حەز بەپێچوپەنا ناکات:

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەودای نێوان ئاوەزی عێراقی و زمانی کورتە، هەروەها بێ پێچوپەنا، ئەوی لە مێشکیدا بێت بەڕوونی و بەسادەیی گوزارشتی لێ دەکات، لەبەر ئەمە بۆ ئەوانی تر ئاسانە ئەوی لە دڵ و مێشک و پلانەکانیدایە بیخوێننەوە و بزانن حەزەکانی چین و چی بەمێشک و ناخیدا دێت، تاکو ئەوی پێویست بێت بیگرنە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوە و هەرەس پێ هێنانی.

تاکی عێراقی زۆرجار پێچوپەنا، یاخۆ بەڕێوەبردنی تەکتیکی قۆناخەکە نازانێ، لەبەرئەوەی ئەوە پێویستی بەدوو سیفەت هەیە، کە تاکی عێراقی نایانزانێ، ئەوانیش:

– نەرمیی تەواو

– بیندرێژی لە بەدواداچوونی درێژماوەدا

بەڵام ئەگەر تاکی عێراقی لە پێوەندیی لەگەڵ لایەنەکەی تردا (کەسێک بێ، یا کۆمەڵێک) بەهۆیەک لە هۆیەکانەوە حەزکردن لە خراپی، یاخۆ تۆڵەسەندنەوە، یان نیازی وێرانکردن، یاخۆ کودەتای لا دروست بوو، ئەوا ئەستەمە نێزیکترین کەسی بەشی شاراوەی کەسایەتی و ئاکاری شارەزا بێ، یاخۆ ئەوی لە دڵیدایە بزانێت سەبارەت بەنیەتی تۆڵەسەندنەوە، یا وێرانکردن مەگەر دوای تەواوبوونی گشت شتێک، ئەم لایەنە پەنهانە لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا هەموو کات بەشی گرینگ و مەترسیدارە لە ئاکار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانی تردا، هەر ئەمەشە لە دوای هەزاران ڕووداوەوە وەستاوە و دەوەستێت، کە ئەنجامەکەیان وێرانکاری و زمان لێدانی کوژەر و داوناوەی مەرگهێن و پەند پێ دانی تاڵ و زیانی گەورە و وێرانکردنی بەرژەوەندییەکان و هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییە هاوبەشەکانە.

ناوبژیکاری عێراقی بەتوانا نییە لە بەدەستهێنانی مافەکانی بەڕێگەی ئاشتیی ڕێککەوتن ئامێز، یاخۆ گفتوگۆی درێژ و لەسەرخۆ، لە کاتێکدا ئەو بێ سەبرە لە گفتوگۆ و قایلکردن، وا دیارە لە کۆتاییدا مەیلی لە وەرگرتنی مافەکانیەتی لە ڕێگەی ململانێ و سەپاندن و ناچارکردنەوە، ئیدی بەهەر نرخێک بێت، پەندێکی باوی عێراقی هەیە دەڵێ: ماف لە شمشێرەوەیە و داماویش شایەدی دەوێ.

مانای: ماف بەشمشێر، واتا بەهێز دەستێنرێ، کەسی بێ توانا و داماویش بەدوای بەڵگە و شایەددا عەودالّە. خەریکە سەلماندن ببێتە فەلسەفەی باوکە ئاوەزی عێراقی لە ئاکاری گشتییدا پابەندێتی.

زۆرجار دەبینین تاکی عێراقی بایەخ بەشێوەی ئاخاوتن و ڕەقی لە بەرپەرچدانەوە و زمانپاراوی و گوزارشتی پڕ لە بەرەنگاربوونەوە دەدات، پتر لە گرینگیدانی بەناواخن و ئەنجامی کۆتایی بەدەستهاتوو لەو وتووێژ و ناوبژیکارییەدا.

۱۱– کەسی عێراقی لەلایەنی سیاسی و کەسێتییەوە حەزی لە خستنی ئەوانی تر:

ئەم کۆششە لای تاکی عێراقی بەچەندان شێوە بۆ لێدانی ئەوی تر ئەنجام دەدرێ، ئەمەش ئاکارێکە بەخەسڵەتی زۆرەملێ دەناسرێتەوە، کە بەچالاکییەکی خێرای نهێنی، یاخۆ نانهێنی هەڵدەستێت، بەناوی زانستەوە و وا نیشاندان کە شارەزایە، بۆ سووککردنی ئەوی تر، ئیتر ئەگەر ناحەزی بێ، یان نا، هەروەها کارکردن بۆ دەرخستنی ناتەواوییەکانی و گەڕان بەدوای خراپییەکانی و بەرجەستەکردنی هەڵەکانی و لاوازیی تواناکانی، ئەم هەوڵ و کۆششە بەشێوەیەکی تایبەت دژ بەسەرکەوتووان و بەرچاوان و ئەوانی لە چالاکییەکانیاندا سەرکەوتوو بوونە و ئەوانی ناودارن چڕ دەبێتەوە، هەروەها دژ بەو کەسەی پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێ، یاخۆ پۆستی باڵا

دەگـرێتـە دەست، یا سـەرۆکـە لە کـارەکـەیدا، یان لە دەزگـایەکـدا، یانیش کـەسی یەکـەمـە لە سـەرکردایەتی، یا حـزب، یا بزووتنەوەیەکی سیاسی... یا کۆمپـانیایەکی ئابووری، یاخـۆ یەکەی کـارگـێڕی، یـا پیـشـەیی، یا سـەندیکایی، یاخـۆ دەسـتـەی ڕاگـەیاندن، یا وانە وتنەوە، یا لیـژنەی وەرزشی... هتد.

ئەم حـەزی مل شکاندنەی ناومـان بـرد بەزۆرەملێ، یـا ئەوی بەناهـۆشـیـاری و بـەپلەی جـیـاواز جیاواز لە تونـدی ئەنجـام دەدرێن، ئەوانەن کـە دەبنە هۆی زۆرێک لە بەشبەشبـوون و جیابوونەوە و گـرووپگـەرایی و پیـلان و ئاژاوەی ناوەخـۆیی لە سـەرکـردایەتیی حـزب و بزووتنـەوە سـیـاسـیـیـە عێراقیـیـەکاندا، ئەمـەش هـەر ئەو قـەیرانە دژوارەیە، کـە کـەسی یەکەم لە هـەر حزبێکی عێراقی، یا ڕێکخـراو، یا دەزگـا، وەزارەت، دەسـتـە، دامـەزراوەی گشـتی لە عـێراقـدا بەرەوڕووی دەبێـتـەوە و بەدەسـتیـیـەوە دەنالێنێ، کـە بناخە و ڕەگی شـاراوەی هـەمـوو دەسیسـە و ئاژاوە و کەشی گرووپ و پشێوی و دووڕوویـیـەکن، هـەرچی ئامانجی نەگۆڕە لە گشت دۆخەکاندا لاوازکردن و خستنە.

هـەندێک جـار (بەمـانای زانسـتی و کردەنی) هۆ و پاسـاوی بەرچاو و جـیـدیی قـایلکەر نین، تا وا لەم عێراقییە بکا ئەم ئاکارە جیابوونەوەخواز و لە کەسدانە ئەنجام بدات.

ڕەنگە هـەسـتکردن بـەحـەزی نـاشـرینکردنی بەزۆر و دەسـتبـەسـەرداگرتن لە کـەسـێـتیی عێراقی بووبێتـە دیاردەیەکی باو و ناسراو و ڕۆژانە، کـە زۆرێک لە عێراقییەکان لە یەکەوە دەیزانن و دەرک و هـەستی پێ دەکـەن و بەبوونی دەزانن و سـەبارەت بەڕووداوە سـەیرە وروژێنەرەکانی قسـە دەکەن و خـۆیانی لێ دوور دەگرن، نەکو بکەونە داوییـەوە و بەپێی توانا دەکۆشن لە ئازاری سـەت لە سـەت و ناماقوولّی بەدوور بن، بۆیە گەلێک لە عێراقییەکان ئامانج و مەبەستیان لە نێزیکترین کەسیان، هـەر لە هاوەڵ و ناسیاوەوە تا خزمەکانیان دەشارنەوە و باسی ناکەن، نەکو ئەو نزیکانەیان ئامانج و مەبەست و پلانە کەسێتییەکانیان (بازرگانی، یا وەزیفی، یا پیشەیی) لێ تێک بدەن و بشێوێنن و زمـانیان لێ بدەن، ئەگەر ئـاشکرایان کرد، یا لەبارەیەوە قـسـانیـان کـرد، بەر لە تەواوکـردنی، یا ئەنجامدانی بەشێوەیەکی تەواوی وا قابیل بەگۆڕان، یا سڕینەوە نەبێت.

کاک حـەمـید حـەسـوونە کـە خـەڵکی شـاری ناسـریـیـە بۆی گێڕاینەوە، داوای بینینی یەکێک لە وەزیرەکانی کردبوو بۆ کارێکی پێوەست بەهەموارکردنی ڕەوشی فەرمانبەرییەکەی، لە ئەنجامی فەرامۆشییەکی پێشووەوە، وەخت و ماندووبوونێکی زۆری بەفیڕۆ دابوو، تا توانی کاتێکی دیارکراو وەربگرێ بۆ بینینی وەزیر، هـەینێ چووە نووسـینگەکەی وەزیرەوە یەکێک لە ناسـیـاوە نێزیکەکانی خۆی بینی لەوانەی خەڵکی ناسریەن، کە پێوەندییەکی دۆستانە و سروشتی کۆیانی دەکردەوە.

حەمید وای بەباش زانی بەهیچ شێوەیەک داواکارییەکەی نەخاتە ڕوو و قسـەی لەبارەوە نەکات، تەنانەت ئەگەر کارەکەی واشی خواست سـەرلەنوێ داواکارییـەکی نوێ بۆ وەزیر پێشکێش بکا بۆ دیتنی وەزیر لە کاتێکی تردا، کە دوور نییە چەندان مانگ بخایەنێ، تاکو ناچار نەبێ بابەتەکەی لە پێناویدا هاتووە، بداتە بەر گوێی ئەم دۆستەی لای وەزیر دانیشتووە، لەبەرئەوەی قەناعەتی تەواوی

هەیە هاوەڵ و ڕۆڵەی پارێزگـەکـەی ئـیـشـەکـەی تێک دەدات و وا لە وەزیر دەکـات داواکـەی ڕەت بکاتەوە، هۆیەکەی نازانێت داخۆ بۆ، بۆیە بێدەنگیی بەچاکتر زانی.

دوای ئەوەی ماوەیەکی پێ چووبوو دانیشتبوو، وەزیر لێی پرسی:

فەرموو کاک حەمید... هیچ کارێک، خزمەتێکت هەیە بۆتی جێبەجێ بکەین؟.

حەمید وەڵامی دایەوە: خۆشیت، هیچ شتێکم نییە!... تەنیا بۆ ئەوەندە هاتووم سڵاوت لێ بکەم.

پاشان گەڕایەوە پارێزگاکەی خۆی بێ ئەوەی داواکەی بخاتە بەردەم وەزیر، لەم چاوپێکەوتنەی چەندان هەفتە لە چاوەڕوانییدا مایەوە.

کاک حـەمـیـد قـەناعـەتی هـەبوو، کـە سـەرلەبەری داواکـەی ڕەت دەکـرێتـەوە ئەگـەر برادەرە خۆشـەویستەکەی، کە لای وەزیر دانیشتووە پێی بزانێ، یاخۆ وردەکـاریـیـەکـانـی بـخـوێنێتـەوە، لەبـەرئـەوەی بڕوای وایە ئەو هاوەڵەی قـەناعـەت بەوەزیر دێنێت بـێ هۆیەکی زانراو داواکـەی وەلا بنێت.. بۆیە بێـدەنگیی پـێ باشـتـر بوو، بـەڵکو بـتـوانێت کـاتێکی تر، ئەگـەر پاش مـانگێکیش بێت چاوی بەوەزیر بکەوێتەوە، بەو هیوایەی کە وەزیری بینی هیچ عێراقییەک لە نووسینگەکەی نەبێت.

زۆر چـیـرۆکی تری هاوچەشن و کـارەسـاتـبـار هـەن لە نێـوەنـدە عـێـراقـیـیـەکـاندا لـەم بارەیەوە دەگێڕێنەوە، بوونەتە مایەی سەرسوڕمان.

عێراقی ناتوانێ بەوردی بزانێ کام کەس لە هاوەڵ، یا ناسیاوانی (یاخۆ لە بێگانە) هۆی تەگەرە دروستکردن، یا بەئامانج نەگەیشتنیەتی لە ئـاریشـەیەک، یا بابەت، یان ئامانج، یاخۆ کارێکدا، کە هەوڵی بەدیهاتن و بەئەنجام گەیاندنی دەدات. زۆرجار لە کاتی چاودێری و تاوتوێی ڕووداوەکاندا وا دێتـە بەرچاو، حـەزی مل شکاندنی ئەوانی تر لای ئاکی عـێـراقی ئارەزوویەکی زۆرەملێی خـۆنەکـردەیی (لا ارادی) ئاکـاری ئاراسـتـە دەکـات و لە دەرەوەی چوارچێـوەی هۆشـدا هـانی پێڕەوکردنی دەدات، بۆیە هەموو دەم پشت بەبوونی هۆیەلی ڕوون، یا دیار، یا دیارکراو نابەستێ، بگرە بڕێتییە لە تێکەڵەیەک پاڵنەری پەنهان، کە لە یەک کاتدا ئیرەیی و غیرە و خۆپەرستی و حەزی دوژمنکاریی بۆ وێرانکاری و دەسـەڵاتخـوازی تێـدا کـۆ دەبنەوە. کـەچی وێڕای هەمـوو ئـەمـانەش پێویسـتـە لەسـەرمـان ئەوە بڵێین ئەم ئاکارە بەشـێـوەیەکی حـەتمی بەسـەر هـەمـوو عێراقـیـیـەکدا ناسـەپێت، لەبەرئـەوەی بەهەزاران عـێـراقی هـەن خـزمـەتی برادەر و ناسـیـاوەکـانـیـان دەکـەن و بەسینگی فراوان و بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە قوربانییان لە پێناودا دەدەن.

هـەسـتی شـاراوە و ئاشکرا لە هـۆشـیـاریی تاکی عێراقـیـدا، کە خـۆی لێـهـاتووتر و بـەتواناتر و زانـیـارتـرە لە سـەرۆکـەکـەی، یاخـۆ لـە هـەر پـیـاوێکی تر لـەو دەزگـەیەی تێـیـدایە، بەهۆی حـەزی دەسـەڵاتخـوازیی مـتـبـوو لە خـۆیدا، ئەم هـەسـتـە بەتێپەڕبوونی کـات و پەیتـا پەیتـا وای لێ دەکات هەڵسـوکـەوتی جـیـابـوونەوە و شکاندنەوە پـیـادە بکا، ئەو لەلایەکـەوە پێـشـبـڕکـێـیـەتی بۆ بەرجەستەکردنی کەسێتیی خۆی و ململانێ بۆ دەرخستنی توانا کەسێتییەکانی، بۆ نێزیکبوونەوە

لە بەرپرسان لە هەر دەرفەتێکدا بۆی بڕەخسێت، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد، یا بووە شیمانەی هەڵگیرسانی ململانێیەکی گەرمی بێ پاساو لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەشدا، لەلایەکی تردە بەشێوەیەکی بەردەوام بەنهێنی کار دەکات بۆ گومانکردن لە توانای بەرپرس و بەرجەستەکردنی ناتەواوی و نەنگیەکانی و پیادەکردنی ڕقی شاراوە و ستەمی بێدەنگ و ڕاوکردنی هەڵە و نوشوستییەکانی، ئەم جۆرە چالاکییە پلە بەپلە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکەتیی ناوەخۆیی لە دامەزراوەکەدا، ئیتر هەرچییەک بێ (حزبی، یا بارستەی سیاسی، یا وەزارەت، یا پرۆژەی بەرهەمهێنان، یان کۆمپانیا، یا دەستەی وەرزشی، یاخۆ یەکەتییە پیشەییەکان، یا ڕەوەندی نیشتیمانی لە هەندەران... هتد).

ئەگەر ئەم عێراقییە بێدەنگی نەپارێزێ و پەلە بکا لە کۆششی بەرەو بەرزبوونەوە و دەرکەوتن و ململانێ، یا هەواڵی جوولانەوە گرووپگەرایی، یا جیابوونەوەخوازییەکەی بڵاوبووەوە (کە زۆرجار ڕوو دەدات)، ڕێوشوێنی تۆڵەسەندنەوەی ڕێکخراوی کارگێڕی و دیسپلینی "ڕەنگە لەناودانیش" دەکرێت دژی ئەنجام بدرێت لەلایەن بەرپرس، یا سەرۆکایەتیی چاودێر بەسەر کارەکەوە، یا بەڕێوەبەر، یا دەستەی بەرپرسیار، هێندە نابات بەستەم لێکردن و سکاڵا دەنگی بەرز دەبێتەوە، بێ ئەوەی دانی پێدا بنێت، کە خۆی دەستپێشکەر بوو لە گرووپگەرایی و هەڵوەشاندنەوەی یەکەتیی ناوەخۆیی و ڕێکخراوەیی لەو دامەزراوەیەی ئیشی تێدا دەکات.

لەوەی زۆرێک لە عێراقییەکان بزانن لە ماوەی سااڵنی ڕابردوودا زمان لێدانە ئەمنی و ڕاپۆرتە هەڵبەستراوە ملشکێنەرەکان گەلێک هاوواڵتییان گەیاندە لەدارداران و مردن.

بوون و بەربڵاویی ئەم حەزی ملشکاندنە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا تەنیا تایبەت نییە بەو عێراقییانەی ناو عێراقەوە، بگرە هەموو ئەو عێراقییە کۆچکردوو و پەناهەندە و ناڕازی و ڕاکردووانەی سەرجەم وڵاتەکانی دنیا دەگرێتەوە، ئیتر وای لێ هاتووە بووەتە شتێکی زانراو و ئاسایی لای بەرپرسان و فەرمانبەرە فەرمییەکان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ڕەوەندی عێراقییان تێدان، کە پێوەندیی نێوان تاکە عێراقییەکان لە دەرەوەی عێراق، جا فەرمانبەری سەر بەدەوڵەتی عێراق بن، یا ئەندامی نێردە فەرمییە زانستی، یا ڕۆشنبیری، یا سیاسییەکان بن، یا ئەوانی نیشتەجێ بوونە بەهۆیەلی بازرگانی، یاخۆ پیشەسازی، یا هەڵاتوون، یا بەرهەڵستکاری سیاسین، لە زۆربەی کاتەکاندا پێوەندییەکی هەڵوەشاوەیە، پڕە لە گرووپگەرایی و ناکۆکی و جیابوونەوە و ئاژاوەگێڕی و سکاڵا و ڕاپۆرتی هەڵبەستراو.

هەر بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرت و هەواڵە خیانەتکاری و ملشکاندنانەی عێراقییە پەناهەندەکانی سووریا دژ بەعێراقییەکانی تر بەرزیان دەکردەوە، ئەوەندە بەس بوون بۆ لەملدان، یا گرتن و زیندانیکردنی زۆربەی ئەوانەی ئەو ڕاپۆرتە هەڵبەستراوە درۆیانەیان لەسەر نووسرابوون... لە بەخت باشیی عێراقییە بێتاوانەکان ئەو بەرپرس و کارمەندانەی سووریا دەرکیان بەم ڕاستییە کردبوو و سروشتی حەزی ملشکاندنیان لەو ڕاپۆرتە هەڵبەستراوانەدا درک پێ کردبوو و پێیان

هەڵناخەڵەتان.

هەروەها دەبوو سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، کە ئەو کات لە خاکی سووریادا بوون، زۆر بەوردی لەو زمان لێدان و ڕاپۆرتانە بکۆڵنەوە، کە عێراقییەکان دژ بەیەکتر بەرزیان دەکردەوە، هەروەها دڵنیا بن لە دروستی و زانینی ئەو پاڵنەر و پاشخانەی لەودیوییەوە وەستاون، تا ڕێگری بکەن لە ستەم لە بەرابەر ئەو پەنابەرە عێراقییە بێتاوانانەی دەچەوسێنەوە و لە ولاتەکەیان هەڵاتوون بەمەبەستی خۆ قوتارکردن و ئازادبوون، سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆن لەو ماوەیەدا لە سەرەتای حەفتاکان و دوای ئەوە لە ڕاستییەکەوە دەستی پێ دەکرد، کە ڕووداو و ئەزموونە دڵتەزێنەکان جەختیان لەسەر دەکردەوە، کە ڕوحی ملشکاندن و ئیرەیی و ئارەزووی لاوازکردنی ئەوی تر، یا تێکشکاندنی حەزێکی زۆرەملێی وێرانکەرە و دەست بەسەر ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا دەگرێ، هەر ئەمەشە زۆربەی کات هەڵسوکەوتی زۆربەی ئەو عێراقییە پەناهەندانە ئاراستە دەکات، وێڕای بوونیان لە ولاتی غەریبیدا.

ئەوی مایەی کارەساتە لەم بابەتەدا ئەوەیە ئەم حەزی خۆ بەگەورەزانییە بەشێوەیەکی زاڵ لای عێراقییەکان دەردەکەوێ، لە هەر کۆبێیەکدا بن لە ولاتانی دنیادا، بەچاوپۆشین لەو ڕەوشەی دەوری داون، کەچی ئەم شێوە ئاکارە بەم قەبارە و تووندی و نەیارییە لە نێوان پەناهەندەی ڕۆڵەکانی ولاتانی تر، کە لە هەمان شار و ولاتی دووری بیانیدا لەگەڵ عێراقییەکاندا نیشتەجێن و دەژین، بەم ئاوایە دەرناکەوێ. ئەوی مایەی خەم و پەژارەیە تەنانەت ئەو دۆخە زەحمەت و ئەستەم و کارەساتبارەی لە دەرەوە عێراقییەکانی تێدا دەژین، وەکو غەریبی و پێویستی و چەوسانەوە و بەڵا و سەرشۆڕی و مەترسی ناتوانن کەمێکیش لە بوون یا دەرکەوتن، یا ستەمی ئەم حەزی وێرانکارییە پڕ لە ناپاکییە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی سووک بکەن، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەم حەزە هەر لە بناخەوە یەکێک لە سیماکانی ئاکاری دەسەڵاتخوازییە (واتا ئاکاری دیکتاتۆریی تاکەکەسی)، کە چووەتە بینای کەسێتی عێراقییەوە.

ئەگەر بمانەوێ بەدوای ڕەگی بنەڕەتی ئەو هەژان و ناسەقامگیری و جودابوونەوە هەمیشەییە و ئەوی بەدوای خۆیدا دەیهێنێ لە سزادانی دوا بەدوای یەک و نارێکوپێکی لە ڕەوشی ناوەخۆیی حزب و بزووتنەوە سیاسییە عێراقییەکاندا (نهێنی و ئاشکراکان)دا بگەڕێین، سەرەڕای ئەوەی دەزگا و فەرمانگە حکوومییەکان بەدەستییەوە دەنالێنن لە پشێویی کارگێڕی و بەشبەشبوونی نیمچە هەمیشەیی، ئەوا دەبینین ڕەگی سەرەکی هەموو ئەمانە، ئەم شێوەیەیە لە ئاکاری تاکەکەسیی دەسەڵاتخوازی زۆرەملێ لای تاکی عێراقی و کۆششی بەردەوامی بۆ ملشکاندنی ئەوانی تر و خزمەتکردنی حەزی تاکەکەسیی زاڵ لە بنیاتی دەروونی. لەبەرئەوەی ئەستەمە دۆخی ناوەخۆیی سەقامگیر بێ لە هەر دەستە، یا سەرکردایەتی، یا دامەزراوەیەکی سیاسی، یا کارگێڕی، یان حکوومی، کاتێک هەر یەکێک لە ئەندامەکانی وا مەزەندە دەکات لێهاتووتر و بەتواناترە لە سەرجەم ئەوانی سەرپەرشتیی کارەکانی دەکەن.

هەرچی شێوەکەی تره لە ئاکار، ئەو شێوە تەواو ناکۆک بەم ئاکارەی پێشتر وەسفمان کرد و زۆرجار لای تاکی عێراقی ڕێککەوتی دەکەین و سەر بەهەمان دامەزراوەن، کە قسەمان لەسەری کرد، ئەویش ئەو ئاکارەیە کە بەملدان و گوێڕایەڵیی سەرشۆڕانە و کۆشش بۆ پێشکێشکردنی خراپترین و نالەبارترین و نزمترین جۆری ڕاژە بۆ سەرۆکی دەزگاکان (دەزگای سیاسی، یا کارگێڕی، یا حکوومی، یان بازرگانی... هتد) دەناسرێتەوە، ئەم تاکە دەگۆڕێت بۆ پاشکۆیەکی سەرشۆڕ، یا هەواڵدز و سیخوڕی بەسەر هاوەڵەکانیدا دەکات و هەواڵەکانیان دەگوازێتەوە، ئەو سیمایەکی تری خودی ئاکاری پێشووە، واتا گەڕان و کۆشش بۆ ڕاژەی خودی تاک، بەڵام بەشێوازێکی جیاواز، لەبری لاساری و هەوڵدان بۆ شکاندنەوەی ئەوانی تر و ململانێکردنیان و جیاوازبوون لەوان و دەرخستنی شووڕەیی و ناتەواوییەکانیان و دروستکردنی گرووپ و دنەدان و لەمپەر دانان لە کاردا و کاروانی چالاکی، ئەوا ئەو شێوازی ملدان و سەرشۆڕکردن و پێشکێشکردنی هەموو جۆرە خزمەتێکی پێویست دەگرێتە بەر، تەنانەت ئەگەر ئەمە لەسەر حسێبی کەرامەتی، یا خۆبەزلزانینەکەی بێ، هەروەها ئەمە بەسەر ئاکاری تاکی کەسەکانیشدا دەسەپێ، ئینجا بەسەر ئاکاری بەکۆمەڵی سەرتاپای میللەتێکدا دەسەپێ.

ئەم ناکۆکییە زەقە لە نێوان دوو ستوونەدا، دەروونزانی وەڵامی دەداتەوە لە لێکدانەوەی بۆ دیاردە دژ بەیەکەکانی پاڵنەرەکانی ئاکار لای تاک، لەبەرئەوەی دەکرێت لە زۆر کاتدا پاڵنەر و هۆیەکان یەک بن، کەچی ڕەنگدانەوە و شێوەکانی وەڵامدانەوەی دەرچوو بەیەکجا دژ بەیەکن.

ئامانج ڕاژەکردنی خودی تاک و تەرخانکردنی دەسەلاتخوازیی تاکەکەسییە، وەلێ شێوەی وەڵام، یا ئەو کردارەی بەرهەم دەهێنێ و ڕەنگدانەوەکەی لە ڕەگەوە جیاوازە، بگرە ناکۆکە، لە دۆخی یەکەمدا تاک کار دەکات بۆ خستنی ئەوانی تر و دەکەوێتە خۆ بۆ دانانی گرووپی جیابوونەوە، کە دوور نییە ئیشی دەزگاکە و چالاکیی تێکوپێک بدات و گرفتی جیاجیا بنێتەوە، ڕەنگە ئەمە ببێتە ئەگەری تێکشکانی و خۆی بخاتە بەردەم لێپرسینەوە و سزادان، کەچی لە دۆخی دووەمدا و لە پێناوی بەدیهێنانی هەمان ئامانج، دەبێتە پاشکۆ، یا هەواڵدز، یان ئەندامێکی لاواز سواڵی ڕازیبوونی بەرپرسەکانی دەزگەکەی دەکات.. دۆخی ترس و نائومێدی و بێبەری بەدوو شێوەی ناکۆک بەرجەستە دەبن، دوو جۆری ناکۆک لە ئاکاری پراکتیکییان لێوە دەردەچێ، کە پێشتر ئاماژەمان پێ دان. دوور نییە ئەمە بێت بەدرێژاییی مێژوو سیفەتی دژواری ناکۆک و سەیری بەکەسێتیی عێراقی دابێت.

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە حەزی خستن و بەناپاککردن و تۆمەتبارکردن و ناڕەزاییی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ لە عێراقدا شکۆیی خۆی لە بڵاوبوونەوە و پراکتیزەکردن لەسەر ئاستێکی فراوان وەردەگرێ لە کاتی کودەتا سەربازییەکانەوە، کە زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی و سەرتاپای کیانی سیستەمێکی سیاسی دەخات و لە گشت جارەکانیشدا شەپۆلێکی توند لە ناڕەزایی و تۆمەتی شکاندن و دروشمی بەناپاک دەرکردن دژی لایەنگرانی ڕێژیمی ڕووخاو، یا

دۆڕاو لەلایەن هەواداران و لایەنگرانی سیستەمی نوێی براوەوە بڵاو دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا لە بەرابەردا شەپۆلێکی تر (بەرگری یاخۆ پاساوهێنانەوە) پشت بەناپاککردن و شکاندنەوە و تۆمەتبارکردنی ناشرین دەبەستن، کە هەوادارانی ڕێژیمی ڕووخاو دژ بەڕێژیمی نوێ و لایەنگرانی بڵاوی دەکەنەوە، گەلێک جار ئەم شەپۆلی دروشمسازی و تۆمەتی شکاندنەوانە پڕ لە هەڵچوونن و وێڕای بەڵگەی ڕاستەقینە پشت بەتۆمەتی لەخۆوە و پڕوپاگەندە دەبەستن. وێڕای زۆریی کودەتا تونده دووبارەبووەوەکان، کە لەسەر ئاستی دەسەڵات و سیستەمە سیاسییەکانی عێراق ڕوویان دا، بەتایبەت لە ماوەی سەدەی بیستدا، ئەوا حەزی شکاندنەوە و بەناپاک دەرکردن و تۆمەتبارکردنەکان بوونە نەریتی باو و ڕۆژانە، لەسەر ئاستێکی بەربڵاو و وای لێهاتووە میللەتی عێراق لەگەڵ ئەم شەپۆلانەدا وەکو دیفاکتۆیەک ڕاهاتووە، بەڕادەیەک خەریکە دەبێتە بەشێک لە نەریتی سیاسیی ڕۆژانە، تاکو ئێستاش هیچ هەوڵێکی جیدی، یاخۆ میتۆدی (نە فەرمی و نەیش میللی) نەنراوە بۆ خاڵیکردنەوە، یاخۆ ناڕەزایی دەربڕین لە بەرابەریدا، یان وەستاندنی ئەم فۆرمە لە ئاکار، کە لە حەزی ملشکاندنی بەدناودا خۆی دەبینێتەوە.

وەکو سیمایەک لە سیماکانی دەسەڵاتی حەزی دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری لە خووی کەسێتیی عێراقیدا، تەشەنەکردنی دیاردەی زەبەلێدانی عێراقییەکانە یەک لەوی تر لەسەر ئاستێکی فراوان و مەیلی نیمچە خۆڕسک بۆ کەمکردنەوەی یەکێک لە پاشملە و بێ نرخکردنی و خراپ ناوهێنانی کەسایەتی و ناوبانگ و ئاکار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ.

دەگمەنە بۆ نموونە بێگانەیەک، کاتێک پرسیار دەکات، یا لە هەر عێراقییەک پرسیاری عێراقییەکی نادیار بکا وەڵامێکی ئەرێنی بەدەست بهێنێت. هەڵبەت بەرپەرچدانەوە، یاخۆ وەڵام لە زۆر کاتدا یا نەرێنییەکی نەیارانە دەبێ، یاخۆ سەرلێ تێکدان، یان گومان لە خۆ دەگرێت، لە باشترین دۆخدا وەڵامەکە چەندان لایەنی دەبێ لە شیمانە و ئاماژەی پەنهان، کە دەبنە مایەی پرسیار و سەرسامی و مەزەندە، سەبارەت ئەو کەسەی پرسیاری لەبارەوە دەکرێ.

ڕەنگە ئەم دیاردەیە لە نێوان سیاسییە عێراقییەکاندا بڵاو بێتەوە و تەشەنە بکا، یاخۆ ئەوانەی پتر لە هاوولاتییانی تری عێراقی ئاگایان لە دۆخە گشتییەکە هەیە. هەرچی هۆیە شاراوە و ناڕاستەوخۆ و متبووەکانی ناهۆشیارین لای تاکی عێراقی و لەودیو ئەم ئاکارە سەیرە پشتبەستوو بەمل شکاندن و لاوازکردن و دوورخستنەوەی ئەوی تردە وەستاوە، جا هەر کێیەک بێ، هەروەها کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵی، ئەوە خودئەڤینی و حەزی زۆرە بۆ تاکڕەوی و بەرجەستە بوون و هەژموون، لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکە بۆ کێبڕکێ و پێشبڕکێی بێدەنگ، لە پێناو خۆ دەرخستن و ناوبانگ و دەسەڵاتدا.

سەرجەمی ئەمانەش شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزارشتکردن لە حەزی دەسەڵاتخوازیی متبوو لە کەسێتیی عێراقیدا. بەگشتی بەدەگمەن لە عێراقییەکەوە وەسفێکی ئەرێنیی بابەتییانەی بەویژدانانە سەبارەت بەعێراقییەکی تر دەبیستین، لەو دۆخانەی وەڵامەکە تێیدا بەتەواوی ئەرێنییە

(ڕەنگە لەبەر هۆکاری خێزانی، یا حزبی، یان بەرژەوەندی، یاخۆ ئاینی، یا مەزهەبی بێت)، ئەوا زێدەگۆیی لە ستایش و پیاهەڵدان و گەورەکردن و مەترسی خستنەوە و وەسفی خەیاڵیی ئەفسانە ئامێزی ناماقوولّ لە گەورەکردنەوە و سەراسیمەیی و پێ خۆشبوون دەبیستین، کە لە گەلێک کاتدا وەسفەیلی ورد نین و وێنەیەکی دروست، یا قایلکەری بابەتییانە ناداتە دەستەوە پشتی پێ ببەستێ، یا لەسەری بڕۆی.

١٢- عێراقی لە ئاست خافڵکردن و غەدر و بەربەرەکانی زۆر بێ نەخشەیە:

لە سۆنگەی باشی، یاخۆ سادە و ساکاری، یا کەمی فێڵییەوە، یان شێوازی سادە و ڕاستەوخۆی لە بڕواکردن بەوانی تر، کەسی عێراقی لە زۆربەی کاتەکاندا لە بەدیهێنانی قازانج، یا سەرکەوتندا شکست دێنێت، ئەنجامەکەشی زیان پێ گەیشتن و سەرشۆڕی و نوشوستی دەبێ، هۆیەکەشی زیادەڕۆییە لە متمانە و دڵنیایی ئەوانی تر و بڕوا پێکردنیان و دەرک پێ نەکردنی، یا ئاگەدار نەبوونەوە لە کاتی خۆیدا، لەبەر فێڵ و ناڕاست و غەدر و گەمەکردنیان بەدەق و بەندەکان، ئیتر لە بواری بارزرگانی بێ، یا سیاسی، یاخۆ کارگێڕی، کاتێکیش پێ دەزانێ ئەگەرچی درەنگیش بێ، ئەوا تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی و تۆڵە لێکردنەوەی دڕندانە و پەند پێدان لە ئەشکەنجەدان و بەکارهێنانی ئەوپەڕی هێز بەباشترین و خێراترین ڕێگەچارەی دەزانێ، لەم حاڵەتەدا حەزی گەڕانەوەی مافی خۆی جووت دەبێ بەمەیلی تۆڵەسەندنەوەی دوو قات و ئارەزووی بەتین بۆ تۆڵەسەندنەوە (بێ گوێدانە ئەنجامە خراپەکەی کە هەرچییەک بێت) بەتایبەت لە کاتی شکبردنی ئامرزەکانی هێز و زۆرکردن.

عێراقی هێند گوێ بەحیساباتی دواڕۆژ نادات، نەلەسەر ئاستی کەسێتی و نەیش لەسەر ئاستی گشتی.

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ زێدەڕۆیی و بوێری و هەڵەشەیی لە هەمان کاتدا، هەروەها خۆ نەپاراستن لە سەلامەتیی دواڕۆژی تاکەکەسی و خێزانی، نیشتمانیی وڵات.

زۆرجاران عێراقیی دەبینێ وەستانەوەی بۆ بەرەنگاربوونەوە بەئەنجام ناگات، مەگەر بەگەرمکردنی ڕووبەڕووبوونەوەکە بەشێوەی ئاڵوگۆڕکێ، کە لە زۆر کاتدا دەبێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پڕ لە هەڵەشەیی و ناڕێکوپێک، لەبەر ڕووناکیی ڕووداوەکان، ئەوا خێراترین ڕێگە بۆ پەکخستنی ئاوەزی تاکی عێراقی و هاندانی بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی و هەڵسوکەوتی ناماقوولّ و لە دەرەوەی یاسا، بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرەنگاربوونەوە و بەئەنقەست ورووژاندنیەتی.

پەراوێزەکان:

(١٥) مروج الذهب للمسعودي. الجزء ٣, ص١٢٥ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات.

سەرچاوە: شخصية الفرد العراقي. باقر ياسين. دار آراس للطباعة والنشر. اربيل ٢٠١٠.

مێژووی
سااڵنی شا و پێغەمبەرانی سەر زەوی

حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی

بەشی دووەم

بەندی چوارەمی

بەشی یەکەم

هەوڵنامەی کتێب

کە بۆ پاشا فارسەکان تەرخان کراوە، بەم شێوەیە بووەتە شایستەی خستنە پاڵ باسی مێژووەکان و لەگەڵ کتێبەکانی ژێننامەکاندا دەگونجێ.

هۆشەنگی پیشداد:

ئەمەش یەکەمین شای فارسەکانە و (پیشداد) واتە: یەکەم فەرمانڕەوا، چونکە لە پاشاییدا یەکەم فەرمانڕەوایە، کە لە (ئەستەخر) چووەتە سەر تەخت، بۆیە بە ئیستەخریان گوتووە: (بوومێ شاه) واتە خاکی شا. بە قسەی فارسەکان خۆی و (ویکەرت)ی برای پێغەمبەر بوونە. دەرهێنانی ئاسن و هونەرنواندن بۆ بەکارهێنانی چەک و هەندێک ئامرازی پیشەسازی لە داهێنراوەکانی ئەو بووە و فەرمانی بە خەڵکیش داوە بچن و شێران بکوژن.

تەهموورتی زیباوەند:

(زیباوەند) واتە: پڕچەک. شاری بابل و قوندوزمەڕوی بنیات ناوە. لە هەندێک ڕوونووسیشدا (کوردیندات)ی یەک لە حەفت شارەکانی دروست کردووە.[٢٠] منیش وای بۆ دەچم کە ئەو

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

(کوردابادا)ەی دەستانی ئەندەرسوای بەسەرەوەیە ئەو کوردابادە بێ و ناوەکەیان گۆڕیبێ. هەروەها لە ئەسفەهان دوو بنیاتی گەورەی دروست کردووە و یەکێکیانی ناو ناوە میهرین و ئەوی تر سارەوێ، میهرینیان دواتر بووەتە ناوی ڕوستاقێکی ژێر ئەم بنیاتە، پێشتر (کووک)ی پێ گوتراوە.[٢١] ساروویێش دوای هەزاران ساڵ شوورەی شاری (جەی) دەورەی داوە و هێشتاکە هەردووکیان شوێنەواریان ماوە.

هەروەها لە سەردەمیدا بتپەرستی و وێنە دروستکردنی بتان داهاتووە، هۆیەکەش ئەوە بووە خەڵکانێک خۆشەویستانیان لە دەست داوە، لە وێنەی ئەواندا پەیکەریان دروست کردووە بە سەیرکردنیان دڵیان داکەوێ، کە ڕۆژگاریان بەسەردا ڕەت بووە تووشی هەڵەی پەرستنیان بوون، بەوەی لە نێوانی خۆیان و خوادا ئەرکی میانبینی ببینن بۆ لە خوا نێزیک بوونەوە. هەروەها بەڕۆژووبوونیش لە سەردەمی ئەمدا داهاتووە، ڕۆژوواهێنیش یەک لە هەژاران بووە (یوداسف)یان پێ گوتووە، هۆیەکەش ئەوە بووە کە خۆراکی دەست نەکەوتووە، بڕیاریان داوە بە برسێتی ڕابوێرن و بە هەندێک ئاو تینووێتییان بشکێنن، بەم جۆرە لەسەر ئەوە ڕاهاتن و ئینجا وایان چووە مێشکەوە کە ئەمە ئاین و خواپەرستییە، ئەمانەش ناونران کلدانییان و لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامدا خۆیان ناونان سابیئە. لە ڕاستیشدا سابیئەکان تیپێکن لە خرستیانەکان لە نێوانی خرەکان و بیاباناندا نیشتەجێ دەبن دژایەتییان لەگەڵ خرستیاناندا هەیە و بە لێ لادەرانیان دادەنێن و وەک دەڵێن: تەهموورت دەیکوت: هەر حزبە و ئاینی خۆیان لا پەسندە[٢٢] لێیان گەڕێن. ئەم نەریتەش تا ئەمڕۆمان لە خاکی هیندستاندا ماوەتەوە.

جەمشید:

(شید) واتە: ڕووناکی، تاو. بۆیە بە هەتاو دەکوترێ: خورشید = خۆرشید. هەر وەک دەڵێن بۆیە وایان پێ گوتووە چونکە تیشکی دەدایەوە، جەمی کوڕی فەنوونەهکانی کوڕی ئاهەنگەدی کوڕی ئاینکهەدی کوڕی پیشداد)ە. کتێبەیلی سەرگوزەشتەکان بە کارپەسندییەکانی ئاخنراون، ئەوەم پشتگوێ خستووە بۆ ئەوەی چیڕۆکی ئەم بەندە درێژ نەبێتەوە. لەو کارە جوانانەی ئەنجامی داون پردێکە لەسەر دیجلە هەڵبەستراوە، سەردەمێکی دوور و درێژ ماوەتەوە تا ئەسکەندەر تێکی داوە، ئەوجا پاشایان ویستوویانە دووبارە بنیاتی بنێنەوە، بەڵام پێیان نەکراوە و هەر لەسەر شوێنەوارەکەیدا هەڵیانبەستووەتەوە و شوێنەواری ئەو پردە لە خوارەوەی دیجلەدا لە شوێنپەرینەوەی ڕۆئاوای دوو شاری مەدائیندا ماوەتەوە، کەشتیوانان لە داکشانی ئاودا خۆیانی لێ لادەدەن، هەروەها ئەم پاتشایەیە کە شاری تەیسفوونی گەورەترینی شارەکانی مەدائینی نەخشە کێشاوە.

بیووراسب (دە ئاک):

ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە: دە _ ژمارەکەیە و ئاک: واتە بەدکاری، نەخۆشی و هی تر، بەم

جۆرە واتە: ئەو کەسەیە کە دە بەدکاریی (ئاخ، ئازار)ی لە جیهاندا کردووە، کە ئێرە جێی ئەو باسانە نییە. ئەم نازناوەی گەلێک دزێوە، کە عەرەباندوویانە زۆر جوان بووەتەوە و بووەتە (چحاک – زەححاک)،[٢٣] لە کتێبە عەرەبییەکاندا بەم ناوەوە ناسراوە کە (بیووراسف = بیووراسبی کوڕی ئەروەنداسف = ئەروەنداسبی کوڕی ڕێکاوەنی کوڕی مادەسەرەی کوڕی تاجی کوڕی فەروالّی کوڕی سامیکی کوڕی مەشیی کوڕی گیومەرت)ە. تاجیش باپیریەتی کە عەرەب لە نەوەی ئەون، بۆیە پێیان گوتراوە (تاجییان)، بیووراسف لە بابل هاتووەتە خوارێ و لە شێوەی (کولّنگ)[٢٤] یەکدا بنیاتی ناوە و ناوی لێ ناوە (کولەنگ دیس) خەلّکەکەش پێیان گوتووە (دمن حت).

فەرەیدوون:

(فەرەیدوونی کوڕی قوباد)ە، پێنج سەد سالّ پاشایی هەرێمی (هونەیرە)ی کردووە و لە سەری سی سالّەی پاشاییدا (ئیبراهیم خەلیل)ی پێغەمبەر (د. خ) پەیدا بووە، هەر لەو باسانەی کە کراون دەلّێن: لە سەردەمی (مەنووچیهر)دا مووسا پەیدا بووە و ئیسرائیلییانی لە خاکی میسرەوە بردووەتە دەرەوە. لە ڕۆژگاری کەیخوسرەویشدا (سولەیمان) بووەتە پاشای ئیسرائیلییان و لە ڕۆژگاری (لوهراسب)یشدا بەختونەسە (نەبوخودنەسسر) ڕووی کردووەتە خاکی ڕۆئاوا و ئۆرشەلیم (قودس)ی شاری جووەکانی تێک داوە و بە دیلی بۆ خاکی ڕۆهەلّاتی هاوردوون و بەپێی پیشەکانیان بەسەر ولّاتانیاندا دابەشی کردوون. لە ڕۆژگاری (گوشتاسب)یشدا زەردەشت پەیدا بووە. لە سەردەمی دارای کوڕی داراشدا ئەسکەندەر لە خاکی خۆراوادا پەیدا بووە. لە سەردەمی (شاپووری کوڕی ئەشک)دا عیسا پەیدا بووە. هەروەها لە ڕۆژگاری (شاپووری کوڕی ئەردەشیر)دا مانی پەیدا بووە. لە سەردەمی (قوباد)یشدا مەزدەک پەیدا بووە. وەک دەلّێن، فەرەیدوون ولّاتەکەی بەسەر سێ کوڕیدا بەش کردووە، کە: سەلم و تووج و ئیرەجن، عێراقی لەگەلّ ئەو بەشە ولّاتانەی سەر بەوێ بوون، لەگەلّ خاکی ڕۆئاوا و ولّاتی هیندستانی بۆ ئیرەجی بچووکترینی کوڕەکانی، هەروەها تاج و تەختیشی دایێ. خاکی ڕۆمیشی تا ولّاتی فەرەنگ (ئیفرەنج) لەگەلّ ولّاتی ڕۆئاوای بۆ سەلمی گەورەترینی کوڕانی. تیبت و چین و ولّاتی خۆرهەلّاتی بۆ تووجی ناوەندیی کوڕەکانی دانا. تووج و سەلم ئیرەییان بە ئیرەج کرد و هاتن بۆ کوشتنی. فەرەیدوون عەرەق و تریاکی لە تەنی ماران دەرهێناوە و نۆژداریی دامەزراند و دەرمانیشی لە ڕووەکەکانەوە بۆ چاککردنەوەی تەنە گیانلەبەرەکان دۆزییەوە و گوێدرێژی لە ئەسپان پەڕاند بۆ پێکهێنانی ئێستر کە هێزی گوێدرێژ و سووکڕەویی ئەسپ و لە خاکی بابلدا نیشتەجێ بوو و (هەر بە خۆشی چاکتری دەزانێ).

مەنووچەهر

مەنووچەهر لە نەوەکانی ئیرەجی کوڕی فەرەیدوونە، ئەمەیە کە ڕووباری فورات و میهرانی خاوێن کردەوە کە ئەمەی دواییان لە فورات گەورەترە، هەروەها ڕووبارگەلێکی گەورە گەورەی لە فورات و دیجلەوە هەلّکرند. لە شەش سالّی فەرمانڕەواییشیدا مووسا (درووی خوای لێ بێ)

ئیسرائیلییانی له خاکی میسرەوە دەرکرد. چل ساڵان لەو بیابانەدا کاروباری ئیسرائیلییانی بەڕێوە برد کە (تەیھ)ی پێ دەڵێن و تێیدا تەوراتی بۆیان نووسی. ئینجا لە ساڵانی فەرمانڕەواییدا یووشەعی جێنشینی لە بیابانەوە کۆچی کرد تا ئیسرائیلییانی گەیاندە فەڵەستین. مەنووچەهر لە چیاکانەوە جۆرەها ڕێچانەی گوازتە ناو کێڵگەکان و پەرژینی بۆ کردن، کاتێ بەرامەیان بڵاو بووەوە ئەو پەرژینانەی ناو نا بۆستان، کە واتەی واژەکە کانگەی بۆن و بەرامە دەگەیەنێ.

لە کاتی فەرمانڕەواییشیدا ئەفراسیابی تورک دوازدە ساڵ بەسەر شارانی شانشینییەکەیدا گرت، دڵی لە تەختی پاشاییەکەی گوشی و لە دارستانەکانی تەبەرستاندا تەنگی پێ هەڵچنی. ئەفراسیاب مانگێکی لە ساڵانی زاڵبوونیدا بەسەر شانشینیی ئێراندا بە ڕوخاندنی شار و تێکدانی شووڕە و لەژێر گڵدا شاردنەوەی ڕووبارگەل و پڕکردنەوەی جۆگە و کوێرکردنەوەی کانییەکاندا بەسەر برد. لە ساڵی پێنجەمی ساڵانی زاڵبوونیدا خەڵکەکە تووشی نەهاتی بوون و تا دوا ڕۆژانی بەو جۆرە مانەوە. لە ماوەی ڕۆژگاریدا ئاو ڕۆچوون و ئاوەدانی پەکیان کەوت و کشت و کاڵ لێ کەوت، تا خوا سەرکوتی کرد. ئەفراسیاب بنیاتێکی لە دیواری مەرو بنیات نا لە نێوانی قوهوندزەوە تا پێچی دەرگای نیق "(نیک)، (هەر بە خۆشی ڕواڵەت و نهێنییان دەزانێ).

زووی کوڕی تەهماسب:

زوو کە بووە شا فەرمانی دا هەرچی شارو شوورەیەک هەبوو کە ئەفراسیاب تێکیانی دابوو نۆژەن بکرێنەوە و ئەو ڕووبارانەی ناشتبوونیانەوە هەڵبکەندرێنەوە و باج و ئەرکی لەسەر خەڵکی لابرد و ولاّت ئاوەدان بووەوە و لە جاران چاکتری لێ هاتەوە و لە خاکی سەواد (عێراق)دا دوو ڕووباری خاوێن کردەوە کە دوو (زێ)یان پێ دەگوترا و ئاوی دیجلەی پێیان ساز کرد. لە سەردەمیشیدا کەیقوبادی باوکی شایە کەیانییەکان پێگەیی و لە ڕۆژگاری شانشینیی زووداگورشاسف بووە شا.

کەیقوباد:

کەیقوباد کە بووە شا خەڵک دەستیان بە ئاوەدان کردنی زەوی کرد و (دەیەکانە)ی بەروبوومیان دا، بۆ بژێویی سەرباز (جوند) و گرتنەوەی سنوورەکان و دوورخستنەوەی دوژمن لە ولاّت خەرج کرا. هەروەها ئەسفەهان وەک ڕەی لەسەر یەک کووڕە (شار) بنیات نرابوو کەیقوباد شارێکی تری خستە سەر و ناوی نا : ئوستانی ئێرانو تارت کواز (استان ایرانو تارت کواز) ئەمەش ئەو کووڕەیە کە ئەو گوندانەی لێیە لە سەردەمی ڕەشید (هاروونەڕڕەشید)دا درانە دەست کارمەندانی قوم.

کەیکاوس:

لە بەڵخ دادەنیشت، لە هەندێک کتێبی سەرگوزەشتانمدا خوێندووەتەوە کە لە بابلدا نوێژەنیی

کردووه و بنیاتێکی به ئاسمانداچووی لێ بنیات ناوه، من بەو بینایەی دادەنێم که له پشت بەغداوه لەو شوێنەدایه که پێی دەڵێن عەقەرقووف (عەگەرگووف)، کە له سەرزەویدا شتێلی سەیری داهێناوه[٢٥] هەروەها هەندێک گێڕەرەوه باس لەوه دەکەن کە بیناکە (سەرح)ی پێ دەڵێن، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ له، تەلار له زمانی نەبەتیانی عێراق و جەرامیقە (جەرمەکیان)ی[٢٦]شامدا دوو ناوی هەیە: سەرحا و عەدلا (صرحا و عدلا)، کە کرانە عەرەبی پێیان گوترا (صرح و معدل).

کەیخوسرەو:

فارس گوتوویانە پێغەمبەر بووه، له بەلخ دانیشتووه، له باسەخواسیاندا دەڵێن ئەوەی پێ گەیشتووه کە: له نێوانی ئەوپەڕی فارس و سەرەتای ئەسفەهاندا چیایەکی سوور هەیە ناوی (کووشید)ە و تننین (ئەژدیها)یەکی لێیە قڕی بە شینایی و زیندەوەر هێناوه، بە کۆمەڵە پیاوێکەوه له ترۆپکی چیاوه بۆی چوون و خۆیشی له خوارەوه وەستاوه تا کوشتوویەتی و له لاپاڵی چیاکەدا ئەو ئاگرەی کردووەتەوه کە بە ئاگری کووشید ناسراوه.

کەیلوهراسب:

لوهراسب جێنشینی کەیخوسرەو بووه له شانشینییەکەیدا، هەروەها ئامۆزای بووه، چونکە لوهراسب کوڕی کەیئەوجانی کوڕی کەیمەهشی کوڕی کەیئەفشینی کوڕی کەیئەفوه. یەکەم کەس بووه کە دیوانی جوند (تۆماری سەربازان)ی داناوه و تەختی بۆ مەرزبانەکان داناوه و بە بازنگان ڕازاندوویانیانەوه. سەیوانەیلیشی داناون. له سالی شەستەمینی فەرمانڕەواییشیدا بەختەننەسری کوڕی ویوی کوڕی گۆدەرزی هان دا تا شاری ئۆرشەلیم (قودس)ی تێک دا و جوولەکەکانی بە دیل هێنا و کردنییە خزمەتکار و قول بۆ خەڵکی شارەکانی ولاتەکەی، پێش بختەننەسریش سەنحاریبی نەینەوایی ناردبووە سەریان، کە هیچ شارێکی لەسەر دەستدا نەکرابووەوه. هەر له ژیانیشیدا فەرمانڕەوایی ڕادەستی گوشتاسبی کوڕی کردووه.

کەی گوشتاسب:

له سالّی سییەمی فەرمانڕەواییدا تەمەنی گوشتاسب پەنجا سالّ بووه، زەردەشتی له ئازەربایجانەوه بۆ هات ئاینەکەی خستە بەرچاو پەسندی کرد، ئەوجا نوێنەرێلی بۆ ناردە و بانگەشەی بۆ کرد، نووسراوێکی ئاشتەواییان له فەرەیدوونەوەیان بۆ خستە ڕوو کە لەسەر ئەو ئاینە بن کە خۆیان حەزیان لێیە، حەزی نەکرد دان بەوەی له بەردەستیاندایە نەنێ و وازی لێ هێنان، شاری دارابگوردی له ولاتی فارسدا بنیات نا له شێوەی سێگۆشەدا، ناوی لێ نا (ڕام وەشناسقان) ئەمەش شاری (فەسا)یە، دواتر پیاوێک له خۆیان شوورەکەی تێک دا کە ناوی (ئازادمەرد کامکار) بووه، له سێگۆشەوه کردیە بازنەیی، کە کارمەندی حەجاجی کوڕی یوسف بوو له ئێراندا[٢٧]. له سەردەمی فەرمانڕەواییی گوشتاسبیشدا ئەسفەندیاری کوڕی له بیست

فەرسەخی پشت سەمەرقەندەوە دیوارێکی لە ڕووی تورکدا بنیات نا. هەروەها گوشتاسب لە کوورەی ئەسفەهانی ڕوستاقی ئەناربادا و لە دێیەکدا کە (مەنوور)یان پێ دەگوت ئاتەشکەدەیەکی بنیات نا، چەندان زەویوزاری ڕوستاقەکەی وەقف (بۆ بژێوی و خەرجیی) تەرخان کرد.

کەی ئەردەشیر:

کە بەهمەن ئەسفەندیاری کوڕی گوشتاسبە، پێیان گوتووە (دەست درێژ)، چونکە هێرشێکی زۆری ئەنجام داوە، هەروەها دەڵێن: لە هێرشەکانیدا گەیشتووەتە ڕۆم. لە باشووریشەوە چووەتە سەر (زابولستان)، دیلێکی زۆری گرتووە و لە خاکی سەواد (عیراق)دا شارێکی بنیات نا و ناوی لێ نا (ئاباد ئەردەشیر)، ئەمەش ئەوەیە کە بە (نەبەتییەی هومانی)ی پێ دەگوترێ، کە لە تەسووجی زێی ژووروودایە. لە خاکی میسانیشدا شارێکی دروست کرد و ناوی خۆی لێ نا (بەهمەن ئەردەشیر)، کە (فوراتی بەسرە)ی پێ دەڵێن و ئیسرائیلییەکان دەڵێن لە کتێبە مێژووییەکانیاندا بە زمانی خۆیان بەهمەن بە کۆڕش ناو دەبەن. لە ئەسفەهاندا لە یەک ڕۆژدا سێ ئاگری کردەوە: یەکیان لەگەڵ ڕۆهەڵهاتنەوەدا، یەکێکیش لەگەڵ گەیشتنە ناوەڕاستی ئاسمانیدا، یەکێکیش لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا، لەمانە ئاگری شەهری ئەردەشیر کە لە تەک قەڵای (مارین) دانراوە، کە شەهر ناوی شەفەقە و ئەردەشیر ناوی بەهمەنە. دووەمیان ئاگری ئەدەشیرە کە لە دێی (دارەک)ی ڕوستاقی (خەوار) دانراوە. سێیەمیان ئاگری (میهر ئەردەشیر)ە کە لە تەک (گوندی ئەردەستان)یدا دانراوە.

هومای چەهرازاد:

کە شەمیرانی کچی بەهمەنە و هوما، نازناوێتی. لە بەلخ دادەنیشت و لەشکرێک لە لەشکرەکانی هێرشی بردووەتە سەر خاکی ڕۆم، دیلێکی زۆریان لێ گرت کە کارمەندی بەهرەمەندیان تێدا بووە. بەننناکانیان ئەو بینایانەیان بنیات ناوە کە (کارگەکانی ئیستەخر)ی ناوە و بە فارسی (هەزارستوون)ە و سێ بینایە لە سێ شوێندا: یەکیان لەلای ئیستەخر و دووەمیان لەسەر ڕێی هاتوچووی بەرەو کوورەی (شاری) (دارابگورد)، سێیەمیشیان لەیەر ڕێی هاتوچووی (خوراسان)دا و هەروەها لە ئەسفەهاندا لە ڕوستاقێکدا کە (تەیمەرە)ی پێ دەڵێن شارێکی جوانی سەیری بنیات نا، ناوی نا (حەمهین)، دواتر ئەسکەندەر تێکی دا.

دارای کوڕی بەهمەن:

یەکەم شایە ڕێی بەرید (پۆستە)ی ڕێک خستووە و نەخشەی بۆ کێشاوە کە چارەویی کلک بڕاویان لێ ئامادە بکرێ، بەم جۆرە ناوی بورید دونب (واتە: کلک بڕاو) ی لێ نرا، کە وشەکەیاند عەرەبانددووە، نیوەی دووەمیان لێ لابردووە و " بورید یان بەرید ــ یان پێ گوتووە. لە دواشاری

فارسدا کووڕەیەکی بنیات نا و ناوی لێ نا (دارا بگورد) کە دارا دروستی کردبوو و کووڕەکەی بەناوی خۆیەوە ناو لێ نا کە پێشتر (ئوستان فەرکان)یان پێ دەگوت، (هەر بە خۆشی چاکتری دەزانێ).

دارای کوڕی دارا:

لە سەردەمی ئەمدا ئەسکەندەر لە خاکی ڕۆئاواوە کەوتە جووڵە و پاشا فارسەکان باجیان لە قیبتییان و بەربەرەکانی ڕۆئاوا وەردەگرت. باکوریشدا لە ڕۆم و سەقلەبییان و هەروەها لە (جەرمەقییان و جەرجومییان)ی شام و فەڵەستینیش. کە ئەسکەندەر دەستی بەسەر شایەتیدا گرت و لەلایەن داراوە باجگرەکان هاتنە لای گوتی: پێی بڵێن ئەو مریشکەی تا ئێستا هێلکەی دەکرد لە هێلکە چووەوە، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوانت دارا و ئەسکەندەر تا دارای تێدا کوژرا، هەروەها لە سەرووی نوسێبینەوە شارێکی دروست کرد ناوی نا (دارائان)، کە تا ئێستاش ماوە و ناوی (داریا)یە[٢٨].

ئەسکەندەر (ئەلکساندر):

کە ئەسکەندەر لە کوشتنی دارا بووەوە و دەستی بەسەر وڵاتی فارسدا گرت، بەدڕەوشتیی کرد و زێدەڕۆیی لە خوێنڕشتندا کرد و حەوت هەزار دیلی لە پیاوگەوران و بە دیمەنی فارس لە بەند و کۆتاندا لە لەشکرگاکەیدا کۆکرانەوە. هەر ڕۆژە و بیست و یەک دیلی لێ دەکوشتن تا گەیشتە (کەشغەر) و ماوەیەکی تێدا نیشتەجێ بوو. ئەوجا گەڕایەوە بابل، کە گەیشتە (قەومەس) لە ڕێدا نەخۆش کەوت و نەخۆشییەکەی تا دەهات گرانتر دەبوو و بەر لەوەی بگاتە بابل مرد، کە کردبوویە گردێ لە خۆڵ. ئەوەی گێڕەوەکانیش دایان هێناوە ئەوەیە کە لە خاکی ئێراندا دوازدە شاری دروست کرد هەر هەموویانی ناو نا ئەسکەندەرییە، یەکیان لە ئەسفەهان و یەکیان لە هەرات و یەکیان لە مەرو و یەکیان لە سەمەرقەند و یەکێکیان لە سوغد و یەکیان لە بابل و یەکیان لە میسان و چواریش لە خاکی سەواد (عێراق). ئەم قسەیەش هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە ئەو تێکدەر بووە نەک بنیاتنەر.

پاشایانی ئەشکانییان:

ئەسکەندەر کاتێک لە کوشتنی گەورەپیاوان و کاربەدەستانی فارس بووەوە و شارەبل و شوورەکانی ڕمان و بە ئامانجی خۆی گەیی، بۆ ئەرستۆتاڵیسی نووسی: من هەموو ئەوانەی لە ڕۆهەڵاتدا بوون بە کوشتنی شایەکانیان و پەناگا و شوورەکانیان تەنیام خستن، لەوە ترسام دوای من یەک بگرن و بێنە سەر ڕۆئاوا، نیازم بوو منداڵەکانی ئەو شایانەی کوشتمن کۆ بکەمەوە و بە دووی بابەکانیان بخەم، بەڵای تۆوە چۆنە؟ بۆی نووسییەوە (واتە ئەرستۆتالیس): ئەگەر منداڵانی شایەکان بکوژی پاشایەتی دەکەوێتە بەردەستی هەرچی و پەرچی، هەرچی و پەرچیش ئەگەر بوونە

شـا بەتـوانا دەبن، ئـەگـەر بەتوانـاش بوون زێدەڕۆیی و زۆرداری دەکـەن و دەسـتـدرێژی دەکـەن، مـەترسـیی بەدکـاریـیـان پـتـر دەبـێ، بۆچوونی من ئـەوەیە منداڵانی پـاشـاکـان کـۆ بـکـەیتـەوە و هـەر یەکەیان بکەیتە شـای وڵاتێک یان شارێک لە شـاران، ئـەمـانە هـەر یەکەیان چاوی دەبڕێتـە ئـەوەی بە دەسـتی ئـەوی تـرەوەیە، بـەمـەش دوژمنایەتی و کینەیـان لە نێویاندا پەیدا دەبـێ، ئـیدی بە خـۆیانەوە خەریک دەبن ناپەرژێنە سـەر ئـەوەی لە ڕۆژئـاوادا لێیان دووڕە.

کاتێک ئـەسکەندەر وڵاتی ڕۆهـەڵاتی بەسـەر پـاشایانی تایەفـەکان دابـەش کرد و لە وڵاتـەکانیـانـەوە زانستـەکانی ئـەسـتێرەناسی و نۆژداری و فـەلسـەفـە و زەوی کێڵانی بۆ وڵاتـەکانی ڕۆئـاوا گواسـتـەوە دوای ئـەوەی بۆ یۆنانی و قیبـتیی وەرگێڕانـەوە. کە ئـەسکەندەر مرد و وڵات کـەوتە دەست تایەفەکان، شـەڕ و کێشـەیان کەوتە ناو، یەکیان بە دۆزە قورسـەکان لەوی تری دەبردەوە. لە ڕۆژگاریاندا کتێب دانران لەوانـەی بەدەست خـەڵکەوەن، وەک: کـتـێـبی " مـرۆک !! " و کـتـێـبی سنداباد و کـتـێـبی بەرسناس و کتێبی شـەیماس و ئـەوانـەی وەک ئـەمانـەن لە کتێبانـەی نێزیکی حـەفتا کتێب دەبن. بـەم جـۆرە مـانـەوە تا بیست و شـتـێک کـەسـیـان لـێ بوون بە شـا، کـەسـیـان لـێ هـەڵکـەوت کـە ئـارەزووی هێرش بردن و داگیرکاری بوو، ئـەو تایەفانـەش ژمارەیان نـەوەت شـا بوون هـەموویان شـای عێراقیان بە گـەورە دادەنـا، ئـەوەی لە تـەیسـفوونـدادەنیشت کـە مـەدائینە، ئـەمـەش کـە نووسـراوی بۆ دەنووسـێن بە ناوی خۆیەوە دەستی پـێ دەکرد.

شاپووری کوڕی ئەشک:

لەوانەی کـە خۆیان بۆ هێرش و شـەڕ ئـامادە کرد شـاپووری کـوڕی ئـەشکی کوڕی ئـوزرانی کوڕی ئـەشگان بـوو، ئـەمـەش ئـەوە بووە کـە لـە ڕۆژگـاریدا مـەسـیح (دروودی لـێ بـێ) دەرکـەوتووە، هـێرشـی بردووەتە سـەر ڕۆم کە ئـەوساکە ئـەنتیـحـوس شایان بووە. کە سـێیـەم شـای دوای ئـەسکەندەرە بووە و شاری ئـەنتاکیای دروست کردووە، شاپوور کوشتاری زۆر و دیلێکی زۆری لـێ گرتن و نـەوەکانیانی لە کـەشتـیـیـەکدا خـڕ کردەوە و نـوقمی کردن و گـوتی: ئـەمە تـۆڵـەی دارایە! گـەلێک شـمـەکی لەوانـەی ئـەسکـەندەر بردبوونـی دەست کـەوت و گـواسـتـیـانـیـیـەوە وڵاتی فـارس، گـەڕاندیانیـیـەوە خـاکی شـانشـینیـیـەکـەی و هـەندێکی لە هـەڵکـەندنی ڕووبارێکدا لە عێراق خـەرج کرد، کـە بە عـەرەبی پێی دەگوترێ (نهر الملک) واتە: ڕووباری شـا.

گۆدەرزی کوڕی ئەشک:

لە مانـەش گۆدەرزی کوڕی ئـەشک بوو، دوای ئـەوەی یـەحـیای کوڕی زەکـەرییا (دروودی لـێ بـێ)یان کوشت چووە سـەر ئـیسـرائیل و بـۆ دووەم جـار شـاری ئـۆرشـەلیـمـیـانی تێک دا[۲۹]. شـمـشـێری لە خـەڵکـەکـەی خسـتـە کار و زێدەڕۆیـی لە کوشـتنی جـوولەکاندا کرد و خـەڵکێکی زۆری لێیـان بە دیل گرت. پێش ئـەم تـەیتاوسـی کـوڕی ئـەسفیـانـویی شـای ڕۆم دوای چل سـاڵ لە بـەرز بوونـەوەی مـەسـیح چووبووە سـەریان و کوشتاری کردبوو و دیلی لـێ گرتبوون.

بلاشی کوڕی خەسرەو:

یەک لەمانەش بلاشی کوڕی خوسرەو بووە کە هەواڵی پێ گەیشتووە ڕۆم دەیەوێ هێرش بکاتە سەر ووڵاتی فارس، نووسراوێ بۆ ئەو شایانەی تایەفەکان نارد کە هاوسێی بوون و هانای بۆ بردن، بەم جۆرە هەر شایە و بەپێی توانستی خۆی پیاو و پارەیان بۆ ڕەوانە کرد. بلاش کە پشتی بەهێز بوو (ساحیبولخدر)ی لەسەر دانان کە یەکێک بووە لە شایەکانی تایەفەکان کە نێزیکی خاکەکانی ڕۆم بوو، بە لەشکری ڕۆم گەیی خڕبووبوونەوە و تەیار بوون، شایەکەیانی کوشت و لەشکریانی کەوتە بەردەست و دەستکەوتەکانی بردە عێراق، پێنج یەکیان لێ جودا کردەوە بۆ بلاش، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕۆمەکان سەروەت و سامانیان دەربکەن و شارێکی شوورەدراو بنیات بنێن و پایتەختیان لە ڕۆمەوە گواستە ئەوێ تا پایتەختیان لە ووڵاتی دەسەڵاتی فارس نێزیک بێ، بۆ ئەمەش خاکی قوستەنتینییە (کۆنستانتینۆبڵ) یان هەڵبژارد و بینایان لەسەردا بنیات نا و شایێتییان گوازتەوە بۆ ئەوێ، شایەکەیان لە سەردەمی دروستکردنی شارەکەدا (قوستەنتینی کوڕی نیرۆن) بووە.[٣٠] ناوێکیان بۆ لە ناوەکەی ئەو گەردان کرد. هەروەها یەکەم شای ڕۆمیش بووە کە باوەڕی بە خرستیانی هێناوە و خەڵکی ووڵاتەکەشی بۆ بانگهێشت کردووە، ئینجا بەمەبەستی دەرکردنی ئیسرائیلییان لە ئۆرشەلیم (بەیتولەقدیس)ەوە چووە سەریان و دوای ئەوە ئیدی ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیانتوانی خۆیان بگرنەوە.

ئەردەشیری کوڕی بابەک:

کە ئەردەشیر دەرکەوت بەر لە هەموو شتێک بەسەر ئیستەخردا زاڵ بوو و بە خەڵکەکەیەوە هێزی پەیدا کرد، بەمانە بەسەر کۆمەڵێک لە کووڕەکانی فارسدا سەرکەوت لە شایەکانی تایەفەکان. کە بەسەر کووڕەکانی فارسدا زاڵ بوو تانجی لەسەردا گرێ دا و لە کاروباری خەڵکی پێچایەوە، سەیری کرد ژمارەیەکی زۆر لە شایەکانی بە دەوروبەرەوەیە و کەوشەنی هەر شایەک کەمبایەخە و بەرتەسکە و ئەرکیان بەسەر گەلیانەوە گەورەیە. سەرەڕای لە بنچینەدا یەکەکەی ئاینیان ئەو ناکۆکییەی نێوانیانی پێ ناخۆش بوو، بە ئەوەشی زانی ئاین کۆی نەکردوونەتەوە، بگرە بە هۆی ئاشنایەتیی لەوە پێشتریانەوە بووە، هۆی بارودۆخی پاشایانی سەردەمی خۆی لە زانایانی ئاین و کاروبارناسانی فەرمانڕەواییی دەوروبەری پرسی، تێیان گەیاند کە پاشا بەراییەکانیان لە کاروباری ووڵاتانیاندا ڕێکوپێک بووە و فەرمانڕەوایی بە دەست یەک کەس پترەوە نەبووە، ئەو یەکەش گەلەکانیان پێکەوە گوێڕایەڵی دەبوون و دوا پەنایان بۆ فەرمانی دەبرد. لەبەرئەوە ئاینیان ئازیز و ماڵیان بە پیت و دوژمنیان سەرکوت بووە، تا شایەتی گەیشتە دارای کوڕی دارا، گەلەکەی لێ دوورکەوتنەوە و فەرمانڕەواییان پێ گران بوو و حەزیان لە بەسەرچوونی ڕۆژگاری دەکرد، دڵیان لە تێکۆشانی بەرامبەر دوژمنی ئەو و دوژمنی خۆشیان دەگوشرا و وازیان لە پارێزگاری لە سنوورەکانیان هێنابوو لە ناوخۆیاندا کەوتبوونە شەڕ و جەنگ.

لەم بارودۆخەیاندا ئەسکەندەریش لە خاکی ڕۆئاواوە هاتە سەر خاکیان، هات و ئەوەی ئاواتەخوازی بوو کەوتە بەردەستی و ئارەزووی شەڕی دارای لەلا هێزی پەیدا کرد، بۆی ڕێککەوت هەندێک لە پارێزگارانی لە دواوی هەڵیان کوتایە سەری و لە پشتەوە ئەنگاوتیان و کوشتیان. کاتێک ئەسکەندەر دەستی بەسەر وڵاتی فارسدا گرت و کوشتنی گەوران و ناودارانی لە ناودا بڵاو کردنەوە و کاولکاریی بۆ هەموو شار و شووڕەکان هاورد. ئینجا کاتی بۆ بە دواداچوونی کتێبی ئاین و زانستەکانیان جودا کردەوە و سووتاندنی دوای ئەوەی هەرچی لەبارەی فەلسەفە و ئەستێرەناسی و پزیشکی و کشتوکاڵەوە بوو لە زمانی فارسییەوە بۆ یۆنانی و قیبتیی وەرگێڕان و ناردنی بۆ ئەسکەندەرییە، ئەردەشیر کە زانی ناتوانێ دادوەری لە ناو گەلدا بکا و بە ڕامیاری بیانخاتە ژێر ڕکێف تا یەک شایان نەبێ و دڵیان بەسەر یەکدا کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بەرژەوەندییان، هەڵسا دەستی کرد بە ناردنی نووسراو بۆ ئەو شایانەی لە نێزیکییەوە بوون بەم جۆرە ئەمە سەرەتای کارگوزاریی بووە، ئینجا بۆ هەر کاتە و جۆرە کارگوزارییەکی گونجاوی دەدیتەوە تا بە کوشتن و لە ناو بردنی نەوەت شا، ولاتی ئێرانی لە شایەکانی تایەفەکان خاوێن کردەوە.

هەروەها ئەردەشیر چەندان شاری نوێ کردەوە لەمانە ئەردەشیر خەرە و بیە ئەردەشیر و بەهمەن ئەردەشیر و ئەشەئ ئەردەشیر و ڕام ئەردەشیر و ڕانهورموز ئەردەشیر و هورموز ئەردەشیر و بودئەردەشیر و وهەشت ئەردەشیر و بتەن ئەردەشیر. کە ئەردەشیر خەرە شاری فەیرووزابادە لە خاکی فارس و کووری پێ گوتراوە، کوور و کاریش بە نشێو و چاڵ دەگوترێ نەک بە گۆڕ و ئارامگە، کە فورس گۆڕیان نەدەزانی بگرە مزدووەکانیان لە دەهمە (دەخمە)[۳۱] و ناووس (ئاتەشکەدە)کاندا دەناشت، دواتر عەلیی کوڕی بووەیە ناوەکەی کردە فەیرووزاباد، بێە ئەردەشیریش ناوی دوو لە شاران بووە، یەکێکیان لە عێراق و ئەوی تر لە کرمان، ئەوەی عێراق یەکێک بووە لە حەوت شارەکەی (مەدائین) و شوێنەکەی لەسەر ڕۆئاوای دیجلە بووە و ناوەکە بە (بەهرەسێر) عەرەبێنراوە، ناوی ئەوەی کرمانیشیان بە جۆرێکی تر عەرەباند و کردیانە: بەردشیر، بەهمەن ئەردەشیریش ناوی شارێکە لەسەر ڕۆخی دیجاەی (عەورا) لە خاکی میسان، بەسراییەکان دوو ناویان لێ ناوە، یەکێکیان بەهمەنشیر و ئەوی تر فوراتی میسان.

ئەنشەئ ئەردەشیریش ناوی شارێک بووە لەسەر ڕۆخی هورموزدوجێل و کەرخ میسانیشی پێ دەگوترێ. بەڵام ڕام ئەردەشیر نازانم دەکەوێتە کوێ. ڕام ئەردەشیر بە زمانی سەردەم (ڕەیشەهر)ە. ڕام هورموز ئەردەشیریش یەکێکە لە شارەکانی خووزستان، ناوەکەی پیتی زۆر بووە، دوا وشەیان لێ لابردووە. هورموز ئەردەشیریش ناوی دوو شارانە کە ئەردەشیر نەخشەیانی کێشاوە بۆ هەر تریان ناوێکی لە ناوی خۆی و ناوی خوای گەورە و بڵند پێک هێناوە، یەکێکیان ڕەشوڕووتەکان و ئەوی تریان خانەدانانی تێدا نیشتەجێ کردووە، شاری ڕەشوڕووتان ناوێکی تری بوو کە هووجستان و ئاجار بووە، کە عەرەباندوویانە پێیان گوتووە (ئەهواز)، ناوەکەی

تریشیان عەرەباندووە و (هەرمشیر) یان[۳۲] پێ گوتووە.

کاتێک عەرەب هاتنە خووزستان شاری خانەدانانیان تێک داو شاری ڕەشوڕووتانیان هێشتەوە. ئینجا دوای ڕۆژگاری شەڕەکانی حەججاج دوو شاری تری خووزستانیشیان لەگەڵ گوندەکانیاندا تێک دا؛ یەکێکیان بە ناوی (ڕۆستەم کواز) هوە ناسرابوو و ناوەکەشیان عەرەباند و پێیان گوت: (ڕەسیقاباد)، ئەوی تریش (جوواستاد)ی ناو بوو. (بود ئەردەشیر)یش شارێک بووە لە شارەکانی مووسڵ. بەڵام شوێنی (وەهەشت ئەردەشیر) نازانم. کەچی (بتەن ئەردەشیر) شارێک بووە لە شارەکانی بەحرێن، ئەمەشی بۆیە ناو نا ئتەن ئەردەشیر، لەبەرئەوەی شوورەکەی لەسەر لاشەکانی خەڵکەکەیدا بنیات نا، لەبەرئەوەی وازیان لە گوێڕایەڵیی هاورد و لە فەرمانەکانی یاخی بوون بۆیە ڕیزێکی شوورەکەی کردە خشت و ڕیزێکی کردە لاشە، بۆیەش ناوی ناوە بتەن ئەردەشیر. ئاوی ئەسفەهانیشی لەسەر دەستی (میهری کوڕی وەردان) دابەش کرد. هەروەها ئاوی دۆڵی خووزستانیشی دابەش کرد و چەند ڕووبارێکیشیبۆ ئاوەکەی هەڵکەند، لە مانە (مەشریقان) کە بە فارسییەکەی (ئەردەشیرکان)ە. لە کتێبی وێنەکانی شایەکانی ساسانییاندا دروشمی ئەردەشیر (مودنەر – مدنر)ە و شەروالّەکانی ئاسمانگوونین و تانجەکەشی سەوزە لە زێڕدا و بە پێوە ڕەتێکی بەدەستەوەیە.

شاپووری کوڕی ئەردەشیر:

شادڕەوان (فوارە)ی توستەری دروست کردووە، کە یەکێکە لە سەیروسەمەرەکانی ڕۆهەڵات و چەند شارێکیشی بنیات نا وەک: نەیشاپوور، بەیشاپوور، شادشاپوور، بێە ئەز ئەندێو شاپوور، شاپوور خواشت، بلاش شاپوور، فەیرووز شاپوور، کە نەیشاپوور شارێک بووە لە شارەکانی کووڕەی ئێرشەهر لە کووڕەکانی خوراسان، بەیشاپووریش شارێک بووە لە شارەکانی فارس هەروەها ناوی کووڕەکەشە، ناوەکەی بە عەرەبی کورت دەکرێتەوە و یەکەم وشەی لێ لادەبرێ و پێی دەگوترێ شابوور. هەروەها شاپوور ئەم شارەی سەرلەنوێ دروست کردەوە دوای شارێک کە (تەهمووورت) بنیاتی ناوە، دواتر ئەسکەندەر تێکی داوە و ناوی یەکەمی لە بیر کراوە. شادشاپووریش شارێکە لە شارەکانی میسان بە نەبەتی پێی گوتراوە (وەبها)، فەیرووز شاپووریش شارێکە لە شارەکانی عێراق کە ئەوەیە بە عەرەبی (ئەنبار)ی پێ دەڵێن.

بێە ئەز ئەندێو شاپووریش شارێکە لە شارەکانی خووزستان، ئەمەش ئەوەیە کە عەرەباندوویانە پێیان گوت (جوندی شاپوور)، بەڵام پێکهێنانە فارسییەکەی ئەوەیە کە (ئەندێو) ناوی ئەنتاکیایە و بێە ناوی فەڕە (واتە: باش، چاک)، واتاکەی دەکا (چاکتر لە ئەنتاکیا). دروست کردنی ئەم شارە لە شێوەی تەختەی شەترەنج بووە، لە ناوەڕاستییەوە هەشت ڕێگە بە هەشت ڕێگە بە ناویدا دەڕوا و ئەمانە شاریان لە شێوەی شتەکان دروست دەکرد. هەر لەو وێنانەششاری (سووس)ە کە لە شێوەی (باز) بووە و شاری توستەر لە شێوەی ئەسپ دروست کراوە، لە کتێبی وێنەکانی

شایەکانی ساسانییاندا دروشمەکەی ئاسمانگوونی و شەروالّەکانی بە سوور نەقش کراوە و تانجەکەی سوور و سەوزە و خۆشی بە پێوەیە و ڕمبێکی بە دەستەوەیە.

هورموزی کوڕی شاپوور:

لە شێوە و قەد و بالّایدا لە ئەردەشیری باپیری چووە، لە دەست و هێزدا گەلێک توانا و دلێر بووە، بەلّام لە بیر ڕەسەنیدا تەواو نەبووە. (کوردزاد)ی دایکی کە دەستان (ئاواز؟!) یەکی بەناوبانگی بە ناوەوە نراوە، ئەو بینایەی بنیات نا کە لە دەسکەرە (شارۆچکە)ی مولّکدا بووە، دروشمەکەی لە کتێبی وێنەکاندا سووری نەقشین بووە و شەروالّەکانی کەسک و تانجەکەشی سەوزی بە زێڕ بووە و ڕمبێکی بە دەستی ڕاستییەوە و مەتالّێک بە دەستی چەپەیەوە بووە، سواری شێرێک بووە.

بەهرامی کوڕی هورموز:

لە سەردەمیدا (مانی)، کە بانگهێشتی بۆ (زەندەقە!) کردووە دوای دوو ساڵ هەلّاتن و خۆشاردنەوە دەستگیر کراوە، زانیانی لێ خڕ کردووەتەوە و بە پێش چاوی خەلّکەوە، گفتوگۆیان لەگەلّدا کردووە و بەلّگەیان لەسەر چەسپاندووە. فەرمانی کوشتنی داوە و کەولّ کراوە و پڕ کراوەتەوە لە کا، لە دەرگەیەک لە دەرگەکانی (جوندیشاپوور)دا هەلّواسراوە، دروشمەکەی لە کتێبی وێنەکاندا سووڕە و شەروالّەکانی سوورن و تانجەکەی ئاسمانی و دوو پارچە زێڕ و (مازەرج)ی پێوە بووە، ڕمبێک بە دەستە ڕاستییەوە و لە چەپەیدا شمشێرێک پالّی بەسەردا داوە و بەپێوەیە، وێنەکەی بەم جۆرە بینراوە، (هەر بە خۆشی چاکتر دەزانێ).

بەهرامی کوڕی بەهرامی کوڕی بەهرام:

بەهرامی کوڕی بەهرامانی پێ دەگوترێ، نازناوەکەی سکان شا بووە، هۆیەکەشی ئەم نازناوە و هی تری وەک ئەمە ئەوە بوو ئەگەر شایەک یان پاشایەک لە فارسەکان کوڕێکی خۆی یان برایەکی بکردایەتە جێنشینی خۆی، بە شای شارێکی ناوزەد دەکرد، بە درێژاییی ژیانی باوکی بەو نازناوەوە ناو دەبرا، کە شایەتیی دەکەوتە دەست (شاهەنشا) یان پێ دەگوت، بەهرام شاش کە نازناوی بە (کرمانشاە) ڕۆیشتبوو هەر بەو جۆرە بوو، نەوشیروان لە ڕۆژگاری قوبادی باوکیدا نازناوی (یەقرەسجان کرشاە) بووە، ئەمەش شایەتییە بەسەر (تەبەرستان) ەوە، چونکە (یەقر) ناوی کێوە و (سجان)یش ناوی دەشت و لاپالّە و (کراسم) ناوی گرد و تەپۆلّکەیە و (سکان) ناوێکی (سەجستان)ە، دروشمی بەهرامی کوڕی بەهرامان بەسەر ئاسمانیی نەقشینەوە بووە و شەروالّەکانی سوور و لەسەر تەختدا ڕۆنیشتووە و شمشێرێکی بە دەستەوە گرتووە و تانجەکەی سەوزی لە نێوان دوو پارچە زێڕ و مازەرجی زێڕدا بووە.

نەرسیی کۆڕی بەهرام:

دروشمەکەی سووری نەقشین بووە و شەروالّەکانی ئاسمانیی نەقش کراو و بەپێوە وەستاوە و بە هەردوو دەستییەوە پالّی بە شمشێرەکەیەوە داوە و تانجەکەی سەوز بووە (هەر خۆی لە نهێنییان دەزانێ).

شاپووری شان کەنکەرە:

ناویان لێ ناوە (شاپوور هوویە سنبا)، هوویە: ناوی شانە و سنبا واتە کونکەرەوە، بۆیە وایان پێ گوتووە، لەبەرئەوەی کە هێرشی بردووەتە سەر عەرەب شانیانی کون کردووە، بە ئەڵقەیەک دوو شانی پیاوانی بە یەکەوە بەستووە و بە دیلی بردوون، فارسەکان ئەو نازناوەیان بۆ دانا و عەرەب پێیان گوتووە (ذو الاکتاف) واتە خاوەنی شانەکان، ئەم شاپوورە ئەوەیە کە باوکی مردووە لە زگی دایکیدا بووە، تانجەکەیان لەسەر زگی دایکیدا بۆ گرێ داوە، هەر ئەمەشە کە بە شێوەگۆڕینەوە چووەتە وڵاتی ڕۆم و چووەتە هەندێک کەنیسە و بە دیلیان گرتووە و حەفتا و دوو ساڵ لە وڵاتەکەی خۆیدا ماوەتەوە. لەدایکبوونیەوە تا سی و سێ ساڵ لە جوندیشاپووردا ماوەتەوە، ئەوجا چووەتە مەدائین و پاشماوەی تەمەنی خۆی لێ بەسەر بردووە. کە شای ڕۆمی کەوتووەتە دەست ناچاری نۆژەنکردنەوەی هەموو تێکدراوەکانی کردووە و بە مەرجێک ئەوەی بە قوڕ و خشت دروست کراوە بە ئاجوڕ (خشتی سووڕەوە کراو) و گەچ بنیات بنرێنەوە، شووڕەی جوندیشاپوور نیوەی بە خشت و نیوەکەی دیکەی بە ئاجوڕ (خشتی سووڕەوە کراو) بووە. دروشمەکەشی پەمەیی نەقشکراو و شەروالّەکانی سووری نەقشدار و تەورزینێکی بەدەستەوە و لەسەر تەخت دانیشتووە. تانجەکەشی لە ڕەنگی ئاسمانی و دەوروبەرەکەی بە زێڕ ڕەنگ کراوە و دوو پارچە زێڕ و نیوەمانگێکی زێڕینیشی لە ناوەڕاستدا بووە.

چەندان شاری بنیات ناوە، لەوانە: بەرزەخ شاپوور[۳۳]، کە (عەکبەراوازان خەرە شاپوور)ە، کە شاری (سووس)ە و شارێکی تری بە تەکەوە کۆمەڵە فیلێکی ناردووە یەکێکیان پێمالّ کردووە، چونکە خەڵکەکەی لێ یاخی بوون، ئینجا لەلای ڕۆمەوە دیلی هاوردووە و لە تازەکەدا نیشتەجێی کردوون و ئەوانی تری بە وڵاتدا پەرت کردووە و لە دێی حەروانی روستاق = شارۆکەی (جەی)دا ئاتەشکەدەیەکی دروست کرد ناوی لێ نا (سرووش ئازەران) و گوندی (یوان) و (جاجاە)ی شارۆکەی (ئالنجان)ی بەسەردا وەقف کردووە. ئەو (ئەزدیاد) ەی سفر (مس) ی لەسەر سنگدا توێنراوەتەوە، لە سەردەمی ئەمدا بووە.

ئەردەشیری کۆڕی شاپوور:

دروشمی (مودنەر!)ی نەقش کراوی ئاسمانی بووە و شەروالّەکانی بەنەقشی سوور بووە و ڕمبێک بە دەستەتە ڕاستیدا و بە دەستی چەپی پالّی بە شمشێرێکەوە داوە و بە پێوەیە و تاجەکەشی سەوزە و (هەر خۆی بەنهێنیی دەروونان دەزانێ).

شاپووری کوڕی شاپوور:

دروشمی سووری نەقشدار و شەروالّەکانی بەڕەنگی ئاسمانی بووە و دروشمێکی تری زەرد لە ژێر دروشمەکەیدا بووە و تاجەکەی سەوز و سووری نێوانی دوو پارچە زێڕ و نیوەمانگێکی زێڕدا بووە، بە پێوە وەستاوە و شوولّێکی ئاسنی بە دەستەوەیە سەرە مەلێک بە لایەکیدایە، بە دەستی چەپەی پاڵی بە شمشێرەکەیدا ناوە.

بەهرامی کوڕی شاپوور:

نازناوەکەی (کرمانشاە) بووە، دڵڕەق و خۆپەسند بووە، لە هەموو ژیانیدا نە چیرۆکێکی خۆێندووەتەوە و نە لە سکالّایەکیدا ڕوانیوە. دوای مردنی ئەو نووسراوانە دیترانەوە کە لە شارانەوە بۆی هاتووە مۆرەکەی هەڵنەپچڕاوە. فەرمانی داوە لەسەر ناوس (گۆڕ)ەکەیدا بنووسرێ: (زانیومانە ئەم تەنە دەخرێتە ناو ئەم بنیاتەوە و نە بۆچوونی بەزەیی پێدا هاتوویەک سوودی بۆ دەبێ و نە لێ دوورکەوتنەوەی دوژمنێک). دروشمەکەی ئاسمانگوونیی نەقشدار و شەروالّەکانی سووری نەقشدار و تاجەکەی سەوزی نێوان سێ پارچە زێڕ و (مازەرج!!)ی زێڕیندا بووە و بە پێوە ڕمێک بە دەستی چەپیەوە و پاڵی بەسەر شمشێرەوە داوە، (هەر بە خۆشی چاکتری دەزانێ).

یەزدگوردی کوڕی بەهرامی گوناهکار:

تاوانبار و گوناهکار و ڕەقی پێ دەگوترێ، بە فارسی دفرویزەکرد (دەفرویزە کەرد). دروشمی سوور و شەروالّەکانی ئاسمانگوونی و تانجەکەی لە ڕەنگی ئاسمان و بە پێوە ڕمێکیشی بەدەستەوە بووە.

بەهرام گووری کوڕی یەزدگورد:

شوێنەوارێکی زۆری لە خاکی تورک و ڕۆم و هیندستاندا بووە، بە شێوەگۆڕینەوە چووەتە هیندستان، خەڵکەکە وا ڕاهاتن هەر ڕۆژە و نیوەی کار بکەن و بحەسێنەوە و بە خواردن و خواردنەوە و ڕابواردنەوە خەریک بن و بە خۆشی و ساز و گۆرانییەوە بخۆنەوە و شۆخی بکەن، بەم جۆرە دەنگبێژ دەست نەدەکەوتن تا وای لێ هات کرێی هەر دەستەیەکی ساز و گۆرانی گەیشتە سەت درهەم.

ڕۆژێکیان بەلای خەڵکانێکدا ڕەت بووە بەبێ گۆرانیبێژ و هاودوم خواردوویانەتەوە، گوتوویەتی: پێم نەگوتوون ڕابواردن لە بیر مەکەن؟ هەڵسان و کورنووشیان بۆ برد و گوتیان: لە سەر درهەم پترمان داوە کەسمان چنگ نەکەوتووە. داوای پێنووس و کاغەزی کردووە و بۆ شای هیندستانی نووسیوە گۆرانیبێژیان بۆ بنێرێ، دوازدە هەزار پیاویان بۆ هات و بەسەر شارانی ولّاتەکەیدا دابەشی کردن، ئەمانە زگوزایان کردووە و نەوەیان هەرچەند کەم بوونەتەوە، بەڵام هەر ماون، کە

نەرم‌افزاری کتاب

(زەت)[٣٤] هەکانن و لەسەر گۆڕەکەیدا نووسرا: دوای ئەوەی لەسەر زەویدا توانای کردین و شوێنەواری پەسندمان تێدا جێ هێشت، تەنیا ئەمەندە شوێنەمان پێ بڕایەوە، کە لە لێرەدا ئارام گرتنمان دڵنیا بووین. دروشمیشی ئاسمانگوونی و شەروالّەکانی سەوزی نەقشدار و تاجەکەی ئاسمانگوونی بووە و لەسەر تەختدا ڕۆنیشتووە و گورزێکی بە دەستەوە بووە.

یەزدگوردی نەرمونیانی کوڕی بەهرام:

دروشمەکەی سەوز و شەروالّەکانی نەقشین، ڕەش و نەقشەکانی زێڕ و تاجەکەی بە ڕەنگی ئاسمان بووە. لەسەر تەخت دانیشتووە و پاڵی بەسەر شمشێرەکەیدا داوە و (هەر خۆی چاکتر دەزانێ).

فەیروزی کوڕی یەزدگورد:

دروشمەکەی سوورە و شەروالّەکانی لە ڕەنگی ئاسمانیی بە زێڕ ڕازاوەیە و تاجەکەی لە ڕەنگی ئاسمانییە و لەسەر تەختدا دانیشتووە و رمێکی بەدەستەوەیە. چەند شارێکی بنیات ناوە یەکێکیان لە خاکی هیندستاندا، یەکی تر لە وڵاتی هیندستان و هی تری لەلای ڕەی و هی دیکەی لەلای گورگان (جورجان)دا و هی تر لە ئازەربایجان. بەناوێکەوە ناوی لێ نان کە لە ناوی خۆیەوە وەرگیراون، شارێکی هیندستانی ناو نا (ڕام فەیروز) و هی تری ناونا (ڕەوشی فەیروز) و لەپشت ڕووبارەوە (ماوراء النهر)[٣٥] دیوارێکی لە ئێوانی ئێران شەهر و خاکی تورکدا بنیات نا و شوورەی شاری (جەی)یی تەواو کرد و لەسەر دەستی (ئازەرشاپووری کوڕی ئازەرمانانی ئەسفەهانی)دا داخست و بۆ ئەوەش تۆمارێکی دایێ کە پێی دەگوترێ (حەفنە)

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

(٢٠) مەبەست لەو حەفت شارە بووە کە شاری (مەدائین)، یان (تەیسفوون)ی پایتەختی دەوڵەتی ساسانییان پێک هێناوە، دەکرێ بڵێین حەوت گەڕەک؟.

(٢١) ناوی شاری کەرکووک لە دوو برگەی کەر یان کار + کووک، دەبێ برگەی دووەمی کەرکووک پێوەندییەکی دوور یا نێزیکی بەناوی ئەم شارەوە نەبێ؟

(٢٢) (کل حزب بما لدیهم فرحون).

(٢٣) دوور نییە بتوانین بڵێین (دە ئاک) لە (دە ئاخ) واتە لە ئاخ و ئۆف و پەژارەوە هاتبێ! هەروەها وشەی (ئەژ دە ئاک)یش ناوە نێزیکەکەیەتی لە کوردی، ئەژ: واتە (ژ _ لە)، واتە ژ دە ئاک (لە دە ئاک)ەوە هاتبێ.

(٢٤) واتە: قوڵنک (بالّندە زانراوەکەیە!).

(٢٥) دیارە ئەو بینایەی عەگەرگووف (عەقەرقوف) ئەو پەرستگە بەناوبانگەی سەردەمی وەچەی سێیەمی کیشییە ئارییەکانە کە دوای حیتییەکان دەستیان بەسەر وڵاتی بابلدا گرتووە و لە سەردەمی

کوریکالزوی شایان (١٣٤٥ _ ١٣٢٤ ی. پ. ز) فەرمانڕەواییی کردووە، بنیات نراوە. بیناکەش بە قووچەکی میسۆپۆتێمیا ناوبانگە و ناوی (زەققوورە) لەو جۆرە پەرستگایانە نراوە.

(٢٦) نەبەتییەکان: وەچەیەک بوونە لە گۆلە پڕ چەوەکانی نێوانی دوو عێراقی (عەرەب و عەجەم)دا نیشتەنی بوونە.

جەرامیقە: یانیش جەرمەقییەکان: وەچەیەکن لە مووسڵ بە ڕەسەن فارسن!..

بۆ نەبەتییەکانیش (نبگ) و (جەرامیقە)ش بڕوانە فەرهەنگی:

محمد بن أبی بکر الرازی، مختار الصحاح، دار الرضوان، حلب مقابل صاله الاسد، سوریا ٢٠٠٦.

(٢٧) حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی: (٤١ _ ٩٥ ی کۆچی) ئەبو محەمەدی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفییە، لە سەقیفی شاری تائیف لەدایک بووە، سیاەتمەدارێکی دەوڵەتی ئومەوییان و سەرکردەی لەشکر بووە، ناوی (کولەیب) بووە دواتر کردییە حەجاج، دەورێکی گەورەی لە چەسپاندنی دەوڵەتی ئومەوییاندا هەبووە و زۆر بە تووندوتیژی و خوێنڕێژی ناسراوە، تەنانەت ناوی (ئەلموبیر = واتە بەعەرەبی: ئەلموبید) واتە: کۆمەڵکوژی لێ نراوە.

(٢٨) ئەم شارە ئێستاش هەر بە ناوی (دارا)وە ماوەتەوە و ناسراوە، لە دووریی نێزیکەی ٣٠ کیلۆمەتری ڕۆهەڵاتی باشووری ماردینەوەیە شوێنەوارێکی زۆری لێ ماوەتەوە، تەنانەت زیندانێکی ژێر زەویشی لێیە، بەڵام لەلایەن شوێنەوارناسانەوە کار بۆ دەرخستنەوەی نەهێنییەکانی نەدراوە. بڕوانە:

http://www. frmartuklu. net/mardin-tanitimi/1428-mardin-dara-koyu-harabeleri.html

(٢٩) دیارە یەکەم جاری تێکدانی ئۆرشەلیم (قودس) لەلایەن (نەبووخودنەسسر) یان (بەختوننەسر)ی بابلییەوە بووە، کە بیست هەزار دیلی لێیان گرت و هێنانی بۆ وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی.

(٣٠) نیرۆن: یان نیرۆ (٣٧ _ ٦٨ ی. ز) یەک لە ئیمپراتۆرە هەرە دڕندە و زۆردارە وێرانکەرە کۆمەڵکوژە بە ناوبانگەکانی جیهانە، ساڵی ٦٤ ی. ز ئاگری لە تەواوی ڕۆما، بە خەڵکەکەیەوە بەرداوە و بە سەرخۆشی بەو دیمەنی سووتاندنە پێخۆشحاڵ بووە.

(٣١) دەخمە: ئەو قوواڵکانەی زەردەشتییان مردوویان تێدا ناشتووە. تابووت.

(٣٢) خورەمشەهر، یان وەک عەرەب عەرەباندوویانە و پێی دەڵێن موحەممەرە.

(٣٣) واتە: بەرزەکی شاپوور.

(٣٤) زەت (زەتەکان): ئەمانە نەتەوەیەک بوونە لە وڵاتی هیندەوە هاتوون، هەندێک وای بۆ دەچن کە زەت لە (جەت)ی هیندییەوە وەرگیراوە، لەبەر ڕەشیی پێستیان قەرەجی هیندستانیشیان پێ گوتراوە، شێوەیەکی ژیان و جلوبەرگ و داوونەریتی تایبەتی خۆیان هەبووە. لە مێژووی ئیسلامیدا دەورێکی زۆریان بووە، چ بە شۆڕش بەرپاکردن بێ یان بە سەربازیی بەکرێگیراو بێ یانیش بە فەرمانڕەوایی، بۆ نموونە ماوەیک دەستیان بەسەر میسردا گرتووە.

(٣٥) ماوەرائەلنەهر: وڵاتی پشت ڕووبارەکە، بەشێکە لە ناوەڕاستی ئاسیا، دەکەوێتە پشت زێیەکانی (سیرداریا و ئامودایا)، کە عەرەب (سەیحوون و جەیحوون)یان پێیان گوتووە. بۆیە ئەم ناوەی پێ دراوە، وڵاتی ئۆزبەکستان و باشووری ڕۆژاوای کازاخستان دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە.

جۆرج تەرابیشی:
لە سۆنگەی ناومەوە نەمتوانی ببمە خەباتگێڕێکی عەرەب

١. یەکەمین نوشوستیم لە ژیاندا لەدایکبوونم بوو. من لە خێزانێکی ئاسایی بووم، لە یەکەمین هەنگاوەکانی بیرکردنەوەمدا (هێشتا منداڵ بووم) دەمپرسی، باشە بۆچی من لە خێزانێکی خانەدان، یاخۆ میرزادە نەبووم؟ پاشان دوای چەندان ساڵ ئەو کاتی کتێبەکانی سیگمۆند فرۆیدم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت ئەو منداڵانەی خەونی لەدایکبوون بەخێزانێکی وەهمیی خانەدانتر لە خێزانەکەی خۆیان دەبینن، ئەو منداڵانەن لەوانی تر پتر ئامادەییان تێدایە لە گرێی ئۆدیبیدا جێگیر بن.

٢. دووەم نوشوست لە ژیانمدا ناوەکەم بوو. من لە ساڵی ١٩٣٩دا هاتمە دنیاوە، ئەو کات سووریا پێگەیشتنێکی هۆشیاریی نەتەوەیی بەخۆوە دەبینی، وای لێ هات خێزانەکان ناوی عەرەبییان لە ڕۆڵەکانیان دەنا، کە ڕەنگدانەوەی ئینتیمای ئاینی، یاخۆ تایفەگەری نەبوو، جگە لەوەی بەعەرەبکردنی ناوەکان شێوەیەک بوو لە شێوەکانی بەرگری دژ بەداگیرکەری فرەنسی، ئیدی بابم، کە پێوەندیی بەبزاڤی نیشتیمانییەوە هەبوو، گشت براکانم ناوی عەرەبییان لێ نرا: سەمیر، جەلال، فائیز... هتد. تەنیا بەندە نەبێ، هەینێ پرسیاری ئەوەم لێ کرد، داخۆ نهێنییەکەی لە چیدایە؟ بەرسڤی دامەوە: تۆ نۆبەرە بوویت، دەبوو بەناو باپیرتەوە ناوت بنێم. ئەمەش نەریتێکە ناکرێت لێی لا بدەین. هەر بەڕاستییش وا بوو، وام لێ هات بۆ ماوەیەکی زۆر بەدەست ناوەکەمەوە، بەکاریگەرییە بیانییەکەی و هێما تایفەگەرییەکەی ئازارم دەکێشا.

پاشان دوای ئەوەی زانیم بنەچەکەی یۆنانییە لەگەڵیدا ئاشت بوومەوە، بەیۆنانی: (ڕەنجدەری زەوی) واتای جووتیار دەگەیەنێ و ناوەکە بەتەواوی بیانی نییە، بگرە بەئەسڵ سامییە:

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل



داڕێژراوە لە (جین)، بەسامی مانای زەوییە، هەر لەمەشەوە وشەی (جوگرافیا) داتاشراوە.

پاشان ئاشتەواییی تەواوم لەگەڵ ناوەکەمدا ئەو دەمەبوو، کە لە ئەنجامی خوێندنەوەکانم لە کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامییەوە بۆم دەرکەوت یەکێک لەو گەورە فەرموودە گێڕەرەوانی مەکە هەمان ناوی هەڵگرتبوو، بەڵام بەشێوەیەکی عەرەبییانەتر: ئیبن جریج.

٣. هەروەها لەو سەرنەکەوتنانەی لە ژیانمدا دەرگیری بووم، داماویم بوو لە ژماردنی ئەستێرەکان. من بەئاسانی خەوم لێ نەدەکەوت، لە هاویندا، لە حەلەب لە سەربان دەنووستین. شەوێکیان باوکم گرەوی لەگەڵدا کردم (تێبینیی ئەوەی کردبوو خەو ناچێتە چاوم)، کە ئەستێرەکانی ئاسمانە ساماڵەکە بژمێرم، منیش گرەوەکەم قبووڵ کرد و بەو ساکارییە منداڵییەی خۆمەوە یەکە یەکە دەستم بەژماردنی ئەستێرەکان کرد، هەڵبەت ئاسایی دەدۆڕێم، وەلێ لە بەرابەردا لەوەدا بردمەوە کە توانیم بنووم، نەمزانی (ئەستێرە ژماردن، یاخۆ هیچ نەبێت ژمارە بەزنجیرە" چاکترین شێوازە بۆ کوشتنی بێ خەوی.

٤. هەروەها نوشوستیم هێنا لە زەرگ هەڵدان لە کاتی مەلەکردندا، هاوەڵەکانم لە بان پلیکانەکەوە پێشبڕکێیان لە خۆهەڵدان لەو بەرزاییەوە بۆ ناو ئەستێلکەکە دەکرد. هەوڵم دا لاساییان بکەمەوە، وەلێ لە بری ئەوەی لەسەر سەر بکەومە ناو ئاوەکەوە، لەسەر سک دەکەوتمە ناوییەوە، ئەمەش زۆری ئازار دەدام، ئیدی لەو کاتەوە وازم لە زەرگ هەڵدان لەسەر هێنا و وام لێ هات

هەولێنامەی کتێب

لەسەر پێم نەبووایا خۆم هەڵ نەدەدایە حەوزی مەلەکردنەوە.

٥. لەوەی ببمە یاریزانی تۆپی پێ شکستم هێنا، منداڵانی گەڕەک یارییان ساز دەکرد لەگەڵ کوڕانی گەڕەکەکەی تەنیشتمان. چوومە تیپەکەوە و لە چەندان یاریدا بەشداریم کرد. بەڵام جارێکیان تۆپێکم بۆ هات (زۆر بەتوندی) بەر سەرم کەوت و تووشی سەرێشەیەکی وای کردم، ناچار بووم بەیەکجاری ڕوو لە یاریگە نەکەم.

٦. یەکێک لە ئارەزووەکانی کوڕوکاڵی گەڕەکەکەمان مشتەکۆڵە بوو، بەڵام من لاوازییەکەم، کە لە منداڵییەوە بۆم مابووەوە، بەیەکجاری ڕێی پێ نەدام ببمە (پاڵەوان) نە لە مشتوەشێنێ و نەیش لە زۆرانبازیدا، هەروەها لە هەموو شێوەکانی ڕووبەڕووبوونەوە، کە ئاتاجی هێزی ماسوولکەن. داخۆ ئەمانە وایان لێ کردم ڕوو لە هێزی هزری بکەم؟

٧. ئەو کات ئاهەنگی جەژن و لەدایکبوون و ژنهێنان لە گەڕەکەکەمان زۆر بوون. گۆرانیی بەکۆمەڵ لەو ئاهەنگانەدا باو بوو، لە هەموو جارەکاندا هەر هێندەی لە سترانەکاندا بەمەبەستی بەشداری بەدەردەکەوتم، ئامادەبووان دەمودەست داوایان لێ دەکردم گۆرانی نەڵێم، دەنگم (بەر لە گەورەبوونم) تا بڵێی ناخۆش بوو، وێڕای ئەوەی گوێیەکانم دەرپەڕی بوون.

٨. هەر بەڕاستی ڕۆژێک لە ڕۆژان گوێیەکی مۆسیقیم نەبوو، سەرەڕای ئەوەی هەر لە منداڵیمەوە زمانە عەرەبییەکەم پاراو بوو و زانستی عەروز شارەزا بووم، کەچی نەمتوانی دێرە شیعرێک بهۆنمەوە.

٩. هەروەها سەرکەوتوو نەبووم لەوەی تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ببمە شاعیر، لەوەش شکستم هێنا ببمە ڕۆمانnووس، چەندێک کاغەزم ڕەش کردەوە و جڕووڕم کردن، هەر لە دەستنووسەوە تا پڕۆژەی چەندان ڕۆمان، بەڵام لە بەرابەر ئەو نوشوستییەمدا لەوەی ببم بەڕەخنەگری ڕۆمان سەرکەوتنم بەدەست هێنا، بەمە ئەو قسەیە دەمگرێتەوە، کە دەڵێت: لەژێر پێستی هەر ڕەخنەگرێکی سەرکەوتوودا ڕۆمانnووسێکی شکست خواردوو خۆی حەشار داوە.

١٠. سەرنەکەوتنێکی تری ڕۆشنبیریم لە پێوەندیم بەزمانە بیانییەکانەوە دەردەکەوێ، هەرچەندە فرەنسیم بەنووسین و خوێندنەوە دەزانی و بەدەیان کتێبم لێوە کردە عەرەبی، کەچی ئینجاش سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا لەوەی بەتەواوی وشەکانی دەربڕم، سەیرەکە لەوەدایە تەنانەت

دوای ئەوەی پازدە ساڵی ڕەبەق لە تاراوگەکەم لە فرەنسا، تا ئەمڕۆش لە دەربڕینی فرەنسیدا زمانم تێک دەئاڵێ.

١١. نسکۆ هێنانم لە بەرەنگاربوونەوەی زەمەن، لە لاویمدا سەیرم بەتۆفیق حەکیمدا دەهاتەوە (ئەو دەم لە گشت نووسەرەکانم پتر خۆش دەویست) هەینێ لە زۆرێک لە دەقەکانیدا هێندە پێ لەسەر حەتمیەتی یاسای کات دادەگرێ، لە گەرموگوڕیی گەنجیمدا وام دەزانی هەرگیز پیر نابم. کەچی ئەوەتا وا لە دەرگەی پیرێتی دەدەم و وەکو هەموو ئەوانی تر بۆم دەرکەوت ئەوی لە ژیان ماوە گەلێک کەمترە لەوەی تێپەڕیوە.

١٢. گەورەترین هەرەس لە ژیانمدا نسکۆی عەرەبی بوو لە حوزەیرانی ١٩٦٧ی زایندا، وەلێ ئەمە (نوشوستیی من) نییە، بگرە نوشوستیی سەرتاپای نەوەکەمە، ئەمە نسکۆی نەتەوەیەکە، ئەوی دەمترسێنێ بیر بکەمەوە، تەنانەت بیرکردنەوە، ژیان ئەوەندەم نابات، تاکو کۆتاییی ئەم سەرنەکەوتنە ببینم. نازانم داخۆ هەر لە بناخەدا کۆتاییی دەبێت؟.

١٣. سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا لەوەی ویستم دەوڵەمەند بم، وێڕای ئەوەی شەستم تێ پەڕاندووە و نێزیکەی دووسەد کتێبم داناوە و وەرگێڕاون، کەچی تا ئەمڕۆش ناچارم بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانم کار بکەم و نووسینی ڕۆژنامەوانی بنووسم، بۆ ئەوەی ڕوونتر قسان بکەم، هەرگیز حەزم بەدەوڵەمەندی نەبووە بۆ دەوڵەمەندی، هەموو کات خەونم بەوەوە دەبینی داهاتێکی هاکەزاییم هەبێت، بەشی ئەوە بکا تەواو تەرخان بم بۆ نووسین. ئەمەش تا ئەمڕۆ تێیدا سەرکەوتوو نەبووم.

١٤. لە بەدیهاتنی خەونی ژنەکەم (نەک خەونی خۆم) لەوەی کوڕمان ببێت نوشوستیم هێنا، تەنیا کچمان بوو، بەژمارە سێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێنەردا ڕاستگۆ بم دەڵێم، زۆر دڵم پێیان خۆشە، نەک خەمبار بم.

من لە خێزانێکدا چاوم هەڵێنا لە شەش کوڕ پێک هاتبوو، هەر لە منداڵییەوە خەون و ئاواتم ئەوە بوو لەو شەش برایە خۆشکێکمان هەبوایا، تاکو گەرمی و هاودەمی مێیینەیی پێ ببەخشینایا. بۆیە هەر کە یەکەم کچم بوو، پاشان دووەم، دواتر سێیەم، کەیفخۆش بووم و هەر وا مامەوە. بەڵام ژنەکەم لە جاری سێیەمدا لە پڕمەی گریانی دا، دەیویست کوڕ بێ.

من لێی دەگەیشتم و لەو حەزەشی حاڵی بووم، کەچی ئینجاش هەر دڵخۆشم، خۆ ئەگەر چوارەمینیان کوڕ بووایا، ئەوا من هەر پێم خۆش بوو.... کچ بووایا.

١٥. لە هیچ و خۆڕایی کۆششم کرد تا نوشوستیی پانزەیەمینی ژیانم بدۆزمەوە، وەکو دەستەی نووسینی کۆواری (المعرفە) داوایان لێ کردووم، کەواتە دەبا ئەم سەرنەکەوتنە ببێتە دوا سەرنەکەوتنی داواکراو.

سەرچاوە: موقع المعرفه

پاکستان
ترسناکترین وڵاتی دنیا

دوکتۆر. بویهمەر. س. س. مالتسهان. ئیس. میوهلمان

ماوەیەکی زۆرە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پاکستان باوەڕیان بەیەکتری نەماوە. لەگەڵ ئاشکرابوونی ئوسامە بن لادن، کە بۆماوەیەکی زۆرە بەبێ کێشە لەم وڵاتەدا ژیاوە، هێندەی تر ئاگری بەم ناکۆکییەدا کرد.

(لەسەرخۆ بهاژوو) ئەمە ئەو نیشانەیەیە کە لەسەر شەقامەکانی نێزیک شاری (عابودئاباد) هەڵواسراوە. لە شارێکی شاخاویی هێمن و ئارام وخۆشدا، کە کەمتر لە دوو کاتژمێر بە ئۆتۆمۆبێل لە ئیسلام ئابادی پایتەختەوە دوورە، لێرە خەڵکی زیاتر خەمی منداڵەکانی ئوسامە بن لادەن دەخۆن.

بەتایبەت ئەو ماڵانەی کە لە نێزیک ڤیلاکە لە گەڕەکی بیلا دەژین، ئەمان هەموو زۆر بە ڕێزەوە سەیری خەڵکی ئەو ڤیلایەیان کردووە. عەبدول ڕەشید، کە دووکاندارێکی نێزیک ڤیلاکەی (بن لادن) دەژی دەڵێ:

(لێرە دوو پیاوی زۆر بەڕێز و هێمن دەژیان، کە زۆرجار لەگەڵ منداڵەکانیان دەهاتن بۆ ئەوەی شیرینی و شتیان بۆ بکڕن)

ئەو دوو پیاوە بەڕێز و هێمنە کە باسیان لێوە دەکات نێزیکترین کەسی، ترسناکترین تیرۆریستی دنیا بوون. کاتێک یەکشەمەی پێشوو، گرووپێکی تایبەتی سەربازی ئەمەریکایی، لە عابودئاباد پەلاماری ئوسامە بن لادنیان دا و کوشتیان، لەگەڵ ئەمیشدا ئەو دوو مووشتەرییە هێمنەی عەبدول ڕەشیدیش لە شەڕەکەدا کوژران. ئا بەم شێوە ئاساییە دانیشتوانی عابودئاباد، کە یەکێکە لە شارە جوانەکانی نێزیک هیمالایا، بۆ ڕووداو و ئەنجامەکانی دەڕوانن. هەرچەندە

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ڕێکخراوی قاعیدە، بەشێوەیەکی فەرمی بەیانیان دەرکرد و تێیدا دانیان بە کوشتنی سەرۆکە سیمبۆلەکەیان دانا، لێ خەڵکی هەر لەم هەواڵە دوودڵن.

عەبدول ڕەشید گوتی: (لەوێ ئوسامە نەژیاوە). زۆربەی خەڵکی دەوروبەری باشترین بنکەی ئارامی بن لادن، باوەڕ ناکەن کە دامەزرێنەری ڕێکخراوی قاعیدە لەناو ئەماندا ژیابێ، بگرە وەکو حکایەتێک سەیری ئەم ڕاستییە دەکەن.

(هیچ باوەڕ ناکەم) هەروەک ڕەشید عەباسی وتی، کە ڕێک لە پەنا ئەو دووکاندارەوە، هەموو کاتێک لێرەدا ڕۆژنامە دەفرۆشێت. ئەو پێی وایە، کە هەموو ئەم مەسەلەیە، بریتییە لە حکایەتێکی درۆیینە کە ئەمەریکا دروستی کردووە. ئەو دەڵێ:

(ئۆباما پێویستی بەوە هەیە، کە پاش ١٠ ساڵ بە سەر تێپەڕبوونی ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەردا، سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەڵبژاردنی خۆی بۆ سەرۆکایەتی مسۆگەر بکا. من پێم وایە دەمێکە ئوسامە بن لادن کوژراوە یان لە شوێنێکی تر کوژراوە، بەڵام لێرە نەکوژراوە)

دراوسێکانی ترۆپکی تیرۆریستەکان

لە ڕاستیدا هەواڵی خۆشاردنەوە و کوشتنی ئوسامە بن لادن، بەهیچ شێوەیەک ناگونجێ لەگەڵ ئەم شارەدا. شارێکی دڵڕفێن و سروشتیی جوان، دارستانی سەوز، هەوایەکی فێنک و شێدار،

لێواری بەهێزترین چیا، کێ لەو باوەڕەدایە لەم شوێنەدا تیرۆریست دەستگیر بکرێت؟.

بەشێکی زۆری ئەفسەر و جەنەڕاڵەکانی سوپای پاکستانی، لەم شارەدا دوا ساتەکانی ژیانی خانەنشینییان بەسەر دەبەن. دانیشتوانی عابودئاباد، خەڵکانی خۆشگوزەران و دەوڵەمەند و خوێندەوارن. بەشێکی زۆریان بەتایبەت ئەوانەی کە لە گەڕەکی (بیلال) دەژین، ئەو شوێنەی کە ئوسامە بن لادنی تێدا دەژیا، خەڵکانێکی پارەدارن.

لێرە زەوی بۆ خانووبەرە هەرزانە، هەر بۆیە لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەشێوەیەکی خێرا و چاوەڕواننەکراو بیناسازی زۆری تێدا دەکرێ. لە هەموو شوێنێک لە نێوان کێڵگەکانی سەوزە، کە ئەم ناوچەیە زۆر ناوبانگی تێدا هەیە، خانووی گەورە دروست دەکرێ. هەتاوەکو ئێستاش ژمارەیەکی بینایەی زۆر دەبینیت، کە خەریکی دروستکردن و جوانکارین.

دەزگای هەواڵگری لە ساڵی ٢٠١٠ وە چاودێری شاری عابودئابادیان کردووە

دیارە شوێنی خۆشاردنەوەی ئوسامە، لەم شوێنانەوە دوورە، بەڵام بۆ ماوەی چەندان ساڵە، ئەو تیرۆریستەی کە هەموو دنیا بەدوایدا دەگەڕا، لێرە ژیاوە. بۆچی بەتایبەت لە شارێکی سەربازی وەکو عابودئاباد، کە پریەتی لە سەربازو و کارمەندی گەورە، ئوسامە ئاشکرا دەبێ؟ بۆچی ئوسامە بن لادن لە ئەشکەوت و دوڵەکانی ئەفغانستان، لە ناوچەیەکی سنووری کە خێڵی پشتۆنی تێدایە خۆی نەشاردەوە؟، یان بۆچی لە میترۆپۆلێتکی وەکو کەسی ئاڵۆزی وەکو کراتشی، کە دەکەوێتە سەر دەریای عەرەب خۆی نەشاردەوە؟.

عابودئاباد کە لە سەدەی نۆزدەمدا دروست کراوە، بەناوی یەکێک لە ئەفسەرە بەریتانییەکانەوە ناو نراوە (واتە ناوی ئەفسەرێکی بەریتانی بووە)، سەرەتا زۆر ناخۆش بووە. لێ لەم چەند ساڵەی دواییدا، دەزگای هەواڵگریی پاکستانی ئەم شارەی کردە بنکەی خۆی و ژمارەی دانیشتوانی گەیشتە ١٠٠ هەزار کەس.

ئەم شارە شاخاوییە دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکیی کاراکۆروم لە هەرێمی کیبەر پاختونخوا. ئەم ڕێگەیە کە درێژی ١٢٠٠ کم، پاکستان بە ڕۆژاوای چینەوە دەبەستێتەوە. موزەفەر ئابادی پایتەختی بەشی کشمیری پاکستان، تەنیا دوو کاژێر لەم شارەوە دوورە.

هەر لێرە شەڕوانە ئیسلامییەکان، کە بە یارمەتیی پاکستان، لە دژی هیندستان لە کشمیر شەڕ دەکەن، لە چەند ساڵی پێشوودا لەم شارەدا سەربازگەی تایبەتی و شوێنی مەشقپێکردنیان هەبوو، کە دەکەوێتە نێزیک کۆلێجی سەربازی (کالول)، کە زۆر نێزیکە لە (سەفا هاوس) ماڵەکەی ئوسامە بن لادنەوە .

بنکەی سەرکردایەتی قاعیدە و شەریکەکانی

کاتێک سەیری ئەم شارە دەکەیت، کە زۆر بەرگێکی مەدەنییانەی لەخۆ گرتووە، کاتێک

ئاشکرابوو که خەتەرترین تیرۆریستی دنیا، ئەم شارەی کردووەتە بنکەی سەرکردایەتیی قاعیدە و شەریکەکانی.

مالّەکەی ئوسامە بن لادن لە عابودئاباد

هەر لەم شارەدا تیرۆریستی لیبی (ئەبوفەرەج اللیبی) ژیاوە، ئەم پیاوە سێیەمین پیاوی قاعیدە بوو، بەرپرسی هەموو چالاکییەکانی تۆڕی قاعیدە بوو، ماوەیەکی زۆریش، باشترین و دڵسۆزترین پیاوی بن لادن بوو، ئەم پیاوە ساڵی ٢٠٠٥ بوو بەتۆڕەکەوە و گیرا.

هەر لێرەش سەرۆکی لقی قاعیدە لە ئەندەنووسیا (عومەر پاتێک) خۆی شاردبووەوە، هەتا لە یانوەری ساڵی پاردا ئاشکرا بوو گیرا. ئەم پیاوە خۆی لە مالّی یەکێک لە ئەندامانیان لەم شارەدا شاردبووەوە، کە لە دائیرەی پۆستدا کاری دەکرد، پێ دەچێ هەر لەم شارەدا ڕێکخراوی قاعیدە خەڵکانێکی زۆری خستبێتە ناو ڕێکخراوەکانیەوە.

پسپۆڕە ئەمەریکاییەکانی بواری ئەمنی پێیان وایە، کە هەرچەندە (سەفا هاوس)ی بن لادن، کە دەکەوێتە شوێنێکی پەنا و، دیواری بەرز، ئارێلی پاسەوانی، کامێرای چاودێری هەبوو، لێ نەیتوانی بەشێوەیەکی تەواو ئەمنیەتی بپارێزێ. بەڵام ئەم مالّە هەندێک شتی لێ کەم بووە، بۆ نموونە بورجی کۆنترۆڵ (مراقبە)، بۆ ئەوەی پاسەوانێک، چاودێری دەوروبەری مالّەکە بکا.

فرید بورتۆن کە پسپۆڕێکی ئەمەریکاییە لە بواری تیرۆریستی و خاوەنی کۆمپانیای "Stratfor" - "Global-Intelligence" ئەو پێی وایە کە (ئوسامە بن لادن لەبەر یەک هۆی سەرەکی، لە دەرەوەی مالّەکەی بورجی کۆنترۆڵی دانەناوە ئەویش لەبەرئەوەی نەکا لە ناکاو لەگەڵ منداڵانی گەڕەک، تووشی کێشەوگرفت و قسە و پێوەندی بن)

پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە کێ ئەم کارە گرینگەی ئەنجام داوە؟. لە کاتێکدا ئەندامانی قاعیدە کاتێک هاتوون بۆ ئێرە جلوبەرگی سەوزەفرۆشییان لەبەر کردووە. هیچ کاتێک تاڵیبان، کە بە ریشە درێژ و جلوبەرگە پشتوونەکانیان، لەم ناوەدا دەرنەکەوتوون. ئاخۆ ئەو تیرۆریستەی کە هەموو دنیا بەدوایدا دەگەڕاو، لێرە زۆر بەئاسانی ژیاوە، تۆ بڵێی لەلایەن کارمەندان و یان خانەنشینانی بەهێزترین دەزگای پاکستانی (دەزگای هەواڵگری پاکستانی Inter Services Intelligence (ISI) نەپارێزرابێت؟

ئاخۆ هێشتا پاکستان لە شەڕی دژە تیرۆر جێگەی باوەڕە؟

ئەمڕۆ لەبارەی ئەوەی، کە ئاخۆ ڕاستە پاکستان هیچ زانیاری و ئاگەداری لەبارەی ژیانی ئوسامەوە نەبووە، بووەتە جێگەی باس و پرسیاری هەموو سیاسەتوان و دەزگاکانی هەواڵگری جیهان بەگشتی و ڕۆژاوا بەتایبەتی. ئاخۆ بەڕاست بەشێوەیەکی جیددی دەتوانین متمانە بە گرینگترین هاوپەیمانی ئاسیاوی لە شەڕی دژەتیرۆر بکەین؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، تەنیا پشت بە کاری هاوبەشی نێوان واشینتۆن و ئیسلام ئاباد نابەستێ، بگرە چارەنووسی ئەفغانستان، کشانەوەی هێزە ئەمەریکایی، بەریتانی، هەروەها ئەڵمانییەکانیش لە شاری هیندوکوش، بگرە تەواوی چارەنووسی ئەم کیشوەرە گەورەیە، پێوەستە بەم دەوڵەتە بچووکەوە.

هەرچەندە سەرۆکی پاکستان (ئاسیف عەلی زارداری) لە هەفتەی ڕابردوودا لە دیدارێکی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا، کوشتنی بن لادنی بە کارێکی یاسایی دانا و، بروسکەی پیرۆزبایی کە پڕی بوو لە وشەی جوان و گوڵدار، بۆ سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما نارد، بەڵام پێوەندیی نێوان ئەم دوو هاوپەیمانە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ساردتر دەبێتەوە. هەرچەندە حکوومەتی پاکستانی و سوپا و دەزگای هەواڵگری پاکستانیش Inter Services Intelligence (ISI)، هیچ ئاگەداریی ئەم کارە نهێنییەی ئەمەریکا نەبوون و لەلایەن ئەمەریکاشەوە ئاگەدار نەکراونەتەوە.

ئەمەریکاییەکان بە هێزێکی کۆماندۆی تایبەت بە هەلیکۆپتەر لە عابودئاباد دابەزیون، پاش کاتژمێرێک کە ئوسامە کوژراوە و هێزە تایبەتییەکەی ئەمەریکا بۆ ئەفغانیستان گەڕاوەتەوە، ئینجا سەرۆک باراک ئۆباما، سەرۆکی پاکستانی هاوڕێی (زەرداری) ئاگەدار کردووەتەوە. ئەمەش سووکایەتییەکی ئاشکرایە و تەنیا یەک مانا دەگەیەنێ ئەویش ئەوەیە:

کە لە نێوان ئەم دوو هاوپەیمانەدا، بێ باوەڕی و بێ متمانەییەکی زۆر هەیە.

لەبارەی پێوەندی پاکستان بە کێشەی تیرۆرەوە، دوکتۆر ژاکیل و مستەر هایدە پێیان وایە کە، ئەم وڵاتە هاووڵاتیان و تەواوی دەزگا حکوومییەکانی بوونەتە نیشانە بۆ هێرشی گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان. تاڵیبانی پاکستانی (واتە لقی پاکستانی تاڵیبانی لە پاکستان) لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لە ڕێگەی پەلاماری تیرۆریستییەکانییەوە، زیاتر لە دە هەزار ژن و منداڵ بوونەتە قوربانیی ئەم پەلاماردانانە. وا بۆ ماوەی ساڵێکە سوپای پاکستانی لە سنووری ئەفغانیستان، لەگەڵ ئەم گرووپانەدا خەریکی شەڕێکی خوێناوین . لە ئەنجامی ئەم شەڕەشدا پێویستە پاکستان خوێنێکی زۆر بدات، بۆ ئەوەی تاڵیبان بەرەو دواوە بکشێننەوە.

پارادۆکس لەوەدایە، هەر هەمان سوپا و دەزگای هەواڵگری، لە پشت سنووری پاکستانەوە، یارمەتی و پشتیگیریی ئەو تاڵیبانانە دەکەن، کە لە ئەفغانستان دژی ناتۆ شەڕ دەکەن. سوپای پاکستانی پێوەندییەکی توندی لەگەڵ تاڵیبان و چەند ئەندامێکی گەورەی قاعیدە هەیە، ئەم پێوەندییەش گرینگی زۆری بۆ سوپای پاکستان هەیە، لەبەرئەوەی دەسەڵات و کاریگەریی خۆی لە ئەفغانستان بەهێزتر دەکات. هەر لەبەرئەوە کاتێک ئوسامە بن لادن لە نێزیک ئەکادیمیای سەربازی پاکستانی دۆزرایەوە، شتێکی ئاساییە و ئەم ڕووداوەش ڕاستی و دروستی ئەو پێوەندییە دەردەخات. ئەمەریکاییەکانیش باش لەم ڕاستییە گەیشتوون، هەر بۆیە لە شەوێکی تاریک و هەورێکی ڕەشدا، هەڵمەتە سەربازییەکەی خۆیان کرد.

کێشە و ئالۆزیی نێوان ئیسلام ئاباد و واشنتۆن

دیارە چەند ڕۆژێکی پێ چوو هەتاوەکو حکوومەت و سوپای پاکستانی، لەم شۆکە گەورەیەی کە تووشیان بوو، بێنەوە سەرخۆیان و ڕووبەڕووی شانۆی سیاسی دنیا ببنەوە. هەر لەبەرئەوە گوێبیستی کاردانەوەی توند بووین. ئەمڕۆ لە ئیسلام ئاباد پێیان وایە، ئەگەر بێ و جارێکی تر ئەمەریکا هەڵمەتێکی سەربازی لەم شێوەیە لە پاکستاندا بکا، ئەوا شەڕ و پێکدادان ڕوو دەدات. هەر یەکسەر پاش ئەو ڕووداوانە، حکوومەتی پاکستانی دەستی کرد بە کەمکردنەوەی ڕاوێژکار و پسپۆڕە ئەمەریکاییەکان لەناو سوپای پاکستاندا.

لە بەرامبەردا ئەمەریکاییەکانیش لەگەڵ ئەم هاوپەیمانەیان تووشی بێ هیوایی و بێ باوەڕی بوون، لەبەرئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە، چۆن قسە دەکات ئاوا کار ناکات. پاکستانییەکان (یان خۆیان نەیانویستووە یان هەر بەشداریان نەکردووە.

لەم پرۆسەیەدا، هەروەک بەڕێوەبەری Leon E. Panetta (CIA) وتی:

ئەکادیمیا سەربازییەکەی عابود ئاباد وەکو ئەو ئەکادیمیا سەربازییە گەورەیەی ئەمەریکایە کە پێی دەڵێن West-Point لە ناوچەی، Hudson-River. دۆزینەوەی

ئوسامە بن لادن، کە خۆی و ژن و منداڵی، ژیانێکی ئاساییی لەم ناوچەیەدا دەژین، لە واشنتۆن (کاتێک پاکستانییەکان بێ ئاگایی خۆیان پێشان دەدەن) وەکو درۆیەکی گەورەی مێژوویی سەیری دەکەن.

هەروەک بەڕێوبەری Leon E. Panetta (CIA) وتی.

(هەر کارێکی هاوبەش لەگەڵ پاکستانییەکان، دەیتوانی زیان بەم ئۆپەراسیۆنەمان بگەیەنێت، ئەگەر ئەوان بیانزانیبایە، ئەوا ئامانجەکەمان ترسی تێ دەکەوت)

لای سیاسییە ئەمەریکاییەکان، پاکستان وێنەیەکی شەڕی هەیە نەک نائاکتیف.

بە دڵنیاییەوە لە پاش ئۆپەراسیۆنی "Operation Neptune Spear" کە بە کوشتنی ئوسامە بن لادن کۆتایی هات، بێ باوەڕی ئەمەریکاییەکان لە بەرامبەر پاکستان بەشێوەیەکی خێرا زیاتری کردووە. سیاسییەکانی هەردوو پارتی سەرەکی (کۆماری، دیموکرات)، ئەم دەوڵەتە ئیسلامییەیەی کە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمییە، زیاتر وەکو دەوڵەتێکی پیس نەک ناچالاک سەیر دەکەن.

سەناتۆر فرانک لاوتنبێرگ، کە سەر بە حزبی دیموکراتە لە ناوچەی نیوجێرسی دەڵێ: (خۆشاردنەوەی ئوسامە بن لادن و بێئاگایی پێشاندانی پاکستانییەکان، گەورەترین گاڵتەجارییە)

ئالان ڤێست کە سەناتۆرێکە لە فلۆریدا و سەر بە پارتی کۆمارییەکانە، دەڵێ:

(من هیچ باوەڕ ناکەم کە دەزگای هەواڵگریی پاکستانی (Inter Services Intelligence) (ISI) یان سوپای پاکستانی، هیچ ئاگایان لەوە نەبووبێ، کە چەند وەختە ئوسامە بن لادن لەوێ ژیاوە)

هەر بۆیە ئەمرۆ لە کۆشکی سپی داوای ئەوە دەکەن کە ئیسلام ئاباد دەبێ (وەڵامی تەواوەتی ئەم پرسیارە بداتەوە). لەناو کۆنگرێسیشدا دەنگێکی زۆر هەیە داوای ئەوە دەکەن، کە ئەو یارمەتییە داراییە زۆرەی کە دەدرێتە ئەم هاوپەیمانە لە دژی شەڕی تیرۆر ڕابگیرێ. لێ ئەگەر ئەو ملیارەها دۆلارەی کە ئەمەریکا دەیداتە پاکستان رابگیرێت، ئەوا دەوڵەتی پاکستان نابووت دەبێ.

(تکایە بەلوعەی پارەکە لە ئیسلام ئاباد بگرنەوە)، ئەمە دروشمی بەشێکی زۆری سیاسییە ئەمەریکاییەکانە. سەناتۆری تەکساسی (کای گرانگەر)، کە بەرپرسی یارمەتییە دەرەکییەکانە لە کۆنگرێس، لە نامەیەکدا کە بۆ هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوە ناردوویەتی، ناڕەزاییەکی تۆندی دەربڕیوە، بەرامبەر بەوەی کە نابێ ئەو ١٩٠ ملیۆن دۆلارەی، کە بڕیارە بدرێتە پاکستان بۆ قوربانیانی لافاوەکە، بە زووترین کات رابگیرێ. پاشتر پێی دەڵێ (لە بەردەم دەنگدەرە ئەمەریکاییەکاندا ئەم پرۆژەیە هیچ دادت نادات).

بەبێ پاکستان هیچ چارەسەرێک بۆ کێشەی ئەفغانستان سەر ناکەوێ

لە ساڵی ٢٠٠١ەوە پاکستان بڕی ٢٠ ملیارد دۆلار (١٣,٤ ملیارد ئۆیرۆ)ی یارمەتی دارایی لە

ولاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەرگرتووە. بۆ دوو ساڵی تر، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەیەوێ، سێ ملیارد دۆلاری تری بۆ بنێرن. پنتاگۆن بۆ ساڵی ۲۰۱۲ دەیەوێ بۆ پرۆگرامی ئەنتی تیرۆر Pakistans Anti-Terrorismus-Programm 2012 بڕی ۲,۳ ملیارد دۆلار یارمەتیی پاکستان بدات.

ئەمڕۆ سەرۆک ئۆباما تووشی کێشەیەکی گەورە بووە، ئەگەر بەیەکجاری پێوەندیی لەگەڵ پاکستان تێک بدات، ئەوا مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و چارەسەرکردنی کێشەی ئەفغانی، کارێکی زۆر زەحمەت و سەرنەکەوتوو دەبێ.

ئەمڕۆ ئەمەریکا زۆر پێویستی بە پاکستانە، بەتایبەت بۆ ئەوەی کە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر بزووتنەوەی تاڵیبان، بۆ ئەوەی بیانهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆکردن و دابنیشن. بەتایبەت دەزگای هەواڵگریی پاکستانی، کە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی بەسەر تاڵیبانەوە هەیە و ماوەیەکی زۆریشە، پێوەندیەکی پتەوی بە گرووپە ئیسلامییەکانەوە هەیە. هەروەک جای کارنەی وتەبێژی کۆشکی سپی ڕای گەیاند:

(پێوەندیی تایبەتیمان لەگەڵ پاکستان زەحمەت و ئاڵۆزە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گرینگە)

بەڵام ئاخۆ بەڕاستی ئەمەریکا دەتوانێ لەگەڵ هاوپەیمانێک کاری هاوبەش ئەنجام بدات، لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتە یارمەتی خەتەرترین دوژمنی ئەمەریکایان داوە؟ هەر بۆیە زۆر دەنگ لە ئەمەریکا دەبیسترێ و دەڵێن:

(هەناردەی (Export) ناردنە دەرەوەی تیرۆر پێوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی پاکستانەوە هەیە)

پسپۆڕی بواری ئەمنی ئەمەریکایی دوکتۆر ڕۆبێرت کاپلان، پێی وایە:

(پاکستان ترسناکترین دەوڵەتی دنیایە)

پاشان دەڵێ: (بەو شێوە ئاڵۆزەی کە ئەم دەوڵەتەی لێ دروست کراوە، وای کردووە کە ببێتە بۆمبێکی ترسناک کە لە ناوچەکەدا بتەقێتەوە) پاکستان کە دەکەوێتە نێوان ڕۆهەڵاتی ناوین و باشووری ئاسیا هەردوو لایان بەیەک دەگەیەنێ.

کاپلان لە ڕێگەی داڕشتنی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی خراپی سیاسییەوە، وەسفی پاکستان دەکات: ئەم وڵاتە پڕیەتی لە، لۆردەکانی شەڕ، ژمارەی دانیشتوانی زۆر، نەبوونی سامانی سروشتیی زۆر، شەڕی ئێتنی و تایەفەگەری، بوونی چەکی کۆمەڵکوژی و ئەتۆمی، لە سەروو هەموشیانەوە، بچووکی ناوچەی جوگرافی). هەر بەم شێوەیش ڕاپۆرتی خۆی بۆ پینتاگۆن نووسیبوو.

ولاتێکی جوان، بەڵام باریٚکی نائارامیی سیاسی

ئەگەر بێو (سیاسەت، تیرۆریزم، هەژاری و١١٠ بۆمبە ئەتۆمییەکە) لەم ولاتە دەربهێنیت، ئەوا بە دڵنیاییەوە پاکستان بە جوانترین ولاتی دنیا دادەنرێت.

لە باکورە و هەرسێ چیا بەرزەکانی (هیندوکوش، هیمالایا، کاراکۆروم) لێیە، کە بەرزترین لووتکەی چیای دنیان. لە باشووری ولاتیشەوە خاوەنی کۆنترین دەشتاییی دنیایە، کە ئەم شوێنە کولتووری کۆنی مرۆڤایەتیی تێدایە و دەلتایەکی گەورە پێک دەهێنێ، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە نێزیکەی ٨٠٠٠ کم چوارگۆشە.

پاکستان زۆر دیمەنی سروشتی جوانی هەیە، بیابانێکی گەورە و فراوان، کۆمەڵێک شاخی بەرز و جوان، زیاتر لە ١٠٠٠ کم کەناری دەریایی لەسەر دەریای عەرەبدا هەیە. پاکستان دوو بەقەد ئەڵمانیا و نەمسا گەورەترە، دەکەوێتە باکوری ڕۆئاوای کیشوەری هیندستانەوە. واتە خاوەنی جوگرافیایەکی زۆر باش و گرینگە.

لێ لە ڕووی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەم ولاتە کەمتر ڕۆمانتیک دەردەکەوێ. لەگەڵ دروستبوونیدا، واتە لە ساڵی ١٩٤٧ەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ چوار جار دیکتاتۆری سەربازی کودەتایان کردووە و حوکمی ئەم ولاتەیان کردووە. تەنیا بۆ ماوەیەکی ئێجگار کورت، هەوای ئازادی و دیموکراتیی بەخۆوە دیوە. پاکستان لەگەڵ سەرسەختترین دوژمنیدا (هیندستان) خۆی لە شەڕێکی بەردەوامدا دەبینێتەوە. لە ساڵی ١٩٧١ شەڕێکی بە هیندستان دۆڕاند و بەشێکی زۆری ولاتەکەی لە ڕۆهەڵاتدا لەدەست چوو (پێشتر بە پاکستانی ڕۆهەڵات ناسرابوو)، ئەمڕۆ پێی دەڵێن (ولاتی بەنگلادیش). هەموو کاتێک پاکستان گیرۆدەی کارەساتە سروشتییەکانە (لافاو، زەمین بلەرزە)، لەم کارەساتانەدا هەزاران کەس دەبنە قوربانی.

پاکستان بەرەو دەوڵەتی فاشیل هەنگاو دەنێ

ئەمڕۆ دەوڵەتی پاکستان کەوتووەتە ژێر باڵی قەرزێکی گەورەوە، بەدەست ژمارەی دانیشتوانی زۆرەوە دەناڵێنێ، بەشێکی زۆری خەڵکی لە هێڵی هەژاریدا دەژین، هەر بۆیە لە کۆتاییدا خۆشیان نازانن چۆن هەڵسوکەوت بکەن. ولاتێکی ئیسلامی فرە نەتەوە و مەزهەب، ولاتێک کە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمە، ولاتێک کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ١٨٤ ملیۆن کەس، کە خاوەنی ڕووبەرێکی زۆریش نییە، لە هەمان کاتیشدا ناتوانێ لەگەڵ دراوسێکانیدا بە ئاشتی بژی و ڕێک بکەوێ. لێ پێم وایە کە بەشێکی زۆری سیاسییەکانی پاکستان، ئەم ڕاستییانە نابینن یان ناشیانەوێ خۆیان بەم کێشانەوە خەریک بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

محەمەد عەلی جەناح دامەزرێنەری ولاتی پاکستان، ئەگەر ئەمڕۆ بمایە و سەیری وەزعی ئاڵۆزی ولاتەکەی بکردایە، ئەوا تووشی شۆکێکی گەورە دەبوو. پاش ٦٤ ساڵ لە سەربەخۆبوون لە

هیندستان، هیچ هیوایەکی بچووک نابینین بۆ تۆلەرانسی ئاینی، کە موسڵمانەکان زۆر پێویستییان پێیەتی. دیکتاتۆرەکان و سیاسییە گەندەڵەکان، ئەم وڵاتەیان بەرەو چارەنووسێکی نادیار و لێواری وێرانکاری بردووە. هەرچەندە ئەم وڵاتەی باشووری ئاسیا، بەئاشکرا ئیدیعای ئەوە دەکات کە وڵاتێکی دیموکراسییە، بەڵام لە راستیدا حکوومەت زۆر لەم دروشمە لاوازتر خۆی دەبینێ. سەرۆک زەردای و گەیلانی سەرۆکی وەزیران، قسە زۆر دەکەن ، لێ کاری کەم دەکەن. هەر بۆیە خەڵکی هیچ باوەڕ بە قسەکانیان ناکەن. لە بەرامبەردا ئیسلامییە توندڕۆیەکان ، رۆژ لە دوای رۆژ، خەڵکی زیاتر باوەڕیان پێ دەکات و جەماوەریان زۆرتر دەبێ.

ترسی ئەوە هەیە کە پاکستان بەرەو (failed state)، واتە ببێتە دەوڵەتێکی فاشیل. بە واتایەکی تر، واتە بەرەو ئەوە دەچێ، کە وەکو سۆماڵی لێ بێ. بەدڵنیاییەوە هەموو ئەو هیوایەی کە محەمەد عەلی جەناح لە سەربەخۆبوونی پاکستان هەیبوو وا دەرنەچوو، بگرە هەموو ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە ساڵی ١٩٤٧ بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی سیکولار، کە لەسەر بنەوای فکریی بەریتانی و هیندی دای نابوو، ئەویش لەدەستچوون. ئەو تێڕوانینی بۆ ئیسلام بە جۆرێک بوو، کە دەتوانێ کۆماریکی ئاینی دروست بکا، کە یەکسانی کۆمەڵایەتی بهێنێتە دی، بەپێچەوانەی فکریی هیندۆسی، کە باوەڕی بە سیستەمی کاستی هەیە.

هەوالنامەی کێبڕکێ



ئیسلام ئاباد لە ئەفغانستان و هیندستان پشتگیریی تیرۆریستان دەکات

لە کۆتاییی ساڵانی چلەکانی سەدەی پێشوو، بۆ دابەشکردنی هەردوو وڵات نرخێکی گەورەیان دا، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بوونە قوربانی. هەتاوەکو ئەمڕۆش شەڕێکی سەخت و تووندڕۆیانە لە نێوان هیندۆسی و موسڵمانەکان هەیە، ئەمەش وای کردووە کە هەردوو زلهێزە ئەتۆمییەکە، ببنە دوژمنی سەرسەختی یەکتری. کشمیر گەورەترین کێشەی نێوانیانە. هەردوو لا خۆیان بە خاوەنی ئەم بەرزاییانەی کشمیر دادەنێن و لە پێناو ئەمەشدا، سێ جار شەڕ لە نێوانیاندا ڕووی داوە. لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵێکی جیهانی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و ملمانێیە، لێ هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە.

کۆنەقین، گرێی کەمینەیی، نەخۆشیی پارانۆیا (جنون العظمة) بەرامبەر بە هیندستان، هەموو ئەمانەش وای لە پاکستان کردووە، کە بەرەو گرێیەکی عەسکەری ترسناک بگات، کە بە بەردەوامی پشتگیریی گرووپە تیرۆریستەکان لە ئەفغانیستان و گرووپە تیرۆرستییەکانی کشمیر لە هیندستان دەکات، ئەم سیاسەتەشیان وەکو بەردی بناخەی ستراتیجی بەرگریی نیشتمانی داناوە.

ئەم بۆچوونە ڕقاوی و تاسێنەرە بۆ جیهان، وای کردووە کە هیچ چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزرێتەوە. لە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی سایتی ویکیلیکسدا هاتووە، کە سەفیری ئەمەریکا لە ئیسلام ئاباد، خاتوو (ئانە پاتەرسۆن)، لە سێپتەمبەری ٢٠٠٩ دا، لە نامەیەکدا کە بۆ وەزارەتی ناردووە دەڵێ:

(کۆتاییهێنان بە پشتگیریکردنی دەزگا دەوڵەتییەکانی پاکستان بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان، چ لە ئەفغانستان یان لە هیندستان، گەورەترین سەرکەوتنە بۆ ئێمە)

هەرچەندە ئەمە یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی سەفارەتی ئەمەریکایی لە ئیسلام ئاباد، بەشێوەیەکی جیددیش هەوڵی بۆ دەدەن، لێ ئەم کارە زۆر بە هێواشی هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێ.

تیرۆر لەژێر دەستیان دەرچووە

نوخبە ئەمنییەکانی پاکستان، لە بەرامبەر هەردوو گرێ کۆنەکانیان لە هەردوو سنوور تووشی شۆکێکی گەورە بوون. هیندستان لە ڕۆهەڵات و ئەفغانستانیش لە ڕۆئاوا. زیاتر لە ٧٠ ساڵە لە دژی هیندستان، ئیسلام ئاباد پشتگیری گرووپە تیرۆرستییەکانی کشمیر دەکات.

کاتێک ئەفغانیستانی درواسێیان لەلایەن یەکەتیی سۆڤیەتی جارانەوە هێرشی کرایە سەر، ئەمەریکا دەیویست دژی ئەم کارەی سۆڤیەت بوەستێتەوە، هەر بۆیە پاکستانییەکان لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا CIA پێکەوە لەسەر سنوور دەستیان تێکەڵ کرد. ئەمەش سەرەتای

قورەکەبوو، کە پاشتر موجاهیدین و تالیبانی لێ دروست کرا. لە پاش ئەوەی یەکەتیی سۆڤیەت، بە رووخانی دیواری بەرلین کۆتاییی پێ هات، رۆئاوا هیچ گرینگی و بایەخێکی بە ناوچەکە و پاکستان نەدا، لە حاڵەتێکدا ئەم دەوڵەتە لە کاتی شەڕی ساردا یەکێک بوو لە هاوپەیمانە گرینگەکانی ئەمەریکا، زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی ئەفغانی لەم وڵاتە مانەوە و هەر لە ئۆردووگای پەنابەرانەوە ، مندااڵە تووندڕۆکان لەدایک بوون، پاشانیش ئەم دراوسێیەی (واتە ئەفغانستان) تووشی شەڕێکی ناوخۆیی گەورە بوو. لەو کاتەوە تیرۆر لە دەستیان دەرچووە. پاکستان دەیەوێ نفوز و دەسەاڵتی خۆی لە ئەفغانستان نەدۆڕێنێ، لەبەرئەوەی دەترسێت هیندستان لەوێ دەسەاڵتی زیادبێ.

بۆ ئەوەی ئەم ئەنجامگیرییە سیاسییە بگۆڕێ، پاکستان پێوەندیی خۆی لەگەڵ پشتۆنە ئیسلامییەکان بەهێز کردووە، بۆ نموونە وەکو تالیبان. جێگەی ئاماژەیە نەتەوەی پشتۆن، گەورەترین نەتەوەی ئەفغانستان پێک دەهێنن، هەروەها لە پاکستانیش زیاتر لە یەک ملیۆن پشتۆنی دەژین، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئەفغانستان و پاکستان. لەبەرئەوە هەروەک سەفارەتی ئەمەریکایی پێیان وایە، کە نوخبەی ئەمنی پاکستانی، لە بەرامبەر تیرۆریست و بزووتنەوەی تالیبان، سیاسەتی دووفاقی پێڕەو دەکات. بەتایبەت ترسناکترین گرووپە شەڕکەرەکانی وەکو قوولبەدین حیکمەتیار و ڕێکخراوی حەقانی، هەردووکیان لەلایەن دەزگەی هەواڵگریی پاکستانییەوە دروست کراون و هەتاوەکو ئەمڕۆش پشتگیرییان لێ دەکرێت. هەردوو ئەمیرەکەی شەڕ (حیکمەتیار و حەقانی)، لە کاتی لەشکرکێشی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستانەوە، لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی پاکستانی (Inter Services Intelligence (ISI، ڕێکخراوی قاعیدە و بزاڤی تالیبان، پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە.

خۆ حەشاردان لە جیاتی شەڕی ڕووبەڕوو

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ دا، سەرۆک وەزیرانی پاکستان، گەیلانی بە گەشتێکی فەرمی گەیشتە واشنتۆن. لە دۆکۆمێنتێکی نهێنیدا (کە پاشتر لە سایتی ویکیلیکس بڵاو بووەوە)، پاتەرسۆنی سەفیری ئەمەریکا لە پاکستان، لە یەکێک لە نامە نهێنیەکانی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی ئەمەریکایی، ناڕەزاییی خۆی دەربارەی شاراوەیی و ناڕوونی پاکستانییەکان دەربڕیوە. هەروەک لە دۆکۆمێنتەکەدا هاتووە، پاترسۆن دەڵێ:

(پێویستە چەندە دەتوانن فپاڵەپەستۆ بۆ سەر گەیلانی ببەن بۆ ئەوەی ئەم سێ کۆڵەکە سەرەکییەی سیاسەتی دژەتیرۆر پێڕەو بکا، ئەوانیش ئەمانەن: ١. پرۆسەی بەشداربوونی هەموو لایەنە سیاسییەکانی وڵات. ٢. پێشکەوتنی ئابووری. ٣. کەمکردنەوەی توندوتیژی.)

پاشتر دەڵێ:

(پێویستە ڕێز لەو هەموو قوربانییانە بگرین، کە پاکستانییەکان لە شەڕی دژی بزووتنەوەی تاڵیبان داویانە، لێ نابێت لە بیر بکەین، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش حکوومەتی پاکستانی، دژی سیراج حەقانی و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکەی ناوەستێتەوە. هەروەها هیچ دژایەتیی عەقید نەزیر و حیکمەتیار ناوەستێتەوە. هەموو ئەم کەسانەش، بەرپرسی یەکەمن لەو هێرشانەی کە لە زەویی پاکستانەوە دەکرێنە سەر ئەفغانستان و ئەمساڵیش بە ڕێژەی لە ٤٠٪ زیادی کردووە. سوپا و دەزگای هەواڵگریی (ISI) دەتوانن بەباشی کارەکانی خۆیان بکەن، لێ ئەوان هێشتا گیرۆدەی ئەو عەقڵییەتە کۆنەی جارانن، کە پێیان وایە:

(لە جیاتی ئەوەی ڕووبەڕووی گرووپە تووندڕۆکان ببیتەوە و بکەوێتە شەڕەوە لەگەڵیان، باشترە لە ڕێگای پارە و چەک و هەوڵی دووکەرتبوون (ئینشقاق) خستنە ناو گرووپەکان هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا بکەین).

ئەوان لەوە دەترسن، ئەگەر بێ و لە ڕێگەی سەربازییەوە تێکەڵی کێشەکان بن، ئەوا پێ دەچێ لەگەڵ خێڵەکان بکەونە شەڕەوە و بارەکە ئاڵۆز بێ و لەژێر دەستیان دەربچێ. لێ ئەم ستراتیجییە سەرکەوتوو نەبوو، حکوومەتیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زەوی زیاتر لەژێر دەستی دەردەچێ.)

ئەم ڕاستییەش لەپاش ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە بەئاشکرا بەدی دەکرێ.

سوپا لە هێرش بۆ سەر باکووری وەزیرستان پاشگەز دەبێتەوە

لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری پەرویز موشەرەف لە ساڵی ٢٠٠٨، سەرۆکی حکوومەت (گەیلانی)، پێکەوە لەگەڵ سوپاسالاری پاکستان ئاشفاق پەرویز خاجانی، هێرشێکیان بۆ سەر ئەم ناوچەیە دارشت، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش کێشەی تێدایە. لە یەکێک لە بەڵگەکانی ویکیلیکس هاتووە، سەفیری نوێی ئەمەریکا کابڵێت پاتەرسۆن، پاش شەش مانگ بڕووسکەیەکدا دەڵێ:

(هیچ نیشانەیەکی وا نابینین ، کە سوپا نیازی هێرشکردنە سەر عەقید نەزیر، قولبەدین حیکمەتیار و ڕێکخراوی حەقانی و خێڵە هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکەدا هەبێ)

ئەمانە هەموویان کە لە ناوچەی باکووری وەزیرستان خۆیان حەشار داوە، سوپا پەلاماریان نادات و وازی لێ هێناون. ڕەحیموڵڵا یوسفی، کە ڕۆژنامەنووسێکی پاکستانییە و ماوەی چەندان ساڵە لە ناوچەی خێڵەکانی سەر سنوور کاری دەکرد و دوایەمین ڕۆژنامەنووس بووە، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئوسامە بن لادن کردووە. ئەو دەڵێ:

(ڕێکخراوی حەقانی پێوەندییەکی زۆر بەتینی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی (ISI) پاکستان و CIAی ئەمەریکا هەبوو، لەو کاتەی کە یارمەتی موجاهیدە ئەفغانییەکانیان دەدا و لە دژی ڕووسەکان شەڕیان دەکرد)

پاشتر یوسفی لەبارەی پێوەندی ئەم گرووپە و قاعیدە دەڵێ:

(بن لادن دۆستێکی نێزیکی ڕێکخراوی حەقانی بوو، ئەو لەو کاتەدا لە هەرێمی خوست لە ئەفغانستان لە دژی ڕووسەکان شەڕی دەکرد، هەر لەوێش ئەم ڕێکخراوە دروست بووە. من لەو باوەڕەدام کە ڕێکخراوی حەقانی، پێوەندییەکی ئێجگار بەهێزیان بە ڕێکخراوی قاعیدەوە هەیە. ئەم پێوەندییە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی (ISI) پاکستان بەئاسایی وەردەگیرا، لەبەرئەوەی هیچ زەرەرێکی بۆ ئەوان نەبوو. ڕێکخراوی حەقانی دژی پاکستان شەڕیان نەکردووە، بگرە بەپێچەوانەوە لە زۆر کاتدا یارمەتیی پاکستانیان دا، بۆ نموونە لە کاتی شەڕی پاکستان و تاڵیبانی پاکستان، ڕێکخراوی حەقانی ڕۆڵی ناوبژیوانیان دەبینی و زۆرجار ئەگەر کەسێکی گەورە لەلایەن ئەوانەوە بەدیلی بگیرایە، ئەوا ئەمان هەوڵی ئازادکردنیان دەدا)

بەدڵنیاییەوە ئەمەریکاییەکانیش ترسێکی گەورەیان لەم دۆستایەتییە هەیە، لەبەرئەوەی ئەم دۆستانەی ئەوان، گەورەترین دوژمنی ئەمەریکان لە ئەفغانستان.

خاجانی سوپاسالاری پاکستان بەهێزترین پیاوی ئەم وڵاتەیە خاجانی کابرایەکی هێمن و بە ویقار و باوەڕ بەخۆیە، ئەو تەنیا بەهێزترین پیاوی پاکستان نییە، بگرە خاوەنی ١١٠ بۆمبی ئەتۆمییە، سەرۆکی حەوتەمین سوپای جیهانە، جگە لەوەی کە بڕیاردەری کۆمەڵێک ڕێکخراوی

نهێنیی تره.

له هیچ ولاتێکی دنیادا هیچ سوپاسالارێک هێندەی سوپاسالاری پاکستان دەسەلاتی نییە. هێزەکانی کۆنترۆڵی هەموو ستركتورێکی ئەو ولاتە دەکەن و دەستیان بەسەردا گرتووە. کۆمپانیا سەربازییەکان، بەشێکی زۆری ئابووریی نیشتمانیان بۆ خۆیان داگیر کردووە. سوپاسالار خودانی سیاسەتە لەم ولاتەدا، ئەو تەنیا بڕیار لەسەر حکوومەتەکان نادات، بگرە ئەو بڕیار دەدات، کە سیستەمی حوکمڕانی، دیموکراتی یان دیکتاتۆری بێت. لێ هەتاوەکو ئێستا هیچ ڕووداوێک و ململانێیەکی توندی نەکردووە، لە حاڵەتێکدا هاوڕێ کۆنەکانی هەموویان دەسەلاتیان داگیر کردووە و بوونەتە دیکتاتۆری ئەو ولاتە.

بەپێی زانیارییەکانی حکوومەتی ئەمەریکایی، کە لەبارەی ئەم پیاوە نووسیویانە، کابرایەکی باریک و درێژە، چاوێکی خەمباری هەیە، بەشێوەیەکی زۆر سەیر جگەرەی زۆر دەکێشێت و جۆرە تەباکێکی هەرزانیش دەکێشێ. زۆرجار هەر دەڵێی کارگەیە هێندە جگەرە دەکێشێ. خاجانی لەگەڵ ئەوەی کە بەهێزترین سوپاسالاری دنیایی، سەرۆکی ڕێکخراوی وەرزشی گۆڵفی پاکستانیشە. خاجانی لەناو خێزانێکی کرێکار گەورە بووە، باوکی نایب عەریف بووە و لە سوپا کاری کردووە. پاشان دەچێتە کۆلێجی سەربازی و پاشتر بە پلەکانی سوپادا بەرەو پێشەوە دەچێ. هەرچەندە ئەمەریکاییەکان ناڕازن چۆن ئەم پیاوە بە ئەم پلەیە گەیشتووە. خاجانی پێش ئەوەی بێتە سەر شانۆی دەسەلاتی ئەم ولاتە مەنهە، پێشتر خۆی لە سەرکردەکانی سوپاوە نێزیک بووە، کە ئەمانیش لە دوو بواری ئێجگار گرینگدا دەستیان دەڕۆیشت ئەویش: یەکەم، دەزگای هەواڵگری. دووەم، دەسەلاتی سیاسی.

ئەمەریکا و ئەفغانستان باوەڕیان بەیکتری نییە، بەڵام پێویستیان بەیەکترییە

لە کاتێکدا کە خاجانی خاوەنی مەزهەبێکی ترسناکە بەرامبەر کێشە دەرەکییەکان وەکو هیندستان و ئەفغانستان، هیچ جۆرە سازشێکیش لەبارەی ئەم کێشانەوە ناکات، بەڵام لە ئاست سیاسەتی ناوەخۆییی ولات، کەسێکی تووندڕۆ نییە. هەروەک بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس ئاشکرایان کرد، کە چەند جارێک خاجانی هەڵی ئەوەی هەبووە کە حکوومەتە لاوازەکەی ئیسلام ئاباد بڕووخێنێ، لێ خۆی ئەم کارەی نەکردووە. ئەو هەموو کاتێک خۆی لەم بوارەدا بە دوور دەگرێت. لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات یارمەتی ئەمەریکاییەکان بدات و لە کاتی پێویستیشدا پشتگیریی سەرۆکە لاوازەکەی (زەردای) بکا، ئەو نایەوێ خۆی بەشەڕی لاوەکی لە ناوەخۆدا خەریک بکا.

ئەمەش یەکەمین جارە لە مێژووی پاکستان، کەسێکی ئاوا لەناو سوپادا هەڵبکەوێ، هەر بۆیە لای ئەمەریکایەکانیش جێگەی ڕێز و شانازییەکی گەورەیە.

هەر لە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکسدا هاتووە، کە لە یەکێک لە بڕووسکەکانی سەفیری ئەمەریکایی لە ئیسلام ئاباد (پاتەرسۆن)، لەبارەی خاجانی نووسیویەتی:

(ئەو بڕیاری تەواوەتی خۆی داوە، کە بەهەموو شێوەیەک پشتگیریی ئەم حکوومەتە مەدەنییە بکا)

دیارە ئەو زانیوویەتی کە بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر، پێویستی بە حکوومەتێکی مەدەنی بەهێزە. دەربارەی ئەوەی ئاخۆ خاجانی پێی وابوو کە تیرۆریستی باش و تیرۆریستی خراپ هەیە، ئەمە لە پاش گیران و کوشتنی ئوسامە بن لادنەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆزتر و شاراوەتر دەمێنێتەوە.

CIA هیچ بەڵگەیەکیان لەبارەی زانینی پاکستانییەکان دەست نەکەوتووە

زۆر ڕێگەی تێ دەچێ کە بەرپرسە پاکستانییەکان ئاگەداربن و زانیارییان لەبارەی شوێنی خۆشاردنەوەی ئوسامە بن لادن هەبووبێ، لێ هەتاوەکو ئەمڕۆ بەرپرسەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا CIA هیچ بەڵگەیەکی وایان دەست نەکەوتووە، ئەمە لە حاڵەتێکدا تیمێکی CIA بۆ ماوەی چەند مانگێک پێش کوشتنی بن لادن، ماڵێکیان لە عابودئاباد بە کرێ گرتووە و بە جوانی چاودێری ماڵەکەی بن لادنیان کردووە.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمەریکایی، سیخورەکانی CIA زۆر بووردی چاودێریی بن لادنیان کردووە، تەنانەت توانیویانە بگەنە ژمارەی تەلەفۆنە دەستییەکەی و گوێ بۆ هەموو قسە و پێوەندییەکانی بگرن. لێ هەتاوەکو ئەمڕۆش هیچ بەڵگەیەکیان لە بەردەستدا نییە، کە ئەوە بسەلمێنێ، کە بەرپرسە پاکستانییەکان ئاگەداری شوێنی خۆحەشاردانی ئوسامە بن لادن بوون.

لە کاتێکدا سیاسییە ئەمەریکاییەکان و پاکستانییەکان دەستیان بە شەڕەقسە کردووە، بەشێوەیەکی نائاسایی، زیارەتی دیپلۆماسیش لە نێوانیاندا هاتووەتە ئاراوە. ڕێکخراوی قاعیدە، بەشێوەیەکی فەرمی دانی بە کوشتنی ئوسامە بن لادن دا نا و بڕیاری تۆڵەسەندنەوەشی دەرکردووە، دیارە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانە کە تۆڵەی لێ دەکەنەوە، ئەمەریکا و پاکستانە.

ڕۆژنامەی (Dawn)ی پاکستانی ڕۆژی شەمەی پێشوو ڕای گەیاند، کە بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری پاکستانی (Inter Services Intelligence) (ISI) شوجا پاشا، بە کارێکی زۆر گرینگ سەفەری بۆ ئەمەریکا کرد، کە ئامانجی سەرەکیی ئەم گەشتەش ئەوەیە کە، هەموو ئەو دوودڵی و بێ باوەڕییەی ئەمەریکاییەکان لەبارەی پێوەندی پاکستان بە ڕێکخراوی قاعیدەوە نەهێڵێ. پێشتر لەگەڵ بەرپرسی CIA لە ئیسلام ئاباد کۆبوونەوەی کردبوو. وا دیارە ئەم دوو هاوپەیمانە، لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا، زۆر شتیان هەیە کە پێکەوە دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکەن.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی (دی ڤێلت)ی ئەڵمانی

Das gefährlichste Land der Welt. D.Böhmer, c.c. Malzahn,s. Mühlmann. www. welt.de. 8-5-2011

تەرتیبی داهاتووی دنیای لیبرالّ

ئینتەرناسیۆنالیزم لە پاشی ئەمەریکا

جۆون ئایکنبێری

گومان لەوەدا نییە کە: سامان و دەسەلّات وا لە جوولەدان و لە باکور و ڕۆئاواوە بەرەو ڕۆهەلّات و باشوور دەبنەوە و ئەو تەرتیبەی پێشتر هەبوو و ولّاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپای تێدا بالّادەست بوو، وا خەریکە ئاوا دەبێ و بەرەو دەولّەتەنا ڕۆئاواییەکان دەبێتەوە. ئەرێ ئەگەر ئەم پێچکە زەبەلاحەی هێز بسووڕێتەوە، پاشتر چۆن سیاسەتی دنیا ڕێک دەخرێ؟

هەندێ لە چاودێرەکان دەلّێن خۆ هەر ئەوەندە نییە کە دنیا لە جاران کەمتر ئەمەریکایی دەمێنێتەوە – بگرە کەمتر لیبرالّیش دەبێ و باسی ئەوەش دەکەن کە جگە لەوەی ولّاتە یەکگرتووەکان بالّادەست نامێنێ، ئەو تەرتیبە کراوەی کە لە ١٩٤٠ەکانەوە، لەسەر بنەوای حوکمی ناونەتەوەیی سەپاوە و دەولّەت تێیدا هەموو شتێکە، ئەویش دەگۆڕێ. بە پێی ئەم بۆچوونە، دەولّەتە تازە هێزدارەکان هزری خۆیان و ئەجێندا تایبەتییەکانیان بۆ ڕێکخستنێکی نوێتری جیهان ئاشکرا دەکەن و ولّاتە یەکگرتووەکانەکی بێ هێز ناتوانێ بەرگری لە سیستەمە کۆنەکە بکا. دەشێ جێ پەنجەی دیاری ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبرالّی پێوەندییەکان لەسەر بناخەی کراوەیی و دامەزراوەیی، وەک ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێسایەکانی فرەلایەنەتی دروست بووە – ڕێگە خۆش بکا بۆ ئەوەی ڕکەبەری پتر پەیدا ببێ و سیستەمی بلۆکەکانیش لێک بترازێ و لایەنەکان پتر کاریگەر بن و تۆڕی بازرگانی نوێ بەدەرکەون و دوژمنداری لە هەرێمەکان چڕتر ببێ.

ئەو دەولّەتانەی ئێستە خەریکن هەلّدەکشێن زۆربەیان ولّاتە گەشەکردووە نا ڕۆئاواییەکانن، ئەمەش ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ. تەرتیبی لیبرالّە کۆنە ناودەولّەتییەکە لە ڕۆئاوا ڕێک خرابوو و دروست کرابوو. بەرازیل و چین و هیندستان و ئەو ولّاتانەی تر کە ئێستا وا بە خێرایی وەدەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

دەکەون، دەستەیەک ئەزموونی نەریتی و سیاسی و ئابووریان هەیە و لە هزری ڕابردووی دژە ئیمپریالی و دژە ئیستیعمارەوە سەیری دنیا دەکەن و هێشتا دەگەڵ گرفتە بنەڕەتییەکانی گەشەکردن ململانێیانە و هیچ پێوەندییەکیان بە کۆمەڵە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکانەوە نییە. ئەو کزییەی هەنووکە تووشی ئابووریی جیهانی بووەتەوە، ئەویش ئەم بۆچوونەی تایبەت بە کزبوونی لیبراڵی ناونەتەوەیی پشت ئەستوور دەکات. دەستپێکی ئەو قەیرانە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، نموونەی لیبراڵی سەرمایەداری ئەمەریکایی شێواند و گومانی ئەوەی پەیدا کرد ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ وەک سەرکردەی ئابووریی دنیا بجوولێتەوە.

ئەم هەموو هۆیانەن کە زۆر لە چاودێرانیان گەیاندووەتە ئەو بەرەنجامەی کە نەک هەر تەنیا خەریکە پاسەوانێکی سیاسەتی دنیا دەگۆڕێ، بگرە ئەو هزر و بۆچوونانەش بەرەو ئەو دۆخە دەبات کە سیستەمی جیهانی پێ بگۆڕێ. ڕۆژنامەنویس گدیۆن ڕاخمەن دەڵێ هێشووی هزرەکانی لیبراڵە ناسیۆنالستەکان – وەک باوەڕبوون بە دیموکراتیزەکردن و متمانەبوون بە بازاڕی ئازاد و قبووڵکردنی بالاهێزی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکان – گومانیان لێ پەیدا کراوە. بەپێی ئەم دنیادیدەنییە، داهاتووی ڕێکخستنی ناونەتەوەیی، لە پێش هەموو لایەک، چین سازی دەدا، لەبەرئەوەی چین ئەو هێزە زەبەلاحە و ئەو سامانە زۆرەی هەیەتی هەمووی بۆ ئەوە دەخاتە گەڕ تا سیاسەتی جیهانی بەرەو نالیبرالی بئاراستێنێ.

گەشبینەکان چین و وڵاتە نا ڕۆئاواییەکانی تر بە نموونە دێننەوە کە ئەوان باشتر لە دەوڵەتە ڕۆئاواییەکان قەیرانە ئابوورییەکەی ئەم جارەیان بەڕێوە برد و مشتومڕی ئەوەشیانە کە سەرمایەدارییەکی ئۆتۆریتاریی (دکتاتۆری)، لە بری هزرە لیبرالییە نوێیە ڕۆئاواییەکان، بەدەر کەوتووە. زانا ستیڤن هالپەر پێی وایە ئەو دەوڵەتە باژێڕانەی کە بەدەرکەوتوون (خەریکن فێر دەبن بە پرۆسەیەک بازاڕە ئابوورییەکان لەگەڵ سیاسەتی نەریتی ئۆتۆکراتی یان نیمچە ئۆتۆکراتی تێکەڵی یەکتری دەکەن. ئەمەش هێمای ئەوەیە کە هزرمەندان ڕەفزی نموونەی ئابووریی ڕۆئاوایی دەکەن.)

بەڵام ئەم بۆچوونە لێخنەیە ڕاستییەکی قوواڵتر لە بیرە خۆی دەباتەوە: هەرچەندە شوێنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناو سیستەمی جیهانیدا وا دەگۆڕێ، بەڵام تەرتیبی لیبراڵیی ناونەتەوەیی هێشتا هەر زیندووە و دەستی لێ نەدراوە. ئەو خەباتەش کە ئێستا دەکرێ، لە پێناوی بنەوا گرینگەکانی تەرتیبی ناونەتەوەیی نییە. نە چین و نە زلهێزە تازە ئیجادەکان نایانەوێ ڕکەبەری ڕێسا بنەڕەتی و بنەواکانی تەرتیبی لیبراڵیی ناونەتەوەیی بکەن: بگرە ئومێد دەخوازن دەسەڵاتی پتریان وەدەست بێ و سەرکردایەتی بکەن.

لە ڕاستیدا گواستنەوەی دەسەڵاتی ئێستە ئەوە ناگەیەنی کە تەرتیبی لیبراڵی دۆڕاندی، بەڵام واتەی ئەوەیە کە لیبراڵی گەیشتووەتە لووتکە و ئیتر لەمە باڵاتر نابێ. برازیل و چین و هیندستان لە پێشان گەشاوەترن و لەناو سیستەمی ئێستای ناونەتەوەییش لە جاران بە تواناترن – واتە

سوود لە ڕێسا و کارایی و دامەزراوەکانی وەک ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و G - 20 (گی ـ ٢٠)یش وەردەگرن. سەرکەوتنی ئابووریان و پتربوونی کاریگەرییان بە ڕێکخراوی سیاسەتی جیهانیی ئینتەرناسیۆنالیستی لیبرالّی بەستراوەتەوە و ئەوانیش بەرژەوەندیی زۆریان لە پاراستنی ئەم سیستەمەدا هەیە.

لەم کاتەشدا، لە برێنەکانی (بەدیلەکانی) تەرتیبێکی کراوەی ڕێکوپێک هێشتا ڕوون نەبووەتەوە. هەرچەندە سیستەمی جیهانی لە دە ساڵەی ڕابردوو تووشی گەلەک نەهامەتی بووە– لەوانە بەدەرکەوتنی هێزە نوێیەکان و ڕکەبەری توند لە نێوان هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئەو نیازەی کە ولاتە یەکگرتووەکان هەیەتی بۆ ئەوەی دنیا تاکە جەمسەر بێ و جەمسەرەکەش هەر خۆی بێ و قەیرانی دارایی جیهانی و هەلایسانی ئابووری – بەلام خۆ هێچ شتێک نییە جێی تەرتیبی ئێستای ئینتەرناسیۆنالّی لیبرالّی بگرێتەوە. بەپێچەوانەوە، هەلّکشانی هێزە نا ڕۆژئاواییەکان و گەشەکردنی ئابووری و سەربەخۆیی لە بواری ئاسایشدا، بوارەکەی باشتر بۆ تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالّی ڕێک خستووە.

گومان لەوەدا نییە کە سامان و هێز کەمتر لە بەردەستی ولاتە یەکگرتووکان دەمێننەوە و ئیتر کەمتر لە جاران دەتوانێ سیاسەتی دنیا دابڕێژێ. بەلام سیستەمی ئینتەرناسیۆنالّی لیبرالّی هەر دەمێنێ و گەشەش دەکات. ڕەنگە ئێستە باشترین کات بێ بۆ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە دیموکراتییەکانی سەردەمێکی نوێ بۆ تەرتیبێکی لیبرالّی نوێ بکەنەوە کە بەمسۆگەری بەردەوام دەبێ و ئەو ئاسایش و گەشکردنەشی دەهێنێتەوە کە توانی بە درێژاییی سەدەی بیستەمین بیپارێزێ.

هەلّکشانی لیبرالّی

چین و هێزە بەدەرکەوتووەکانی تر هەروا مل لەبەر ملی ئەو ڕێکخستنە نانێن کە ئەمەریکا یان سیستەمی ڕۆژاوا دای تاشیوە. بگرە بەرەنگاری تەرتیبێکی ئینتەرناسیۆنالّی بەرفرەتر دەبن کە ئەوپەڕ پێشڤەچووە و بەرفرەوانە و چڕ و یەکگرتووە و دامەزراوەییە و ڕەگی قوولّیشی لەناو کۆمەلّدا کوتاوە و بە دوای ئابووریەکانی دەولّەتە سەرمایەدارە پێشڤەچووەکان و ئەو دەولّەتانەشدا دەچن کە گەشە دەکەن. لەناو سەدەی بووریدا ئەم تەرتیبە توانی ئەو هێزانە بتاوێنێتەوە کە هەلّدەکشان و هەر جیاوازییەکی سیاسی و نەرێتیش بهاتایەتە ڕێ هەموویان ڕێک دەخست.

ئەم تەرتیبە ئینتەرناسیۆنالّەی ئێستا هەیە بەرهەمی دوو پرۆژەی ڕێکخراو بوون کە چەندان سەدە بەر لە ئێستا دەستیان پێ کردووە. یەکیان داهێنان و فرەوانبوونی سیستەمی هاوچەرخی دەولّەتە، ئەمەش پرۆژەی ئاشتی وێستفێلّیایە Peace of Westphalia کە هی ١٦٤٨ە. لەو کاتەوە پرۆژەکە ڕێسا و بنەواکانی پێوەست بە سەروەریی دەولّەت و چۆنیەتیی هەلّسوکەوتی زلهێز

دەستنیشان و بڵاو دەکاتەوە. پڕۆژەی دووەمیش دروستکردنی تەرتیبی لیبراڵییە، بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان لە دووسەت ساڵی ڕابردوو ئەو تەرتیبەیان ئیدارە دەدا و لە سەدەی بیستەمینیش هەڵکشانی دەوڵەتە دیموکراتە لیبراڵەکان یارمەتییان دا. دوو پڕۆژەکە شانبەشانی یەکتری کاریان کردووە. پڕۆژەی وێستفێلیا جەختی لەسەر چارەسەری گرفتی –ڕاستی– دامەزراندنی پێوەندییە تووندوتۆڵ و هاریکاریی نێوان دەوڵەتە مەلەکییەکان کرد و پڕۆژەی دروستکردنی تەرتیبی لیبراڵیش تەنیا لەگەڵ ئەو کاتانەدا دەگونجێ کە پێوەندییەکانی نێوان زلهێزەکان سەقامگیر دەبێ. گرفتەکانی گێرەشێوێنی و نائارامی دەبێ بە چاکی چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی سوود لە هەلە ڕەخساوەکانی دروستکردنی پێوەندیی ڕەها و ڕێکوپێک ببینن.

پڕۆژەی وێستفێلیا لە هەموو شتێک پتر لای سەروەری دەوڵەت و پێوەندییەکانی نێوانی زلهێزەکان دەگرێ. بنەوا ڕەسەنەکانی سیستەمی وێستفێلیا –کە سەروەری و یەکەتیی خاک و دەست تێوەرنەدانن– کۆکییەکی ئاوای لێ پەیدا بوو کە دەوڵەتانی کردنە ئەو یەکە سیاسییە خاوەن ئەو مافەی کە دەتوانن دەسەڵاتی شەرعی بۆ خۆیان دابمەزرێنن. وێستفێلیا لە ئەورووپای ڕۆئاوا پەیدا بوو و پاشان پەلوپۆی لێ ڕاکێشا تا هەموو جیهانی گرتەوە. نەریت و بنەوای نوێی لە جۆری مافی چارەی خۆنووسین و دانپێدانانی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتە خودان سەروەرییەکان، لەو چوارچێوەدا پەیدا بوون و ئەمەش هێشتا بالادەستی دەوڵەتی بەهێزتر و دەسەڵاتی دەوڵەتی تووندتر کرد.

بە پێی ڕێگرییەکانی سەروەری و مافی چارەی خۆنووسین، ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی بۆ نەهێشتنی داگیرکاری و بۆ سەربەخۆیی لە وڵاتە نا ڕۆئاواییەکە گەشەدارەکان خەباتیان دەکرد لەو دەیان ساڵەی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا، تووشی چەڵەمە و گرفتی خۆیان هاتبوون. بنەواکانی وێستفێلیا پێشێل کران و پشتگوێ خران، بەڵام هەر بە خراپترین بەشی تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی ناسرا بوون کە لە هەموو بەشەکانی تر پتر لە سەریدا کۆک بوون.

ڕێکخستنەکانی پاش شەڕی: ئەوانی وەک دانووستانەکانی ڤیێنا لە ١٨١٥ و ڤێرسای لە ١٩١٩ و یالتا و پۆتسدەم لە ١٩٤٥ و وڵاتە یەکگرتووەکان و سۆڤیەت و ئەورووپاییەکان کە شەڕی ساردی بڕییەوە و ئەڵمانیای یەک خستەوە لە سەرەتای ١٩٩٠ەکان، ڕێی زلهێزەکانیان دا بۆ ئەوەی بنەوا و پیادەکردنی پێوەندییەکانیان نوێ بکەنەوە. زلهێزەکان لە شەڕ و لە دامرکاندنەوەی شەڕەکان فێر بوون چۆن لەناو سیستەمێکی فرە جەمسەری پارسەنگدراودا کار بکەن. لەگەڵ زەمان، تەرتیبەکە وەک سیستەمێکی نامەرکەزی پاریزرا بۆ ئەوەی دەوڵەتە سەرەکییەکان لە نێوان خۆیاندا ململانێ بکەن و لە بەرانبەر ئەوانی تریشدا پارەسەنگی هێزەکانیان بدەن.

لێ خۆ ئەمەشیان گۆڕا. زلهێزەکان چەند بنەوایەکیان پەرە پێ دا و هەندێ کاری ئاواشیان کرد کە بتوانن دان بە خۆیاندا بگرن و ڕێک بکەون، ئەمەش لە بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بوو. لە کۆنگرەی ڤیەنا لە ١٨١٥، کە فرەنسا لە دوای ناپۆلیۆنی دووبارە گەڕاوە ناو یانەی زلهێزەکان و

سیستەمێکی پارلەمانی بۆ بەڕێوەبردنی ڕکەبەرییەکان دامەزرا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئێستە کە دیوەخانێکی گەورەیە بۆ ئەوەی زلهێزەکان لەوێ ڕاوێژی یەکتری بکەن، ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەو کۆششانەن کە کراون بۆ ئەوەی ڕێسا و میکانیزمی ئاوا دابهێنن کە توانای دان بەخۆداگرتن و ڕێککەوتن لە جاران پشترِاستتر بکا.

پرۆژەی ڕێکخستنێکی لیبرالّی لەسەر بناخەی سیستەمە پێشکەوتووەکەی پێوەندییەکانی وێستفێلیا دامەزرا. لە سەدەی نۆزدەمین، ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبرالّ لە شانشینی یەکگرتوو، لە ئەنجامی داخوازیکردنی بازرگانیی ئازاد و ئازادی دەریاکاندا پەیدا بوو. بەلّام هەر سنووردار بوو و لەگەلّ ئیمپریالیزم و داگیرکاری وێکڕا بوون. لە سەدەی بیستەمینیش، ولّاتە یەکگرتووەکان لە چەند لایەنێکەوە ڕێکخستنی لیبرالّی وەپێش برد.

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، سەرۆک وردۆو ولّسن و هەندێ لیبرالّانی تر پالّپەستۆیان لە پێناوی تەرتیبێکی ئینتەرناسیۆلی کرد کە لە دەوری دامەزراوێکی کۆمکاریی ئاسایشی جیهانیدا ڕێک بخرێ کە کۆمکاری نەتەوەکان League of Nations بوو. لە چوارچێوەی کۆمکاری نەتەوەکاندا دەولّەتان پێکڕا دەبوو کار بکەن بۆ ئەوەی پشتیوانی لە سیستەمێکی ئاشتی هەرێمایەتی بکەن.

بازرگانیی ئازاد و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی و ئەو باوەڕەی بە گۆڕینێکی هەنگاو بەهەنگاوی جیهانی پشتیوانیی دیدەنەکەی ولّسنیان کرد. دیدەنی (دنیایەک)ی ئەو دەولّەتە نەتەوەییانەی کە بەپێی یاساییەکانی سیستەمی فرە لایەنە، بازرگانی دەکات و کاردانەوەی دەبێ. بەلّام لە سەردەمی شەڕدا کە سیستەمە ئابووریی و کوتلە ئیمپڕاتۆرییەکان داخران، ئەم ئەزموونەی ڕێکخستنی لیبرالّییەش هەرەسی هێنا.

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، بەڕێوەبەرایەتی سەرۆک فرانکلّن ڕۆزڤێلّت ویستی دووبارە تەرتیبی لیبرالّی ڕێک بخاتەوە و هانی سیستەمی بازرگانی کراوە و ڕێکخراوێکی جیهانیی دا کە لە ناویدا زلهێزەکان هاریکاری یەکتری بکەن بۆ ئەوەی ئاشتی بپارێزن – ئەمەشیان نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

ئەو ئەندازیارە ئەمەریکاییانەی تەرتیبی دوای شەڕیان ڕێک خست، سوودیان لە هەلّەکانی ولّسن وەرگرت و بیرۆکەشیان لە ڕێککەوتنە نوێیەکە وەرگرت و هێشتا هزری پێشکەوتووتریشیان سەبارەت بە هاریکاریی ئابووری و سیاسی پێشکێش کرد و لە دامەزراوەکانی بریتن وودز Bretton Woods دا بەرجەستەیان کردن. لە بنەڕەتدا ئەم بۆچوونە ڕوح و دیدەنییەکی جیهانیی هەبوو، لێ پاشان پتر ڕادەستی سیستەمی ئەمەریکایی و ڕۆئاواییان بوو. ئەمەش بە هۆی لاوازیی ئەورووپای دوای شەڕ و چڕی گرژی لەگەلّ یەکەتی سۆڤیەت ئاوای لێ هات. کە شەڕی ساردیش نەما، جا ولّاتە یەکگرتووەکان جلّەوی سیستەمەکەی وەرگرت و لە ئاستی ئاسایش و ئابووریشەوە، چەندان

ئیلتزام و ڕۆڵی کارامە پێڕەو دەکات. بۆیە سیستەمە ئابووری و سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، ناوەندی سیستەمێکی لیبراڵی بااڵدەستی گەورەتریان پێک هێنا.

پێشوەچوونێکی تری ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبراڵی بە نەرمی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا دەست پێ کرا، جا با هەر هێواشتر خۆی گرتبێ و پێشبڕکێی دەگەڵ لایەنەکانی سیستەمی وێستفێلیا کردبێ. ئەمەشیان باری مافەکانی مرۆڤی جیهان بوو کە لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان و جارێ جیهانی مافەکانی مرۆڤدا بەرجەستە بوون. ئەو ڕیزە نەبڕاوەیەی ڕێککەوتن و پەیمانانەی پاشتر هاتن، پێکڕا بۆچوونێکی نائاساییی مافەکان و تاکە کەسەکان و سەروەری و تەرتیبی جیهانی نوێیان پێک هێنا. لەو دەیان سااڵنەی پاشی شەڕی سارد، هزرەکانی (بەرپرسیاریەتی بۆ پاراستن) ماف و ئیلتزامی یاسای بە کۆمەڵی ناونەتەوەیی داوە بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری دوڵەتانی خودان سەروەری وەربدات.

لەو ڕووناکییەوە دەبینین کە تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی هاوچەرخ نە ئەمەریکایی و نە ڕۆژئاواییە _ تەنانەت ئەگەر واش بێ، لەبەر هۆیە مێژووییەکان بوو کە لە سەرەتادا وا پێ دەچوو. هەندێ جار زۆر فراوانترە. لەو دەیان سااڵنەی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا، وڵاتە یەکگرتووەکان وەک سەرکردەی بااڵدەست وەدەرکەوت و هەموو ئیمتیازات و بەرپرسیارییەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سیستەمەکەی لە ئەستۆی خۆی گرت و سەرپەرشتی تەرتیبێکی ئینتەرناسیۆنالی گەلەک بەرفراوانی کرد کە لە دەوری دامەزراوە فرەلایەنەکان و هاوپەیمانەکان و پێوەندییە تایبەتەکان و دەوڵەتە کرپارەکانییەوە ڕێکخراوە _ کە تەرتیبێکی قووچەکی (هەرەمی)یە و تایبەتمەندییە لیبراڵییەکانی هەیە.

لێ لەو کاتەی کە ڕێکخراوی بااڵدەستی تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی لیبراڵی وا دەستی پێ کردووە دەگۆڕێ، لایەنە قووچەکییەکانی لەناو دەچن، بەاڵم لایەنە لیبراڵییەکانی هەر ماونەتەوە. جا هەر چەندە چین و ئەو دەوڵەتانەی تازە هەڵدەکشێن هەوڵ دەدەن ڕکەبەری دەگەڵ سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن – و بێگومان لەسەر مافەکان و ئیمتیازاتەکان و بەرپرسیاریەتییەکانی دەوڵەتە سەرکردەکان دەناو خودی سیستەمەکەدا خەباتێک لە ئارادایە – تەرتیبێکی قووڵتری ئینتەرناسیۆنالی هەیە کە هەر دەستی لێ نەدراوە. هێزە هەڵکشاوەکان هاندەر و هەلیان لە پێشدا ڕەخساوە بۆ ئەوەی بێنە نێو تەرتیبەکە و تێیدا بتوێنەوە و ئەم کارەشیان بۆ ئەوەیە بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەپێش بخەن. ڕێی هاوچەرخبوونی ئەو دەوڵەتانە بەناو تەرتیبە ئینتەرناسیۆنالییەکەی ئێستادا ڕەت دەبێ – نەک لێی دوور دەکەوێتەوە.

هاتنە ناو یانەکە

خۆ تەرتیبی ئینەترناسیۆنالی لیبراڵی هەر تەنیا کۆگردەی دەوڵەتە دیموکراتە لیبراڵەکان نییە، بگرە کۆمەڵێکی یارمەتی هاوبەشی ئینتەرناسیۆنالییە – ئەمەش جۆرە یانەیەکی سیاسیی

جیهانییه ئەو ئامێرانه بۆ ئەندامەکانی ئاماده دەکات که بۆ وەپێشخستنی ئابووری و سیاسی پێویستیان پێیان دەبێ. پشکدارانی ئەو تەرتیبە، له کاتی قەیرانەکاندا، هەلی بازرگانی و میکانیزمی چارەسەری ناکۆکییەکان و کاری هاوبەش و خۆ ڕێکخستن و ئاسایش پاراستن و سەرچاوەکانیشیان بۆ مسۆگەر دەبێ. وەک چۆن گەلێک هۆی جیاواز هەن بۆ ئەوەی ولاته هەڵکشاوەکان تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی لیبراڵی پێڕەو بکەن، گەلێک ڕێگری بەهێزیش له پێش ئەو بەرهەڵستکارانەیدا هەن که دەیانەوێ هەڵی وەشێننەوە.

له سەرەتادا، ئەو دەوڵەتانەی له هەڵکشانن بەرژەوەندیی گەورەیان له سیستەمێکی کراوەی ڕێکوپێکدا هەیە. کراوەیی ڕێگەیان پێ دەدا – بۆ بازرگانی و وەبەرهەمهێنان و پشکداریکردنی زانییارییەکان – بە ناو کۆمەڵەکانی تر بکەون. ئەگەر له چەند دە ساڵەی بووریدا، چین و دەوڵەته هەڵکشاوەکان، بەبێ سنوور، له ولاته یەکگرتووەکان و ئەورووپادا بەرهەمهێنانیان نەکردبا، زۆر هێواشتر بەو ڕێیەی پێشوەچوونیان دەگەیشتن. که ئەو ولاتانه گەشە دەکەن، تووشی گەلێک کاردانەوەی خۆپاراستن و هاوێر دێن: ئەمەش ئەو ولاتانه دەیکەن که گەشەکردنیان کەمە و ڕووبەڕووی هەڕەشەی نەمانی کار و زیانی بازارەکانیان دەبنەوە. له ئەنجامدا، دەوڵەته هەڵکشاوەکان ئەو یاسای و دامەزراوە پڕ بایەخانه دەدۆزنەوە که پشتی جودا نەکردنەوە و یەکسانی دەگرن.

ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی – که فەرمیترین و پێشکەوتووترین دامەزراوی تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی لیبراڵییە – ئەم یاسا و ڕێسایانه پێڕەو دەکات، هەر بۆیەشە دەوڵەته هەڵکشاوەکان به مەراقەوەن بۆ ئەوەی پێوەندیی پێوە بکەن و ئەو ماف و پاڕێزگارانییەیان وەدەست بێ که ئەو دامەزراوە پێشکێشی ئەندامانی دەکات. چین ئێستا به چڕی لەناو سیستەمی ئابووریی جیهانیدا بەشداره و هەناردە ٤٠ له سەتی پوختەی بەرهەمی نەتەوەیی پێک دێنێ و لەمەش ٢٥ له سەتی بۆ ولاته یەکگرتووەکان دەنێردرێ.

دەشێ چین هێشتا پتر لەناو سیستەمی لیبراڵیدا بچەقێ، لەبەرئەوەی گەرەکیەتی یوان ڕکەبەریی دۆلاری ولاته یەکگرتووەکان بکا و ببێته دراوێکی ئینتەرناسیۆنالی. ئەگەر ئەم بایەخەی نەدرێتێ، ئەم کاره بێهاوتایه دەتوانێ لەنگەر به ڕێژەی ئاڵوگۆڕی پارەی چینی بگرێ و له بواری سیاسەتی سەرتاسەری ئابووریشدا، سەربەخۆییەک بۆ سەرکرده چینییەکانیش فەراهەم بکا. بەڵام ئەگەر چین بیەوێ یوان بکاته دراوێکی جیهانی، پێویستی دەبێ که کەمتر کۆنترۆڵی دراوەکەی بکا و یاسا و دامەزراوە داراییە ناوەخۆییەکانیشی بەهێزتر بکا. وەک ئەوەی ئێری ئیخنگرین و مێژوونووسه ئابووریەکانی تریش دەڵێن، له دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوەڕایه که دۆلاری ولاته یەکگرتووەکان ڕۆڵی ئینتەرناسیۆڵی خۆی دەست پێ کردووه و نەک تەنیا لەبەرئەوە بووه که ئابووریی ولاته یەکگرتووەکان گەوره و فراوان بووه بگره لەبەرئەوەی ولاته یەکگرتووەکان بازارە داراییەکان و دامەزراوە ناوەخۆییەکانی خۆی – به ئابووری و سیاسیشەوە – فره پێش

خستووە و سەقامگیر و کراوە بوونە و لە سەر بنەوای حوکمی یاسا چەسپاوە. چین هەست بە پاڵەپەستۆی زۆر دەکات بۆ ئەوەی ئەم چەشنە مەرجە پێشبینییانە پێڕەو بکا ئەگەر قازانجەکانی دراوێکی جیهانی بوێ.

ئەو نوخبانەی لە برازیل و چین و هیندستان و شوێنەکانی تریشدا هەن و ئاراستەی ئینتەرناسیۆلیستییان هەیە، وا لەناو کۆمەڵەکانی خۆیاندا کاریگەرییان پتر دەبێ و خەریکن جغزێکی جیهانی بەرفراوان بۆ تەرتیبێکی کراوە دادێنن کە لە سەر بنەوای ئینتەرناسیۆنالی قیت دەبێتەوە.

ئەو نوخبانە بەشێکی ئەو موعامەلە گەورانە نەبوون کە لە دە ساڵەکانی دوای شەڕیدا، بناخەی تەرتیبی لیبراڵییان دانا، بۆیە ئێستا بۆ دەستنیشانکردنەوەی پایەی ولاتەکانیان لە سیستەمەکەدا، خەریکن دانووستان دەکەنەوە. بەڵام هەر چۆنێک بێ، هێشتا هەر پێڕەوی حوکم و یاساکانی تەرتیبە کۆنەکە دەکەن و دەخوازن ئەو پارێزگاری و مافانەشیان هەبێ کە لە تەرتیبی بەرگریی سەروەری وێستفێلیادا هاتووە و بایەخیش بە دەسەڵاتی زلهێز دەدەن. ئەو پارێزگاری مافانەیان دەوێ کە پێوەندی بە بازرگانی و وەبەرهێنانەوە هەیە و دەشیانەوێ ڕێسا و یاساییەکانی ئینتەرناسیۆلیزمی لیبراڵی وەک بنکەکان بەکار بێنن بۆ ئەوەی کاریگەرتر بن و لە ناوەوەی ولات و لە دەرەوەیشی شەرعیەت وەدەست بێنن. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و گی ۲۰ G-20 و دەستگە دەسەڵاتدارەکانی دامەزراوەکانی بڕێتن ودز _ ئەو پەیژانە پێک دێنن کە ئەو دەوڵەتە نا ڕۆئاواییانەی هەڵدەکشێن، دەتوانن دەسەڵاتی زلهێزانیان تێدا وەدەست بێنن و سەرکردایەتی جیهانیش لەوێوە بکەن.

هیچ تەرتیبێکی تر نا

لەم کاتە هیچ مەنتقێکی ڕێکخراوی جیهانی نییە کە بتوانێ پێشبڕکێی ئینەتەرناسیۆنالیزمی لیبراڵی بکا، لێ ڕەنگە بەدیلی تەرتیبێکی نالیبراڵی وەک – (نموونەکەی بێیژینگ) –لە دەوری کوتلە دوورخراوەکان و مەیدانە کاریگەرەکان و تۆڕە بازرگانییەکاندا ڕێک بخرێ. ئەمەشیان کەمتر کراوە و بنەوای یاسایی کەمتری دەبێ و وەبن دەستی پێوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەت دەکەوێ. بەڵام لە ئاستی جیهانیدا، ئەم چەشنە سیستەمە هیچ لە بەرژەوەندییەکانی هیچ کام لە دەوڵەتە گرینگەکان بە چینیشەوە، بۆ پێشەوە نابات. نموونەکەی بێیژینگی تەنیا ئەو کاتە سوودی دەبێ کە دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک بەشێوەیەکی هەلپەرستانە سیستەمێکی کراوەی بازاڕەکان بۆ خۆیان بەکار بێنن. بەڵام ئەگەر هەر لایەنێک وەسا بکا، ئیتر خۆ سیستەمی کراوە نامێنێ، بگرە سیستەمەکە دەبێتە سیستەمێکی کەل و بازرگانی و پارێزراو و ئاڵۆز و ئیتر هەموو لایەک نەهامەتی لێ دەچێژێ.

دەگونجێ چین بەو ئاراستەیەدا بڕوا، لێ هەینێش هەر نابێتە ئەو بااڵدەستە نالیبراڵەی کە دان

بە یاسا و دامەزراوە جیهانییەکاندا بنێ. بە کورتی، وەک گێرەشێوێنێک دەمێنێتەوە و هەوڵ دەدا لە ناوەوە و لە دەرەوەی تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی لیبرالیدا کار بکا. لەم دۆخەشدا، نموونە ئۆتۆریتارییە پێشوەچووەکەی چین، لە بەرهەڵستیی پاڵەپەستۆی لیبرالیزە و دیموکراتیزەکردن، سەر دەکەوێ. بەڵام ئەگەر هەموو دنیا بەرەو ئەم نموونەیە نەچێ، چین بە ناچاری مل دێنێتە بەر ئەو پاڵەپەستۆیانەی کە ڕێساکان لێی دەکەن. کە لە فێبرایری ٢٠١١ سەرۆکی برازیلی، دیلما ڕۆسێف، هاوشێوەی وەزیری گەنجینەی وڵاتە یەکگرتووەکان، تیمۆتی گیتنەر، نیگەرانیی خۆی لەمەڕ سیاسەتی دراوی چینی دەربڕی، لەو کاتەدا دایناميکەکە دەبینرا. چین دەتوانێ بە خۆڕایی پێوەندی بە تەرتیبی ئینتەرناسیۆلی لیبرالییەوە بکا، بەڵام ئەگەر وا بکا تۆڵەکەیشی دەدا _ و ئەوجاش ناتوانێ بۆچوونی نالیبرالیی خۆی بەسەر هەموو دنیادا بسەپێنێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتاکە دیموکراسی و حوکمی یاسا پەرچەمی هاوچەرخی و حوکمڕانی شەرعی لە دنیادا بەرز دەکەنەوە. هەرچەندە ڕاستە کە بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لەم ساڵانەی دواییدا ڕەگی داوە و ڕاستیشە کە چینی ئۆتۆریتاری لەو قەیرانە ئابوورییەی ئەم دواییەدا باشی بەسەر برد، لێ خۆ هێشتا بەڵگەی ئەوە هەیە کە دەوڵەتە ئۆتۆریتارییەکان دەتوانن ببنە کۆمەڵی پێشکەوتوو بێ ئەوەی یەک هەنگاویش بەرەو دیموکراتی لیبرالی بچن. شەرعیەتی حوکمی یەک حزب لەناو چین، لەسەر بناخەی ئەوە ڕاوەستاوە کە چین توانیویەتی گەشە بە ئابووری بدات و هەموو کەسێک بەکار بخات، نەک ئەوەی کە لەسەر بنچینەکانی ئۆتۆریتاری – حزبی شیوعی– خۆی ڕاگرتبێ.

کیشوەر مەحبوبانی، زانایەکی سنگاپوورییە، بەرگری لە هەڵکشانی چین دەکا و یێژێ: (چین ناتوانێ ئامانجی بوونە کۆمەڵێکی هاوچەرخی پێشڤەچوو بپێکێ، تا بازێک هەڵنەدا و ڕێگە بە گەلی چین نەدا تا بە خۆیان فەرماندارەکانیان بۆ خۆیان هەڵنەبژێرن.) کەس نازانێ چاکسازیی دیموکراسی لە چین تا کوێ دەچێ و چەند بە خێراییش چێ دەبێ، بەڵام گەشەداریی چینی ناوەندی نوخبەی پیشەوەران و گرووپەکانی مافەکانی مرۆڤ پاڵەپەستۆی پتریان بۆ دەکەن. گومان لەوەدا نییە کە ڕەنگە حکوومەتی چینی لە بەردەوامیی حوکمی درێژخایەنی یەکلایەنە و لەو شۆڕشانەی لە دژی ڕێژیمە ئۆتۆریتارییە عەرەبەکان دەکرێ نیگەران بێ و هەوڵیشی داوە ڕێگە لە کۆبوونەوەکانی قوتابیان بگرێ کۆنترۆڵی تەواوی ڕۆژنامەوانی بکات.

لە دەرەوەی چینیش، دوموکراسی بووەتە نەریتێکی نیمچە جیهانی. وەک ئەوەی ئابووریناس ئامارتیا سەن نووسیویەتی:– (دیموکراسی تا ئێستا لە هەموو جیهاندا نە پێرەو کراوە و نە پەسندیش کراوە: بەڵام لە کشەی گشتیی ئێستاکەی دنیادا، حوکمی دیموکراتی گەیشتووەتە ئەو پلەیەی کە بە گشتی بە ڕاست بناسرێ.) هەموو دامەزراوە سەرەکییەکانی سیستەمی جیهانی دیموکراسی وەک شێوەیەکی ڕاست و ڕەوانی حوکمڕانی دەپارێزن _ و تەنانەت هیچ کام لە ڕێبازە سیاسییەکان خۆی لێ لاچەپ نەگرتووە.

ئەو داکشانە تازەیەی ئابووری کە لە دوای شەڕەوە تا ئێستا یەکەم نسکۆ بوو تووشی ئابووری هات و دەسپێکی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەدەرکەوت، گومان لەبارەی ئەو ئابووورییە جیهانییە و ڕێبازی ئابووریی واشنتۆن پەیدا دەکات کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێشەکییانە. ڕیبازەکانی لیبرالیزمی نوێ ڕەسەنایەتی (فەندیمێنتالیزمی) بازاڕ چیی تر متمانەیان پێ ناکرێ و بەتایبەتیش ئابووریە تازە بەدەرکەوتووەکان هەر متمانە بەو کۆنانە نادەن. بەڵام ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبرالی نە وەک لیبرالیمی نوێیە و نە وەک ڕەسەنایەتیی بازارە. ئەو ئینتەرناسیۆلیزمە لیبرالەی لە ١٩٤٠ەکان وڵاتە یەکگرتووەکان سازی دا، کۆمەڵێک هزرۆکەی شمولی لەبارەی بازاڕ و کراوەیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی نیشان دا. ئەویش کۆشش بوو، کرا بۆ ئەوەی ئابوورییەکی کراوەی جیهانی ساز بدات و لەگەڵ حاڵباشیی کۆمەڵ و سەقامگیربوونی کارکردندا ڕێکیان بخات. سەرکردەکانی لە پاش شەڕدا هاتن و زانییان کە بەردەوامی پشتیوانی لێکردنی ناوەخۆ لەو کراوەییە ڕەنگە مسۆگەر ببێ ئەگەر وڵاتان دەست بە پاراستنی کۆمەڵ بکەن و ئەو ڕێنوێنییانە دەربکەن کە پاسەوانی سەقامگیریی ئابووریی دەچەسپێنێ.

هزری ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی ئابووری لە ١٩٤٠ پێکڕا پەیدا بوون و ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنێکی نوێ و بیرکردنەوەی شەڕی دووەمی جیهانی بوو بۆ ئەوەی بزانن دیموکراسییەکان چۆن دەپارێزرێن و سەقامگیر دەبن. بەڵگەنامەی ئەتڵانتیک لە ١٩٤١، ڕۆزڤێڵت و چێرچڵ جارێیان دا و ڕێککەوتنەکانی بریتن وڵدز لە ١٩٤٤ دەستپێکی ئەو هەوڵانە بوون دران تا بۆچوونێکی ئابووری کراوە و سەقامگیریی کۆمەڵ کارا بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان کارێکی چاک دەکات ئەگەر هەوڵ بدا بگەڕێتەوە و ئەو بۆچوونە کارابکەنێ بدا. جیهان کراوەیی و بازارەکان ڕەفز ناکات: بگرە داوا دەکەن هزری بەرفرەتر بۆ سەقامگیری و ئاسایشی ئابووری تەتەڵە بکرێ.

هۆیەک بۆ دڵنیابوونەوە

هێزە هەڵکشاوەکان هۆیەکی تریشیان دەبێ بۆ ئەوەی بەو ڕێسا جیهانی و دامەزراوانە قایل بن: ئەگەر وا بکەن، ئەوە لە کاتی گەشەکردنیاندا، دراوسێکانیان دڵنیا دەکەنەوە. ئەگەر چین بەهێزتر بێ، ئەوە ئاسیشی دەوڵەتە دراوسێیەکانی کەمتر دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر دوژمندارییان بکا و مەیلە شۆڕشگێرییەکانی خۆی نیشانیان بدات. لەبەرئەوەی ئەم نیاز بەدیار خستنە چەخماخە بە کاردانەوەی پارسەنگدان دەکات، بۆیە دەڵێین بێیژیگ هاندەری هەیە بۆ ئەوەی هێوری خۆی نیشان بدات. بۆ ئەمەش پشکداری لە دامەزراوە جیاوازە هەرێمی و جیهانییەکاندا پشکدار بێ. ئەگەر چین ئومێدی بێ قەناعەت بە دراوسێیەکانی بێنێ کە دەیەوێ لە ڕێگەی (ئاشیتییانە هەڵکشێ) پێویستییەتی پتر خۆی لە تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی ڕابێنێ و لێی پشکدار بێ.

چین تامی ئەو پاشەکشەکردنەی چێشتووە. پارەکە، سوپاکەی زنجیرەیەک جوولەی تووڕەئامێزی لە دەریای باشووری چیندا کرد – هەندێکی مەشقی دەریایی بوو – و چەند کارێکیشی ئەنجام دا

بۆ ئەوەی پشتی ئەو خوازیارییانەی حکوومەت بگرێ کە گوایە سەروەری بە سەر چەند درگە و ئاوێکدا هەیە. زۆر لەو ولاتانەی کە بە گۆتەکانی چین قایل نینە، لە چوارچێوەی یانەی هەرێمیی کۆمەڵەی نەتەوەکانی باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا (ئاسیان)ASEAN، لە تەموزی، بۆ ڕەفزکردنی چاوسوورکردنەوەکانی چین و بۆ جەختکردنەوەی ئازادیی ئاوەکانی ئاسیا و بۆ ڕێزگرتنی یاسایی ناودەوڵەتی، پێوەندییان بە ولاتە یەکگرتووەکانەوە کرد. لە سێپتێمبەریش، گەمییەکی ڕاوەماسیی چینی لە نێزیک ئەو درگانەی ژاپۆن لە دەریای باشووری چیندا بەڕێوەیان دەبات، خۆی بە دوو کەشتی زێرەڤانی کەنارەکانی ژاپۆندا کێشا. لە پاش ئەوەی ژاپۆنییەکان دەستەی گەمییەکەیان گرت، چین بە چەشنێک وەڵامی داوە کە ڕۆنامەنڤیسێکی ژاپۆنی باسی کرد و نووسی: (هەڵمەتی _تۆقاندن و ترس_ی دپلۆماتی،) پێوەندییەکانی لە ئاستی وەزیرەکان هەڵدەواسێ و داوای لێبووردن دەکات و چەند کرێکارێکی ژاپۆنی لە چین دەگرن و ڕێش نادا کانزا دەگمەنەکانی زەوی بۆ ژاپۆن بنێردرێن. ئەم هەموو کردەوانە _ کە بە سیاسەتێکی دوژمنکارانەی دەرەوە سەیر دەکرێ – ئاسیا و ژاپۆن و کۆریای باشووری ناچار کرد خۆیان پتر لە ولاتە یەکگرتووەکان نێزیک بکەنەوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری و هێزی سەربازیی چینی، دراوسێکانی پتر لە جووڵەی دوژمنکارانەی چین نیگەران دەبن، بۆیە ئەرکی بێیژیگە ترسەکانیان بڕەوێنێتەوە. خۆ ڕەنگە هەموو نوخبە چینییەکان پێیان خۆش نەبێ دان بە خۆیاندا بگرن. بەڵام تا ئەو ڕادەیەی چین پێی خۆش بێ ئارامی بنوێنێ، پێویستییەتی ویستی ئاشتییانەی خۆی نیشان بدا – وەک ئەوەی دوو هەندەی جاران پشکداریی دامەزراوەکانی وەک یانەی هەرێمیی ئاسیان و تۆقەڵانی ڕۆهەڵاتی ئاسیا بکا، یانیش لەگەڵ زلهێزەکانی تر لە هەرێمەکەدا کار بکا بۆ ئەوەی وێکڕا، هی نوێ دابمەزرێنن. ئەمە بوو کە ولاتە یەکگرتووەکان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا بە پوختەیی کردی. ئەم ولاتە بە پێی بنەوا ئابووری و سیاسی و دامەزراوەکانی ئاسایشی هەرێمی جیهانی کاری کرد و هی نوێشی دامەزراندن – بەم جۆرە وا لە خۆی دەکات باشتر بناسرێ و خۆشەویستتر بێ و هاوپەیمانیەتیشیان لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی هەندەر لە پێش ولاتانی تر کەم بکاتەوە تا نەچن پێوەندییەکان لە بناغەوە هەڵتەکێننەوە.

بەگشتی، ئەگەر سەیری ئەو گرفتانە بکەین کە لە سەدەی بیست و یەکەمیندا سەریان هەڵداوە، دەبینین کە هاندەری پتریان بۆ زلهێزەکان پەیدا کردووە بۆ ئەوەی سیستەمێکی ئینتەرناسیۆنالی کراوەی ڕێکوپێک پێڕەو بکەن. لە جیهانێکدا کە ئابووریی تێدا هەڵدەکشێ و ئاسایش پتر پێویستی بە پشت بەیەکتری بەستانەوە دەبێ، نرخی پێڕەو نەکردنی یاسایە فرەلایەنەکان و هاوکاری نەکردن گەلەک گران دەبێ. لەو کاتەش کە سیستەمی ئابووریی جیهانی پتر پەنا بۆ یەکتری دەبەن، هەموو دەوڵەتەکان – تەنانەت گەورەکان و بەهێزەکانیشیان – تێ دەگەن کە ئەستەمترە بە تەنیا خۆیان لەو مەیدانەدا گەشە بکەن و ئەوانی تریان دەگەڵ نەبێ.

تەشەنەی هاوپشتبەستە (الاعتماد المشترك) interdependence لە بواری ئاسایشدا پێویستی بە یاسا و دامەزراوی فرەلایەنە هەیە. هەڕەشەی ئەو لەشکرانەی، بە مارشی سەربازییەوە، ملاومل دێن و سنووردەکان دەبەزێنن و پەلامـاری زلهێـزە دامـەزراوەکـان یان ئـەوانەی تازە هەڵدەکشـێن دەدەن، لەو هەڕەشە کاتییانە کەمترە کە تیرۆریزم و گۆڕانی ژینگە و نەخۆشییە درمەکان لێیان دەکەن. ئەوەی لە ولاتێک دەقەومێ – وەک تووندڕۆیی یان دوکەڵە کاربۆنییەکان یان هەرەسهێنانی تەندروستیی گشتی – دەتوانن بە چڕی زیان لە ولاتێکی تر بدەن.

چڕبوونەوەی هـاوپشـتبـەسـتـەی ئابووری و ئاسـایش، هۆیەک بـۆ ولاتە یەکگرتووەکـان و دەوڵەتە بەهێزەکـانی تر دەڕەخسـێنێ بـۆ ئەوەی بگەڕێن تا شـێـوەی نوێ بۆ هاریکاری فرەلایەنـەی تۆکمـە بدۆزنەوە. تـەنانەت ئێـسـتـاش کـە ولاتـە یەکگرتووەکـان پێکـی چین و دەوڵەتە هـەڵکشـاوەکـانـی تر دەکات، ئەجـێندایەکە بـابەتەکانی هاریکاریی بەرفراوان لە بوارەکـانی وزەی خـاوێن و پاراسـتنی ژینگە و بلاونەبوونەوەی چەکی ناووکی و بەڕێوەبردنی ئابووریی جیهـانی لەخۆ دەگرێ. ڕەنگە هێزە کۆنەکان و ئەوانەش کە خـەریکن هەڵدەکشـێن لەسـەر ئەوە ڕێک نەبن کە چۆن هاریکاری یەکتری بن، بەڵام هـەر هـەموویان هۆیان هـەیە بۆ ئەوەی نەهێڵن شیرازەی تەرتیبە فرەلایەنەکە لێک بترازێ. جا لە داهاتوودا پتر پشتیوانی شێوەی نوێ و فرەوانتری ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبرالی دەکەن.

کاتی نوێکردنەوە هاتووە

ئەو قسانەی لەبارەی کزیی ئەمەریکا دەکرێ ئەو گۆڕانکارییە ڕاستە نابینێ کە وا ئێستا بەڕێوەیە. ئەوەی بەڕێوەیە، کزیی ئەمەریکا نییە، بگرە پرۆسەیەکی داینامیکییە کە بەو پێیە دەوڵەتەکانی تر خۆیان تەیار داوە و پتر گەشە دەکەن و بە کاروانەکە دەگەن. بە تەواوەتی ئەمە لە تەرتیبێکی کراوە و ڕێکوپێکدا دەقەومێ. ئەگەر ئەو کەسانە ئێستا بمابان کە تەرتیبی دوای شەڕیان کرد، تێ دەگەن کـە بۆچوونەکـەیان لەوە سـەرکـەوتووتر بـووە کـە خـۆیان خـەونیـان پێـوە دەبینی. بازاڕەکـان و دیموکـراسی بلاو بوونەتەوە. کۆمـەڵەکانـی دەرەوەی ڕۆئاوا بازرگـانی دەکەن و پێـڤـە دەچن. ولاتە یەکگرتووەکـان لە سـەردەمی ڕۆژانی شـەڕی سـارد هاوپەیمانی شـەریکی پتـر هەیە. ئەو دەوڵەتە نەیارە باڵادەسـتانەی کە ئەجێندای ڕاستکاری و نالیبراڵییان هـەبوو، مەیدانی جیـهـانییـان چۆل کردووە. بۆیە ئەسـتـەمـە ئەم گۆڕانکارییـە جـیـهـانییـانـە بـە کـزیی ولاتە یەکگرتووەکـان و ئـیـفـلیـجـی لیبراڵی لە قەڵەم بدەی.

خۆ لەلایەکیش، تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی لیبراڵی تۆوی بێ تواناییی خۆی چاندووە: لەبەرئەوەی ئەو گرفتـانەی وا ئێستا ڕووبەڕووی دەبنەوە هەڵکشـانی دەوڵەتە نارۆئاواییـیەکان و هەڕەشە کاتییە نوێیەکان کۆسپ لە پێش سـەرکەوتنی دروست دەکەن. بەڵام چارەسـەری ئـەم گرفتـانە هـەڵکشـان و یەکگرتنی هێزەکان و چارەسـەرکردنی گرفتەکان بە هاریکاریکردن وا لە پاسـەوانە کۆنەکان و ئەو خودان دەسـەڵاتە نوێیانە دەکەن کە پەنا بەرەو ئەجێندایەکی نوێکردنەوە ببەن. ئەو دابەشبـوونەی

خەریکە لە سیاسەتی جیهانیدا دەبێ لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان (و ڕۆئاوا) و ئەو دەوڵەتە نارۆژئاواییانەدا نابێت کە خەریکن هەڵدەکشێن. بگرە لە نێوان ئەوانەدا دەبێ کە دەیانەوێ سیستەمی ئێستای تەرتیبەکانی بەڕێوەبردنی فرەلایەنە نوێ بکەنەوە لەگەڵ ئەوانەی گەرەکیانە تەرتیبێک پیادە بکەن کە هاریکاری تێدا کەمترە و لە کەشەکانی کارلێکردندا دروست کراوە. ئەو کەلەنانە نە لەسەر نەخشەی جیۆگرافیدا ڕاکێشراون و نە ڕۆئاوا و نارۆئاوا لێک دەکەنەوە. لە ئاسیا لایەنگرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و تەرتیبێکی ڕێکوپێکی ئینتەرناسیۆلی هەیە: لە ڕۆئاواشدا لایەنی ئاوا هەن خۆیان پەراوێز دەگرن یان خۆیان دەپارێزن یان دوژمنی ئینتەرناسیۆلیستین.

تەرتیبی ئینتەرناسیۆلی لیبرالّی دەیان ساڵە هەر سەرکەوتوو بووە لەبەرئەوەی یاسا و دامەزراوەکانی بە تەنیا هەر ئامانجیان بازرگانی ئازاد نەبووە، بگرە ئامێریشی بە حکوومەتان داوە بۆ ئەوەی هاوپشتبەستەی ئابووری و ئاسایشی خۆیان بەڕێوە ببەن. پێویستە ئەجێندای نوێکردنەوەی تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی لیبرالّی بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوە بچێ کە توانای حکوومەتە نەتەوەییەکان بە هێزتر بکەن تا بتوانن ئامانجە ئابووری و تەناهییەکانیان بەڕێوە ببەن و جێبەجێشیان بکەن.

کە ڕێکخراوی بالادەستی تەرتیبی ئینتەرناسیۆنالی لیبرالّی بە شێنەیی ڕێ چۆل دەکا، زۆرتر دەوڵەتان دەسەلات و باری تایبەتیی خۆیانیان دەبێ. بەڵام ئەمە خۆ هێشتاکە هەر ئەو جیهانە دەمێنێتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانیش گەرەکیەتی تێیدا بژینیش بێ. کۆمەڵێکی زۆرتری دەوڵەتان هاوپشکی بەڕێوەبردنی ئابووری و سیاسی دنیا دەکەن و هاودەم لەگەڵ سیستەمێکی هاوپەیمانی بەربەرینی دنیا، وڵاتە یەکگرتووەکان لە جەرگەی سیستەمی جیهانیدا دەمێنێتەوە. دەوڵەتە هەڵکشاوەکان نەک هەر تەنیا لە ئاستی دنیادا پڕهێزتر دەبن، بگرە لە ئاستی هەرێمەکانیشدا هێزیان چڕتر دەبێ و ئەمەش بۆ خۆی هەندێ نیگەرانی و نائارامی لەگەڵ خۆیدا دێنێ ئەمەش وا دەکا دەوڵەتان، بۆ ئاسیش و هاوپشکیی، هەر چاو لە واشنتۆن ببڕن. لەم سەردەمەی ئەم تەرتیبە نوێیەی ئینتەرناسیۆنالی، وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ حوکم بکا. بەڵام هەر دەتوانێ سەرکردایەتی بکا.

* گ. جۆون ئاکنبێری پرۆفێسەری سیاسەت و کاروباری ناونەتەوەیی ئالبێرت گ. ملبانکە لە زانکۆی پرنستن و دانەری تاغوتی لیبرالّ: بنەواکانی و قەیران و گۆڕینی تەرتیبی دنیای ئەمەریکاییە.

سەرچاوە:

http:// www.foreignaffairs.comForeign Affairs

پرسی ئاو
لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا

مارک دو ویلر

سۆمەرییەکان خاوەنی کۆنترین کولتووری شارنشینی لە ناوچەی وڵاتی نێوان دوو زێ بوون. ئەوان یەکەمین کەسەکان بوون کە دیجلە و فوراتیان بەشادەماری ژیان دەزانی و ئاویان وەک سەرچاوەی وزەی پێویست بەکار هێنا و توانییان دەستەڵات، پێشکەوتن، مێژوو و هونەر دروست بکەن. سۆمەرییەکان ئاودێری ناسروشتییان دامێنا و وڵاتی نێوان "دوو زێ" لە بەغدا تا کەنداو گەشایەوە و دەوڵەمەند بوو.

پاش سۆمەرییەکان، ئاشوورییەکان و دواتر بابلییەکان هاتن و دواتر یۆنانییەکان و بۆ ماوەیەکی کەمیش رۆمییەکان هاتن. شارە دەسەڵاتدارەکان هاتن و لەناوچوون، جارێکی تر دروست کرانەوە و دووبارە بەتەواوی لەناوچوون. پاشان حکوومەتی عوسمانی و ئیسلام هات. ئەمڕۆ سووریا، عێراق، بەشێکی زۆر لە تورکیا، کوردەکانی ئاناتۆلی، چەکدارەکانی "پ ک ک" کە لە سووریا جێگیر بوونە ئەو ناوچانەیان پێک هێناوە.

هەر کاتێک بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستە بگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی داریوشی گەورەی ئێران توانای خۆی لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاو ئاشکرا کرد و تۆڕێکی ئاودێریی گەورەی لە دەشتی سووریا راکێشا. هەر کاتێک مێژوو گومانمان لەلا دروست بکات ناتوانین ئەوە لە بیر بکەین وڵاتی نێوان دوو زێ بەردەوام وەک کورەیەکی نائارام بووە و زۆربەی ناکۆکییەکان لەسەر ئاو بووە، چی لەو کاتەدا و چ لە ئێستەشدا.

رووباری دیجلە و فورات لە چیا سەرسەوزەکانی ئاناتۆلی رۆهەڵات لە تورکیا سەرچاوە دەگرن. دیجلە بەرەو باشووری رۆهەڵات دەچێ و لە تورکیا بەرەو عێراق دەڕوات. ئەو رووبارە لە بەغدای

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد رەحیم

پایەتەختی عێراق تێ دەپەڕێ لە شەقامێکەوە بۆ لەگەڵ رووباری فورات یەک دەگرنەوە و بەرەو کەنداو دەچێ.

فورات رێگەیەکی زیاتر دەبڕێ و لە نیزیکییەکانی دەریای رەش سەرچاوە دەگرێ و لە رۆئاوا و باشووری تورکیا تێ دەپەڕێ بەرەو سووریا دەچێ و لەوێشەوە بەرەو باشووری رۆهەلات و دواتر دەچێتە عێراق و لە دەشتی وشکی باشووری بەغدا رەدەبێ و دواتر لە سەرەوەی شاری بەسرە لەگەڵ دیجلە یەک دەگرن.

فورات و ئەو رووبارانەی کە لێی جیا دەبنەوە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی سوورییان. هەموو هیواکانی ئەو ولاتە بۆ زیاترکردنی مادەی خۆراکی بۆ دابینکردنی پێداویستیی ولاتەکەی لەسەر ئەو ئاوەیە.

عێراق پاش تورکیا و سووریا دواین ولاتە کە هەردوو رووباری دیجلە و فورات تێیدا یەک دەگرنەوە. ئەو دوو رووبارە نێزیکەی ٨٥٪ی پێداویستیی ئاوی خەڵکی عێراق دابین دەکات.

چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو ئاوە لەلایەن تورکیا، سووریا و عێراق وەک یەک نییە و بەهۆی ناکۆکییەکانی ناوچەکەوە و بیرەوەرییەکانی رابردوو دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە. تورکیا وەک یەکەم ولات لە سەرەتای ئاوەکەیە و خۆی بەخاوەنی هەر جۆرە ئاوێک دەزانێ کە لە خاکی ولاتەکەی تێ دەپەڕێ و دەڵێ "چۆن نەوت هی خەڵکی عێراقە، ئاویش هی ئێمەیە" ئەمەش سیاسەتی ئەو ولاتە لە بەرامبەر ئاودا پێشان دەدا. لە بەرامبەر عێراق کە لە رێگەی ئەم ئاوەیە پێی وایە "رێگەی سروشتیی ئەو رووبارانە و مافی مێژوویی لەبارەی ئاو بۆ خەڵکانی باشووری ولاتی نێوان دوو زێیە ئەمەش لە کاتی دەستپێکردنی شارستانییەت یانی ٦ هەزار ساڵ پێش تا ئێستە"

سووریا وەک ولاتێک کە لە نێوان رێگەی رووبارەکەدایە لەبەر بەرژەوەندیی سیاسی پێی وایە مافی مێژوویی و مافی خاوەندارێتیی لەسەر ئاو هەیە. ناکۆکییەکان بەهۆی بوونی کوردەکانی تورکیا ئاڵۆزتر بووە و کوردەکان کە خاوەنی کولتوورێکی کۆنن لە شوێنی سەرچاوەی هەردوو رووبارەکەدان. کوردەکان شەڕێکیان بۆ سەربەخۆیی لە ناوچەکە گرتووەتە بەر و تا ئێستە چالاکیی سەربازی دژ بەدامەزراوە ئاوییەکانی تورکیای وەک چەکێکی سیاسی بەکار بردووە.

تا ئێستە هیچ رێگەچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بوونی نییە. رێژەی ئاو لە هەموو ولاتانی نێزیک دیجلە و فورات کەم دەبێتەوە. پلانەکانی دروستکردنی بەنداو لەلایەن تورکیا، دۆخی سووریا و عێراقی خراپتر کردووە و هەروەها پلانی دروستکردنی بەنداو لەلایەن سووریاوە پرسی دابینکردنی ئاوی لە عێراقدا دواتر کردووە.

هۆشداریيە بەردەوامەکانی حکوومەتی تورکیا تا ئێستە نەیتوانیوە دۆخەکە ئارام بکاتەوە. لە رۆژنامەیەکی تورکیا بەرپرسی حکوومەت بۆ پرۆژەکانی تایبەت بەئاو دەڵێ "ئێمە ئاو دەدینە سووریا و عێراق، بەڵام ئەوان ناتوانن دابەشی بکەن٩٠٪ی ولاتانی عەرەبی بەو ئاوە دەژین کە لە دەرەوەی ولاتیان سەرچاوە دەگرن و ئەمەش شتێکی سروشتییە کە ناکۆکییەکان لەم ناوچەدا زیاتر بێ".

ئەو بەرپرسە جارێ بەرۆژنامەوانەکەی گوتبوو "تورکیا هیچ بەرپرسیاریەتییەکی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر دیجلە و فورات لە ئەستۆ ناگرێ" و دواتر وتبووی "تورکیا هیچ کات دەستبەسەراگرتنی رووبارەکان وەک کەرەستەیەک بۆ زیان گەیاندن بەدراوسێکانی بەکار ناهێنێ".

تورکیا کە هەوڵی سیاسی گەیشتن بەئەورووپایە، لە ئێستەدا خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریيە، هەر بۆیە پلاندانەری پرسی ئاوی تورکیا گرینگی نادەنە دراوسێکانی خوار رووبارەکە. تا ئێستە شەڕ بەو هۆیەوە رووی نەداوە ، بەڵام ئەگەر ئاو کەم بکات دەبێ تورکیا گرینگیی زیاتر بەسنوورەکانی خۆی لەگەڵ دراوسێکانی خوار رووبارەکەوە بدات.

بە بەراورد لەگەڵ رۆهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا ولاتێکی پڕ ئاوە، بەڵام ئەو ئاوە ناتوانرێ کەڵکی زۆری لێ وەربگیرێ. رێژەی ئاوی ئەو ولاتە بەپێی خەملاندنەکان سالانە دەگاتە ١٩٣ کیلۆمەتری سێجا و هەر کاتێک ئەوە بەسەر دانیشتوانی ٦٠ ملیۆنی ئەو ولاتە دابەش بکرێ، بەهەر کەس ٣,١٧٤م٣ ئاو دەگات و ئەمەش زیاتر لەو بڕەیە کە ببێتە هۆی گرفتی کەمئاوی.

لەلایەکەوە دانیشتوانی ئەو ولاتە بەخێرایی لە زیادبوونە و کەمترین ژمارەیەک بۆ سالی ٢٠٢٥ پێشبینی دەکرێ ٧٨ ملیۆن کەسە و هەندێ حیساباتی تر ئەو ژمارەیەیان بە ٩٠ ملیۆن کەس خەملاندووە. ئەگەر بڕی کەمتر لە بەرچاو بگرین بڕی ئاوی سالانە نێزیکەی ٢,١٠٠م٣ تا ٢,٤٠٠م٣ مەتری سێجا کەم دەکات و لەلایەکی ترەوە هەموو ئەم ئاوە بەئاسانی ناگاتە دەست. بەشێکی زۆر لەو ئاوە زۆر دوورە لە ناوچە شارییەکان و زۆر بەسەختی دەتوانرێ بەنداو دروست بکەن و بەرەو شوێنی بەکارهێنان بگوازرێتەوە. لە ئێستەشدا شارە گەورەکان وەک ئەنقەرە

تووشی کەمئاوی بوونە. هەروەها لە درێژەی کەناری دەریای تورکیا، ئەو شوێنەی کە گەشتەوەرەکان ئاوێکی زۆر بەکار دەهێنن، ئەمەش لە کاتێکدا کە دەبێ ئەو ئاوە بۆ کشتوکاڵی بەکار بهێنرێ و تووشی کەمیی ئاو بوونە. هەر بۆیە پسپۆڕانی ئاو بڕی ساڵانەی ئاوی تورکیا تەنیایە ٩٥ ملیۆن کیلۆمەتری سێجا حسێب دەکەن و بەمجۆرە بڕی ئاوی ساڵانە دەگاتە ١,٨٠٠م٣. بۆ سووریا و عێراقیش دەتوانرێ ئاماژە بەهەمان ڕێژە بکرێ.

"ئەیلتر توران" پسپۆڕی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئەستەنبوڵ لەبارەی پرسی تایبەت بەئاوەوە لێکۆڵینەوەی کردووە و دەڵێ "دەتوانین ئەوە ڕەچاو بکەین کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو لە ساڵانی داهاتوو زیاتر دەبێ. یەکەم حکوومەت بەدوای ئەنجامدانی چەند پرۆژەی ئاودێرییە و بەمەش سەرچاوەکانی ئاو لەو وڵاتەدا زیاد دەکات. دووەم خەڵک لە زیادبووندان و سێیەم دانیشتوانی شار لە تورکیا لە زیادبوونە و دواتر زیاتربوونی ناوچەکانی پیشەسازی دەبێتە هۆی هۆکاری زیاتربوونی بەکارهێنانی ئاو".

توران پێی وایە هەر کاتێک داهاتی ساڵانەی وڵات بگاتە ١٠ هەزار دۆلار، ئەو کات پێویستی بەهەموو ئاوەکە دەبێ جگە لەو بڕە ئاوەی کە بەپێی ڕێککەوتن دەبێ بیداتە دراوسێکانی دەوروبەری ڕووبارەکە.

چەند پرۆژەی بەنداو لە ناوچەی باشووری ڕۆهەلاتی فورات دەبێ کۆی ئاو بۆ تورکیا زیاد بکات. ئەو پرۆژە ٣٢ ملیار دۆلارەیە کە بریتییە لە٢٢ بەنداوی گەورە و تۆڕی ئاودێری لەسەر ڕێگەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕووبارەکان ئەنجام دەدرێ. بەمجۆرە دەبوایە بۆ ١,٧ ملیۆن مەتری چوارگۆشەی زەوی کە تا ئێستە ئاودێری نەکراوە ئاو دابین بکرێ، ١,١ ملیۆن کیلۆمەتر لە ناوچەی فورات و ٠,٦ لە ناوچەی دیجلە. زیاتر لە ٧٤ هەزار مەتر زەوی پێوەندیی بەم پلانەوە هەیە و بەمجۆرە ژیانی ٥ ملیۆن کەسی دانیشتووی دەگۆڕدرێ.

ئەو پرۆژەیە کە بەزمانی تورکی پێی دەڵێن "گە پی ئای"، بەنداوی ئاتاتورک لە فوراتە کە ئەمڕۆ

شەشەمین یا نۆیەمین بەنداوی گەورەی دنیایە. بینای بەنداوەکە لە ساڵی ١٩٩٠ دروست کرا و زرێوارەکە پاش ساڵێک بەئاو بەسترا.

هەموو پرۆژەکان دەبووایە تا ساڵی ١٩٩٠ تەواو بووایە، بەڵام کاتەکەیان بۆ ٢٠٠٥ و دواتر بۆ ٢٠١٠ دوا خرا ئەم دواخستنە زۆر بەقازانجی سووریا بوو، بەپێی حیسابات بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە سووریا لە٤٠٪ ئاوی فورات لە دەست دەدات. بەزیادبوونی ٣,٥٪ ی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵدا سووریا بەخێرایی بەئەنجامنەدانی ئەو پرۆژەیەش تووشی کەمئاوی دەبێت وە بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بەوجۆرەی کە پسپۆڕانی ئاوی سووریاش هاوڕان لەگەڵی، ئەو تەنگژەیە دەبێتە هۆی رووداني کارەساتێک.

میخائیل وەکیل لە زانکۆی "ئالپۆ" دەڵێ "لە ٢٠ ساڵی داهاتوودا سووریا تووشی کەمئاوی دەبێت و کاریگەرییەکی راستەقینەی لەسەر گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دادەنێ. تەنگژەی ئاو لە هەموو رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێ کە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی".

عێراق لە ٨٠ تا ٩٠٪ی ئاوی فورات لەدەست دەدات، بەڵام ئەم وڵاتە هێشتا دیجلەی هەیە و بەدروستکردنی بەنداوی زۆر لە رێگەی رووباری دیجلەوە زیان بەو رووبارە دەگات و بەکارهێنانی رووباری بچووکیش ناتوانێ ئەو زیانانە قەرەبوو بکاتەوە.

سووریا و عێراق دەیانەوێ مافی خۆیان لەبارەی ئاو پارێزراو بێ. سووریا، فورات بە رێگەیەکی ئاوی نێودەوڵەتی دەزانێ و پێی وایە هەموو ناکۆکییەکان لەسەر ئاو دەبێ لە کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ، تورکیاش بەتەواوی دژی ئەو بۆچوونەیە. دیمەشق لە ساڵانی ١٩٧٠ بەسەختی پرسی ئاوی بەڕەگەز و ئاین بەستبووەوە. سووریا پێی وایە تورکیا ئاوی عەرەبەکان دەدزێ، بۆیە دەبێ لە بەرامبەر ئەودا قەرەبوو بدات هەرچەند ئەگەر ئەمەش بەزیانی گەلی تورکیا بێت.

ئەوەی سووریا بیری لێ دەکردەوە و هێنایە سەر زمان، ئەوە بوو کە تورکیا لەگەڵ هەموو دراوسێکانی ئەورووپایی وەک یۆنان و بولگارستان و رووسیا لەبارەی پرسی ئاوەوە گەیشتبووە رێک کەوتن و ئەوەی کە تورکیا لەبارەی ئەم پرسەوە لەگەڵ هیچ یەک لە وڵاتانی عەرەبی نەگەیشتبووە رێککەوتن بۆ هۆکاری رەگەزپەرەستی و ئیمپراڵیزمی تورکیا دەگەڕێتەوە. ئەو ناکۆکییانە زیاتر بوون و باسی ئەوە کرا کە تورکیا دەیەوێ هەموو ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و وڵاتانی دراوسێی بخاتە ژێر کاریگەریی سەرچاوەی ئاوی تورکیا. جارێکی تریش ئەوە راگەیەنرا کە تورکیا دەیەوێ ئاوی "دزراو" لە عەرەبەکان هەناردەی ئیسرائیل بکات و ئەم دەنگۆیانە کۆتاییی پێ نەهات.

دواتر تورکیا لە ساڵی ١٩٨٧ هاتنی بڕی ئاوی ٥٠٠ مەتری سێجا لە هەر چرکەیەکدا لە سنوورەکەی دابین کرد، بەڵام ئەو دابینکردنە بەهاتنی پلانی "جی ئای پی" هەرگیز جێبەجێ

ناکرێ. عێراق و سووریا ئەم گرێبەستەیان ئیمزا کرد، بەڵام رایان گەیاند کە ئەو بڕە ئاوە زۆر کەمترە لەو ڕێژەیەی کە ئەوان مەبەستیان بووە، یانی ٧٠٠ مەتری سێجا، یانی دوو لەسەر سێی ئەو ئاوەی کە دەڕژێتە رووبارەکان.

لە ساڵی ١٩٩٠ بەندەوی ئاتاتورک بەکۆتا هات و دەبووایە بەو ئاوە ببەستڕێتەوە. بەبێ ڕەچاوکردنی گرێبەستی ساڵی ١٩٨٧ لەبارەی دابینکردنی ٥٠٠ مەتری سێجا لە چرکەیەکدا و ئەو ڕێژەیەی بۆ ١٧٠ مەتری سێجا لە چرکەیەکدا کەم کردەوە و پاشان ناکۆکیی زاری رووی دا و تۆمەتی ڕەگەزپەرستانە ڕووبەڕووی تورکیا کرایەوە. لە ڕاستیدا تورکیا ئەو کاتەی بەباشترین خەملاندنەکان هەڵبژاردبوو. تورکیا حسێبی ئەوەی کردبوو کە سووریا لە ڕۆژانی جەژندا بەو هۆیەی کاروباری کشتوکاڵی و پیشەسازی پشووە پێویستی بەئاوی زۆر نییە، بەڵام ئەو پرسەی کە تورکیا ڕۆژانی جەژنی هەڵبژاردبوو کە لە سووریا بەهۆکاری ئاینی خەڵک ڕۆژوویان دەگرت و ئەمەش نیشانەی گرینگینەدانی سووریا بەو پرسە بوو.

زۆرجار بەهۆی ڕێژەی ئاوی کەمی فورات و پیسبوونی بەهۆی مادەی کیمیاییی تایبەت بەکشتوکاڵ و زۆربوونی بڕی خوێی ئاوەکە، ئەو ئاوە لە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی سووریا وەک دیمەشق نەتوانرا بەکار بهێنرێ. هەروەها بەهۆی کۆنبوونی تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو لە سووریا زیاتر لە ٣٥٪ی ئاو لە درز و کەلێنەکانی تۆڕەکانی ئاو لەناو دەچن.

لێرەدا ناکۆکییەکانی تایبەت بەدابینکردنی ئاوی ٥٠٠ مەتری سێجا لە چرکەیەکدا لەلایەن تورکیا بەردەوامە و وەک پێشتر سووریا و عێراق سووڕن لەوەی ڕێژەی ئاوی دیاریکراو بەپێی گرێبەستەکە دەبێ زیاد بکات و بەتەواوبوونی بەندەوی ئاتاتورک، گرێبەستەکە بڕوای خۆی لە دەست داوە. لە گرێبەستی ساڵی ١٩٨٧دا هاتووە "لەگەڵ پڕکردنی بەندەوی ئاتاتورک و پاش گواستنەوەی ئاو، تورکیا خۆی بە بەرپرس دەزانێ کە بڕی ٥٠٠ مەتری سێجا لە هەر چرکەیەکدا لە سنووری سووریا–تورکیا بنێرێ و هەر مانگێک ئەو ڕێژەیە کەم بکات دەبێ لە مانگەکانی داهاتووی ئەو بڕە قەرەبوو بکاتەوە". عێراق پێی وایە بەوجۆرەی لە گرێبەستەکەدا هاتووە پڕکردنی بەندەوەکە بەباشی باس کراوە و بەندەوەکەش ئێستە پڕ بووە، ئەو گرێبەستە هیچ شێوەیەکی ڕەسمیی نەماوە.

لە بەرامبەر تورکیا هەر جۆرە دەنگۆی خاوەندارێتیی یەکەمی ئاو لەلایەن دراوسێکانی ڕەت دەکاتەوە. تورکیا بۆ جەختکردنەوە لە بۆچوونەکانی، بۆچوونی ئیستڤان مەک کافری بەکار دەبات. ناوبراو یەکێک بوو لە یاساناسانی ئەمەریکایی لە بواری ئاو، کە بۆ ماوەی چەندان ساڵ لە کۆمیسیۆنی مافی نێودەوڵەتی چالاکیی هەبوو و بەڕپرسیاریەتیی قورسی دارشتنی مافی نێودەوڵەتی تایبەت بەئاوی لە ئەستۆ بوو. مەک کافری لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە کۆواری Denver journal of international law and policy لە بابەتێکدا دەڵێ "ولاتانی خوار ڕووبار کە لە سەرەتا لە سەرچاوەکانی ئاوی ڕووبارێک کەڵکیان وەردەگرت، ناتوانن بەو بیانووەی لە داهاتوو

زیانیان بەر دەکەوێ دژی دروستکردنی بەنداو بن لەلایەن ولاتانی سەرەوەی رووبار بەلام بەناوی مافی یەکەم ئەوەی کە بوترێ ولاتانی خوار رووبار یەکەمین بەکارهێنەرانی ئاوی رووبار بوونە دەبێ رەچاو بکرێ و بەشێک لە ئاویان بۆ دابین بکرێ ". ئەوەی لێرەدا مەک کافری دەیەوێ باسی بکات ئەوەیە کە مافی بەکارهێنانی ئاو پرسێکی گرینگە، بەلام لە هەموو شتێک گرینگتر نییە و دەبێ تورکیا ئەو شتانەی تر رەچاو بکات.

بەپێی ئەو بۆچوونە تورکیا "پلانی سێ قۆناخی" خۆی ئامادە کردووە تا بتوانێ بەشێوەیەکی دادوەرانە کەلکی لێ وەربگرێ. دەبێ گرووپێکی پسپۆڕ کۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەڕەچاوکردنی بڕی ئاو و چۆنیەتیی ئاودێری بڕی پێویستی هەر ولات هەلسەنگاندنی بۆ بکرێ. عێراق ئەو پلانەی بەتەواوی رەت کردەوە و سووریاش ئەوەی رەچاو نەکرد.

لە ساڵی ١٩٩١ تورکیا وەک ولاتی میواندار پێشنیازی سازکردنی کۆبوونەوەیەکی بۆ پرسی ئاو لە رۆهەلاتی ناوەڕاست پێشکێش کرد. بڕیار وابوو کۆبوونەوەیەک بەئامادەبوونی ٢٢ ولاتی رۆهەلاتی ناوەڕاست، باکوری ئەفریقیا و ژمارەیەک لە وەزیرانی ولاتانی ئەورووپا، یەکەتیی سۆڤیەت، ئەمەریکا، ژاپۆن و ئیسرائیل ساز بکرێ، بەلام ئەو کۆبوونەوە هەرگیز بەڕێوە نەچوو. لە جیاتیی ئەو کۆبوونەوە شەڕی کەنداو دەستی پێ کرد، یەکەتیی سۆڤیەت تێک شکا و بەچەند ولاتی بچووک دابەش بوون و تورکوت ئۆزال سەرۆکی ئەو کاتی تورکیا کە خۆی یەکێک لە خوازیارانی سازکردنی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کۆچی دواییی کرد.

گفتوگۆکان بەو هۆیانەوە کۆسپ لە بەردەمیان دروست بوو و هەر بۆیە پچڕپچڕ کۆبوونەوە ئەنجام دەدرا. لە ساڵی ١٩٩٣ کۆبوونەوەیەک لە نێوان تورکیا و سووریا ئەنجام درا، بەلام پاش ئەوە نەیانتوانی بۆ یەک جاریش کۆتاییی نامەیەکی هاوبەش رابگەیەنن و کاتێک تورکیا بۆ خولی دووەمی گفتوگۆکانی عێراقی بانگهێشتن کرد، سووریا بەشداریی کۆبوونەوەکەی نەکرد و دواتریش ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٤ کۆبوونەوەیەکی تر لە عەمان بەسترا و چاوەڕوان دەکرا ٤٠ گرووپ بەنوێنەرایەتیی ولاتان و هەروەها ئیسرائیل بەشداری تێدا بکات و هەر بۆیە سووریا و لبنان بەشداریان تێدا نەکرد. بەم هۆیەوە کۆبوونەوەکە ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە و نوێنەرانی ولاتان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتر شتێکی باشە.

پێوەندیی نێوان سووریا لەگەڵ عێراق باشتر لە تورکیا نییە. هەردوو ولات لە ساڵی ١٩٩٠ رێککەوتنێک کە بەپێی ئەوە ٥٢٪ی ئاوی فورات بۆ عێراق و ٤٨٪ی بۆ سووریا بێت. لە ساڵی ١٩٧٤ەوە کە تورکیا و سووریا خەریکی پرکردنی ئاوی بەنداوەکان بوون، رێژەی ئاوی عێراق کەمی کردبوو و گەیشتبووە یەک لەسەر چواری بڕی ئاساییی خۆی. پاش ئەوەی هەردوولایەن هەڕەشەیان لە یەکتر کرد، عێراق هێزەکانی خۆی رەوانەی سنوورەکانی سووریا کرد و هەڕەشەی ئەوەی کرد کە بەنداوی "ئەلتەقبا" لەسەر رێگەی فورات و هەروەها زرێواری "ئەسەد" بۆمباران

دەکات. پاش چەند رۆژ هێزەکانی عێراق لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە زیاتر شێوەی شانۆیی بوو، سەربازێکی سووریایی دەگرن کە لەکەربەلا هەوڵی دانانی بۆمب بوو. سووریا هەموو تۆمەتەکانی ڕەت کردەوە و خۆی لە پرسی کەمبوونی بڕی ئاو دزییەوە و تورکیای تۆمەتبار کرد. هەردوولا هێزیان کۆ کردەوە و واپێ دەچوو کەوتبێتنە لێواری شەڕەوە و دواتر عەرەبستانی سعوودیە و ڕووسیا هەوڵی نابژیوانیان دا بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکوژێننەوە. بەڵام ئەو ناکۆکییە هەرگیز بەتەواوی چارەسەر نەبوو.

دۆخەکە بەبوونی ناکۆکییەکانی ناوچەکە ئاڵۆزتر بوو: سووریا دژی عێراق لە شەڕی نێوان ئێران و عێراق و لەلایەکی تر تورکیا دژی عێراق بوو لە شەڕی کەنداو. لە شەڕی کەنداو هێزەکانی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە نەوتییەکانی کوێت و دامەزراوەکانی پالاوتنی ئاوی کوێت لە خوێیان لە کاتی کشانەوە لەو وڵاتە ئاگر دا. لە بەرامبەر هاوپەیمانانی کوێت دامەزراوە کۆنەکانی ئاوی بەغدایان بۆمباران کرد. لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕدا هەوڵ درا تورکیا ناچار بەوە بکەن کە هەڕەشەی ڕاگرتنی ئاوی دیجلە بکات، ئەمەش وەک هێرشکردنە سەر کەسانی سڤیل کە لە شەڕدا بەشدار نەبوون، ئەم هەڕەشەیەش هەرگیز جێبەجێ نەکرا.

گرفتێکی تری وڵاتانی لێواری ڕووبارەکە پرسی کوردە. کوردەکان لە تورکیا و عێراق بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی شۆڕشێکی زۆریان ئەنجام داوە. تورکیا چەندان جار سووریای بەوە تۆمەتبار دەکرد کە پەنای بە هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان "پ ک ک" داوە."پ ک ک"ش سوێندی خواردبوو زرێواری بەنداوی ئاتاتورک و پڕۆژەی "جی ئا پی" لەناو دەبات. تورکیا زیاتر لە جارێک هەوڵی دا ڕۆڵی خۆی وەک ناوبژیوانی پرسی ئاو بۆ شەڕ دژی "پ ک ک" بەکار ببات.لە ساڵی ۱۹۸۹ "تورکوت ئۆزال" سەرۆک وەزیرانی ئەوکات و سەرکۆماری ئەو کات ڕایان گەیاندبوو کە ئەگەر سووریا کوردەکان لە خاکی وڵاتەکەی نەکاتە دەرەوە، ئاوی فورات دەبەستن. لە ساڵی ۱۹۹۸ پێوەندیی نێوان سووریا و تورکیا زۆر لاواز بوو؛ ڕۆژنامەکانی تورکیا لەبارەی بۆمبارانکردنی دیمەشق قسەیان دەکرد و پشووی سەربازانی سنووری وەستا. سلێمان دمیرل سەرکۆماری ئەو کاتی تورکیا ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو "من بە سووریا و هەموو دنیا هۆشداری دەدەم کە دۆخەکە بەمجۆرە ناتوانێ بەردەوام بێ".

فەرماندە سەربازییەکانی تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕایان گەیاند کە تورکیا لەگەڵ سووریا لە شەڕێکی ڕانەگەیەنراودان. دۆخەکە جارێکی تر ئاڵۆزتر بوو، چونکە چالاکییەکانی "پ ک ک" لە ئەوروپای ڕۆئاوا سەرکەوتووانە بوو. ئیتاڵیا ڕێگەی بە "پ ک ک" دا بەشێوەی ئاشکرا خۆپێشاندان بکەن و لەلایەکی ترەوە تورکیا بەهۆی وەرنەگرتنیەوە لەلایەن کۆمەڵگەی ئەوروپا زۆر تووڕە بوو.

سووریاش لەلای خۆیەوە بەوجۆرەی چەکدارانی حزبوڵڵای دژ بە ئیسرائیل بەکار دەهێنا، کەڵکی لە "پ ک ک"ش وەردەگرت و ڕێگەیان بە عەبدوڵڵا ئۆجالان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان دا نووسینگەیەک لە دیمەشق بکاتەوە و ئەمەش بەشێوەیەکی نهێنی بوو، بەڵام ڕۆژنامەوانەکان بەبێ

هیچ زەحمەتێک دەیانتوانی ئەو نووسینگەیە بدۆزنەوە.

عێراق پەنای بەکوردەکانی تورکیا دا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە خۆی شەڕێکی خوێناویی دژی کوردەکانی خۆی بە بەکارهێنانی مادەی کیمیایی دەست پێ کردبوو. پاش شەڕی کەنداو ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی عێراق بۆ تورکیا کۆچیان کرد و ئەمەش پرسی کەمینەی لە تورکیا ئاڵۆزتر کرد.

لە نێوان سووریا، عێراق و تورکیا هەندێ دەنگۆی سنوور بوو کە بەشێک لەوان پێوەندیی بەسەردەمی حکوومەتی عوسمانییەوە هەبوو. سەرەڕای بوونی ئەم ناکۆکییانە کاتێک ئوزال لە سەردانێکی بۆ ئەمەریکا پێشنیازی ئەوەی کرد "لوولەی ئاو بۆ ئاشتی" بۆ ولاتانی وشکی رۆهەلاتی ناوەڕاست دابنرێ، لەگەڵ ئەوەی کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، بەڵام لە سەرەتا کەس گرینگیی بەوە نەدا. لە رێگەی دوو لوولەوە بەدرێژاییی ٦٥٠٠ کیلۆمەتر دەتوانرێ بڕی ٢ ملیار مەتری سێجا ئاو لە رووبارەکانی تورکی سیحون و جیحون لە رۆهەلاتی ناوەڕاست تا کەنداو رەوانە بکرێ. لە رێگەی هێڵێکی لوولەی رۆئاوا دەتوانرێ ئاوی سووریا، ئوردن، رۆئاوای عەرەبستانی سعوودیە و هەروەها مەککە و جەدە دابین بکرێ.

لوولەیەک لە رێگەی کەنداو تا کوەیت دەتوانێ ئاو لە کەرتی رۆهەلاتی عەرەبستان، بەحرێن، قەتەر، عەمان و ولاتە یەکگرتووەکانی عەرەب بگوازێتەوە. هەردوو لوولەکە ٢ مەتر لەژێر زەوی دەبن و لە هەموو ناوچە شاخاوییەکان تێ دەپەڕێ. کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی کە لە ساڵی ١٩٩٨ لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەم پرۆژەیەوە کردووە، کاتی تەواوبوونی ئەو پرۆژەی ١٥ ساڵ و بڕی پارەکەی بە ٢٠ ملیار دۆلار خەملاندووە. بەهۆی بڕی پارەی زۆری ئەو پرۆژەیە و ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوچەکە، چارەنووسی ئەو پرۆژەیە وەک پرۆژەکانی تری ناوچەکە نادیارە.

سەرەڕای جەختکردنەوەی تورکیا لەوەی رێگە لە ئاو ناگرێ، هیچ یەک لەو ولاتانە کە کەوتوونەتە رێگەی رووبارەکە نایانەوێ تەناهیی پاراستنی ئاو رادەستی تورکیا بکەن. عەرەبەکان نایانەوێ پێویستیان بەتورکیا هەبێ. ئیسرائیلیش بەو ناوەی کە هێڵێکی لوولەی بەئاسانی دەتوانێ خراپکاری لەناو ببرێ، نایەوێ پێویستی بەهیچ ولاتێک بێ چ بگات بەوەی ئاو هاوردەی ولاتەکەی بکات. ئوردنیش ترسی لەوە هەیە بەهاوردەکردنی ئاوی تورکیا، قسەکانی لەبارەی سەرچاوەکانی ئاوی ناوچەکە لاواز بێ. تورکەکان لەگەڵ ئەوەی بێتاوانیی خۆیان پێشان دەدەن، بەڵام هاوکات جار بەجار چالاکیی وروژێنەر لەبارەی قازانجەوە لە بازاڕی ئاو ئەنجام دەدەن کە لە خۆیدا ئەنجامدانی ئەو بیرۆکانە سەختتر دەکات.

سەرچاوە: http://www.andischeh.com/seiten/magalat/ab-khavaram.htm

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا
و
پڕۆژۆ ستراتیجییە تازەکان

ئۆغوزهان کوێسە: پسپۆڕی یەکەتیی ئەورووپا

هەمرۆ کەسێک لە ژیاندا یەکسانە !

بەڵام دەبینی، هەندێکیان یەکسانترن !

ئەم لایە ڕوونە کە بنەواکانی سیاسەتی جیهانی لەلایەن هێزە سووپەرەکانەوە نەخشەدەکێشرێ. ئاساییە ئەوانەی هێزیان بەدەستەوە گرتووە بنەواکانی یارییەکە دیاری دەکەن، شەڕی دووەمی جیهانی و ئەو گەشەسەندنەی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە ئەنجام گەیوە، هەموو چەمکەکانی گۆڕیوە. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە ئەرکی پاراستنی ڕێساکان بەشێوەیەکی ئاشکرا بە میانبینیی ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان دراوەتە دەس هێزە زاڵەکان.

بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کلاسیکدا، یەک لە خاڵە هەرە بە بایەخەکان، بە کۆتاهاتنی سیستەمی ئیمپریالی و هاتنە کایەی دەوڵەتە نەتەوەییە سەربەخۆکانە. لە تەک ئەمەشدا، لە ئەنجامی گەیشتنە بارودۆخی سەربەخۆیی دەوڵەتێکی زۆریشدا، ئەمانە گرفتی خۆ بەخۆ بەشی خۆ کردن (پێویست نەبوون بە خەڵکانی دەرەکی) و بەڕێوەبەرایەتییان هاتووەتە گۆڕێ. ئەو تەنگژەیەی یان پێکدادانەی لە هەر کوێیەکی دنیادا بەرپا دەبێ، دەکرێ کار لە هەموو سیستەمەکە بکا. کارتۆنی هێلکە، نموونەیەکە دەکرێ لەم بابەتەدا بهێنرێتەوە. تاکە یەک هێلکەی شکاوی ناو کارتۆنەکە کار لە هەر هەموو کارتۆنەکە دەکا، لەم ڕووەوە پێویست دەکا ئەمەیان بە ساغێک بگۆڕڕێتەوە. J.R Vincent دەڵێ: کۆمەڵەی ناودەوڵەتی وەک کارتۆنە، دەوڵەتەکانیش وەک هێلکە وەهان. ئەنجامێکی تری کۆتاییهاتنی سیستەمی ئیمپریالیش ئەمەیە، ئەو هێزانەی لەوێ هەن

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

بەشی ئەوە دەکەن بنیاتی کارگێڕییە نەریتییەکان لەناو ببەن، بەڵام بەر لەوەی لە جێی ئەوان بنیاتێکی ئامادەی کارکردن بهێڵنەوە بەجێیان هێشتوون. لە ئەنجامدا کۆمەڵەی ناودەوڵەتی ڕووبەڕووی ولاتێلێکی یاخی و داکەوتوو بووەتەوە. لەم خاڵی ئەنجامەدا دیسانەوە هێزەکان، پێناسەی ئەم ولاتە داکەوتوو (failed) و یاخییانە (rogue)(*) دەستنیشان دەکەن. لە واتای گشتیدا ولاتە داکەوتووەکان، کاریگەرییان بەسەر هەموو کۆمەڵە ناودەوڵەتییەکانەوە هەیە و بواریکە لە خاڵی پێناسەکردندا جێبەجێکردنی بەراوردکارییەکانی لەسەر ئەنجام دەدرێ. بەرامبەر بەمە بابەتی ولاتە یاخییەکان سیاسیترە و بابەتێکە لە خاڵێکدا وەک هۆیەکی سیاسەتی دەرەوە بەکار دەهێنرێ.

ولاتە داکەوتووەکان

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی، تەنانەت بەرپرسیاری هاتنە کایەی ئەم ولاتانەش بێ، لە بنچینەی بەها لیبرالەکاندا ئەرکێکی وەک پاراستنی جیهانی داوەتە پاڵ خۆی. لە سەردەمی شەڕی ساردا ئەو ولاتانەی توانیویانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەرچاوە پەیدا بکەن، بە لەناوچوونی ئەم سەرچاوانە لاوازییان کەوتووەتە بەر خۆر و بە ناوی هاوسەنگییەکی نوێوە پێکدادانە ناوچەییەکان دەستی پێ کردووە. خاڵی جڕبوونەوەی سیستەمی نوێ، سەرلەنوێ هێنانەوەی ولاتە یاخییەکانە بۆ ناو سیستەمەکە، بەر لەوەی بکەونە بارودۆخی ولاتە داکەوتووەکان و بهێنرێنەوە ناو گەمەکە، لەم ڕووەوە ئامادەکارییەکانی پاراستنەوە دەستیان بە پێکهێنانی تەوەری سەرەکی کردووە. جاک ستروێ کۆنە وەزیری کاروباری دەرەوەی شانشینیی یەکگرتوو (بەریتانیا)، لە ئاخاوتنێکیدا گوتبووی: (بەر لەوەی ڕووبەڕووی دەوڵەتە داکەوتووەکان ببینەوە، پێویستە هۆی هاتنە سەر ئەم بارودۆخەی دەوڵەتان و چۆنیەتیی ڕوودان و نیشانە و ماکەکانیان پێناسە بکەین.)

لە پێناسەی ولاتە داکەوتووەکاندا بەراوردێک ساخ کرابووەوە. بەشێوەیەکی گشتی دارمانی دەسەڵاتی ولاتە، پیادەنەکردنی مافەکان و بارودۆخی لە کۆنترۆڵ دەرچووی ئاسایش کاکڵەی باسە. لەم هەڵوێستەدا حکوومەت، کۆنترۆڵی خاکەکەی و پاراستنی هاوواڵتییانی و دابینکردنی مافەکانی لە دەست داوە. بەڵام ئەو خاڵەی نابێ لە بیر بکرێ، بوونی حکوومەتێکی ناوەندییە، چالاکیی دامەزراوەکان دابین بکا. ولاتێک کە هاتە سەر ئەم بارودۆخە، لەبەرئەوەی زیان بە دراوسێکانی و سیستەمی ناودەوڵەتی دەگەیەنێ سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی پەلە دەبێ بهێنرێتەوە سەر سیستەم. ئیدی لەبەرئەوەی لەم قۆناخەدا کارەکان و سەردەم دژوارتر دەبێ، ئامادەکاریی پاراستنی پێشەکییانە و بەر لێ گرتن گونجاوتر دەبێ. لە پێوەندییەکانی ناودەوڵەتیدا بەتایبەتی ئەو گەشە سەندنەی لە چەمکی ئاسایشدا لە کایەدایە، دەست وەردانی لەم ولاتانە ئاسان کردووە و هێناوەتە سەر باریکی ڕەواوە. ئیدی لە ئاسایشی نەتەوەیی پتر تیۆریی ئاسایشی تاک لە تەوەری سەرەکیدا جێگیر بووە. پێشتریش پێوەندیی ناونەتەوەیی بواریک بوو پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانی ڕێک دەخست. لەبەرئەوەی لەناو ڕەوتەکەدا لەم گۆڕەپانەدا گۆڕانکاریی جیدیش هاتە کایەوە. ئیدی هەر

گرفتێکی ناوەخۆ یان بابەتەیلی مافی مرۆیانیش لە هەر وڵاتێکدا لە ئارادا بووبێ پێوەندیی بەم بنەوایەوە هەیە. لە ئەنجامی ئەو مافانەی لە پەیمانی ئەغستۆسی ئابی ١٩٤٩ ی جنێڤدا دراون تاکەکان مافی سکاڵا بەرزکردنەوە لە دژی دەوڵەتانیان و لەدادگەدانی دەوڵەتان بەرامبەر بە تاک و تەنانەت سزادرانیشی یەک لە گۆڕانکارییە هەرە بایەخدارەکانی پێک هێناوە. بەم لێکدانەوەیە چەمکی کاروباری ناوەخۆیی بەتەواوی ڕووبەڕووی گۆڕانکاری هاتووە. ئەمەش زەوینەیەکی بۆ ڕەوایەتیی دەستوەردانی دەرەکی خۆش کردووە. دیسانەوەش مافەکان، دوای پێکهاتنی هەندێک لە مەرجەکانی دەست تێ وەردانی سوپایی پێک دێ، دەبێ بەجێ بهێنرێ. توانستی ڕەوا، ئامانجی دروست، دوا چارەسەرە...

وڵاتە یاخییەکان

کەچی وڵاتە یاخییەکان بابەتێکی هەستەوەرترە. لەبەرئەوەی ئەم بوارە لە شیکردنەوەی سیاسیدا لە بارێکی کراوەدایە. بەشێوەیەکی سادە سیستەمی ناونەتەوەیی، چونکە ئەو وڵاتانەی هەڕەشە لە مافەکان دەکەن و پیادەکردنی لەیەکگەیشتنەکان ڕەت دەکەنەوە لەناو ئەم گرۆیەدا جێی خۆیان دەکەنەوە. ئەمانە، بەڕەتبوونی ڕێکار دەشێ بکەونە باری وڵاتە داکەوتووەکان. چونکە هەر وڵاتێکی داکەوتوو ناچار نییە ببێتە وڵاتێکی یاخی. پێناسەی ئەم بوارە، دەشێ بەپێی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتان شێوە بگرێ. کۆششیش لەگەڵ ئەمانە زەحمەتە. لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانەی مەبەستن ئێستاکە وڵاتێلێکی سەربەخۆن و ئەنجامدانی دەست وەردان لەمانە وا بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێ. ئەگەر وڵاتە داکەوتووەکان، ئەنجامی ڕابردوویەکی ئیمپریالی بن وڵاتە یاخییەکانیش یەکێکە لە ئەنجامەکانی کۆتاییهاتنەوەی شەڕی سارد. دوای شەڕی سارد وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک سیاسەت و ئابووری، ئەو وڵاتانەی ئارەزووی دەرچوونیان لە سیستەمی ئەوەوە هەیە ڕووی لەم جۆرە پێناسەکردنەیان کردووە. بۆ نموونە، ئێران کە حکوومەتێکی ناوەندیی هەیە، وڵاتێکە خاوەنی سیستەمێکی تایبەت بە خۆی. لەبەرئەوەی لەگەڵ پەیماننامە ناونەتەوەییەکان ناگونجێ و هەست بەوە کراوە بە ڕێژیمەکەی بووەتە هەڕەشەیەکی هەرێمایەتی و جیهانی لەناو وڵاتە یاخییەکاندا پۆلێن کراوە.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی وڵاتە یاخییەکانیش کە باسیان لێوە دەکرێ بە تووندوتیژیدا هەڵزنان و پشتگیریکردنی گرووپە تیرۆریستەکانە. دوور نییە بەم هۆیەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە گەورەترین شەڕی دژ بە تیرۆر بەرپا کردووە و ئەم هەموو شوێنەی لە سیاسەتی دەرەوەیدا گرتووە. سیستەم لەم سەردەمەدا کە تێیدا دەژیین، لەسەر کارگێڕیی ترس دامەزراوە. بەبێ ئاراستەکردنی وەبەرهێنانی کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان بەو شێوەیەی شیکردنەوەی وڵات دەیکا، لە وڵاتاندا ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکان و بە ئامێرگەلێکی خۆیان شیکردنەوە بۆ ترس دەکەن و ئەو شتانەی تێیان دەگەن هەر لەو چوارچێوەیەدا کە خۆیان دای دەنێن هەوڵ دەدەن بۆ نزمترین پلەی دابگرن. ئەم قۆناخە لە بنچینەدا درێژە پێدانی ژیانی ئیمپریالیزمی پۆست مۆدێرنە. لەبەرئەوەی بە

ناوی کۆمەڵە چەمکێکی گلۆبالّ (جیهانگیری)ەوە ولاّتە سەربەخۆکان بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ناچاری دروست بوونەوەن.

ڕۆبەرت کووپەری یەک لە بیرۆکراتە ئینگلیزەکانی ئاستی بالاّ، ئەمە بە ئیمپریالیزمی خۆویست پیناسە دەکا. یەکەتیی ئەوروپاشی بە نموونە بۆ ئەمە هێناوەتەوە. ئەگەر ولاّتێکی پالّێوراون ناچارن، دەبێ لە جیاتیی ئەو کۆمەڵە مەرجێک کە لە ئارادایە بهێننە جێی ئەو و ناچارن ئەو شتانەی کە دراویشن پەسندیان بکەن. کە بوونە ئەندام وەک پاداشت دەبنە خاوەن قسە، ئیدی قۆناخ ئیمپریالیزمی خۆویستە.

دەوڵەتە یاخییەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا

پرسیار ئەمەیە، ئاخۆ بۆچی ئەمەریکا سەربازەکانی بەهەموو لایەکی دنیادا دەنێرێ و بۆچی ئەمەندە لەسەر شەڕی دەوڵەتە یاخییەکاندا سووڕە؟ ڕەوایی (مەشرووعییەت) لە کوێوە، لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێ؟ لە سەروبەندی شەڕی دووەمی جیهانیدا، داوای دەست تێ وەردانی ئەمەریکا لەلایەن ئەوروپاوە کراوە و پشتگیریکردنی، لەم خاڵەدا بیر لە پشتگیریی ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکانیش دەکرێتەوە، مافێکە لەلایەن ناوەندی سیاسەتی جیهانییەوە بە ئەمەریکا دراوە و ئێستاکە ئۆتۆماتیکییانە ماوەکەی درێژ کراوەتەوە. دەکرێ ڕەهەندی یاسایی و کاریگەریی گفتوگۆی لەسەر بکرێ. سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بە دوورخستنەوەی ئەم ڕێژیمانە لە ئەرکەکانیان سنووردار نییە، لە دواتریشدا لە ئاراستەی بەها پێکهێنراوەکان، بە دروستکارییەکەوە ئاراستەکرنیەتی، کە لێرەشدا دەچێتە ناو سەردەمی پێکهێنانی نەتەوەوە، کە هەموو ئەمانە دەکرێ وەک سەرچاوەی ڕەوایی چەمکی سەربەخۆیی بەکار بهێنرێ. لە بەڵگەی ستراتیجی ناونەتەوەیی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەم واتایانە شوێنیان هەیە: (ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ناچاری بەرگرییە لە سەربەخۆیی و دادوەری. لەبەرئەوەی ئەمانە لە هەر کوێیەکی دنیادا بێ بۆ هەموو مرۆڤان ڕاست و دروستن.

بەڵام ئەوەی جێی تێزێکی سەیرە ئەوەیە ناعووم چۆمسکی ڕای دەگەیەنێ: جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگەی ناودەوڵەتی لەلایەن خودی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، لە بنچینەدا دەشێ خودی خۆی بە دەوڵەتێکی یاخی بێتە پێناسەکردن. هەروەها دەڵێ: کۆمپانیاکانی وزەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بینینی ڕەقیبە چینی و ڕووسییەکانیان لە عێراق و ئێران و سعوودیەدا زۆر پێخۆشحاڵ نابن. هەر لەم دەرەتانەوە لە بنچینەدا ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە دوای یاسای ناودەوڵەتییەوە ناچێ، لەبەرئەوەی ئەو دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی کەوتووە. دەڵێ: لەم دۆخەدا ئەگەر هێزێکی گەورەتان بوو و دەسەڵاتی پاراستنی سیستەمتان درایێ، جوداکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانتان لەمە زۆر ئاسان نییە. لەبەرئەوە ئەم ڕاستییە دیار دەکەوێ، سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە شەڕی لە پێناوی چەمکە گەردوونییەکان ڕادەگەیەنێ، هەر لەو کاتەدا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیشی بە بەرچاوەوە دەگرێ.

هەموو ئەمانە ئەوە پێشان دەدەن کە پێ بە پێی گفتوگۆ لەبارەی ڕەوایەتیی (مەشرووعییەتی) ئەمانە، باس لە کۆمەڵێک ماف کە خراونەتە پراکتیکەوە لە ئارادایە و هێزە گەورەکان لە پراکتیزەکردنی ئەمانەدا بەردەوامن. ئەم سەردەمی ئیمپریالیزمە پۆست مۆدێرنیزمەی تێیدا دەژیین بگرە سنوورگەلێکی دیار کراون، یانیش ئیمپراتۆرییەکانی تێدا نییە، بگرە لە هەر کوێیەکی دنیادا دەبێ بابێ، ئەم کارکردنە بۆ ئیمپراتۆرییەتە خەیاڵییەکان، لە بنچینەی تاقمە بیرکردنەوەیەکدا لە زەینی مرۆیانداجێگیر کراوە، بەرەو پێشەوە دەبرێ.

لە چەمکی نوێدا یەک لە گرینگترینی بیرۆکەکان (مافەکانی مرۆڤ)، لە هەموو جوگرافیایەکدا بەهۆی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانتانەوە لەوانەیە نەتوانن بە ئاسانی ڕەوایی بۆ بە دەست تێ وەردانتان دابین بکەن، بەڵام دەتوانن بەناوی کۆمەڵە بەهایەکی جیهانییەوە لە سنوور و ڕێژەی هێزەکانتاندا دەست لەو شوێنە وەربدەن کە دەتانەوێ و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیشتان شانبەشانی ئەو بێننە دی. ئەوەی ئەمڕۆ ئەمەریکا ئەنجامی دەدا لە بنچینەدا ئەمەیە. بەپێی ئەوەی پێشتر باسی لێوە کرا، بە هۆکاری ئەوەی ولاتێک پشتگیری لە تیرۆر دەکا و هەڕەشە لە سیستەم دەکا یانیش بەرامبەر هاوولاتییانی خۆی تووندوتیژی پیادە دەکا، لە پێشەوایەتیی مافەکانی مرۆدا، دەکارێ شەڕی سایکۆلۆجی بەرپا بکا. دەتوانێ ڕای گشتیی بەرامبەر پێک بهێنێ و بە خستنە ناو پۆلێنکردنی دەوڵەتە یاخییەکان، بە خستنە ناوەوەی ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکانیش کۆمەڵە ئەنجامێک جێبەجێ دەکەن. ئامانجی سەرەکی، بەر لە دەست تێ وەردانی سەربازی، دابینکردنی گۆڕانی دەوڵەتە. لەبەرئەوەی دواتر سەرلەنوێ پێکهێنانی نەتەوە لەوێدا، لە ڕوانگەی سەرچاوەش و داراییشەوە گەلێک زەحمەتتر دەبێ. لەم تێڕوانینەدا ئامادەکاریی پاراستن، دەبێتە خاوەنی یەکەمین پێشەنگایەتی. بەڵام تەواوی ئەم ڕەوتە، کە بەر لە نوێ دروستکردنەوەی نەتەوەشی تێدایە، پێویستی زۆر جیدییانەی بە ژێرخان و سەرچاوە مرۆییەکان هەیە. ئەمەریکا کە خاوەنی ئەم هێزەیە، لە کردەوەدا سەرنەکەوتنەکانیشی تێدابێ، لە گەلێک ناوچەدا ئامادەکارییە باسکراوەکانی پاراستن جێبەجێ دەکا.

لە کۆتاییدا، دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانەی لە باکوری ئەفریقیادا هاتە کایەوە، لەم چوارچێوەیەدا هەڵبسەنگێنین. بێگومان لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانەی لەم ولاتانەدا بەرپا بووە تەواوێک بە دەست تێ وەردانی هێزە دەرەکییەکان و بە کەمزانینی ئەو خەباتەی خەڵکانی ولاتە باس کراوەکان لە پێناوی ئازادی و دادوەریدا کردوویانە، هەڵەیە. لەلایەکی ترەوە دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاوەوە هەڵنەیێ کە: لەم سی ساڵی دواییەدا ئەو تەکنۆلۆجیایە و ئەو گەشەسەندنەی لە مەیدانی گەیاندندا بەوەوە پێوەستە، ئەوەی ئاسان کردووە کە مرۆگەل ببنە خاوەن زانیاری. هەروەها لە تەک ئەمەشدا بە دواداچوونی مافگەلی ئەو خەڵکانەش کە لە ناوچەکانی تری جیهاندا دەژین و خاوەن مافن و هەلی شوێن هەڵگرتنی ئەم کۆششەیان بۆ ڕەخساوە. بەم واتایە گلۆبالیی پەرەپێدراو وەک ستراتیجییەک، هەر لەم کاتەشدا هاتووەتە سەر باری میکانیزمێکی ئەوتۆ کە هەڕەشە لە خاوەنەکەی بکا. دوای ئەم بەرەوپێشەوە چوونانە، هەموو خەڵک بە ڕەت =بوونی

ماوەیەکی کورت یان درێژ، لە پێناوی مافە دیموکراتییەکانیان و سەربەخۆییان کۆشش دەکەن و گومان لە هاتنە کایەی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە. لێرەدا ڕاستییەکە ئەوە بە بیردا دێت کە ئەمە ئامانجی کۆتایی بێ.

لەگەڵ ڕاستیشیدا بەرامبەر بەوانەی ئەم ستراتیجییە بەرەوپێشەوە دەبەن زیان لێ خستنیش هەیە. ئەوەش ئەوەیە کە ڕۆژێک دەبێ کۆمەڵگە ڕێکخراوەکان شەڕی بەرامبەر بە خۆیان دەست پێ بکەن. ئەو ساتە وەک ڕێتێچوویەکی دووریش دیار بێ، هەموو دەمێک بە بیردا هێنانەوەی ئەم بابەتە سوودگەیەنە.

بەم واتایە ئەم وەرچەرخانە لە کۆمەڵگەکاندا لەلایەن ئەمەریکا و ئەورووپاوە تەنیا لە کاتێکی نادیاردا بە بڵەرزەیەک وەردەگێڕرێ. ئەوەی ئەنجامدانی پێویستە، تەنیا ئامادەییە پێویستەکانیان ئەنجام دەدرێن و چاوەڕوانی ساتە گەورەکە دەبن. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە پەرەسەندنە، بەتایبەتی لە ئەمڕۆماندا لە جوگرافیای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوردا ڕووی داوە بابەتەکە ڕۆژانەیە. بەڵام هەڵوێستێکی زۆری لەم چوو، لە شوێنەیلی جیاجیای جوگرافیاییدا لە ڕووداندایە و لە داهاتووشدا نموونەکانی ئەمە بە گەرمی ڕووەدا. بەپێی ئەوەی کە دەبینرێ بزووتنەوەکانی خەڵک لە تووتس و میسردا بێ ئەوەی زۆریش پێویست بە دەست تێ وەردانی دەرەکی بمێنێ بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیی. لە کاتێکدا لیبیا لەم بابەتەدا لە ڕیز بەدەرییەکی پێک هێناوە. لە ئەنجامدا بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی (ئەتەوە یەکگرتووەکان) ئینگلتەرا، فرەنسا و ئەمەریکا دەست تێ وەردانەکەیان دەست پێ کردووە. بەڵام لێرەشدا سەرەڕای بڕیاری ڕێکخراو، لە جیاتی هێزەکانی ناتۆ (NATO)، بە دەست تێ وەردانی دەوڵەتانی یەکە یەکە، پرۆسەکە دەستی پێ کردووە و ئامانج لە داهاتوودا جموجووڵی بە بەرچاوەوە گیراو بۆ هێزەکانی ناتۆ بەجێ دەهێڵرێ. فرەنسا بێ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا بێ، بە دەستپێکردنی جموجووڵەکە، ئەڵمانیاش بە هەڵوێستی نەرێنی تاوانبار کراوە. تەنانەت خودی ئەم هەڵوێستەش بەخۆی، ئەوەمان پێشان دەدا کارەکان زۆر لەناو سنووری مافپەروەرانەکەدا نامێنێ. وەک ئەنجام ئەو هەڵوێستەی دێتە گۆڕێ، وەک پێشتر باسی لێوە کرا بە هۆیەلی جیاجیاوە و بەپێی پێڕەویش بێ هێنانە کایەی پۆست مۆدێرنیزمی ئیمپریالیزمە. ئەگەر ئامانج تەنیا مافی مرۆڤ و کردنەوەی گرێی گرفتەکانی خەڵکانی لە تەنگانەدا ژیاو بێ، ئەدی بۆچی هەر ئەو میکانیزمانە، لە شەڕی بۆسنەدا کاری پێ نەکرا؟ لە ماوەیەکی وا کورتدا بڕیاردان و خستنە کاری میکانیزمە خاوەن کاریگەرییەکان بۆچی کاریگەریی خۆیان لەوێ پیشان نەدا؟

لە ژیاندا هەموو کەسێک یەکسانە! بەڵام دەبینن، هەندێکیان یەکسانترن!

***

* وشەی (rogue) لە فەرهەنگدا واتاکانی: دەربەدەر، فێڵباز، ناپیاویش دەگەیەنێ. لە دەقی تورکیدا وشەی (Haydut)ی بۆ بەکار هێنراوە کە: یاخی بوو، چەتە... دەگەیەنێ. من یاخییەکەم لا پەسند بوو و بەکارم هێنا. (وەرگێڕ).

خۆشەویستیی بوون و بەخشین
گەڕانەوە بۆ خود

ئوشو

خۆشەویستی سێ ڕەهەندی هەیە. ڕەهەندی یەکەم بڕێتییە لە شوێنکەوتەیی یان پشتبەستن بەوانی تر، کە ئەمەیان لە پێوەندییەکانی زۆربەی خەڵکدا ڕوو دەدات. پیاو پشت بە ژنەکەی و ژن پشت بە پیاوەکەی دەبەستێ، هەریەکەیان ئەوی تر دەقۆزێتەوە، هەریەکەیان ئەوی تر دەکاتە مووڵک، دەستی بەسەردا دەگرێ و دەیکاتە شمەکێک. ئەمە لە پێوەندییەکانی ٩٩٪ی هاوسەرەکانی دنیادا ڕوو دەدات. لەبەرئەوە ئەو خۆشەویستییەی بتوانێ دەرگەکانی بەهەشت بکاتەوە، دەرگەکانی دۆزەخ دەکاتەوە.

ڕەهەندی دووەم بڕێتییە لە خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسی سەربەخۆدا، ئەمەیش بە کەمی ڕوو دەدات. بەڵام ئەم جۆرە خۆشەویستییە بەدبەختی (شقاء) دێنێ، لەبەرئەوەی هەموو کات ململانێیەک لە نێوان هەر دووڵادا هەیە و هیچ بواریێک نییە بۆ ڕێکەوتن و خۆگونجاندن. هەر کەسێک دەست بە هەڵوێست و بۆچوونەکانیەوە دەگرێ و دەرفەتێک بۆ هیچ ڕێکەوتن و سازانێک ناهێڵێتەوە.

شاعیرەکان، بیرمەندەکان، هونەرمەندەکان و زاناکان هەموو لە ژیانێکی تەواو سەربەخۆدا دەژین و ژیان لەگەڵیاندا زەحمەتە، ئەوان ئەتواری سەیریان هەیە، ئازادی بە کەسانی تر دەدەن، بەڵام پێ دەچێ ئەو ئازادییە بەڵگەی بێمووبالاتی و گوێ پێنەدان بێ زیاتر لەوەی بەڵگەی خۆشەویستی بێ. هەریەکەیان بواریێکی گەورە بۆ جموجۆڵ بەوی تر دەدات، بەڵام پێوەندییەکانیان ڕووکەشانەیە، دەترسن پێوەندییەکانیان قووڵ بکەنەوە نەوەک ئازادییەکەیان لەدەست بدەن، لای ئەوان ئازادی لە خۆشەویستی گرینگترە.

هەوالنامەی کتێب

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

رەهەندی سێیەم ئەو خۆشەویستییەیە لەسەر بناخەی پشت بەیەکتربەستنی دووسەرە دامەزراوە، ئەمەیش بەکەمی روو دەدات. بەڵام کە روو دەدات پارچەیەک لە بەهەشت دادەبەزێتە سەر زەوی. دوو کەسمان هەیە ناسەربەخۆن و ناشوێنکەوتەیشن، بەڵام بەشێوەیەک لە تەبایی و سازاندا دەژین وەک ئەوەی یەکێکیان هەناسە بۆ ئەوی تریان هەڵبمژێ. وەک ئەوەی گیانێک بن لە دوو جەستەدا. کاتێ ئەمە دێتە دی خۆشەویستی لەدایک دەبێ. تەنیا ئەم جۆرەیە دەکرێ ناوی بنێین (خۆشەویستی). هەرچی دوو پێوەندییەکەی تره لەوە تێ ناپەڕن کە تەرتیباتێکی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆجی، بایۆلۆجین. ئەم جۆرەی سێیەم لە پێوەندییەکان تاکە پێوەندیی روحییە.

پێداویستی و بەخشین، خۆشەویستی و بەمولّککردن

س.س. لۆیس خۆشەویستی کردووە بە دوو جۆرەوە: (خۆشەویستیی پێداویستی) و (خۆشەویستیی بەخشین). هەروەها ئەبراهام ماسلۆیش پێی وایە دوو جۆر خۆشەویستی هەیە: (خۆشەویستی – کەموکوڕی) و (خۆشەویستی– بوون). جیاوازییەکی گرینگ لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا هەیە دەبێ دیاری بکەین.

خۆشەویستیی پێداویستی یان خۆشەویستیی کەموکوڕی پشت بەوی تر دەبەستێ و خۆشەویستییەکی نەڕسکاو (غیر ناضج)ە و لە ڕاستیدا خۆشەویستییەکی راستەقینە نییە، لەبەرئەوەی هەر لایەکیان هەوڵ دەدات لاکەی تر بقۆزێتەوە و دەستی بەسەردا بگرێ، بەوەیش یەکتر نابووت دەکەن. نابووتکردنی ئەوانی تر فڕێ بە خۆشەویستییەوە نییە. جێی داخە ئەم جۆرە لە خۆشەویستیی ساختەیە لای ٩٩٪ی خەڵک دروست دەبێ، لەبەرئەوەی ئێمە وانە سەرەتاکانی خۆشەویستی لە سالّەکانی منداڵیدا فێر دەبین.

منداڵ لەدایک دەبێ و پێویستیی بە دایکە. خۆشەویستیی ئەو بۆ دایکی خۆشەویستیی پێداویستییە و بەبێ ئەو ناتوانێ درێژە بە ژیانی بدات. ئەو دایکی خۆش دەوێ لەبەرئەوەی ژیانی بۆ مسۆگەر دەکات. لە ڕاستیدا ئەو هەر ژنێکیی خۆش دەوێ کە بیپارێزێ و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکا. دایک برێتییە لەو خۆراکەی دەیخوات. ئەو تەنیا شیر لەدایک وەرناگرێ، بگرە خۆشەویستیشی لێوە دەست دەکەوێ، خۆشەویستیش پێداویستییە.

ملیۆنان کەس بەدرێژاییی ژیانیان لە حاڵەتێکی منداڵانەدا دەژین، بە تەمەن گەورە دەبن، بەڵام بە عەقڵ نا، بەو شێوەیە سرووشتیان منداڵانە و نەڕسکاو دەمێنێتەوە. ئەوان بەردەوام پێویستیان بە خۆشەویستییە، وەک تامەزرۆییان بۆ خواردن تامەزرۆی خۆشەویستین.

مرۆڤ کاتێ دەڕسکێ کە دەست دەکات بە بەخشینی خۆشەویستی بە کەسانی تر بەبێ ئەوەی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی خۆی بەکاریان بێنێ. جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا هەیە: لە حاڵەتی دووەمدا کەسەکە چاوی بڕیوەتە ئەوەی چۆن زیاتر و زیاتر بەدەست بێنێ، بەڵام لە حاڵەتی یەکەمدا کەسەکە چاوی لەوەیە زیاتر و زیاتر بدا، بەبێ بەرامبەر. ئەمەیە

رسکان. کەسی رسکاو دەبەخشێ، تاکە کەسیشە دەتوانێ ببەخشێ، لەبەرئەوەی تاکە کەسە خۆشەویستی هەیە.

چی روو دەدات کاتێ گوڵێک لە دارستانێکی چۆڵدا دەگەشێتەوە و کەس نایبینێ و کەسێک نییە سەرسامیی خۆی بە جوانی و بۆنخۆشییەکەی دەربڕێ؟ چی لەو گوڵەدا روو دەدات؟ ئاخۆ بەوە ئازار دەچێژێ؟ ئاخۆ ترسی لێ دەنیشێ؟ ئاخۆ سیس دەبێ و دەمرێ؟ خۆی دەکوژێ؟ نەخێر!.

ئەو تەنیا لە گەشانەوەی خۆی بەردەوام دەبێ. بۆ ئەو هیچ جیاوازی نییە ئاخۆ کەسێک تێپەڕی کردووە و بینیویەتی یان نا، بگرە لە ڕێی باوە لە پەخشکردنی بۆن و بەرامەکەی بەردەوام دەبێ. هەروەها بەردەوام دەبێ بە پێشکێشکردنی خۆشی بە خوا، بە هەمووان.

ئەگەر بەتەنیا بووم هەمان ڕادە خۆشەویستیم لە دڵدایە وەک ئەو کاتەی لەگەڵ تۆدام. تۆ نیت کە خۆشەویستی لە ناخی منداا دروست دەکەیت. ئەگەر تۆ خۆشەویستی لە ناخی منداا دروست بکەیت لەگەڵ ڕۆیشتنی تۆدا خۆشەویستییەکەیش لەگەڵ تۆدا بار دەکات.

تۆ خۆشەویستی لە ناخی منداا ناتەقێنیتەوە، من تۆ لەناو خۆشەویستیدا نغرۆ دەکەم. ئەمەیە خۆشەویستیی بەخشین، خۆشەویستیی بوون.

من هاوڕا نیم لەگەڵ لویس و ماسلۆدا لەبارەی جۆری یەکەمی خۆشەویستی کە خۆشەویستیی (پێداویستی)یە، ناکرێ ئەوە ناو بنێین خۆشەویستی، لەبەرئەوەی ئەوە پێداویستییە. چۆن دەکرێ پێداویستی خۆشەویستی بێ؟ خۆشەویستی پڕی و مشەمەرییە (وفرە). ئەوەیە تۆ ژیانێکی پڕ لە هەبوونیت هەبێ کە نازانی چی لەو هەبوونییە بکەیت. ئەوە خەڵکی تری تێدا بەشدار دەکەیت. خۆشەویستی ئەوەیە دڵت پڕ بێ لە گۆرانی و ناچارت بکا بیانچڕی، ئیدی گرینگ نییە ئاخۆ کەسێک هەبێ گوێیان بۆ ڕادێرێ یان نەبێ. تۆ گۆرانییەکانی خۆت دەچڕیت و سەماکانی خۆت دەکەیت جا بینەران هەبن یان نەبن. بەڵای تۆوە خۆشەویستی دەڕژێ و دەپژێ و فواڕە دەکات.

ڕووبارەکان لەبەر خاتری تۆ ناڕژێن و ناپژێن، بگرە بەچاوپۆشین لە بوون یان نەبوونی تۆ دەبزوێن. ئەوان نابزوێن تا تینویەتیی تۆ بشکێنن یان کێڵگەکان ئاودێری بکەن، تەنیا دەبزوێن و بەس. ڕەنگە تۆ بە ئاوەکەی تینویەتیت بشکێنی یان نا، بەڵام ئەوە شتێکە پێوەندی بە تۆوە هەیە، نەک ئەو. هەردەم بەدبەختییەک هەیە کاتێ پشت بەوی تر دەبەستی، لەبەرئەوەی پشتبەستن بەوی تر وات لێ دەکات هەست بە کۆیلەیی بکەیت. ئەم هەستەیش وات لێ دەکات بەهۆی بااڵدەستیی ئەوی تر بەسەرتدا بەشێوەیەکی پەنامەکی پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببەیت. کەس حەزی لەوە نییە سەرکز و ژێردەستە بێ، یان بەتەواوەتی پشت بە کەسێکی تر ببەستێ، لەبەرئەوەی ئەوە ئازادیی ئەو کەسە لەنێو دەبات. خۆشەویستیش لە کەشوهەوایەکی شوێنکەوتەییدا گەشە ناکات. خۆشەویستی گوڵی ئازادییە و پێویستی بە مەودایەکی فراوانی ئازادی هەیە.

کاتێ پشت بە ئەوی تر ببەستی، ئەو کەسە هەوڵ دەدات دەستت بەسەردا بگرێ، هەروەک تۆیش هەوڵ دەدەیت دەست بەسەر ئەودا بگری. ئەمە ئەو شەڕەیە کە لە نێوان ئەو کەسانەدا بەرپایە کە

ناویان دەنێین ئاشقەکان. ئەوانە دوژمنی باوەکوشتەی یەکترن و قەت لە شەڕکردن ناوەستن. ژن و مێرد چی دەکەن؟ بە دەگمەن ئاڵوگۆڕی خۆشەویستی لە نێوانیاندا روو دەدات. شەڕکردن ڕێسایە و ئاڵوگۆڕی خۆشەویستی ریزپەڕە. هەر لایەکیان هەوڵ دەدات خۆی بەسەر ئەوی تردا زاڵ بکا، تەنانەت لە ڕێی خۆشەویستیشەوە. ئەگەر پیاوەکە بیەوێ خۆشەویستی دەربببڕێ، ژنەکە بە دووڵی نیشان دەدا و ڕەفزی دەداتێ. ئەو بڕێندازە چرووکە. کاتێ دەبەخشێ بە دووڵی و سرتەکردنەوە دەبەخشێ و دەیەوێ پیاوەکەی گوێڕایەڵیی خۆی بۆ دەربخات.

دۆخەکە لەگەڵ مێردەکەیشدا هەمان شتە. ئەگەر ژنەکەی ویستی خۆشەویستی لەگەڵدا بکا، پیاوەکە پێی دەڵێ ئەو زۆر ماندووە، زۆر کاری هەبووە دەبوو لە فەرمانگەکەی تەواویان بکا و ئێستە شەکەتە و پێویستی بە حەوانەوە هەیە.

ئەمەیە شێوازی زاڵبوون بەسەر ئەوی تردا، بۆ ئەوەی برسی بکرێ و وای لێ بکرێ زیاتر پاشکەوتە بێ. بەدڵنیاییەوە، ژن لەم بوارەدا لە پیاو دیپلۆماسیترە، لەبەرئەوەی پیاو لایەنی بەهێزە لە ململانەکەدا و پێویستی بە دۆزینەوەی ڕێگەی مەکربازانە و پەنامەکی نییە بۆ زاڵبوون. پیاو بەهێزترە و زاڵە، هەر ئەویش کاروبارە داراییەکان بەڕێوە دەبات، کە گرینگترین سەرچاوەکانی هێزە. هەروەها پیاو لەلایەنی جەستەییەوە بەهێزترە. ئەمەیش بە درێژاییی مێژوو وای لە ئافرەت کردووە باوەڕی وابێ ئەو لە پیاو لاوازترە.

پیاو بەردەوام بەدوای ئافرەتێکدا دەگەڕێ شان و شکۆی لەو کەمتر بێ. پیاو حەز لە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ئافرەتێکدا ناکات لەو زاناتر و ڕۆشنبیرتر بێ، لەبەرئەوەی ڕەنگە بەو هۆیەوە دەسەڵاتەکەی لەدەست بدات. هەروەها حەزی لە هێنانی ژنێک نییە هیوایەتی دەمەقاڵە و مشتومڕ بێ لەبەرئەوەی موجادەلەکردن دەسەڵاتی پیاو لەناو دەبات. هەروەک حەزی لە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ئافرەتی بەناوبانگدا نییە لە ترسی ئەوەی نەوەک پەراوێز بکەوێ. هەروەها حەز ناکات لەگەڵ ئافرەتێکدا زەماوەند بکات تەمەنی لەو گەورەتر بێ، لەبەرئەوەی دوور نییە ئەزموون و شارەزایی لەو زیاتر بێ، ئەوەیش دەسەڵاتەکەی تێک دەشکێنێ.

کەواتە، پیاو بەردەوام بە دوای ئافرەتێکدا گەڕاوە لە هەموو ئاستەکاندا لەو کەمتر بێ، بەو هۆیەشەوە ئافرەت بەرزیی باڵاکەی لەدەست دا. هیچ پاساوێکیش نییە بۆ ئەوەی پیاو باڵای لە ئافرەت بەرزتر بێ. بەڵام ئافرەت باڵابەرزییەکەی لەدەست دا لەبەرئەوەی پیاو هەردەم کورتەباڵاترینیانی هەڵبژاردووە. لێرەشەوە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی سروشتی ڕێژەی ئافرەتانی باڵابەرز لە کەمی داوە. ئافرەت زیرەکییەکەی لەدەست دا لەبەرئەوەی پیاو پێویستی بە ئافرەتێکی زیرەک نەبوو. سەرت سوڕ دەمێنێ ئەگەر زانیت ئافرەت لە سەدەی بیستەمدا بەژنی درێژتر بووە و قەبارەی پەیکەرە ئێسک و تەنانەت قەبارەی مێشکیشی گەورەتر بووە. هەموو ئەوە لە ماوەی ٥٠ ساڵدا ڕووی داوە بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکان.

پیاو بەو پێیەی دەسەڵاتی لەدەستدا بووە پێویستی بەوە نەبووە زۆر زیرەک بێ، هەروەها

پێویستی بەوە نەبووە رێگەی پێچاوپێچ لەگەڵ ئافرەتدا بەکار بێنێ. ئافرەتیش دەسەڵاتی نەبووە و لێرەشەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ناتەواوییە پێویستی بەوە بووە رێگە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ پیاودا بەکار بێنێ. تاکە رێگەیش کە وای لێ بکا هەست بە توانای خۆی بکا ئەوەیە پیاو بەردەوام پێویستی پێی هەبێ. ئەمەیش خۆشەویستی نییە، بگرە تەنیا دەستەواژە (صفقە)یەکە و تێیدا ئافرەت و پیاو لەبارەی نرخەکەیەوە مامەڵە دەکەن. ئەوە شەڕێکی سەرەمرە.

خۆشەویستی تەنیا ئەو کاتە لەدایک دەبێ کە تۆ رسکابی، تەنیا مرۆڤی رسکاوە توانای بەخشینی هەیە. کاتێ دەرک بەوە دەکەیت خۆشەویستی پێداویستی نییە بەڵکو رێچکە بەستنێکی سروشتییە، خۆشەویستیی بەخشین و خۆشەویستیی (بوون)ە، ئەو کاتە بەبێ بەرامبەر دەدا.

جۆری یەکەم، یان ئەوەی ناویان ناوە خۆشەویستی، لە پێویستیی کەسێک بە کەسێکی تر دروست دەبێ، لە کاتێکدا جۆری دووەم، خۆشەویستیی بەخشین، بەهۆی مشەمەرییەوە لە کەسێکی رسکاو (ناضج)ەوە بۆ کەسێکی تری رسکاو رێچکە دەبەستێ. ئەو کەسە رسکاوە خۆشەویستیی لێ دەچۆڕێ، رێک وەک چۆن رووناکیی کارەبایی تیشکەکانی بە تاریکاییدا دەوەشێنێ. خۆشەویستی بەرهەمێکی دووەمی بوونەوەرە. کاتێ بەشێک بی لە بوونەوەر، خۆشەویستی دات دەپۆشێ و داوا لەوانی تر دەکەیت خۆشەویستیت پێ ببەخشن. کەواتە کاتێ خاڵیت لە خۆشەویستی، داوا لەوی تر دەکەیت پێت ببەخشێ. واتە تۆ سوالکەریت، بەڵام ئەوی تر داوات لێ دەکا خۆشەویستیی پێی ببەخشی. ئێستە دوو سوالکەر هەن دەستیان لە یەکتر پان کردووەتەوە، هەریەکەیان خواخوایەتی ئەوی تریان خۆشەویستیی پێ بێ. لە کۆتاییشدا هەردووکیان هەست بە شکست و خەڵەتان دەکەن.

دەتوانی لە هەر ژن و مێردێک، یان هەر دوو ئاشقێک بپرسی، دەبینی هەردوو لا هەست دەکەن خەڵەتێنراون. وات دەزانی ئەوی تر خۆشەویستی هەیە، بەڵام پێشبینییەکانت هەڵە بوون. ئەوی تر دەتوانێ چی بکا؟ چاوەڕوانییەکانت لەو ئومێدبڕاو بوون، بەڵام ئەو ناچار نییە چاوەڕوانییەکانت بۆ بێنێتە دی.

تۆیش ئەوی ترت فریو داوە. ئەو هەست بەمە دەکات، لەبەرئەوەی چاوەڕوانی کردووە تۆ لێوانلێو بی لە خۆشەویستی، هەریەکەتان چاوەڕوان بوون ئەوی تر خۆشەویستیی لێ بتکێ، بەڵام کەستان خۆشەویستیتان چنگ نەکەوت. جا خۆشەویستی چۆن لەدایک دەبێ؟ لە رابردوودا هەردووکتان بەتەنیا ئازارتان دەچێشت، ئەوەی ئێستە دەکرێ بەدی بێنن تەنیا ئەوەیە پێکەوە ئازار دەچێژن. ئەوەیشت لە یاد بێ کە ئازارەکان دووبەرامبەر دەبن کاتێ دوو کەس لە حاڵەتی نائاسوودەییدا کۆ دەبنەوە.

کاتێ بەتەنیا بووی هەستت بە شکست دەکرد، ئێستەش کە هەردووکتان بەیەکەوەن، هەر هەست بە شکست دەکەی. بەڵام شتێکی نوێ لەوە پەیدا بووە، ئەویش ئەوەیە دەتوانی بەرپرسیاریەتیی نائاسوودەییەکە بخەیتە گەردنی ئەوی تر. ئەوی تر هۆکاری نائاسوودەییەکەتە.

هەوالنامەی کێبڕکێ

کەواتە دەتوانی دڵنیا بی و بڵێی (هیچ کێشەیەکم نییە، بەڵام ئەوی تر.. چی بکەم لەگەڵ ژنێکی ئاوا، بێئەندازە خراپ و موزعیجە؟ کەواتە نائاسوودەیی لە چارەم نووسراوە). ژنەکەیش دەڵێ (دەتوانم چی بکەم لەگەڵ ئەم پیاوە ئیسکگران و چروکەدا؟). ئێستە هەریەکەتان دەتوانن ئۆباڵەکە بخەنە گەردنی ئەوی ترتان. کەواتە قۆچی قوربانییەکەتان دۆزییەوە، بەڵام نائاسوودەییەکە هەر دەمێنێ و چەند بەرامبەریش دەبێ.

ئێستە، دژیەکییەکە لێرەدایە: ئەوانەی دەکەونە خۆشەویستییەوە خۆشەویستییان نییە، هەر ئەوەیش هۆکاری ئەوەیە دەکەونە ناو خۆشەویستی. کاتێ خۆشەویستییان نییە ناشتوانن بیبەخشن. شتێکی تریش هەیە، هەموو کات کەسی نەڕسکاو دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کەسێکی تری نەڕسکاوەوە، لەبەرئەوەی هەریەکەیان دەتوانێ لەوی تر تێ بگات. هەروەها مرۆڤی ڕسکاو کەسی ڕسکاوی خۆش دەوێ.

دەتوانی چەندان جار ژنەکەت بگۆڕیت، بەڵام بەردەوام ڕێت لە ئافرەتێکی لەو شێوەیە دەکەوێتەوە و حاڵەتی نائاسوودەییەکە هەر بەردەوام دەبێ، ئەگەرچی بەشێوەی جیاوازیش بێ. دەتوانی ژنەکەت بگۆڕیت، بەڵام ناتوانی خۆت بگۆڕیت. ئێستە کێ ژنە نوێیەکە هەڵدەبژێرێ؟ دیارە تۆ. هەڵبژاردنەکە لە روانگەی کەسایەتییەوە نەرسکاوەکەتەوە دەبێ و هاوشێوەی بڕیار و هەڵبژاردنەکانی رابردووت دەبێ.

کێشەی سەرەکی لە خۆشەویستیدا ئەوەیە مرۆڤ بڕسکێ، ئەو کاتە دەتوانی شەریکێکی رسکاویش بدۆزیتەوە، لەبەرئەوەی لەوە بەدوا کەسە نەرسکاوەکان سەرنجت راناکێشن. ئەگەر تۆ تەمەنت ٢٥ ساڵ بێ و لە ڕووی عەقڵی و ڕوحییەوە پێگەیشتبیت، قەت ناکەوێتە داوی خۆشەویستیی منداڵێکی دوو ساڵان. ئەمە مەحاڵە. لە ڕاستیدا مرۆڤی رسکاو ناکەوێتە ناو خۆشەویستییەوە، بگرە خۆشەویستی بەرز دەکاتەوە. وشەی "کەوتن" بۆ ئێرە گونجاو نییە. کەسە نەڕسکاوەکان دەکەون، لەبەرئەوەی ناتوانن بەتەنیا لەسەر پێی خۆیان بوەستن، بۆیە دەکەونە ناو خۆشەویستییەوە. ئەوان هەموو کات ئامادە بوون بۆ ئەوەی بکەونە سەر زەوی و سینگەخشێ بکەن. ئەوان بڕبڕەی پشتیان نییە و ئازایەتیی ئەوەیان نییە بەتەنیا بوەستن.

کەسی رسکاو ئازایەتیی ئەوەی هەیە بەتەنیا بوەستێ. مرۆڤی رسکاو کاتێ خۆشەویستی دەبەخشێ بەبێ بەرامبەر دەیبەخشێ، ئەو تەنیا دەبەخشێ. مرۆڤی رسکاو کاتێ خۆشەویستی دەبەخشێ منەتبارت دەبێ لەبەرئەوەی تۆ خۆشەویستییەکەت لێ وەرگرتووە، نەک بەپێچەوانەوە. هەروەها بۆ ئەو خۆشەویستییەی هەرگیز سوپاست لێ قبوڵ ناکات، هەروەها پێویستی بە سوپاسی تۆ نییە، بگرە سوپاست دەکات کە تۆ خۆشەویستییەکەیت قبوڵ کردووە.

کاتێ خۆشەویستی لە نێوان دوو کەسی رسکاودا ڕوو دەدات یەکێک لە شتە هەرە دژیەک و نایابەکانی دنیا ڕوو دەدات: ئەوان لەگەڵ یەکدان، بەڵام لە هەمان کاتدا بەتەنیان. ئەوان بەتەواوی لەگەڵ یەکدان تا ئەو رادەیەی خەریکە ببنە یەک کەس، بەڵام یەکبوونەکەیان تاکایەتییەکەیان تێک

ناشکێنێ، بگرە لە راستیدا بەهێزی دەکات.

کاتێ خۆشەویستی دوو کەسی رسکاو کۆ دەکاتەوە، هەریەکەیان یارمەتی ئەوی تر دەدات تا زیاتر ئازاد بێ و نە سیاسەت و نە دیپلۆماسییەت و نە هیچ هەوڵێک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوی تردا بەدی ناکرێ.

چۆن دەتوانی بەسەر کەسێکدا زاڵ بیت کە خۆشت دەوێ؟ لە بابەتەکە وردبەوە. زاڵبوون جۆرێکە لە رق، تووڕەیی و دوژمنکاری. چۆن دەتوانی بیر لە زاڵبوون بەسەر ئەو کەسەدا بکەیتەوە کە خۆشت دەوێ؟ ئەوەی خۆشەویستی دەکات ئازادیی رەها و سەربەخۆیی تاکەکەسی بەو کەسە دەدات کە خۆشی دەوێ.

لەم رووەوەیە خۆشەویستی بە یەکێک لە شتە دژیەکییەکانی دنیا دادەنێم: ئەو دوو کەسە بەتەواوی لەگەڵ یەکدان تا ئەو رادەیەی خەریکە دەبنە یەک کەس، بەڵام لەگەڵ ئەو یەکبوونەیشدا بە دوو کەسی سەربەخۆ دەمێننەوە، هەریەکەیان تاکانەیی و ئازادیی ئەوی تر بەهێز دەکات.

کاتێ کەسە رسکاوەکان دەکەونە خۆشەویستییەوە، هەریەکەیان ئازادیی ئەوی تر تێک دەشکێنێ و زنجیری دەکات، دەیخاتە بەندیخانەوە. بەڵام کاتێ خۆشەویستی دوو کەسی پێگەیشتوو کۆ دەکاتەوە هەریەکەیان هەوڵ دەدات یارمەتی ئەوی تر بدات بۆ گەیشتن بە ئازادی و پساندنی هەموو کۆت و بەندەکان. کاتێ خۆشەویستی لەگەڵ ئازادیدا دەجمێ جوانی لەدایک دەبێ، بەڵام کاتێ خۆشەویستی لەگەڵ شوێنکەوتەیدا دەجمێ ناشیرینی لەدایک دەبێ.

پێویستە بزانی کە ئازادی بەهایەکی بالاترە لە خۆشەویستی. ئەگەر خۆشەویستی ئازادی تێک بشکێنێ، هیچ نرخێکی نییە و پێویستە دەست لە خۆشەویستی هەڵگرین و ئازادیی رزگار بکەین. بەبێ ئازادی قەت ناتوانی خۆشبەختی بەدی بێنیت. ئازادی حەزێکی جەوهەرییە لای هەر مرۆڤێک، ئازادیی رەها. کاتێ شتێک هەڕەشە لە ئازادی دەکات رقمان لێی دەبێتەوە.

ئاخۆ رقت لەو ئافرەتە نییە کە خۆشت دەوێ؟ تۆ رقت لێیەتی! ئەوە شەڕێکی ناچارییە و پێویستە شانی بدەیتە ژێر. جا لەو رووەوە کە حەز ناکەیت تەنیا بی، هەوڵ دەدەی لەگەڵ کەسێکی تر بی و پێویستە خۆتی لەگەڵدا بگونجێنیت و داواکارییەکانی جێبەجێ بکەی.

بۆ ئەوەی خۆشەویستی (راستەقینە) بێ پێویستە خۆشەویستیی بەخشین و خۆشەویستیی (بوون) بێ، خۆشەویستیی (بوون)یش واتە حاڵەتی خۆشەویستی. کاتێ دەگەیتە ماڵەکەت، کاتێ راستیی خودی خۆتت بۆ دەردەکەوێ، ئەو کاتە خۆشەویستی لە ناختدا لەدایک دەبێ. دوای ئەوە بۆن و بەرامەکە بڵاو دەبێتەوە و دەتوانی بەوانی تری بەخشیت. چۆن دەتوانی شتێک ببەخشیت کە نیتە؟ یەکەم مەرجی بنەڕەتی بۆ ئەوەی ببەخشی ئەوەیە کە هەتبێ.

***

سەرچاوە: کتێبی (النضج، عودة الانسان الی ذاته)، ئامادەکردنی: مەریەم نوور. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ریاز خەلیل حەسەن لا٥٧-٦٤.

کورتەیەک لەسەر

ڕەوشت

سەلاح حەسەن پاڵەوان

بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کۆڕ

لەو پرسیارەی بەردەوام ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، پرسیارێکە سات لە دوای سات لەگەڵماندایە و بەجێمان ناهێڵێ، بۆیە قسەکردن لەسەر کارێکی وەک ئەم جۆرە هەروا ئاسان نییە، بەتایبەت لەناو ڕۆشنبیرییەکی ساوا و و هەژاری وەک کورد، بە هۆی نەبوونی سەرچاوە ڕەوشتییەکان و گەڵاڵەنەکردنی ئەو سەرچاوانەشی کە هەن، سەیر نییە ئەگەر بڵێین لەناو بنیاتی کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵگەی ئێمەدا سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لەمەڕ مەسەلەی ڕەوشت هەیە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر دەستەواژە و خوو و ڕەوشت و هێمای تایبەت هەن کە ئاماژەن بە بوونی بیری ڕەوشتی لەناو بنیاتی کولتووری کوردیدا.

پێوەندیی نێوان هەموو چالاکییە ئایدیۆلۆجی و زەینییەکاندا وای کردووە کە لەناو بنیاتی بیری کوردەواریدا شتێک هەبێ پێی بوترێ ڕەوشت، ڕاستە ئێمە ئەو هەموو هێڵە ئاشکرایانەمان لەبارەی بوونی بیری ڕەوشت و ڕێچکەکانی ڕەوشتەوە نییە، هەروەها سەرچاوەی مێژووی ئێمە لە تێهەڵکێشبوونی لەگەڵ کولتووڕەکانی دەوروبەردا، وای کردووە کە بیرێکی ئاشکرا و ڕەوشتێکی ئاشکرا بوونی نەبێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم بەشە فیکری و فەلسەفییە جێگەیەکی لەناو بنیاتی کولتووری ئێمەدا داگیر نەکردبێ.

ڕەوشت و بیری ڕەوشتکاری بەشێک لە بنیاتی کۆمەڵگە پێک دێنێ بۆیە قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی ئا لەم شێوەیە وا دەکات هەموو بوارەکان بوروژێنرێ. ڕەوشت وەک بابەتێکی سوسیۆلۆجی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، خۆی لە واقیعدا لە کۆمەڵگەوە بیری ڕەوشت هاتووەتە ناو

لێکدانەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم چەمکە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی بە مەبەستی وروژاندن و تاوتوێکردنی هەڵسوکەوت، خراوەتە ناو باس و لێکۆڵینەوە، هەروەها بەدەوری مەسەلەکانی چاکە و خراپە، راست و درۆ، دروست و نادروست، باو و ناباو، ئاسایی و نائاسایی، ملکەچی و یاخیبوون، ریتم و ناڕیتم، زۆرایەتی و کەمایەتی.... هتد چەقی بەستووە، ڕەوشت هەوڵێک بووە بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی کە مومارەسە کراون، ئەو شتانەی یاساغ و ڕێپێدراو بوون، ئەو کردەوانەی سیستەمی ژیانیان دەستنیشان کردووە و، ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پاوانکردنی دەسەڵات و کۆتکردنی کۆمەڵگە و سنووردارکردنی هەڵسوکەوت و تاک و ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

مرۆڤی بێ ڕەوشت هەموو کات بەو کەسانە وتراوە کە نەیانتوانیوە ڕێچکەی خۆیان بدۆزنەوە و نەیانتوانیوە لەو یاسایانە بگەن کە کۆمەڵگە بە پێویستی زانیوە و بۆ ڕێکخستنی ژیان فەرزیان کردووە، بۆیە ئەو کاتەی کە وشەی ڕەوشت هاتووەتە ناو خودی تاک و کۆمەڵەوە بووەتە پێویستی، پێویستی وەک هەموو پێویستییەکانی تری ژیان لە بابەتی هەوا و نان و ئاو. مرۆڤی هەر سەردەمە و تێگەیشتنی تایبەت بەخۆی هەبووە بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی ڕەوشت.

من پێم وایە کە وشەی ڕەوشت کۆنترین وشەیە کە توانیوێتی ئامادەگی هەبێ لەگەڵ خودی مرۆڤدا، ڕەوشت شێوەیەکە لەو هەڵسوکەوتانەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بۆیە مێژووی ئەم چەمکە لەوە کۆنترە کە هەندێ لە سەرچاوەکان دەری دەخەن و دەیخەنە روو، ئەگەر بوونیشی وەک شێوەیەکی ڕێکخراو و تیۆریزەکراو نەبووبێ، ئەوا لە شێوەی هەڵسوکەوتی تاکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ سەرەتا مومارەسەکردنی شێوە هەڵسوکەوتێک بووە، هەر ئەو هەڵسوکەوت و بیر و بۆچوونانە بوون، کە پاشان بۆ یاسا و ڕێسا و ڕێورەسم گۆڕاون و بوون بە خوو و ڕەوشتێکی گشتییانە، کە ئەمەش لەگەڵ خۆیدا ئەو دەرگایانەی بەڕووی بۆچوونە تەسکەکاندا داخستووە کە دەڵێ مرۆڤ بەشێک بووە لەو دەرگایانەی کە نەیانتوانیوە بگەنە ئاستێکی کراوە.

بۆیە چالاکی بیری ڕەوشتی چالاکییەکی کۆنە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە هێمنی باسێک لەو مێژووە بکەین، هەرچەندە هەندێک ئەو مێژووە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان ئەگێڕنەوە، یان لە چوارچێوەی چەمکێکی تیۆریزەکراودا باسی دەکەن، بێگومان مێژووی تیۆریزەکردن و بە فەلسەفەکردنی ڕەوشت مێژوویەکە ڕەنگە لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە دەستی پێ کردبێ بەڵام وەک بوون و پەیدابوونی بەشێکە لەو شتانەی کە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا مومارەسەیان دەکات، بەشێکە لەو هەوڵانەی مرۆڤ دەیدات بۆ تێکدان و دروستکردنی ڕەوشت و پێکهاتەکانی خۆی، ئەم بەشە بەشداری لەو بنیاتە دەکات کە مرۆڤ پێک دێنێ و مرۆڤ دەخاتە خانەی بوونەوەرێکی ڕێکوپێک و پێکهاتوو خاوەن سیستەم و پێڕەوی تایبەت، زۆربەی زۆری ئەو هەوڵانەی کە مرۆڤ داویەتی بۆ پێکهێنانی بوون بەشێکە لەو هەڵسوکەوتانەی پێکی دێنن و گەورەی دەکەن و دەبنە هۆی

دروستکردن و گەورەکردنی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەموو دیاردەکانیش وا دەکەن کە مرۆڤ لە قوولاییی مانای ڕەوشت و پێکهاتەکانی بیری ڕەوشتدا قوڵبێتەوە.

ڕەوشت یان ئیتیک زاراوەیەکە بەشداری لە بنیاتی مرۆڤ دەکات وەک بوون و پێکهاتەی بەشداری لە جیاکردنەوەشی دەکات، هەر خودی ڕەوشت ئەو بەشە و چەمکەیە کە مرۆڤ لە یەکتری و سەرچاوەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە، هەر ئەو سیستەمەیە وا دەکات کە مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ بەها و پرەنسیپەکان هەبێ، وای لێ دەکات بەشێک بێت لە پێکهاتەکانی بوون.

بەشی یەکەم

بۆچی ڕەوشت؟

هەڵبژاردنی بابەتێکی ئاوەها، کە پەلوپۆیەکی زۆری لێ دەبێتەوە و هەروەها خودی ڕەوشت بەشداریکردنە لە تێگەیشتن لە مانای هەڵسوکەوتی مرۆڤ و بوونی مرۆڤ و پێکهاتنی کۆمەڵگە و کولتوور و دەوڵەت، ئەم زاراوەیە هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە، تا ئەم سەدەیەش مشتومڕی لەسەرە و نەوە لە دوای نەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە و کە دەکرێ و پرسیار ڕووبەڕوو دەبێتەوە ئاخۆ چ مانایەک دەگەیەنێ، مەبەست چییە لە ڕەوشت، ڕەوشتی چاکە و ڕەوشتی خراپە چییە، چین ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە ڕەوشتی کۆمەڵگەیەک و بوونی بەها و پێکهاتەیی کولتووری کۆمەڵگەیەک دیاری دەکات؟

ڕەوشت هەوڵە بەرەو دووبارە تێگەیشتنم لە هەموو سیفەتەکانی بوونەوەری مرۆیی و ئەو کولتوورەی لە میانەیدا بەشداری لە پێکهاتن و دروستبوون دەکرێ، ڕەوشت هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ڕەوش و هەڵسوکەوت و پێکهاتەی مرۆڤ وەک تاک و کۆ.

پێش ئەوەی باسێکی دوور و درێژ لە مانای ئەم وشەیە بکەین، حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە بیری کلاسیکی ڕەوشت لەگەڵ بیری مۆدێرنیزمیدا جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە یەکەمیان بەدەوری خودی زاراوەکان و ماناکانیاندا دەسوڕێتەوە، بەڵام بیری مۆدێرنیزمی مامەڵە لەگەڵ بیردا دەکات ئەم زاراوەیە ئەگەر لە دەرەوەی پێوەندییە تیۆرییەکانەوە تەماشای بکەیت، دەبینی دیاردەیەکە هەبووە و بوونیشی لەناو ئەو سیستەمەدا مومارەسە کراوە کە پێی دەوترێ سیستەمەکانی تاک لەگەڵ یەکتری و پێوەندییە خێزانییەکان و پێوەندی خێڵەکی و هۆزە سەرەتاییەکان.

جۆرەکانی ڕەوشت

کەواتە پێناسەکردن و بڕیاردان لەسەر پێناسەکردنێکی گشتگیری، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پرسیارمان دەکاتەوە، ئەو پرسیارانەش پێوەستن بە پرسیاری زەمەن و سەردەم و پێوەندی و

گەشەکردنەکان. لێرەدا بۆ گەڕانەوەم بۆ باسکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری ڕەوشت، دوو سەرچاوە دەهێنمەوە: یەکەم سەرهەڵدانی ئاسایی و سروشتیی بیری ڕەوشت. دووەم سەرهەڵدانی فەلسەفی و ئاینی و کۆمەڵایەتی.

یەکەم کاتێک دەڵێین سەرهەڵدانی ئاسایی مەبەستمان ئەوەیە مرۆڤ چۆن و بۆ یەکەم جار چۆن بیری لە مەسەلەی ڕەوشت کردووەتەوە، بێگومان ئەم بیرە هەردەم پێوەست بووە بەشێوەی ژیان و هەڵسوکەوت و پێوەندیی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەوە، واتە شێوەیەک بووە لە خۆیەوە دروست بووە و مرۆڤ پێناسەیەکی بۆ نەبووە، وەکو هەر چالاکییەکی تری مرۆڤی تەماشا کراوە، بۆ نموونە مرۆڤە سەرەتاییەکان ڕەوشتی شێوازی ڕاوکردن و پێکەوە ڕێککەوتن و موماڕەسەکردنی پێوەندییان هەبووە، کە شێوەیەک بووە لە تێمای بیرکردنەوە و هەستان و دانیشتن و سازکردنی پێوەندییەکان. مرۆڤی سەرەتایی شێوازەکانی ترس و خۆشەویستی و تووڕەبوونی بە ڕەوشت داناوە، هەروەها هەڵسوکەوتی هۆز و خێڵەکان بەشێوەیەک لە ڕەوشت لە قەڵەم دراوە، هەر بۆیە دەبینین ئەم ڕەوشتانە لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازییان هەبووە، ئەو جیاوازییە گەڕاوەتەوە بۆ ئەو شێوە ژیانەی هەیانبووە، کۆمەڵگە ڕاوچییەکان ڕەوشتیان جیاواز بووە لە وانەی کە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بوون، ئەوانەی کە پشتیان بە هەردوو لایەن واتە کشتوکاڵ و ڕاوچێتی بەستبوو ئەوانیش شێوە ژیانێکی ڕەوشتی تایبەتییان هەبووە، هەر بۆ نموونە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان، خێزان ڕیتمێکی تایبەتی هەبووە لە خوێندنەوەی ماناکانی ژن و مێردایەتی و منداڵ و دایک و باوک، شێوازی هەستان و دانیشتن و ڕێز و پێوەندیی تەنانەت شوێنەکانیش جارناجارێ دەبوون بەهۆی گۆڕینی شێوازی مرۆڤ و پێوەندییەکانی مرۆڤ.

هەر بۆیەش دەبینین لە زۆربەی کۆمەڵە سەرەتاییەکان هەندێک ڕەوشت هەبووە، پێویست بووە کە ڕێنوێنی بکرێ، واتە پێویست بووە پشتگوێ نەخرێ. زۆربەی ئەو وێنانەی لەسەر ئەشکەوتەکانی باشووری فرەنسا دۆزراونەتەوە باس لەوە دەکەن کە شێوازی کێشانی وێنەکان ئاماژە بووە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی تاکەکان لە نێوان خۆیان، هەروەها ئەم سیفەتە لە قۆناغە هەرە باڵاکانی مرۆڤی سەرەتاییدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانانەش زیاتر بۆ گۆڕانکاری باری ژیان و دروستبوونی پێوەندی بەرفراوانتر گەڕاوەتەوە، بۆیە بە زۆری لەگەڵ بەرفراوانبوونی خێزان و گەورەبوونی خێڵ و هۆز و تایەفەکان شێواز و ڕەوشتەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ملکەچی سەرەوە بۆ خوارەوە، ئادابی دیوەخان و دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەکان پێویستیان بەشێوە هەڵسوکەوتێک هەبووە کە جیاواز بوو لەو هەڵسوکەوتانەی کۆمەڵگە بچووک و خێزانییەکان. هەر بۆیە دەبینین لە پاشماوەی ئەو هۆزانەی کە ئێستاش ماون یاسا و ڕێسای تایبەت هەن بۆ خواردن و خواردنەوە، بۆ تەماشاکردن و پێکەنین و گریان و ئاوڕدانەوە و تەنانەت جوڵە و بزواندنی لەش و ڕێوڕەسمی ڕێکردن.

کەواتە یەکەم ئەم رەوشتانە بەپێی بەرنامە و کاریگەری و پێوەندی نەبوون، بگرە بەشێوەیەکی ئاسایی و لە ئەنجامی کۆمەڵێ گۆڕانکاری مەزن دروست بون و بوون بە ئاسایی، هەروەها لە ئەنجامی ئەو هەموو شێوە گرینگانەی کە لە سروشتدا بە بەرچاویاندا دەهات و دەچوون، ئەمەش بۆ خۆی وای کرد کە کۆمەڵگەی سەرەتایی لە ئەنجامی پێوەندی سروشتی نێوان خۆیان ببنە خاوەنی رەوشتی تایبەت و رەوشتی تایبەت بە کۆمەڵگەکەی خۆیان کە ئەمە وای کردووە کە هەژاریەک هەبێ لە لایەکچوونی نێوان گشت رەوشتە جیاجیاکان، هەروەها وای کردووە، رەوشتەکان یەک لە دوای یەک بەشێوازی تایبەتیی خۆیان سەرهەڵدەن، نەک ئەمەش دەبینین لە هەر جێگەیەکی دنیا شێوازی سەیر سەیری رەوشت هەبووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ کەم تا زۆر خاوەنی پێوەندییە ئاساییەکانی تایبەت بەخۆی بووە.

رەوشتی ئەشکەوت جیاوازیی هەبووە لە رەوشتی رەشمااڵ و کەپرەکان، رەوشتی خانوو و ناو دارستانەکان جیا بووە لە رەوشتی قەاڵ و منارەکان. بۆیە پێوەندییەکان وای پێویست کردووە کە بە پێی جێ و رێگە و ئاو و هەوای ئەو پێوەندییانە دەستنیشانی شێوازەکان بکرێن. کەواتە ئەوەی لە ئەشکەوتێکدا رووی دەدا لەناو قەاڵکاندا رووبان نەدەدا، هەروەها ئەوەی پێویست بوون بۆ جێگەیەک لە جێگەیەکی تر پێویست نەبوون. ئەوەی وایان دەکرد لە جێگەیەک گۆڕانکاری رەوشتی بە پەلە روو بدات لە جێگەییەکی تر بەو جۆرە نەبوو، ئەوەی وایان دەکرد کە مرۆڤەکان بەدووی شێوە پێوەندی خۆیان بگەڕێن ئەو ئاو و هەوا و شوێنانە بوون، کە سیفەتی مرۆڤیان دەگۆڕی، واتە رەوشتی مرۆڤێکی راوچی جیاوازیی هەبووە لەگەڵ مرۆڤێکی ناو جەنگەڵ و کشتوکاڵی، ئەمە راستییەکی سروشتی و زانستییە، زۆرمان ئەو راستییەمان لە کتێبەکانی داروین و لە گەشەکردنی بیر و ئاکاری مرۆڤدا بەرچاو کەوتووە، ئەمەشە بۆ خۆی بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ تەنیا بە پێوەندی لەگەڵ کەسانی تردا رەوشتی ناگۆڕێ بگرە بە پێوەندی لەگەڵ شوێنیشدا رەوشتی دەگۆڕێت، واتە هەروا لە خۆیەوە و بەبێ بوونی گۆڕانکاریەکانی جێگە مرۆڤ گۆڕانکاریی دەروونی بەسەردا نایەت، واتە زۆرجار جێگە زاکیرەی مرۆڤیش دەگۆڕێ، دەروونی مرۆڤ دەستکاری دەکات و دەبێتە هۆی هەڵگرتنی شێوازێک کە نەتوانرێ دەستنیشان بکرێ. بەاڵم ئەوەی هەیە کە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوان هەموو هۆز و گەلە سەرتاییەکاندا هەبووە، واتە شێوەی بیرکردنەوەیەکی هاوبەش هەبووە ئەمەش کاریگەری هەبووە لە دەستنیشانکردنی شێوازەکانی ژیان، هەر بۆ نموونە بۆس کتێبەکەی کە لەبارەی عەقڵی سەرەتاییە ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤی سەرەتایی جیاوازی هەبووە لە رووی هەندێ لە سیفەتە سەرەکییەکانەوە لەگەڵ مرۆڤی گەشەکردوو و مەدەنیەت. بەاڵم بۆچی پێی وتراوە مرۆی سەرەتایی لەبەرئەوەی شێواز و رەوشت و هەڵسوکەوتێکی تایبەتی هەبووە، هەر بۆیە کەسی سەرەتایی زۆرتر بەراورد کراوە بە کەسێکی ئەفسانەیی، هەروەک ئەشلی مۆنتاگیو بە دوور و درێژی لە کتێبی (سەرەتاییەکان)دا

باسی ئەو سیفەتانە دەکات کە مرۆڤ توانیوێتی خۆی لەگەڵ بگونجێنێ، هەروەها ئەم نووسەرە لە بەشێکی کتێبەکەیدا باسێکی دوور و درێژ پێشکێش دەکات لەبارەی کاریگەریی شوێن بەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤەوە هەر بۆیە لێرەوە جیاوازی دادەنێ لە نێوان کارە تاکەکەسی و بەکۆمەڵکاری و کاری عەقڵی و بەدەنی، جیاوازی لە نێوان زیندوو و بێگیانەکان، لە نێوان مردوو زیندووەکان. بەڵام ئەوەی لە قووڵاییی لێکدانەوەی ئەم نووسەرە قووڵبێتەوە هەست بەشێوەیەک لە گۆڕانکارییەکان دەکات لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر. ئەوەی ئەم کۆمەڵگەیانە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە (خەڵکی بەگشتی و سەرەتاییەکان بەتایبەتی، ئەوان بە کولتووری خۆیان بیر ناکەنەوە و شی ناکەنەوە، بگرە ئەوان بە کولتوورەکەیان دەژین....)[1] هەروەها بۆ زیاتر شارەزابوون لە ڕەوشتی سەرەتاییی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دەتوانین چەند ئاماژەیەک بکەین لەسەر چۆنیەتیی پێکهاتنی خێزان و بەرقەراربوونی بەها و ڕێز کە یەکێکن لە ستوونە هەرە گرنگەکانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان سەرۆکی هۆز و عەشیرەت پلە و پایەیەکی تایبەتی هەبووە (ئەرک و ڕۆڵە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەکۆمەڵ و تەقلیدییە نەک سیاسی و دنیایی.

سەرەک هۆز یان باوک ڕێزی بە نسیب دەبێ بەو سیفەتەی ئەوان بەرجەستەکەری کەلەپووری عەشیرەت یان خێزان و هۆزن. زۆر بە ئاسانی سەرۆک عەشیرەت لە زۆر لە کۆمەڵگەکان کەسێک بە تەمەنترینە. ڕێزگرتنی ئەم کەسانەش کارێکی سیمبولییە و ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتنی داوونەریت واتە ڕێزگرتنی خود. ئەمەش بەرهەمی تۆپزی نییە هەروەها کارێکی کۆمەڵایەتی بەزۆر سەپێنراو نییە.)[2] بۆیە بەهاکانی ڕێزگرتن لەو کۆمەڵگە سەرەتاییانە بۆ پێوەندی گەڕاوەتەوە نە بۆ ئاین نە بۆ سیاسەت و نە بۆ زۆرایەتی و زۆرەملێی.

هەروەها ڕەوشت ڕەنگدانەوەی هەبووە لە هەموو شێوازەکانی ژیان لە ئاسایش و بیرکردنەوە و بەڕێوەبردن و بەرگریکردن. ئەوان ئەوەندە پەنایان بۆ هێز و مەسەلەکانی زۆرەملێ نەدەبرد، مرۆڤ بە ئاسایی و سروشتی ئەبووە خاوەنی بەها ڕەوشتەیکان، مرۆڤ کەمتر لە ژێر کاریگەرییەکانی دەوروبەری خۆی بووە، کەمتر ڕەوشتی ڕێنوێنی کراوە، بگرە ڕەوشتی سروشتی دەستەباڵا بووە. ئەم حەقیقەتە لەو شێوازانەدا دەردەکەوێ کە لیفی شتراوس لەبارەیەوە نووسیویەتی دەڵێ یاسای سروشتی مرۆڤ ئارەزووەکانی بووە بۆ مانەوە، واتە مانەوە لەناو ئەو چوارچێوەی خۆی هەڵی دەبژێرێت و ئەو چوارچێوەی بۆی دیاری دەکرێت و ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ دروستکردنی پێوەندی خۆی و دەوروبەر.

کاتێک خێزان پێ دەگات گەورەکان دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ و ئەوەشی دەبێ بەڕێوەبەر بێت کەسە گەورەکانن، هەروەها ڕێزەکان تەنیا لە شێوەی قسە و پێوەندیدا نین، بگرە دەچنە ناو قاڵبی پێوەندییە جەستەییەکانیشەوە. بۆیە ئەوەی لە سەرەتادا هەبووە بەهایەکی ڕەوشتی قوڵ بووە

پێوەست بووە بە چەند تەوەرێکەوە لەوانە تەوەری گەورەیی و بچووکی، تەوەری کولتوور و پێوەندییە کولتوورییەکان، سێیەم تەوەری بەراوردکاری لە نێوان رەنگدانەوەکانی سروشت و کارە مرۆییەکان. کەواتە سیفەتی سەرەتایی لە دەوری ئەو تەوەرانەدا سوڕاوەتەوە و زۆربەی کاریگەرییەکانیش کاریگەریی ئەو هەموو پێوەندییانە بوون کە مرۆڤی بە تاک و شوێن و زەمەنەوە دەبەستەوە.

بەڵام لەلایەنی دووەمی رەوشت کە لایەنی پێوەستبوونی مرۆڤ بە ئاین و فەلسەفەوە دەگەیەنێ، ئەو هەوڵە بەرەو مەودایەکی تردا چوو، ئێمە بۆ قووڵبوونەوە بۆ ناو ئەم باسە پێویستمان بەوە هەیە تا بزانین پەیدابوونی ئاین لە سەرەتاوە بۆچی بوو، بۆچی مرۆڤ پێویستی بە ئاین بوو، لە کتێبی (عەقڵ و بڕوای ئاینی.. مایکل پیتەرسون و...) ئاماژە بەوە دەکات کە پەیدابوونی ئاین پێش هەموو شتێک کۆششێکە بۆ ئەوەی لە حەقیقەتی کاملی چاکە بگەین لە تەواوی بوونماندا، واتە مرۆڤ ئاینی بۆ ئەوە ویستووە تا بیر لە شتێک بکاتەوە و بترسێت و هیوایەک لە ناخیا دروست بێ، بێگومان ئەم کارەش پێویستی بە هەزاران ساڵ هەبووە تا بە تەواوی بەرجەستە بێ، بەرجەستەبوونی ئاین بەرجەستەبوونی ئەو حەقیقەتەیە کە مرۆڤ سەرتاپای بە رەوشتەوە دەبەستێتەوە، واتە مرۆڤ دەبێ پابەندی کۆمەڵێ سیستەم و یاسای تایبەت بێ، کە ئەوانەش پێیان دەوترێ رەوشتی خوایی، واتە خوا کۆمەڵێ یاسا و رێوڕەسم و سرووشی تایبەت لە مرۆڤ دا وا دەکات تا ئەو بەو پێیە لە خوا نێزیک بێتەوە پەیدابوونی ئاین لای مرۆڤە سەرەتاییەکان رەنگدانەوە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سروشتییە بووکە خۆیانی تێدا دەدۆزییەوە، هەر بۆیە لە زۆر لە ئاینە سەرەتاییەکان خواکان مرۆڤی ئاسایین، واتە لە پێوەندی خێڵەکی و عەشیرەتییەوە مرۆڤ بە ئاین گەیشتووە، ڕێز و ترس و گەورەیی و بچووکییەکەی نێوان عەشیرەت و خێڵی بۆ ناو ئاین گواستووەتەوە، ریشسپی و مرۆڤە گەورەکان لەناو هۆزەکاندا دەبن بە جێگەی متمانە و ڕێز، ئەوا لە ئاین و ئاینپەروەریدا هەر ئەو کەسانەش دەبن بەخوا، بە خوابوونی مرۆڤ بۆ سەردەمێکی ئێجگار دوور و درێژ دەگەڕێتەوە، پێش ئەوەی مرۆڤ لە شێوەی خەیاڵیدی و سیپیراڵدا تەماشای خوا بکا، غەیبانیبونی خوا لە سەردەمەکانی دواییدا دێت کە تێیدا مرۆڤ، هەموو پێوەندییەکان لەدەست دەدات، بۆ دەستگرتن بەسەر گرفتە سروشتی و ژیارییەکان، هەر ئەمەش بۆ خۆی وای کردووە مرۆڤ، لە قۆناغی ئاینیدا بە چەند پلەیەکدا سەرکەوێ و دابەزێ.

بە مرۆڤبوونی خوا یەکەمین قۆناغ نەبووە، بێگومان پێشتر بەخوابوونی دیاردەکان هەبووە، پاشان بەخوابوونی دیمەنەکان دێت کە تێیدا مرۆڤ دەبێتە بەشێک لە پێوەندی. مەسەلەی ئاین بۆ ئەوە بوو تا شێوەکانی پێوەندی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێ بۆ ئەوە بووە کە مرۆڤ لەو قۆزاخانە دەربێ کە چەندان سەدەیە تێیدا قەتیس ماوە، بۆ ئەوەی بووە تا بزانێ چ سەرچاوەک هۆی بوونی ئەمە لەسەر ئەم گەردوونە. لە ڕووی مەسەلەی ڕەوشتەوە مرۆڤ لە ئایندا

سەرچاوەکانی بەها و ریتوێڵەکانی ڕەوشت فێر بووە، ئاین زیاتر وریاکردنەوەی مرۆڤ بووە بۆ ئەوەی لە هەندێ لە سیفەتەکان دوورکەوێتەوە و لە هەندێکی تریش نێزیک بێتەوە، نێزیک بوونەوە و دوورکەوتنەوەی وای کردووە لە زۆر لە پێوەندییەکانی خۆیدا سڵ کاتەوە و، بۆ جارێکی تر بە وردی چاویانی پێدا بخشێنێ، ئەوەی ئاین داوای دەکات ئەو دووانەیە کە دەبێ پێڕەوی بکا، دوورکەوتنەوە لە دزێوی و خراپە و دەستپیسی و داوێنپیسی و نێزیکبوونەوە لە جوانی و چاکە و دەست و داوێن پاکی. ئاین سەرچاوەیەک بوو بۆ بەرجەستەکردنی ئەو شتە جوانانەی کە لە کۆمەڵگەکان بە ڕەوشتی چاک لە قەڵەم دەدرا و لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵی دەدا ئەو سیفەتانە لە کەسێ دوور بخاتەوە کە مایەی خراپەکاری و ماڵوێرانین.

ئاین هەوڵێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە پێویستن جێبەجێ بکرێن نەک بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئاسایی بگرە بە مەبەستی پێڕەوکردنی چاکە و بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بۆچوونە ئاینییەکان، کە ئەمەش بۆ خۆی وای کردووە کە ئاینەکان بە گشتی هەموویان بەشداربن لە بڵاوکردنەوەی بیری چاکە، بێگومان بە چ مەبەستێ بە مەبەستی رازیبوونی خوا و پاداشتی خوا و ئاسوودەیی و دڵنیایی لەو ژیانەی تر کە پەیمانی پێ داون. ئاینەکان جیاوازییان هەیە لە ڕووی بۆچوونیانەوە لەبارەی سیفەتە ڕەوشتییەکان، ئەگەرچی لە ڕووی هێڵە سەرەکییەکانەوە بەشدارن، بەڵام لە ڕووی وردەکارییەکانەوە جیاوازییان هەیە، ئاینە زەوینییەکان و فرەپەرستی و جەستە پەرستییەکان، بڕوایان بەوە هەبووە کە ڕەوشتی چاکە هەندێکی لە ناخی مرۆڤ خۆیدایە و، هەندێکی تریشی لە دەرەوەی ناخی مرۆڤەوەیە، واتە ئەم ڕاستییە هەیە کە ئاینەکان بەپێی پێڕەو بۆچوونەکانیان جیاوازییەکانی سیفەت و ڕەوشتی مرۆڤیان دەستنیشان کردووە، ئاینە سەرەتاییەکان ئەوانەی بڕوایان بە دیمەن و دیاردە سروشتییەکان هەبووە، زۆرتر هێزی سروشتیان بەکار هێناوە بۆ بەراوردکردن لە نێوان ئەو ڕەوشت و جوڵانەی لە سروشتدا هەیە بە بەراوردکردنی لەگەڵ سیفەتی مرۆڤ، لە تووڕەیی سروشتدا واتە (لافاو و باران و بورکان و گەردەلوول) بەو سیفەتانە بەراورد کراوە کە لە ناخی مرۆڤدا هەن، وەک تووڕەیی و هەڵچوون و نائارامی و هێرشبردن. لە هەمان کاتدا بێدەنگی مانگ و گەرموگوڕی هەتاو و نسرمی نەرم و شەماڵیان بەراورد کردووە بە سیفەتە باشەکانی مرۆڤ، بۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ چاک بووایە دەبووایە ڕووی لە خوا بێ، دەبێ ئەو سیفەتانەی تێدا بێ، بە ئامادەبوونی ئەو سیفەتانە زێدەتر لە خوا نێزیک دەبێتەوە.

بەڵام پاش ئەوەی ئاین بە هەرسێ جۆرەکەیەوە ئاینی تاک و کۆمەڵ و ڕێکخراوە لە هەوڵی پێشکێشەکردنی زاراوەیەک بوون کە ڕێنوێنی مرۆڤ بکا بۆ نێزیکبوونەوە لە خوا و نێزیکبوونەوە لە ڕاستییەکان، پاش ئاینە سروشتی و سەرەتاییەکان، مرۆڤ هەوڵی دا بەشێوەیەکی تری ڕێکخراوتر باس لە ڕەوشت و چاکە و خراپە بکا و سیفەتی مرۆڤ بخاتە ژێر لێکدانەوە و

دەرگەیەک بەڕووی ئەو هەوڵانەدا بکاتەوە کە بۆ بڕیاردان لە بوونی مرۆڤ دەدرێن، بۆ نموونە لای ئاشوورییەکان بیری چاکە و خراپە بە زۆری لە ئایینی ئەو سەردەمەدا هاتووە، لە سەردەمی سۆمەرییەکان زۆر هێما بە جێماون کە پڕن لە دەربڕینی سەیروسەمەرە لەسەر سیفەتی مرۆڤ و باسی ژیانی مرۆڤ و، ئەو هەموو خوایانە کراوە کە ئەرکی باشە و خراپەیان پێ سپێردراوە، بۆ نموونە ئینانای خوشکی ئوتو خوای هەتاو بوو ئەو دووانە بەرپرسیار بوون بە لێپرسینەوەی مرۆڤ لەبارەی کارەکانی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو نووسینانەی بەجێ ماون باس لە دۆزەخ و سزادانی خوا بۆ مرۆڤ ئەکەن بە هۆی سەرپێچیکردنیان بۆ فەرمانەکانی خوا، ئەو فەرمانەی کە خوا وەکو پێویست بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە بەسەرهاتی سەفەری ئینانا بۆ دۆزەخ نموونەیەکە هەروەها بەسەرهاتی تەموز و ئەوانەشی کە باس لە سزاکان دەکەن، کەواتە ئەوەی لە ئایینی سۆمەرییەکان هەبووە پڕاوپڕ ئەوە نییە کە لە ئاینە سەرەتاییەکاندا هەبووە، ئەگەر بە وردی داستانی گلگامش بخوێنینەوە ئەو کاتە تێ دەگەین کە ئەم داستانە هەوڵێک بووە بۆ دووبارەکردنەوەی یادەوەرییە ئاینییەکان، نموونەیەکی زیندووەمان نیشان دەدات لەبارەی گەڕان بەدووی چاکە و نەفرەتکردن لە خراپە، هەروەها نموونەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گلگامش و ئەنکیدو بەشێکە لە باری ڕەوشت و ئاداوونەریت، پێم وایە ئەمە دەکرێ بکرێتە یەکەمین سەرچاوەی پێڕەوکردنی بیری ڕەوشت، پێش ئەم سەردەمە ئەگەر شتێکی لەو بابەتەش هەبووبێ، کۆمەڵێ شتێ پێڕەوکراوە و سیستەمی ڕێکخراوەییەکی ئەوتۆی نەبووە تا بتوانرێ پێڕەو بکرێ واتە داوونەریت و ڕەوشتی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن یەکەمین جار بە شێوەیەکی نووسراو لەلایەن سۆمەرییەکانەوە پێڕەو دەکراو ئاینەکانیشیان بە زۆری جەختیان دەکردە سەر ئەم لایەنانە.

بۆ نموونە وشەی دۆزەخ بەردەوام قوت کراوەتەوە بەرامبەر بە کارە دزێوەکانی وەک، سەرپێچی و یاخیبوون و تێکدان و شێواندن و تێکدانی یاسا.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئاین ڕێنوێنی یاسا و ڕێوڕەسمی ئەو کاتەی دەوڵەتی دەکرد و بەپێی بۆچوون و توانای ئەوان حەقیقەتەکان بەڕێوە دەچوون، بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکیش بۆ لای خواکان دەگەڕانەوە، ئەم کارەش بۆ خۆی هەوڵێک بوو بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی چاک و نەکەوتنە ناو کارە خراپەکانەوە، مرۆڤیش ئەو کاتە کە بەرامبەر بە یەزدانەکان کارێکی خراپەی ئەنجام دەدا، لە بەردەمیاندا دوو ڕێگە هەبوو، یا گەڕانەوە بۆ لای خوا و داواکردنی پۆزش و لێبووردن، یان ئەوەتا نەفرەتی خوای بەردەکەوت. ئەم شێوە ڕەفتارانەش ڕەفتارگەلێکی بەکۆمەڵ بوو، ئەرکی هەموو کەسێک بوو کە بە ئاسانی پێی هەڵسێت و گوێڕایەڵی بکا.

کەواتە ئاین لە وڵاتی سۆمەر کاریگەرییەکی ڕەوشتیی هەبووە، هەروەها پێڕەوی هەندێ هەڵسوکەوتی دەکرد کە پێویست بوون، بۆ دووبارە بەخۆداچوونەوە و هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاستی و

ناسینی ئەو رەوشتانەی کە دەبنە هۆی تێکدانی سیفەتی مرۆڤ و سیفەتی کۆمەڵگە، ئەم یاسا و ڕێسایانە بەپێی چەند پێویستییەکی گرینگ پێشکێش دەکرا، واتە لە ئەنجامی کۆمەڵێ هەوڵی پێویستدا بە ئەنجام دەگەیەنرا.

لێرەوە دەتوانین بڵێین بیری ڕەوشت و پرەنسیبەکانی ڕەوشت ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکراش دیار نەبێ، تێدا ئامادەیە ئەو بیرەی کە دەڵێ چاکە بکە و گوێگری خوای چاکە بەو دوورکەوە لە کاری دزێوی و ئەو کارانەی کە کاری خوان هی تۆ نین. لەم پێودانگەوە دەتوانین بڵێین بیری ڕەوشتی ئایینی تەشەنەی کرد بۆ ئاینەکانی تریش لەوانە یۆنانییەکان، یۆنانییەکانی کە بە دامەزرێنەری بیری ڕەوشت و فەلسەفەی ڕەوشتی دادەنرێن. ئەمە لە پاشاندا دێینەوە سەری، بیری ڕەوشتی ئایینی لای یۆنانییەکان، کاتێک سوکرات دەڵێ (ئەو کەسانەی حورمەتی یاسا خواییەکان پێشێل دەکەن، ئەو کەسانە سزایەکیان بە نسیب دەبێ، مەحاڵە بتوانن لە دەستی هەڵبێن....)[٣] بەڵێ ئەمەی سوکرات دەیڵێ سەرەتایەکە بۆ بۆچوونی خوایی لای یۆنانییەکان، ئەوان بڕوایان بە فرە خوایی بوو، لە ڕاستیدا ڕاستی مێژووی ئایینی یۆنانی مێژووی مرۆڤە بەخوابووەکان بوون، واتە ئەوانەی وڵێ خوایان دەبینی مرۆڤ بوون، خاوەنی شەهوەت و حەز و چێژ و توانای دنیایی بوون، بۆیە ئەگەری ئەوە هەبووە کە ئەم خوایانە تووشی سەرلێشێواوی هەڵە و گرفت بن، نەک ئەمەش زۆربەیان بەو ئامانجەدا ڕۆیشتن. بە بوونی بەمرۆڤبوونی خوا ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی خواکان بەپێی حەزو ئارەزووەکانیان بەها ڕەوشتییەکان دانێن، زۆربوونی خواکانی یۆنان بۆ زۆربوونی ڕەوشت و چێژ و حەزەکان ئەگەڕایەوە، ئەو هەموو سیفەتانەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەبوون پێویستیان بەوە هەبوو، کە کەسانێک هەبن جار جار وریایان بکاتەوە، یان هیچ نەبێ شێوەیەک بە ژیانیان بدەن، خوایەک نەبوو بۆ ڕەوشت، بەڵام ڕەوشتی خواکان هەبووە، بوونی ڕەوشتی خواکان وایان کرد کە زۆربەی زۆری ڕووداوەکان بە قۆناغی پێوەندیی نێوان خوا و مرۆڤدا تێپەڕن. هەمیشەیی خوا لای یۆنانییەکان هەمیشەیی بەهاکانی بوو، نەک هەمیشەیی بوونی خۆی، هەرئەمەش وای لە ئەرستۆ کرد جیاوازی لە نێوان خواکان و جیهان دانێ، یان بەشێوەیەکی تر لە نێوان جیهانی خوا و جیهانی مرۆڤەکان، خواکان ڕێوڕەسمێکیان هەبوو بۆ خۆیان و یەکێکیش بۆ مرۆڤ، ڕێورەسمێ بۆ دەستپێکردن و ڕێوڕەسمێ بۆ کۆتایی، تیۆلۆجی بڕوای بە موتڵەقەتی خوا هەیە و بڕواشی وایە خوا پاکیزەیە و بەهیچ شێوەیەک تووشی هەڵە نابێت، بۆیە ئەوەی کەوتووەتە بەرەی خواوە شتە چاکەکانە ئەوەشی خراپن هی ئەهریمەنن، بۆ ڕەوشتی ئایینی تەنیا لەوەدا نەبووە کە بزانرێ چاکە چییە و خراپە چییە، لە بیری ئایینی یۆنانیدا ڕەوشت و ئادابی ئایینی هەبووە کە دەبووایە پێڕەو بکرێ، ڕەوشتی پەرستن و گوێشەگیری و سۆفیگەری هەبووە کە جیاواز بووە لە کارە ئاساییەکانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا سیفەت و ڕەوشتی خواکان هەندێ سیفەتی تایبەتی هەبووە کە لە مرۆڤە ئاساییەکان جیا کراوەتەوە، جیاکردنەوەیان

تەنیا لە ڕووی پلە و پایەکانی مەزنی و خولقێنەریان نەبوو، بگرە ڕەوشت و سیفەتی تایبەتی ئەوانیش وای دەکرد کە جیاواز بن. بیری ڕەوشتی ئاینی لای یۆنانەکان جەخت دەکاتە سەر داڕشتنەوەی ڕەوشت و هەڵسوکەوت، ئاینیەروەری هلینستی لەژێر کاریگەرییەکانی تردا هێزی خۆی لەدەست دا لەبەرئەوەی نەیتوانی ڕەوشتەکانی خۆی بە پتەوی بهێڵێتەوە.

لێرەدا وا پێویست دەکات بە کورتی باس لە هەندێ لەو سیفەت و ڕەوشتانە بکەین کە ئاینی یۆنانی جەختی کردووەتە سەر، لای یۆنانییەکان، ئاین بەمرۆڤکردنی حاڵەتەکان بووە، واتە مرۆڤ ئاسا تەماشای خواکان کراوە، بۆیە خوای یۆنانی لە ڕەوشتە مرۆییەکان خاڵی نەبووە، بەشداری خوا لە بوونی مرۆییدا کاریگەرییەکەی ئەوەندە مەزنە کە زۆربەی زۆری بەسەرهاتەکان ئەمڕۆ باس لە سیفەتی خواکانی ئۆڵمپ دەکەن، خواوەندی شەڕ ئێرس بەوە ناسرابوو کە خواوەندی شەڕ بوو، هەرچی کوشتن و داپڵۆسین و جەرگبڕین لەسەر زەویدا بوو ئەو بەرپرسیاری بوو، تەنانەت بەسەرهاتەکانیش وا باس دەکەن کە ئارس خۆی قارەمان نەبووە، لە یەکێک لە شەڕەکانە دوای ئەوەی بریندار دەبێت مەیدانی شەڕ بەجێ دێڵێ، بەڵام ئەو حەزی بە وێرانکاری و ترس و داپڵۆسین بووە، ئەم خواوەندە بەرپرسیار بووە لەلایەنە خراپەکانی کاراکتەری مرۆڤ. بەڵام لەولاشەوە خوای ئاپولۆ خوای سوود و مۆسیقا و چارەسەری، ئەم خوایە بازنەی پێوەندی نێوان مرۆڤ و خوا بووە، حەزی لە مۆسیقا بووە بۆ پاککردنەوەی ڕوح و نێزیکبوونەوە لە جوانی و ناسکییەکان، ئەو خوایەی تیرە ئاگرینەکانی بۆ هەموو شوێنێک دەفڕێ و لە هیچ جێگەیەک نەدەوەستا، ئەو خوایەی تا سەردەمێکی دوور و درێژ مۆسیقا و حەزی هەمووان بووە. سەرەڕای ئەم، خواوەندی تریش هەبوون کە لە سیفەتە ڕەوشتییەکاندا بەشداربوون، هیرمیز کە بە خوای پڕ جوولە ناسرابوو، هەمیشە لە جوڵەی بەردەوامدا بوو، لە خاڵێکدا ڕانەدەوەستا پەیامی زیۆسی بۆ خواکان و مرۆڤ دەبرد، هیرمیز خوای پارێزەری گەشتیاران بوو، هەروەها دەشڵێن خوای دز و بازرگانان بووە، کاتی خۆی کاتێک کە منداڵ دەبێ، لە ئەپۆڵۆ دزیی کردووە، بەڵام پاشان ئامێرێکی قیسارە دروست دەکا و بۆ بە دیاری ئەپۆڵۆی دەبات بۆ ئەوەی لێی خۆش بێ، ئەویش لێی خۆش دەبێ، ئەم خواوەندە لە ڕەوشتە دیارەکانی مەسەلەی یارمەتی بووە، هەموو کات یارمەتیدەری گەشتیاران بووە، واتە یارمەتیی داون بۆ ئەوەی ون نەبن، هەر بوونی ئەم هەموو باشەیەی وای کردووە ئەم خواوەندە لە زۆربەی ئەفسانە یۆنانییەکاندا ئامادە بێ، لە زۆربەیی ئەفسانەکان ڕۆڵی چاکە بگێڕێ، هەر بۆیە لای هەمووان خۆشەویست بووە.

کەواتە بیری ئاینی لای یۆنانییەکان تێکەڵکێش بووە لەگەڵ بیری ڕەوشتدا، هەر بۆیە خواوەندەکانیان بۆ دوو شێوە سیفەت دابەشکراون سیفەتی خواوەندی و مرۆیی، سیفەتی سروشتی و سیفەتی مرۆیی، خواوەندەکان دابەش کراون بۆ خواوەندی تایبەت بە مرۆڤ و سیفەتە مرۆییەکان و بۆ سروشت و بارودۆخە سروشتییەکان.

فەلسەفەی ڕەوشتی یۆنانی

"هەرچییەک کە دەیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم" سوکرات

قسەکردن لەسەر مەسەلەی ڕەوشت و بیری ڕەوشت لەناو کایەی بیری ڕەوشتی یۆنانیدا بەرەو ئەوەمان دەبات کە زیاتر قوڵ بینەوە لە لێکدانەوەی بیری ڕەوشتی یۆنانی، یۆنانییەکان جیا لەوەی کە لەژێر کاریگەریی بیری ئاینیدا مامەڵەیان لەگەڵ فەلسەفە دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵیان دەدا خاوەن تایبەتمەندی بیر و لێکدانەوەی فەلسەفی خۆیان بن، هەر بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو قوتابخانە فەلسەفییانەی لە یۆنانی کۆندا پەیدا بوون، هەوڵیان دەدا پردێک بن لە نێوان چاککردنی بار و حاڵی مرۆڤ و دووبارە هەڵوەشاندنەوەی پردە ڕماوەکانی نێوان مرۆڤ، نەک ئەمەش تەنانەت هەندێک بڕوایان وایە کە بیری ڕەوشت پێش بیر کەوتووە، ڕەوشت لە بیری یۆنانیدا بەرەنجامی ئەو گەشەکردنە کۆمەڵاتییەی بووە: کۆمەڵگەکان بەخۆیەوە بینیوە، وەک گەورەبوونی پێوەندی و گەشەکردن و فراوانبوونی خێزان و کۆبوونە مرۆییەکان، کەواتە ئەوەی بە چاوێکی ڕەخنەگرانە بڕوانێتە بیری ڕەوشت لە دنیای یۆنانی کۆندا هەست دەکات، کە پێوەندییە ڕەوشتەیەکان پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بوون.

پێش ئەوەی باس لە بیری فەلەسفەی ڕەوشت بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هێرشی گەورەی دەوڵەت بۆ سەر فەیلەسووفەکان لە سەردەمێک لە سەردەمەکان بەو مەبەستە بووە کە ئەوان کۆمەڵێ خەڵکی ئاژاوەگێڕ و تێکدەر و شێوێنەرن، ئەوان کۆمەڵێ زۆربلێن و ناشتوانن، پارێزگاری بارودۆخەکە بکەن و دەبنە هۆی تێکدانی مافە گشتییەکانی گەل، هەر بۆیە لە مێژووی فەلسەفەی یۆنانی وڵاتی یۆنانیدا چاومان بە پێشێلی گەورە دەکەوێ. هەروەک دەزانین کە سوکرات یەکەمین کەس بووە بیری ڕەوشتی لە شێوەی فەلسەفی و لەناو کایەی فەلسەفیدا خستە ڕوو، سوکرات وەک دەزانین بەوە ناسراوبوو، کە لە مەیدان و شوێنە گشتییەکان پەیامەکانی بەسەر خەڵکیدا بڵاو دەکردەوە، یەکەمین فەیلەسووف بوو هیچی نەدەنووسی، فەیلەسووفێکی بێژەر بوو، نەک نووسەر. هەروەها لە فەلسەفەی یۆنانیدا ئەوە هەیە کە (ئەفسانەی بڕۆمیسۆس و دزینی ئاگرەکە مانای وایە کە بڕومیسۆس یەکەمین کەس بووە کە لە نێوان مرۆڤدا بە فەلسەفە کاری کردووە.)[٤].

هەروەک پێشتر ئاماژەم بەم مەسەلەیە کرد یۆنانییەکان خواوەندەکان لە شێوەی مرۆڤی ئاسایی بوو، بۆیە (بیری فەلسەفی هات و مەسەلەی خوای لە شێوەی مرۆڤدا خستە ژێر پرسیارەوە، هەروەها ئەوەشی بینی کە خواوەندەکان وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ...)[٥]. باسکردنی خوا و ڕەوشتی خواوەندەکان سەرەتایە بوو بۆ گەشەدان بە بیری فەلسەفی. ڕەوشتی فەلسەفی کە بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژی و پڕ بەها ئەنجام درابێ، ئەو پێویستانە بوون کە وایان کرد بیرێک لە

ڕەوشت بکرێتـەوە بەشێوەیەک کە لە خـزمـەتی بەهـا مـرۆڤییـیـەکان بێت، بەو سـیـفـەتەی کە مـرۆڤ بالاترین بوونەوەر و بە تواناترین و هۆشـمـەندترین بوونەوەرە، ئـەو بیرانەی لەمـەڕ ڕەوشت دەخرانە روو، مـرۆڤیـان لە خـواوەندەکان جیـا دەکـردەوە و، ڕەوشـتی ئـاین بوو کە بە سـەر مـرۆڤدا جێبـەجێ دەکرا، نـەک ڕەوشـتی مـرۆڤ ڕەوشـتی مـرۆڤ بۆ خـودی مـرۆڤ خـۆی بوو، هـەر ئـەمـەش وای کـرد ژمـارەیەکی زۆر لەو فـەیلەسـووفـانەی کـە باسـی مـرۆڤـیـان بە جـیـا لە خـواوەندەکـان دەکـرد، بە فـەیلەسـووفـی گـێـرەشـێـوێـن لە قـەڵـەم بدرێن، لـە یەکـێـک لە نووسـیـنەکـانی فـەیلەسـووفـە هیلینیسـتـیـیـەکـاندا هاتووە، ڕەوشـتی مـرۆڤ، تاکە ڕەوشت نیـیـە کە دەبـێ پێڕەو بکرێت، بگرە ڕەوشـتی خـواوەندەکانە دەبـێ پێڕە بکرێ، مـرۆڤ بـەو سـیـفـەتەی کە هـۆشـمـەندە دەتوانـێ بگاتە بالاترین پلەی ڕەوشت، ئەویش بە بەدەستهێنانی بالاترین بەها،

(چەمکی تری ڕەوشت کە چەمکی خـۆشـبـەختی بوو، بزووتنەوەی سـوکراتی مـانایەکی نوێی بەم چەمکە دا و بۆ ڕێڕەوێکی نـوێی گـۆڕی، وای لـێ کـرد ببـێـتـە تاکـە بەهـای سـەنتـەری کـە تیـۆری، ڕەوشتی لە بیری یۆنانیدا بەدەوریدا دەسوڕێتەوە و لێوەیشی دێتە دەرێ..)[٦] کەواتە گرینگیدان بە خـۆشـبـەختی وەکو چەمکێکی سـوکـراتی وای کـرد هـەردوو چەمکی هـۆکـار و مـەبەست لە بیـری فـەلسـەفی ڕەوشـتی یۆنانیدا ببـێـتـە جێگەی سـەرنج. بۆیە لای ئـەرسـتـۆوە ئـەو بیرە گـەشـەی کرد کـە گرینگیـدان بە باسـەکان دەبـێ لە سـەرچاوەی بـەها مـەزنەکانەوە سـەرچاوە بگرێ، کـەسـێکی وەک سـوکـرات بەردەوام پـێی لەسـەر ئـەوە دادەگـرت کـە خـۆشـبـەخـتـیـی مـەبەسـتـە و هـەرکـارێک بۆ خۆشبەختی بکرێ، شێوازێکە بۆ گەیشتن بەو خۆشبەختییە.

پێش ئەوەی زیاتر بە ناو بیری ڕەوشتی خۆشبەختی ئەرستۆدا قوولبینەوە، دەبـێ لە ئاستی ئەو هـەمـوو چەمکانە ڕاوەشـینی کە سـەرچاوەی بیری ڕەوشتی یۆنانی بوون، ئـەو چەمکانەش بڕێتین لە چێژ و ئیرادەی هـێز (گومانی تێدا نیـیـە کە کۆنتـترین شـێـوەکانی ڕەوشتی فـەلسـەفی بریتیـیـە لە ڕەوشـتی چێژ و ڕەوشـتی ئیرادەی هـێز، پـێ دەچێت سـەرچاوەی ئـەم دوو مـەزهـەبەی ڕەوشت لای سـۆفـیـسـتـەکـان بـێ کـە لە دواییـیـەکـانی سـەدەی پێنجـەمـی پێش لەدایکبـوون ژیاون.)[٧]، ئـەم سـۆفـیـسـتـاییـانە هاوکات بڕوایان بە کۆمـەڵێ پرەنسـیپ هـەبوو ئـەمـان (ڕوو و ناوەڕۆکی فەلسـەفـە کۆسـمۆلۆجـیـیـەکـەیان گـۆڕی و ڕوویان کردە لێکۆڵینەوە لەسـەر مـرۆڤ و چۆنیـەتیی زانین و بەها و ئاکـارەکـانی ژیانی کـۆمـەڵایەتی و ڕامـیـاری)[٨]، ڕەوشـتی چێـژ و هـێـز دوو زاراوە بوون لەوەوە سـەرچاوەیـان گرتبوو کـە مـرۆڤ لە هـەمـوو دیاردەیـەک چێژی خـۆشی بینی، حـاڵەتێکی ڕەوشـتی ناسکی لا دروست دەبـێ واتە بەهـای چێـژ بەهای پێـوەندییـەکـانە، ئـەم بەهایەش هاوکـێـشـەیـەکـە زۆربەی زۆری فـەیلەسـووفـەکـان لە ڕوانگەی جـیـاوازەوە مـامـەڵـەی لەگـەڵدا دەکـەن، نەک ئـەمـەش ژمارەیەکی زۆر لە سـیفەتەکانی هێز بۆ حاڵەتێکی سلبی و ناڕەوشـتی دەگەڕێتەوە، داپڵـۆسینی بـێ هێز لەلایەن هێزدارەوە، بالادەسـتبوونی بەهێزیش پرسیارێکی گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، لەمەش

بترازێ کەم تا زۆر مرۆڤ پێویستی بە هێز هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

سوقرات بەوەی کە بە یەکەمین دامەزرێنەری چەمکی زانستی ڕەوشت دادەنرێت، ئەمیش ئەم بیرەی لە بیری ئاینی جیا کردەوە، هەروەک ئیمیل بوتر و دەڵێ: مەزهەبی سوکرات یەکەمین هەوڵی ڕەوشتی سەربەخۆیی عەقڵانی بوو). هەروەها بڕواشی وابوو کە عەقڵ سەرچاوەی ڕەوشتە، مرۆڤێک کە خاوەن عەقڵە هەر ئەو عەقڵە بناخەی کارە چاکەکانیەتی.

سۆفیستاییەکان سەرەتا کۆمەڵێ مامۆستا بوون و وانەیان دەوتەوە، وەکو فەیلەسووف نەناسراوبوون، تەنانەت ئەفلاتون و ئەرستۆ و ئیزوکراتیس لە چاوی خەڵکیدا ئەمانیش سۆفیستایی بوون، پاش دامەزراندنی سەنتەرەکانی فێرکردنی گشتی وەکو قوتابخانەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ بووە هۆی لەناوچوونی ئەمان.. لە بەناوبانگترین پێهەڵگرانی سۆفیستاییەکان بریتی بوون لە بروتاگوراس و گۆرگیاس و بروديقۆس و هبیاس و ئەنتیفۆن، تراسیماخۆس و... هتد. ئەم دەستانە خاوەن هەندێ بۆچوونی تایبەت بوون، وەک ئاشکرایە ئەمانە هەریەکەو خاوەن بڕوای تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام هەر هەموویان لەسەر ئەوە ڕێک بوون کە مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە. ئەمان بڕوایان بە حەقیقەتی چێگیر نەبوو، بڕوایان وا بوو کە راستی ئەوەیە کە تاک خۆی دەیبینێ و ناڕاستیش ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی دەیبینێ. لە بواری ڕەوشتدا سوفیستاییەکان پێیان وا بوو بەها و پرەنسیپە خولقییەکان ڕێژەییە بە گۆڕانی شوێن و زەمەن دەگۆڕێت، بەپێی زروف و بارودۆخ دەگۆڕێت، بە بڕوای ئەوان سروشتی مرۆیی لە کۆمەڵێ حەز و ئارەزوو زیاتر هیچی تر نییە، هەر بۆیە مەبەستی مرۆڤ چێژە.

ئاین لەناو کایەی ئەم مەزهەبەدا تووشی شێوەیەک لە پەککەوتەیی بووبوو، (بۆ یەکەم جار سۆفیستاییەکان ئاینەکانیان بەدرۆ خستەوە و ڕەفزی بوونی خوایان کرد. دەستوورە ڕامیارییەکانیان بە بەرهەمی مرۆڤ و شتێکی کاتی، دایە قەڵەم کە فەرمانبەران بۆ بەرژەوەندی خۆیان نووسیویانە و لە ئاسمانەوە نەهاتووە.)[١٠].

ئەمان زۆر ئاسایی هێرشیان دەکردە سەر ئاین، تەنانەت پیاوانی ئاینیشیان بە دەجال و وشەفرۆش لە قەڵەم دەدا، ئەگەر بڕوانینە بۆچوونەکانی (بروديکۆس) لەبارەی ئاینییەوە تووشی سەرسوڕمان دەبین و ئەوێک هەموو ئاینەکان ناوزەد دەکات، بە کۆمەڵێ چیرۆکی جوان کە بۆ جوانکردنی وتەکان بەکار دێن. بەڵام ئەو هێرشانەی سۆفیستاییەکان لەو کاتەی کۆمەڵگەی یۆنانیدا بە هێرشکردنە سەر ڕەوشتی ئاینی لە قەڵەم دەدرا، بروتاگۆراس کاتێک دەڵێت حەق بۆ هەر کەسێک بە حەق دەرکەوت ئەوە حەقە، مەبەستی ئەوەیە کە ئیدراکە هەستییەکان و بارودۆخی مرۆڤ بڕیار دەدەن ئەو شتە ڕاستە یان خراپ، چاکە یان دزێو. گۆرگیاسیش دەڵێ لەبەرئەوەی شتەکان لە حوکمی گۆڕانی هەمیشەیین کەواتە بۆ مرۆڤ نییە بتوانێ دەرک بە حەق بکا، کەواتە ئەو بڕوای بەوە هەبووە کە شتەکان بەردەوام لەژێر کاریگەرییە دەرەکی و زەمەنی و بارودۆخە

دەروونییەکاندان ناکرێ بڕیاری حەقیقی بەسەردا بدرێ، ئەوەی ئەمڕۆ بۆ ئەو حەقە بۆ ئەوی تر حەق نییە، سوفیستاییەکان بڕواشیان بە گومان هەبوو، واتە تا سەری ئێسک گومانیان لە ژیان و دەوروبەر هەبوو، هەر بۆیە هەندێ کەس سەردەمی ئەوان بە سەردەمی گوماناوی دادەنێ. بیری ڕەوشت لەم تەماشاکردنە سەرپێییەدا بەهەموو ئەو شێوازانەی کە دیاری دەکات وەکو نائیرادی و چاوقایمیەتی و خۆپەتی، جەختیان دەکردە سەر ئەوەی کە فەلسەفە پیشەیە، بۆیە بەناو خەڵکیدا بڵاویان دەکردەوە. (پرۆرتاگۆراس و شاگردەکانی زانین و چۆنیەتی زانین دەگەڕێننەوە بۆ بابەتە هەستییەکان و ئەزموونی هەستەکی ئەوەی کە لە ڕێگەی هەستکردنەوە پێمان دەگات دروستە و دەبێ بە زانیاری. هەر شتێکیش بەگوێرەی ئەم بیردۆزەیە لەودیو سنووری ئەزموونکارییە هەستییەکانماندا بێت نەناسە و ناتوانین هیچی لەبارەوە بڵێین. ئەزموونە هەستییەکانیش تەنیا بابەتە تاکەکانمان پێ ڕادەگەیەنن..)[١١].

کەواتە مەسەلە ڕەوشتییەکان لای سوفیستاییەکان زێدەتر پێوەست بووە بە خود و پێوەندییەکانی خود لەگەڵ خۆیدا، بۆیە گومانکردن لای ئەوان لە زۆر حاڵەتدا دەست بەسەر زۆربەی بیروڕاکانیاندا دەگێڕێ. (گۆرگیاس لە کتێبی "لە نەبووندا") بیروڕاکانی خۆی لەم ئسێ مەسەلەیەدا کورت کردووەتەوە، شتێکنییە، ئەگەر هەشبێت مرۆڤ لە دەرککردنیدا ناتەواوە، دوا جار ئەگەر وامان دانا مرۆڤێک دەرکی بەو شتە کرد ئەوە ناتوانی بە کەسانی تری بگەیەنێ...)[١٢]

سوکرات بەوە ناسرابوو کە زیاتر لە هەمووان گرینگیی بە بیری ڕەوشت داوە لەناو فەلسەفەی یۆنانیدا. سوکرات بەڕپەرچی سوفیستاییەکانی دایەوە، ئەو لە بواری ڕەوشتدا بڕوای بەوە هەبوو کە خۆشبەختی مەبەستی کارە مرۆییەکانە. ئەمەش بە دەسەڵاتی عەقڵ بەسەر پاڵپێوەنەرە ئارەزوویەکان دێتە دی. سوکرات سەرەڕای ئەوەی کە قوربانی بیروباوەڕەکانی بوو بەڵام سوریش بوو لەسەر ئەوەی کە بەرگری لە خۆی و بۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆی بکا، ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانەی کە باس لە بیری سوکرات دەکەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بیری سوکرات، ئەو بیرەیە زیاتر بەدەوری حەزە ڕەوشتییەکاندا دەسووڕێتەوە، سوکرات خۆی سەرقاڵ کرد بوو بە مەسەلەکانی ڕەوشت، یەکەم کەسیش بووە ئەم گرفتەی جوڵاندووە، سوکراتی یۆنانی (٣٣٩– ٤٧٩ پ.ز) هەموو ئەو زانیارییانەی لەبارەی ئەم فەیلەسووفەوە دەیزانین لە ڕێگەی ئەریستۆڤان و ئەکسونوفانە و ئەفلاتونەوە پێمان گەیشتووە (لەبەر بڕوانەبوونی بەخواوەندەکانی ئەسینا و تێکدانی ڕەوشتی لاوان و بڕوابوون بە پیرۆزە نوییەکان، بڕیاری مەرگی بەسەردا درا)، بێگومان ئەم بۆچوونە بەپێی دادگەکەی ئەسینای ئەو کاتە.

ئێمە پێش ئەوەی بڕوانینە فەلسەفەکەی لەبارەی ڕەوشتەوە دەتوانین ببینین کە خودی سوکرات خۆی هەڵگری سیفاتی ڕەوشتی تایبەت بوو، لە دادگەکردنەکەیدا هەندێ جار ڕەخنەی لەو زوڵمانە گرتووە کە داپلۆسێنەران ئەنجامی دەدەن و لە بەرامبەر ئەوەشدا ڕەخنەی لەو زوڵمانەش گرتووە

که میللەت ئەنجامی دەدات. یەکێک لە جوانترین رەوشتەکانی سوکرات مانەوە و هەڵنەهاتن بوو، نەیویست هەڵبێ و نەشیویست یاسای مردنەکەی بەسەردا نەدرێ، ئەو دەیتوانێ لە هەموو ئەو شتانە بە ئاسانی دەرچێ بەڵام سەربەرزی و بڕوابوونی بە رەوشتی رووتی ڕوح وای لێ کرد سەرشۆڕ نەکات، یەکێک لە جوانترین دیمەنە رەوشتییەکانی کەسێتی سوقرات، مەرگەکەیەتی، دوا وتەی بریتی بوو لە: (ئەی ئەقریتۆن کەڵەشێرێکی ئەسکلبیوس قەرزارم، داوات لێ دەکەم ئەو قەرزەی بدەیتەوە و لە دانەوەی تەقسیر نەکەی)، ئەقریتۆن وەڵامی دایەوە: (ئەوە جێبەجێ دەبێ، شتێکی ترت هەیە) بەڵام سوکرات وەڵامی نەدایەوە. ئەم رستەیە خۆی لە خۆیدا وەسیەتێکی سادەیە، بەڵام لە ناواخندا هێزێکی گەورەی هەڵگرتووە، هێزی ئەنجامدانی چاکەکان و بەسەربردنی قەول و پەیمان و بڕوابوون بە ڕاستی و دڵسۆزی.

ئەگەر لێرەوە باز دەین و بێینە سەر باسی مەسەلەی دامەزراندن و پێکهێنانی ئەو بۆچوونە فەلسەفییانەی کە سوکرات هەیبوو، پێویستە بەوردی بڕوانین ئەو وانە و سەرگوزشتانەی کە بۆ لاوانی ئەسینای دەگێڕایەوە، پێچەوانەی سوفیستاییەکان کاری دەکرد مەسەلەی ئاین و ڕێژیمە دیموکراتییەکان سەرچاوەی وانەکانی ئەو بوون. باشترین ئەو وانانەی کە پێشکێشی کردوون ژیانی بوون، ئەو بە ژیانی خۆی دەستی هاوڵاتییانی ئەسینای دەگرت، ڕێگەی راستی پێ نیشان دەدان و دژ بەو گەندەڵییانە ئەوەستاوە کەسیاسییەکانی ئەسینای ئەو کاتە دەرهەق بە خەڵکی ئەنجامیان دەدات، ئەو دژ بە یاسایەک بوو کە هاوڵاتی بچەوسێنێتەوە، هەروەها دژ بە هاوڵاتییەکیش بوو کە ببێتە هۆی شێواندنی راستییەکان.

(رووخاندن و بنیاتنانەوە) دوو زاراوەبوون دەیویست لە ڕێگەیانەوە راستیەکان لەلای مرۆڤ پشت راستتر بکا و وایان لێ بکا ئەوەی باوەڕیان پێیەتی زێدەتر لێی دڵنیا بن، هەردەم هەوڵی داوە راستییەکان سەربخات و تاریکییەکان وێران بکا. گفتوگۆ و دایەلۆگ و بناخەی فەلسەفەی سوکرات بوو، بەپێی بۆچوونی ئەو مرۆڤ لە ڕێگەی گفتوگۆوە بەڕاستی دەکات، بەبێ گفتوگۆ دەکەوێتە ناو تاریکییەکانەوە، بۆیە ئەو زیاتر گرینگی بە گرفتەکانی مرۆڤ دەدا، مرۆڤ لای ئەو لە سەروو هەموو شتەکانەوە بوو، واتە بوونی مرۆڤ لەلای ئەو تەنانەت لە بوونی خواوەندەکانی ئەسینا گرینگتر بوو، ژمارەیەکی زۆر لەو مەنهەجانەی بە لاوانی ئەسینای دەوت، بۆ ئەوە بوو کە هەروا بە سادەیی و ساکاری بە وتەکان هەڵنەخەڵەتێن، بگرە دەبێ، وردببنەوە بۆ ئەوەی تێ بگەن چاکەی ڕەها چییە، خۆشبەختی مرۆڤ لەوەدایە کە بە خۆشبەختی بگات، خۆشبەختیش دواین مەبەستە. (خەمی گەورەی سوکرات خەمی مرۆڤ و گشت گرفتەکانی بوو، هەروەها گرینگیپێدانەکانی لە بازنەی ڕەوشتدا قەتیسمابوون، بۆیە وتەی * شیشرۆن * لەبارەی سوکرات راست بوو (ئەو لە ئاسمانەوە فەلسەفەی هێنایە خوارەوە) هەروەها ئەوەش راستە کە ئەو دامەزرێنەری ئیتیکۆلۆجی بوو.)[١٣].

سـوکرات جـێگەی رقلێـبوونەوەی خـوا و دەسـەڵاتدار دیموکراتیـیەکـەی ئەو کـاتەی ئەسـینا بوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دژ بە یاسا باشەکانی ژیان نەبوو، ئەوێک، ئەو هـەموو پارانەوە و هـەوڵانەی رەت کردەوە کە هاوڕێکانی بۆیان دا تا لە مـەرگ رزگـاری کەن، بەڵام مەزنێتی ئەو لەوەدا بوو کە دژ بە ویژدانی خـۆی کار نەکات و لـە عـیزەتی نەفـسی خـۆی کـەم نەکـاتەوە، ئەوێک کـە دامـەزرێنەری ڕەوشت بوو دەیویست ئەوە بڵـێت کـە تیـۆری ڕەوشت لای سـوکـرات لەسـەر بنـاخـەیـەکی پتـەو دامـەزراوە، لەسـەر بناخـەیەک کە ئیـرادە و عـەقڵ تێیـدا بەشدارن، بۆیە تیـۆری مـەعریفـە بناخەیەکە سـوکرات بەکـاری هێنـاوە بۆ دامـەزراندنی بیـری ڕەوشت. (تێـوری مـەعریفـە لێرەدا لای سـوکرات مەبەستێکی کرداریی هەیە)[١٤].

هـەر سـوکرات خـۆی بڕوای وا بووە کـە (پاکداوێنی بەنرخـترینە لـە هـەموو ئەو شـتانەی لە ژیاندا هـەیە، بگـرە لە خوودی ژیانیش باشترە، ئەوەشی عەقڵ سڵـی لێ دەکاتەوە مەرگ نییە بگـرە نەنگی و خـراپەی ڕەوشـتـە، شـەڕخـوازی سـتـەمکار ناتوانێ پیـاوی پاکداوێن زەلیل کـات – چەندێک ئازار و میـحنەتی بۆ بنێرێ – ئەگەر هـاتوو پابەند بوو بە پاکداوێنی خۆیەوە، ژیان و سـامان و پلە و پایە و هـەمـوو خـۆشـیـیـەکـانی ئەم ژیانە هـیـچـیـان ناگـەنە ئاسـتـی پاکـداوێنی،..... لاپـەڕەی ٦٩ لە کتێبەکە)[١٥]. دیسان ئەوەش هەیە کە مرۆڤ ناتوانێ پاکداوێن بێت بەبێ بوونی زانست، واتە دەبێ پاکداوێنییەکەی لە زانستەوە سەرچاوەی گرتبێ.

هەندێ زاراوە هەن کە سـوکرات پێکەوەیانی گـرێ دەدات و بەپێی بۆچوونی ئەو ئەو زاراوانە هـەر هـەمـوو تەواوکـەری یەکـتـرین و وردە وردە یەکـتـری تەواو دەکـەن و دەبنـە سـەرچـاوەیەک بۆ بیـری ڕەوشـتی و فـەلسـەفـەی ڕەوشت، هـەر بۆ نموونە، بەسـتنەوەی پاکـداوێنی بە زانسـتـەوە و هـەروەها نێزیککردنەوەی باشـە و خـراپە پێوەسـتکردنی بە مـەبەسـتـەکان و پاشـان حـیکمـەت، لای سـوکرات مـەسـەلەی زانین خـراپـە و چاکـەیەکـان پێـوەسـتـە بە تێگەیشتن لەو زاراوانە و هەروەها پێکەوە بەسـتنێکی پتـەو لە نێـوانیـاندا هـەیە، نەک ئەمـەش بەبێ زانینی ئـەو زاراوانە ڕەنگە نەتوانی بگەیتـە چاکـە و خـراپییـەکانی ژیانـی خـۆت، هـەر بۆ نموونـە پێوەندیی نێـوان پاکداوێنی و مـەعریفـە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بزانی پاکییـەکان چییە، بەبێ نەبوونی زانین لەبارەی پاکی لە پاکداوێنی ناگەی، بەمـەش دەبێ خـاوەنی زانین بیت، ئـەو زانینەی لە کـرۆکی ئەم مـەسـەلانەت نێـزیک دەکـاتەوە، ئەو زانینانەی وات لێ دەکات، وردە وردە ڕاستییەکانت بۆ دەرکەوێ، وات لێ دەکات بزانی ئەو ئازارانە چین کە مرۆڤ بە دەستیـانەوە دەنالێنێ و ئەو ڕاستییـانە چین کە دەبێ پێیـان لەسـەر داگیـرێت و بەردەوام بە دووبـانە بین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بڕێکی زۆر لە پێداویستییەکانی مرۆڤ لە نێوان ئەو دوو کـەوانەدا دەخـوێنرێتـەوە، کـە ئاخـۆ هـەرچیـیـەک کـە تۆ بە باشی دەزانیت، باشـە، یاخـۆ هـەرچییەک کە بە خراپی دەزانیت خراپە.

(سوکرات بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەدووی ئەو شتەیە کە پێی دەوترێت چییە* پرسیارێکە بەردەوام

دەیکات. جـوانی چیـیـە؟ یـا ئازایەتی؟ یا دادپـەروەری؟ یا خـواپەرسـتی؟ مـەبەسـتی ئەو هـەرگـیـز پێناسەکردنی دیاردەیەک یان ریزکردنی نموونەکان نییە. مەبەستی ئەو دۆزینەوەی ئەندێشەیەک و هێنانەدەرەوەی چەمکێکە. چ شتێک لەو وشەیەدا خۆی حەشار داوە. لە راستیدا لە بەکارهێنانیدا بیر لە چی دەکەینەوە؟ ئاخۆ ئەسڵەن بیر لە شتێک دەکەینەوە؟)[١٦].

بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا سوکران پێمان دەڵێ ئەوەیە دەبێ، بگەڕێین و لە پونتێکدا نەوەستین، ئەو کاتێک باس لە هەر زاراوەیەک دەکات زۆر وردبینانە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو حاڵەتانە دەکات کە لە ناویاندا وشـەکـان خـۆیان حـەشـار داوە. لەوەش بتـرازێ دەبـێ عـەقڵ بەکـار بهـێنـرێ بۆ زانین ڕەوشت. هەروەها دیسـان دەڵێت مـرۆڤ وێڵی خۆشبـەختی و خـۆشییە لەمـەش بترازێ شتێکی تر نـیـیـە، بەڵام خـۆشی بـەداوای هـەمـیـشـەیی چێـژ و حـەز و ئارەزووەکـان نایەتـە دی، بگرە باشـتـر بەدەست دێت بە ڕێگرتن لە ئارەزووە نەفسیەکان، خۆشبـەختی تاکەکان لە نـاواخنی خۆشبـەختی گشتدایە، بەرامبەر بەمە خۆشبـەختی هەر کەسێ لەوەدایە کە ئەرکی خۆی بەرامبەر بە کەسانی تر باشتر ئەنجـام بدات، بەم پێیەش دەبێ زانستی مـرۆڤ مـرۆڤ بەرەو خۆشبـەختی ڕێنوێنی بکا، نەک بەرەو گەندەڵی.

هەروەک وتمان بناخەی بیری ڕەوشت لای سوکرات پابەندە بە عەقڵەوە و باڵاترین وێنەی دانایی دادپەروەرییـە و هـەر ئەویش چاوەدێریکەری یاساکـانی نەمـرییـە و لـە جـیـهـاندا عـەقڵی بـەرقـەرار کردووە. ژیانی چاک لەبەرئەوەی ئـەو ژیانـەیە کـە بەپێی سـروشت بەڕێوە دەچێ کەواتە بەختـەوەری بەدی دێنێت. واتە کاتێک کـە لە بەختـەوەری گەیشـتن بەی بە چاکـە و خـراپەی خۆمـان دەبـەین، سوقرات بڕوای وا بووە مـرۆڤ بەشێکە لە سروشت، سـروشـتیش بەو حوکمەی بڕێتییـە لە جوانی و چاکییەکان کەواتە ئێمەش دەبێ بەشێک بین لەو چاکییە، ئەگەر ئێمە بەپێچەوانەی چاکە بین، ئەوە مانای وایە ئێمە دژ بە یاساکانی بوونی خۆمان کار دەکەین.

سوکرات وەکو دژێک

ئەو دژ بە هـیـچ یاسـایەک نەبوو یاسـاکـانی دژ بەڕاسـتی عـەقڵی مـرۆڤ نەبێ ئەو بڕوای وابـوو کـە زانین و زانیـاریی مـرۆڤ شـتێک نـیـیـە پێوەست بێت بە هەسـتـەوە، هـەروەک چۆن هـەست جـوڵێنەری بڕوا و بۆچوونـەکانی نـیـیـە بگرە عـەقڵ ئەو هـەسـتـە هـەڵدەسـوڕێنێ، سـوکرات بڕوای وابـوو هـەمـوو شـتێک لێکدانەوە چەمکەکان دێتـە دی، بۆیەش بڕوای وابوو مەعریفە لـە ڕێگەی چەمکەکانەوە دێتـە دی، نەک ئەمـەش بڕێکی زۆر ئەو چەمکانەی کە ئەو دای دەمـەزراندن پشـتـیـان بە هێزی زانسین و توانا زانراوەکـان بەسـتـبـوو، لەناو ئەسینای ئەو کاتەدا سـوکـرات دژ بەوانە ئەوەسـتـا کـە وشـە و تێگەیشـتنەکانیان لە جێگەی خۆیدا بەکار نەدەهێنا، لە مـامـەڵەکردنیان لەگەڵ هەندێ لە مـەسـەلە فەلسـەفییـەکاندا تووشی شـێوەیەک لە چەواشەیی بوون، لە وەڵامدانەوەکانی بۆ سـۆفیسـتاییـیـەکان

سوکرات پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە زانین لە ڕێگەی عەقڵەوە بە ئەنجام دەگات نەک هەست، ئەوانی بەوە تاوانبار دەکرد کاتێک باس لە چەمکەکان دەکەن، شەرحێکی ڕوونیان بۆ ئەو چەمکانە نییە، کاتێک باس لە هەر بابەتێک دەکەن مۆرکی نەزانینی پێوە دیارە. دژایەتییەکانی سوکرات نەک تەنیا لەو بارەیەوە بوو کە نەزانن، بگرە ئەوان تێهەڵکێشییەکیان دەکرد لە نێوان ئەرکی هەست و ئەرکی ڕۆح و عەقڵ، ئەمەش، بۆ ئەوانەی کە دەیانویست لە ڕاستییەکان بگەن مایەی سەرلێشێواندن بوو. سوکرات ڕووی دەمی ئەکردە ئەو خەڵکانەی کە گوێیان بۆ وتەکانی هەڵدەخست و دەیگوت، ئەوەی ئێوە بەرەو خراپەی ڕاستەقینە دەبات، بێ ئاگاتیانە لە دادپەروەری و ڕاستی.

کاتێک زانیتان دادپەروەری و ڕاستی چییە ئەو کاتە بۆ عەقڵتان دەگەڕێنەوە، هەر بۆیەش دەیگوت (تەنیا زانینە دەتوانێ مرۆڤ سەربەست بکا، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئاکاری چاکە تاکە ئاکارێکی هەڵبژێرراوی ڕاستە و مرۆڤی شەڕخواز بە نەزانیی خۆیەوە ناچارە ئەو کارە بکا کە دژ بە ئارەزووی ڕاستەقینەی خۆیەتی کە بەردەوام بەرەو باڵاترین چاکەی دەبات. تەنیا زانینیشە عەقڵی ئازاد دەکات و وای لێ دەکات ئازاد بێ لە بەجێگەیاندنی ئارەزووەکانی.)[١٧]

سوکرات لە زۆربەی ئەو وەعزانەیدا کە پێشکێشی کردووە جەخت دەکاتە سەر پاکداوێنی و چاکە و دانایی، بەبۆچوونی ئەو پاکداوێنی و چاکەی نەفس لە سەرەوەی هەموو چاکەکانە. کاتێک ئەو دژ بە بیری داپلۆسین وەستایەوە، فەلسەفەکەشی لەسەر ئەو بیروەڕایە دانا کە بە هێمنی سەرچاوەیەک بۆ بیری چاکە دانا، لە زۆربەی زۆری بیر و بۆچوونەکانی توانی دەوڵەمەندییەک بداتە بیری داهێنانی ڕەوشت.

بۆیە دەڵێین دژایەتی سوقرات لەبەرئەوەی سوکرات لە سەرەتاوە بەوە دەستی پێ کرد کە دژ بەو بیروباوەڕانە بوەستێتەوە کە بیری لێکدانەوە و ڕەوشتی لاوان تێک دەدەن، پاشان سوکرات هاتە سەر وەڵامدانەوەی بۆچوون و تەرحەکانی ئاناکساگۆراس کە وتی فیتنەی مرۆڤ بۆ بوونی هەردوو دەستی دەگەڕێتەوە، بەڵام سوکرات پێچەوانەی ئەو تەماشای فیتنەی مرۆڤی بۆ ئەو ڕوحە هۆشدارە دەکرد کە بە جەستەوەیە. هەروەها ئەو لە سەرەتاوە هەڵوێستێکی دژانەی بەرامبەر بە تێورە ناتیورالیستییەکان هەبوو، بەوەش تاوانباری دەکردن کە ئەوان هەستی مرۆڤانەیان نییە، هەر ئەم هەموو هەوڵانە بوو وای لە سوکرات کرد ببێتە شۆڕەسواری بواری ڕەوشت، بە دامەزراندنی هەستێکی مرۆڤانەی زانستی ڕەوشت.

دژایەتییەکانی سوکرات بۆ دژایەتیکردنێکی ڕووتی بێ مەبەست نەبوو، بگرە ئەو بەردەوام بەدووی کەلێنە زانستی و فەلسەفییەکاندا دەگەڕا بەردەوام پرسیاری لەخۆ و دەوروبەری دەکرد، ئەوێک کە مەرگەکەشی شێوەیەک بوو لە دژایەتیکردنی ناڕاستییەکان، کاتێک ژەهرەکەی خوارد

خۆی بەراورد نەکرد بەوانەی ژەهرەکەیان دەرخوارد دا، یان خۆی بە پاڵەوان دانەنا و، سەرەڕای ئەوەشی سەرشۆڕی و پاکانەکردنی نەکرد، جوانترین و نایابترین ڕەوشت ئەوە بوو کە ئەو خۆی بە (باڵندەی ماسیگرە بەراورد کرد ئەو باڵندەی کە پێش ئەوەی بمرێ گۆرانی دەڵێ، نەک لەبەرئەوەی لە ژیان دەترسێت، بگرە بە پاڵپێوەنەری ئەو خۆشی و هیوایەی کە بۆی دەڕوانێ)[١٨].

مانا رەهاکان لای ئەو بەشێکن لە ئاشکرابوونی رەوشتی مرۆڤی، ژمارەیەکی زۆر لە دیاردەکان پاڵ بەوەوە دەنێن، بەڕەو ئەو کەنارانە راکات، کە دەمێکە وێڵی کردوون، کەسێکی وەک سوکرات بەردەوام لە دژایەتیکردن بوو، لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی، لەگەڵ بیرکردنەوەکانی، لەگەڵ دەوروبەری لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە دەیخستنە ڕوو، دژایەتیکردنی سوکرات لەگەڵ دیاردەکان دژایەتیکردنێکی تەندروستانە بوو، دژایەتیکردنێک بوو لە پێناوی خوێندنەوەی دیاردەکان، لە پێناوی نێزیکبوونەوە لە ڕاستی ڕەها.

سوکرات لە باسەکانی لەبارەی شەڕەنگێزی جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە مرۆڤ دژ بە سروشتی خۆی کار دەکات، مرۆڤ لەخۆڕا و لە خودی خۆیەوە نابێتە کەسێکی شەڕخواز بگرە ئەو شەڕخوازییە بەرەنجامی نەزانینەوە نەزانین لە سروشتی خۆی دژایەتییەکانی سوکرات بێ سنوور بوون، ئەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی نەزانین، شێوازێکی سەیری بەکار دەهێنا، بەبێ ڕەوشتی لە قەڵەم دەدا، کە دژ بە سیفەتی سروشتی مرۆڤە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەشی سەرەتا خۆی بە نەزان لە قەڵەم دەدا و پاشان بۆ بەرزکردنەوەی نەزانینەکانی خۆی دەستی بە پرسیار و وەڵام دەکرد، دەکەوتە ناو گفتوگۆوە، پاشان بە پرسیارکردن بەرەو خاڵێکی دیاریکراو ئەو کەسەی ڕێنوێنی دەکرد کە پرسیاری لێ دەکرد، بەم جۆرەش ناکۆکییەکانی بەرامبەر بەرەو خاڵێکی دیاریکراوی دەبرد. کە راستییەکانی لا ڕۆشن دەکردەوە.

بیری دژایەتی لای سوکرات لە گشتگیریدا بەرجەستە دەبوو، تێگەیشتنە وردەکانی لەملا و ئەولا کۆ دەکردەوە و پاشان هەموویانی بەراورد دەکرد و تێگەیشتنێکی گشتیی لێ هەڵدەهێنجا، واتە ئەو بەشێوازی هەڵهێنجان کاری دەکرد، ئەمەش شێوازێکە بۆ تێکشکانی تێگەیشتنە وردەکان لە تێگەیشتنێکی بەرفراواندا، ئەوەش پێی دەوترێ، تێگەیشتنی گشتی.

بڕوابوونی سوکرات بە زاراوەی (وەبەرهەمهێنان)، بە مەبەستی ئەوە بوو کە گوێگر تەنیا گوێگر نەبێت بگرە هەستێت بە دووبارە دۆزینەوەی ڕاستییەکان، واتە خۆی راستییەکان ئاشکرا بکا.

لەخۆڕا نییە کە شیشرۆن گوتوویەتی سوکرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێناوەتە سەر زەوی، بیر و ئەندێشەی سوکرات، زیاتر لەبارەی مرۆڤ بوو، (کۆمەڵگەی ئەو کاتەی یۆنان کە سوکراتی تێدا دەژیا، کۆمەڵگەیەک بوو کە سۆفیستاییەکان بە توندی کاریگەری ئاین و ئەفسانەیان بەسەر مرۆڤەوە کەم کردبوو، لەم ڕووەوە سوکرات لە زەوینەی ڕەوشتەوە هەوڵی دا پێناسەی تەواو و جیهانگیری نیشان دا، جێگرەوەیەکی گونجاو بێ بۆ ئاین و ئەفسانە ـ ئەو بەپێچەوانەی

سۆفیستییەکان بڕوای وابوو کە دەستنیشانکردنی راستی و ناڕاستی کاری عەقڵی. مرۆڤە، نەک ئەرکی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە.)[١٩]

ئەمەش بۆ خۆی پێداگرتنێکی تەواوە لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و بڕیاردان لەسەر ئەو هەوڵانەی کە ئەو کاتە سوکرات داویەتی بۆ سەقامگیرکردنی بۆچوونەکانی جێکردنەوەیان لەناو بنیاتی فەلسەفی عەقڵی ئەو کاتەی یۆناندا.

لە زۆربەی زۆری ئەو نووسراوانەی کە تا ئەم ساتە لە دوای سوکرات بەجێ ماون باس لە جوانییەکانی ڕەوشتی سوکرات دەکەن، ئەمەش شێوەیەکە لە هەڵدانەوەی ئەو شێواز و بیروباوەڕەی کە سوکرات باسی کردوون.

تێگەیشتنی ئەخلاقی لای ئەفلاتون

لە زۆربەی ئەو نووسینانەی کە ئەفلاتون لەمەڕ سوکرات نووسییەتی، وێناکردنی ئەو بیرکردنەوانەن کە سوکرات گرتوویەتییە بەر، واتە ئەفلاتوون کەم تا زۆر بەشێکی نووسینەکانی بۆ ئەم لایەنە تەرخان کردووە، کە ئەمەش بە ڕای من بەشێکە لە ئەرکی فەلسەفی ئەفلاتون خۆی. کاتێک ئەفلاتون وتی مەعریفە چاکەیە دڵنیابوو لەوەی لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی سوکراتەوە کار دەکات، کە بیرکردنەوە و بەکارهێنانی کە عەقڵ سەرچاوەی چاکەن، نەک هەستەکان.

ئەفلاتون پێچەوانەی سوکرات زۆربەی ئەو شتانەی نووسیونی لە دوو توێی کتێب و دەستنووسەکاندا بەجێ ماون، بەڵام وەکو ئەو تەواوی گرینگیپێدانەکانی سەنتەریان بەستبوو بەدەوری مرۆڤ و سەرچاوەی بیرکردنەوەی مرۆڤە. ئەو جیاوازییانەش کە لە محاوەرەکانی سوکرات و ئەفلاتوندا هەن، (محاوەرەکانی سوکرات تایبەتن بە ڕەخنەگرتن لە بڕوا بڵاوەکان و ڕوونکردنەوەی پێویستی زیاتر بۆ باسکردن لەبارەیانەوە، بەڵام محاوەرە ئەفلاتونییەکان بە ئەنجامێکی ئیجابی نەرێنی دەگەن، محاوەرەکانی سوکرات باس لە پێناسەی چەمکە ڕەوشتییەکان ئەکەن، بەڵام ئەفلاتون بیانوویەک پێشکێش دەکات بۆ شێوەی قوڵبوونەوەی لە ژیان کە تێیدا چێژە هەستییەکان وەلاوە دەنرێت لە پێناوی چێژی عەقڵ. محاوەرەکانی سوکرات لە شێوەی دایەلۆگ و بەڵگە هاتوون، بەڵام ئەوەی ئەفلاتوون زیاتر دیالەکتیکی و ئەپتراکت بوون.)

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خودی ئەفلاتون، گەشتیاری بێوێنە بوو، هەروەها پێکهاتەی خێزانیشی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی بەردەوامی بە گەشەکردنی فەلسەفەی بیرکردنەوەکانی بدات، زۆر سەقامگیرانە جەختی دەکردە سەر ئەوەی کە بیرکردنەوەی مرۆڤ سەرچاوەن بۆ گەشەدانی بیرکردنەوەی عەقڵی.

ئەفلاتون وەکو پەلەوەرێک ئەو پەیامانەی لە هەموو قوژبنێکی دنیا کۆ دەکردەوە، بەردەوام پرسیار لە دووی پرسیار بەدووی ئەو پرسیارانە بوون کە نەکرابوون.

بێگومان لە بواری ڕەوشتدا قەرزاربارى سوکراتە و بەشێوەیەکى بێوێنە لەژێر کاریگەریى ئەودا کارى کردووە، ئەم کارکردنەى هەروا لە خۆوە نەبووە، بگرە بەردەوام ئەو پرسیارانەى لە خۆى کردووە، بێگومان سەرەڕاى ئەوەش قوتابخانەى فیکرى پزیشکى کە ئەفلاتون ئەبیقرات بە نموونە دەهێنێتەوە، مەزهەبى ئەبیقرات (لەسەر تیۆرى physis فیزیس کە وشەى * فیزیۆلۆجیا* لەوەوە هاتووە واتە:

سروشتزانى* مەبەستیش * سروشتى مرۆڤە * کەواتە مەبەستیش* ژیانزانینە*.

کورتەى ئەم تیۆرە بڕێتییە لەوەى کە جەستەى مرۆڤ وەکو هەر جەستەیەکى سروشتى لە چوار ڕەگەز پێک هاتووە: خۆڵ، ئاو، هەوا و ئاگر. ئەم چوار ڕەگەزەش چوار چۆنیەتیى و سروشەکانى لێ پێک دێ: وشکایەتى (خۆڵ)، شێ (ئاو)، ساردى (هەوا)، گەرمى (ئاگر). لەسەر ئەمەش تیۆرى چوار تێکەڵەکە پێک دێ....)[٢١] .

یەکەم بۆچوون کە لەناو بیرى ڕەوشتى یۆنانیدا هاتووە، بەراوردى مرۆڤ بە سروشت دەکات، کە ئەمەش یەکێک بووە لە میراتییەکانى ئەبیقۆر کە ئەفلاتون تا ماوەیەکى زۆریش کاریگەریى کارەکانى ئەوى پێوە بوو.

(لە ڕاستیدا ناتوانین ئینکارى ئەو کرێنگێیە بکەین کە ئەفلاتون بە (چاکەى) داوە[٢٢])، لەسەر ئەم پێڕەوە پێى وایە، ئەگەر کەسێک چاکە و خراپە بناسێت هەرگیز سەرپێچى ناکات، ژیانیش لە گشتدا بڕێتییە لە چاکەیەک بۆ هەموان مەیسەر کراوە، ئەفلاتون پاکداوێنى پێوەست دەکات بە دانایى چاکەوە، ئەگەر تۆ بزانى چاکە چییە ئەوە کارى پێ دەکەیت. هەموو ئەو پاکداوێنییانەى لەسەر گەردووندا بەڕێوە دەچێ سەرچاوەکەى بوونى زانین و زانستە لەبارەى ئەو ڕاستییانەى کە لە پشتى سەرى تۆوە خۆیان حەشار داوە، زانینى ڕاستى وەکو پێویستییەکە بۆ بەکارهێنانى ڕەوشتى چاکە، ڕێگەچارەى مەسەلە ڕەوشتییەکان ڕەوشێکى عەقڵانى هەیە، فەلسەفەى ڕەوشتى ئەفلاتونى شێوەیەکە لە دەرککردنى عەقڵ، واتە بوونى عەقڵ ڕێگە خۆش دەکات بۆ مومارەسەکردنى ئەو مەسەلانەى کە چاکەن و ئەوانەى کە خراپەن. بۆیە فەلسەفەى ڕەوشتى ئەفلاتون شێوەیەکە لە موتلەقخوازى.

بۆ بەدەستهێنانى خۆشبەختیش دەبێ ڕەوشتى چاکە سەرکەوێ و ڕەوشتى خراپە بەرگرى لێ بکرێ.

ئەفلاتون لە (وتووێژى کۆمارى) تەنانەت لە محاوەرە پاشهاتووەکانیشیدا هەوڵى دا بۆچوونێکى ڕێکوپێک لەسەر سروشت و خوا مرۆڤ پێک بێنێ و لێیانەوە پرەنسیپە ڕەوشتییەکەى خۆى بەرجەستە بکا، ئەم بۆچوونانە میتافیزیکى بوون و لەسەر بناخەى ئەو تیۆرە بوو کە لەبارەى وێنە و نموونەوە، باشترین دارشتنى کورت لەبارەى ئەم تیۆرە لە موناقەشەکەى ئەفلاتون دەبینین لە دواین بەشى کتێبى چوارەم ٧١ لە کتێبى (کۆمار) ئەفلاتون بابەتەکانى مەعریفەى، بۆ دوو جۆرى

بنەڕەت دابەش کردووە و لەلای خۆشیانەوە هەردووکیان بۆ دوو جۆرە بەش دابەش دەبن بەدوو بەشی نایەکسان لەسەر هێڵێ ئاماژەیان بۆ دەکات، دابەشکردنە سەرەکییەکە لە نێوان ناوچەی بابەتە هەستەکییە گۆڕاوەکان و ناوچەی وێنە موجەڕەدە جێگیرەکان پێک دێ)[٢٣].

کەواتە ئەفلاتون وەکو فەیلەسووفێکی دوالیزم لە باسکردنی بابەتەکانیدا زۆر شێلگیرانە (هەستەکی و هۆشەکییەکانمان دەبێ بە دوو بەشەوە: جیهانی خوارەوە کە ئێمەی زیندەوەری تێدا دەژین ئەم جیهانە ماتریالییە و وێنەیەکی ساختە و شۆڕاوەی جیهانە راستەقینەکەیە و دەکەوێتە ژێر باری (کات) و (شوێن)ەوە. هەر بابەتێک لەم جیهانەدا هەبێت تاکە و لەژێر فەرمانەکانی کات و شوێندایە و سەرەتا و کۆتاییی هەیە و گۆڕانی بەسەردا دێت.)[٢٤].

لە نێوان بابەتە هەستەکی و وێنەییەکاندا سوکرات ڕەوشت دەخاتە ناو وێنە ڕەوشتییەکانەوە، بەو پێیەش پێوەستی دەکات بە عەقڵەوەوە و پێی دەڵێ مەعریفەی بەعەقڵبوون، کاتێک ئەفلاتون دەیەوێ پێگەیەک بۆ ڕەوشت دانێ، تووشی شێوەیەک لە دوودڵی و گومان دەبێت، بەپێی بۆچوونی ئەو جێگەیەک بۆ ڕەوشت کە هەبێت – لەناو بازنەی چاکەدایە لەبەرئەوەی لەوێدا هەموو وێنەکان کۆ دەبنەوە، وێنە ماتماتیکییەکان و وێنە خولقییەکان، کەسێکی وەک ئەفلاتوون تا ڕادەیەکی زۆر بڕوای بەو زانستانە هەبوو کە لە وێنە بینراو و هەستییەکان دوورت دەخاتەوە، هەر بۆیەش بڕوای بە ماتماتیک بوو، لەبەرئەوەی مامەڵەکردنی ماتماتیک مامەڵەکردنێکی بەدیهییانەیە. (بەڵام ئەفلاتون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر گرفتە ڕەوشتییەکان پەنای بۆ ڕاییکردنە هەڵهێنجراوەکان نەبردووە، ڕەنگە لەبەرئەوەی هەستی بەوە نەکردووە کە ڕوانینێکی گونجاوی بۆ چاکە هەبێ کە بە بەڵگەنەویستییەکان یارمەتی دات کە لێوەی دەتوانێ یاساکانی ڕەوشت هەڵهێنجێ، بەڵام لێرەدا لە بەجێهێنانەکانیدا ئەو ڕێگەیە دەگرێتە بەر کە پێی دەوترێ مشتومڕی سەرکەوتوو، ئەمەش پرۆسەی بەگشتیکردنە لە دوو تۆپی وتووێژدا دروست دەبێ لێوەی لە حاڵەتی بەشی لەیەک چووەوە بۆ باڵاترین ڕوانینی عەقڵی بەرز دەبێتەوە بۆ بنیاتنانی واقیع کە لێوەی بتوانرێ حوکمە بەشەکییەکانی بەها هەڵهێنجرێ، ئەویش لە ڕێگەی مشتومڕی هاتنە خوارەوەوە لە پرەنسیپە گشتییەکانەوە هەڵهێنجرێ. ئەفلاتون لە فەلسەفە ڕەوشتییەکەیدا ئامانجی ئەوە بوو کە بۆ ئەو ڕێگەیە بگەڕێتەوە کە بەرەو چاکەی دەبات.)[٢٥].

لە مەسەلەکانی ڕەوشتی وەک چاکە و خۆشبەختی و دادپەروەریی پاکداوێنیدا سەرچاوەیەکی مەزن لەلای ئەفلاتون دەبینین، ئەو تەنیا لە کۆمارەکەیدا لە زۆر جێگەدا مەسەلەکانی ڕەوشت دەوروژێنێ، کاتێک کە دەڵێ چاکەکارەکان هەر هەموویان بەسوودن، بەڵام لەولاشەوە سەرزەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە لە سنووری چاکەکردنیان ئەوەندە زیادەڕۆیی دەکەن، دەبنە هۆی کەوتنە ناو هەڵەی مەزنەوە، باشبوون لەگەڵ خەڵکی لەگەڵ مرۆڤی باش و خراپ وەک یەک بەرەو تاوان و خراپەکاری دەڕوات ئەگەر کەسێکی شەڕخواز داوای چەکێکی لێ کردین بە مەبەستی چاکە پێمان

بەخشی بەم کارەمان خراپەیەکمان کردووە.

کاتێک لە کۆمارەکەی باس لە بوونی سێ چاکە دەکات، باس لە خراپییە زۆرەکانیش دەکات. پاکداوێنەکانی رەوشتی فەلسەفی لای ئەفلاتون، بریتین لەوەی کە مرۆڤ دەبێ لێکۆڵینەوە لەبارەی شتە زیانگەیەنەکان بکات، واتە ئەو شتانەی کە رەوشیی فەلسەفی لای زۆر کەس دەشێوێنن، زۆر کەسیش لە کاریگەریی ئەو فەلسەفانە قوتاری دەبێت، نابێ ئینکاری ئەوەش بکەین کە پێگەی چاکە لەناو فەلسەفەی ئەفلاتونیدا ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە، ڕووبەرێک کە کەم تا زۆر هەوڵی دووبارە هەڵدانەوەی ئەو پەردانە دەدات کە دەبنە هۆی شێواندنی رەوشتی فەلسەفیی زۆرینە. سەرەڕای ئەوەش هەموو سوودە ئیستاتیکییەکان و دەوڵەمەندی و سامان و هێزی جەستەیی و هەموو ئەوانەشی لەم شێوە سیفەتانەن دەبنە هۆی شێواندنی نەفس و وێرانکردنی. ئەفلاتون لە محاوەرەکەی لە بەشی چوارەمی کۆمارەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە هێزی خراپەی گەورە لەلای ئەو عەقڵە گەورانەوە ڕوو دەدات کە بە ڕۆشنبیرییەکی خراپ پەروەردە بکرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی گەندەڵییەکی مەزن.

هەروەها بەردەوام لەو گفتوگۆیەی نێوان سوکرات و ئادیمانتس دا دەڵێ: ئەو سروشتەی کە بڕیارمان دا لەناو فەیلەسووفدا بێت، ئەگەر هاتوو راهێنان و فێرکردنێکی گونجاوی هەبێ، گەورە دەبێ و هەموو پاکداوێنی و جوانییەک وەدەست دێنێ، بەڵام گەر هاتوو لە زەوینەیەکی ناچاکدا گەشەی کرد و خۆراکێکی خراپی وەرگرت، ئەوا پێچەوانەی ئەوە دەبێ کە باسمان کرد، مەگەر خوا یاری بێت و شتێکی تر دەرچێ.

ئەفلاتون پێی وایە ئەگەر بەبێ چاکە هەر شتێکیشمان هەبێ، ئەو شتە بێ سوودە دەبێ. ئادیمانتس لە وەڵامدانەوەیەکی سوکرات لەناو کۆمارەکەی ئەفلاتوندا پێی وایە چاکەی مەزن لای زۆربەی خەڵک شادمانیەی لای خەڵکی تایبەتیش ڕوونبینی و حیکمەی عەمەلیە. ئەو چاکەیەی کۆمارەکەی ئەفلاتون دەیەوێ لەناو چوارچێوەیەکی فراواندا و لەناو گفتوگۆی سوکرات و ئادیمانتس پێشکێشی بکا، بەشێکە لە پێداگرتن لەسەر چاکە و جوانی و دادپەروەری، ئەو چاکەیەی کە سرودی هەموو نەفسێکە، مەبەستێکە لە مەبەستەکان، لە ناوزەدەکردنی جوانی و دادپەروەریدا کەس ناتوانێ بگاتە زانینی ڕەها، ئەگەر ئاگای لە چاکە نەبێ.

حیکمەت و ئازایەتی و پاراوی و دادپەروەری لەو چوار پاکداوێنییەن کە ئەفلاتون لە بەشی چوارەمی کۆمارەکەیدا جەختی سەر دەکاتەوە و بە وردی لایەنەکانی ڕوون دەکاتەوە، ئەو لایەنانەی ئەو مەبەستێتی بۆ پێشکێشکردنی ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی بیری گەشەکردن و تێگەیشتنی ژیان و نەفس و حیکمەتی مرۆڤ.

پەڕاوێز:

١– البدائية، تحرير: رشلي مونتاغيو، ترجمة: د. محمد عينور، عالم المعرفة، مايو ١٩٨٢ ص ٥٥.

٢– هەمان سەرچاوە، لا ١٧٩.

٣– الاخلاق في الفلسفة اليونانية: د. محمد الجبر، دار الينابيع، الطبعة الاولى: ٢٠٠٣، ص ٧١.

٤– د: محمد الجبر، الاخلاق في الفلسفة اليونانية، الينابيع، الطبعة الاولى.

٥– هەمان سەرچاوە، لا ٣٥.

٦– هەمان سەرچاوە، لا ٤١.

٧–هەمان سەرچاوە، لا ٤١.

٨– يوسف كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، ص ٢٦ (لە كتێبی كێشەی بوونی) وەرگیراوە، نووسینی د: محەمەد كەمال.

٩– مقدمة في علم الاخلاق، د: محمود حمدي زقزوق، ١٩٩٣، دار الفكر العربي، ص ٤٩.

١٠– كێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا. د. محەمەد كەمال، چاپی یەكەم، دەزگای سەردەم، لا ٤٥ –٤٦.

١١– كێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا/ بەرگی یەكەم. ٢٠٠٢ چاپخانەی سەردەم، لا ٤٦.

١٢– محمد الجبر، الاخلاق في الفلسفة اليونانية الينابيع، الطبعة الاولى ٢٠٠٣. ص٦١.

١٣– د. محمد الجبر، الاخلاق في الفلسفة اليونانية الينابيع، الطبعة الاولى ٢٠٠٣. ص ٦٧.

١٤– سەرچاوەی پێشوو لا ٦٨.

١٥– سەرچاوەی پێشوو لا ٦٩.

١٦– ئەم نووسینە لە سایدی زندگی وەرگیراوە.

١٧– د. محمد الجبر، الاخلاق في الفلسفة اليونانية الينابيع، الطبعة الاولى ٢٠٠٣، ص ٧٦– ٧٧.

١٨– www.diwana1arab.com سایتی «دیوانی عەرەبی».

١٩–Philosophers. atspale.com

٢٠– تطور الفكر الاخلاقي في الفلسفة الغربية، الدكتور محمد مهلران رشوان، دار قباء، ١٩٩٨، ص٥٥–٥٦.

– فقد العقل العربي ٤، العقل الاخلاق العربي، دراسة تحليلية نقدية نظم القم في الثقافة العربية. الدكتور محمد عابد.

٢١– الجابري ص ٢٥٨.

٢٢– د. محمد الجبر، الاخلاق في الفلسفة اليونانية الينابيع، الطبعة الاولى ٢٠٠٣، ص ٩٢.

٢٣– تطور الفكر الاخلاق في الفلسفة العربية الدكتور محمد مهلران رشوان، دار قباء، ١٩٩٨، ص ٦٣– ٦٤.

٢٤– كێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا/ بەرگی یەكەم. ٢٠٠٢ چاپخانەی سەردەم، لا ٦١.

٢٥– تطور الفكر الاخلاق في الفلسفة العربية الدكتور محمد مهلران رشوان، دار قباء. ١٩٩٨، ص ٦٥– ٦٦.

هەولادەی كتێبخانە

کۆمەڵکوژیی
خەڵکی ڕەسەنی ئەمەریکا

نیکۆڵە شلەی. زابینە بوسە

دەستەواژەی " شەڕی هیندییەکان"، کە لە نێوان خەڵکی ڕەسەنی باکوری ئەمەریکا و کۆچبەرە ئەوروپاییە داگیرکەرەکان (مستوطنات) ڕووی دا، مەیدانی سەرەکیی ئەم شەڕەش، دەکەوێتە سنووری جوگرافیاییی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەم شەڕە بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵ بەردەوام بوو، چەندان ساڵ پێش ئەوەی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست بێت. پاش دۆزینەوەی جیهانی نوێ " مەبەستی پارزەوینی ئەمەریکایە" لەلایەن کریستۆف کۆڵۆمبوس لە ساڵی ١٤٩٢، سەرەتا ئیسپانیاییەکان چوونە ناو ئەمەریکای باکور، بەشێوەیەکی کاتی کۆڵۆنیا "مستوطنات"یان دروست کرد. ساڵی ١٥١٣ بۆ یەکەم جار ناوچەی " فلۆریدا"ی ئەمەریکا لەلایەن ئیسپانیاییەکانەوە هاتەوە دۆزین. ساڵی ١٥٦٥ بەسەرۆکایەتیی سێت ئۆگوستینە، ئیسپانیاییەکان یەکەمین کۆڵۆنیای خۆیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست کرد.

لە ماوەی ٥٠ ساڵی تردا، کۆمەڵێک نەتەوەی تری ئەوروپایی کە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆری دەریایی و بازرگانی بوون، دەستیان کرد بە داگیرکردن و دروستکردنی کۆڵۆنیای تایبەت بە خۆیان لە ئەمەریکادا.

ساڵی ١٦٠٥ فرەنساییەکان ناوچەی " نۆڤا سکۆتیایان " داگیر کرد و کۆڵۆنیایەکی تایبەت بە خۆیان بەناوی (پۆرت ڕۆیاڵ) دروست کرد. پاش ئەمانیش ئینگلیزەکان هاتن و لە ناوچەی جەیمستاون لە هەرێمی " ڤێرجینیا"، کۆڵۆنیاییەکی تایبەت بە خۆیان دروست کرد. لە ساڵی ١٦١٣شدا، هۆڵەندایییەکان کۆڵۆنیایەکی تایبەت بە خۆیان لە باکوری ئەمەریکا لە ناوچەی "

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

مانهاتن " دروست کرد، که زیاتر بۆ کاروباری بازرگانی دایانناببوو. (ئەم شوێنە دەکاتە نیویۆرکی ئێستا).

لەم ماوەیەدا هەڵسوکەوت و کاردانەوەی خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتە، هێشتا ئاشتیانەو مرۆڤدۆستانە بوو. لە سەرەتادا بەشێوەیەکی ئاسایی پێوەندی و بازرگانیی لە نێوانیان هەبوو، هەرچەندە لەم کاتەشدا، دەست کرا بە هەڵمەتی کۆیلەکردن و بازرگانیکردنی خەڵکە ڕەسەنەکە و لە چەند ناوچەیەکیشدا شەڕ و کوشتار ڕووی دا.

لەگەڵ هاتنی گرووپی ئاینییە ڕیفۆرمیستەکانی " باوکە حاجییەکان"** هێرشی کۆچبەری ئەوروپایی بەرەو ئەمەریکا دەستی پێ کرد. لە ساڵی ١٦٢٠دا دەستیان کرد بەداگیرکردنی ناوچەی پرۆڤیزتاون کە دەکەوێتە ناوچەی لێوارەکانی ڕۆهەڵاتی ئەمەریکاوە.

سەرەتا هەوڵ دەدرا شەڕ و کوشتاری نێوان کۆچبەرە ئەوروپاییەکان و خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمەریکا، لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە و ڕێگەچارەی ئاشتییانە کێشەکان چارەسەر بکرێن. هەرچەندە کۆچبەرە ئەوروپاییەکان هەر لە سەرەتاوە، هیچ گومانیان لەوە نەبوو، کە دەبێت زەویوزاری خەڵکە ڕەسەنەکە داگیر بکەن و جارێکی تر شەڕ و پێکدادان ڕوو بداتەوە.

بەردەوامبوونی شەڕی هیندییەکان

یەکەمین شەڕی گەورە لە نێوان ساڵانی ١٦٢٢ تا ساڵی ١٦٤٤ی ڕووی دا، مەیدانی سەرەکیی ئەم شەڕەش دەکەوتە هەرێمەکانی (جەیمستۆن، ڤێرجینیا). باش کۆمەڵێک شەڕ و کوشتار، سەرۆکی هۆزی هیندییەکان " پاوهاتان" لەگەڵ کۆچبەرە ئەوروپاییەکان ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتییان مۆر کرد، لێ پاش مردنی ئەم پیاوە ڕێککەوتنەکە تێک چوو. ئۆپەجهانکانوگ بوو بە سەرۆکی ئەم هۆزە. ئەمیش یەکسەر ڕێککەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە و پەلاماری کۆچبەرە بیانییەکانی دا.

لە ٢٢ مارسی ١٦٢٢دا لە جەیمستۆن شەڕ دەستی پێ کرد لە کۆی ٢٠٠٠ کۆچبەر، ٢٥٠ کەسیان لێ کوژران. هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێن ژمارەکە زۆرتر بووە. هیندییەکان نەیاندەتوانی ناوچەی کۆچبەرە ئەوروپاییەکان کۆنترۆڵ بکەن و بیخەنە ژێردەستیان (زیاتر شەڕی ئەمان شێوازی پارتیزانی بووە. لێدە و بڕۆ.... وەرگێڕ)، کۆچبەرە ئەوروپاییەکانیش دەستیان بەهێرشکردن بۆ سەر هیندییەکان کرد. بەم شێوەیە ئەم شەڕە دەستی پێ کردەوە و نزیکەی ١٢ ساڵی خایاند.

بەسەرۆکایەتیی سێر ولیەم بێرکەلەی، کۆچبەرە ئەوروپاییەکان توانییان بەسەر هیندییەکان زاڵ بن و لەناویان بەرن و هەموو زەویوزاری هیندییەکانیش داگیر بکەن.

لە ساڵی ١٦٣٧ شەڕی "پێکۆت" دەستی پێ کرد و کۆچبەرە سپییەکان توانییان هەموو ئەو ناوچانەی کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن " کۆنکتیکوت و ڕۆدە ئایسلاند " داگیر بکەن. کۆلۆنیالیستە

ئەوروپاییەکان توانییان هیندییەکان لەناو بەرن بەپێی هەندێک سەرچاوە نزیکەی ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ کوژران، ئەوەشی نەمرد و بە دیلی گرتییان، وەکو کۆیلە لە بازارەکاندا فرۆشران. پاش ئەوە دەستیان کرد بە سووتاندنی هەموو مالّ و گوندەکانی هیندییەکان و لە جێگەیدا کۆلۆنیایان بۆ خۆیان دروست کرد.

لە بەشی کۆلۆنیالیزمی هۆلّەندیشدا کە پێیان دەوت " نیو نیدەرلاند، واتە هۆلّەندی نوێ"، ئەمڕۆ ئەو شوێنە بە ولایەتەکانی (نیویۆرک و نیوجێرسی) ناو دەبرێت. لە نێوان سالّانی ١٦٤٠ هەتا ١٦٤٥ سیاسەتی شەڕەنگێزی لە دژی خەڵکە رەسەنەکان " هیندییەکان" بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی کۆلۆنیای هۆلّەندی ولیەم کیفت بەرپا دەکرێت و زیاتر لە ١٠٠٠ هیندی دەبنە قوربانی. سالّی ١٦٥٥ هۆزە هیندییەکان " ئەلگۆنکین" دەست دەکەن بە هێرشبردن بۆ سەر کۆلۆنیای هۆلّەندییەکان کە ناوی " نیو ئەمستەردام، کە دەکەوێتە دوورگەی مانهاتنی ئێستاوە" و بەم شێوەیەش شەڕێکی تر بەرپا دەبێت. ئەم شەڕە هەتاوەکو سالّی ١٦٦٤ بەردەوام دەبێت، پاشان هەر لەم سالّەدا ناوی "نیو ئەمستەردام " بۆ ناوی " نیویۆرک" دەگۆڕێت.

ئینگلیزەکان بەردەوام بوون لە فراوانکردنی ئەو ناوچانەی کە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتیانەوە، هەر بۆیە لە ناوچەی ڤێرجینیاوە بەردەوامییان بەداگیرکردنی شوێنی تر دا و ئەم هەڵمەتەش هەتا سالّی ١٦٧٦ بەردەوام بوو. لەم سالّەدا لە ڤێرجینیا، جووتیاران بەسەرۆکایەتیی ناتانیل باکۆن دەستیان کرد بە ڕاپەڕینێک لە دژی فەرمانڕەوای ئینگلیزی، سێر ولیەم بێرکەلەی.

باکۆن فەرمانڕەوای ئینگلیزەکانی بەوە تاوانبار دەکرد، کە لە دژی پەلامارداندا هیندییەکان ناوەستن و ناتوانن پارێزگاری لە کۆچبەرە ئەوروپاییەکان بکەن. هەر بۆیە جووتیاران لەژێر فەرمانڕەواییی باکۆندا، هێزێکی چەکدارییان لە دژی هیندییەکان دروست کرد. سێر ولیەم بێرکەلەی دژی ئەم بزووتنەوە چەکدارییە وەستایەوە و ئەو خەڵکانەی بە لە یاسا دەرچوو تاوانبار کرد. ئەو پێی وابوو، نابێت پەلاماری ئەو هیندییانە بدەن، کە دژی ئێمە نین و پەلامارمان نادەن، بەڵام باکۆن دژی ئەم بۆچوونە بوو. سێر ولیەمیش شارەکەی بەجێ هێشت و هەڵهات. باکۆن دەستی کرد بە پەلاماردان و هێرشکردنە سەر گوند و ناوچەی هیندییەکان و کۆمەڵکوژییەکی زۆری لە دژی هیندییەکان کرد. پاشان سێر ولیەم هێزێکی کۆ کردەوە و پەلاماری باکۆنیدا. لە سێپتەمبەری سالّی ١٦٧٦ شاری جەیمستاون سووتێنرا. پاش ئەوەی هەر لە هەمان سالّدا، باکۆن کوژرا و ئەم شەڕەش بەکوشتنی باکۆن کۆتاییی پێ هات.

لە ناوچەی ماساشوسێت و رۆدە ئایسلاند، " ئەم ناوەش مەلیک ڤیلیپ " لەم ناوچەیەی نابوو، شەڕێکی تر بەرپا بوو، کە بە شەڕی "کینگ ڤیلیپ" ناسراوە. مێتاکۆمێت، کە سەرۆکی هۆزەکانی ڤامپانۆگی هیندییەکان بوو، ئەم هۆزە لەگەڵ کۆمەڵێک هۆزی هیندیی تر یەکیان گرت و سالّی ١٦٧٥ دەستیان بەڕاپەڕینێک دژی کۆچبەرە ئەوروپاییەکان کرد. پاش ئەوەی هیندییەکان چەند سپیێستێکیان کوشت، کۆچبەرە ئەوروپاییەکان چوون ژن و منداڵی هیندییەکانیان بە دیل گرت و

هەموو زەویوزار و گوندەکانیان سووتاندن. پاش ئەوەی ساڵی ١٦٧٦ مێتاکۆمێت سەرۆکی راپەرینەکە کوژرا، ئەم ڕاپەڕینەی هیندییەکانیش لەناوچوو و کۆتا بەم شەڕەش هات.

چوار ساڵ پاش ئەم ڕاپەڕینە جارێکی تر شەڕێکی تر دژی هیندییەکان بەرپابوو. ڕاپەڕینێکی هیندییەکان کە بە ڕاپەڕینی " پوپلۆ – ئیندیانە" ناسراوە. ئەم ڕاپەڕینە بە سەرۆکایەتیی پۆپێ بەرپابوو، شوێنەکەشی ناوچەی ئەریزۆن و نیومەکسیکی ئێستا بوو. ئامانجی سەرەکیی ئەم راپەرینەش، ڕێگرتن لە داگیرکردنی زەویی هیندییەکان لەلایەن کۆچبەرە ئیسپانیاییەکان بوو.

ڕاپەڕینی " پوپلۆ– ئیندیانە" توانییان بۆ ماوەی ١٢ ساڵی ڕێک بەرەنگاری بکەن و بە ئازادانە بژین. بەڵام ساڵی ١٦٩٢ ئیسپانیا هێزێکی گەورەی نارده سەریان و کۆتاییی بەم ڕاپەڕینە هێنا و، زەویوزارێکی زۆری هیندییەکانیشیان بۆ خۆیان داگیر کرد.

شەڕی کۆڵۆنیالیزم لە نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسادا

شەڕ لە باکوری ئەمەریکادا، تەنیا لە نێوان هیندییەکان و کۆچبەرە ئەوروپاییەکاندا نەبوو. بگرە کۆچبەرە ئەوروپاییەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە لێوەی هاتوون و پشتگیریی دەکردن، دەکەوتنە شەڕەوە. شەڕی " کینگ ولیەم " کە لە نێوان ساڵانی ١٦٨٩ و تا ١٦٩٧ بەرپابوو، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ چوار شەڕی تر کە لە نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا لە باکوری ئەمەریکا ڕووی دا. جێگەی ئاماژەیە ئەم شەڕەش درێژکەرەوەی ئەو شەڕە بوو، کە لە نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا بوو، کە لە ساڵی ١٦٨٨ تا ساڵی ١٦٩٧ی خایاند. چ کۆڵۆنیالیستە ئینگلیزەکان چ فەرەنساییەکان، هەردووکیان لەگەڵ کۆمەڵێک هۆزی هیندی پێوەندییان هەبوو، پێکەوە شەڕیان لە دژی کۆڵۆنیای یەکتری دەکرد. پاش ئەوەی کۆڵۆنیە ئینگلیزەکان چەندان جار پەلاماری کۆڵۆنیا فەرەنساییەکان لە کەنەدا دا، ساڵی ١٦٩٠ کۆڵۆنیا فەرەنساییەکان و هۆزە هاوپەیمانە هیندییەکانی، پەلاماری کۆڵۆنیا ئینگلیزەکانیان دا. شوێنی ئەم شەڕەش، ئەمڕۆ بە هەرێمەکانی (نیویۆرک) و ولایەتی نیو هامشایەر هەروەها فۆرت لۆیال ئین مێین دەناسرێت. هەروەها فەرەنساییەکان توانییان ترس بخەنە سەر ڕێگەی کەشتیوانی لە نیو ئینگلاند. بەریتانیاییەکانیش دەستیان کرد بە پەلاماردانی کۆڵۆنیا فەرەنساییەکان لە هەرێمەکانی کێبیک و مۆنتریال لە کەنەدا، لێ سەرکەوتوو نەبوون. فەرەنساییەکانیش لە هەرێمەکانی نیوئینگلاند لە هێرش و پەلاماردان بەردەوام بوون. ڕێککەوتننامەی "ریجسڤیک، ساڵی ١٦٩٧" توانی شەڕی نێوان ئینگلیزەکان و فەرەنساییەکان بۆ ماوەیەکی کەم رابگرێت.

بەڵام ئەم باری ئاشتییە زۆری نەکێشا و لە ساڵی ١٧٠٢ دیسانەوە شەڕێکی تر هەڵگیرسا، کە پێی دەڵێن شەڕی " کوین ئانە ؤر". ئەمەش دووەم شەڕی نێوان کۆڵۆنیای فەرەنسایی و ئینگلیزی بوو، لە ساڵی ١٧٠٢وە هەتا ساڵی ١٧١٣ خایاند. جێگەی ئاماژەیە، ئەم شەڕە هیچ پێوەندیی بە کۆچبەرە ئەوروپاییەکانەوە لە باکوری ئەمەریکا نەبوو، بگرە ئەم شەڕە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە

شەڕی " خەلافەتی مەلیکی لە ئیسپانیا*** هەبوو". ئەم شەڕە کە لە نێوان دوو بەرەی دژ بەیەک بەرپابوو. بەرەی بەریتانیا، هۆڵەند، ئیمپراتۆریەتی رۆمای پیرۆز، کە لە دژی بەرەی فەرەنسا و ئیسپانیا شەڕیان دەکرد. لە ئەنجامی دۆڕاندنی فەرەنسا لەم شەڕەدا کە بە شەڕی " کوین ئانە هۆر" ناسراوە، هەموو کۆڵۆنیاکانی خۆی لە نۆڤا سکۆتیا، نیو فوند لاند، هەروەها هودسۆنبیا دۆڕاندی.

جێگەی ئاماژەیە لەگەڵ ئەوەی کە شەڕی نێوان کۆڵۆنیاکان هەبوو، بەڵام ڕاپەڕین و شەڕی هیندییەکان لە دژی کۆچبەرە داگیرکەرەکان بەردەوام بوو. هۆزەکانی تۆسکارۆرای هیندییەکان لە ناوچەی هانکۆک، ساڵی ١٧١١ دەستیان بەهێرشێک کرد بۆ سەر کۆڵۆنیاکانی ناوچەی نۆرس کارۆلینا. کۆچبەرەکانیان کوشت و کێڵگەکانیشیان سووتاندن. پاشان ساڵی ١٧١٣ کۆچبەرەکان دەستیان بە هێرشێکی نوێ کرد. ئەم شەڕە بەسەرکردایەتیی (جەیمس مۆر) ڕابەرایەتی دەکرا و لەگەڵ هۆزەکانی (یاماسە. هیندی) هاوپەیمانی، توانی هۆزەکانی تۆسکارۆرا لەناوبەرێت و کۆتا بەم ڕاپەڕینەش بهێنێ.

لە نێوان ساڵانی ١٧٢٩ تا ١٧٣٠ کۆڵۆنیا فەرەنساییەکان پەلاماری هۆزە هیندییەکانی "ناچس"یان دا. زۆر بەتوندی پەلاماری ئەم هۆزەیان دا و هەر بەیەکجاری لەناویان بردن و نەیانهێشتن.

شەڕی کینک جۆرج هۆر، کە لە ساڵی ١٧٤٠ هەتا ساڵی ١٧٤٨ی خایاند، سێیەمین شەڕی نێوان کۆڵۆنیای فەرەنسا و ئینگلتەرا بوو. هەر لە هەمان کاتیشدا شەڕی خەلافەتی مەملەکەتی نەمساوی (١٧٤٤ تا ١٧٤٨) لە ئەوروپا دەستی پێ کرد. ئاشتی لە پاش شەڕی کوین ئانە ۆر، زۆر کەمی خایاند، هەر لە سەرەتای ساڵی ١٧٤٠وە جارێکی تر ململانێی توند لەسەر داگیرکردنی باکوری ئەمەریکا، لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا دەستی پێ کرد. ساڵی ١٧٤٤ هێزەکانی فەرەنسا، پەلاماری کۆمەڵە کەشتییەکی کۆڵۆنیای بەریتانییان لە نزیکی کانسۆ لە هەرێمی نۆڤا سکۆتیا دا، ئامانجی ئەم پەلامارەش ئەوە بوو، کە هێزەکانی بەریتانیا بەرەو ناوچەکانی خۆیان لە قەڵای لویس بۆرگ لە کاپ برێتۆن ئایسلاند بگەڕێننەوە. لە پاش ئەم پەلاماردانە، کۆڵۆنیای بەریتانیایی ترسی ئەوەیان لێ هات، کە فەرەنسا پەلاماریان بدات. هەر بۆیە کەوتنە خۆیان میلیشیایەکی عەسکەرییان دروست کرد کە لە چوار هەزار چەکدار پێک هاتبوو. لە ١٥ حوزەیرانی ١٧٤٥وە بۆ ماوەی حەفت هەفتە، دژی هێزەکانی فەرەنسا شەڕ و بەرگرییان لە قەڵای لویس پرگ کرد. پاشان فەرەنساییەکان دەستیان بە کۆکردنەوەی هێز کرد و لەشکرێکی گەورەی دەریایی فەرەنساییان حازر کرد و جارێکی تر دەستیان کرد بەپەلاماردانی ناوچەکانی لویس بۆرگ و بۆستن . بەڵام لە زەریای ئەتلەنتیکەوە شەپۆلێکی دەریایی توند هەڵی کرد و، ئەم هێرشەی شکاند و ناچار گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

لە ساڵی ١٧٤٧ بۆ دووەم جار فەرەنساییەکان دەستیان کردەوە بە هێرشکردن، بەڵام دیسانەوە

سەرنەکەوتن، چونکە بەریتانیاییەکان خۆیان نەدا بەدەستەوە و بەرگرییەکی بەهێزیان کرد. ئەم شەڕەش بە ڕێککەوتننامەی ئاخن سالّی ١٧٤٨ کۆتاییی پێ هات، ئەمەش پاش ئەوەی کۆتاییی بە شەڕی خەلافەتی نەمساوی دێت. لەم ڕێککەوتننامەیەدا، فرەنسا وازی لە شاری مەدرەس لە هیندستان هێنا و لە بەرامبەردا شاری لویس بۆرگی لە بەریتانیا وەرگرت.

چوارەمین شەڕی نێوان کۆڵۆنیای بەریتانیایی و فرەنسایی لەسەر باکوری ئەمەریکا، لە سالّی ١٧٥٤ وە تا سالّی ١٧٦٣ی خایاند، هەرچەندە لە ئەورووپا ماوەی دوو سالّێک دەبوو کە شەڕی نێوان بەریتانیا و فرەنسا دەستی پێ کردبوو. ئەم شەڕەش بە " شەڕی حەوت سالّە " لە مێژوودا ناودەبرێت یان بە شەڕی فرەنسایی – هیندی دەناسرێت. پاش شەڕی کینگ هۆر فرەنساییەکان دەستیان کرد بە دروستکردنی کۆمەڵێک سەربازگەی گەورە لە ناوچەی ئۆهایو، ئامانجی سەرەکیشیان ئەوەبوو، کە بازرگانیی خۆیان بپارێزن و لە بەرامبەر هێزەکانی بەریتانیا بەرگری لە خۆیان بکەن.

لە بەرامبەردا بەریتانیاییەکان زەوییەکی زۆریان دابووە کۆچبەرەکانی دەوروبەری ڤێرجینیا. لەبەر ئەوە هەڵگیرسانی چەخماخەی شەڕ، تەنیا قسەی ئەمڕۆ و سبەینێ بوو.

ئەم ناوچەیەش لە ڕووی ستراتیجییەوە بۆ هەردوولا گرینگ بوو. لە هەمووشی خراپتر، هۆزە هیندییەکان بەسەر ئەم دوو کۆڵۆنیایەدا دابەش بووبوون. هەرچەندە هیندییەکان باش لەو ڕاستییە گەیشتبوون، کە ئەم شەڕەی نێوان ئەم دوو کۆڵۆنیایە، هیچ سوودێک بەوان ناگەیەنێت و هیچ لە بەرژەوەندیی ئەوان نییە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەیاندەتوانی بێلایەنیی خۆیان بپارێزن و تێکەڵی شەڕەکە نەبن.

زۆرجار هۆزە هیندییەکان وەکو هێزی یاریدەر لەلایەن کۆڵۆنیاکانەوە بەکار دەهێنران. بەم شێوەیەش هۆزە هیندییەکان بەسەر ئەم دوو هێزە کۆڵۆنیایە دابەش بووبون. هۆزەکانی ئێرۆکێسن هاوپەیمانی کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیایی بوون، لە بەرامبەردا هۆزەکانی ئالگۆنکین هاوپەیمانی کۆڵۆنیالیزمی فرەنسایی بوون. لە نێوان سالاّنی ١٧٥٣ و ١٧٥٤ هەوڵێکی بچووکی ئاشتییانە لەلایەن جۆرج واشنتۆنەوە درا، ئەو کات ئەفسەر بوو لە سوپای ڤێرجینیا. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لە ٤ حوزەیرانی ١٧٥٤ لە شەڕی گرەیت مەیدۆس، فرەنساییەکان بەسەر بەریتانیاییەکان سەرکەوتن و بەم شێوەیەش جۆرج واشنتون، تامی یەکەمین ژێرکەوتنی لە ژیانیدا چەشت. پاش سەرکەوتنی هێزە فرەنساییەکان، بەریتانیاییەکان لە سالّی ١٧٥٨وە دەستیان کرد بە هێرشی دژوار بۆ سەر فرەنساییەکان.

لە سالّی ١٧٥٩دا قەڵای نیاگارا، کە گرینگترین ڕێگەی بازرگانیی نێوان لاک ئێری و لاک ئۆنتاریۆ بوو، کەوتە ژێر دەستی بەریتانیاییەکان. لە سێپتەمبەری ١٧٥٩ لە پاش پەلاماردانی هەرێمی کیبێک لەلایەن بەریتانیاوە، کێشەی کەنەدای فرەنسایی حەسم بوو.

هەرچەندە بەهێزترین قەڵای فرەنساییەکان لە مۆنتریاڵ هەتا ساڵی ١٧٦٠ بەرگریی لە خۆی کـرد و لێـرە و لەوێ شـەڕی بـچـووک دەبوو، ئەم بارەش هـەتا سـاڵی ١٧٦٣ بەردەوام بوو. فرەنسـاییەکان نەیانتوانی خۆیان بگرن لە بەرامبەر هێزەکانی بەریتانیا و هۆزەکانی ئێرۆکێسن هاوپەیمانییان. لەگـەڵ ڕێککەوتننامـەی پاریس، کـۆتا بە شـەڕی حـەوت سـاڵەی نێوان کۆڵۆنیـای فرەنسایی و بەریتانیایی هێنرا.

ڕێککەوتننامـەی پاریس، بەشێوەیەکی ئێجگار سـەیر گۆڕانـی بەسـەر دەسـەڵاتی فەرمانڕەواکانی باکوری ئەمـەریکا هێنا. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەبووایە فرەنسـا و کەنەدا و هـەموو ناوچەکانی ڕۆهـەڵاتی ڕووباری میسیسـیپی (جگە لە ناوچەی نیـو ئۆرلاینس) بداتە بەریتـانیاییەکان. هـەمـوو هـەرێمـە کـۆنەکانی فرەنسـا لە ڕۆئـاوای لویزیانا، بەواتای هـەمـوو ناوەڕاسـتی ئەمـەریکای ئێسـتا دەکات، هـەروەها نیو ئۆرلاینس، دەدرێتە ئیسپانیا. فرەنسـا تەنیا مافی ماسیگرتنی لە دووڕگەکانی سـێت پیـێخ و مـیکولۆن کـە دەکـەونە ناوچـەی نۆیفـوندلاند. فلۆریدا کـە پێشـتـر لەژێر دەسـتی ئیـسـپـانیـادا بوو، دەدرێتـە بەریتـانیـا، لـە بەرامـبـەردا بەریـتـانـیـاییـیـەکـان واز لـە هاڤانـا بۆ ئیـسـپـانیاییـەکان دەهێنن. (واتە فلۆریدا بـە هاڤانا گۆڕایەوە). بـەم شـێوەیەش بەریتـانیـا، وەکـو گـەورەترین براوەی ئـەم شـەڕە هـاتە ژمـاردن و دەسـەڵاتی خـۆی لە باکـوری ئەمـەریکا هێندەی تر بەهێز کرد.

ڕۆڵی هیندییەکان لە شەڕی حەوت ساڵەدا

بەریتـانیاییـەکان لە کاتی شـەڕی خۆیان دژ بە فرەنسـاییـەکان، تـوانییـان سـوود لە هاوپەیمانیی هۆزەکانی کێرۆکیی وەربگرن و بیانهێننە ناو شـەڕەکانی خۆیانەوە. بەریتانیاییەکان لە ناوچەکانی کێرۆکی، دەستیان کرد بە دروستکردنی سەربازگە و قەڵای سەربازی، بە بیانووی ئەوەی کە ئەمان پارێزگاری لەوان دەکـەن و ناهـێڵن لەلایەن فرەنسـاییـەکانەوە پەلامار بدرێن. بەریتـانیـاییـەکان دەستیان کرد بە یاریکردن بە چارەنووسی ئەم هۆزە و لە زۆر شوێندا پەلاماریان دەدان، لە ڕێگەی بازرگانییەوە هەڵیان دەخەڵەتاندن، کار گەیشتە ئەوەی لە ئۆکتۆبەری ١٧٥٩ کە بەریتانیاییەکان شـاندێکی هۆزی کـێرۆکـیی کە بۆ ڕێککەوتن هاتبـوون لەلایەن بەریتـانیـاکانەوە گـیران و خـرانە زیندانەوە. بەم شـێوەی سـاڵی ١٧٦٠ شـەڕ لە نێوان بەریتانیا و هۆزەکانی کێرۆکیی هەڵگیرسـا. بەریتانیاییەکان هێزێکی زۆریان نارد سەر ئەم هۆزە و گوند و زەویزار و مووڵکەکانیان سووتاند. بەم شـێوەیەش بەریتـانیاییـەکان بەشـێکی زۆری گـوند و زەوییە کشـتـوکاڵییـەکانی هۆزەکانی کێرۆکییان، سـووتاند و کردە خەڵووز. ئەم شەڕەش هەتا نۆڤێمبـەری سـاڵی ١٧٦١ بەردەوام بوو، کۆتاییی ئەم شەڕەش بەلەناوبردنی ئەم هۆزە بوو.

دۆڕاندن و کشـانەوەی هێزەکـانی فرەنسـا لە باکوری ئەمـەریکا، باری هۆزەکـانی ئێرۆکـێسن خراپتر کرد، چونکە بەریتانیاییـەکان سەربازگەیەکی زۆریان لەناو خاکی ئەواندا دانابوو، ئەمەش

وای دەکرد کە ڕۆژانە لەگەڵ سەربازەکانی بەریتانیادا تووشی کێشە و گرفت ببن. لە ساڵی ١٧٦٣ شەڕ لە نێوان هێزەکانی بەریتانیا و هۆزە هیندییەکان چڕتر بووەوە، لە ناوچەکانی (ئۆتاوا، دێلاوێر) لەم ناوچەیەدا بەریتانیاییەکان دیسانەوە ساختەیەکی زۆریان لەگەڵ هۆزەکانی سێنسا کردبوو، هەر بۆیە ئەم هۆزە خۆیان بە مەغدوور دەزانی. بەسەرۆکایەتیی (پۆنتیاک) پەلاماری هەموو سەربازگەی بەریتانیاییەکان لە ناوچەی ڕۆئاوای نیاگاراوە هەتا ڤێرجینیا دا. هەموو سەربازگەکان کەوتنە دەستی هیندییەکان جگە لە سەربازگەی (دێترۆی و پییت). بەڵام پاشان بەریتانیاییەکان هێزێکی گەورەیان لە بەریتانیاوە هێنا و توانییان هێرشی هیندییەکان لەناوبەرن و بەسەریاندا سەرکەون.

شەڕی هیندییەکان بەردەوامە

هەرچەندە بەریتانیاییەکان بەهۆی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی پاریسەوە، مافی خۆیان وەرگرتبوو، لێ دەبووایە کۆچبەرە ئەمەریکاییەکانیش لە ڕۆئاوای ئاپالاشن رابگیرێن، بەڵام کۆچبەرەکان هیچ گوێیان بەم ڕێککەوتنە نەدا. لە ئایاری ١٧٧٤ بەریتانیاییەکان لە ناوچەی کێنتوکی (کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ڕۆئاوای ڤێرجینیا) و پەلاماری هۆزە هیندییەکانی مینگۆی دا. هەروەها لە سەربازگەی پێنسلڤینیاش دەستیان بە هێرش کرد. بوونی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکانی هۆزەکانی " مینگۆ، شاونێ " و دامەزراندنی سەربازگە و ڕەبایە، بوو بەهۆی ئیستیفزازکردنی خەڵکی و ئاگری شەڕێکی هەڵگیرساند. لە ١٠ ئۆکتۆبەر ١٧٧٤ هێزەکانی بەریتانیا پەلاماری هیندییەکانیان دا و، پاشان هێزە هیندییەکانیان شکاند و خەڵکەکەشیان بەڕۆژملێ بەرەو ڕووباری ئۆهایۆ ئاواره کرد.

بەپێی ڕێککەوتننامەی ئاشتی " کەمپ چارلۆت " ئازادیی دەریاوانی بۆ هەموو لایەک سەلماندبوو، هەروەها ئەو زەوییانەی کە لە باشوور و ڕۆهەڵاتی ئۆهایۆ پێشتر کێشەی لەسەر بوو، لەم ڕێککەوتنەدا چارەسەر کران.

لە پاش شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری هۆزە هیندییەکان شان بەشانی کۆچبەرەکان شەڕیان لە دژی داگیرکەری بەریتانیایی و ئیسپانیایی دەکرد، کەچی کۆچبەرێکی زۆر بەرەو ناوچەکانی ئۆهایۆ دەهاتن و ئەمەش سنووری هیندییەکان بوو.

لە ئۆگۆستی ١٧٩٤ ورده شەڕێک لەسەر سنووری هەردوولا " هیندییەکان و کۆچبەرەکان " ڕووی دا. زیاتر لە هەزار هیندی لە هۆزەکانی (شاونێ، مینگۆ، دێلاواره، ویاندۆت، میامی، ئۆتاوا، چیمپاوا، پۆتاواتۆمی) بوونە قووربانی. لەم شەڕەدا کە زیاتر لە ٢ هەزار سەربازی لەشکری ئەمەریکا و ١٥٠٠ چەکداری سەربەخۆ، لە دژی هیندییەکان شەڕیان کرد. پاشان ڕێککەوتننامەی ئاشتی گرینڤیلا لە ئۆگۆستی ١٧٩٥ مۆر کرا، هەر بەپێی ئەم ڕێککەوتنامە ئاشتییەش، هیندییەکان زەویوزارێکی زۆریان دۆڕاند.

لە سنووری ئۆڵد نۆرتن کێشەیەکی زۆر لە نێوان کۆچبەرەکان و خەڵکە رەسەنەکە هەبوو. لە ساڵی ١٨٠٨دا سەرۆکی هۆزەکانی شاوانێ (تێکومسێ) و براکەی (تێنکسکواتاوا)، دەستیان کرد بە کۆمەڵێک چالاکی و خۆرێکخستن، یەکێک لەو کارانەی کە کردیان، قەدەغەکردنی ئەلکحول و زەوی فرۆشتن بە کۆچبەرەکان. فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە (ولیەم هێنری هاریسۆن)، هەستی بەترسێک کرد و دەستی کرد بە خۆکۆکردنەوە و پرچەکدارکردنی سوپاکەی. لە ٧ نۆڤێمبەری ١٨١١ پەلاماری گوندی (پرۆفێت تاون)ی هیندییەکان دا کە سەرۆکەکەیان (تێکومسێ) بوو. بە خۆی و ١١٠٠ سەربازەوە پەلاماری ئەم گوندەی دا، هیندییەکانی ڕاونا و ئاوارەی کردن. پاشان دەستی کرد بە داڕشتنی نەخشەیەکی تۆکمە، بۆ پارێزگاریکردنی کۆچبەرەکان.

پاش شکاندنی هیندییەکان لە شەڕی (پرۆفێت تاون)، بەشێکی زۆری هۆزە هیندییەکان دەستیان لەگەڵ بەریتانیاییەکان تێکەڵ کرد و لە شەڕی نێوان ئەمەریکا و بەریتانیا ساڵی ١٨١٢، بوون بە هاوپەیمانیی بەریتانیاییەکان و دژی ئەمەریکاییەکان وەستانەوە. پاش ئەوەی لە ئۆکتۆبەری ١٨١٣دا (تێکومسێ) بە دیل گیرا و کۆتا بەشەڕەکە هات، کۆمەڵێک هۆزی هیندی (دێلاوارە، ویاندۆت، میامی و ئۆجیبواوا) لەگەڵ ئەمەریکاییەکان ڕێککەوتننامەی ئاشتییان مۆر کرد.

لە باشووریشدا بەتایبەت لە ناوچەی هۆزە هیندییەکانی(کریک) تێکەڵی شەڕی ئەمەریکا و بەریتانیا بووبوون. لە هەمووشی خراپتر، هیندییەکان بووبوون بە دوو گرووپی دژ بەیەکەوە و دووبەرەکی زۆریان تێدابوو. ئەمەش هەلێکی زێڕینی دایە دەستی سەرۆکی لەشکری ئەمەریکاییەکان (ئەندریو جاکسۆن) کە پەلاماریان بدات. لە ١٨١٤ پەلاماری ناوچەی (کریک و هۆرسێشو بێند)ی دا و لە ٢٧ مارسی ١٨١٤دا، بەشێوەیەکی تەواوەتی توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەپێی ڕێککەوتننامەی ئاشتی (فۆرت جاکسۆن)، هیندییەکان هەموو زەوی و دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەی میسیسیپی دۆڕاند.

شەڕی سەمینۆلن

لە ساڵی ١٨١٧دا شەڕی سەمینۆلن دەستی پێ کرد. جەنەراڵ ئەندریو جاکسۆن کە پاشتر بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا، بە خۆی و لەشکرێکەوە بەرەو باشوور و بۆ فلۆریدا چوو، بۆ ئەوەی ئەو کۆیلە ڕەشپێستانە بگرێت، کە لە دەستی کۆچبەرەکان ڕایان کردبوو و خۆیان لەلایەن هۆزی سەمینۆلن شاردبووەوە. بەشێکی زۆری ئەم ناوچانە دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیسپانیاوە. دیارە پاش ئەوە کە بەریتانیا لە شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا ئەم ناوچانەی دۆڕاند و ئیسپانیاییەکان دەستیان بەسەردا گرت.

جاکسۆن بە زۆرەملێ هیندییەکان بەرەو ئێڤەرگلەیدس لە باشووری فلۆریدا دەبات و شاری سێت پێنساکۆلای ئیسپانیایی داگیر دەکات. ئەو حکوومەتە ئیسپانیاییەی کە لەوێشدا بوو

دەیڕووخێنێ و لە ساڵی ١٨١٩وە فلۆریدا بەزۆر لە ئیسپانیا دەستێنێ و دەیخاتە سەر ئەمەریکا.

لە ٢٨ مەی ١٨٣٠دا کۆنگرێسی ئەمەریکا یاسای (ئیندیان ریمۆڤال)ی دەرکرد. دیارە پێش دەستپێکی سەدەی نۆزدە، راگوێزانی هیندییەکان لە شوێنی خۆیان دەستی پێ کردبوو. بەڵام ئەم یاسایە، بەشێوەیەکی سیستیماتیکی، دەستی کرد بە راگوێزانی زۆرەملێیانەی هیندییەکان لە شوێنەکانی خۆیان. بەشێک لە هیندییەکان بەزۆرەملێ لە ناوچەی رۆئاوای میسیسپی نیشتەجێ کران و خرانە ناو ئۆردوگای زۆرەملێوە. بۆ سەپاندنی سیاسەتی راگوێزان و نیشتەجێکردنی هیندییەکان لە ئۆردوگای زۆرەملێدا، خوێنێکی زۆر ڕێژرا. لە ساڵی ١٨٣٢دا دەست کرا بە ڕاگوێزانی هۆزەکانی ساوک، فۆکس، کە لە ناوچەی باکوری ئیلیۆنۆیس و باشووری رۆئاوای ویسکۆنسینس دەژیان.

لە ٣ ئۆگۆستی ١٨٣٢ بەشی زۆری هیندییەکان لە کاتی پەڕینەوە لە ڕووباری میسیسپی بەرەو ئیۆوا لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە پەلامار دران و فڕێدرانە ناو ڕووبارەکەوە. لە هاوینی ١٨٣٨ دەست کرا بە ڕاگوێزانی هۆزەکانی جێرۆکێ، کە لە ناوچەی جۆرجیا دەژیان، هەروەها هەموو هۆزەکانی (کریک) کە لە ناوچەکانی میسیسپی و ئەلاباما دەژیان، هەموویان بە زۆرەملێ راگوێزرانەوە. نزیکەی ١٨ هەزار جێرۆکێ لەلایەن ٧ هەزار چەکدارەوە بەزۆری لە شوێنی خۆیان دەرکران و بەرەو ناوچەکانی تر راگوێزران.

ئەو مارشی ڕاگوێزانە کە بە (مارشی هەزار مێل) ناودەبرێت، هیندییەکانیش بەم مارشە دەڵێن (قتاری گریان)، بەپێی هەندێک سەرچاوە، زیاتر لە چوار هەزار کەس لەناو قیتار و رێگەدا، گیانیان لەدەست دا.

لە ناوچەی فلۆریدا سەمینۆلنەکان دەستیان کرد بە بەرەنگاربوونەوەی کۆچبەرەکان و دووەم شەڕی سەمینۆلنەکان دەستی پێ کرد کە لە ساڵی ١٨٣٥ تاوەکو ساڵی ١٨٤٢ی خایاند. بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و بە ناچاری خۆیان تەسلیم کرد و هەموو زەویوزارەکانیشیان لەلایەن کۆچبەرەکانەوە داگیر کراو کۆتا بە شەڕەکە هات. لەم شەڕەدا سەرۆکی سەمینۆلنەکان (ئۆسکویلا) بە دیل گیرا، لە کۆتاییشدا شەرەکە بە بەرژەوەندیی ئەمەریکا شکایەوە و سەمینۆلنەکان تێک شکان و بەم شێوەیەش کۆتا بە ڕاپەڕینی سەمینۆلنەکان هێنرا. بەشێکی زۆری هۆزەکانی کریک (کە گەورەترین هۆزەی هیندییەکان بوون) بە زۆری راگوێزرانەوە بۆ ناوچەی ئۆکلاهۆما و لە ئۆردوگای زۆرەملێدا نیشتەجێ کران، تەنیا چەند سەد کەسێک توانییان خۆیان لە دەستی هێزەکانی ئەمەریکا قوتار بکەن و لە شاخەکان خۆیان قایمبکەن و خۆیان نەدەن بەدەستەوە.

نیوەیان بە زۆرەملێ راگوێزرانەوە، بەتایبەت لە پاش شەڕی سێیەمی سەمینۆلنەکان ١٨٥٥ تا ١٨٥٨، هەموویان بردنە ئۆردوگای زۆرەملێوە و لە ناوچەی رۆئاوای ئەمەریکا نیشتەجێیان کردن.

ئەوە بەشە کەمەی (کریکەکان) کە لە ناوچەی فلۆریدا مانەوە، ساڵی ١٩٣٥ ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتییان لەگەڵ حکوومەتی ئەمەریکا مۆر کرد.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ڕۆهەڵاتی ئەمەریکا، تەنیا چەند گرووپێکی بچووکی هیندی مابوونەوە. بەڵام لە ڕۆئاوای ئەمەریکا هیندییەکان لە خەبات بەردەوام بوون. لە نێوان ساڵانی ١٨٤٠ تا ١٨٨٠ کۆمەڵێک شەڕ و پێکدادان لە نێوان هیندییەکان و لەشکری ئەمەریکادا ڕووی دا. ئامانجی سەرەکیی ئەم شەڕانەش، کۆنترۆڵکردنی ڕێگەکانی ڕۆئاوای ئەمەریکا و سەپاندنی دەسەڵاتی حکوومەت بوو لەو ناوچانەدا.

لەم شەڕانەشدا کۆمەڵێک هۆزی هیندی تێیدا بەشدار بوون، لەوانە هۆزی (بانۆک، شۆشۆنن) کە لە ناوچەی ئۆریگۆن و ئیداهۆ دەژیان، هەروەها هۆزی (ئوتە) کە لە ناوچەی نیڤدا و ئوتا دەژیان، هەروەها هۆزی (ئاپاشن و نۆڤاژۆ) کە لە ناوچەکانی باشووری ڕۆئاوا دەژیان، دژی کۆچبەرە سپیپێستەکان کەوتنە شەڕەوە. ئەم شەڕەش بەتایبەت ساڵی ١٨٤٩ زۆر توندتر بوو، بەتایبەت پاش ئەوەی کەلەم ناوچەیەدا ئاڵتوون دۆزرایەوە، بەشێکی زۆری کۆچبەرەکان بەرەو ڕۆئاوا کشان. لە ساڵی ١٨٤٦وە تا ساڵی ١٨٦٣ شەڕ و پێکدادان بەردەوام بوو، بەتایبەت لە ناوچەکانی ناڤاژۆ لە ئەریزۆنا و نیو مەکسیکۆ.

بەڵام گەورەترین شەڕ لە نێوان هیندییەکان و کۆچبەرەکان، لە ناوچەی گرەیت پلانسدا ڕووی دا، چونکە ئەم ناوچەیە بەپێی ڕێککەوتننامەکانی پێشوو، سنووری هیندییەکان بوون. هەر لەم ناوچەیەشدا هەرچی ئەوانەی کە لە هۆزە هیندییەکانی ڕۆهەڵات مابوونەوە (ئەوانەی کە بەر هەڵمەتی ڕاگوێزان بوون و لەم ڕاگوێزانەشدا بە سەلامەتی دەرچووبوون)، هەموویان لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بووبوون.

کاتێک کۆچبەرەکان بەرەو ئەم ناوچانە هاتن و ویستیان داگیربکەن، جارێکی تر چەخماخەی شەڕێکی تریان داگیرساند لە ساڵی ١٨٥٤ وە تا ساڵی ١٨٧٦ هۆزەکانی سیۆکس لەگەڵ هۆزەکانی ئاراپاهۆ و جیێنە، دژی کۆچبەرە داگیرکەرەکان وەستانەوە. کۆچبەرەکان دەیانویست بەزۆر ناوچەکانی (ویۆمینگ، مینێسۆتا، سۆز داکۆتا) داگیر بکەن. لە ٢٥ یونی ١٨٧٦دا شەڕێکی گەورە لە ناوچەی (لیتڵ بیگ‌ۆهرن ریڤێرا) کە دەکەوێتە ولایەتی مۆنتانای ئێستاوە هەڵگیرسا. حکوومەتی ئەمەریکایی حەوت سوپای سوارەی بە سەرۆکایەتیی (جەنەراڵ جۆرج. یا. کوستەر). لە بەرامبەردا هۆزەکانی سیۆکس و جیێنە بەسەرۆکایەتیی سیتینگ بلو، کرازی هۆرسە و گال، هاتنە شەڕەکەوە.

لەم شەڕەدا هیندییەکان توانییان سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنن و سوپا تۆکمە و مۆدێرنەکەی ئەمەریکا بشکێنن.

کۆتاییی شەڕەکان

لە نێوان ساڵانی ١٨٧٢ تا ١٨٧٣ لە باکووری کالیفۆرنیا و باشووری ئۆریگۆن هۆزەکانی مۆدۆک لە دەستی هێزەکانی ئەمەریکا ئاوارە بوون و شوێنی خۆیان بەجێ هێشت. پاش شەش مانگ لە شەڕ و پێکدادان، سەرۆکی ئەم هۆزە (جاک)، لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بەدیار چاوی خەڵکییەوە لەدار درا. لە ناوچەکانی کۆلۆرادۆ، کەنساس، نیومەکسیکۆ و تەکساس، هێزەکانی ئەمەریکا بەسەرۆکایەتیی ڤلیب شێریدان، زیاتر لە ١٤ شەڕی لە دژی هۆزەکانی (ئاراپاهۆ، کۆمانشن، جێینە، کیۆوا) هەتا ساڵی ١٨٧٤ بەتەواوەتی ئەم هۆزانەی لەناوبرد.

لەگەڵ ئەوەی کە هیندییەکان سەرکەوتنێکی زۆر باشیان لە ناوچەی لیتڵ بیگۆهرن ریڤێرا بەدەست هێنا، بەڵام پاشتر بەشێکی زۆری هۆزە هیندییەکان نەیانتوانی خۆیان لە بەرامبەر هێزەکانی ئەمەریکا ڕابگرن. پاش کەمتر لە ساڵێک بەسەر سەرکەوتنەکەی لیتڵ بیگۆهرن ریڤێرا، بەشێکی زۆری هۆزەکانی (جێینە، سیۆکس) گیران و کوژران و ئەوانەشی کە مانەوە خرانە ئۆردوگایەکی زۆرەملێوە کە دەکەوێتە نزیک شاری ئۆکلاهۆمای ئێستاوە. بەشێکی تری هۆزی ئاپاشن بە سەرۆکایەتیی گێرنیمۆ، دژی ژیان لە ئۆردوگاکانی (نیومەکسیکۆ، ئاریزۆنا، تەکساس) زۆرەملێکان ڕاپەڕین و کەوتنە هێرشبردن بۆ سەر سوپای ئەمەریکا. لە ئۆریگۆن، ئیداهۆ، مۆنتانا، هیندییەکان خۆیان کۆ کردەوە و بە سەرۆکایەتیی جۆزێف و نێز پیرسە لەشکرێکیان دروست کرد، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناوچەکانی خۆیان بکەن، لە هاوینی بەرزاییەکانی والاوا . لە ساڵی ١٨٧٧ هێزەکانی ئەمەریکا پەلاماری ئەم لەشکرەی هیندییەکانی دا و، ناچاری کردن بەرەو سنووری کەنەدا بکشێنەوە و لەوێ خۆیان تەسلیم بکەن.

ساڵی ١٨٩٠ کۆتا بە شەڕی هیندییەکان هێنرا. پاش ئەوەی هۆزی (سیۆکس) سەرۆکەکەیان (سیتینگ بول) کوژرا، (بیگ فووت) جێگەی گرتەوە و سەرۆکایەتیی دوایەمین ڕاپەڕینی سیۆکسی کرد. لە نزیک (وۆندید کنی، پین ریدگە) لە باشووری داکۆتا، ئۆردوگایەک و ڕووبارێکی لێ بوو، کە هیندییەکانی تێدا نیشتەجێ کرابوو. لەم شوێنەدا دوایەمین شەڕ، لە ٢٩ دیسەمبەری ١٨٩٠ دەستی پێ کرد. لەم شەڕەدا زیاتر لە ٤٠٠ هیندی کە بەشی زۆریان ژن و منداڵ بوون، لەلایەن بەتالیۆنی سوارەی ئەمەریکاییەوە کوژران. ئەمەش یەکێک بوو لەو کۆمەڵکوژییانە (ماسەکا)یەی لە سوپای ئەمەریکایی دژی خەڵکی ڕەسەنی ئەمەریکا کردی. بەم شێوەیەش دوایەمین ڕاپەڕین و شەڕی هیندییەکان، کۆتاییی پێ هات. ئەمەریکاییەکان بە شێوەیەکی دڕندانە و عەسکەرتاریانە، دەستیان کرد بەلەناوبردنی خەڵکی ڕەسەنی ئەم پارزەوینە. بەپێی هەندێک سەرچاوە**** لە کاتی داگیرکردنی ئەمەریکا، ملیۆنان هیندی (خەڵکی ڕەسەنی ئەم پارزەوینە) کوژران و بە زۆرەملێش لە شوێنی خۆیان بۆ ئوردوگای زۆرەملێ گوێزرانەوە.

هەر لەبەر ئەوە شەڕی هیندییەکان، بە (کۆمەڵکوژی) گەلان دادەنرێت.

سەرچاوە:

لەم کتێبە وەرگیراوە.

Nicole Schley, Sabine Busse. Die Kriege der USA. Chronik Einer Aggressiven Nation . Heinrich Hugenduble Verlag . München . 2003.S 11 _25.

پەراوێزەکان:

* هیندییەکان، یان هیندییە سوورەکان، واتە خەڵکی ڕەسەنی پارزەوینەی ئەمەریکا. ئەم ناوە داگیرکەرە ئەوروپاییەکان بۆ ئەم خەڵکانەیان داناوە، چونکە کۆلۆمبوس کاتێک ئەم پارزەوینەیەی دۆزییەوە، وای زانی گەیشتووەتە هیندستان. من کاتێک کە وشەی هیندییەکان بەکار دەهێنم، زیاتر مەبەستم خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمەریکایە نەک هیندی. من ناچارم ئەم وشەیە بەکار بهێنم، چونکە نووسەرانی بابەتەکە ئاوایان بەکار هێناوە. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا، خەڵکی ڕەسەنی ئەمەریکا دژی بەکارهێنانی ئەم ناوە بوون بۆیان، چونکە ناوێکە داگیرکەری ئەوروپایی بۆ ئەوانی داناوە.

** ئەمانە گرووپێکی ئاینی بوون لە کۆنەسای ئەنجیلیکای بەریتانیایی. لە ئینگلتەرا داوای ریفۆرمیان لە دەستوور و یاسای کڵێسا دەکرد. ئەمان لەژێر زەبروزەنگی دەسەڵاتی بەریتانیا ڕایان کرد و هاتنە ئەمەریکا. پارادۆکس لەوەدایە، ئەمانە لە دەستی زوڵم و زۆرداری ڕایان کردبوو، کەچی کاتێک هاتنە ئەمەریکا دەستیان کرد بە کۆمەڵکووژی خەڵکی ڕەسەنی ئەمەریکا.

*** شەڕی خەلافەتی ئیسپانیایی. ئەم شەڕە لە نێوان ساڵانی ١٧٠٢ – ١٧١٣ بەرپا بوو. هۆکاری سەرەکیی ئەم شەڕەش، ململانێی هێزەکانی ئەوروپا بوو کە پاش مردنی کارلۆسی دووەم لە ئیسپانیا سەری هەڵدا. ئەم مەلیکە دوایەمین نەوەی بنەماڵەی هابسبوورگ بوو. کارلۆس پێش ئەوەی بمرێت، هەموو مەملەکەتەکەی خۆی تەسلیمی ڤلیپ دۆک ئەنجۆ کرد و بوو بە مەلیکی ئیسپانیا. ڤلیپیش نەوەی مەلیکی فرەنسا (لویسی چواردە) بوو. پاشان ناویان گۆڕی و کردیان بە ڤلیپی پێنجەم و بوو بە مەلیکی ئیسپانیا. ئەم شەڕە کاتێک بەرپا بوو، کە ئیمپراتۆر لیوبولدی یەکەم، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای پیرۆز (کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک ئیمارەتی ئەڵمانیا و مەملەکەتی نەمساوی) لە پاش مردنی کارلۆس، خۆی بە شیاوتر دەزانی بۆ ئەوەی عەرشی ئیسپانیای بدەنێ. جێگەی ئاماژەیە لەم کاتەدا لویسی چواردە دەستی کردبوو بە فراوانکردنی مەملەکەتەکەی و بووبووە جێگەی ترس بۆ هەموو ئەورووپا. هەر بۆیە وای لە دراوسێکانی کرد (بەریتانیا، هۆڵەندا) لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای پیرۆز لە دژی فرەنسا یەک بگرن و ڕێگە لە چاوچنۆکیی لویسی چواردە بگرن.

**** هەندێک سەرچاوە پێیان وایە زیاتر لە ٤٥ ملیۆن خەڵکی ڕەسەنی باکوری ئەمەریکا (کە بە هیندی ناودەبرێن) کوژراون. بەشێکی زۆریان بەهۆی شەڕەکانەوە، بەشێکی تریان بەهۆی ڕاگوێزان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تێیاندا، گیانیان لەدەست داوە.

هەوالنامەی کتێب

دیمانە لەگەڵ

حوسێن مورتەزاییان

نووسەری کتێبی "دووپشک..."

دیمانە: مێهدی مێهرپەروەر

حوسێن مورتەزاییان ئابکەنار ساڵی ١٩٦٦ لە تارانی پایەتەختی ئێران لەدایک بووە. دەرچووی بەشی هونەری شانۆیە لە کۆلێجی هونەرە جوانەکانی تاران. ئێستە مامۆستای بەشی چیرۆکە لە کۆلێجی هونەرە جوانەکانی تاران و هەروەها لە دەزگای "کارنامە" وانەی چیرۆکنووسی دەڵێتەوە. ئابکەنار جگە لە چیرۆکنووسی، دەستێکی بالای لە نووسینی سیناریۆدا هەیە لەوانە "هیچ کەس ئاگای لە پشیلە ئێرانییەکان نییە" لە دەرهێنانی بەهمەنی قوبادی و "ماندوو" لە دەرهێنانی ئیبراهیمی سەعیدی، هەروەها دوو کۆمەڵە چیرۆکی بەناوەکانی کۆنسێرتی تازە قەدەخەکراوەکان (١٩٩٩) و عەتری فرەنسی (٢٠٠٣) بڵاو کردووەتەوە، ڕۆمانی "دووپشک..." لە نووسینی مورتەزاییانە کە چەندان خەڵاتی بە نرخی وەرگرتووە، ئەم کتێبە بەم دواییانە لە دەزگای ئاراس بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بووەتەوە.

* بەر لەوەی پرسیارەکانم دەست پێ بکەم تکایە خۆت بەخوێنەرانی کۆواری "واتە" بناسێنە؟

– ناوی تەواوم حوسێن مورتەزاییانی ئابکەنارە و زۆرتر بەناوی ئابکەنار دەمناسن، ماوەی ٢١ بۆ ٢٢ ساڵە بەشێوەی پرۆفیشناڵ و رژد خەریکی نووسینی چیرۆکم، ئەویش کورتەچیرۆک، ڕۆمانێکیشم نووسیوە بەناوی "دووپشک" کە لەم دواییانەدا لە هەرێمی کوردستان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاو بووەتەوە، ئێستە کارەکەم وانەگوتنەوەی چیرۆکە، هەم لە

هەوالنامەی کتێب



هه‌واڵنامه‌ی کتێب

کـۆلێـجی هونەرە جـوانەکـان بەشـی چیـرۆکنووسی، بـەشـێـوەی تایبـەتیش وانە دەڵێـمـەوە، لە دامـەزراوەی "کـارنامـە"ش دیسـان وانـەی چیـرۆک دەڵێـمـەوە، زۆربەی چالاکـیـیـەکـانم پێـوەندیی بەچیـرۆکەوە هەیە، مـاوەی ١٠ سـاڵە وانـە دەڵێـمـەوە، بۆ خـۆم کـۆلێـجی هـونەرە جوانەکـان بەشی شـانۆم تەواو کردووە و ئێستـە نیشتـەجێی تارانم، دوو کۆمـەڵە چیـرۆکم هـەیە لەگەڵ ڕۆمـانێک و کارێکی تۆژینەوە کە چەند سـاڵ پێشتر بڵاو بووەتەوە.

* بەڕێزتان ئامـاژەتان بەوە کرد بەشـێکی بەرچاو لە چالاکیـیەکانتان چیـرۆکنووسـیـیە، ئێوە بۆ نووسینی چیرۆکەکانت لە چ شێوازێک پێڕەوی دەکەن؟

– من شێوازێکی دیاریکراوم نییە، پێم وایە چیـرۆکەکە شێوازی خۆی بەسـەرمدا دەسـەپێنێ، هـەر چیـرۆکـێک کـە دەینووسـم دەبێ شـێـوازەکـەی ببـینـمـەوە، بەوجـۆرە نـیـیـە کـە لـە نووسـینەکـانمدا شـێـوازێکی دیاریکراوم هـەبێ و تەواوی چیـرۆکەکـانم بەو شـێـوازە بنووسم، چیـرۆککەلێک ڕەنگە بەچەندان مـانگ و سـاڵ لە زەینمدا دروست بن و بەشـێـوازێک دێنە دەرەوە، ئەگەر سـەیری کـۆمـەڵە چیـرۆکەکانم بکەن، بۆتـان دەردەکەوێ هـەریەکە و ئەزمـوونێکە، هـەریەکـە و لەگەڵ ئەوی تر جیـاوازە، هـەندێ دەڵێن پێمـان سـەیرە کـۆمـەڵەچیـرۆکەکـانت دەخـوێنینەوە ئەگـەر هـەشت چیـرۆک بێ هـەر هـەشـتیـان جیـاوازییـان پێکەوە هـەیە، زۆر حـەزم لەو شـێـوازە نووسـینەیە، نامـەوێ خـۆم لە شـێـواز و بابەتێکدا دووبارە بکـەمـەوە، چیـرۆک دەبێ دەسـتکەوتێک بێ، ڕووداوێک و ئەزمـوونێک بێ ئەگـەر وانەبێ چیـرۆکەکە سـەرنجڕاکێش نابێ، پێم خۆشـە هـەر چیـرۆکێک کە دەینـووسم لەگەڵ کارەکانی پێشترم جیاوازیی هـەبێ.

* بەگشتی هـەر نووسـەرێک لە ژیانیدا سـەرمـەشقێکی هـەیە، سـەرمـەشقی ئێوە کێیە؟

– نێزیکەی ١٠ سـاڵ قوتابیی هـوشـەنگ گولشـیری بووم، مـامـۆسـتای گـەورەی من بوو، هـەر لە سـەرەتای کـاری چیـرۆک نووسـینمـدا بەشـێـوەی پرۆفـیـشنـاڵ لەگـەڵ ئەو ئاشنا بووم، تا کـاتی کۆچکردنی کە مـاوەی ١٠ سـاڵێکی خـایاند، هـەمـوو حـەوتوویەک یا هـەمـوو مـانگێک کۆبوونەوەمـان هـەبوو، کتێبمـان دەخوێندەوە، لەبارەی چیـرۆکەوە گفتوگۆمان دەکرد، ئەمانە کاریگەرییـان لەسـەرم دانا، ئەوی لە گولشـیری فێری بووم یەکێکیان "ئیـجـازە"، بەسـوودوەرگرتن لە شـێـوازی ئەو هـەوڵ دەدەم بەکـەمـتـرین وشـە و ڕەسـتـە زۆرترین کـاریگەری لەسـەر خـوێنەر دابنێم، زۆر کـەس هـەیە بەسـەدان لاپەڕە دەنووسـێ بەڵام ناتوانن کـەمـتـرین کـاریگەرییـان هـەبێ، وشـەیەک، ڕەسـتـەیەک، پەرەگرافێک یان چیـرۆکێک دەتوانێ لە هـەزار لاپەڕە کـاریگەرتر بێ، ئەمە دەگەڕێتـەوە بۆ "ئیـجـاز". خـاڵێکی تر ئەوەی لە چیـرۆکەکانمدا تەنیا شـتـەکان ناگێڕمـەوە یان شی ناکـەمـەوە، بگرە وێنەیەک دروست دەکـەم و خـوێنەرانم ڕووبەڕووی ئەو وێنانە دەکـەمـەوە، چرکە سـاتیـان بۆ دروست دەکـەم تا لەگەڵمدا ئەو چرکە ساتانە تاقی بکەنەوە، ئەمە تایبەتمەندییەکە کە بەردەوام بۆ من سـەرنجڕاکێش

بووە، ئەو چیرۆکانەیش کە بەم شێوازە دەیانخوێنمەوە بۆم سەرنجڕاکێشن.

* دەڵێن چیـــرۆک وێنـەیـەکـــە لە دوورەدیمـەن و خـــوێندنـەوەی نووســـەر لـە ژیانـی، خوێندنەوەی ئێوە لە ژیان چییە؟

– ژیان زۆر گەورە و هـەمـەچەشنە، گـولشـیـری دەیگوت، ئێمـە سـەردەمـانێک دەمـانویست دنیـا بگۆڕین، بەڵام نەکرا، دەمانویست لە چیرۆکەکانماندا باسی تەواوی دنیا بکەین، گوتی گەیشتینە جێگەیەک بۆمـان دەرکـەوت ناکرێ، ئێمـە دەتوانین تەنیـا بەشێکی بچـووک وێنا بکەین، بەشێک کە خـۆمـان تاقیـمـان کردووەتەوە و دەتوانین باسی بکەین و کاریگەری لەسـەر خـوێنەر دابنێن. منیش هـەوڵ دەدەم بەشێکی بچـووک لەو ئـەزموونـەی هـەمـە لە چیـرۆکەکـانم رەنگ بداتەوە و ئەو ئەزمـوونە بگوێزمەوە بۆ خوێنەران.

* جـەمـال مـیـر سـادقی لە کـتـێبـەکەدا "توخمـەکانی چیـرۆک" دەڵێ، خـسـتنەڕووی پێناسـەیـەکی گشـتگیر لە کورتـە چیـرۆک کە هـەمـوو جـۆرەکانی کورتـە چیـرۆک لەخـۆ بگرێ، کارێکی سادە نییە، بگرە مەحاڵیشە؟ پێناسەی ئێوە بۆ کورتە چیـرۆک چییە؟

– پێم وایە نەتەنیا پێناسـەی کورتە چیـرۆک بگرە پێناسـەی هـەمـوو شـتـێک لەم سـەردەمـەدا کە ئێمـە تێیدا دەژین کارێکی ئەسـتـەمـە، ئێمـە هـەوڵ دەدەین لە پێناسـەکان نێزیک ببینـەوە، هـەروەک ئاگـەدارن پێناسـەکان لە قۆناخـە جـۆرەوجـۆرەکـانـدا گـۆڕانکاریـیـان بـەسـەردا دێ، هـیچ پێناسـەیـەک نـیـیـە بتـوانێ مـانـای خـۆی بەتـەواوی شـی بکاتـەوە، لەبـارەی چیـرۆکـەوە دەتوانم بڵـێم، چیـرۆک گێڕانەوەیەکی بچـووکە کە ئێمـە وەک نووسـەر هاوبەش دەکات لەگەڵ خـوێنەران، ئەو هـەسـتـەی لە ناخـمـدایە وەک هـەسـتی خـۆشـی، ناخـۆشـی، پێـویسـتـە خـوێنەر ئەو هـەسـتـەم لێ وەربگرێ، من وێنەیەکم لە چیـرۆکەکـەم دیتووە ئەو نەیدیوە، پێویستە خوێنەرانیش ئەو وێنەیە ببینن، لە ڕاستیدا تەواوی هـەوڵی چیـرۆکنووسـێک ئەوەیـە ئەو هاوبەشـیـیـە لە نێـوان خـۆی و خـوێنـەردا بدۆزێتـەوە، تەنـانـەت ئەگـەر خـوێنـەریش کـەم بێ، دەتوانـین بەژمـارەیەکی زۆر کـەم لە دیاردەیـەکی بچـووک و هـەستێکی بچووک هاوبەش بین.

* دەڵێن ڕۆمـان گرینگترین و ناسـراوترین شـێوازی ئەدەبـیی سـەردەمی ئێمـەیە، ئێوە پێگەی ڕۆمان لە سـەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا چۆن هـەڵدەسـەنگێنن؟

– ئەمە باسێکی ئاڵۆزە، پێویستی بەلێکۆڵینەوە هـەیە، پێویستە پسپۆڕان لەو بوارەدا ڕای خۆیان دەربـبڕن، لە قۆناخێکدا بۆ وێنە دوو دەیەی ڕابردوو یـەک چیـرۆک گرینگیی خۆی هـەبوو، لەبەرئەوەی چیـرۆک گرینگ بوو کۆواریش گرینگ بوو، ئەمانـە پێوەندییـەکی یەکسـانیـان پێکەوە هـەبوو، ئەگـەر ئێوە چیـرۆکێکتـان لە کۆواریک بڵاو دەکردەوە دەخوێنرا و ئەو یـەک چیـرۆکەش دەبینرا، بەڵام پاش

تێپەڕبوونی دوو دەیە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرفراوانی نووسەر، خوێنەر و بینەر ڕووبەڕوو بوونەتەوە، لەبەرئەوەی ژمارەکان زۆر بوون دەرفەتی دەرکەوتن کەمتر بووە، پێشتر یەک دوو کۆوار بڵاو دەبوونەوە چیرۆکەکانیشیان دەخوێنرانەوە، ئێمە ئێستە لە قۆناخێکداین کە کتێبێکی زۆر بڵاو دەبێتەوە بۆ وێنە سەدان کتێب لە مانگێکدا، سێسەد ڕۆمان لە ساڵێکدا گەلێک زۆرە، بڵاوبوونەوەی دووسەد کۆمەڵە چیرۆک لە ساڵێکدا زۆرە، ئێمە بەجۆرێک لە یەک چیرۆکی دوور کەوتووینەتەوە و گەیشتووینەتە کۆمەڵێک کتێب، بە لە بەرچاوگرتنی بەرفراوانیی کتێبەکانیش پێویستە هەڵبژێرین و هەندێکیان بخوێنینەوە، ئێستە گەیشتووینەتە سەردەمێک کە باسی ئینتەرنێت و چیرۆکی ئینتەرنێت و دیجیتاڵی هاتووەتە گۆڕی، ئێستە زۆر کەس لە چوارچێوەی ماڵپەڕەکانیان ئەوەی لە دڵیاندایە بەشێوەی چیرۆک یان بیرەوەری بڵاوی دەکاتەوە، هەر بۆیە لە توانای هیچ کەسێکدا نییە بتوانێ هەموو ئەمانە ببینێ و بخوێنێتەوە. ئێمە لە یەک چیرۆک و چەند کۆوار گەیشتینە، کۆمەڵێکی بەرفراوانی کتێب و دواتریش گەیشتینە قۆناخی ئینتەرنێت و بەرفراوانیی ماڵپەڕەکان، لە قۆناخی پۆست مۆدێرندا کە ئێمە لێی دەژین ئەم فرەییە حاشاهەڵنەگرە، ئێمە تەنیا دەتوانین لەگەڵ بەشێکی بچووکیدا پێوەندی دابمەزرێنین، دەبێ ڕێگەیەکیش بدۆزینەوە تا بتوانین باشترینەکانیان بخوێنین و ببینین و لە دەستمان دەرنەچێ، دیارە ئەمەش کارێکی زۆر ئەستەمە.

* کۆواری "کارنامە" لە ئێراندا ناوێکی ئاشنایە لە کارنامەی چالاکییەکانی ئێوە، ئەم کۆوارە چ پێگەیەکی هەیە؟

– کۆواری "کارنامە" ساڵی ۱۳۷۷ هەتاوی (۱۹۹۸) بەهەوڵ و کۆششی هوشەنگ گوڵشیری بڵاو بووەوە، نۆ ژمارەی لەگەڵ گوڵشیری بڵاو کرایەوە، ڕووداوێکی زۆر گرینگ بوو لە ئەدەبیاتی ئەو کاتی ئێراندا، ئەو کات وەک ئێستە کتێب بەم بەرفراوانییە چاپ نەدەبوو و کاریگەریی کۆوارەکان یەکجار زۆر بوو، ئەو کات ئەندامی دەستەی نووسەرانی کارنامە بووم زۆر بەدڵواری کاروباری کۆوارەکەمان ڕادەپەڕاندن، بەداخەوە دوای بڵاوبوونەوەی نۆ ژمارە هۆشەنگ گوڵشیری کۆچی داواییی کرد و دوای چەند ساڵ مۆڵەتی کۆورای کارنامەش هەڵوەشایەوە و نوێ نەکرایەوە، بەڵام دامەزراوەی کارنامە ئێستە ماوە و زۆرتر وانەی ئەکتەری و دەرهێنەری تێدا دەگوترێتەوە و بەشێکی بچووکیشی بۆ چیرۆکنووسی تەرخان کراوە، بۆ خۆم ماوەی چەند ساڵێک لەو دامەزراوە وانەم گوتووەتەوە، پاش دابڕانێکی چەند ساڵە دیسان لەو دامەزراوەیە وانەی چیرۆکنووسی دەڵێمەوە.

* تا چەند بەفەرهەنگی نەتەوەکانی تری ئێران بەتایبەت کورد ئاشنایت، پێوەندیی ئێوە لەگەڵ ڕووناکبیرانی کورد لە چ ئاستێکدایە؟

– چەند دۆستی زۆر نێزێکی کوردم هەیە، بەخۆشییەوە لە ڕووی کولتووریییەوە ئێران و

کوردستان زۆر لێک نێزیکن، زمانمان خاڵی هاوبەشی زۆری تێدایە، زۆر لە وشەکانمان هاوبەشن، کولتوورمان هاوبەشە، بەشێک لە کوردستان لە دڵی ئێراندا جێی گرتووە و بەشێکی تری لە عێراق و بەشێکی تر لە تورکیا، ئەم پێوەندییە کولتوورییە بەردەوام هەبووە، بەهۆی ئاشنایەتییەک کە لەگەڵ چەند دۆستێکی کورد هەمە تا رادەیەک بەئەدەبیاتی کورد ئاشنام، من بەرۆژ ئاکرەیی، فەرهاد پیرباڵ، شێرزاد حەسەن و زۆر کەسی تر دەناسم. زۆر لە بەرهەمی نووسەران و شاعیرانی کورد وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی، هەندێک لە نووسەرانی کورد وەک بەرۆژ ئاکرەیی بەفارسی دەنووسێ کە ئەمەش بۆ خۆی پێوەندییەکە، هەر لە رێگەی ئەم دۆستانەوە لەگەڵ نووسەران و شاعیران لە کوردستان ئاشنا بووم، پێم وایە لە ڕووی کولتوورییەوە پردێکی بچووک لە نێوان خۆم و ئەو نووسەرانەی لە کوردستاندا دروست بووە.

* داهاتووی ئەم پێوەندییانە چۆن دەبینی؟

– پێم وایە روو لە گەشەیە، پێشتر کۆسپ و لەمپەر هەبوون، ئێستە چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبەکەم "دووپشک" دەتوانێ هەنگاوێک بێ بۆ ئەوەی هاوبەشییە کولتووری و ئەدەبییەکانی خۆمان بۆ یەکتر بگوازینەوە، من زۆر لەو جێرۆک و شیعرانەی کە لە کوردییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر فارسی خوێندووەتەوە و چێژی زۆرم لێ وەرگرتووە، بۆم دەرکەوتووە لە هەندێک بواردا لە ڕووی کولتوورییەوە زۆر بۆ من ئاشنایە، لە ڕووی هەستەوە دەتوانم پێوەندیی لەگەڵ دابمەزرێنم، بەهەرحاڵ لە رێگەی دۆستەکانم لە کوردستان بڕاردەیەک لە کتێبەکانی کوردستانم پێ گەیشتووە، پێم وایە ئەم پێوەندییە زیاتر پەرەدەستێنێ، ئەگەر بەرهەمی فارسی وەرگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و بەرهەمی کوردی وەرگێڕدرێتە سەر زمانی فارسی، کە ئەمە خەریکە ڕوو دەدات، دەبینم نووسەرانی کورد بەرهەمە کوردییەکان وەردەگێڕنە سەر زمانی فارسی و چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

* سیناریۆی "هیچ کەس ئاگای لە پشیلە ئێرانییەکان نییە" لە دەرهێنانی بەهمەنی قوبادی و "ماندوو" لە دەرهێنانی ئیبراهیم سەعیدی لە نووسینی بەڕێزتانە، پاڵنەری ئێوە لە نووسینی ئەم سیناریۆیانە چ بووە؟

– جگە لەم دوو کارە کارێکی ترم ئەنجام داوە ئەویش هەر پێوەندیی بەکوردستانەوە هەیە، لە فیلمی "پشیلە ئێرانییەکان" لەگەڵ کەسێک کارم کرد کە بۆ خۆی کورد بوو هەر چەند ناوەڕۆکی بابەتەکە پێوەندیی بەتارانەوە هەبوو، بەڵام لە رێگەی بەهمەنی قوبادییەوە لەگەڵ چەند دۆستێکی کورد و دەرهێنەری کورد ئاشنا بووم کە داوایان لێ کردم فیلمنامەیان بۆ بنووسم وەک ئیبراهیم سەعیدی کە سیناریۆی "ماندوو"م نووسی، بۆ ئەوەی سیناریۆکەی بۆ بنووسم هاتم بۆ هەرێمی کوردستان بۆ هەولێر ئەویش لە رێگەی زەوییەوە هاتم تا لە نێزیکەوە خەڵکەکەی ببینم تا ڕادەیەک لەگەڵ جوگرافیا و کولتووریان ئاشنا بم، بتوانم لەو دۆخەدا خۆم ببینمەوە و سیناریۆکە بنووسم،

هەولێری کتێب

دواتر بۆ کارێکی زەهاوی سەنجاوی هاتمە کوردستان، لەگەڵ بەڕێزیان زۆر شوێنی هەولێر و ناوچەکانی ترمان دی، ڕوونکردنەوەی زۆر وردی لەسەر کولتوور و داوونەریتی کوردستان پێ دام کە ئەمە زۆر یارمەتیدام تا خۆم لە کەشی مێژوویی، جوگرافیایی و سیاسیی کوردستاندا ببینمەوە، لە ڕووداوی ئەنفالە و بگرە تا ڕووداوەکانی تر. ئەم ئەزموونە کە جۆرێک نێزیکبوونەوە لەم کولتوورە بووبووە هۆی ئەوەی بتوانم ئەم سیناریۆیانە بنووسم، پێم وایە ئەمە سەرەتای کارە و بەو ئاشنایەتییە کە لەگەڵ ئەم کولتوورە هەمە و چەند سەردانێکم بۆ کوردستان، دەتوانم بەسەرهاتی ئەم خەڵکە لە دڵی مێژوو بێنە دەرەوە و بەیارمەتیی دەرهێنەران و ئەکتەرانی کوردستان بتوانین کارێک بەئەنجام بگەیەنین.

* ڕۆمانی "دووپشک" تا ئێستە چەند خەڵاتی بەنرخی وەرگرتووە و لەم دواییانەدا بەدوو زمانی کوردی و فەرەنسایی چاپ و بڵاو بووەتەوە، بۆچی دوای سێ جار بڵاوبوونەوە لە ئێران ئێستە چاپکردنی قەدەخە کراوە.

– دەبێ لەو کەسانەی کە قەدەخەیان کردووە پرسیار بکرێ، هۆکارەکەیان باس نەکردووە، بەڵام پێم وایە ئەوان ئەدەبیاتی پڕوپاگەندەیان لا پەسندە و لە ڕاستیدا ئەم کتێبەش لە چوارچێوەی پڕوپاگەندەی ئەوان لەبارەی شەڕەوە لەبووە. کاردانەوەی ئەوان ئەوە بووە کە ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانی دژی شەڕە، منیش شانازی دەکەم کە ڕۆمانەکەم دژی شەڕە، لەبەرئەوەی بڕوام بە شەڕ نییە، هیوادار بووم ئەم کتیبە کە مۆڵەتەکەی ڕاگیراو بوو ڕێگەی پێ بدرێ جارێکی تر بڵاو بێتەوە، بێگومان ئەگەر زیاتر بڵاو کرابایەوە خوێنەری زیاتری دەبوو، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانمان بێ ئاکام مایەوە، بەڵام خۆشحاڵم لەگەڵ ئەوەی لە ئێراندا بڵاوبوونەوەی ڕاگیراوە، بەزمانی کوردی و فەرەنسایی چاپ و بڵاو بووەتەوە و لە داهاتوویەکی نێزێکدا بەزمانی ئەڵمانیایی و چەند زمانێکی تر بڵاو دەبێتەوە.

* چ کارێکی نوێت لە بەردەستدایە؟

– چەند کورتە چیرۆکم نووسیوە کە مۆڵەتی چاپی پێ نادرێ و بیر لە چاپکردنەوەی ناکەم چونکە لە ئێران ڕێگە بەچاپکردنی نادەن، ڕۆمانێکی ترم لە بەدەستدایە زۆر لێ بەپەلە نیم، ماوەیەکی زۆرە بیر لەم ڕۆمانە دەکەمەوە و هەر کات لێ ڕازی بووم هەواڵی چاپکردنی دەدەم، بەدووری دەزانم لە ئێران مۆڵەتی چاپی پێ بدرێ، بەڵام بەهەرحاڵ هەنگاوی یەکەم نووسینی ڕۆمانەکە کە دەستم پێ کردووە، ئەگەر لە ئێران چاپ و بڵاوی نەکەنەوە، بیری لێ دەکەمەوە یان بەزمانی فارسی لە ئەوروپا بڵاوی دەکەمەوە یان وەرگێڕانەکەی بەزمانەکانی تر ، دڵنیام لە قۆناخێکدا بەزمانی فارسی چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

* مەبەستی ئێوە لە هاتنتان بۆ هەڕێمی کوردستان چییە؟

– لەسەر بانگهێشتنی دەزگەی ئاراس کە کتێبەکەم "عەقرەب"ی بەکوردی چاپ کردووە، سەردانی هەولێرم کردووە، لە ڕێورەسمێکدا پەردە لەسەر وەرگێڕدراوی کتێبەکە لادەدرێ و هەروەها ئاشنابوون لەگەڵ ئەو کەسانەی کتێبەکەیان خوێندووەتەوە و ڕەنگە گفتوگۆیەکیش لەبارەی کتێبەکەوە ساز بکرێ و ڕا و بۆچوونی خوێنەران بزانم و ئەگەر پێویستیشی کرد لەبارەی کتێبەکەوە قسە بکەم.

* لە چەند سەردانتدا بۆ هەڕێمی کوردستان دۆخی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبت چۆن دی؟

– لێرە ڕووداوێکی زۆر باش خەریکە ڕوو دەدا، ئێوە بۆ چاپی کتێب پێویستتان بەمۆڵەت نییە ئەمە خێراییی کارەکە پێش دەخات، لە ئێران ئەگەر کتێبێک چاپ بکرێ چەندان ساڵ دەخایەنێ، کە دەڵێم چەند ساڵ، کتێبێکی خۆم هەیە دیارە ئەو کتێبەش لە کۆمەڵێک لە باشترین چیرۆکەکانی قوتابییەکانم پێک هاتووە دوای دوو ساڵ و نێو مانەوەی لە وەزارەتی ئیرشاد مۆڵەتی چاپی پێ نەدرا، ئەو خێراییەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لە هەڕێمی کوردستان جێی دڵخۆشییە، پێویستە ئەو ڕەوتە گەشەی پێ بدرێ وئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە کاری بژاردە بکرێ، بەدڵنیاییەوە ئەمە ڕوو دەدات.

* ئاماژەتان بە کارێکی تازەت کرد لە کوردستان ئەگەر زیاتر لەو بارەیەوە بۆمان بدوێیت؟

– بەڕێز زەهاوی سەنجاوی بیرۆکەیەکی هەبوو بانگهێشتنی کردم و پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر کرد، چەند شوێنێکمان دێ، چیرۆکێکی زۆر جوانمان پێکەوە داڕشتووە، سیناریۆکە لەبارەی پیاوێکەوەیە کە چەندان ساڵ لە گرتیگەیە و دوای ڕووخانی سەدام دەگەڕێتەوە ماڵەکەی، بەڵام خانەوادەکەی پێیان وابووە مردووە و، ئەو پیاوە وەک نامۆیەک لەو ماڵەدا دەژی و کۆمەڵێک ڕووداو ڕوو دەدەن، لایەنی مرۆیی و سۆزداریی زۆر بەهێزی هەیە، پێم وایە ئەگەر ئەم فیلمە بەرهەم بێ کاریگەرییەکەی یەکجار زۆر دەبێ، لە سیناریۆیەکەدا بەشێک لە مێژووی دوو دەیەی ڕابردووی کوردستانمان تێدا گونجاندووە، ئەو کارەساتانانەی بەسەر ئەم خەڵکەدا هاتووە، ئەو ڕووداوە تاڵانەی کە تێپەڕیان کردووە، ئەو کرانەوەیە کە لەم ساڵانەدا ڕووی داوە و ئەو کەسانە کە هێشتا بریندی ئەو سەردەمەیان پێوەیە، زەهاوی قسەی کەسێکی بۆ گێڕامەوە کە گوتبووی "شەڕ کاتێک تەواو دەبێ کە دواین سەرباز کە لەو شەڕەدا بەشدارە، بمرێ"، وا دیارە ئەم شەڕە هەر بەردەوامە.

هاوڵاتی کێبڕکێ



جەلال مەجید

فۆتۆگرافەری گوندی ڕۆستی

ئاغالە

لە ساڵی ١٩٨٠ دابوو لە ماڵی خۆمان ڕۆژنامەی ئۆتۆنۆمیم بینی بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لەسەر بەرگی ئەو کۆوارە بە چاپێکی جوانی ئەوسای بەغداوە تەنیا لەبەر فۆتۆ و بەرگەکەی یاد و ناوی ڕۆژنامەکەم لەبیرە یەکەم فۆتۆی هونەرمەندی میواندارێ زامووم بینی لەو ساڵەوە تا ئەم ساڵانە نەمدەزانی ئەو فۆتۆیە هی کێیە؟ هەریەکە و بەیەکێ دەیناسی، بەکورد بەعەرەب بەبێگانە!.. سەردانی مۆزەی ڕستن و چنینمان کرد لە قەڵای هەولێر. هەمان فۆتۆی سەر کۆوارە کۆنەکەم بینییەوە دیسان کەوتمەوە گومان و پرسیار، بەڵام ئەم جارەیان بەڕێوەبەری مۆزەخانە کاک (لۆلان) وەڵامێکی پێ وتم زۆر خێرا و ناوێکی نەبیستراو بوو لە دنیای هونەر کە هی (جەلال مەجید ئەمین)ە ئەو ساتە زانیم کە چەند مافی ئەو ماندوو نەناسەیان خواردووە. ئەو فۆتۆیە ناسراو و بەربڵاوە لە کوردستان و دەرەوە فۆتۆگرافەکەی (نادیارە). کارم کرد کە بیناسم و پێشانگەیەکی بۆ ساز بکەین لەگەڵ هاوڕێکانم لە گەلەری زامووا. سەفەری دووەم چوومەوە هەولێر و لەگەڵ مامۆستا (جەلال) خۆم ناساند و پەیمانی سەردانێکی کەم بەدوودڵییەوە لێ وەرگرت چونکە ئەو جۆرە پەیمانانەی پێ درۆ بوو هەندێ لە سلایدەکانی لەو بێنەوبەردەیەدا لێ بزربووە لە پاش سەیرکردنی بەرهەمەکانی لە سلایدەوە وەک ئەو کۆمەڵە کارە لە هەولێر سلایدەکانمان سکان کرد و بۆ یەکەم جار لە پاش ٣٧ ساڵ فۆتۆگرافەرێکی بابەتی وێنەی سلایدەکەی لەسەر مۆنیتەری کۆمپیوتەرێک بینی. تەنیا بۆ کاریگەری جوانی سروشت و بابەتی جلوبەرگ و بۆنە جوان و قەدپاڵەکانی ئەو لادێیە و دەروبەری هانی دەدا کامیرایەکی کۆداک لە ساڵی ١٩٦٨ بکڕێ لە بەغدا و یەکەم ئەزموونی سلاید دەست پێ بکات و لە پاشان لە بەغداوە بەڕێگەی پۆست بۆ لەندەن و بەرلینی ناردووە بۆیە لەو ساڵەوە فۆتۆی ڕەنگاوڕەنگ تەنیا لە بەغدا هەبووە. ئای کە غەریبە کامێرایەکی بێ زووم و فیلمی سلایدی ڕەنگاوڕەنگی لەو گوندە و لەسەر لووتکەی حەسارۆست و گۆڤەند و لە ملی مامۆستایەکی سەرەتایی هەلتە و لەنجەی بێ بەسەر پشتی ئێستردەوە. ئەو هەرگیز نەی توانیوە و بۆی نەگونجاوە کە لە ڕێگەی ئەو کارەوە سودی مادی بەدەست

بهێنێت. و بیرکردنەوەشی جیاواز بووە بۆیە هەموو ئەو کەسانەی کە کاری فۆتۆیان لە کوردستان کردووە لە کۆندا بۆ کاری بژێوی ژیانیان لە پاڵ دوکانێکی وێنەگرتندا بووە. جارێکی تر مامۆستا (جەلال) کەسایەتییەکی جیاوازتری لە کاسبکارانی ئەو هونەرە و سەرجەم مامۆستا سەرەتاییەکان جیاوازترە. مامۆستا جەلال دەڵێ: (کە لە هەولێرەوە دەگەڕامەوە بۆ ئەو گوندە زۆرجار هەتا گوندی ڕۆستی چرکەم لە کامێراوە نەدەهێنا چونکە شتێ نەبوو سەرنجم ڕاکێشێ) قۆناخی ژیانی وای لێ دێ ئەوەندە کامێرا و چەکەکەی خۆش دەوێ بۆ هەر سەفەر و ماڵێک چوونێ کامێراکەی پێ بووە. بەڵام لە کۆتایی ١٩٧٨ ئیتر مامۆستا واز لە کاری فۆتۆ دەهێنێ تا ئەمڕۆ. بەڕاستی سەیر دەستی پێ کردووە سەیریش کۆتایی بەو حەز و چالاکی هەست و سۆزەی هێناوە. کوا ئەرشیفی فۆتۆی چل ساڵ بەر لەئێستا ئەوەی هەیە نادۆزرێتەوە. شۆڕشەکانی کورد لە بەرنەبوونی هەژاری و بێ پولی کامێرای نەکرێیوە، بگرە بەپێویست و حاڵی نەبوونیان بووە لە تۆمارکردنی ژیانیان کەمن کە سەردەمی (جەلال مەجید) کامێرایان بە دەستەوە بووبێ. من ناڵێم ژیانی ئەوکاتە ناخۆشتر بوو نە جوانتر بوو لە ئێستا. بەڵام ئەو وێنە فۆتۆگرافییانە هەستی خرۆشاندن دەبەخشن بەچاومان باشتر لە خۆشی و جوانی ئێستامان ورد بینەوە. ئەو تۆماری مێژووی سەردەمێکی کردووە بە گوند و سروشت و جلوبەرگ و پۆرترێتەوە چل ساڵ زۆر نییە بۆ ڕابوردوو، بەڵام زۆرە بۆ داهاتوو بەڵام ئەی ئەگەر تۆمار نەکرایە هەروەک ئێستا دەبوو! بەڵێ هەروەک ئێستا دەبوو بۆ کەسێ گۆڕانی سروشت و ژیانی کۆمەڵگەی خۆی نەناسیبێ و حەزی پێ نەکات. لەسەر ژیانی سادە و لادێ و ژیانی کۆچەری و کورد زۆرترین خەڵک تا ئەو سەردەمەی مامۆستاش هەربێگانەکان کاریان لەسەرمان کردووە و زیاتر مەبەستیان ناساندنی ڕووە میلییەکان بووە، مامۆستا (جەلال) پارسەنگی ئەو کارەی ڕاکرتووە چی جوان و پالاوانی کادیری کامێرا بووە وێنەی گرتووە. ئەو پەیامنێری هیچ کۆوار و لایەنێکی ئەو کات نەبووە. تەنیا بۆ ئەو خەیاڵی خۆی ماندووبوون و خەرجی کردووە لە بری سینەماکارانی کوردیش کاری کردووە چونکە ئەو زۆرترین گۆشەی گرتەکانی لە وێنە پیتکەی سینەمای ریوائی دەچێ. ئەو کۆمەڵە فۆتۆیەی ئەو گرتوویەتی بەهێزترین ئەرشیفی فۆتۆی سەردەمێکی کوردی ناوچەیەکن، بۆ ئەمڕۆمان نموونەی جوانترین ژیانی ڕۆژگاری پڕ لە جووڵە و زیندویی نەتەوەیەک تۆمار دەکرێت.

هونەرمەند جەلال مەجید ئەمین

١٩٤٣ لە گوندی (تیمار) لەدایک بووە لە ناوچەی هەولێر.

١٩٥٣ نیشتەجێ دەبێت لە شاری هەولێر و لە هەمان ساڵدا دەچێتە قوتابخانە.

١٩٦٥ لە خانەی مامۆستایانی هەولێر دەرچووە.

هەر لەو ساڵەدا لە گوندی (پندرۆ) لە نێزیک شارۆکەی (شیروان مەزن)ەوە دادەمەزرێ.

١٩٧٠ دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی گوندی (ڕۆستی).

نمایش سلایدی بۆ کارەکانی کردووەتەوە لە هۆڵی یانەی فەرمانبەران لە هەولێر.

٢٠٠٧ یەکەمین پێشانگەیەتی کە گەلەری زاموا بۆی ڕێک خستووە.



گوندی ڕۆستێ – جۆلار ١٩٧٢

حەساڕۆست – زینی سارتك – گرووپێکی ڕێکخراوی ئیتاڵی ١٩٧٢



قەڵاتی میر سادق – ڕۆستێ ١٩٧٢

ڕووبـاری چـامـه – شێروان مـەزن ١٩٦٧



گوندی ڕۆستێ ١٩٧١



گوندی ڕۆستی – بووکگواستنەوە ١٩٧١

گوندی ڕۆستێ ١٩٧١

گوندی ڕۆستێ ١٩٧١

گوندی پێندرۆ – شێروان مەزن ١٩٦٧

ڕەوەند – نێتوە –حەسارۆست ١٩٧١

هـەڵگورد ١٩٧٢



گوندی ڕۆستێ ١٩٧٢

دۆشاو دروستکردن – گوندی پێندرۆ ١٩٦٨

گوندی ڕۆستێ ١٩٧٠



گوندی ڕۆستێ – بووکگواستنەوە ١٩٧٢



ڕەوەند – حەسارۆست – بێرمە هورگ ١٩٧٢

ئەو شۆڕشانەی ٢٠١١ چین

ناسکی و نەرمی لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا

ژاک گۆوڵدستۆون

ئەم شۆڕشانەی ئێستێکە ڕۆهەڵاتی ناڤینی هەژاندووە، قرە بە زەمینلەرزە سیاسییەکانی پێشان دەچێ. ئەوەی لە ١٨١٨ لە ئەوروپا قەومـا و بەرزبوونەوەی نرخی نان و زۆریی ڕێژەی بێکاران ئاگری ناقایلی هەر لە مەغریبەوەڕا هەتا عومان بادا. وەک ئەوەی لە ١٩٨٩، لە ئەوروپای ڕۆهەڵات و لە یەکەتیی سۆڤیەت قەوما، خەڵکی لە سیستەمە سیاسییە داخراو و گەندەڵ و گوێ نەدەرەکانیان ڕاپەڕیوە، چونکە ئەو سیستەمە سیاسییانەن نوخبەی یاخیکردن و ڕێژیمە پڕ هێزەکانی تونس و میسریان ڕووخاندووە و ڕەنگە لیبیا و یەمەن و سووریاش بڕووخێنن. خۆ ڕووداوەکانی ١٩٤٨ و ١٩٨٩ هاوشێوەی پڕ بە پێستی ئەم ڕووداوانەی زستانی بووری نین. شۆڕشی ١٩٤٨ بۆ ئەوە بوو دەسەڵاتە شاهانەکان بڕووخێنێ و ئەوانەی ١٩٨٩ش، دەسەڵاتی حکوومەتە شیوعییەکانی ڕماند. ئەو شۆڕشانەی ٢٠١١، بە تەواوەتی جیاوازن و خەبات لە دژی شتێکی جودا دەکەن کە: دیکتاتۆرییە _سوڵتانی_sultanisticیەکانن. هەرچەندە زۆر کەڕەت ئەو ڕێژیمانە بە ڕواڵەت داناتەپن و نالەرزن، لێ لە ڕاستیدا فرە ناسکن. چونکە خودی ئەو ستارتیژەی بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات پێڕەوی دەکەن ناسکیان دەکات نەک ئەوەی کە نەرم بن. خۆ ڕێککەوت نەبووە کە لەو هەموو شۆڕشە گەلاوییەی زۆربەی ڕۆهەڵاتی ناڤینی هەژاندووە، تا ئێستاکانە، تەنیا ئەوانەی _ تونس و میسر _ سەرکەوتوونە و هەردووکیشیان لە دژی سوڵتانەکانی سەردەم بوونە.

بۆ ئەوەی هەر شۆڕشێک سەرکەوێ، دەبێ ژمارەیەک فاکتەری هەبێ. دەبێ حکوومەتەکە هەندە بێ توانا بێت کە چارەسەر نەبێ یان هەندە ستەمکار بێ کە بە هەڕەشەی داهاتووی ولات بناسرێ. نوخبە (بە تایبەتیش سەربازی) دەبێ لە دەوڵەت دوور ببێتەوە و نەیەوێ چیی تر بەرگریی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

لێ بکات. دەبێ بنکەیەکی فرەوانی دانیشتوانی وەک گرووپە ئیتنی و ئاینییەکان و چین و تۆژە کۆمەلایەتی و ئابووریيەکان بەگڕ بکەون. ئینجا بەشان، هێزە نێونەتەوەییەکان یان دەبێ مل بدەن و نەیانەوێ بێنە مەیدان و بەرگری لە حکوومەتەکە بکەن. ئەو حکوومەتەکە بوەستێنن و نەهێڵن بۆ بەرگری لە خۆی هێزێکی زەبەلاح تەیار بدات.

شۆڕشەکان بۆیە بە دەگمەن سەر دەکەون، چونکە بە دەگمەن هەموو ئەم هۆیانە لەگەڵ یەکتری و بە یەک دەم ڕێک دەبن. هەردەم لە دەسەلاتە شاهانەکان و دەوڵەتە تاکپارتەکان وابووە، ئەوانەی سەرەکانیان توانیویانە پشتیوانییەکی گەلاوی بۆ خۆیان بێڵنەوە جا یان بەوەی بانگەوازێک بکەن بۆ ئەوەی نەڕێتی شاهانەی ولاتەکە یان نەتەوەکە بپارێزن. ئەو نوخبانەی زۆر وادەبێ ئەو حکوومەتانە دەوڵەمەندیان دەکا، تەنیا لەو کاتی پشتیان لێ دەکەن ئەگەر بارودۆخەکانیان یان ئایدیۆلۆجیای فەرماندارەکانیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێ. لە نزیکەی هەموو ئەو کێشانەدا، ئەستەمە بنکەیەکی فرەوانی گەلاوی کاریگەر تەیار بدەی، چونکە دەبێ بەرژەوەندییەکانی شارستانییە دەوڵەمەند و لادێیە هەژارەکان و چینی ناوەند و قوتابی و پیشەوەر و گرووپە ئیتنی و ئاینییە جودایەکان پێکڕا بلکێنی. مێژوو تژی ئەو بزووتنەوە قوتابیان و مانگرتنی پاڵە و ڕاپەڕینی جووتیارانە کە بە خێرایی دامرکێندراونەتەوە، چونکە هەر شۆڕشی یەک تاکە گرووپێک بووە و هاوپەیمانییەکی بنکە بەرین نەبووە. لە کۆتاییشدا ئەوەش هەیە کە دەوڵەتانی تر گەلەک جاران تێوە گلاون و هاتوون پشتیوانیی حاکمەکانیان کردووە بە بیانووی ئەوەی سەقامگیریی سیستەمی نێودەوڵەتی بپارێزن.

جۆرە دیکتاتۆرییەتێکی تریش هەیە کە گەلەک جاران سەلماندوویەتی تا ئەوپەڕ ناسکە و بە دەگمەن وا دەبێ لە یەک نەوە پتر خۆی ڕابگرێ و دەسەڵاتی لە دەستدا بمێنێ، ئەوەشیان: ڕێژیمی سۆڵتانییە. ئەو حکوومەتە لەوەوە دەست پێ دەکا کە سەرکردەیەکی نەتەوەیی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕێکخراوە فەرمییەکاندا دەسەپێنێ. دیکتاتۆرە سۆڵتانییەکان هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتیان نییە و هەموو خەمیان ئەوەیە بتوانن دەسەڵاتەکانی خۆیان بێڵنەوە. ڕەنگە هەندێ جاریش بۆرە سێبەرێکی دیمۆکراسیش لەنێو ولاتدا بهێڵێتەوە – هەڵبژاردن دەکا یان پارتە سیاسییەکان دەپارێزێ یان ئەنجوومەنێکی نیشتمانی ڕادەگرێ یانیش دەستووری دەبێ ــ لێ حوکمی خۆیان لە سەرووی ئەوانەوەیە و چەند پشتیوانێکی ماستاوچی لە پۆستە بالاکان دادەمەزرێنێ یانیش وا دەبێ باری نائاسایی ڕادەگەیەنێ و گۆتەنی ئەوەش دەکەن کە دوژمنی دەرەکی (یان ناوەکی)یان هەیە و سەنگەری لێیان گرتووە.

ئەم چەشنە دیکتاتۆرانە لە پەناوەڕا سامان و داراییەکی بێ ئەژمار بۆ خۆیان دادەکەن بەو سامانە حەرامەیان لەلایەک لایەنگر و پشتیوانانی پێ دەکڕێ، لەلایەکەی تریشی نەیارەکانی دەپانشێنێ. چونکە پێویستیشیان بە لەودە هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵێ مەکینە بەردەستەکەی بوەستێ، بۆیە هانی پێشخستنی ئابووری دەدەن و پیشە دەسازێنن و کەرەستەی پێویست و پەروەردە دەهەناردێنن. هەوڵیش دەدەن پێوەندییان دەگەڵ وڵاتانی بیانیدا هەبێ و پەیمان دەدەن سەقامگیری بپارێزن بەرانبەری ئەوەی یارمەتی بدرێن و بەرهەمهێنان لە وڵاتەکانیان بکرێ. کەچی ئەو سامان و داراییەی دێتە وڵات، زۆربەی لە ڕحەتی دەدرێ و شۆڕی بۆ ناو گیرفانی سۆڵتان و زوڕناژەنییەکان شۆڕ دەبێتەوە.

ئەو سۆڵتانە نوێیانە هەموو کات نوخبەی ناو سوپایەکانیان لێک دەکەن بۆ ئەوەی تۆپ و کلیلەی وڵات هەر بە دەستی خۆیانەوە بمێنێ. هێزەکانی ئاسایشیش دەخرێنە بن چەند سەرکردایەتییەکی جیاواز (سوپا بە تەنیا و هێزی ئاسمانی لەلایەکی تر و پۆلیس بەتەنێ و سیخوڕگەریش لەوانی تر دوور دەکرێتەوە) هەریەک لەو دامەزراوانە ڕاپۆرتی خۆی بە جودا بۆ سەرکردە هەڵدەبڕێ. پێوەندیی نێوان سەرکردە و سوپا و سیڤیل و حکوومەتەکانی دەرەوەش بە دەستی سەرۆکە، بۆ ئەوەی تەنیا خودی سۆڵتان بناغەی هاریکاریی نێوان هێزەکانی ئاسایش و یارمەتیی دەرەکی و بەرهەمهێنان بێ. سۆڵتان بۆ ئەوەی ئەو ترسە بسەپێنێ کە بە نەمانی خۆی یارمەتیی دەرەکی و هاریکاریی سیاسی نامێنن، هیچ کەسێک لە شوێنی خۆی دانامەزرێنێ.

بۆ ئەوەش گەل دوور لە سیاسەت بهێڵێتەوە و نەهێڵێ ڕێک بخرێ، سۆڵتان خۆی کۆنترۆڵی هەڵبژاردنەکان و پارتە سیاسییەکان دەکا، گەلیش بە گەڕان بەدوای وەدەستهێنانی پێداویستییەکانی لە چەشنی کارەبا و بەنزین و نەوت و خۆراکدا دەخافڵێنێ. ئەم هەوڵانەی سۆڵتان بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی میدیا و سەرکوتکاری دەیاندا هەمووی بۆ ئەوەیە هاوواڵتییان دابببڕێن و بێ ئومێد بن.

ئەو سوڵتانە زۆرزانانەی سەرتاسەری دنیا، بە پێڕۆکردنی ئەم نموونەیە، توانیویانە سامانێکی بێ ئەندازە کۆ بکەنەوە و دەسەڵاتیش بە چڕی بە دەستی خۆیان بهێڵنەوە. لەم لایەنەوە، سەرۆکی مەکسیک پۆرفیریۆ دیاز و حەمەڕەزا شای ئێران و بنەماڵەی سۆمۆزا لە نیکاراگوا و بەرەبابی دوڤالیێ لە هایتی و فێردینەند مارکۆسی پلیپینی و سۆهارتۆی ئێندۆنیزی لە هەرە ناودارەکانی دنیان.

بەڵام ئەو هەموو سوڵتانانە فێری دەرسێک بوون و سوڵتانە نوێیەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین _ لەوانە بەشار ئەسەدی سووریا و عومەر بەشیری سوودان و زێنلعابدین بن عەلی تونسی و حوسنی موبارەکی میسری و موعەممەر قەزافی لیبیا و عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی یەمەنی _ تازە تێگەیشتن کە چڕیی دەسەڵات ڕەنگە ببێتە ئەستەم و نەکرێ کەسێک بتوانێ تا سەری لغاوەکەی بە تۆندی بگرێ.

پڵنگە کاغەزەکان

هەرچەندە ئەو دیکتاتۆرە سوڵتانییانە هەوڵ دەدەن خۆیان تۆندتر بکەن، ئەوەندە ناسکتر دەبن و زەمان شلکتراین دەکات. سوڵتانەکان دەبێ بە پوختەیی پارسەنگی گیرفانەکانی خۆیان دەگەڵ قورگی نوخبەی بەردەستیان بدەن: ئەگەر فەرماندار خۆی پاداشت بدا نوخبەکەی فەرامۆش بن، تۆپ و کلیلەی سەر دەروازەی پشتیوانیی نوخبەکە لە ڕێژیم نامێنێ. بەڵام تا سوڵتان هەست بکات کە دەوڵەمەندتر بووە و چوار پێچکەی عەرشەکەی باشتر چەسپیوە، چاویان قایمتر دەبێ و پتر گەندەڵی لە ناخیاندا دەچەقێ و بازنەی دەورەی خۆیان تەسکتر و چڕتر دەکەن. هەرچەندە سوڵتان پتر قۆرغی یارمەتییە دەرکی و بەرهەمهێنان دەکات یان لە دەوڵەتە ناگەڵێنییەکان خۆی نزیک دەکاتەوە، هێندە زیاتر نوخبە و گرووپە گەڵێنییەکان لە خۆی دادەبڕێ.

کەچی، کاتێک کە لە بن باڵی دیکتاتۆرێکی سوڵتانی، ئابووری گەشە دەکا و پەروەردە بەرفرەوان دەبێ، ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئومێدی گەورەیان دەبێ پتر دەبن و ئامانجەکانیشیان گەورەتر دەبن، ئینجا هەر بۆیەش بارودۆخەکانیان ناسکتر و هەستیارتر دەبێ و دەکەونە بەر ڕێبەرەی پۆلیس و تووشی هەڵسوکەوتی خراپ دێن و ئەگەر ژمارەی دانیشتوان خێرا بەرز بێتەوە کەچی هێشتا شێرەبەشی داهاتی ئابووری هەر لە گیرفانی نوخبەدا بمێنێتەوە، ئیتر نایەکسانی دەبێتە پێرەوی ژیان و بێکاریش دەست لە ولات دەستێنێ. کە بەهای ئەو خۆراک و پرۆگرامانەش بەرز بوونەوە کە حکوومەت پشتبەند (دەعم)ی کردوون بۆ ئەوەی هاوڵاتییانی هێور بکاتەوە و گەڵێنە (جەماهیر) لە سیاسەت بترازێنێ، هێشتا پتر تەنگژە بۆ ڕێژیم دەنێتەوە. کە خۆپێشاندانیش دەستی پێ کرد، سوڵتان یان پێشنیازی چاکسازی دەکات یانیش یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان پتر دەکات؛ لە پلیپین، لە ١٩٨٤، بۆ ئەوەی گەڵێنە سارد بێتەوە، مارکۆس وەسا کارەکەی بەڕێدا برد. بەڵام لە ١٩٨٦ مارکۆس تێ گەیشت کە ئەم فرچکدانەی سوودی نەبووە چونکە گەل دەنگی خۆی

هەڵبڕی و ویستی حوکمی سوڵتانی نەهێڵێ.

نەنگییەکانی ڕێژیمە سوڵتانییەکان لەو کاتەدا بە زەقی وەدەر دەکەوێ کە سوڵتان پیر دەبێ و پرسی میراتگرتنی نزیک دەبێتەوە. هەندێ جار حاکمە سوڵتانییەکان توانیویانە سەرکردایەتییەکە ڕادەستی گەنجێکی خانەوادەکانیان بکەن. ئەمەش تەنیا لەو کاتەدا دەبێ کە حکوومەت بە ڕەهایی بەڕێوە دەچێ و نوخبەش پشتیوانیی لێ دەکات (وەک ئەوەی لە سووریا لە ٢٠٠٠ ڕووی دا کە سەرۆک حافیزولئەسەد دەسەڵاتی ڕادەستی بەشاری کوڕی کرد) یان دەشێ ئەگەر ولاتێکی تر پشتی ڕێژیمەکە بێ (وەک ئەوەی ١٩٤١ لە ئێرانێ بوو، کە دەوڵەتانی ڕۆئاوا لای حەمەڕەزا پالەوییان گرت و لە شوێن ڕەزاشای باوکیان دانا). ئەگەر گەندەڵی نوخبەی ولاتی لاچەپاندبێ، ئەو کات ڕەنگە ئەو نوخبەیە کلک ببزێون و نەهێڵن کەسێک لە بنەماڵەی خێزانەکە ببێتە فەرماندار و هەوڵی دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی ولات بدەن (لە ١٩٩٠ـەکان، لە ئەندەنووسیا وەسا یێ قەومی، ئەوکاتی بوو کە تەنگژەی دارایی ئاسیایی گوورزی کوشندەی لە دارودەستەی سۆهارتۆی وەشاند).

خودی گرینگییەتی سوڵتان بۆ خۆی بەپەرچی گوساتنەوەیەکی ئاسانی دەسەڵات دەدات. زۆربەی وەزیر و گەورە بەرپرسانی تر هەندە بە گەورەکەیانەوە بەستراونەتەوە تا وایان لێ هاتووە مانەوەیان بە هی ئەوەوە بەند بووە. بۆ نموونە، لە ١٩٧٨، شا چاپور بەختیاری سەرۆک وەزیری لادا بۆ ئەوەی تەواوی دەسەڵات بەدەستی خۆیەوە بێهلێتەوە، بەڵام ئەوەش بۆی دادی نەدا و سالّی پاشتر ڕێژیمەکەی ڕووخا. لە کۆتاییدا دیارە کە ئەم چەشنە بزووتنەوەیە نە دلّی ئەو گەلێنە دادەخا کە بە ئامانجی گۆڕینی ئابووری و سیاسیی گەورەوە هاتوونە و شەقامەکانیان تژاندووە و نە بڕی ئەو شارستان و پیشەوارانە دەشکێنێ کە دەیانەوێ پتر لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی ولاتەکەیان پشکدار بن.

هێزەکانی ئاسایشیش لەلایەکی ترەوە هەن. کە سوڵتان سەرکردایەتییەکانیان دەبڕبڕێنێ، مەبەستی ئەوەیە مەترسییەکانیان کەمتر بکاتەوە. لێ ئەم ستراتیجییە شیمانەی ئەوەیشی هەیە لە کاتی پرۆتستۆکاندا، هێزەکانی ئاسایش پتر لێکتری بترازێن. یەکنەبوونی هێزەکانی ئاسایشی، دەبێتە هۆی ئەوەی پتر کەلێنیان تێ بکەوێ: کەچی ئەگەر ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت نەبێ پشتی ڕژێم بگرێ یان هەندێ دامەزراوی سەربەخۆ نەبن دەست وەبەر ڕێژیمەکە بدەن، سوپا کەمتر مەیلی سەرکوتکردنی خۆنیشاندانەکانی دەبێ. لەگینە زۆربەی سوپا مەزەندەی بێ کە گۆڕینی ڕێژیم ڕەنگە سوودی پتری بۆ ولات ببێ. ئەگەر بەشێکی سوپا پێوەندیی بەلایەنی بەرهەڵستکارەوە بکات _ وەک ئەوەی لەگەڵ دیاز و شای ئێران و مارکۆس و سوهارتۆ قەوما _ ئەو کات حکوومەت بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و خێرا هەرەس دێنێ. لە کۆتاییدا، دەبینین سەرۆکی پەشۆکاو، کە هێشتا لەو قەناعەتەدایە نە کەس زەفەری پێ دەبا و نە دەرەقەتی دێ، لە هیکەوەڕا تەنیا و بێ دەسەڵات لەو ناوە دەمێنێتەوە.

بێهێزیی سوڵتان زۆرجاران تەنیا بەپێداچوونەی ڕابردوویەوە ڕوون دەبێتەوە. هەرچەندە زۆر ئاسانە ئەو دەوڵەتانە بناسیتەوە کە گەندەڵی و بێکارییەکی زۆریان تێدا هەیە و تاکە کەسێک حوکمی دەکات، بەڵام تا خۆنیشاندانی گەورە نەکرێ، نە نوخبە لە ڕێژیم دەبێتەوە و نە شیمانەی ئەوەش دەکرێ سوپا لێی هەڵگەڕێتەوە. لە کۆتاییشدا شایانە بزانین کە نوخبە و ئەفسەرانی سوپا بیانوویان هەیە ڕاستیی هەستی خۆیان بشارنەوە تا کاتی خۆی دێ و مەحاڵیشە بزاندرێ چییە ئەوەی کە گەلێن (جماهیر) جۆش دەدا. ئەم چەشنە خێرا ئاشکرابوونەوەی ڕێژیمە سوڵتانییەکان، فرە کەڕەت پیاو دەتەزێنێ.

گەلەک جاران سوپا یەکسەر بۆ پشتیوانیی شۆڕش لە ڕێژیم یاخی نابێت. بۆ نموونە، لە سەرەتای ١٩٧٠کان، لە نیکاراگوا، ئەناستازیۆ سۆمۆزا دیبایلە توانی هیزەکانی لایەنگری خۆی لە ڕیزەکانی زێرەڤانی نیشتمانیی نیکاراگوایی تەیار بدا و ئەو شۆڕشەیان پێ دابمرکێنێتەوە کە لە دژی هەستا. بەڵام تەنانەت ئەو ڕێژیمانەی کە دەتوانن هێزە لایەنگرەکانیان لە سوپا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بێنن، کەم وا دەبێ پاشان بتوانن بمێننەوە. هەر ئەوەندە دەبێ کە ڕووخانەکەی هێورتر دەبێتەوە و پتر خوێنی تێدا دەڕژێ و دەگونجێ شەڕی ناوەخۆشی لێ بەرپا ببێ. لە ١٩٧٥ سۆمۆزا سەرکەوت، لێ سەرکەوتنەکەی بۆ ماوەیەکی کورت بوو. پاشتر قەساوەتەکەی لە ڕادەبەدەر بوو گەندەڵیشی سنووری بەزاند و ئینجا شۆڕشێکی لێ بەرپا بوو کە هێشتا لە جاران مەزنتر بوو. پاش چەند شەڕێکی دژوار، تەنانەت ئەو لەشکرانەی پێشتر لایان گرتبوو، ئەمجارەی لێی هەڵگەڕانەوە و سۆمۆزا لە ١٩٧٩ بە ناچاری هەلات و ولاتی بەجێ هێشت.

دەشێ پاڵەپەستۆی نێونەتەوەییش شەپۆلەکە وەڕووڕێنێتەوە. دواین نسکۆی حوکمی مارکۆسی ئەوە بوو کە ولاتە یەکگرتووەکان بە تەواوەتی پشتیوانیی خۆی لە مارکۆس بڕی چونکە گومان لەوە هەبوو کە لە ١٩٨٦ لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک بردبێتیەوە، بەو شێوەیەی کە خۆی جارێ دا. کە ولاتە یەکگرتووەکان لە ڕێژیمەکە دوور کەوتەوە، ئەوانەی پشتیوانییان لێی دەکرد پووچ بوونەوە، ئیتر لە ئەنجامی شۆڕشی دەسەلاتی گەل، کە دوور لە تووندوتیژی بوو، مارکۆس ناچار بوو بۆ بانشگە بچێ.

داهاتوویەکی تاریک

ئەو شۆڕشانەی لە سەرتاسەری ڕۆهەلاتی ناڤیندا بەرپا دەبن، کێل و وێلی ڕێژیمە سوڵتانییە گەندەڵەکانی هەرێمەکە دەکا. هەرچەندە لەم چەند ساڵانەی دواییدا ئابووریەکانی هەرێمەکە گەش بووەتەوە و دەستکەوتی زۆر، دوور لە زۆرینە، وەدەست هاتووە، لێ سامانەکە لەژێر دەستی چەند دەوڵەمەندێکی کەم کۆ بووەتەوە. گۆتەی ئەوە هەیە کە موبارەک و خێزانەکەی لە نێوان ٤٠ بلیۆن تا ٧٠ بلیۆن دۆلاریان وەلا ناوە و دەشڵێن ٣٩ کارمەند و پیشەوەرانی نزیک لە جەمالی کوڕی موبارەکی هەریەکەیان پتر لە ١ بلیۆن دۆلاریان کۆ داوە. ویکیلیکس لە بروسکەیەکی ٢٠٠٨ی

یدپلۆماتیکی ولاتە یەکگرتووەکانی، لە تونس، تکاندووە کە گەندەڵی بەربادە و هۆشیاریی ئەوەیشی داوە کە ئەندامانی خانەوادەی بن عەلی هێندە چاوچنۆک بوونە کە هەر وەبەرهەمهێنان و هەلێکی کار پەیا ببێ هەمووی هەڵدەقۆزنەوە و ئەو چەشنە ڕەوشتەی دەیکەن خەڵکی فرە سل کردووە.

زۆربوونی ژمارەی شارنشین و گەشبوونی خێرایان لە ڕۆهەلاتی ناڤیندا، بە هۆی کەمیی هەقدەست و گرانبوونی بەهای خۆراک، کە بەپێی پێوەری ڕێککراوی کشتوکاڵ و خۆراکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵپار ٣٢٪ بەرز بووەتەوە، زیانی لەو گەلانە داوە. لێ خۆ تەنیا هەستانی نرخی کاڵا یان کەمگەشێنە نییە کە شۆڕشەکان گڕ دەدا، بەشکو فرەییی ئەو هەژارییەی کە بنی نایێ، دەنێو ئەو هەموو سامانەی لەوێدا هەیە، چەخماخەی شۆڕشەکانە.

زۆریی بێکاری دەنێو گەنجانی ولاتانی عەرەبیدا، خەڵکی هەراسانیوە. سەدێنە (ڕێژەی سەدی)ی گەنجە باڵقەکانی تەمەنیان لە نێوان ١٥–٢٩ دایە، کە بەشێکن لەوانەی تەمەنیان لە ١٥ بە سەرەوەیە، لە بەحرێن و لە تونس ٣٨٪ و لە یەمەنیش لە ٥٠٪ هەڵباردووە. (ئەم ڕێژەیە لە ولاتە یەکگرتووەکاندا ٢٦٪). خۆ هەر ئەوە نییە کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ڕۆهەلاتی ناڤین بە شێوەیەکی نائاسایی بڵندە، بگرە لە ماوەیەکی گەلەک کەمدا ژمارەیان زۆر هەڵکشا. لە ١٩٩٠ـەوەڕا، ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە نێوانی ١٥–٢٩یە، لە لیبیا و تونس لە ٥٠٪ زێدە بووە و لە میسر ٦٥٪ زۆر بووە و لە یەمەنیش، ١٢٥٪ زێدەیان کردووە.

ئەو سیاسەتە نوێسازکارییانەی حکوومەتە سوڵتانییەکانیان پێڕەویان کردووە، ڕێی بە وان گەنجان داوە تا بچنە زانکۆکان. لە ڕاستیدا، لەو دە ساڵانەی دواییدا، چوونە زانکۆ لە سەرتاسەری هەرێمەکە بە ئەستەم گەڕاوە، ئەوەتە لە تونس سێ هێندەی جاران و لە میسر چوار ئەوەندەی پێشان و لە لیبیاش دە قاتی ڕابردووی لێ هاتووە.

ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، ڕەنگە فرە ئەستەم بێ حکوومەت بتوانێ ئەم هەموو پیشەیە دروست بکا بۆ ئەوەی بەو لاوانەڕا بگات. ئەو ڕێژیمە سوڵتانییانە زۆر پێیان گران بووە و نەیانتوانیوە ئەم ئەرکەیان ڕابپەڕێنن. بن عەلی و موبارەک بۆ پشتیوانیکردنی ستراتیجییەکانیان، یارمەتیی پاڵە و خێزانەکانیان داوە: لە تونس بن عەلی سیپەی بێکاریی نیشتمانیی تونسی هەبوو، بەپێی ئەو پرۆگرامە کرێکاران مەشق دەدران و پیشەیان بۆ دەدۆزرایەوە و قەردیان پێ دەدرا؛ لە میسریش سیاسەت ئەوە بوو هەرچی لە زانکۆ دەردەچوو، لە کارێک دادەمەزرا. بەڵام، لەم دەسالێنەی بووری، خەرجییەکانی ئەم تۆڕانەی ئاسایشکارییانە کەم کرانەوە. مەشقدانی پیشەیی کەم بووەوە و تەنیا ئەوانەی پێوەندییان بە ڕێژیمەوە هەبوو، ئەوانە کۆنترۆڵی بازاڕی هەموو ئەو وەزیفە گشتی و تایبەتییانەیان دەکرد کە هەبوون و خەڵکی ڕەمەکی بواری ئەوەیان نەبوو بیانگەنێ. ئەمەش ژمارەی لاوە بێکارەکانی لە ڕۆهەلاتی ناڤیندا فرە هەڵکشاند: ژمارەکە لە سەرتاسەری هەرێمەکە خۆی لە ٢٣٪ دا، ئەمەش، لە ٢٠٠٩دا، دوو هەندەی ڕێژەی سەدی جیهانی بوو. بێکاری لەناو خوێندەواراندا هێشتا لەمەش خراپتر بوو: لە میسر، ژمارەی دەرچووانی زانکۆکان ئەوانەی کە

بێکار بوون، دە هێندەی ژمارەی ئەو بێکارانە بوو کە تەنیا بڕوانامەی سەرەتاییان هەبوو.

لە زۆر لە ئابووریيە گەشەکەرەکاندا، کەرتی نافەرمی دەروازەیەکی باش بۆ بێکاران دەخاتە سەر پشت. لێ خۆ سوڵتانەکانی ڕژهەڵاتی ناڤین ئەم چەشنە چالاکانەشیان پڕ ئەستم داوە. محەمەد بۆزیزی کە لاوێکی تونسی، تەمەنی ٢٦ ساڵ بوو و نەیتوانی بوو وەزیفەیەکی فەرمی لە حکوومەت وەربگرێ و پۆلیسیش هات و عەرەبانەی میوەفرۆشیی لێی زەفت کرد و ئیتر ئەویش لە داخاندا گڕی لە جەستەکەی خۆی بەردا و ئەو گڕەی جەستەی بۆزیزیش چەخماخەی شۆڕشێکی بەرپا کرد. لەمێژە، لاوە پەروەردەخوندەکانی تونس و میسر خۆ نیشان دەدەن و مان دەگرن بۆ ئەوەی سەرنجی کاربەدەستانی وڵاتەکانیان بۆ زۆریی ژمارەی بێکاران و کەمی هەقدەست و دەستدرێژییەکانی پۆلیس و گەندەڵیی دەوڵەت ڕابکێشن. ئەمجارەیان، پرۆتستۆیەکانیان جەلە کرا و بەناو چینە جودایەکانی دانیشتوانیشدا تەشەنەی کرد.

ڕێژیم هێندە بەبێ شەرمی بە ناو ساماندارى کەوت و تا بن ملی دەنێو چڵکاوی گەندەڵیدا ڕوو چوو، کە سوپای وڵاتی بریندار کرد. بن عەلی و موبارەک هەردووکیان لە بنەڕەتدا پیشەی عەسکەرییان هەبوو: میسر هەر لە ١٩٥٢وەوەڕا ئەوانەی پێشتر ئەفسەر بوون حوکمیان کردووە. لەگەڵ هەندێش عەسکەری هەردوو وڵات بە چاوی خۆیان دەیاندیت کە سوپا سامی نەدەما و ئەستێرەشی لە ئاوابووندا بوو. ڕاستە کە سەرکردەکانی سوپای میسری هەندێ پیشە لۆکاڵەکانیان لەژێر دەستیدا بوو، بەڵام فرە لە جەمال موبارەک پڕ بووبوون، چونکە وا پێ دەچوو خەریک بێ شوێن باوکی بگرێتەوە. چونکە جەمال کابرایەکی بانکەوان بوو، بۆیە وا لای پەسند بوو لە پەنای پیشەوەر و سیاسییە نزیکەکانیەوە، دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و وەلای سوپاوە نەچێ و ئەو کەسانەی پێوەندییان پێیەوە هەبوو، قازانجی لە ڕاپەڕیەریان لە قۆرخکاری حکوومەت و سەفەقەکانی بەرهەمهێنانی بیانیدا کرد. لە تونسیش، بن عەلی سوپای دوور خستەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە هیچ مەرامێکی سیاسیی تێدا پەیدا نابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێی بە ژنەکەی و خەزووراني دا بۆ ئەوەی پیشەوەرانی تونسی دەمکوت بکەن و بۆ خۆیشیان پڕ تەلاری بڵند لە قەراخی دەریادا بۆ خۆیان دروست بکەن. سوپای هەردوو وڵات هێندە لە ڕێژیمەکان دڵگران بوون، ئەگەری هاتنە مەیدان و سەرکوتکردنی ناقایلیی گەلێنییان زۆر کەم بوو: ئاخر ئەفسەران و سەربازان ئامادە نەبوون بۆ ئەوەی بن عەلی و موبارەک و داردەستەکانیان لە حوکم بمێننەوە، بچن هاووڵاتییانی خۆیان بکوژن.

بە هەمان شێوە، بەشێکی زۆری سوپای لیبیایی لە موعەممەر قەزافی جودا بوونەوە و هەر ئەمەش بوو وای کرد بە ماوەیەکی کورت، حکوومەتی تەرابلس ئەو هەموو خاکە بەرفرەوانە بەجێ بێڵێ. تا ئێستاش جاش و وەچە خێڵەکانی لای قەزافی نەیانهێشتووە سەرۆکی لیبیا بڕووخێ. لە یەمەنیش، سالح بە سەر ئاو کەوتووە، بەڵام ئەوەی کە ڕای گرتووە، ئەو یارمەتییەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە بریبەرەنگاربوونەوەی ئیسلامییە تیرۆریستەکان پێشکێشی دەکات و ئەو

هەوالنامەی کتێب

دووبەرەکییەش کە لە نێوان هۆز و هێزە هەرێمییە نەیارەکانیدا هەیە، تەپانیان تا ماوەیەک بە درەنگان داوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر نەیارەکانی یەک بگرن، وەک ئەوەی وا خەریکن دەیکەن و ولاتە یەککگرتووەکانیش لەبەر پتر سەرکوتکردنی نەیارەکان لە عەلی سالح پەشیمان بێتەوە و چیی تر یارمەتیی نەدات، بێ شک، عەلی سالح ئەو سوڵتانە دەبێ کە نۆرەی هاتووە و ئەمجارەیان دەبێ بڕووخێ.

سنوورەکانی شۆڕشەکان

تا کاتی ئەم نقیسینە، سودان هیچی نەکردووە، لێ سووریا کردوویەتی، بەڵام تەختی سوڵتانەکەی هێشتا نەڕووخاندووە. ئەو گەندەڵییەی بەشیری سودان هەیەتی و هەموو سامانی ولاتی، بێ ئەوەی ئارەقەی شەرم بڕێژێ، لە خەرتوم داکردووە. یەک لە پاکانە دیرۆکییەکانی ڕێژیمەکەی ئەوە بوو کە هەموو سودان لەبەر ڕکێبی باکوردا بێڵێتەوە، ئەمەیشی لە ئەنجامی دەنگدانی سودانییانی باشوور بۆ سەربەخۆییان لە یەنایەری ٢٠١١دا، نەما. لە سووریاش، ئەسەد هەرچەندە خۆی لە پەنای دروشمە سیاسییە بریقەدارەکانی ئیسرائیل و لبنانیدا شاردووەتەوە، بەڵام هەر خۆنیشاندانی گەلێنی، با بەرفرەوانیش هەبێ، لە دژی کراون. ئەسەد ئێستێکەش هەمان پرۆگرامە زەبەلاحەکانی حکوومەتی هەر ماون بۆ ژمارەی زۆری هاوولاتییان وەکار بخات. بەڵام بەشێکی زۆری گەل پشتیوانیی لێ ناکات و تەنیا پشتی بە نوخبەیەکی کەمەوە ئەستووەرە، ئەو نوخبەیەش سەرچاوەی گەندەڵیی ئەو ولاتەن. هەرچەندە نازاندرێ هەریەک لە بەشیرەکەی سودان و بەشارەکەی سووریا چەند لایەنگریان هەیە، بەڵام دەزاندرێ کە هەردووک ڕێژیمەکە ڕەنگە لەوە بێهێزتر بن کە بە ڕواڵەت جیارن و زۆریش لەگینە، ڕووبەرووی خۆنیشاندانی بەرفرە ببنەوە و بەرگەی گەرمی پرۆتستۆیەکان نەگرن و بتاوێنەوە.

شیمانەی مانەوەی ڕێژیمە مەلەکییەکان لەوانی تر زۆرترە. لە ڕاستیشدا، ڕەنگە مەغریب و ئوردن و عومان و شانشینەکانی کەنداوی پارسیش هەر تووشی هەمان ململانێی دیمۆگرافی و پەروەردەیی و ئابووری ببنەوە کە ڕێژیمە سوڵتانییەکان تووشی هاتوونە و پێویستە چاکسازی بکەن بۆ ئەوەی ئەو تەحەدایانە نەهێڵن. بەڵام پاشایەتییەکان ئەوەیان باشە کە بنەمای پێکهاتەی سیاسییان نەرم و شلکە. ئەو پاشایەتییە هاوچەرخانە دەشێن لەو دەمەی دەسەڵاتێکی باڵای ڕاپەڕاندن بۆ خۆیان پاوان بکەن، لە هەمان کاتدا خڕ دەسەڵاتی یاساسازی بۆ پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو بێڵنەوە. لە کاتەکانی پشێویدا، پتر لەگینە گەلێنە لە پێناوی گۆڕینی یاساسازیدا ناقایلی دەربببڕێ نەک بۆ گۆڕینی پاشایەتی تەنگەتاو ببێ. ئەمەش پانتییەکی بەرفرەتر بۆ شا دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی پەلی تێدا بهاوێژێ. شایەکانی جەرمانستان و ئیتاڵیا بۆ ئەوەی لە ئەنجامی خۆنیشاندانەکانی ١٨٤٨دا پتر لە دەست نەدەن، هەستان دەستوورەکانیان بگرتراند و پەل و پۆی دەسەڵاتی مەلیکیان قرتاند و بە ئەنجوومەنێکی یاساسازی هەڵبژاردراو قایل بوون کە دەسەڵاتی

بالآیان هەبێ.

لە چوارچێوەی پاشایەتیدا، جێگرتنەوە شای، ڕەنگە گۆڕین و چاکسازیی پێوە بێ نەک ئەوەی ببێتە هۆی خاپووربوونی سەرجەمی سیستەمی حوکمڕانییەکە. جێگرتنەوەی بنەماڵە یاساییە و ڕەنگە پێشوازیی لێ بکرێ نەک ئەوەی ترس و دڵەڕاوکە بەرپا بکا وەک ئەوەی لە دەوڵەتە سوڵتانییەکاندا هەیە. بۆ نموونە، لە مەغریب لە ١٩٩٩، کە شا محەمەدی شەشەم لەسەر عەرشی باوکی دانیشت، خەڵکی خۆشحاڵ بوون و ئومێدیان ئەوە بوو گۆڕینێک بکات. لە ڕاستیشدا، محەمەدی شەشەم، لە هەندێ لەو خراپەکارییانەی کۆڵییەوە کە ڕێژیمی پێشتر کردبوونی و تا ڕادەیەکیش مافەکانی ئافرەتانی سەپاند. پەیمانی چاکسازی زۆری دا و بەمەش توانی پرۆتستۆیە گەورەکانی مەغریب دابمرکێنێتەوە. پێ دەچێ حوکمڕانەکانی بەحرێن و ئوردن و کوێت و مەغریب و عومان و عەرەبستانی سعوودی بتوانن لە شوێنەکانیان بمێننەوە ئەگەر بیانەوێ دەسەڵاتەکانی خۆیان لەگەڵ کارمەندە هەڵبژێردراوەکانی وڵاتەکانیان دابەش بکەن یان عەرەشەکانیان ڕادەستی ئەو ئەندامە گەنجترانەی خانەوادەکانیان بکەن کە خێری چاکسازیی گەورەیان پێوە دیارە.

ئەو ڕێژیمەی کە زۆر لەگینە بەم زووانە هیچ گۆڕانکارییەک نەکات، ڕێژیمی ئێرانە. هەرچەندە ئێرانیش بە ڕێژیمی سوڵتانی ناوی دەرە، بەڵام لە چەند لایەکەوە لێی جودایە: ئایەتوڵڵایەکان جۆرە ئایدیۆلۆجیایەکی شیعەیی نەتەوەپەرستی پارسی دژە ڕۆئاوای وەتۆیان پێڕەو کردووە کە پشتیوانییەکی بەرفرەوانی زۆرینەی خەڵکە سادەکەی وەدەست هێناوە. ئەمەش پتر وەک دەوڵەتێکی پارتیی لێ کردووە کە بنکەیەکی پشتیوانیی پان و بەرینی هەیە. ئێران چەند سەرکردەیەکی بەهێز بەڕێوەی دەبەن و تاکە یەک سەرۆکی نییە شوانیی بکات: سەرکردەی باڵا خامەنەیی و سەرۆک مەحموود ئەحمەدی نەژاد و سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانی عەلی لاریجانی سێ کەسی باڵادەستن. بۆیێ تاکە یەک سوڵتانی گەندەڵ یان بێ توانا لە مەیدانیدا نییە بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاران ڕووی خۆیانی تێ بکەن. لە کۆتاییشدا دیارە کە باسیچ پشتی ڕێژیمی گرتووە: باسیچ میلیشیایەکە پابەندی ئایدیۆلۆجیای تایبەتە و حەرەسی سەوریش بە چڕی دەگەڵ حکوومەت تێکەڵ بووە. شیمانەیەکی زۆر کەم لە ئارادا هەیە ئەم هێزانە بەرانبەری خۆنیشاندانە گیلێنییەکان نەوەستن و پشتی خۆیان لە حکوومەت بکەن.

لە دوای شۆڕشەکان

ڕەنگە ئەوانەی ئومێدەوارن کە تونس و میسر خێرا بگۆڕێن و زووش دیمۆکراسییان تێدا جێگیر ببێ، تووشی نائومێدی ببن. شۆڕشەکان سەرەتای پرۆسەیەکی درێژخایەنن. تەنانەت لە پاشی شۆڕشی ئاشتییانەش، وڵات پێویستی بە نزیکەی نیو دەیەسااڵ هەیە بۆ ئەوەی جۆرە ڕێژیمێکی سەقامگیریی لێ بنبەست ببێ. جا ئەگەر وەک ئەوەی لیبیا، شەڕی نێوەخۆی لێ بەرپا ببێ یان شۆڕشی دژە شۆڕشی تێدا سەرهەڵبدا، خۆ ئەو کات هێشتا ماوەیەکی پتری گەرەکە بۆ ئەوەی



بناغەی ولاتەکە دابمەزرێتەوە.

بە گشتی کە ڕۆژە گەشەکانی شۆڕش ئاوا دەبن و بەرهەڵستکارانی پێشان لەنێو خۆیاندا کەلکەل دەبن ئەوجا جیاوازییەکانیان سەرئاو دەبن. هەرچەندە هەڵبژاردن هەنگاوێکی ئاساییە بۆ بەرەو پێشبردنی بارودۆخەکە، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچن و پاشان دەستەیەکی نوێی هەڵبژاردە بڕیار دەردەکات و ئەمەش مشتومڕی جۆرەوجۆر لەمەڕ باج کۆکردنەوە و خەرجییەکانی میری و گەندەڵی و سیاسەتی دەرەوە و ڕۆڵی سوپا و دەسەڵاتەکانی سەرۆک و سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت سەبارەت بە قانوونی دین و پیادەکردنی و مافەکانی کەمینەکان و هی تریشی لێ پەیدا دەبێ. کە پارێزگاران و شعوبییەکان و ئیسلامییەکان و نوێخواز و چاکسازەکانی تونس و میسر و ڕەنگە لیبیاش بە هەموو تواناکانی خۆیان هەوڵ دەدەن دەسەڵات وەربگرن، وەک ئەوەی لە پلیپین و گەلەک لە ولاتانی ئەوروپای ڕۆهەڵات لە پاش شۆڕشەکانیان ڕوویان دا، ئەوانیش ولاتەکانیان تووشی نسکۆی سیاسی لە نەکاو دەکەنەوە.

هەندێ لەو حکوومەتە ڕۆئاواییانەی بۆ ماوەیەکی زۆر بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی سەرهەڵدانی شەپۆلی ئیسلامی ڕادیکاڵی پشتی بن عەلی و موبارەکیان گرت، ئێستێکە ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە نەکا گرووپە ئیسلامییەکان دەسەڵاتی ئەو ولاتانە قۆرخ بکەن. (اخوان المسلمین)ەکانی میسر بە باشترین شێوە خۆیان ساز داوە و ئامادەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی کراوە ببەنەوە، بە تایبەتیش ئەگەر دەنگدانەکە بەم زووانە بکرێ، چونکە پارتەکانی تر هێشتا خۆیان ڕێک نەخستووە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕووداوە مێژوویییەکانی ڕێژیمە سوڵتانییەکان ئەم دڵەکوتەیە نەختێک خاو دەکەنەوە، چونکە لە سی ساڵی بووریدا تاقە یەک سوڵتان نە لە هاییتی و نە لە پلیپین و نە لە ڕۆمانیا و نە لە زاییر و نە لە ئەندەنووسیا و نە لە جیۆرجیا و نە لە

قەرغیزستانیشدا نە ڕووخێندراوە بۆ ئەوەی حکوومەتێکی ئایدیۆلۆجی شوێنەکەی بگرێتەوە. بگرە لە هەر یەکێک لەم وڵاتانەدا دیمۆکراسییەکی ئیفلیج پەیا بووە گەلەک جاران بەرەو گەندەڵی دەبێتەوە یان ڕادەستی دیکتاتۆرێک دەکرێ، بەڵام نە ڕێژیمێکی دوژمنکار و نە سیستەمێکی تووندڕۆی لێ وەبەرهەم دێ.

ئەمەش گۆڕانێکی بنەڕەتی لە مێژووی جیهان دەکات. لە نێوانی ١٩٤٩ و ١٩٧٩دا، هەموو ئەو شۆڕشانەی لە دژی ڕێژیمە سوڵتانییەکان بەرپا بوون _ لە چین و کوبا و ڤێتنام و کامبۆدیا و ئێران و نیکاراگوا _ یان حکوومەتێکی شیوعی یانیش ئیسلامییان لێ پەیدا بووە. لەو سەردەمی زۆرینەی ڕووناکبیران لە وڵاتە گەشەکەرەکاندا لای نموونەی شۆڕشی کۆمیونیستییان لە دژی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان دەگرت. لە ئێرانیش، دەیانویست خۆیان لە سەرمایەداری و کۆمیونیستی دوور بگرن و چونکە دەسەڵاتی نەرێتیی مەلای شیعەکان لەوێ باڵادەست بوو، بۆیێ شۆڕشەکەیان حکوومەتێکی ئیسلامیی لێ پەیا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا لە ١٩٨٠وەڕا، نە کۆمیونیستەکان و نە ئیسلامییەکان هێندەی جاران باویان نەماوە. هەردوو چەشنیان نسکۆیان هێناوە و نەیانتوانیوە نە گەشەی ئابووری و نە متمانەی گەلێنە وەدەست بێنن؛ ئەمانەش دوو ئامانجی هەرە سەرەکیی ئەو شۆڕشانەن کە ئێستا هان لە دژی سوڵتانەکان بەرپا بوونە.

هیچ شتێک نییە وەک بێکاری هانی گۆڕینی ڕێژیم بدات، هەندێ لایەن لە وڵاتە یەکگرتووەکان داوایان کرد پلانێکی مارشاڵ بۆ ڕۆهەڵاتی ناڤین ساز بکرێ بۆ ئەوەی هەرێمەکە سەقامگیر بکرێتەوە. بەڵام لە ١٩٤٥، ئەوروپا ئەزموونی ڕێژیمی دیمۆکراسیی هەبوو و ژێرخانە فیزیکییە تەپاوەکەی پێویستی بە دروستکردنەوە بوو. ئابووریی تونس و میسر دەستی لێ نەدراوە و ئێستاش گەشەکردنێکی باشیان هەیە، بەڵام هەردوو وڵاتەکە پێویستییانە دامەزراوە دیمۆکراسییەکانیان ساز بدەن. پارە هاوێشتنە بازاڕی ئەم دوو وڵاتە بەر لەوەی حکوومەتی متمانەداریان هەبێ، گەندەڵییان تێدا بەرپا دەکات و هەرەس بەو هەنگاوانەش دێنێ کە بەرەو دیمۆکراتیزەکردنی هەردوو وڵات هاوێژراون.

لەوەش پتر ئەوەیە کە لەمێژە وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی تریش پشتی دیکتاتۆرەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤینیان گرتووە، بۆیێ لەو هەرێمە متمانەیان پێ ناکرێ. هەر کۆششێکیش بکرێ بۆ ئەوەی لای هەندێ گرووپ بگرن یان کار ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان بگۆڕن، ڕەنگە گومانیان لێ پەیدا ببێ. شۆڕشگانەکان پشتیوانیی زارەکییەکان لە هێزە بیانییەکان پێویستە بۆ ئەوەی پرۆسەی دیمۆکراسی بەڕێوە ببەن و هەموو ئەو لایەنانەش پەسند بکەن کە لە پرۆسەی دیمۆکراتی پشکدارن و یارمەتیی تێکنیکیی پێویستیشیان بدەن بۆ ئەوەی دەزگاکانیان دابمەزرێنن.

گەورەترین مەترسی کە ئێستێکە ڕووبەڕووی تونس و میسر دەبێتەوە، ئەو شۆڕشە بەرانبەرەیە کە نوخبەی عەسکەرە پارێزەرەکان خەریکین، چونکە ئەوانە فێرن لە پاش لادانی هەر سوڵتانێک

خۆیان بێن و دەسەڵات وەربگرن، بۆ نموونە کە لە مێکسیکۆ، دایاز نەما ئەوان هاتن و لە هاییتیش کە ژان کلۆد دوڤالیێ ڕای کرد عەسکەر هاتن و کە لە پلیپینیش مارکۆس ڕووخا سەرباز حوکمیان وەرگرت. لە ئەندەنووسیاش کە سوهارتۆ لادرا، عەسکەر هێزی خۆی بەکار هێنا و بزووتنەوە سەربەخۆییەکانی تەیموری ڕۆهەڵاتی دامرکاندەوە، ئەندەنووسیا لە ١٩٧٥ تەیموری ڕۆهەڵاتی داگیر کردبوو.

لەو چەند دەسالّەی دواییدا، شۆڕشە بەرانبەرەکان (ئەوانەی وەک پلیپین لە ١٩٨٧–١٩٨٨ و لە هاییتی لە ٢٠٠٤) فرە کەم بوونەتەوە. نە دەستکەوتە دیمۆکراتییەکانیان لە دەست داوە و نە ڕێژیمەکانی پاش ڕووخانی ڕێژیمە سوڵتانییەکانیان ڕادەستی بزووتنەوە توندڕۆ و ئاینییەکان کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم چەشنە هەوڵانە، دیمۆکراسییەکانیان بێهێز کردووە و نەیانهێشتووە ئەو چاکسازییانە دەست پێ بکرێن کە پێویست بوون ئەنجام بدرێن و دەشتوانن کاردانەوە ڕادیکاڵەکان بەرپا بکەن. ئەگەر سوپای تونس یان میسر بیەوێ دەسەڵات قۆرغ بکات و ڕێی ئیسلامییەکان نەدا بۆ ئەوەی پشکداری ڕێژیمە نوێیەکان بکەن، یان ئەگەر شانشینەکانی هەرێمەکە بیانەوێ ڕێژیمەکانیان هەر بە داخراوی بهێڵنەوە و گەلەکانیان سەرکوت بکەن و چاکسازی نەکەن، هەینێ هێزە ڕادیکاڵەکان بەهێزتر دەبن. بۆ نموونە، ئۆپۆزیسیۆن لە بەحرێن لەمێژە دەخوازێ چاکسازی دەستووری لەو وڵاتەدا بکرێ و بەرهەڵستی ئەو کارەی سعوودییەی کردووە کە ویستی خۆنیشاندانەکان سەرکوت بکات و ئێستا دەخوازێ ڕێژیمی پاشایەتیی بەحرێن بگۆڕێ و بە چاکسازی قایل نییە. پێویستە دەناوگرتن (شمولییەت) ڕێبازی ئەم سەردەمە بێ.

هەڕەشەکەی تر کە لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا، ڕووبەڕووی دیمۆکراسی دەبێتەوە، شەڕە. لە لایەنی دیرۆکییەوەڕا تەماشای بکەین، دەبینین کە ڕێژیمە شۆڕشگانەکان توندتر بووینە و کاردانەوەشیان لە بەرانبەری ململانێیە نێونەتەوەییەکاندا لە جاران ڕەگێنە (ڕادیکاڵ)تر بوونە. خۆ ڕووخانی باستیل نەبوو لە سەردەمی شۆڕشی فرانسیدا دەسەڵاتی ڕادەستی یاقۆبییە ڕەگێنەکان کرد، بگرە ئەو شەڕە بوو کە دەگەڵ نەمسادا کرا. بە هەمان شێوە، خۆ شەڕی ئێرانێ دەگەڵ عێراقدا نەبوو هەڵی بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی ڕەخساند دا عیلمانییە نەرمڕۆیەکانی ئێران شاروەدەر بکات. لە ڕاستیدا، ئەگەر یان دڵەڕاوکەی ئیسرائیلی یانیش فەلەستینییەکان ئاگرەکە خۆش بکەن و دوژمنداری لە نێوانی میسر و ئیسرائیل زیندوو بکەنەوە و شەڕی لێ بەرپا ببێ تەنیا ئەو تاکە ڕوودواوە ڕەنگە هەل بۆ ڕەگێنەکان بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی شۆڕشەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین بدزن.

دەڵێن هێشتا بواری گەشبینی هەر ماوە. بەر لە ٢٠١١، ڕۆهەڵاتی ناڤین بە تەنیا لەسەر نەخشە مابوو کە دیمۆکراسیی تێدا نەبێ. شۆڕشی ئەرخەوانی و شۆڕشەکەی نیل ئەو گۆڕانکارییانەیان هێنا. بەرئەنجامیان هەر چ بێت، دەشێ بگوترێ: حوکمی سوڵتانەکان خەریکە بنبڕ دەبێ.

بێوەژنی پڵێنگەکانی بەنگلادیش

هاسناین کازیم

پڵێنگی دارستانەکانی بەنگلادیش لە خواروویی وڵات، بەردەوام پیاوە ڕاوکەر و کرێکارەکانی ناو دارستانەکان دەکوژن، بۆیەش ژنەکانیان ژیانیان دەکەوێتە مەترسی و نەهامەتی و برسییەتی، پڵێنگ بووەتە نەزری گەیاندنی شووم و شێواندنی ژیانی هاوسەرەکان، ژنەکان قسەی دڵی خۆیان و ژیانی کولەمەرگییان دەگێڕنەوە و کۆشش دەکەن، هەموو لایەک یارمەتیی بێوەژنی پڵێنگەکان بدەن.

هەموو ژنانی ئەو گوندانە بەردەوام ترسی ئەوەیان هەیە، کەوا لە ناکاو تەلەفۆنێکیان بۆ بکرێت و بە نامەیەک، ئاگەداریان بکەنەوە کەوا پڵێنگ مێردەکەی کوشتووە، بەو هەواڵانە ئەو ژنانە تەلەفۆنیان لە دەست بەردەبێتەوە و هەواڵە جەرگبڕەکە، ژنەکان نامدار دەکات، لەوانە (بارفین نیسا)ی تەمەن سی ساڵ، کە دایکی سێ منداڵە و بەو هەواڵە هاواری لێ هەڵدەستێت، چەند ڕۆژ بوو پرسەکەی درێژەی دەکێشا، هەموو لایەک کۆشش دەکەن، ئەو ژنە داماوە هێور بکەنەوە، بە گریانەوە پێشوازی لە تەرمی هاوسەرەکەی دەکات، کە بە بەلەمێکی گچکەوە دەیهێننەوە ماڵەوە، گریانەکەی بۆ لەدەستدانی هاوسەرەکەی و هاتنی ڕۆژە ڕەشەکانی ژیانی خۆی و سێ منداڵەکەی بوو، چونکە بێوەژنان لەو کۆمەڵگەیە زۆر بە نەهامەتی و نارەحەتی دەژین، ئەو ژنە و زۆریش لەوانە قوربانییەکانی پڵێنگی ناو دارستانەکانن.

ئەدروزمانی هاوسەری ئەو ژنە داماوە، تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو کە پڵێنگێک لە ساندارباندز، هێرش دەکاتە سەری و دەیکوژێت.

ئەو لە دارستانی مانگروفی ڕۆئاوای باشووری بەنگلادیش کاری دەکرد، کە هەواڵی کوشتنەکەی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

دەگاتە گوندەکە، نزیکەی پەنجا پیاوی ئاواییەکە، بۆ دۆزینەوەی تەرمەکەی دەست بە حەیزەرانەوە روو لە دارستانەکە دەکەن. ئەو پیاوانە بۆ دۆزینەوەی ئەو، بە بەلەمە تەسک و گچکەکانیانەوە بە رووبارى گانجەوە گەیشتنە ناخی قوولّی دارستانەکە، پاش گەڕانێکی زۆر پیاوەکە بەکۆژراوی دەدۆزنەوە، تەرمی قوربانییەکە قۆڵێکی بڕابوو، دەموچاوی هەڵزڕابوو، لە دوورەوەش پلّینگەکەیان لێوە دیاربوو، کە بە چەند مەترێک دوور پاسەوانیی نێچیرەکەی دەکرد.

***

هاوسەرەکەی ئەو ژنە داماوە دەیزانی، کەوا کارکردنی ئەو لەو دارستانە پڕ مەترسییە، ئەوەی زۆر برسی و ناچار نەبێت ئەو کارە بە ترسە ناکات، کە ئەدروزمان ئەو کارەی کردووە زۆر نەدار بووە، بۆیە ئەو ئیشەی کردووە و رۆژانە هەزاران کرێکار بۆ بڕینەوەی نایاساییی دارەکانی ئەو دارستانە و بۆ راوەماسی و کۆکردنەوەی هەنگوین روو لەو شوێنە دەکەن، ئەگەرچی کارکردن لەوێ مەترسیی زۆری تێدایە. نزیکەی بیست هەزار کەس کە لەوانە تەنیا سێ هەزار کرێکار مۆڵەتی کارکردنیان هەیە، ئەو جۆرە کارانە دەکەن. کە لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٧ باهۆزە کاولکارییەکەی (سیدر) ڕووبەرێکی فراوانی زیانمەند کردبوو، خەڵکێکی زۆر بۆ دابینکردنی بژێوی ڕوویان لە دارستانەکان کردبوو، ئەو دارستانەی داڵدە و لانەی پلّینگە ترسناکەکانە، کە لە برساندا و لەناو دارستانەکان بەدوای نێچیردا دەگەڕێن، بەتایبەتی کە خەڵکەکە لە برساندا ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵەکانیان راو کردبوو، یان زۆریان بە نەخۆشییەکان فەوتابوون، لەوانە بەرازە کێوییەکان و مامز و مەیموونەکان، خەڵکی ناوچەکە مەزەندە و بڕوایان وایە کەوا (بون بیبی)ی خواوەند لە پشیلە درندە کێوییە گەورەکان دەیانپارێزێت، بۆیەش لە چەندان گۆشەی ناو دارستانەکە پەیکەریان بۆ ئەو خواوەندە ساز کردووە.

لە هەموو جیهاندا ژمارەی پلّینگ لە کەمبووندایە، تەنیا لە بەنگلادیش نەبێت، بەپێی ئامار و زانیاریی بەڕێوەبەرانی دارستانەکە، چوار سەد هەتا حەفت سەد و پەنجا پلّینگی بەنگالی لە دارستانی مانگروف ژیان بەسەر دەبەن، ڕەفیق ئیسلام بەڕێوەبەری دارستانەکە لە گوندی بوریگوالینی وتوویەتی: ئێمە هەستمان کردووە کەوا پشیلە کێوییە گەورەکان، نەک تەنیا هێرش دەکەنە سەر کرێکارەکانی ناو ئەو دارستانە، بگرە بە ژمارە و بەڕەوەیەکی زۆرەوە دێنە ناو گوندەکانیش، لەوێ بە دوای نێچیردا بە پەرۆشییەوە دەگەڕێن، وەک بردن و خواردنی مانگا و بزن و سەگەکانی ئەو گوندانە.

وەزارەتی دارستانەکان ئاشکرای کردووە کەوا لە ساڵی ٢٠٠٩ پلّینگەکان نزیکەی سەدوبیست کرێکاریان لەناو دارستانەکان کوشتووە، کەواتە لە سێ ڕۆژدا کرێکارێکیان کوشتووە، بەڵام ئەو ئاماڕە تەواو نییە، چونکە زۆر لە قوربانییانی پلّینگەکانی ناو دارستانەکە، لەناو تۆماری کرێکارەکان نانووسرێن. دەسەڵاتدارانی ناوچەکەش ئاماژە بەوە دەدەن، کەوا زۆرتر لە هەزار ژن لەو دەڤەرە هەیە هاوسەرەکانیان لە پەلامارەکاندا لەناوچوون. ئەو ژنانە پاش ئەوەی مێردەکانیان

لەدەست داوە، لەناو کۆمەڵگەش بە چاوی بەد و نیووک سەیر کراون، بە منداڵەوەش رەوانەی ماڵی باوکیان دەکرێنەوە.

بارفین نیسا یەکێکە لە بێوەژنەکانی دەستی پڵینگی دارستانەکانی ئەو گوندە. لە ساڵی ٢٠٠٢ هەر لەو گوندە مێردی ڕەشیدە لە کاتی دار کۆکردنەوە دەکەوێتە ناو زەلکاوێکی قوڕاوییەوە، هەتا چۆکان تێدا گیر دەبێت، لەو کارەساتەدا پیاوەکە لەناو دەچێت.

هەر لەو گوندە مێردەکەی جامینا لە ساڵی ٢٠٠٢ کە شانەی هەنگی کێوی دەبڕێتەوە، پڵینگێکی هار پڕی دەداتێ و دەیکوژێت، هەروەها مێردەکەی جوهرەش دەکەوێتە بەر کەڵبەی پڵینگ لە کاتێکدا خەریکی بڕینەوەی هەنگوینی کێوی بووە.

ئەو ژنانە کە دڵنیا بوونە خەم و مەینەتەکانیان بڕانەوەی نییە، بەیەکەوە کۆمەڵەی بێوەژنانی پڵینگەکان پێک دەهێنن، دیارە ئەوانە پێویستییان بە کۆمەک و پشتیوانی هەبووە، بۆیە یەکێک لە دەزگا خێرخوازییەکان دەستیان دەگرێت و کارئاسانییان بۆ دەکا، لە کۆبوونەوەکاندا بڕیار دەدەن ئەو ژنانە بە پشتیوانیی دەزگا خێرخوازییەکان، خۆیان فێری بەرگدروورین و مەڕەزە و سەوزەچاندن بکەن، هەر بە خۆشیان بەرهەمەکانیان دەبەنە بازاڕەکان و دەیفرۆشن. هەندێ لە بانکەکانیش بڕێک پارەیان بە قەرز دەدەنێ بۆ کڕینی مەکینەی دوورمان و تۆو و نەمام. یەکێک لەو ژنانەی ماوەیەکە مێردەکەی بەو کارەساتە لەناوچووە، وتی:

مـاڵی خـەزووڕانم، مـن بـەوە تاوانبـار دەکـەن، کـەوا بـەخـتم ڕەش بووە، ئـەوەش هـۆکـار بووە کـەوا کوڕەکەی ئـەوانی بە کوشتن داوە. ژنەکە لەگەڵ ئـەو قسانەدا فرمێسکی بە چاواندا دەهاتە خوارەوە و باسی نـەهامـەتیـیـەکـان و کـولەمـەرگـیی ژیانی منداڵەکـانی لـە قـوتابخـانە دەکـرد. هـەندێ لە برادەرەکانی ئـەو منداڵانەش، بە قسـەی ناشیرین تووڕەیان کردووە، بێ شـەرمانە پێیـان دەڵێن کەوا باوکتان پیـاوێکی بەدکار و ناحەز بووە بۆیە پڵـینگ خواردوویانە. کە منداڵەکان بەردەوام کێشـەیان هـەبوو و هاوڕێیـەکانیـان بە چاوی سـووک تەماشـایان کردووە، دەسـەڵاتدارانی ناوچەکە بەناچاری ئـەو منداڵانەی پڵـینگ باوکی خواردوون جیـا دەکاتەوە و قـوتابخـانەی تایبـەتیـیـان بۆ دەکاتەوە، تا چیی تر هاوپۆلەکانیان هـەراسانیان نـەکـەن.

ژمارەی ئـەو منداڵانە بە کوڕ و کچـەوە نزیکەی سی قوتابی دەبن، ئـەوان لەناو پۆلەکانیـان لەسـەر خـۆڵ دادەنیـشن، ڕۆژانەش سێ سـەعـات لەو ڕەوشە دەخـوێنن، کـە دەگـەڕێنەوە مـاڵەوەش یارمـەتیی دایکە داماو و ماندووەکانیان دەدەن بۆ پەیداکردنی بژێویی ڕۆژانەیان.

***

یەکێک لەو بێوەژنانە کە ناوی نیسا بوو، شانسی ئـەوەی هـەبوو کەوا خـەسووەکەشی بێوەژن بوو، بۆیەش بواری دابوو بووکەکەی، لەگـەڵ سێ منداڵە هـەتیـوەکـەی لەناو ماڵەکەی بمێنێتـەوە. هـەردوو ژنەکـە لە کاری ڕێگەوباندا بە خـاکەناس و قـازمـە کاریان دەکرد، نیسـا بەیانییان یـەک سـەعـات بە پێخـواسی لە ماڵەوە دەڕۆیشت تا دەگـەیشتە شـەقـامی کارەکەی، پاش تـەواوکردنی کارەکـەش ماندوو و هیلاک بە پێیان دەگەڕایەوە ماڵەوە. ڕۆژانە ئـەو ژنە کرێکارە لەو کارە بە ١٥٠ تاکی بەنگلادیشی کە دەکـاتە تەنیـا دوو دۆلار کـار دەکـا، ئـەو پارەیەش لە هـەژارترین وڵاتی جـیـهـان کـە بەنگلادیشـە بۆ خێزانێکی وا گـەورە زۆر کـەمـە و بەشی هیچیان ناکا.

پەلامار و ڕووداوە ترسناکەکانی پشیلە کێوییـەکان زۆر بووبوون، ئـەوانە لە برساندا ڕوویان لەناو گوندەکان دەکرد و بەدوای نێـچـیـردا وێڵ بوون و نەدەگـەڕانـەوە. ڕوقـیـە کـاسـوون وتی، کـوڕەکـەم سـەعـات چواری بـەیانـی هێـشـتـا ئاسـۆ ڕووناک نـەبووبـووەوە، چووە (WC)، کـە لە (WC) قـوڕاوییـەکـەمـان دەرچووبوو، هـەستی بە خـشـپـەخـشـپێک کردبوو، بۆیە دەست دەداتە چرایەک، تا بزانێت چ لە سـەربانەکـەیان خـشـەی دێت، لەوێ لە ناکـاو پڵـینگێکی لێ پەیدا دەبێت، پڵـینگەکـە ترسـابوو، ویستبووی لە سـەربانەکە باز بداتە خوارەوە، بەڵام کـەوتبووە ناو نـاندینەکەمـان. لەگـەڵ زرمـەی بەربوونەوەی پڵـینگەکە هـەمـوومـان بەئاگا هاتین، هاوارمـان بۆ هاوسێکانمان برد، هـەمـوو بەیەکـەوە بە تۆڕێکی ڕاوچییـان پڵـینگەکەمـان دەستبـەسـەر کرد. هـەزاران کەس لەو دەڤـەر و ناوچە نزیکانەی خـۆمـان هاتن بۆ سـەیرکردنی پڵـینگە گـیـراوەکـە. داوامـان کرد دەسـتـەیـەکی ژینگەپارێز بگاتە لامـان، تا پڵـینگەکە سـڕ بکەن و لەناو دارستـانەکە کـە تەنیا پێنج کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە، بەرەڵای بکەنەوە و ئازادی بکـەن، کە دەسـتـەکە نەهـاتن و دواکەوتن، خـەڵکەکـە هـەمـوو هاواریان لێ هـەڵسـا کـە چۆن ئـەو پڵـینگە بەرەڵا دەکـەن، بۆیـەش هـەمـوو دارکـاریـیـان کـرد، بەیەکـەوە خـەڵکەکـە

بەردبارانیان کرد تا پلّینگەکە گیانی دەرچوو. دیارە ئەوەش وەک تۆلّەکردنەوەیەک بوو بە ڕووی ئەو پلّینگانەی زۆریان لە خەڵکی ناوچەکە خواردووە و، زیانی گیانیی زۆریان بە ناوچەکە گەیاندووە، هەر بۆیەش کوشتییان، دیارە کەوا هەڵەی دەستەی ژینگەپارێزەرەکەی تێدا بوو، کە لە کاتی پێویست و بە خێرایی نەگەیشتنە سەرمان.

هاسموت سەردار کۆنە راوچییە تەمەن سی و پێنج ساڵییەکە وتی:

ئێمە ڕووداوی زۆرمان بەسەر هاتووە، بۆیەش خەڵکەکە زۆر رقیان لەو پلّینگانەیە و دڕێغی لە کوشتنیان ناکەن، بەڵام ئەو لەگەڵ کوشتنی ئەو پلّینگانە نییە، بۆیە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی:

ئەگەر ئەو پلّینگانە نەمێنن، دارستانەکان پاسەوانی تێدا نامێنێ، لە ترسی ئەو ئاژەڵە کێوییانە نەبێت، بە ماوەیەکی کەم ئەو دارستانە کاول دەکەن، هەمووی دەبڕنەوە، ئەو دارستانە تاکە سەرچاوەی ژیانی ناوچەکەمانە، ئەگەر ئەو دارستانە نەمێنێ هەموومان لە برساندا دەمرین. سەردار بۆی گێڕاینەوە کەوا ئەو لە ڕووبەڕووبوونەوەی و لە هێرشی ئەو پشیلە کێوییانە رزگاری بووە، هەموو خەڵکەکە چیرۆکی من دەزانن، لە دەموچاومەوە دیارە، بەو ڕووەوە دەمناسنەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر لێواری یەکێک لە ڕووبارە گچکەکانی ناوچەکە خەریکی ڕاوەماسی بووم، ئەو دارستانە ڕووبارەی وای گەلێک زۆرە، وەک دەمارە باریکەکانە، شەوانە راوچییەکان لەناو ڕووبارەکان بە دیار بەلەمە گچکە دارەکانیانەوە دەخەون، شەوێکیان من لەسەر قومی لێوارەکە و لەبن ئاسمانە ساماڵە جوانەکە خەوتبووم، پاش چەند رۆژێک کە بەخۆ هاتمەوە و بینیم لە نەخۆشخانەیەکی شارێکی نزیک خۆمان، لە شاری خولنادرێژ کراوم، خەڵکەکە بۆیان گێڕاومەتەوە کەوا پلّینگێک سەعات پێنجی بەیانی، خۆی کردووە بە ناو هەواری راوچییەکان و چڕنووکی لە دەموچاوی من گرتووە و لووت و چاوێک و گوێی چەپی هەڵزڕاندووم، لەگەڵ هاوار و مڕەمڕی پلّینگەکە، راوچییەکانی تر بەئاگا دێن و پلّینگە هێرشبەرەکەی سەر من ڕاو دەنێن.

دوکتۆرەکان دەموچاوی سەرداریان لێ ناوەتەوە، بەڵام هێشتا شوێنەواری زۆری پێوە ماوە و ددانەکانی بە دەرەوەیە و بەشێکی لووتی بڕاوەتەوە و چاوی بووە بەخاڵێکی گۆشتین بە ڕووبەوە، ئەگەرچی هەژدە ساڵ بەسەر ئەو پەلامارەدا تێ پەڕیوە، ئەو هێشتا لە نەخۆشخانە چارەسەر وەردەگرێت و دەموچاوی خۆی بە پارچە قوماشێک دادەپۆشێت و ئەو وتی:

پاش ئەو ڕووداوە زۆر لە هیواکانم هاتوونەتە دی. پێنج ساڵ لە پاش ڕووداوەکان من ماسیفرۆشی دەکەم و ژنم هێناوە و سێ منداڵیشم هەیە، بەڵام هێشتا دەموچاوم ئازاری ماوە، هیواشم زۆرە ئاکاری دەموچاوم وەک جارانی لێ بێتەوە و نەشتەرکاری و جوانکاریم بۆ بکەن.

ئەو بابەتە لە رۆژنامەی دیرشبیگڵی ئەڵمانی بڵاو کراوەتەوە و لە رۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی ژمارە ١١٦٨ی رۆژی٢٠١١/٢/١٧ کراوە بە عەرەبی.

میزۆپۆتامیا
و
یەکەمین شارستانیەتی کۆن

یەکەمین شارستانیەت لە نێزیکی ڕووبارە گەورەکانەوە گەشەی کرد بەهۆی ئەو سەرچاوە ئاوییەی کە بۆ دانەوێڵە سوودیان لێی وەردەگرت، وەکو لە نێزیکی ڕووباری نیل، ئیندۆس (پاکستان، هیند) هەروەها لەلای ڕووباری زەرد (چین) لێرەدا هەندێ زانیاری لەبارەی ئەو شارە کۆنانە بەدەست دەهێنین کە لە نێوان ڕووباری دیجلە و فوراتدا دامەزرابوون، کە لە چیاکانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرێ و بەلای باشووردا بۆ عێراق و کەنداوی فارسی دەڕوا. ئەو ناوچەیەی دەوروبەریان بە میزۆپۆتامیا دەناسرا کە لە وشەیەکی کۆنی زمانی یۆنانییەوە هاتووە و مانای (زەوی نێوان دوو ڕووبارەکە) دەدا، بەڵام ئەو ریکۆردانەی کە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە ماونەتەوە ئاماژە بەبەشی باشووری ئەم ناوچەیە دەکەن، وەکو (سۆمەر) هەروەها شارستانیەتی سۆمەری بوو کە یەکەمین شارە ناسراوەکانی لە دوای، نێزیکەی ٤٠٠٠ پێش زاینی بنیات نا.

ژینگەی میزۆپۆتامیا

بۆچی میزۆپۆتامیا بەر لە هەر شوێنێکی تر ئەم شارستانیەتەی بەرهەم هێنا؟

یەکێ لە هۆکارە هەرە گرینگەکان ئەوە بوو، خاکێکی بەپیتی هەبوو بۆ کشتوکاڵ و کێڵان، کشتوکاڵیش یەکەم پێویستی کۆمەڵگە جێگیرەکان بوو، کەشوهەوایەکەی گەرمەسێرانەی هەبوو، بەڵام لە ڕێگەی ڕووبارەکانەوە سەرچاوەیەکی ئاوی باشیان هەبوو. هەموو ساڵێک ئاوی ڕووبارەکان سەرێژ دەبوو و خاکەکەی دەوروبەری دەکردە قورێکی ئەستوور و بەپیت و تێر بوو بۆ کشتوکاڵی و وەبەرهێنانی دانەوێڵە بوو.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: چنوور نامیق

هەروەها سروشت خاڵێکی بەپیتی ئا لەم جۆرەشی دابووە بەمیسرییەکان کە بەدرێژاییی ڕووباری نیل دەژیان.

بێگومان پاش ئەوەی ساڵ بەساڵ لافاوی ڕووبارەکان کەمی دەکرد، ئەوەندە ئاو دابین نەدەبوو بۆ ئاودێری دانەوێڵە، بەهۆی گەرمی کەشوهەوا و کەمی بارانەوە لەو ناوچەیە.

سۆمەرییەکان بە پرۆسەی ئاودێری ئەو کێشەیەیان چارەسەر کرد، ئەویش بەڵێدانی کەناڵ و جۆگە لە زەوی یاخۆ بە هەندێ ڕێگەی تر ئاویان لە ڕووبارەوە بۆ کێڵگەکانی دەوروبەر دەهێنا. ئەم کارەش پێویستی بە هاریکاری و وزەی خەڵکی بوو تا کاری بۆ بکەن هەر بۆیە هانی دان بۆ دروستکردنی ئەو جێگیرکانەی (مستوطنە) کە بوون بە شار، لەبەرئەوەی ئاودێری وای لە جووتیارەکان کرد دانەوێڵەی زیاتر بەدەست بهێنن، هەروەها جوتیاریش پاڵپشتی خەڵکانێکی زۆرتری دەکرد. پێوەندیی نێوان ئاودێری و گەشەسەندنی جێگرکەکان لەوەدا بوو، ئاودێری بووە هۆی بەرهەمهێنانی خۆراکی زیاتر، کە بووە هۆی گەشەکردنی دانیشتووان، ئەوەش زیاترین کرێکاری دابین دەکرد، بۆ بەردەوامبوون و فراوانکردنی سیستەمی ئاودێری.

ژیان لە شارەکانی میزۆپۆتامیا

هەر شارێکی میزۆپۆتامیا سەربەخۆ بوو و لە دەوروبەری کۆشکی پاشا و (Ziggurat) پەرستگە یاخۆ (temple tower) قولەی پەرستگە دروست دەکرا.

کەرەستەی سەرەکیی بیناسازی خشتی قوڕینی سووکراوە بوو، بە خۆری گەرم. لە دەوروبەری ئەم بینا گشتییانە ماڵەکان دروست دەکران و کێڵگەکانیش دەکەوتنە پشتی ماڵەکانەوە. قەشەی پەرستگەکان زۆر بە توانا بوون کاروباری شارەکەیان دەگێڕا، باجیان کۆ دەکردەوە، جەختیان لەوە دەکردەوە کە سیستەمی ئاودێری چاکتر بکەن و بەباشترین شێوە ڕای بگرن، بەڵام بەزۆری پاشا سەرۆکی قەشە بوو. لە کێڵگەکانی دەوری شار جووتیارەکان بەشێوەیەکی سەرەکی گەنم و جۆیان دەچاند و بەزۆری بەهاڕاوی و بەشێوەی کەشکەک (Porridge) دەیانخوارد یاخۆ دەکرا بەنان لەگەڵ میوەی وەکو هەنجیر دەخورا.

هەروەها خەڵکەکە ئاژەڵدارییان دەکرد و ئاژەڵی وەکو بزن و بەراز و مەڕ بۆ بەدەستهێنانی گۆشت و ماسییان ڕاو دەکرد و لە ڕووبار و جۆگەلەکانیشدا مراوی و قازیان ڕادەگرت. هەندێ جار کۆمەڵە کوللە دادەبارین و دانەوێڵەکەیان دەخوارد هەروەها ئەوانیش دەتوانرا بخورێن بەداریکەوە دەکران و دەبرژاێندران لەسەر ئاگر.

هەندێ جار سۆمەرییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری زەویوزارەکانیان کویلەیان بەکار دەهێنا. ئەو کویلانەی کە لە شەڕکردن لەگەڵ شارەکانی تردا دەیانگرتن بەڵام بەزۆری ئەو کۆیلانە بوون کە لەلای دەوڵەمەندترین خەڵکی ئیشیان پێ کرابوو، بۆ ئەنجامدانی ئیشوکاری ناو ماڵەکانیان یاخۆ

وەکو کرێکار.

سۆمەرییەکان خەڵکێکی داهێنەر و بەسەلیقەبوون ئەوان بوون گاسنیان داهێنا، ئەو ئامرازەی کاری کشتوکاڵیی خێراتر و ئاسانتر کرد ئەویش بەکێڵان و تۆوکردنی کێڵگە لە یەک کاتدا. تۆوەکە دەکرایە ناوەندی رەحەتییەکەوە بۆ ناو ئەو هێڵەی کە کاسنەکە دروستی کردبوو، هەروەها شۆڕشی ئامێری گواستنەوەیان بەرپا کرد، ئەویش بەدروستکردنی یەکەمین (پێچکە) گالیسکەی دەستی لە دەوروبەری ٣,٥٠٠ پێش زاینی. هەروەها لە پێشەنگی ئەوانە بوون کە وزەیان لە با وەرگرت. ئەویش بەبەکارهێنانی چارۆکە بۆ جوڵاندنی بەلەمەکانیان، ئەمە وای کرد ڕووبار تەنیا سەرچاوەیەک نەبێ بۆ ئاو، بگرە ڕێگەیەکی گرینگیش بوو بۆ کاری بازرگانیکردن، پاشان وای لێ هات دەریاوانەکان سەرەڕۆییان کرد و چوونە ناو دەریاوە لە کەنداوی فارسی بۆ ئەوەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتی هیند و فارسدا بکەن. ڕەنگە بازرگانەکان ئاڵوگۆڕی زیادە خۆراکیان کرد بێ بەرامبەر بە چەندان شتومەک کە بەئاسانی لە میزۆپۆتامیا دەست نەدەکەوت وەکو تەختە بۆ کاری بیناسازی و کانزای مس بۆ دروستکردنی ئالەت و کەرەستەی پێویست.

ئاینی میزۆپۆتامی و زایگورەیت

ئەو ئاینەی سۆمەرییەکان و کولتووری میزۆپۆتامی پێڕەویان دەکرد شێوازی فرەخوایی بوو، بەو مانایەی باوەڕیان بە چەندان خواوەندی جیاجیا هەبوو، ئەوانەش لە چەند خواوەندێکی سەرەکی وەکو (Anu) کە باوکی خواوەندەکان و خواوەندی ئاسمان بوو هەروەها (Inanna)ی خوای مێینە، خواوەندی خۆشەویستی و شەڕ بوو، پاشان سەدان خواوەندی پلەنزمتر هەبوون کە بەرپرسی جۆرەها کار بوون، یاخۆ چەندان بواری تری ژیانی ڕۆژانە هەروەها هەر شارە و خواوەندێکی دیاریکراویان بۆ خۆیان دانابوو، وەکو پارێزەریان پارێزەری ئەدەب و هونەر.

سۆمەرییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە خواوەندەکان لەسەر چیاکان ژیاون بۆیە (Ziggurate) پەرستگاکەیان لە شوێنە بەرزەکان دروست دەکرد تاکو مرۆڤ لە نێزیکی ئەوانەوە بێ ... ئەم پێکهاتە مەزنانەی کە بەخشتی قوڕینی بەخۆر سووریەوە بوو دروست کرابوو دیواری بەقاڵدرمەی هەبوو، بەڵای پەرستگە ڕاستییەکە، لە ترۆپکەکەی ئەو شوێنەی کە خواردن و جلوبەرگیان لە ڕێگەیەوە بەخواوەندەکە دا، خەڵکی لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ بەدرێژاییی کات خواوەندەکان بپەرەستن، بۆیە ئەو کاتانەشی کە لە پەرستگەکە نەدەمانەوە، لەجیاتی خودی خۆیان پەیکەری خۆیانیان لەوێ بەجێ دەهێشت.

نووسینی بزماری (Cuneiform)

سۆمەرییەکان یەکەم سیستەمی نووسینی بەناوبانگیان داهێنا و نێزیکەی ٣٥٠٠ پێش زاینی، لەبەرئەوەی لەسەر قوڕی نەرم دەیاننووسی ئەوان دەرزی فۆتۆگرافیان (Stylus) لەگەڵ مێخی لە

شێوەی نووکیان بەکار دەهێنا، کارێکی دژوارە هێڵکاری لەسەر قوڕ بکەی بەبەکارهێنانی پێنووسی مۆدێرن و پێنووسی جاف. بۆیە ئەوان لە جیاتی ئەوە شێوەکانیان لەسەر قوڕەکە هەڵدەکۆڵی. ئەمڕۆ ئەو نووسینە بە (Cuneiform) ناو دەبرێ، ئەوەش لە وشەی لاتینی (Cuneus) یاخۆ (Wedge) مێخ وەرگیراوە، بەهەزارەها لەم لەوحە قوڕینانە هەتاکو ئەمڕۆش ماوەتەوە بۆ ئەوەی بۆمان دەربخا چەندە نووسینێکی بەبایەخ بووە بۆ مەبەستی پاراستنی ریکۆرد و کۆکردنەوەی باج.

ئیمپراتۆرییەتەکانی میزۆپۆتامیا :

١- ئیمپراتۆرییەتی ئەکەدی:

تەمەنی درێژی (City - State) شارەکانی سۆمەرییەکان لە نێزیکەی ٢٣٤٠ پێش زاینی کۆتاییی هات، لەو کاتەی سەرگۆنی ئەکەدی لەشکرکێشی کردە سەر بەشەکانی تری سۆمەر تا داگیری بکا. زمانی ئاخافتنی زمانی ئەکەدی بوو، کە زمانی پێشووتری سامییەکان بوو وەکو زمانی عەرەبی و عیبری، هەرچەندە ئیمپراتۆرییەتەکەی لە سەردەمی کوڕەزا مەزنەکەی کۆتاییی هات بەڵام زۆرترین بەشەکانی میزۆپۆتامیای لە خۆ دەگرت.

٢- ئیمپراتۆرییەتی یەکەمی بابلییەکان:

پاش هەرەسهێنانی ئەکەدییەکان، دووبارە ئیمپراتۆرییەتەکەیان بووەوە بە (City - State) شارە سەربەخۆکان هەتاکو شۆڕشی بابلییەکان لە دەورووبەری ١٨٣٠ پێش زاینی. شارەکە دەکەوتە نێزیکی فوراتەوە. لەو شوێنەی کە تەنیا لە دووریی ٦٠٠کم لە دیجلەوە سەرچاوەی دەگرت، بۆیە کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی سەرەکیی بازرگانیکردنی لە ناوچەی (Fertie Cresent) تا ڕادەیەک کارێکی ئاسان بوو. بە سوپایەکی بەهێز و چاکەوە لەژێر ئالای شا (حەمورابی)ی مەزن کە لە ١٧٩٢ پێش زاینی - ١٧٥٠ پێش زاینی فەرمانڕەوایی کرد بەدرێژاییی میزۆپۆتامیا ئیمپراتۆرییەتی بابلیی بنیات نا، شارە سەرەکییەکانی میزۆپۆتامیایان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

جگە لەو سەرکەوتنانەی کە حەمورابی بەدەستی هێنان، هەروەها بەکۆدی یاساکانی دەناسرێتەوە، ئەو یاسایانەی لەسەر بەردی ستووونی هەڵکۆڵراوە، لە بەرەستگەکانی دەوری ئیمپراتۆرییەتەکەی پارێزرابوون، بۆیە زانیاریمان لە بارەیانەوە هەیە و هەندێکیشیان تاکو ئەمڕۆ ماونەتەوە، لەسەر ستوونەکە ١٦ هێڵ نووسراوەتەوە بۆ ستایشکردنی ئەو کەسانەی کە ملکەچی بۆ یاساکان دەنوێنن، هەروەها ٢٨٠ هێڵ بۆ نەفرەتکردنی ئەو کەسانەی کە لەو یاسایانە دەردەچن. بنچینەی ڕێساکانی ئەو یاسایانە (an eye For an eye). بوو، ئەمەش مانای وایە کاتێ کەسێک هەڵەیەکی ئەنجام بدایە، دەبوو کارێکی

هاوتای ئەو کارەی بەرامبەر بکرابایە. ئەگەر پیاوێک بووبوایەتە هۆی لە دەستدانی چاوی پیاوێکی تر، دەبوو ئەویش لە جێی ئەوە چاوێکی خۆی لە دەست بدایە، هەندێ جار دەقاودەق هەمان رەفتار ئەنجام نەدەدرا، بەڵام هەندێ جار جۆرێک لە یەکسانی لە سزادان رەچاو دەکرا، ئەمەش لەبەرئەوە بوو دیاردەی دوژمنداری و تۆڵەسەندنەوەی بەردەوام نەکەوێتەوە لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێک ئەندامی خێزانێکی بکوشتبایە، دەبوو ئەو خێزانە کەسێکیان لە جیاتی کەسە کوژراوەکەی خۆیان بکوشتبایە، بەو تۆڵە بەتۆڵەیەش کەس نەدەما.

یاساکانی حەمورابی لە سەرەوەی بەردەستوونێکە هەڵکۆڵرا بوو، لەگەڵ وێنەیەکی حەمورابی کە لەگەڵ (Shamash)ی خواوەندی (داد)ی میزۆپۆتامیا کێشرابوو، پاشان یاساکانی لەسەر نووسرابوو کە ئەمانە بوون.

یاساکانی حەمورابی:

١- ئەگەر پیاوێک دانی یەکێکی تری بشکاندایە، دەبوو لە جیاتی ئەو دانێکی خۆشی بشکێنرایە.

٢- ئەگەر ئافرەتێک لە ئەنجامی لێداندا مرد، دەبوو کچی ئەو کەسەی کەلێی داوە بکوژرایە.

٣- ئەگەر پیاوێک لە پیاوێکی تری دا، دەبوو یەک Maneh زیو بدات.

٤- ئەگەر کۆیلەیەک لە پیاوێکی رەسەنی بدایە، دەبوو گوێچکەکی ببڕایە.

٥- ئەگەر پیاوێک گایەکی بەکرێگیراوی بریندار بکردایە یاخۆ بیکوشتایە دەبوو گایەکی تری بۆ خاوەنەکەی لە جیاتی بهێنابایە.

٦- ئەو بەردەهڵکەنەی کە خانوویەکی دروست دەکرد و ڕووخایەتە سەر دانیشتوانی خانووەکە و بووبوایەتە هۆی مردنیان، ئەوە دەبوو بمردایە.

هیتێکان

هەرچەندە بابلییەکان سەرکەوتوو و لێهاتوو بوون و چەندان داهێنان و دۆزرینەوەی زانستییان ئەنجام دا، بەڵام لە بەشی باکووڕەوە ڕووبەڕووی چەندان هەڕەشە بوونەوە، یەکەمیان لەلایەن هیتێکانەوە بوو، کە شەڕکەرێکی تووندڕۆ و بەهێز بوون، کە بەگالیسکە شەڕیان دەکرد لە خاکەکانی خۆیانەوە لە (Anatolia) هێرشیان کردە سەر میزۆپۆتامیا.

هاتیێکان سوودێکی گرینگیان هەبوو لەبەرئەوەی توانییان لە ئاسن چەک دروست بکەن، کە ئاسن لە برۆنز بەهێزتر بوو، کە لەلایەن میزۆپۆتامێکانی تروە بەکار هێنرابوو بۆ دروستکردنی چەک لە نێزیکەی ١٣٠٠پێش زاینی. گرووپێکی تر بەناو ئاشوریکان. فێربوون چۆن چەکی ئاسنین دروست بکەن، هەروەها دەستیان کرد بەهەڕەشەکردن بۆ سەر خاکی بابلییەکان.

ژماراتی بابلییەکان

بابلییەکان پێشەنگی زانستی ژمارەناسی و گەردوونناسی بوون، کە تا ئەمڕۆش بیرۆکەکانیان بەکار دەهێنین لە زۆر بواردا.

– بابلییەکان لە جیاتی ئەوەی هەتاکو دە بژمێرن، هەتا شەستیان دەژمارد بەم هۆیەشەوە (جاران ١٢) تا ئێستا گرینگە.

– دابەشکردنی ڕۆژێک بۆ سەر ٢٤ سەعات، هەروەها یەک دەقیقەش بۆ ٦٠ چرکە، بازنەیەک دەکاتە ٣٦٠ پلە، کڕینی شت بە دەرزەن، هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ بابلییەکان هەروەها ئەوان بایەخێکی زۆریان بەبواری گەردوونناسی دەدا، لەبەرئەوەی بڕوایان وا بوو، ئەستێرە نوێنەری خواوەندە. هەر ئەوانیش بوون ساڵێکیان دابەشی سەر (٣٦٠) ڕۆژ، ١٢ مانگ کرد، و هەر مانگە و لە سی ڕۆژ پێک دێ، بەڵام هەستیان کرد کە ئەمە بەتەواوەتی لەگەڵ جوواڵانەوەی زەوی ناگونجێ، بۆیە هەندێ جار، مانگێکی زیادیان دەخستە سەر، هەروەها ئاسمانیان کردبووە ١٢ بەشەوە.

هەروەها ژمارە حەوتیان بەبەختی باش پێناس کرد، لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێ، لەو کاتە حەوت هەسارە ناسراوەکەیان دەپەرست، ئەمەش نەریتی ئەوە بوو کە حەفتەیەک لە حەوت ڕۆژ پێک بێ.

ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری

ئاشوورییەکان لە دۆڵی دیجلەوە هاتن، کە لە شاری ئاشوور ژیانیان بەسەر دەبرد، ئەوان بەتەواوەتی شەڕکەرێکی تووندوتیژ بوون، بۆیە کە شارێکیان تێک بشکاندایە فەرمانڕەواکانیان بە زیندوویی دەسووتاند و وکوێریان دەکردن، هەروەها خەڵکە بەندیوەکانیان لەدار دا.

لە دەوروبەری ٦٨٩ پێش زاینی بابلیان گرت و خاپووریان کرد، بەدرێژاییی چەند سەدە هێز و توانای ئاشوورییەکان لە هەڵبەز و دابەزدا بوو، بەڵام لە دەوروبەری ٦٥٠ پێش زاینی گەیشتە ترۆپکی توانا، پێک هاتبوو لە (میسر، هەندێ بەش لە تورکیا، فەڵەستین، سووریا و لبنان، هەروەها میزۆپۆتامیاش).

یەکێ لەو نیشانانەی کە توانا و دەوڵەمەندی ئاشوورییەکان بەدەردەخا ئەو نەخشە هەڵکۆڵراوانەیە کە لەسەر ڕۆیاڵ پالاس لە نەمرود ماونەتەوە، لەو کاتەدا دروستیان کرد کە پایەتەختیان لە ئاشوورەوە گواستەوە بۆی. لە نێزیکەی ٨٠٠ پێش زاینی. نەخشەکان وەسفی ئەو میوانداریە دەکەن کە بەبۆنەی تەواوبوونی کۆشکەکەوە سازیان کرد، لەو ئاهەنگە (٧٠٠٠) میوان بانگێشت کرابوون (١٠,٠٠٠) مەشکە شەراب خورابووەوە ١٤,٠٠٠ مەڕ سەربڕابوو و ئامادە کرابوون سەرخوانی، ئەمە جگە لە خۆراکی جۆراوجۆری تر. ئاشوور بانیبالّی پاشا، کتێبخانەیەکی دروست کردبوو لە ٢٢,٠٠٠ لەوحی قوڕین پێک هاتبوو کە بەشێوازی نووسینی بزماری لەسەری کێڵرا بوو. زانیارییەکانی شارستانیەتی میزۆپۆتامیای لەسەر تۆمار کرا بوو، کە

چیرۆکی تێدا بوو لەبارەی دروستبوونی گەردوون و لافاوە گەورە بەناوبانگەکە، هەروەها زانیاریی تێدا بوو لەبارەی گەردووننناسی و ماتماتیک و دەرمان و هەتاکو فەرهەنگیشی تێدا بوو.

سەرەڕای ئەو هەموو دەسکەوتانەی ئاشوورییەکان، بەڵام بەپێڕەوکردنی شێوازی توندوتیژی لە حوکمڕانییاندا، لە ئەنجامدا ئاکامێکی چاوەڕواننەکراویان تووش بوو، رەعیەتەکە یاخی بوون لێیان هەڵگەڕانەوە.

ئەمەش تێکەڵاو بوو لەگەڵ هێرشی یەک لە دوای یەکی کلدانی و میدییەکان لە باشوور و ڕۆهەلاتەوە، ئەمەش هەرەسی بەئیمپڕاتۆرییە بەهێزەکەیان هێنا لە ٦١٢ پێش زاینی دوا پایتەختەکەی، (Nineveh) هەتاکو سەر ئەرز سووتێنرا. تەنیا یەک ئەنجامی باش لە خاپوورکردنیان مایەوە، ئەویش لەوحە قوڕینەکان بوو کە لە کتێبخانەی ئاشوور بانیبالّ مابووەوە بەجۆرێ بتەو دروستکرابوو تا بەرگە بگرێ و لەسەردەمی مۆدێرندا بخوێنرێتەوە، لە شوێنەواری شارە وێرانەکە، لە سەدەی هەژدەم دۆزرایەوە.

دووەمین ئیمپراتۆرییەتی بابلی

پاش هەرەسهێنانی ئاشوورییەکان، میز و بابلە و پایەی بابلییەکان، بەخێرایی گەڕایەوە بۆ دۆخی جارانی، وەکو پایتەختی ئیمپڕاتۆرییەتێکی مەزن، کاتێ فەرمانڕەواکانی پێوەندییان بەدواین هێرشکردنە سەر ئاشوورییەکان هەبوو، دەستیان گرتە سەر چەندان ناوچە و زەویوزاریانەوە.

شارەکە زۆر جوانتر بنیات نرایەوە، هەروەها بەدوو دیواری بەرز دەوری گیرابوو، کە بەرزاییەکەی ٢٠ مەتر و درێژییەکەشی ١٣ کیلۆمەتر بوو، ژمارەی دانیشتوانیشی بە ٢٠٠,٠٠٠ کەس دەخەملێنرا، لەناو شارەکە ژمارەیەکی زۆر لە پەرستگە بنیات نرابوو یاخۆ – بەلایەنی کەمەوە، بەپێی ئەو حیکایەتانەی کە دەماودەم گێڕراونەتەوە – هێڵی هەیوانە دەسکردەکان کە گوڵ و درەختی تێدا چێنراوە، بەتایبەتی بۆ هاوسەری شا بوو کە پەرۆشی سەوزایی و کەشوهەوای فێنکی، نیشتمانی گەورەی خۆی بوو، لەبەرئەوەی ئەم هەیوانانە وا بەدەردەکەوتن کە لە هەوادا هەڵواسرابن، بەباخچە هەڵواسراوەکانی بابل. دەناسرانەوە تاکو ئێستاش مێژوونووسان لە مشتومڕدان، بەڵام بوونی باخچەکان چیرۆکێک بوو بەئاسانی باوەڕی پێ کرا، ئەوەش لەبەر دەوڵەمەندی و زیرەکیی و لێهاتوویی لە ڕادەبەدەری بابلییەکان.

هەرچەندە دووەمین ئیمپڕاتۆرییەتی بابلییەکان زۆری نەخایاند لە ٥٣٩ پێش زاینی ڕووبەڕووی هێرشی فارسەکان بووەنەوە پایەتەختەکەیان داگیر کرا، فارسەکان لە گەرمەی پڕۆسەی بنیاتنانی ئیمپڕاتۆرییەتەکەی خۆیان بوون. لە هەرەسهێنانی بابلەوە چارەنووسی (Fertile Crescent) وا بوو لەلایەن هێزی دەرەکییەوە بەڕێوە ببرێ: تەمەنی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا بەسەر چووبوو.

سەرچاوە: Ancient Civilization

شێوازە جۆرەوجۆرەکانی تووندوتیژی

ئەریک فرۆم

سەرەتا لێرەدا دەمەوێ باس لە شێوازەکانی "تووندوتیژی" بکەم. ئەمە مانای ئەوە نییە، کە بمەوێ بەشێوەیەکی تەواو ئەم باسە شی بکەمەوە، لێ لەو باوەڕەدام، باسکردنی هەندێک دیاردەی تووندوتیژی کە کەمتر زەرەرمەندن، زۆر سوودمەندن بۆ ئەوەی لە چەمکی شێوازە وێرانکارییەکانی تر بگەین، کە لەو بڕوایەدام دزێوتر و کوشندەترن.

دیارە بۆ ئەوەی لە شێوازەکانی هێزی وێرانکاری تێ بگەین، دەبێت سەرەتا لە هۆکار و پاڵنەرەکانی بێ ئاگایی (لاوعي)یەکانی ئەم دیاردەیە تێ بگەین. چونکە تەنیا لە ڕێگەی تێگەیشتن لە جۆری هەڵسوکەوتی ناهۆشیارییەوە، دەتوانین لە هەڵسوکەوتەکە و بنەچە و هێز و شێوازەکەی تێ بگەین.

تووندوتیژیی یاریخوازی " العنف اللعوب"

"تووندوتیژیی یاریخوازی، العنف اللعوب"، زۆرترین شێوازی تووندتیژیی سروشتییە، کە هیچ زەرەرێکی نییە. دەتوانین ئەم جۆرە تووندوتیژییە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ببینین، لە کاتی پێڕەوکردنی تووندوتیژی، کە مەبەستی ئەوەیە تواناکانی مرۆڤ دەربخات و هیچ پاڵنەرێکی ڕق یان وێرانکاریی نییە و، دووریشە لەو جۆرە تووندوتیژییەی کە ئامانجی وێرانکارییە. بۆ ئەوەی لە مەبەستەکەمان بگەین، کۆمەڵێک نموونەی زۆرمان لە بەردەستدایە لەوانە: ئەو یارییە جەنگییانەی کە خێڵە سەرەتاییەکان لەناو خۆیاندا سازیان دەکرد، یان چۆنێتیی فێربوونی هونەری شمشێر، کە لە ئاینی بودیدا هەیە.

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئامانجی سەرەکی لە هەموو جۆرەکانی یاریيە جەنگییەکاندا، کوشتن نییە. تەنانەت گەر بێتو لە ئەنجامی ئەم یارییەشدا نەیارەکەشت لە یارییەکەدا بکوژیت، کە بەهۆی وەستانی لە شوێنێکی نەگونجاو یان نەزانین لە هونەری یارییەکە، مەبەستی کوشتنی کەسەکە ناگەیەنێت. ئێمە کاتێک دەڵێین کە تۆندوتیژی باری نیەتی وێرانکاری تێدا نییە، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین، کە ئەم یارییانە جۆرە ئایدیالیستییەکان پێوە دیارە. بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤ هەست بەبوونی هەستێکی شەڕەنگێزی و وێرانکاریی ناهۆشیارانە دەکات، کە خۆی لە پشت مەنتیقی ئەم یارییانە شاردووەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە تۆندوتیژییە، دەرخستنی توانا و بەهرەکانی مرۆڤە نەک شەڕ و وێرانکاری. لێ گرینگترین و بڵاوترین جۆری تۆندوتیژی، کە لە جۆری (تۆندوتیژیی یاری)یش زیاتر بڵاوە، جۆری " تۆندوتیژیی بەرەنگاری "یە.

تۆندوتیژیی بەرەنگاری

مەبەستمان لە " تۆندوتیژیی بەرەنگاری " ئەو جۆرە تۆندوتیژییەی، کە بۆ بەرگریکردن لە "ئازادی، کەرامەت، مولکداری، " بەکار دێت، جا بە شێوەیەکی تاک یان بە شێوەی کۆ (واتە لەبەر خاتری خەڵکی تر بۆ نموونە نیشتمان). ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە تۆندوتیژییەش، دەگەڕێتەوە بۆ هەستی " ترس"، هەر لەبەر ئەوە زۆرترین شێوازی تۆندوتیژییە کە لە ناو کۆمەڵگەدا بڵاوە. دەکرێت ئەو ترسە ڕاست یان درۆ بێت، هۆشیار یان ناهۆشیاری بێت. ئەم جۆرە تۆندوتیژییەی خزمەتی ژیان دەکات و نەک مەرگ. ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە تۆندوتیژییەش، مانەوەی ژیانە نەک وێرانی و مەرگ. ئەم جۆرە لە ئەنجامی هەڵچوونە ناعەقڵانییەکانەوە دروست نابێت، بگرە لە ئەنجامی کۆمەڵێک حیساباتی عەقڵانی دروست دەبێت. هەر لەبەر ئەوە جۆرە ڕێکخستن و ڕاگرییەک لە نێوان ئامراز و ئامانجەکانیدا بەدی دەکرێت. پێشتر ئەزموونەکانمان دەری خستووە کە لە ڕووی ڕۆحییەوە، هیچ کاتێک کوشتن لە ڕووی مۆراڵییەوە قبوڵ ناکرێت و تەنانەت لە کاتی بەرگریکردنیشدا، هیچ بیانوویەک ناتوانێت ببێتە پاساوێک بۆ کوشتن. لێ زۆر کەس کە هەڵگری ئەم بیروباوەڕەن دەتوانن بە باشی جیاوازی لە نێوان سروشتی ئەو جۆرە تۆندوتیژییەی کە بۆ بەرگری لە ژیان بەکار دێت، لەگەڵ ئەو جۆرە تۆندوتیژییەی کە بەمەبەستی وێرانکاری بەکار دێت، بکەن. زۆرجار هەستکردن بە هەڕەشە و تۆندوتیژیی بەرەنگاری، لە ئەنجامی واقیعییەوە نایەت، بگرە لە ئەنجامی یاریکردن بە مێشکی خەڵکییەوە دروست دەبێت. لە کاتێکدا کە سەرۆکە سیاسییەکان و پیاوانی ئاینی، دەتوانن ئەندام و لایەنگرانی خۆیان بەوە هەڵبخەڵەتێنن، کە لەلایەن دوژمنەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێت، بۆ ئەوەی هەستی تۆندوتیژیی بەرەنگاری لە ناخیاندا دروست بکەن.

لێرەوە پێویستە هەڵسەنگاندنی ورد بۆ شەڕی ڕەوا و شەڕی ناڕەوا بکەین و، ئەو شەڕانەی کە لەلایەن حکوومەتگەلی سەرمایەداری و کۆمۆنیستییەوە هەڵگیرسێنران، کە کلێسای کاتۆلیکیش پشتگیریی لێ دەکردن، هەموو ئەم شەڕانە دەبێت بخرێتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەوە، چونکە

عادەتەن هەموو لایەنێک لە پێشکێشکردنی هەڵوێستی خۆی بۆ بەرگریکردن لە هێرشی دوژمن، سەرکەوتوو بووە بە دەگمەن شەڕێک دەبینین کە لە ئامانجی پەلاماردانەکە سەرکەوتوو نەبووبێت لەوەی کە پۆشاکی بەرگریکردن لەبەر خۆی بکات. لێ پرسیارکردن لەبارەی ئەوەوە، ئاخۆ بیانووی کامیان لە (بەرگریکردن) راست بێت، ئەوا تەنیا سەرکەوتووەکان بڕیاری لەسەر دەدەن، یان لە پاش ماوەیەکی زۆر دوای شەڕەکە، ئینجا کۆمەڵێک مێژوونووسی ڕاستگۆ دەتوانن ڕاستییەکان لە درۆکان جیا بکەنەوە و وەڵامی تەواوەتیی ئەم پرسیارەمان بدەنەوە*. لەبەر ئەوە هەر کاتێک کە باسی شەڕ کرا و، ئەو شەڕەش بە شەڕێکی بەرگری پێشانی خەڵکی بدرێت، دوو ڕاستی گرینگمان بەرچاو دەکەوێت.

یەکەم:

هیچ کاتێک ناتوانرێت پاڵ بە زۆرینەی خەڵکییەوە بنرێت (بەتایبەت لە کۆمەڵگە شارستانیەکاندا) بۆ کوشتن و مردن، هەتا نەتوانرێت یەکەم جار قەناعەت بە خەڵکی بکرێت، کە ئەم شەڕە بۆ بەرگریکردنە لە ژیان و ئازادیی خۆیان. (واتە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان).

دووەم:

دیارە کارێکی هەر وا ئاسان نییە کە بڕوا بەمایۆنان خەڵکی بکەیت کە هەڕەشەی دوژمنانیان لەسەرە و ترسی پەلاماردانیان زۆرە، یان هانیان بدەیت کە بەرگری لە خۆیان بکەن. بۆ ڕازیکردنی خەڵکی یەکەم جار و پێش هەموو شتێک، پێوەندیی بەکەمیی ئاستی بیرکردنەوەی تایبەت و نەبوونی هەستی سەربەخۆییبوون، وابەستەبوونێکی سۆزدارانەی زۆرینەی جەماوەر بۆ سەرۆکە سیاسییەکانیان هەیە. لە کاتی دروستبوونی ئەم وابەستەییەدا، ئەوا هەر شتێکیان پێ بڵێیت باوەڕت پێ دەکەن.

دیارە لە ڕووی دەروونییەوە هیچ جیاوازییەک ناکرێت لە نێوان پەلاماردانێکی ڕاستی یان درۆییندا (واتە لێرەدا ڕاستی و درۆ، زۆر لە یەکتری جیا ناکرێتەوە). خەڵکی هەست دەکەن کە ئەوان هەڕەشە لە ژیانیان دەکرێت و، لەبەر بەرگریکردن لە خۆیان، ئامادەن پێشوازی لە مەرگ بکەن.

هەروەها لە حاڵەتی بوونی (وەهمی گومانی چەوساندنەوە لەلایەن خەڵکی تردوە) هەمان شت بەدی دەکەین، لێ ئەم هەستەش تەنیا بەشێوەیەکی فەردییە نەک بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ. لە هەردوو حاڵەتدا مرۆڤ خۆیەخۆ لە بەرامبەر هەستی ترس، بە پەلاماردان وەڵامی دەداتەوە.

هەوالنامەی کێبڕکێ

تۆندوتیژی " بێ هیوایی و ئیرەیی و غیرە"

شێوەیەکی تری " تۆندوتیژیی بەرەنگاری " ئەو جۆرە تۆندوتیژیەیە کە مرۆڤ لە ئەنجامی " بێ هیوایی، احباط" دروست دەبێت. بۆ نموونە ئێمە هەڵسوکەوتێکی شەڕەنگێزانە لەلای ئاژەڵ یان منداڵ و ڕواڵەتی دەبینین، کە لە ئەنجامی بێ هیوابوونیان لە دەستنەکەوتنی شتێک یان حەز و ئارەزوویەکیان دروست دەبێت. وە زۆرجار هۆکاری سەرەکیی ئەم هەڵسوکەوتە شەڕەنگێزییە ئەوەیە، کە بێ هیوا بووە لەو شتەی کە دەیەوێت، هەر بۆیە تۆندوتیژی بەکار دەهێنێ. لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەم پەلامارەدانە بۆ مەبەستی ژیان دەکرێت نەک بۆ مەبەستی وێرانکردن. بەحوکمی ئەوەی بێ هیوابوون لە گەیشتن بەپێداویستی و ئارەزووەکان، حاڵەتێکی کەونییە و لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم دیاردەیە بوونی هەیە، لەبەر ئەوە لە بوونی تۆندوتیژی و پەلامارداران بە بەردەوامی، هیچ تووشی تێڕامانمان ناکات.

لە دوژمنکارییەک کە لە ئەنجامی " بێ هیوابوون" دروست دەبێت، دەتوانین باسی جۆرێکی تری تۆندوتیژی و دوژمنکاری بکەین، کە لە ئەنجامی "ئیرەیی پێ بردن و غیرە " دروست دەبێت. چونکە ئیرەیی پێ بردن و غیرەکردن لە کەسێک، لە ئەنجامی بێ هیوابوونەوە دروست دەبێت. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕاستییە دروست دەبێت، کە "ب" بووەتە خاوەنی شتێک، شمەکێک... هتد کە " أ " ش دەخوازێت ببێتە خاوەنی، یان " ب" کەسێک خۆشی دەوێت، کە "أ" ش خۆشی دەوێت. لێرەوە "ئیرەیی و غیرە" پەیدا دەبێت، کاتێک ' أ" دژی "ب" دەبێت، چونکە "أ " دەیەوێت ببێتە خاوەنی ئەو شتە بەڵام ناتوانێت. دیارە " ئیرەیی و غیرە" تەنیا لە ئەنجامی ئەوە دروست نابێت کە "أ' ناتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو شتەی کە دەیەوێت، بگرە لە ئەنجامی ئەوەش دروست دەبێت، بۆ نموونە کە " ب" لەلای خەڵکی کەسێکی باشتر و لەبارتر و جێگەی ڕێزە. لێرەدا حیکایەتەکەی " قابیل و هابیل" باشترین نموونەیە. قابیل هیچ لای خەڵکی خۆشەویست نەبوو، هیچ تاوانێکیشی نەبوو، لێ پاشان براکەی خۆی کوشت. یان حیکایەتەکەی یوسف و براکانی، هەردووکیان دوو حیکایەتی کۆنن لەسەر " ئیرەیی و غیرە". دیارە ئەدەبی دەروونی، لەبارەی ئەم دیاردەیەوە کۆمەڵێک بەڵگەی ئەزموونداری و زانستی زۆریان لایە.

تۆندوتیژیی تۆڵەسەندنەوە

جۆرێکی تر لە تۆندوتیژی کە پێوەندیی بە " تۆندوتیژیی بەرەنگاری" وە هەیە، هەرچەندە ئەم جۆرەیان سنووریکی دوورتر دەڕوا و جۆرێک لە نەخۆشیی پێوە دیارە، ئەویش جۆری "تۆندوتیژی تۆڵەسەندنەوەیە". لە جۆری " تۆندوتیژیی بەرەنگاری"دا ئامانجی ئەوەیە کە خۆی بپارێزێت و زیانی پێ نەگات، لەبەر ئەوە دەڵێم کە ئەم تۆندوتیژییە، ئامانجی ژیان و بەردەوامیبوونی مرۆڤە. لێ لە جۆری " تۆندوتیژیی تۆڵەسەندنەوە" زەرەرەکە پێشتر بەر کەسەکە کەوتووە، لەبەر ئەوە لێرەدا

تۆندوتیژی هیچ ئەرکێکی بەرگریکەرانەی نییە. بگرە لێرەدا ئەرکی چارەسەرێکی سیحری ناعەقڵانییە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە پێشتر ڕوویان داوە. جێگەی ئاماژەیە جۆری "تۆندوتیژیی تۆڵەسەندنەوە" لەناو تاک و لەناو کۆمەڵگە دواکەوتوو وشارستانییەکانیشدا بوونی هەیە. دیارە گەر بمانەوێت بەشێوەیەکی قووڵتر ئەم جۆری تۆندوتیژییە شی بکەینەوە، پێویستە چەند هەنگاوێکی تر بڕۆین. پاڵنەری سەرەکیی تۆندوتیژی تۆڵەسەندنەوە، پێچەوانەی هێز و بەرهەمی کۆمەڵێک یان تاکێک دەگەیەنێت. چونکە کەسێکی بێدەسەڵات و داماو، تەنیا یەک سەرچاوە شک دەبات (ئەویش تۆڵەسەندنەوەیە)، بۆ ئەوەی ڕێز و شوێنی تایبەتی خۆی بگەڕێنێتەوە پاش ئەوەی کە پێشتر زیان پێ گەیشت. تۆڵەسەندنەوە یاسای (العین بالعین، والسن بالسن) پەیڕەو دەکات. لە بەرامبەردا کەسێک کە ژیانێکی بەرهەمهێنەرانە دەژی، هیچ پێویستی بەمجۆرە کارانە نییە، یان پێویستییەکی کەمی پێیەتی، تەنانەت گەر ئازار یان سووکایەتی و زەرەریشی کردبێ، چونکە بەردەوامبوونی لە ژیانێکی بەرهەمهێنەرانەدا، وای لێ دەکات کە ئازارەکانی پێشوو لە بیر بکات. لێرەدا ئارەزووی بەرهەمهێنان لە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە گەورەترە. دیارە چ لە ڕووی تاک یان لە ڕووی کۆمەڵگە، دەتوانین ئەم بەرەنجامە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەرییەوە (تجريبي)، راستیی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەربکەوێت. زۆربەی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان دەریان خستووە کە کەسێکی کاملّی بەرهەمهێن، کەمتر ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەی هەیە، لە چاو ئەو کەسەی کە کۆمەڵێک کێشەی لە ژیانی تایبەتی هەیە، لای ئەم کەسە ژیان کەمتر مانا و خۆشیی ماوە، لەبەر ئەوە هەموو هیوا و ئامانجی خۆی دەکاتە ئەوەی کە ئارەزووی تۆڵە لە ناخیدا زیاتر بێت.

جێگەی ئاماژەیە " تۆڵەسەندنەوە" لە حاڵەتی مرۆڤی نەخۆشدا، زۆر بەهێز و ترسناکە و دەبێتە ئامانجی سەرەکیی ژیانی نەخۆشەکە، چونکە لە حاڵەتی نەمانی هەستی " تۆڵەسەندنەوەدا" دەبێتە هۆی ئەوەی کە مان و بوونی ئەو کەسە بخاتە مەترسییەوە و کە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی لەناوبردنی ژیانی ئەو کەسەش. هەروەها لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە ڕووی (ئابووری و کولتووری و ئینفعالییەوە) زۆر دواکەوتوون ئارەزووی " تۆڵەسەندنەوە" بۆ نموونە (لە پاش شکستهێنانێکی نەتەوەیی مێژوویییەوە) هەستی تۆڵەسەندنەوە زۆر بەهێزتر دەبێت.

بەهەمان شێوە سەیر دەکەین لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکانیشدا، چینەکانی ناوەڕاست و پلە نزم و هەژارەکان و ئەو چینانەی کە زۆر بێبەشن و پەراوێز خراون، دەبنە سەنتەری هەستی تۆڵەسەندنەوە، لە هەمان کاتیشدا دەبنە سەنتەری هەستی (ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمی). جێگەی ئاماژەیە پێوەیەندییەکی بەهێز، لە نێوان هەستی تۆڵەسەندنەوە و هەژاریی کولتووری و ئابووریدا هەیە. دیارە بۆ تێگەیشتن لە هەستی " تۆڵەسەندنەوە" لەناو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە. چونکە لەناو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، کۆمەڵێک شێواز و هەستی جۆرەوجۆری " تۆڵەسەندنەوە"ی تیدا هەیە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە (گرووپەکە) جۆرە هەستێکیان لا دروست دەبێت، کەچی " تۆڵەسەندنەوە"یە دەبێتە ئەرکێکی پیرۆز و هیچ بیر لە زەرەرەکانیشی ناکەنەوە کە تووشی خۆیان دەبێت.

دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەمیان:

هەروەک پێشتریش باسمان کرد، جۆرە جەوێکی هەستی خۆبەکەمزانین دروست دەبێت، کە دەبێتە هۆی نەخۆشخستن و تێکدانی ئەو کۆمەڵە سەرەتاییانە، کە هەستێکی وایان لا دروست دەبێت، کە " تۆڵەسەندنەوە" دەبێتە ئامرازێکی پێویست بۆ گەڕاندنەوەی کەرامەت و سەندنەوەی ئەو زەرەرەی کە لێیان کەوتووە.

دووەمیان:

پێوەندی بە " نەرجسییەتەوە**" هەیە. دیارە باری دەروونیی نەرجسی بەهێز، کە یەکێکە لە سیماکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی، گەر بچووکترین ئیهانە" سووکایەتی" پێکردن بە (وێنە گشتییەکەی***) بکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کارەساتێکی گەورە و تا ڕادەی ئەوەی کە ببێتە هۆی دروستبوونی دوژمنکارییەکی گەورە. ئەمەش لەناو کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا شتێکی ئاساییە.

دیارە هەستی " تۆڵەسەندنەوە" پێوەندییەکی بەهێزی بە سەرچاوەی وێرانکارییەوە هەیە، کە ئەویش لە ئەنجامی " بێ باوەڕییەوە" دروست دەبێت؛ کە زیاتر ئەم هەستەش لەناو منداڵاندا دروست دەبێت.

هەوالنامەی کتێب

هەموو منداڵێک سەرەتا ژیانی پڕیەتی لە هەستی (چاکە و خۆشەویستی و یەکسانی). منداڵ باوەڕی بە مەمکی دایکیەتی، کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی نان و ژیانی، لە کاتی ساردیدا دەبێتە هۆی گەرمبوونەوەیی و، لە کاتی نەخۆشیشدا دەبێتە چارەسەری (مەبەستی مەمکی دایکە). دیارە منداڵ لە سەرەتادا کاتێک (باوەڕ) لە ناخیدا دروست دەبێت، باوەڕی بە " دایک، باوک، باپیرە، هەموو ئەو کەسانەی کە نزیکن لێوەی " دەبێت. هەروەها باوەڕیش بە خوا دروست دەبێت.

لێ لەلای زۆربەی منداڵان هەر زوو ئەم باوەڕە نامێنێ. کاتێک منداڵ سەیر دەکات باوکی لە بەرامبەر مەسەلەیەکی گەورەدا درۆی لەگەڵ دەکات، یان تووشی ترسێکی گەورە دەبێت، کاتێک دایکی بۆ خۆشی و ئارەزووی خۆی واز لەم دەهێنێ و ئەمەش لای ئەو وەکو خیانەتێک سەیر دەکرێت. یان کاتێک باوک و دایکی دەبینێت پێکەوە سێکس دەکەن، لەم کاتەدا وا سەیری باوکی دەکات کە وەحشێکی درندەیە. لەم کاتەدا منداڵ هیچ دڵخۆش نییە، یان زۆر دەترسێت، وە کاتێک باوک و دایکی شتێکی پێ دەڵێن، لای ئەو هیچ گرینگییەکی جارانیان نییە. دیارە زۆرجاران منداڵ هەموو باوەڕی خۆی بە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و یەکسانیی باوک و دایکی دەدۆڕێنێت. و زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم بێبڕوایییە شێوەیەکی ئاینی لە خۆی بگرێت و باوەڕی بە خواش نەمێنێت. بۆ نموونە کاتێک منداڵ چۆلەکەیەکی خۆش دەوێت و چۆلەکەکە لە پڕ دەمرێت، یان برایەکی یان برادەرێکی خۆشەویستی دەمرێت، لە پڕێکدا باوەڕی بە خواش نامێنێت. لێ هیچ جیاوازییەک لە نێوان بێبڕوەڕیبوون بە خوا یان کەسێکی نزیک نییە، چونکە بەرەنجامی ئەم بێبڕوەڕییە دەبێتە هۆی وێرانکردنی ژیانی بەشێوەیەکی گشتی، هیچ باوەڕی بە ژیان نامێنێت و لە هەمان کاتیشدا باوەڕی بە خۆیش نامێنێ. جێگەی ئامارەیە هەموو منداڵێک لە ژیانیدا تووشی کۆمەڵێک (شۆک، صدمة) دەبێت، لێ گرینگ ئەوەیە ئاخۆ چەندە ئەم شۆکە کاریگەریی هەیە و تا چەندە دەبێتە هۆی تووشبوونی بەبێبڕوەڕی. زۆرجار کە بۆ یەکەم جار بێبڕوەڕی تووشی منداڵ دەبێت، لە نێوان ساڵانی (چوارەم، پێنجەم یان شەشەم) یان لە ساڵانی پاشتر دەبێت، ئەمەش قۆناغێکە لە ژیانمان، کە زۆر کەم ڕووداوەکانی ئەو تەمەنەمان بیر دەکەوێتەوە. لێ بێ (باوەڕی کۆتایی) لە قۆناغێکی سەروتری تەمەندا تووشمان دەبێت. بۆ نموونە لە کاتی ئەوەی کە برادەرێکی نزیکت یان خۆشەویستەکەت یان سەرۆکێکی ئاینی یان سیاسی، خیانەتت لێ دەکات، لە ئەنجامی ئەمەشدا تووشی بێبڕوەڕی کۆتایی دەبیت. دیارە ئەمەش لە ئەنجامی یەک ڕووداو یان یەک ئەزموون ڕوو نادات، بگرە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک ڕووداو و ئەزموونی بچووکەوە، تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت. دیارە کەسێک کاتێک کە پشت بە کەسێکی تر دەبەستێت، ئەویش تووشی دەستەڕۆیی و بێبڕوەڕی دەکات، ئەمە وای لێ دەکات کە ئەم کەسە پاشتر ببێتە کەسێکی سەربەخۆ و بە دوای برادەر و مامۆستا و یان خۆشەویستی نوێدا بگەڕێت و باوەڕ بەم کەسە نوێیانە بکات.

دیارە ئەمە باشترین کاردانەوەیە، کە ئێمە هیوادارین خەڵکی کاتێک تووشی حاڵەتێکی وا دەبن، بەم شێوەیەی سەرەوە هەڵسوکەوت بکەن (واتە بەدوای خەڵکی نوێدا بگەڕێت... وەرگێڕ). لێ مرۆڤ لە پاش ئەم ئەزموونە خراپە، لە زۆر شوێنی تردا گومانێکی زۆر دەکات، خەڵکی هەڵدەسەنگێنێت و، کاتێک ئەم خەڵکانەش دەستەڕۆی بکەن، دەچێت بەدوای خەڵکی تردا دەگەڕێت، یان خۆی دەخاتە ناو باوەشی مەرجەعییەتێکی بەهێزەوە وەکو (کڵێسا، یان پارتێکی سیاسی یان سەرۆکێک)، ئەمەش بۆ ئەوەی جارێکی تر بتوانێت باوەڕ بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە. زۆرجار بەحوکمی ئەو بێبناوەڕی و غەمە گەورەیەی کە لە ئەنجامی بێبناوەڕی بەژیان تووشی بووە، هەموو هەوڵی خۆی بەدوای کۆمەڵێک ئامانجی ژیانیەوە وێڵ دەکات بۆ نموونە (پارە، دەسەڵات، یان ڕووکەشێکی کۆمەڵایەتی).

دیارە هێشتا من باسی ئەو کاردانەوەیەم نەکردووە کە لە ئەنجامی بێبناوەڕی دروست دەبێت و، شێوەیەکی تۆندوتیژی لە خۆ دەگرێت. کاتێک مرۆڤێک هەستێکی بێ هیوایی و بێبناوەڕیی ژیانی لادروست بێت و تووشی گومبوونێکی خراپ بێت (واتە نەزانێت چی بکات)، ئەو کات ڕقی لە ژیان دەبێتەوە. ئەگەر هاتو ئەم کەسە باوەڕی بە هیچ کەسێک یان شتێک نەمێنێت، ئەگەر هاتو ئەم کەسە باوەڕی بە دادوەری و یەکسانی نەما و لای ئەو، ئەم دووانە بووبێتنە وەهمێک و گەر هاتو شەیتان نەک خوا ژیانی ئەو کەسە ببات بەڕێوە، ئەو کاتە ژیان لە بەرچاوی ئەو کەسە دەبێتە دۆزەخێکی تەواوەتی. لەم حاڵەتەدا مرۆڤ ئاوانێت بەرگەی ئازاری هەرەس و تێکشکان بگرێت، لەم کاتەدا حەز دەکات ئەوە بسەلمێنێت کە ژیان دۆزەخە و خراپە و مرۆڤیش گیانلەبەرێکی درندەیە و جەوهەری مرۆڤیش لە خراپە و درندەیی دروست بووە. ئا لەم کاتەدا ئەو مرۆڤەی کە باوەڕ و خۆشەویستیی بۆ ژیان هەبووە، دەبێتە کەسێکی درندە و وێرانکەر. ئەم وێرانکارییەش لە ئەنجامی وێرانبوون و شکستهێنان دروست دەبێت و، نەمانی باوەڕ بە ژیان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕقت لە ژیانت بێتەوە.

دیارە ئەمەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر بە جوانی دەردەکەوێت، بۆ نموونە کاتێک باوەڕت بە سەرۆکێک دەبێت، لێ پاشان بۆت دەردەکەوێت ئەو کەسێکی خراپە یان ئەو توانایەی نییە کە تۆ لێی چاوەڕوان بووی. لێ گەر هاتو لە بەرامبەر ئەم ڕووداوەدا، کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤانە نەبێت، واتە بەرەو سەربەخۆبوونی ئەو کەسە هەنگاو نەنێت، ئەوا ئەو کەسە زیاتر تووشی بێبناوەڕی و وێرانکاری دەبێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم جۆرە تۆندوتیژییەی کە باسمان کرد، هێشتا لە خزمەتی ژیاندایە، جا بە شێوەی واقیعی بێت یان سیحری، یان لە ئەنجامی ئازارێک کە لە بێبناوەڕی بەژیان تووشی بووە. ئەو جۆرەی تر لە تۆندوتیژی کە لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین " تۆندوتیژیی جێگەگرتنەوە، العنف التعويضي). ئەم جۆرەش زیاتر نەخۆش ئامێز و زەرەرمەندە، هەرچەندە ئەمەش کەمتر کارەساتبارە تا (نکروفیلیا – خۆشەویستیی مەرگ)، کە پاشتر باسی لێوە دەکەین.

" توندوتیژیی جێگەگرتنەوە، العنف التعويضي"

مەبەست لە " توندوتیژیی جێگەگرتنەوە، العنف التعويضي) ئەوەیە، کە وەکو ئەلتەرناتیڤێک (بدیل) بۆ چالاکییەکی بەرهەمهێنەر بۆ کەسێکی بێدەسەلات دروست دەبێت. لێرەدا پێم خۆشە لەبارەی مەفهووومی دەستەواژەی (بێدەسەلاتی)یەوە بدوێم و پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەندێک ڕاستیی سەرەکی. لە کاتێکدا کە مرۆڤ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هێزە سروشتی و کۆمەلایەتییەکان و هەر ئەوانیش حوکمی دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ملکەچی هەلومەرجەکەش نییە چونکە ئەو خاوەنی ئیرادە و توانا و ئازادی و خۆیەتی، کە دەتوانێت لە سنووردێکی دیاریکراودا جیهان بگۆڕێت. دیارە بۆ ئێمە هیچ ئیرادە و ئازادیی کەسەکە گرینگ نییە، بگرە ئەو ڕاستییە بەلامانەوە گرینگە، کە پێوەندیی بە توانای بەرگەگرتنی مرۆڤە، بۆ شتە نێگەتیڤ و ڕەهاییەکان. چونکە ئەو ناچارە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات، جێ پەنجەی خۆی لە جیهاندا دابنێت. جێگەی ئاماژەیە لە هەموو وێنە کۆنەکانی سەر دیواری ئەشکەوتەکان، لە هەموو هونەر و کارەکاندا، لە هەموو کرداردێکی سێکسوالیدا، بەتەواوەتی گوزارشت لەم ڕاستییە دەکرێت. هەموو ئەم چالاکییانە توانای مرۆڤ دەردەخەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، کە چۆن مرۆڤ هەموو هەواڵ و تەقەڵای خۆی بۆ ئەم ئامانجە تەرخان دەکات. ئەم کارەش واتە ئیرادەی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی توانا تایبەتییەکانی بە (پۆتێنسیال Potency، الفعالية) ناو دەبرێت. (جێگەی ئاماژەیە توانای سێکسی جۆرێک لە توانا تایبەتییەکانی مرۆڤە).

ئەگەر هاتو مرۆڤ لەبەر هەر هۆیەک نەیتوانی ئەم توانایانەی بەکار بهێنێ بۆ نموونە لەبەر: لاوازی، ڕاڕایی، یان بێ توانایی لەبەر ئەوە ئازار دەکێشێ. ئەم ئازارانەش لە ئەنجامی بێدەسەلاتییەوە دروست دەبێت، لە ڕاستیشدا ئەم حالەتە وا لە مرۆڤ دەکات کە پارسەنگی خۆی لە دەست بدات و، سروشتی مرۆڤیش ئاوایە، کە ناتوانێت بەم بێدەسەلاتییەی خۆی ڕازی بێت، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی تر توانای خۆی بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی. بەڵام ئاخۆ دەتوانێت؟ و چۆنیش؟. دیارە بۆ ئەمەش دوو ڕێگە هەیە:

یەکەمیان:

یەکێک لەو ڕێگەیانەی کە مرۆڤ دەیگرێتە بەر ئەوەیە، کە خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی کەسێک یان کۆمەڵێک کە خاوەنی هێزن (واتە بەهێزن) و هەوڵ دەدات خۆی پێیاندا هەڵواسێت. لە کاتێکدا کە ئەو تەنیا بەشێوەیەکی ڕەمزی بەشداری لە ژیانی کەسێکی تر دەکات، خۆی وا هەست دەکات کە دەتوانێت کاری لێ بکات، لە حاڵەتێکدا ئەم خۆی کەوتووەتە ژێر ڕکێفی ئەوانی تر‌ەوە و تەنیا دەبێت ملکەچی ئەوان بێت و پاشان دەبێتە بەشێک لەوانەی کە کار دەکەن.

دووەمیان:

بـەڵام رێگـەی دووەمـی ئـەوەیـە، لـە رێـگـەی تـوانـای وێرانـکـاریـیـــــــەوە، هـەوڵ دەدات تـوانـا لەدەستـچووەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە. ئەم جـۆرەشیـان لای ئێمـە گرینگە. تێگەیشتن لە مـانای ژیان مـانای ئەوە دەگـەیەنێت کە کەسێک خـۆی وەکو گیـاندارێک نەبینێت، کە فرێ دراوەتە سـەر زەوی، هـەروەک چۆن زار بۆ سـەر تەختەی تاوڵە فرێ دەدرێت. لێ گـەر بێتو ژیان وێران بکات، ئەمـە مانای ئەوەیـە کـــە مـــرۆڤ سنـووری خـــۆی تێ پـەڕاندووە و بەڵام هـەوڵ دەدات لە دەســتـی ئازار و کـــارە نێگەتیڤەکانی خـۆی ڕابکات چونکە ناتوانێت کەسێکی خۆڕاگر بێت. دیارە بۆ تێگەیشتن لە مانای ژیان، پێویسـتـە مـرۆڤ کۆمـەڵێک سـیـفـاتی تایبـەتی هـەبێت، کـە مـرۆڤی بێدەسـەڵات نیـیـەتی. بـەڵام وێرانکردنی ژیان، پێویستی بـەهیچ شتێکی مرۆڤ نییە تەنیا یەک شت نەبێت: ئەویش بەکارهێنانی هێزە. لە کاتێکدا کەسـێکی بێدەسـەڵات، ببێتە خاوەنی دەمـانچەیەک یان چەقۆیەک یان بازووییەکی بەهـێـز بێت، لـە ڕێگەی وێرانـکردنی خـەڵکی تر یـان خـۆی، سنووری ژیان دەبـەزێنێت. (نووســەر مـەبـەسـتی ئەوەیە، کـە وەکو خـەڵکی ئاسـایی و ئاشـتـیـخـواز نەژی و سـوننەتی ژیان ببـەزێنیت... وەرگێڕ). ئەو بـەم شێوەیە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، چونکە ئەو توانایانەی لەلا نەماوە.

" تووندوتیژیی جێگەگرتنەوە"، بەشـێوەیەکی تەواوەتی ئەو جۆرە تووندوتیژیەیە، کـە سـەرچاوەکـەی لە بێدەسـەڵاتییەوە سـەردەگرێت، ئەو کەسـەی بـەردەوامی هـەوڵ دەدا تواناکانی بگەڕێنێتەوە دۆخی جـارانی. لە کاتێکدا کـە هـەڵدەسـتێت بـە وێرانکاری، سـنووری خۆی وەکو مـەخلووقێک دەبـەزێنێت. ئەمـەش زۆر بـەجـوانی ئەلبێرت کـامـۆ لـە ڕۆمـانی بێگانەدا لە زاری " کالیگولا "وە باسی دەکات و دەڵێت:

(من دەژیم، من خـەڵکی دەکوژم، من خـاوەنی هـێزێکی بێ سنووری کوشـتنم، گـەر توانای خوا، لەگـەڵ توانا و بـەهێزیی منداً بـەروارد بکەیت، وەکو یارییەکی منداڵانە دێتە پێش چاوم)

ئەمـە تووندوتیژییـەکی بێ سـنوورە، تووندوتیژییـەک کـە ژیان هیچ جـۆرە توانـایەکی پێ نـەداون، بۆ ئەوەی گـوزارشـتێکی باش لە تـواناکانی مـرۆڤ بکەن. ئەوان پێـویسـتـیـان بـە وێرانـکردنە بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بسـەلێنن.

حـوکـمکردنی گـیـانلەبـەرێکی تر (مـرۆڤ بێت یـان ئاژەڵ) بەشـێـوەیەکی ڕەها و بەتـەواوەتی پێوەندییـەکی پتـەوی بـە تووندوتیژیی جێگەگرتنەوە هـەیە و، ئـەم ویستـەش جەوهـەری سادیـەتە. چونکە لە سـادییـەتدا (هـەروەک لە کـتـێـبـەکـەی تـرمـدا " راکـردن لە ئازادی" ئامـاژەم پـێ کـردووە)، تـەنیـا چێژوەرگرتن لە ئازاردانی خـەڵکی تر نییـە، بگـرە لە شێوازەکانی سـادییـەتدا بۆمان دەرکـەوتووە کە جـەوهـەری سـادییـەت یـەک شـتـە: ئەویش کۆنترۆڵکردن " زاڵبـوون" بەشـێـوەیەکی تـەواوەتی بـەسـەر کـەسـێکی تردا و ئەو کـەسـەش بکەیتـە کـەسـێکی بێ ئـیـرادە و بێدەسـەڵات و خـۆت بکەیتـە خـوا و

هەموو کارێکی پێ بکەیت. زەلیلکردنی مرۆڤ و بە کۆیلەکردنی، تەنیا ئامرازێکن بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، ئامانجی سەرەکیش لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو کەسە ناچار بکەیت بەئازارچەشتن رابهێنیت و وای لێ بکەیت کە نەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. دیارە چێژوەرگرتن لە کۆنترۆڵکردن " زاڵبوون " بەشێوەیەکی رەها بەسەر مرۆڤێک یان (گیاندارێکی زیندوو)دا، هۆکاری سەرەکیی نەخۆشیی سادیەتە. ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی تر گوزارشت لەم دیاردەیە بکەین و بڵێین کە سادییەت مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ بکەیتە شتێکی تر، یان گۆڕینی شتێکی زیندوو بۆ شتێکی مردوو، چونکە کۆنترۆڵکردن و حوکمکردنێکی کەسێکی تر بەشێوەیەکی رەها، ئەو کەسە سیفاتی جەوهەری ژیان دەدۆڕێنێت کە ئەویش بریتییە لە " ئازادی".

ئەوەی بەشێوەیەکی تەواوەتی ئەزموونی لەگەڵ توندوتیژیی وێرانکاری و سادی لەلای (تاک یان کۆمەڵ) هەبێت، تەنیا ئەو تێ دەگات کە " توندوتیژیی جێگەگرتنەوە" شتێکی ڕووکەشی نییە و لە ئەنجامی کاریگەری خراپ، یان نەریتێکی دڕندانە، یان شتی لەم بابەتە نییە. بگرە ئەمە توانایەکە لەناو مرۆڤدا هەیە و کە لەگەڵ هێز و توانا و ویستی بۆ ژیان یەکسانە. ئەم بۆیە هێندە تا ئەم ئاستەی ئێستای بەهێزە، چونکە لە ناخیدا نوێنەرایەتیی شۆڕشێکی ژیان دەکات و دژ بە بێدەسەڵاتی دەجەنگێت. مرۆڤ خاوەنی توانایەکی بەهێزە بۆ تووندوتیژیی وێرانکاری و سادی چونکە پێش هەموو شتێک مرۆڤە، نەک شتێکی تر، وە ئەو دەبێت گەر نەتوانێت ژیان دروست بکات ئەوا دەبێت ژیان وێران بکات. لە کۆندا شانۆی ڕۆمانی، کە بەهەزاران کەسی بێدەسەڵات کۆ دەبوونەوە، چێژیان لەوە وەردەگرت، کە مرۆڤێک لەلایەن ئاژەڵێکی دڕندەوە بخورێت یان کەسێک کەسێکی تر بکوژێت، ئەمەش لووتکەی حاڵەتی سادییەت دەگەیەنێت.

لەم شیکردنەوەیەدا دەگەینە شتێکی تر. تووندوتیژیی جێگەگرتنەوە لە ئەنجامی ژیانێکی مردووی ناخی مرۆڤ دروست بووە. کە بۆ ماوەیەکی زۆرە لە ناخی مرۆڤدا خەفە کراوە ئەویش لە ڕێگەی ترس لە سزدان، ئەم جۆرە تووندوتیژییەش دەتوانرێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێگەی ساختەوە دەربببڕێت کە لە شێوەی یاری و کات بەسەربردندا خۆیان پیشان دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە ئەم هێزە بەشێوەیەکی خەفەکراوی لە ناخی مرۆڤدایە، بەڵام خاوەنی هێزی تەواوی خۆیەتی، لە هەر کاتێکدا بیەوێت دێتە دەرەوە و دەردەکەوێت بگرە توانای هێزیشی زۆرترە. لێ باشترین چارەسەر بۆ تووندوتیژیی جێگەگرتنەوە ئەوەیە، کە توانا داهێنەرەکانی ناخی مرۆڤ بەهێز بکرێت و هەوڵ بدرێت ئەم توانایانە بکرێنە وزەیەکی باشی بەرهەمهێنەرانە. ناتوانین ڕێگە لەو مرۆڤانە بگرین کە وێرانکەر و سادین، هەتاوەکو ئەو مرۆڤە هەستی بێدەسەڵاتی لە ناخیدا نەمێنێت، تەنیا ئەو کاتەی کە وا لە مرۆڤ دەکرێت گرینگی بە ژیان بدات و، ئینجا دەتوانرێت ئەم حەزە خراپانەی مرۆڤ لەناو ببرێت، کە بەداخەوە مێژووی مرۆڤایەتیمانیان پڕ کردووە لە شەرمەزاری.

لێرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە تووندوتیژیی جێگەگرتنەوە بەپێچەوانەی تووندوتیژیی بەرەنگارییەوە لە خزمەتی ژیان نییە، بگرە ئەلتەرناتیڤێکی نەخۆشانەی ژیانە، کە گوزارشت لە

بێدەسەڵاتی بەرامبەر بە ژیان و بۆشایی دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ئەم تۆندوتیژییە دژی ژیانە، بەڵام گوزارشت لە پێداویستییەکی مرۆڤ دەکات بۆ چالاککردنی ژیان و خەبات لە دژی بێدەسەڵاتی.

تۆندوتیژیی تینووبوونی سەرەتایی بۆ خوێن " خوێن برسی "

دواین جۆری تۆندوتیژی کە باسی دەکەین، تۆندوتیژیی تینووبوونی خوێنە و ئەمەش پێوەندیی بەتۆندوتیژی بێدەسەڵاتییەوە نییە، بگرە بریتییە لە تینووبوون بۆ خوێنی مرۆڤ، کە بە سروشتەوە بەستراوە. لە ناخیدا ئارەزوویەک هەیە بۆ کوشتن، کە ئەمەش زیاتر وەکو ڕێگەیەکە بۆ بەزاندنی سنووری ژیان، تاوەکو ترسێک کە لە ناخی مرۆڤدایە بۆ پێشوەچوون و گۆڕان، بۆ بوون بە کەسێکی کامڵ (کە پاشتر باسی لێوە دەکەم). لەم جۆرەشدا ئەو کەسە دەیەوێت مانایەکی تایبەت بە ژیان بدات، ئەویش لە ڕێگەی گۆڕانی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ و بەم شێوەیەش لە کۆت و بەندەکانی عەقڵ و لۆجیک خۆی ڕزگار دەکات، بەم شێوەیەش " خوێن " دەبێتە جەوهەری ژیان. هەر لێرەشدا خوێنڕشتن دەبێتە، مرادفێک بۆ هەستکردن بە زیندوویی و هێز و تاکگەرایی و سەرکەوتن بەسەر خەڵکی تردا. لەم حاڵەتەدا کوشتن دەبێتە " پاککردنەوەیەکی مەزن " و، سەپاندنی بوونێکی مەزن کە بەرەو ئاستێکی بەرزتر هەنگاو دەنێت. لە بەرامبەردا بکوژرێیت تاکە ئەلتەرناتیڤی مەنتیقییە بۆ کوشتن، هەر ئەویش پارسەنگی بۆ ژیان دەگەڕێتەوە و ئەویش بەپێی چەمکە کۆنەکە کە دەڵێت: هەتا دەتوانیت خەڵکی بکوژە و کاتێک ژیانت تێر بوو لە خوێن، ئینجا خۆت ئامادەی بۆ ئەوەی یەکێکی تر بێت تۆ بکوژێت.

لەم جۆرە تۆندوتیژییەدا، جەوهەری کوشتن مانای خۆشەویستی بۆ مەرگ ناگەیەنێت، بگرە مانای سەپاندن و سنووربەزندانی ژیان، بە شێوازێکی زۆر ناشیرین و نزم دەگەیەنێت. دەتوانین هەست بەم تینووبوونی خوێنە لای تاکەکان، لەناو خەون و خەیاڵەکانیدا بکەین و زۆرجاریش دەتوانین هەست بەمە بکەین، کاتێک کە ئەو کەسە تووشی نەخۆشییەکی مێشکی توند و یان تاواندا دەبێت. هەروەها دەتوانین لە کاتی شەڕەکاندا (ناوەخۆیی و جیهانی)، کاتێک سنووربەزاندن لە شتە پیرۆزە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، هەست بەم تینووبوونی خوێنە بکەین. هەروەها دەتوانین ئەم هەستە لە کۆمەڵگە کۆنەکانی مرۆڤایەتیدا بکەین، لەو کاتەدا کوشتن (یان هەوڵدانی کوشتنی یەکێک) جەمسەرییەک (قطبیە) بووە، کە ژیانی بەڕێوە دەبرد. بۆ نموونە لە کاتی تۆڵەسەندنەوەیەکی خوێناوی کە لە هەندێک ناوچەدا ئەنجام دراوە، وەکو لە (کۆسیکا، مۆنتینیگۆ، جبل الاسود***)، و یا خوێن پێدان لە ڕێگەی خوادا، هەروەک لە سەردەمە کۆنەکاندا ڕووی دەدا. دیارە کورتە چیرۆکەکەی (گۆستاف فلوبێر، ئەفسانەی قەدیس جولیان ئێسبیتاری) وەسفێکی ئێجگار جوانی چێژوەرگرتن لە کوشتن دەکات. ئەم چیرۆکەی فلوبێر باس لەوە دەکات، کە کابرایەک هەبووە، هەر لە کاتی لەدایکبوونیەوە، پێیان وتووە کە گەورە بووید دەبێتە

سەرۆکێکی مەزن یان قەدیسێکی گەورە. ئەم منداڵە زۆر ئاساییانە گەورە دەبێت، هەتا رۆژێک حەزی کوشتن لای دەردەکەوێت. لە کاتێکدا کە لە کڵێسا خزمەتی دەکرد، سەیری کرد مشکێکی بچووک لە پەنا دیوارەکەدا بە خێرایی ڕادەکات. ئەم مشکەش زۆر تووڕەی دەکات، هەر بۆیە بڕیار دەدات کە بیکوژێت. بەم شێوەیە، دەست دەکات بە ئەنجامدانی کارەکەی، سەرەتا دەچێت دەرگەکە دادەخات، پاشان هەندێک نان دەخاتە بەردەم کونی مشکەکە، دەرزییەکی گەورەی تیژیشی بە دەستیەوە گرتووە و چاوەڕێی دەکات تا بێتە دەرەوە.

پاش ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی، سەرەتا لووتە بچووکەکەی مشکەکە دەردەکەوێت، دوای مشکەکە دێتە دەرەوە. ئەویش یەکسەر دەرزییەکە بە هێزێکی تۆندی دەکات بە مشکەکەدا، پاشان بە وردی سەیری لاشە بچووکەکەی مشکەکە دەکات، کە هیچ ناجوواڵێت. قەترەیەک خوێن دەڕێژێت و کڵێساکە پیس دەکات، ئەویش یەکسەر دەچێت خوێنەکە دەسڕێتەوە و زەوییەکە پاک دەکاتەوە. لە دواییدا بەخێرایی شوێنەکە پاک دەکاتەوە و مشکەکەش فڕێ دەداتە دەرەوە بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک لەم کارەی ئاگەدار بکاتەوە. دوای ئەوە ئارەزووی کوشتنی باڵندە دەکات، هەر بۆیە دەست دەکات بە کوشتنی، یەک لە دوای یەکی باڵندەکان، وای لێ دێت کە دڵی بەبێ خوێن ئاو ناخواتەوە و تووشی نەشوەیەکی وەحشییانەی سەیر دەبێت. پاشان کوشتنی ئاژەڵەکان، دەبێتە نەخۆشییەکی خراپ بۆ ئەم کورە، کە ناتوانێت بەبێ کوشتنی ئاژەڵ دڵی بحەوێتەوە. هیچ ئاژەڵێک، چەندە بەهێز بووایە یان خۆی بشاردایەتەوە، لە دەستی دەرنەدەچوو دەیکوشت. بەم شێوەیە خوێنڕشتن بوو بە هۆیەک، بۆ ئەوەی ئەو کورە بوونی خۆی بسەلمێنێت و تاکە ڕێگەشی بوو بۆ ئەوەی کە سنووری ژیان ببەزێنێ.. بۆ ماوەی چەندان ساڵ کوشتنی ئاژەڵەکان، بووبووە تاکە ئارەزوو و حەزی ئەم کورە. کاتێک شەوان دەگەڕایەوە، هەموو گیانی خوێن بوو، بۆنی وەحشێکی بەربەری لێوە دەهات. دیارە توانی بە ئامانجی خۆی بگات، کە بڕێتی بوو لەوەی کە لە مرۆڤەوە بۆ ئاژەڵ بگۆڕێت. بەڵام بەحوکمی ئەوەی هێشتا مرۆڤ بوو، نەیتوانی ئەو خەونەی بەتەواوەتی بهێنێتە دی.

رۆژێکیان دەنگێک لە ناخی پەیدا دەبێت و پێی دەڵێت، لە کۆتاییدا دایک و باوکی خۆت دەکوژیت. ئەویش لە ترسی ئەم دەنگ و هەواڵە، مااڵ بەجێ دەهێڵێ و بەرەو دارستانەکان ڕادەکات، وازیش لە ئاژەڵ کوشتن دەهێنێ. تا پاشتر دەبێتە سەرکردەیەکی مەزنی عەسکەری و ناوبانگی زۆر دەردەکات. لە یەکێک لە شەڕەکاندا، سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دەهێنێ، لە ئەنجامی ئەو کارەی، خەڵاتی دەکەن و ژنێکی جوان و ناسکی پێشکێش دەکەن. کورەکە لەگەڵ ئەم ژنەدا، ژیانێکی ئاسایی دەگرێتە بەر و واز لە هەموو شتێک دەهێنێت. دوایی دیسانەوە ئارەزووی ڕاوکردن دەکاتەوە، لێ وەکو جاران تیرەکەی باش نیشان ناپێکێ. تا رۆژێکیان هەموو ئەو ئاژەاڵنەی کە پێشتر ڕاوی کردوون، دەورەی دەگرن و بازنەیەک بە دەوریدا دەکێشن. ئەمیش لە ناوەڕاستی هەموویاندا چەق دەبێت و تووشی ترسێکی زۆر گەورە دێت. لە پڕدا بەخێرایی لە دەستیان هەڵدێ و بەرەو ماڵەوە ڕادەکات. لەو کاتەدا باوکی کورەکە دەچێتە ماڵی کورەکەی،

هەواڵنامەی کێبڕکێ

ژنەکەی وەکو ڕێزێک لە باوکی مێردەکەی، پێی دەڵێت بچۆ لەسەر سیسەمەکەی ئێمە پاڵ بکەوە. کاتێک ئەم بەپەلە خۆی دەکات بە ژووردا، سەیر دەکات پیاوێک لەسەر سیسەمەکەی پاڵ کەوتووە، یەکسەر پەلاماری شمشێرەکەی دەدات و دەیکوژێت، پاش ئەویش ژنەکەشی دەکوژێت. پاشتر بۆی دەردەکەوێت کە چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە.

پاش ئەم ڕووداوە جولیان تووشی حاڵەتێکی دەروونیی خراپ دەبێت و پاشتر دەچێتە کڵێساوە و هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەژار و داماو تەرخان دەکات.

بابەتی سەرەکیی ئەم چیرۆکەی فلوبێر وەسفکردنی هەستی خوێن بڕسیبوون لە ناخی مرۆڤدا دەکات.

لەم چیرۆکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێک کەسێک دەگاتە کۆنترین ئاستی پێوەندی بە ژیانەوە (مەبەستی پایزی تەمەنی مرۆڤە... وەرگێڕ)، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ بەرزترین ئاستی پێشکەوتنی، بۆ ئاستێک کە ژیانی مرۆڤیبوونی خۆی بسەلمێنێت. ئەوەی گرینگە لێرەدا سەرنجی بدەین ئەوەیە، کە بڕسیبوون بۆ کوشتنی خەڵکی، جیاوازە لە خۆشەویستی بۆ مەرگ، هەروەک لە بەشی سێیەمدا باسی دەکەم. چونکە لێرەدا خوێن دەبێتە جەوهەری ژیان. لێرەدا ڕشتنی خوێنی کەسی تر، مانای پێدانی خوێن بە زەوییی دایک، بۆ ئەوەی بەپیتبوونی زیاتر بێت. (بۆ نموونە دەتوانیت ئەمە بەبۆچوونی ئازتک***** بەراورد بکەیت، ئەوان لەو باوەڕەدا بوون، کە خوێن ڕشتن پێویستی و مەرجە، بۆ ئەوەی گەردوون بەردەوامی بە خۆی بدات. یان دەتوانیت بە کوشتنی هابیل و قابیل بەراورد بکەیت)

لێرەدا دەتوانین ئەم بۆچوونە وەکو (خوێن لەبەرچوونی ژنان) سەیر بکەین. گەر زەوی لە بەرامبەر ژن – دایک دابنرێت. ئامانجی سەرەکی لە خوێنچوونی ژنان، پاککردنەوەی خوێنە. ژن جەمسەری ژیانە و تەنیا کاتێکیش بەشێوەیەکی تەواوەتی دەبێتە سەنتەری ژیان، کە مرۆڤێکی نوێ لەسەر زەوی پەیدا دەبێت، بەشێوەیەک کە ژن دەبێتە بابەتی " ویست و خۆشەویستی"******.

کۆتایی خوێن ڕشتن مردنە، لە کاتێکدا ئامانجی خوێن لەبەرچوونی ژنان، پاککردنەوەی خوێن و لەدایکبوونە. لێ ئامانجی یەکەم، وەکو ئامانجی دووەمە، ئەویش سەلماندنی ژیانە، هەرچەندە ئەمەش لە سەروو ئاستی بوونی حەیوانییەوەیە.

کەسی بکوژ دەتوانێت ببێتە خۆشەویست ئەگەر هاتو ژیانێکی نوێ لەدایک بووەوە و بەهەموو شێوەیەکیش پێوەندیی خۆی بە زەوییەوە پچڕاند و لە کۆتاییشدا ئەگەر هاتو توانی واز لە "نەرجسیەت" بهێنێت. هەرچەندە ئێمە ناتوانین نکوولی لەوە بکەین، گەر هاتو نەیتوانی ئەمە بکات، ئەوا لە نێوان نەرجسییەت و مێشکی سەرەتاییی خۆیدا گیر دەخوات، هەر ئەم گیربوونەش وای لێ دەکات کە ڕێگەی ژیانی زۆر لە ڕێگەی مردن نزیک بێتەوە، بە جۆرێک کە ناتوانێت لە نێوان بڕسیبوون بۆ خوێن و خۆشەویستی بۆ مەرگ لێکیان جیا بکەیتەوە.

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبە وەرم گێڕاوە.

جوهر الانسان. آريش فروم. ترجمة. سلام خيربك. دار الحوار. الطبعة الاولي. ٢٠١١.

پەراوێزەکان:

* هیتلەر ساڵی ١٩٣٩ هێرشێکی درۆیانەی بۆ سەر ئێزگەیەکی ئەڵمانی لەسەر سنووری پۆڵۆنیا دروست کرد (کە لە ڕاستیدا ئەندامانی SS ئەم کارەیان ئەنجام دا)، ئەمەش بۆ ئەوەی کە بڕوا بە خەڵکی بکات، کە پۆڵۆنیا بەتەمایە هێرش بکاتە سەر ئەڵمانیا و، بەم شێوەیەش بیانووی بۆ هێرشی پێشوەخت بۆ سەر پۆڵۆنیا هێنایەوە.

** نەرجسیەت. Narcissism، مانای زیاد لە پێویست خۆت خۆش بوویت. ئەم وشەیەش لە ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانییەوە هاتووە، کە تێیدا هاتووە، کاتێک " نارس" زۆر جوان بووە و کاتێک وێنەی خۆی لە ئاوێکدا بینیوە، خۆی خۆش ویستووە. سیمای سەرەکیی کەسایەتیی نەرجسی ئەوەیە، کە زۆر خۆپەرستە، وا هەست دەکات کە خۆی باشترین و زیرەکترین و جوانترین کەسی سەر ڕووی زەوییە، وە خەڵکی تریش لە خۆی بە کەمتر دەزانێت و دەیەوێت بیانچەوسێنێتەوە و گاڵتەیان پێ بکات. هەموو کاتێک حەز دەکات خەڵکی تر وەسفی بکەن و بەهیچ شێوەیەکیش ڕەخنە و سەرنجی خەڵکی تر قبوڵ ناکات و ڕقی لەو کەسانەش دەبێتەوە کە ڕەخنەی لێ دەگرن.

*** مەبەست لەم وشەیە هەموو ئەو بنەما سەرەکییانەی کە کۆمەڵگەکەی لێ دروست بووە.. یاسا، نەریت، ئاین، مێژوو. دەگرێتەوە.

**** لە سەردەمی کۆندا، کوشتنی مرۆڤ لە ناوچەی مۆنتینیگۆ" جبل الاسود"دا، کارێک بووە، کە جێگەی شانازیی خەڵکی بووە. (دیارە ئەمە لەناو خێڵە کۆچەری و بەربەرییە تورک و عەرەبییەکانیشدا هەمان شت بووە)

***** ئازتک. ئیمپراتۆریەتێکی گەورە بوو لە مەکسیک. لە نێوان ساڵانی ١٤٢٨ هەتا ١٥٢١، حوکمی تەواوی وڵاتی مەکسیکی دەکرد. ئەوان خاوەنی شارستانیەکی ئێجگار گەورە و مەزن بوون. لە ڕووی ئاینییەوە باوەڕیان بە ئاینی سروشتی هەبوو، (خوای خراپە و خوای خێر، خوای هەتاویان هەبوو). کۆمەڵێک پەرستگایان لە شێوەی (ئەهرامات) دروست دەکرد، کە هەتاوەکو ئێستاش ئاسەواری ماوە. ئەمان پێیان وابوو، کە پێویستە بۆ خوای چاکە قوربانیی مرۆڤی پێشکێش بکرێت بۆ ئەوەی بەهێز بێت و نەهێڵێت خوای خراپە کاری خراپ لە دژی مرۆڤ بکات. جێگەی ئاماژەیە زیاتر قوربانییان ئەو کەسانە بوون، کە لە شەڕەکاندا بە دیل دەگیران.

****** بەپێی ئەو چیرۆکەی کە لە کتێبی پیرۆزی ئینجلیدا هاتووە، کە ئامانجی خوا لە دروستکردنی " حەوا" بۆ ئەوە بووە کە ئادەم هەست بە تەنیایی نەکات و دۆستێکی هەبێت. واتە لەبەر خاتری ئادەم، حەوا دروست بووە.

چیا هەرە بەرزەکانی جیهان

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

ئەندیز

چیاکانی ئەندیز پێکهاتەیەکی گەورەی بەردینی جیهانە:

زنجیرە چیای ئەندیز، زنجیرەیەکی درێژی سەرکەناری ڕۆژئاوای ئەمەریکای باشوورە، درێژییەکەی دەگاتە حەوت هەزار کیلۆمەتر، پانییەکەشی نزیکەی پێنجسەد کیلۆمەترە، ڕێژەی بەرزاییەکانی ئەو چیایە دەگاتە چوار هەزار مەتر، ئەو زنجیرە چیایە لەنێوان حەوت دەوڵەتی ئەو پارزەوینە ڕەت دەبێت، لەوانە ئەرجەنتین، ئەکوادۆر، بولیڤیا و پیرۆ و شیلی و کۆڵۆمبیا و ڤەنزوێلا، ئەو چیایە یەکێکە لە چیا گەورەکانی جیهان. دەڵێن بۆیە ناو لەو چیا نراوە، ئەندیز، لەبەر تەقینەوەی بورکانەکانی ناوچەی ئەندیزیت بووە، کە لە ئەنجامی ئەو تەقینەوە مەزنە گەورانە ئەو چیا گەورانە دروست بوون. ئەو زنجیرە چیایە بەرزترین چیان لە دەرەوەی پارزەوینیی ئاسیا. بەرزترین لووتکەی چیاکەش لووتکەی ئاکونکاگوایە کە دەگاتە ٦٩٥٩ مەتر لەسەر ئاستی دەریا بەرزترە.

چیاکانی ئەندیز لە ڕووی سروشتییەوە بووە بە سێ بەشی دیاریکراو، بەشی باشوور و بەشی ناوەڕاست و بەشی باکورەکەی، بەرزاییی بەشەکەی باشووری ئەو چیایە دەگاتە سێ هەزار مەتر لەسەر ئاسی دەریا، ئەو خاڵەش دەکەوێتە بەشی خواروویی پارزەوینەکە. هەرچەند بەرەو باکور لەگەڵ ئەو زنجیرە چیایە هەڵدەکشێت لووتکەکانی بەرزتر دەبن، تا دەگاتە لووتکەی ئاکونکاگوا کە بەرزاییەکەی دەگاتە ٦٩٥٩ مەتر و ئەو لووتکە بەرزەش لەناو سنووری ویلاتی ئەرجەنتینە و سەد کیلۆمەتر لە سانتیاگۆی پایەتەختی شیلییەوە دوورە و ئەو لووتکەش بەرزترین لووتکەی چیاکانی هەردوو ئەمەریکایە.

ئاخۆ ئەو زنجیرە چیایە کە بە درێژترین چیا دەناسرێ، یەک زنجیرەی نەپساوەیە؟ ئاخۆ ئەو

چیایەی کە بەدرێژاییی کەنارەکانی ڕۆئاوای پارزەوینی ئەمەریکای باشووری و لە باکورەوە دەست پێ دەکات، کە لە کەنارەکانی کاریبییەوە دەست پێ دەکات و لە باشووری دوورگەی تیرادالفویگو کۆتاییی دێت. ناوی ئەو دوورگەیەش ماناکەی خاکی ئاگرە. ئەو زنجیرە چیایە کە لە باکورەوە بەرەو باشوور دەڕوات چەندان گرد و گۆمە ئاوی تێدایە، هەروەها زنجیرەی تری لە ڕۆهەڵاتەوە بەرەو ڕۆئاوا لێ جیا دەبێتەوە، خەسڵەتی زنجیرە ڕۆئاواییەکەی وایە کە دەکەوێتە سەر بەشێکی لاوازی گۆی زەوی و دەکەوێتە سەر کەنارەکانی زەریای ئارام، بۆیەش ئەو بەشەی چیاکە دووچاری لەرزین و بلەرزە و بورکانیشی تێدا دەتەقێتەوە. ئەگەرچی پانی ئەو چیایە لە چاو درێژییەکەی تەسکترە، بەڵام ئەو چیایە بووە بە بەرست بۆ گەیاندن و ئاودیوبوونی ئاسانیی نێوان کەنارەکانی زەریای ئارام لە ڕۆئاوا، هەروەها هەموو خاکی پارزەوینەکەش لە ڕۆهەڵاتەوە؛ لە نێوان هەردوو وڵاتی شیلی لە ڕۆئاوا و ئەرجەنتین لە ڕۆهەڵات بواریکی تەسکی بۆ گەیاندن و بەیەکبەستنەوەی ئەو دوو وڵاتەی گونجاو کردووە.

لە بەشی ناوەڕاستی ئەو چیایە پانییەکەی ئەستوور و بەرزاییی لووتکەکانی بەرزتر دەبێت. ئەو ناوچەیەش بەوە ناسراوە کەوا بارانی کەم تێدا دەباریت، بۆیەش کەسکایەتی و دەریاچەکانی کەمە، ئەوەش بەپێچەوانەی بەشی باشووری کە بە دارستانی چڕ داپۆشراوە، دەریاچەی گەورە و ئاوی زۆرە و لووتکە بەرزەکانیشی لە بەفردا سپی دەچنەوە. لەناو بەشی ناوەڕاستەکەی ئەو چیایە لووتکەی ئاکونکاگوا کە بەرزاییەکەی دەگاتە نزیکەی حەوت هەزار مەتر، لەوێ چەند بوار و ڕێگەی تێدایە، بەڵام ڕێگەکان سەختن، بەرزاییەکەی دەگاتە نزیکەی چوار هەزار مەتر. ئەو چیایە بەرینییەکەی دەکەوێتە ناو سنووری وڵاتی بولیڤیا، کە دەگاتە یەک کیلۆمەتر، کە دابەش بووە بە سەر سێ زنجیرەی سەرەکی و چەندان تیشە شاخی لێوە جیا بووەتەوە، لەو ناوچەیەش چەندان سەرچاوەی ئاو هەیە، گۆمی گچکە گچکە هەیە، ئەوانەش دەبنە سەرچاوەی ڕووباری ئەمازوون. هەندێ لە لووتکەکانی ئەو چیایە لەناو وڵاتی بولیڤیا دەگاتە زۆرتر لە شەش هەزار و پێنجسەد مەتر، بۆیەش سەریان بە بەفر داپۆشراوە، ئەو سەهۆڵبەندانەش بە لەرزینی بەردەوامی ناوچەکە دەڕمێت و ڕەنووەکەی بەردەوامە.

بلەرزەی بەردەوامی ناوچەکە زیانی زۆر بە گوندەکان و کێڵگەکانیان دەگەیەنێ، لەگەڵ شەختەبەندانەکانی ئەو ناوچانە، بورکانەکان بەفرەکان دەتوێننەوە و ناوچەکە دەکاتە چڵپاو و قوڕی گەرم، وەک بورکانەکەی نیڤادو دل رویز لە کۆتاییی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٥ شۆڕشێک بوو، لەگەڵ سوتان و کوڵاندنی شاری ئەرمیرو لە کۆماری کۆڵۆمبیا بیست و سێ هەزار کەسی لەو شارە زیندەبەچاڵ کردبوو.

لە وڵاتی ئوکوادۆر چیاکە شێوەی تەپۆڵکەیی وەردەگرێت، دوو زنجیرەی بورکانیش گەمارۆیان داوە، زنجیرە ڕۆئاواییەکەی بورکانەکان ژمارەیان نۆزدە بورکانە، هەندێکیان بەرزاییەکەیان دەگاتە چوار هەزار مەتر، بەشە ڕۆهەڵاتییەکەشی ژمارەی بورکانەکانی دەگاتە بیست شاخی

بورکـانـی، کـه هـەندێکیـان بـەرزاییـیـەکـەیان دەگـاتـه چـوار هـەزار و پێنـجـسـەد مـەتر، بەشـه ڕۆهـەڵاتیـیـەکەی چیـاکـەش ناوچەیەکی بە بارانـه بۆیه ئاوی زۆرە و بە دارسـتـانی چڕ رازاوەتەوە، سـەرووی چیـاکـەش خـاکێکی بەیاری وشکە. شـاخـەکان بەردەوام بـە تـەم گیـراون، وەک لووتکەی شاخی رویزی بورکانی کە بەرزاییـیـەکەی دەگاتـه شـەش هـەزار مـەتر، هـەڵچوون و گڕ و گڵپـەی ئەو شاخە هـەر ماوە.

جـۆران ئاژەڵ لەو چیـایانـه دەژین، لەوانـه فـیـکـونیـا کـه لەسـەر چیـاکـان بۆ لەوەڕ و ئاو دێنـه خوارەوە، ئەو گیانەوەرە بەردەوام خۆی لەناو خۆڵ دەگەوزێنێت. فیکونیا جۆرێکە لە ئاژەڵی لاما، کە زۆر بەغارە و لە راکردن وریـایـە، لەبەرئەوەی لەناو گیا و پووش دەژیت، بۆیە کـە دوژمنەکـانی ڕووی تێ دەکەن بواری خـۆشـاردنەوەی نیـیـە، ئەو ئاژەڵە دەتوانێت مـاوەیەکی زۆر بەبـێ ئاو بژیت و ئاوی پێویستیشی لەناو خواردنەکانی هـەڵدەمژێت.

چیـاکانی ئەندیز بە باڵندەی فـلامنکۆ کـە بە عـەرەبی وشـەی نەحامـیان بۆ داناوە دەژیت، فـلامنکۆ لەسـەر دەریاچـە سـوێرەکان دەژین و کـە لە هـەرێمی ئەلتنلانو لەسـەر دەریاچەی تیـتیکاکا بوونیـان هـەیە، ئەو باڵندانـە بـە ژمـارە دەگـەنە هـەزاران دانـە و خـواردنی خـۆیان لەو ناوچـانـە پەیدا دەکـەن، جۆری فلامنکۆکان دەگاتە سێ جۆر، لەوانـه فلامنکۆی ئەندیز و فلامنکۆی شیلی و فلامنکۆی بونا.

سێیـەم جـۆری ئـاژەڵ لەو چیـایـە شـێـری چیـایـە کـە بـە ئـاژەڵێکی بێدەنـگ ناسـراوە و کـەم کـەس گـوێی لـە ڕەی دەبێت، کـە دەنگیـشی دێت لە دەنگی هـاواری بنیـادەم نزیکە. ئەو شـێـرانەی لەو ناوچەدا دەژین تـەنیـا لە مـاوەی زاوزێدا لەگـەڵ یەکدا دەبن، یان کە بێـچـووبان دەبێت، بەڵام پاش مـاوەیەکی کـورت بێـچـووە شـێـرەکان لە خـۆیان دوور دەخـەنـەوە. شـێـر نێـچـیـرەکـانیـان بەپـەلە ڕاو دەکەن، بۆ ڕاوکردنە لە ناکاوەکانیدا خۆی نەوی دەکات و بە هێمنی بەدواوەی دەبێت تا دەیگرێت.

چیای ئەتڵەس

چیای ئەتڵـەس لەناو خاکی مـەغریبی عەرەبییـەوە دەڕوات، ئەو زنجیـرەیە دابەشی سێ ناوچە بووە، ئەتڵـەسی ناوەڕاست، ئەتڵـەسی گـەورە و ئەتڵـەسی گـچکە، لـووتکەی چیـای یەکـەم بەرزاییـیـەکـەی دەگاتە سـێ هـەزار و سێسـەد و پەنجا مـەتر بەشە گـەورەکەی ئەو چیـایە بەرزترین لووتکەی بەناوی توبقالە و بەرزاییـیـەکەی دەگاتـه چوار هـەزار و سـەد و شێست و حـەوت مـەتر لەسـەر ئاستی دەریا، ئـەوەش بەرزترین لـووتکەی چیـــایـە لە ولاتی عـــەرەبی. دووەم لـووتکـەش لە بـەرزی لە پـارزەوینـی ئەفـریقیـا پاش لووتکەی کلیـمنجـارو لە ولاتی تەنزانیـا کـە بەرزاییـیـەکـەی دەگاتە پێنج هـەزار و هـەشتسـەد و نـەوەت و پێنـج مـەتر، نزمترین لووتکەش لە چیای ئەتڵـەس دەکـەوێتە ڕۆهـەڵاتی مـەغریب کە بەرزاییـیەکەی تەنیا دوو هـەزار و پێنجسـەد و سی و یەک مـەترە.

لە ڕووی جـیـولۆجییـەوە ئەو چیـایە بە دوو قـۆناخ پێک هاتووە، بەشـە ڕۆئاوایـیـەکـەی تەواوکـەری

چیای سیرانیفادای ئەسپانییە کە بەپێی توێژینەوە جیۆلۆجییەکان دیارە ئەو چیایە جاران یەک بەش بووە، دیارە ئەوەش پێش دروستبوون و پەیدابوونی تەنگەی چیای تاریق و بەشە کەناریەکان بووە، ئەو بەشە تەریب و هاوشێوەی چیاکانی ئەلبی ئەوروپاییە.

لە نێوان زنجیرە شاخەکانی ئەو چیایە چەندان دۆڵی بە پیت و بەرهەمدار هەبووە، دیارە بەرزاییی لووتکەی چیاکە بەشێکی زۆری ئاوی هەورەکانی ئەو بەرزاییانەی بەردەکەوێت. ئەو چیایە جاران بە داری ئەلەرز داپۆشرابوو، بەڵام ئێمرۆ لە ئەنجامی داربڕینەوە و بایەخنەدان بە سامانی دارستانەکان بەشێکی زۆری ئەو چیایە رووتاوەتەوە و داری نەماوە. لەناو ئەو چیایە چەندان جۆرە کانزا هەیە، لەوانە زێڕ و زیو و زەنگ و مس و ئاسن و مەنگەنیز و گۆگرد و پیترۆل، دانیشتوانی ئەو ناوچانەش ئاوێتەیەکی کۆمەڵایەتیی تێکەڵن، بەڵام ئەمازیگییەکان بەشی زۆری دانیشتوانی چیاکانی ئەتڵەس پێک دەهێنن. چیای ئەتڵەس لە خواروو ڕۆئاوای هەتا باکوری ڕۆهەڵات بەوڵاتی مەغریب دەڕوات، لەو وڵاتەش بووە بەو بەشانە:

ئەتڵەسی گەورە:

ئەو بەشەی ئەو چیایە لە ئەگادیرەوە هەڵدەکێشێ و لەسەر کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسییەوە بەرەو باکوری ڕۆهەڵاتی وڵاتەکە دەڕوا، بەرزترین لووتکەش لووتکەی توبقالە، کە دەکەوێتە شەست کیلۆمەتر خواروو شاری مەراکش، لووتکە بەرزەکەشی بەرزترین لووتکە شاخە لەناو وڵاتانی عەرەبی، ئەو بەشەش دەبێتە دوو جەستە و پێکهاتەی جیاواز، لە نێوان ئەو بەشەش بواریک هەیە و بەشە ڕۆئاواکەی لە بەشە ڕۆهەڵاتەکەی بەرزترە.

ئەتڵەسی ناوەڕاست:

ئەو بەشەی ئەو چیایە دەکەوێتە باکوری ئەتڵەسی گەورە، دۆڵی ملویە نێوانیان دەکا، بەرزترین لووتکەش لەو بەشە شاخی بویبلانە کە بەرزاییەکەی دەگاتە سێ هەزار و سەد و نەوەت مەتر لەسەر ئاستی دەریا، هەروەها شاخی بوناسریش بەرزاییەکەی دەگاتە سێ هەزار و سێسەد و بیست و شەش مەتر و چیای بوناسریش بەرزییەکەی سێ هەزار و سێسەد و بیست و شەش مەترە، چەندان دەریاچە و تاقگە لەسەر شێوەی کەوانەیەک لە باکوری ڕۆهەڵات هەتا باشووری ڕۆئاوا دامەزراوە و دەگاتە چیای ریف. سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی مەملەکەتی مەغریب لەو شاخانەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەتڵەسی بچووک یان ئەتڵەسی بیاوانی:

ئەو بەشەی چیای ئەتڵەس دەکەوێتە باشووری ئەتڵەسی گەورەوە، چیاکە دەڕوانێتە سەر دۆڵی درعە، ڕووە ڕۆئاواکەی دەڕوانێتە دەشتی کەندی سوس، بەرزترین لووتکەش شاخی سیروایە و بەرزاییەکەی دەگاتە سێ هەزار و سێسەد و چوار مەتر لەسەر ئاستی دەریا، بەشە ڕۆئاواکەی بە

دار و گیا و پووش داپۆشراوە، بەشە باشوورەکەش بە بیاوانی مەغریبەوە بەستراوەتەوە.

ئەو چیایە لەگەڵ جوانییەکانی دەریا و بیاوانەکان بووەتە نیگا و مەبەستی گەشتیارانی بێگانە، ئەگەرچی لە شارەکان کولتوور و هونەری بەرز دەدۆزنەوە، ئەوان لە بیاوان و چیاکەش دیمەنی جوان دەبینن، دیارە هەرزانیی هەموو شتەکانی ناو ئەو ولاتە وای کردووە گەشتیاری گەرم بێت، رۆژانە بە دووسەد دۆلار، گەشتیار دەتوانێ جوانترین دیمەن و رۆژی خۆش بەسەر ببات. بەتایبەتی لەسەر لووتکەکانی توبقال کە بەفری زۆرە و هەموو یاریپەکانی سەر بەفری تێدا ئەنجام دەدرێت، زۆرترین گیانبازیی تێدا دەکرێت. لەگەڵ خواردنی ساوەری مەغریبی کە زۆر بەناوبانگە و وەک کولتوور و پیرۆزیی مەغریبییەکان زۆری دەخۆن، رۆیشتن لەناو ئەو شاخانە پێویستە.

چیای ئەلب

چیای ئەلب لە باکورەوە و لە نزیک دەریای سپیی ناوەڕاست لە فرەنساوە دەست پێ دەکات، ئەوەش بووەتە سنووری نێوان فرەنسا و ئیتاڵیا، بەرەو ڕۆهەڵات باکوری ئیتاڵیا و سویسرا و لختنشتاین و باشووری ئەڵمانیا و نەمسا و باکوری کۆنە یوگوسلاڤیا. درێژیی ئەو چیایە هەموو دەگاتە هەزار و دوو سەد کیلۆمەتر لە باشووری ئەڵمانیا و باکوری ئیتاڵیا بەرین دەبێتەوە، کە دەگاتە دووسەد و شێست کیلۆمەتر، لە باکوری ڕۆئاوای ئیتاڵیاش تەسک دەبێتەوە کە تەنیا چل و هەشت کیلۆمەترە.

سەدان ساڵە خەڵکەکەی ئەو ناوچەیە چەند بەو چیایە سەرسامن و بە پیرۆزی دەزانن، ئەوەندەش لەو چیایە دەترسن و چیاکە بە سامناک دەزانن، گوندییەکان ئەوانەی بڕوایان بە ئەفسانە هەیە، دەڵێن ڕۆژانێک جن و جانەوەر لەو چیایانە دەژیان، ئەوانەش بوو کە ڕەنووی بەفریان ئەنجام دەدا، چەندان کارەساتی سروشتییان دەنایەوە و خەڵکێکی زۆر زیانی گیانی و ماڵیی پێ دەگەیشت. دیارە کەوا ئێستاش سالانە ڕەنووە بەفر و ڕووخانە سەهۆڵبەندییەکان لە وەرزەکانی زستان و بەهاران زیان بە خەڵکەکە دەگەیەنن. بوونی ئەو چیایە جاران بووبووە بەربەستێکی سروشتی زەحمەت بۆ نزیکبوونەوەی بەشەکانی ئەورووپا، پێش پەیدابوونی مەسیح، کەم کەس دەیتوانی هاتوچۆ لە نێوان ئەو دەڤەرانە بکات، بۆیەش ڕۆمانییە کۆنەکان لە باشووری ئەو چیایە توانیبوویان شارستانییەتێکی مەزن بنیات بنێن، بۆیەش کولتووری خەڵکی باکوری ئەو چیایە بە سستی دەڕۆیشت. کە ڕۆمانییەکان لە سەروبەندی پەیدابوونی مەسیح لە نێوان ئەو چیایەدا ڕێگە و بواریان ساز کرد، پێوەندییەکان گەشەدارتر بوون. بەڵام ئیمڕۆ بەرەنجامی ئەو پێشکەوتنە زۆرە لە هەموو بوارەکانی ڕێگەوبان و پیشەسازی دەکرێ بە یەک ڕۆژ هەموو چیاکانی ئەلب ببڕیت.

لەبەر گەورەیی ڕووبەری ناوچەکانی ئەو چیایە ئاووهەوای جیاوازە، لە ناوچە بەرزەکان کەشەکە سارد و باران و بەفری زۆر لێ دەباریت، دیارە کەوا لە ناوچە نزمەکان کەشەکە وا سارد

نییە، لە چیاکانی ئەلبی باکور بایەکی فێنکی هەیە، بە با و زریانەکەش دەڵێن، فوهن، ئەو بایەش بەفر و شەختەکان دەتاوێنێتەوە و هەندێ جارێ رەنووی بەفریش لە ئاکامی ئەو زریانەوە بووە. جۆران رووەک لەو چیایانە دەڕوێن، وەک داری زان و بەڕوو کە لە ناوچە نزمەکان دەڕۆین، جۆران جۆری سنۆبەر و دارکاژی لە بەرزایی و لووتکەکان دەبێت، لە ناوچە بەردینە سەهۆڵبەندانەکان هیچ رووەکێک شین نابێت. جۆران ئاژەڵ لە شێوەی بزنی تێدا دەژیت کە قۆچی درێژیان پێوەیە، لەسەر لووتکەکانیش هەڵۆ و بازەکان بە دوای نێچیرەکانەوە دەسووڕێنەوە. لە ناوچە تەختاییەکان جۆران دانەوێڵە دەچێندرێ. لەبەر ئاوە زۆرەکەی جۆران مەکینەی کارەباسازی دانراوە، لەو چیایە کانزای ئاسن و بەردی دروستکردن و خەڵووز و خوێش هەیە.

بۆ گەیاندنی گەشتیاران و ئاسانکردنی هاتوچۆ، لەناو چیاکانی ئەلب زۆرتر لە چل رێگە و بوار ساز کراوە، رێگەی بریەر لە بەرزیی هەزار و چوارسەد مەترەوە نەمسا بە ئیتاڵیا دەبەستێتەوە. یەکێک لە رێگە زۆر گرینگەکانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ئەلب رێگەی سان برناردی مەزنە، کە ئیتاڵیا بە سویسرا دەبەستێتەوە، لەو ناوچەیە ئەوە نزیکەی هەزار ساڵە راهیبەکان کڵێسای سان برنارد وەک هوتێلێکی گچکە بەکار دەهێنن. زۆرجار سەگەکانی راهیبەکان گەشتیارە ونبووەکان دەدۆزنەوە، یان ئەوانەی دەکەونە ژێر بەفرەوە. یەکێک لە رێگە گرینگەکان رێگەی سیمیرینگە لە نەمسا، سمبلون لە نێوان ئیتاڵیا و سویسرایە، رێگەی گوسار لە سویسرا. یەکەمین تونێل بۆ گەیاندنی بواری گەیشتن لە نێوان فرەنسا و ئیتاڵیا لە ساڵی ١٨٧١ تونێلی هێڵی ئاسنی فریوس ساز کراوە، پاشان تونێلی سمبلون لێ دراوە، درێژترین تونێلی ئاسن لەناو چیای ئەلب لە ساڵی ١٩٠٦ بووە کە درێژییەکەی دەگاتە نۆزدە کیلۆمەتر و هەشتسەد مەتر لە نێوان ئیتاڵیا و سویسرایە.

یەکەمین تونێل بۆ گەیاندنی ئاسایی لە نێوان چیاکە بواری سان برناردی مەزنە، ئەوەش لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆ لە نێوان ئیتاڵیا و سویسرا بووە، هەروەها تونێلی رێگەی سان گوسار لە باشووری سویسرا، ئەوەش درێژترین رێگەی بن شاخە لە هەموو جیهان، کە درێژییەکەی سێ کیلۆمەتر و سەد و شێست مەترە و لە ساڵی ١٩٠٨ دروست کراوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەم شاعیری ئیتاڵیایی پترارک بە سەر لووتکەکانی چیای ئەلب کەوتووە، هونەرمەندی ئیتاڵیایی لیوناردو دافینشی بەسەر ئەو چیایە کەوتووە و لەو بەرزییە و لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەم پلەی گەرمیی پێواوە. هەتا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم کەم کەس توانیویانە شاخەوانی لەو چیایە بکەن.

لە ساڵی ١٧٨٦ میشیل ج، باکار دوکتۆرێکی فرەنسایی بووە، لەگەڵ رێبەرەکەی ئەوانە یەکەمین کەس بوون بگەنە لووتکەی مون بلان، لەو رێگەیە و لەو کاروانەدا تێبینییەکانیان تۆمار کردووە. لە ناوەڕاستی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەم خەڵک شاخەوانییان لەو چیایە کردووە، لە ساڵی ١٨٥٥ دەستەیەک لە کەسانی ئینگلیز و سویسرایی کە بڕێتی بوون لە شەش پیاو، گەیشتوونەتە لووتکەی

مۆنت روزا. لە ساڵی ١٨٦٥ شاخەوانەکان گەیشتوونەتە لووتکەی ماترهورن، کە دەستەکەیان چوار پیاوی ئینگلیز و دوو ڕێبەری سویسرایی و یەکێکی فرەنسایی بوونە، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم شاخەوانە گیانبازەکان گەیشتوونەتە نزیکەی هەموو لووتکەکانی ئەو چیایە. بەڵام لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەم شاخەوانەکان بەزۆری بە بەکارهێنانی جۆران ئامێر و کەرەستەی نوێ گەیشتوونەتە لووتکە بەرزەکان، خەڵکێکی زۆر حەزی لەو گیانبازییە کردووە. ساڵانە نزیکەی دوو هەزار گیانبازی وریا و شاخەوانی بەتوانا ئەو چالاکییانە ئەنجام دەدەن. جیۆلۆجییەکان دەڵێن سەردەمانێک ئەو دەڤەرە دەریایەکی گەورە و قوواڵ بووە، هەموو ناوچەکەی داپۆشیوە، پاشان ئەرزەکەی باکور و باشوورەکەی جووڵەیان تێ کەوتووە، بۆیە ئاوەکە سووڕاوەتەوە خاکەکە گەیشتوونەتەوە یەک، بەڵام ئەوەیان بە ماوەی یەک ملیۆن ساڵ دروست بووە، ئەو پرۆسەیەش ئەو شاخانە بە پازدە ملیۆن ساڵ درست بووە.

مادەی سەرەکیی ئەو چیایە کلسە کە لەبن دەریاکە دروست بووە، بەشە ناوەڕاست و ڕۆئاواکەی بەردی بلووری بووە، زانایان دەڵێن بەردەکان جۆری نیس و گرانێت و شیست بووە، ئەوانە بە تەوژمی هێزەکەوە لە بنەوەی دەریاوە سەرکەوتوون و ئەو چیایەی لێوە پەیدا بووە.

هەزاران ساڵە خەڵک لەو چیایە ژیاون، لە سەدەی شەشەمی پێش زاین، هۆزە سلتییەکان حوکمی ئەو دەڤەرەیان کردووە، لە ساڵی ٥٨ و هەتا ساڵی ١٥ی پێش زاین ڕۆمانییەکان ئەوانەیان شکاندووە و ناوچەکەیان داگیر کردووە، بەوەش باکوری ئەوروپا کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمەکان. هەتا ماوەیەک زۆر کۆنە ڕێگەی ڕۆمەکان بۆ گەیاندن بەکار هاتووە و لە کۆتاییی سەدەی شازدەمەوە هێڵەکانی ئاسن ساز کراوە و هاتوچۆ ئاسان بووە.

***

ساڵانە چیاکانی ئەلبی باڤاریی خواروو ئەڵمانیا کە بە دارستان و دۆڵی قووڵی هەزار بە هەزار و دەریاچە ناسراوە، خەڵکێکی زۆر بۆ خلیسکاندنی سەر بەفر، بەماتۆرە ئاوییەکان پێشبڕکێی سەرئاو دەکەن، ساڵانە و هەر چوار وەرزەکە کەشەکە بێگەرد و پاکە و هەواکەی خاوێنە.

دیارە بەخۆڕایی نییە بە بەشە ڕۆهەڵاتییەکەی ئەلبی باراقی دەڵێن، ئەلبی ڕووتەکەی بەرهەتاو، چونکە لە وەرزی زستان ئاکاری بەفرەکە دەبریسکێتەوە و ڕووە جوانەکانیشی لەسەر ئاوەکە لە وەرزی هاوین دەبریسکێتەوە. قسەیەک هەیە زوو شازادەیەکی نەمساوی کردوویەتی، ئەو وتبووی:

(مردنی باڤاری نەک تاجی پاشایەتیی نەمسا)

ئەو پاشایە کە ناکۆکییان لەگەڵ بنەماڵەکەی لەسەر تاجی نەمسا لەسەر خاکی ئەسپانی لە ساڵی ١٧٠٢ دەکەوێتە نێوانیان، شازادەی باڤاری ماکس ئیمانویل بەرەو چیاکان ڕادەکات، بۆ دەربازبوونی لە کوشتن و گرتن ڕوو لەو چیایە دەکات، ئەو قسەیەشی لەو دەمانە کردووە.

چیاکانی ئەلبی باڤاری دەکەوێتە باشووری ئەڵمانیا و زنجیرەکانی ئەو چیایە بەرەو باشوور و

ڕۆهەڵاتی نەمسا و سویسراش دەکشێ. ئەو ناوچانە بەهەبوونی چەند دەریاچەیەک جوانتر بووە، وەک دەریاچەی تیگرنزی و ڤالگنزی و شلیرزی کە خەڵکێکی زۆر بۆ گەشتیاری رووی تێ دەکەن. چیا کلسییەکانیش بەدرێژاییی وەرزەکانی ساڵ بە تیشکی ڕۆژ دەبریسکێنەوە و ڕەنگێکی سیحراوی دەنوێنن. لەو شاخانەی بەرزاییەکانیان دەگاتە نزیکەی سێ هەزار مەتر لەسەر ئاستی دەریا، دۆڵ و نهاڵ بە قووڵاییی حەوتسەد هەتا هەزار مەتر بە سەوزی و دارستانی چڕەوە دیمەنەکەیان نازدار کردووە، ئەو مێرگە سەوزانە بوونەتە نوای چەندان ئاژەڵ و زیندەوەری دەگمەن کە ڕووبەڕووی نەمان و لەناوچوون دەبنەوە، لەوێ دەژین. چیاکانی ئەلبی باڤاری بەتایبەتی کلسییەکان، لە چاو چیاکانی تری ناوچەکە وەک چیای ئارمگاو و چیای سەر گۆشەی ڕووباری ئەلزار نوێ و تازەن. زاناکانی زەویناسی وتوویانە کەوا مێژووی دروستبوونی ئەو چیایە بۆ حەفتا ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەوەش لە ئەنجامی هەژانی چینەکانی گۆی زەوی بووە، شاخەکانی ئەو چیایە زۆربەیان تیژ و دژوارن، دۆڵی قووڵی هەزار بەهەزارەیان لەناوە، بەتایبەتی ئەو بەشەی کەوتووەتە ناو وڵاتی ئەڵمانیا. ئەو بەشەی لەو شاخە کە دەکەوێتە بەرامبەر شاری باد تولز سازە بۆ هەوادارانی سەرکەوتنی شاخ و شاخەوانی تێدا بکەن.

لووتکەی شاخی ڤیترشتاین دەگاتە دوو هەزار و نۆسەد و شەست مەتر، لەسەر تیشەکانی ئەو شاخە کەروێشکە کێوی لەسەر بەرزاییی هەزار و سێسەد مەتر دەژین، هەڵۆ بەرزەفڕە گەورەکانیش کە درێژیی باڵەکانیان دەگاتە دوو مەتر، لەسەر لووتکەکانی ئەو شاخانە دەفڕن، ئەڵمانەکان دەڵێن گایەکی ئەو دوڵانەی چیاکانی ئەلب دەتوانن بگەنە ئاست گایە سویسرییەکانی سەر شاخەکانی ئەوبەری ئەلب.

هەتا سەدەی نۆزدەمیش نەخۆشەکان سەردانی گەرماوەکانی شاری باد تولزیان دەکرد، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم سەرچاوەکانی کانی و ئاوە کانزاکان و گەرماوەکانی سەر کەناری چەپی ڕووباری ئەلیزار و شوێنی کۆنە شارەکەی بەشی ڕاستی ڕووبارەکەش بازاڕی گەرمە و گەشتیارەکان رووی تێ دەکەن. لە نزیک ڕووبارەکە و لە سەدەی حەفدەمەوە شارەکە بووبووە بازاڕی گەرمی بەرهەمە ئاوییەکان کە لە ڕووبارەکانەوە بەرهەم دەهات، لەسەر کەنارەکانی ئەو ڕووبارەش خانووی کۆن و کڵێسای دێرین بوونیان هەیە. بە پەڕینەوەی پردێک دەگەیتە سەرچاوە تەندروستییەکانی ئاوەکە، کە بە مادەی یۆد و گۆگرد دەوڵەمەندە و بۆ چارەسەری چەندان نەخۆشیی پێست بەکەڵکە. لەسەر بەرزاییی لووتکەی کلافیر (پیانوو) لە باکوری شارەکە کڵێسای لونهاردی دیارە کە لە ساڵی ١٧٠٥ بە ڕەنگی سپی دروست کراوە، ئەوانەی بەپێیان سەر ئەو لووتکەیە دەکەون، تامێکی زۆر لەو پیادەییە وەردەگرن و دەگەنە کڵێساکە و بە دیمەنە جوانەکانی بەرامبەریان سەرسام دەبن.

کەمێک لە شاری باد تولز دوور دەکەویتەوە و دەگەیتە هەردوو شاری ڤایارن و دیترامسیل، لەو دوو شارە کۆنە دێری سەردەمی باروکی هەیە، ئەو دوو دێرە دیزاین و نەخشەسازییەکانی

ناوەوەیان لەلایەن هونەرکار یوهان بابتیست زمرمانەوە نەخشین کراون. کڵێسای هملڤارت مارینز لە دیترامسیل یەکێکە لە کڵێسا کۆنەکانی باڤاری کە لە ساڵی ١٨٣٠ لەلایەن زمرمانەوە وێنە زەیتییەکانی بۆ کراوە. خەڵکی ئەو ناوچەیە بە گەشتیارە بەتەمەنەکان دەڵێن، وا باشە گەشت و پیاسەکانتان بە پاپۆڕەکان بکەن، کە لەناو رووبارەکەی ئایزارەوە هاتوچۆیانە، لەوێ دەتوانن دیمەنی نازداری چیا و دەریاچە و گۆمە ئاوە گچکەکان ببینن، کە لە ناوچەکە بڵاو بوونەتەوە.

دەریاچەی تیگرنزی یەکێکە لەو ناوچانەی کە زۆرترین کەس سپۆرتی زستانە و هاوینەی تێدا دەکەن، دەریاچەکە گچکەکە، درێژییەکەی دەگاتە شەش کیلۆمەتر و پانییەکەشی دوو کیلۆمەترە، زۆربەی ڕووبەرە کەناریەکانی بۆ مەلەوانی سازن، بەڵام ئامۆژگاریی خەڵکەکە دەکەن، ئەوانەی خەڵکی ئەو دەڤەرە نین، با مەلەوانیی تێدا نەکەن، چونکە ئاوی دەریاچەکە بە هاوینان زۆر ساردە. لەناو دەریاچەکە چەندان بەلەمی گچکەی فەمیلی هەیە، هەر چواری شاری جموند و تیگرنزی و ڕووتاگ و بادفیزی دەکەونە سەر ئەو دەریاچەیە. شاری جموند دەروازەی دەریاچەکە و شاری تیگرنزی دەکەوێتە بەشی باکوری دەریاچەکە، کڵێسای سانت ئیجیدیوس کە لە سەدەی حەڤدەم بنیات نراوە لەو شارەدایە. لەسەر کەناری باشووری دەریاچەکەش گەشتیاران بە دیتنی کڵێسای سانت لۆرنتیوس سەرسام دەبن، کە لە بەرزاییەک و لەسەر شێوازی قوتیی سەردەمی باروکی دروست کراوە.

لە دووریی حەوت کیلۆمەتر لە دەریاچەی تیگرنزی چیای ئەلب باڵی بەسەر دەریاچەی شیلرزی گچکە داوە، کە بووەتە دەریاچەیەکی گەشتیاری دیاری هاوینە. لە نزیک ئەو دەریاچە دوورگەیەکی گچکە بە ناوی فورت هەیە، ئەو دوورگەیە یەکێکە لە ناوچە پارێزراوە سروشتییەکانی ئەو ناوچەیە.

دەریاچەی سبتزنجی کە دەکەوێتە باشووری دەریاچەی شیلرزی زستانان وەرزشوانەکان لەسەر شەختەکانی خلیسکانێ دەکەن، هاوینانیش بە بەلەمەکانیان لەناو ئاوەکە یاری دەکەن، لەسەر کەنارەکانی ئەو دەریاچەیە، کڵێسای مارگاریتا کە لە سەدەی هەژدەمەوە دروست کراوە، بە شکۆوە وەستاوە و دیمەنەکەی بە نازداریەوە دیارە.

ئەوانەی یاریی بەفرین دەکەن، دەتوانن لەسەر بەرزاییی شاخەکان تیلفریک لە ئوستەوڤنەوە بەرەو لووتکەی ڤاندلشتاین بەکار بهێنن، کە لە ساڵی ١٨٣٨ەوە ساز کراوە، دەتوانن بە پیادەش بە سەد و پەنجا دەقەش بەسەر ئەو لووتکەیە بکەون. لەو ناوچەیە سەدان هوتێڵ و ڕێستورانت و گوندی گەشتیاری ساز کراوە و دەتوانن لەو دەڤەرە ماوەیەکی خۆش ڕابوێرن. خواردنی گۆشتی ئاژەڵە کێوییەکان و ماسیی ڕووبارەکان یەکێکە لە ژەمە باشە داواکراوەکانی چێشتی باڤاری، کە لە نێوان ڕێستورانتی سویسری و نەمساوی و ئیتاڵی ئاوێتەیە. بەرنامەکانی گەرماوسازییەکانی ئەو ناوچەیە، بەرنامەی تەواوی چاکسازی و گەڕان و خواردن و گەشتی ڕووباری تێدایە.

چیای هماڵایان

چیـای هـمـاڵایـان بـه جـۆران فـۆنـەتیـک دەردەبـڕێـت، مـاناکـەشـی شـوێـنی بـەفـرە، لـە هـەیـم واتـە بـەفـر، هـمـاڵایـان زنجیـرە چـیـایـەکـە نیـمـچـە دوورگـەی هیـنـدی لـە تـەپـۆڵکـەکـانـی تبـت لـەیـەک جیـا دەکـاتـەوە. ئـەو چـیـایـە لـە ڕۆژئـاوای ئـەفـغـانسـتـانـەوە هـەتـا تـەپـۆڵکـەکـانـی تیـبـت دڕێـژ دەبێـتـەوە، کـە لـەو زنجـیـرە چـیـایـانـە پـێـک هـاتـووە، چـیـای هـنـدوکـوش و چـیـای کـاراکـورم و چـیـای بـامـیـر. لـەو چـیـایـە بـەرزتـریـن لـووتـکـەی بـەرزایـی لـە جـیـهـان هـەڵـکـەوتـووە کـە بـەنـاوی ئـەڤـرێـسـتـەوە نـاسـراوە، لـە پـاڵ ئـەو لـووتـکـەیـەش چـواردە لـووتـکـەی تری بـەرزیـشـی تێـدایـە. وشـەی هـیـمـاڵایـان بـە زمـانـی سـنسـکـریـتـی واتـە بـارەگـەی بـەفـر. ئـەو زنجـیـــرە چـیـــایـە لـە ئـەنجـامـی جـــووڵـەیـەکـی نزیـکـبـوونـەوە پـەیـدا بـووە، کـــە لـە بـیـــردۆزی هـــەژانـی پـارزەوینـەکـان دروسـت بـووە، ئـەوەش بـۆچـوونـی زانـای ئـەڵـمـانـی فـجـنـەرە. ئـەو چـیـایـە بـە نـاو پـێـنـج وڵاتـی ئـاسـیـاییـدا دەڕوات، لـەوانـە چـیـن، هـیـنـد، نـیـپـال، پـاکسـتـان و بـوتـان، سـێ ڕووبـاریـش لـەو شـاخـانـەوە هـەڵـدەقـــووڵـێـت، لـەوانـە ڕووبـاری ســیـند، ڕووبـاری گـــانـگ و ڕووبـاری یـنـجـــتـــزی ئـەو سـێ ڕووبـارە سـەرچـاوەی ژیـانـی حـەوتسـەد و پـەنـجـا ملیـۆن کـەسـن، کـە لـەسـەر کـەنـارەکـانـی ئـەو سـێ ئـاوە دەژیـن.

چـیـای هـمـاڵایـان ڕوونـتـر دەرخسـتـەی پـاوەری پـاڵـەپـەسـتـۆیـە، کـە بـە هـۆی جـووڵـەی جـەسـتـە زەوینـەکـان دروسـت بـووە، مـێـژووی پـەیـدابـوونـی ئـەو چـیـایـە دەگـــەڕێـتـــەوە بـۆ چـل هـەتـا پـەنـجـا ملیـۆن سـاڵ، کـە دڕێـژییـەکـەی نزیـکـەی سـێ هـەزار کـیـلـۆمـەتـرە و لـە نێـوان هـیـنـد و تبـت پـێـک هـێـنـاوە. چـیـای هـمـاڵایـان نزیـکـەی هـەشـتـا میـلـۆن سـاڵـە دروسـت بـووە، پـێـش ئـەو هـەڵـکـەوتـەی ئـێـسـتـا وڵاتـی هـیـنـد جـاران نزیـکـەی شـەش هـەزار و چـوارسـەد کـیـلـۆمـەتـر لـە خـواڕووی پـارزەوینـی ئـاسـیـا دوور بـوو، هـەر سـەدەیـەک نـۆ میـل جـەسـتـەکـە بـەرەو بـاکـور هـاتـووە و هـیـنـد بـە ئـاسـیـا کـەوتـووە، شـێـوەی ئـێـسـتـای وەرگـرتـووە و بـە جـووڵـە و لـکـانـدنـەوە چـیـای هـمـاڵایـان پـەیـدا بـووە و بـەرزتـریـن لـووتـکـەشـی کـەوتـووەتـە وڵاتـی هـیـنـد. دڕێـژیـی چـیـای هـمـاڵایـان سـەڕووی دوو هـەزار و چـوارسـەد کـیـلـۆمـەتـرە، پـانـیـیـەکـەشـی لـە نێـوان دوو سـەد و پـەنـجـا هـەتـا سـێ سـەد کـیـلـۆمـەتـرە کـە بـڕێـتـیـیـە لـە سـێ بـەشـی تـەریـب.

بـەپـێـی ئـاووهـەوا و بـەرزی و نـزمـیـی سـروشـتـی چـیـاکـە و نـاوچـەکـە، جـۆران ڕووەک لـەو چـیـایـە ڕواوە، لـە بـەشـە بـاشـووڕەکـەی ڕووەکـە ئـیـسـتـوائـیـیـەکـانـی وەک هـەنـجـیـر و خـورمـا و بـەڕوو و کـەسـتـنـا لـەو نـاوچـەیـە هـەیـە، لـە بـەشـە بـەرزەکـانـی ئـەو چـیـایـەش دارکـاژ لـەگـەڵ نـاوچـە بـەفـرینـەکـانـدا بـوونـیـان هـەیـە. داری ڕودوندرون لـەسـەر چـیـاکـە دەڕوێ، هـەڕوەهـا لـە بـەرزاییـیـەکـانـی سـەڕووی هـەزار و پـێـنـجـسـەد مـەتـر و لـە بـەشـە بـاشـووڕەکـەی چـا دەچـێـنـدرێ، هـەڕوەهـا برنـج و گـەنـمـەشـامـی و تـووتـنـیـش لـە بـەرزیـی هـەزار و هـەشـتـسـەد مـەتـر هـەیـە، هـەڕوەهـا لـەو نـاوچـانـە گـەنـم و جـۆش دەچـێـنـدرێ.

ئـەو بـابـەتـە لـە چـەنـدان وتـار و گـەشـتـنـامـەی جـیـاواز ئـامـادە کـراوە.

کامیلیا
ڕاستییەکان بدرکێنە

کامیلیا ئەنتخابیفرد

(٣-٣)

مارسی ١٩٩٩

هەواڵنامەی کۆمار

بە هاوکاریی یەکەتیی ئەورووپا لە براغ بۆ ماوەی یەک مانگ، وۆرک شۆپێکی چڕوپڕی بۆ ڕۆژنامەنووسانی گەنج بۆ ڕادیۆی ئەورووپای ئازاد کردبووەوە، سی ڕۆژنامەنووس لە سەرانسەری هەموو جیهاندا ئامادە بووبوون. تازە بەشی فارسیی ڕادیۆی ئازادی کرابووەوە، لەناو ئێراندا بە ڕادیۆی ڕووخاندنی حکوومەت ناسرابوو. من لەناو دەستەکە وەک ئەندامێکی دیار ناوم دەهات، بۆیە ئێستگەکە پێیان وتم دەتوانی بە ناوی خواستراو بەرنامەیەک ساز بکەی، منیش دەمزانی ئەوەیان سەلامەتیم بۆ دابین دەکات، بەڵام بەکارهێنانی ناوی ترم لا خۆش نەبوو، دیارە ئەو کارە و دەنگ هاتنت بەهۆی مایکرۆفۆنەوە خۆشی تێدابوو، بۆیە تا دەنگم بگات، بەو شێوەیە بەرنامەکەم بڵاو کرایەوە:

السلام علیکم... گوێگرانی ئەزیز، فەرموون لەگەڵ کامیلیا نقائی لە ڕادیۆی ئەورووپای ئازادی لە براغەوە گوێ بگرن.

پێش هەفتەیەک لە کۆتاییهاتنی ڕاهێنانەکەم لە ئێستگەکە، بەڕێوەبەری ئێستگەکە پێی وتم، ئەگەر ئارەزووت هەیە لەلامان کار بکەیت، ئەوە ئێمە وەک کارمەند داتدەمەزرێنین، دەکرێ لە براغیش بمێنیتەوە، بەڕاستی ئەو پێشنیازە زۆر دڵخۆشکەر و پڕ مەبەست بوو، کەس هەیە ئەوە وەرنەگرێت، تۆ هەرچەند لە تاران وەک ڕۆژنامەنووس کار بکەیت، تەنیا مانگانە سەد هەزار

ئامادەکردنی و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

تەنێکت دەست دەکەوێت، ئەوەش دەکاتە ١٢٠ دۆلار، بە نرخی پارەی ئەو کات، بەڵام ئەوەیان زۆرە، دواڕۆژم دەگۆڕێت، مانگانە لە دەرەوەش ٣٠٠٠ دۆلار وەرگرم، زۆرە؛ بەڵام لە دووڕەوە لەناو ئێران ڕۆژنامەی زن بانگی دەکردمەوە، چاوم لەو بوو.

دوو ڕۆژی مابوو سەفەرەکەی ئەمەریکام بکەم، بەڕێوەبەرەکەم بانگی کردم، بەتەنیا دانیشتین، حەزی دەکرد بابەتێکم بەتەنیا لەگەڵ بکاتەوە، دەستی لەسەر مێزەکەی پێشی بە شتێک خەریک دەکرد تا چاو لە چاوم نەنێت، لەو دەمەتەقێیەدا پێی وتم:

بەداخەوە بۆ دامەزراندنی تۆ لەناو ستافەکەماندا نارەزاییەکی زۆر هەیە، زۆریان سوورن لەسەر ئەوەی ئەگەر تۆ دامەزرێنین، ئەوان بە کۆمەڵ واز دەهێنن، دیارە تۆ پێوەندیی پتەو و بەهێزت لەگەڵ ئێراندا هەیە، بۆیە هەموو لە تۆ دەترسن، رۆژێک تۆ لاپەڕە شاراوەکانیان هەڵدەیتەوە و ناویان بهێنی.

سەرەتا سەرم لەو بۆچوونە سووڕما، ئای کە سەیرە..! دواییش هەستم بە خۆشی کرد، دیارە ئەو دانەمەزراندنە دوودڵییەکەی لە کۆڵ کردمەوە، یەکلا بوومەوە، بۆیە ئارەزووەکەی خۆم وەک مانەوەم لە ئێران پێ ڕاگەیاند و بڕیارمەوە. من لە رۆژنامەکەی خۆم نەبێت لە هیچ شوێنی تر ناتوانم کار بکەم.

ئەپریل ١٩٩٩

لە سەفەری یەکەمم بۆ ئەمەریکا دوکتۆر (هۆشەنگ ئەمیر ئەحمەدی)م بینیبوو، دیمانەیەکم بۆ ڕۆژنامەی زن لەگەڵی ساز دابوو، ئەو لە هاشمی ڕەفسنجانی نزیک بوو، پشتیوانیی دەکرد، بەڵام لەسەر خاتەمی قسەی هەبوو، ئەو وتبووی سەرۆک دەستەڵاتی نییە، هەموو شتەکان لە بن دەستی ڕەفسنجانییە، ئەو بەناو سەرۆکە. بڕیاربوو بە بەیانییەکەی فائیزە بێتە ئەمەریکا، بە تەلەفۆنەکەی دوکتۆر ئەحمەدی لە خەو بەئاگا هاتم، بە ستریس و شپرزەییەوە قسەی دەکرد. شەوی پێشتر سەرمام بووبوو، بۆیە دەنگم باش نەدەهات، بە دوکتۆرم وت:

سلام ئاغای دوکتۆر.. من ناساغم.

ئەو وتی:

نازانم بۆ فائیزە نەهات، دوا کەوت، رۆژنامەکەتان، زن داخراوە. تەلەفۆنم بۆ مۆبیلەکەی فائیزە کرد، وەڵامی دامەوە، تێی گەیاندم، کەوا ناتوانێ بێت، باوکم دژی هاتنەکەم بوو، ڕۆژنامەکەمان داخرا، چەند کەسێکمان دەستبەسەرن، هەموویان بۆ پێش دادگەی شۆڕش بردووە، بێ کار ماینەوە، تا ئەو تەنگژەیەش تێ دەپەڕێت ئاگات لە خۆت بێت، وریابە! گوایە تۆ لە (فەرەح دیبا) جەژنانەی نەورۆزت بۆ هاتووە، تۆش بە فاکس بۆ ڕۆژنامەت ناردووە، بڵاوکردنەوەکەشی بە بۆچوونی تۆ بووە، دەبێ من فاکسەکە بۆ دادگە بەرم، من دەڵێم تۆ ئاگەداری ئەو مەسەلەیە نیت، ئاگەداری خۆت بە! پێوەندیت بە منەوە بەردەوام بێت. من لەو تاوانە بێبەریم.

پایز – هاوین ۱۹۹۹

لەو ڕۆژە تەنگانەدا سەرم سوڕمابوو، بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەکرێ بگەڕێمەوە بۆ وڵات، لەلایەک هاوڕێکانم دووچاری لێپرسینەوە بوون، منیش بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا وەرگیراوم، پێوەندیشم لەگەڵ ڕەوەندی ئێرانی لە نیویۆرک خۆش کردووە، زۆرم بینیون. من دەمەوێ بچمەوە و خوێندکارانی تاران لە دژی دەستدرێژییەکان لەسەر ئازادیی بیروڕا دەربڕین، بەردەوام خۆپێشاندان دەکەن، بەردەوام ناڕەزایی بەرقەرارە، دایکم پێی وتبووم، لە گەڕەکەکانی تەنیشت زانکۆی تاران هاتوچۆ قەدەغە کراوە، هەزاران خوێندکار لە بەردەم ماڵی خوێندکاران کۆ بوونەتەوە، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر راگرتنی ڕۆژنامەی (سلام) کۆ بوونەتەوە، بۆ بڵاوەپێکردنیان بەکرێگیراوانی باسیج بەتوندی دەستدرێژییان دەکردە سەریان. بەڵام خەڵکەکە چاوەڕوان بوون، بزانن هەڵوێستی سەرۆک خاتەمی چی دەبێت، بە بێدەنگییەکەی لەو ڕۆژانە و لەو پێشهاتە چەندان هەوادارانی لەدەست دا.

لە ڕۆژێکی بارانی مانگی مایۆی ساڵی ۱۹۹۹ دیمانەی ڕەزا پەهلەویمان کرد، چەند جارێک سەرۆکی نووسینگەی فەرەح پەهلەوی قمبیز ئەتاباسم بینیبوو، لە نیویۆرک داوام لێ کردبوو ئاسانکاریمان بۆ ئەو دیمانەیە بۆ بکات. بۆ هەموو ئێرانییەک و بنەماڵەی پەهلەوی شتێکی سەیر بوو فائیزەی کیژی ڕەفسنجانی ڕازی بێت، من دیمانەیەک بۆ ڕۆژنامەکەی ئەو لەگەڵ ئەندامێکی بنەماڵەی پەهلەوی بکەم، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەزا پەهلەویش، شاهەنشا گچکەکە، بەڵێ من ئەو دیمانەم بە پشتیوانیی تەواوی فائیزە کردبوو، هیوامان زۆر بوو ئەگەر ڕۆژنامەکەمان دووبارە دەربچێتەوە، دیمانەکە بڵاو ببێتەوە، من توانیم کاسێتی تەواوی دەقی دیمانەکە، بە ئازایەتیی برادەرێک بەنهێنی بگەیەنمەوە ناو ئێران، بەو هیوایەی لە زن بڵاو ببێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکەمان دووبارە دەرنەچوەوە، بۆیە دیمانەکەش بڵاو نەکرایەوە.

لەگەڵ فەرەحدا

(ئاتاب)ی هاوڕێی بنەماڵەی شاهەنشا لە پاریس ژیانی دەبردە سەر، بەردەوام پێوەندیمان هەبوو، تا بە ئازایەتیی خۆی و بەهۆی نزیکی لە فەرەح کاتێکمان لەگەڵی بۆ بسازێنێت، تا دیمانەیەکی لەگەڵ بکەم. من لەلای برادەرێک لە نیوجیرسی دەژیام، لەوێ بووم پێوەندییان پێوە کردم، کەوا بەیانی فەرەح لە (فلات) شوقەکەی خۆی لە نیویۆرک پێشوازیت دەکات. دیارە کەوا زۆر دڵشاد بووم، نەمدەزانی بۆ دیداری ئیمپراتۆر چی جلوبەرگێک لەبەر بکەم، بە چی شێوەیەک قژم ڕێک بخەم، چۆنی دابهێنم، مکیاجم چۆن بێت، بەپەلە لەناو دۆڵابی جلەکەنم دەگەڕام تا شتێ بدۆزمەوە شیاوی ئەو دیمانەیە بێت.

ڕۆژەکە ناخۆش بوو، تا لە ناوچەی پاسەکە گەیشتمە لای تاکسییەک پێڵاوەکەم پڕ ئاو بوو، قژم

تەڕ بوو، چەپکە گوڵێکی سوورم بە دەستەوە بوو، قمبیز ئاتابای لە ئێستگەی پاسەکانەوە هاتە ناو تاکسییەکەم، بواری نەدا دابەزم، بە شۆفێرەکەمان وت بەردەوام بە، بڕۆ، بێگومان نەیدەزانی بەرەو کێندەرێ دەڕۆین، کە چووینە ژوورەوە بەراستی تەڕ بووبووم، چەپکە گوڵەکەم لەسەر مێزی پێشوازییەکە دانا، چوومە ناو گەرماوەکە و قژم وشک کردەوە، بە پارچە کلینکسەکان پێلاوەکانیشم وشک کردەوە، ئەوەمان هەموو بە پەلە کرد.

لە ژووری دانیشتن سەرە پەیکەری شاهەنشا دانرابوو، لە هەموو گۆشەکانیش وێنەی فۆتۆگرافی ڕێز کرابوون، ژنەکەی ئاتابای مینا خاتوون دەست بە سینییەک چای هاتە ژوورەوە، لە تەنیشتەوە سینییەکی تری شیرنەمەنیی دانا، من دەستم بۆ کوپێک چا درێژ کرد، دەستم دایە پارچەیەک شیرنەمەنیی سەر بە شەکرەکە و بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشتم، گەزەیەکم لە شیرنەمەنییەکە دابوو، بەتەما بووم فرێک چاش بخۆمەوە، مینا خاتوون لە پشتەوە بانگی کردم، کامیلیا!

ڕووبەڕوو

فەرەح بەوپەڕی جوانییەوە بۆم وەستابوو، بەتاسەوە چایەکەی دەستم دانا، لەبەر گەزەی شیرنەمەنییەکەی ناو دەمم نەمتوانی بەخێرهاتنیشی بکەم، پەنجەیەکم بە شیرنەمەنییەکەی ناو دەمم نا، پارووەکەم پاڵدایە ناو دەمم، ڕاست بۆی ڕاوەستام لەسەر پەنجەی پێیەکانم بۆی هەڵسامەوە، لەبەرئەوەی باڵای بەرز بوو، بۆ ئەوەی ماچی بکەم دەبووایە کەمێ خۆم بەرز بکەمەوە، بەڕاستی باڵابەرز و جوان بوو. زۆر جوان بوو هەزار جار لە وێنەکانی جوانتر بوو، لەبەر خۆمەوە وتم، وێنەکانی خۆی مافی تەواویان پێ نەداوە. نەمزانی بە چ شێوەیەک بیدوێنم، بە چ ناوێک بانگی بکەم، بە خاتوون؟

بە شەهبانۆ؟ یان بە شکۆدار؟

لە کۆتایی ئەو ڕستەیەم بۆ دەرچوو کە پێم وت:

تۆ زۆر زراف و نازداری، چۆنی..؟

داوای کرد سڵاو بە فائیزە ڕابگەیێنم، دیارە ئەو ژنە نوێخواز و پێشکەوتووخوازە. مەبەستی بوو لە منی ڕۆژنامەنووس تێ بگات چۆن ڕەوشی ئێران بەتایبەتی شاری تاران لەژێر دەسەڵاتی خاتەمی بەو چەشنە گۆڕا، بەهۆی پێوەندیی ئەلیکترۆنییەوە بەردەوام نامەی لە چەندان گەنجەوە لەناو ئێرانەوە پێ دەگات، فەرەح وتی:

کە هەست دەکەم دڵم تونده و هەست بەنامۆیی دەکەم، پێویستم بە هاوەڵێ دەبێت، ژمارە تەلەفۆنێکی ناو ئێران لێ دەدەم، کێ دەردەچێ گرینگ نییە، دەنگێ لەناو ئێران بێت، بەسمە دڵم بەو دەنگانە خۆش و ئارام دەبێت.

چەپکە گوڵەکەم پێشکێش کرد، پێم وت:

ئەو گوڵە شایستەی تۆیە، ئەویش سوپاسی کردم، دەستی بە گوڵەکەدا هێنا و دەستی لە شانم دا و وتی:

ئەو گوڵە وەک تۆ جوانە، سەرفرازم بەوەی لەناو ئێران گەنجی وەک ئێوە هەڵکەوتووە، تۆی ئازا و دلێر، داواکارم لە کارەکانت سەرکەوتوو بیت.

پاش ئەو قسانە ماڵئاواییی کرد و لە پشت دیوارەکانەوە بزر بوو. ئاتابای منی بردە دەرەوە. پاش ئەو دیمانەیە لە خۆم پرسی دەکرێ من ئەوەندە ئازا بم جارێکی تر بگەڕێمەوە ناو ئێران. کە پاشان کەوتمە ناو زیندان، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن ئەو گیانبازییەم کرد، چۆن پاش ئەو دیمانە بەڕێزە گەڕامەوە ناو ئێران، گیانی خۆم خستە مەترسییەوە.

یۆلیۆ ١٩٩٩

دایکم مراز و نەزری لە خۆی گرتبوو، ئەگەر بە سەلامەتی لەناو باڵەفڕگەی میهرباد بێمە دەرەوە، لەو سەفەرە دەربچم، بەیەکەوە سەردان و زیارەتی مەرقەدی ئیمام رەزا لە مەشهەد بکەین. دایکم بەڕاستی بوو، هاواری دەکرد کچێ دیارە تۆ شێت بووییت، چۆن دەگەڕێیتەوە، تۆ نازانی بەردەوام رۆژنامەی کیهان چۆن باست دەکات، بە چی ناوت دەبات، بە نۆکەری پاشایەتی بە جاسووسی ئەمەریکایی ناویان هێناویت، من دەرگەت بۆ ناکەمەوە، ئەو شارە شێت و هار بووە..؟! من وام دانابوو پاش دە رۆژی تر بگەڕێمەوە نیویۆرک، ئەگەرچی دایکم و (جین) و زۆر لە برادەرانی تر زۆر منیان ترساندبوو، پاش ئەوەی (گوڵریز) منی دڵنیا کردەوە، گەڕامەوە تاران. پێشنیازی کردبوو منیش هاوکاریی بەرنامەکانی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ بکەم، کە ماوەیەکی کورت لەو بوارەدا لە تاران کاری دەکرد، دیارە منیش متمانەم بە گفتەکانی هات و بەقسەی دایکم نەکرد و گەڕامەوە تاران، بۆیە پاش سێ رۆژ لە گەڕانەوەم، پیاوانی سەر بە وەزارەتی هەواڵگری هاتنە سەرم لە ماڵەوە و راپێچی زیندانیان کردم.

لەو ماوەی لە زیندانداا بووم، نەک گوڵریز یارمەتیی نەدام، بگرە وتبووی، کەوا ئەو وەک رۆژنامەنووسێک نەچووبووە ئەمەریکا، من وەک پێناوێک و دۆستێکی وەزارەتی هەواڵگری ئەو سەفەرەم کردووە، ئەوەیان جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، وەزارەتی هەواڵگری لەناو ئەمەریکاش منی بە جاسووسی ئەمەریکاییەکان تاوانبار کردووە، هەروەها من وەک جاسووسێکیش بۆ بەرژەوەندیی ئێرانیش تاوانبار دەکرام.

ئەگەرچی من تێ نەدەگەیشتم بۆ گوڵریز وای کرد، لە هەمان کاتیشدا ئامادە نەبووم لێی خۆش بم. ئەو منی دڵنیا کردەوە بۆ گەڕانەوەم، منیش بۆ گەڕانەوە بەپەرۆش بووم، وام دەزانی بگەڕێمەوە لەناو خەڵکەکەم ئارام و سەلامەت دەبم.

پێش ئەوەی سەفەری شاری براغ بکەم ڕاپۆرتێکم لەسەر شاری قوم لەژێر دەستدا بوو، پەرۆش

بووم ئەوەیان تەواو بکەم، چونکە لە نیـــویۆرک رۆژنامـــەیەکم دۆزیبـــووە وە بۆ بڵاوکـــردنەوەی، لەبەرئەوەی چاکم دەزانی بواری بڵاوکردنەوەم لە رۆژنامـەی زن نەمـابوو، ئەو ڕەوشـە ئازادەی ناو ئێران تەواو بووبوو. بەردەوام دادگەکان بڕیاری داخستنی رۆژنامە لە دوای رۆژنامەیان دەردەکرد، زۆربەی کارمەندەکانیشی بە گرتن و دوورخستنەوەیان لەو بوارە دوور دەخرانەوە. ئەو ئازادییەی لە سەرەتای مانگەکانی حوکمی خاتەمییش نەما.

من و دایکم و براکەم و خوشکەکەم بۆ گەیاندنی مرازەکەی دایکم، بۆ هاتنەوە و سـەلامەتیی من چووینە مەشـهەد، دایکم گەنمەشامیی بۆ کۆترەکان هێنابوو، ئێمەش شادورمـان لەبەربوو، نزامان بۆ سەلامەتی و هێز و بەردەوامیمـان دەکرد، من زۆر پەرۆشی ئەندامانی خێزانەکەم بووم، پەرۆشی هەواڵ و قسـە و دەمـەتەقێی هەمـوویان بووم، بۆیە زوو گـەڕاینەوە تاران، دایکم کـاتێ خـوشکمی گەیاندەوە ماڵەوە، ئێمەش زۆر ماندوو بووین، ئەو گەشتە شەکەتی کردبووین.

سـەعات شـەشی بەیـانی بوو، کە لە دەرگەی شـوقەکەیان داین، دایکم دەرگەکەی کردەوە و کە هاتەوە بە رووم وەستا و وتی:

نەموت... دوو کەس لە دەرگە راوەستاون، نامەیەکیان بۆ تۆ پێیە. منیش وتم:

بەڵێ دەزانم منیان دەوێت، هیچ نییە، مەترسێ.

پاڵتۆیەکم لەسـەر شـانم دانا و بەدوای دایکم کەوتم، بە رووبان چووم. دەرگەی دەرەوەم کردەوە، دوو پیـاوەکـە وتیـان فـەرمـانمان پێیـە فلاتەکەتان بپشکنین، فـەرمـانیشـمـان پێیـە تۆ بگرین، فـەرمانەکەش لە دادگەی شـۆڕشەوە دەرچووە. فـەرمـانەکـەیان دامێ، خوێندمەوە، خـۆم لە تەنیشت دایکم ڕاگرت، پێم وت دایە ئارام بە، براکەمیان بەئاگا هێنا، ئەوانیش لەسـەر سـەرینەکەیان هاتنە خوارەوە، هەموومانیان لە سالۆنەکە کۆ کردەوە، داوایان کرد هێمن بین، بەئارامی لە شوێنەکانمان دانیشین. وایـەری تەلەفۆنەکـەیان داکـەڵاند، چوونە ژوورەکـەی مـن، لەگـەڵ پشکنینـی ژوورەکـەم، بە ئامێرە رادیۆکەیان لەگـەڵ نووسینگـەی سـەرەکی قسـەیان دەکرد، زۆر لە کتێبـەکانم، کاغەزەکانم، هەتا وێنەکانی ماڵەوەشیان لەناو کیسـەی گەورە کرد و پێچایانەوە، لە ژوورەکەی من و لە مەتبەخ و لە ژووری نـانخـواردن، لە دۆڵابەکـانـی خـواردەمـەنیش شـتـیـان کـۆ کـردەوە، لەناو شـتـەکـان پەساپۆرتەکەیان بردم.

کە لە پشکنینی ژوورەکان بوونەوە، داوایان لێ کردم خـۆم بگۆڕم، چونکە من بە جلی نووسـتنی ماڵەوە بووم، دایکم دەگریا، بە دایکمیان وت:

حاجی خاتوون تۆ لە ماڵەوە بمێنەوە، پاشان ئێمە پێوەندیت پێوە دەکەین!

منیش لە دایکم نزیک بوومەوە و بە دایکم وت:

نیگەران و سترێس مەبە.

کـە لـە مـاڵەوە دەرچـووم نیگایەکم لە وێنـەکـەی باوکم کـرد، کـە لـە بەرامـبـەرمـدا بە دیـوارەکـە هەڵواسـرابوو. هـەسـتم کرد هـەر ئەو دوو کەسـە نـین، زۆرن ئەوانەی بۆ گرتنم هاتبـوون، هـەمـوو لە

دەرەوە چاوەڕوان بوون، من کـەوتمە پشـتـەوەی ئۆتـۆمـۆبێلـەکـە. لە درزی دانـتـیلی پشـتـەوەی ئۆتۆمـۆبێلەکـەوە، چاوێکم لە پەنجـەرەکەمـان کردەوە، چونکە دەمـزانی دایکم و بـراکـەم تەمـاشـام دەکـەن. لەو دەمـەدا بیـرم لەوە کـردەوە، دەبێ جـارێکی تر مـاڵەوە و خـانووەکـە و گـەڕەکەکـەمـان ببینمەوە..؟ یەکێکیان دەستی بۆ پشتەوە درێژ کرد و گیرەیەکی دامێ و وتی:

تکایە بەوە چاوەکانت بگرە، لە پشتەوەش پاڵدەرەوە.

منیش پاڵم دایەوە، ئەوانیش بە بەتانییەک منیان داپۆشی. منیش بە دەنگێکی کزەوە وتم:

کوێوەم دەبەن بمبەن، بەڵام مەمکوژن.

***

رۆژێکیـان تازە لە ژووری لێکۆڵینەوە دەگـەڕامـەوە زیندانەکـەم، ژنە پاسـەوانەکـەم دووبارە هاتەوە شوێنم، وتی، لێکۆڵەرەوەکە هات خـۆت ئامادە کە. منیش شادورەکـەم لەبەر کرد، گـۆرەوییەکانیشم لە پێ کردنەوە، لەگـەڵی بۆ سـەرەوە رۆیشـتین، لەبەر خـۆمـەوە وتم، بەم کاتە چـیی لە من دەوێت، چ رووی داوە دووبارە بۆ .!؟ کە چوومە ژوورەکە لێی پرسیم:

باشـە تۆ ئامـادەیت دەزگاکـە هـەر چیت داوا لێی بکات بۆیان بکـەیت. دەتەوێ وەک سـەربازێکی نەناسراو کارێک بکەیت...؟ منیش سـەری رەزامەندیم بۆ راوەشاند.

شاهیدییەکی بەدرۆ

ڕاپۆرتێکی لە پێشم دانا، وتی ئەوە دانپێدانانی (منوشـهر محـەمـەدی) و (غلام رضـا مـهـاجـری ـ نجاد) هاوڕێیەتی، بابەتەکە سەبارەت بە دیداریان بـە رەزا بەهلەوییە، ئەوان دەڵێن ئێمە پارەمان لە پەهلەوی وەرنـەگرتووە بۆ هاندانی خـۆپێـشـاندانی خـوێندکـاران، تـۆ دەتوانی هاوکـاریمـان بکەیت، ئەوان دەڵێن ئێمـە ژنە فـەرمـانبـەرێکی پەهلەویمان لە تورکیـا فـڕاندووە و هێناومـانەتە تاران، ئێمـە لەگەڵ ئەوانە ڕووبەڕووت دەکـەینەوە، تۆ ڕووبەڕوو پێیان بڵێ من ژمـێریاری رەزا پەهلەوی بووم، من شـێکێکم بـە بڕی ٢٥ هـەزار دۆلار بـە نـاوی ئێـوە نـووسـیـوە، بۆ ئێـوەم نـاردووە. من ئـاگـەدارم. تۆ ئەوەندە قسـە بکە و بەس.

بەیەکەوە لە زیندانداا

منی بەرز کـردەوە، چاوەکانم بەسـترابوونەوە، بۆ ژوورێکی تر پێـشی کـەوتم، قسـەشـمـان دەکرد، دوایی گوێم لە دەنگی پیاوێکی تر بوو، قسـەی لەگەڵ دەکرد، یەکێک لە پشتەوەی من وتی:

گیـرەکـەی سـەر چاوەکانت لادە، تەمـاشـای ئەو پیـاوەی پێش خـۆت بکە، بەڵام بۆ پشـتـەوە ئاوڕ مـەدەوە.! گیـرەکـەی سـەر چاوەکانم لابرد، کورێکم لە پێش خـۆمدا بینـی، ئەویش وەک من جلی ناو زیندانـی لەبەردا بوو، نـیگەران دیاربوو پـەنجـەکـانی هـەڵدەگـڵـۆقی، زانیم ئەو کـەسـە مـەنـوشـهـر محـەمـەدییە.

دەنگێک هاتە گوێم و وتی:

گیرەکە لە چاوت ببەستەوە.

منیش چاوەکانم بەستەوە. لەلایەکی ترەوە دەنگێکی تر هات، گوێم لێ بوو دەیوت:

کوڕەکە گیرەکەی چاوەکانت لادە. دەبێ ئەو دەمانە مەنوشهر محەمەدی بەرامبەرم بووبێت، بۆیە کابرا داوای لە کوڕەکە کردەوە، دووبارە چاوەکانی دابخاتەوە. ئەگەرچی لە من دیار نەما بەڵام دیارە کەوا چاوەکانی داخستەوە، بۆیە کابرا بە منی وت:

باشە خاتوون ئەو بەڕێزەت ناسی.!

زوو چوومە ناو دەورەکەم، وەک زووتر لێکۆڵەرەوەکە پێ وتبووم.. وتم بەڵێ ناوی مەنوشهر محەمەدییە، من لە واشنتۆن ئەو پیاوەم بینی، من شێکێکی رەزا پەهلەویم بۆ ئیمزا کردووە. لە محەمەدییان پرسی، تۆ ئەو ژنە دەناسی، بەگریان و بەپاڕانەوەوە وتی:

قەسەم بە خوا درۆیە، ئەو ژنە درۆزنە، من هەرگیز ئەو ژنەم نەدیوە، لە ژیانمدا چاوم بە چاوی نەکەوتووە، ئەو هەر من ناناسێت، ئەو قسانەی دەکرد و بەجۆشەوە دەگریا.

فێڵ

لێکۆڵەرەوەکە بەربووە گیانی بە کۆڵەمستەکانی، جنێوی ناشیرینیشی پێ دەدا. محەمەدی هاواری دەکردە سەر من و بەگریانەوە دەیوت:

بۆ درۆ دەکەیت...؟!

من وەڵامم نەبوو، بە چی وەڵامی بدەمەوە. زوو منیان لە ژوورەکە دەرهێنا. دیارە لێکۆڵەرەوەکە باش لە دەورەکەی من رازی نەبوو، بۆیە بە تووڕەییەوە هاواری کردە سەرم، تۆ نەتتوانی وا بکەیت محەمەدی دان بە تاوانەکەی بنێت، چونکە تۆ نەتتوانی دەورەکە جوان ببینیت، ئەو دەیزانی تۆ نواندن دەکەیت، تۆ باش نەبووی، ئەو زانی شتەکە فێڵ بوو. منیش خۆم پێ ڕانەگیرا و وتم:

تۆ بۆ لەو کابرایەت دا...؟! بە سەرسامییەوە وتی:

لێم دا، لە کێم دا...؟! ئەوە خۆی کەسێکی شێتە، ئەو بەردەوام خۆی لە خۆی دەدات، تۆ بۆت نییە بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاری کەسانی تر وەربدەیت، دەزانی...؟

لیستی تاوانەکان

بەڵێ قسەکەی تەواو بوو، من بۆ دەست لە کاروباری کەسانی تر وەربدەم، من وا هەست دەکەم کە دانپێدانانەکەی من تەواو بوو، موحەقیقەکە لەگەڵ من باشە، هەڵسوکەوتەکانی ئیجابین. ئێستا لە تاوانەکانی خۆم گەیشتم، ریزبەندیم بۆیان دانا، یەک لە دوای یەک دانم بە هەموویان دانا، تاوانە سیاسییەکانم وەک پێوەندی و هاوکاریکردنم بە رەزا پەهلەوی، بڵاوکردنەوەکەی پیرۆزباییەکەی

فەرەح پەهلەوی لە رۆژنامەی زن، بوونی پێوەندیم بە کەسێکی ئیسرائیلی، کارکردنم لە ڕادیۆی ئازادی لە براغ بۆ بەرژەوەندیی هەواڵگریی ئەمەریکایی، هاوکاری و جاسووسیکردنم بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە تاران (مەبەست لە پێوەندیم بە گوڵریزە)، بۆ مەبەستی شێواندنی ئاسایشی نیشتمانیمان ویستوومە دیمانە لەگەڵ سەلمان روشدی بکەم، بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و نیگەرانی لەناو هاوواڵتیانی ئێرانی ناوەکانی ناو لیستە رەشەکەم بڵاو کردووەتەوە، ئەوەش خەڵکێکی زۆری ترساندووە، کە پاشان بوونەتە دوژمنی کۆماری ئیسلامی، شتێکی تر کە منی پێ تاوانبار کرابووم دیاردەی لەشفرۆشییە، ڕەوشتی حیزانە لە ولاتانی کەنداو و خواردنەوەی مەشروب لەلایەن ئێرانییەکان لەو ولاتانە، هەروەها لەناو تووێژە سادەکەی ناو کۆمەڵ هانی ئیلحادم داوە، بە خراپە و سووکی باسی ئاینی ئیسلام و ویلایەتی فیقیهم کردووە. دانم بەوانە هەموویاندا نا، وتم راستە من ئەوانەم هەموو کردووە، من تاوانبارم.

پەیام ـ خەون

هەریەک لەوانە سزای لەداردانی لەسەرە، بە تاوانی خواردنەوەی کحولیش دەبێ چل جەڵدەت لێ بدرێت، بۆیە لە تۆ دەپرسین چیت لێ بکەین ؟!

منیش وەڵامم دایەوە، ئازایانە وتم:

بێگومان دەچمەوە ماڵەوە، من دەزانم ئەو ڕۆژانەش زوو کۆتاییی دێت، دەگەڕێمەوە ماڵەوە، ئازاد دەکرێم!

بەپێکەنینەوە:

ماشەڵڵا بە ئازایەتییەکەت سەرسامم، تۆ زۆر بە جەرگیت، بەڵام بەداخەوە من دەزانم تۆ تەنیا بە مردوویی لەو زیندانەدا دەردەچیت.

بۆ ئەوەندە بڕوات وابوو، تۆ ئازاد دەبیت:

—

من خەونم دیبوو، نامەیەک دەگاتە دەست دایکم، نامەکە لە ئیمامی زەمانەوە دەگاتە دەستی، دایکم بەو نامەیە لە خۆشیاندا دەگریا.!.

ها... نازانی خەونی ژنان زۆرجار سەرابێکە فێڵ دەکات. کە سەرم بە جانتاکەی دەستی کەوت، بە تووڕەیی وتی:

کە ئیمام دێتە خەونت، دەبێ تۆش خۆت ڕاست بکەیتەوە، ڕێگەی ڕاست بگریتە بەر، هەروەها وتی:

ڕەنگە ئەو نامەیەی بۆ دایکت هاتووە، ڕەنگە هەواڵی مردنەکەی تۆی پێ بگات، بەو نامەیە گەشبین مەبە.!

هەواڵنامەی کێڵ

سروەکانی ئەڤین

لە چەشنی ئەو سروە ناسکانە لە بەهەشتەوە هەڵدەکات، سروەیەک لەو جۆرە لە دڵی ئەو پیاوە زاڵمە نیشت، زۆر ناسک بوو کە بە لێدانەکانی بۆ ئازاردانیش دەستی رادەوەشاند، وەک ئەوە بوو دەستێ لە گوڵێکی ناسک بدات، زەوقی زۆر درێ بووبوو، دیارە ئەو ئەڤینە تووشی نیگەرانی کردبوو. ئەو هەموو ژیانی بۆ ئیمام کردبووە قوربانی، گیانفیدا بوو بۆ شەڕ و شۆڕشی ئیسلامی، زۆر گۆڕا ئەو پیاوە وای لێ هات بە ئاگری ئەڤین دەسووتا، ئەو پیاوە ناسکە بێگەردە دەسووتا، منیشی لەگەڵ خۆیدا سووتاند. بەڕاستی کەوتبوومە ناو داوی ئەڤینی ئەوە، لەناو ئەو زیندانەدا لەنێوان چوار دیوارەکەدا، لە کۆڵانەکانیدا هەستم بە ئازادی دەکرد، وام لێ هات هەستم دەکرد لە دەرەوە دەفڕم.

ئەو برایانەی لەو زیندانەدا کار دەکەن، ئەوانەی لەو ماوەیەدا تۆیان ناسیوە، دەڵێن گیراوی وەک تۆیان نەدیوە، کە لەسەر پەیژەکەی خوارەوە سەردەکەویت، سەرت بەرزە، بە سەربەرزی دەڕۆیت، ئەوانەی بیست ساڵیشە لێرەن کەسی وەک تۆیان نەدیوە.

راستی دەکرد، من هەرگیز لەو ماوەیەدا نەشکام، من لەو شوێنەدا لە ساتە ئەستەمە ناخۆشەکانی لێکۆڵینەوە تاڵەکاندا، لەناو رق و تووڕەییەکان، لەگەڵ سەربردە ناخۆشەکانیش، ماندوو نەبووم وام دەزانی دەورێکی مەزن دەگێڕم، وام دەزانی لەو ژیانەدا من کەسێکی مەزنم، هەتا سێ مانگیش ماندوو نەبووم، بەردەوام گۆرانیم دەچڕی، هەرچی گۆرانیم دەزانی هەمووم وت، هەمووم دەوتەوە.

ئازادکردنی مەرجدار

لێکۆڵەرەوەکە پاش ئەوەی لەگەڵ بەرپرسەکانی سەرووی خۆی توانی فەرمانی ئازادکردنی مەرجدارم بۆ دەستبەر بکات، بۆ ئەو مەبەستە دانوستاندنی زۆری کردبوو. لە سەرەتای رۆژانی یەکەمی لەدادگەدانەکەمدا، مەراسیمەکانی ئوسلویی کرا، وەزارەتی هەواڵگری بۆ بەردانم بە قازییەکەی وتبوو، پێویستییەکانی بەردانی بە زەمانەتەوە بۆ بکەن. قازییەکە ئەوەشی وتبوو کەوا من ئامادەم بۆ بەرژەوەندیی وەزارەتەکەیان کار بکەم، سەرەتا من لە قۆناخی تاقیکردنەوەدا بم، ڕاپۆرت لەسەر ئەو رۆژنامەنووسانە ئامادە بکەم، ئەوانەی لە هەموو بوار و لایەنەکان کار دەکەن، لەسەریان بە وردی بابەت بنووسم، چاودێرییان بکەم، بەو مەرجە بۆ ماوەیەک ئازاد دەبم، کە لەژێر چاودێریدا بم.

ئیمزام لەسەر دانپێدانانەکانم کرد

کە ئازاد کرام، پێیان وتم، بە بچووکترین هەڵە و پێشێلکردنی مەرجەکان، خۆت دووچاری گەورەترین سزا دەکەیت، هەتا مردنیشی تێدایە. مەرجی دووەمی ئازادکردنەکەم ئەوە بوو، ئەو

ئیعتیرافاتانه تۆمار بکەم، هەموویان لە پێش کامێرا بڵێمەوە، ورد و درشت هەموویان بڵێمەوە، بەجوانیش نواندنیی بۆ بکەم، زۆر ئاسایی قسەکان بکەمەوە، بۆیە چەند جار تۆمارەکەیان پێ دووبارە کردمەوە، تۆمار دەکرا و ڕایان لەسەر نەبوو، دەیانوت، دووبارەی بکەوە، دەمانەوێت ئاسایی بێت. دوو فیلمیان لێم دەویست، فیلمەکەیان وەک دۆسیەی تۆمارکراو دەویست.

کە گەیشتنە قەناعەت، شتەکانی ئەوان مەبەستیان بوو تەواو بوو، جلەکانیان دامەوە، شادور و حیجاب و پاڵتۆکەیان دامەوە، هەموم لەبەرکردنەوە، جلەکانی ناو زیندانم دانەوە، لێکۆڵەرەوەکە لە ژوورەکەدا داوای لێ کردم گیرەکەی چاوانم بکەمەوە. ژوورەکە بە پەردەیەکی ئەستوور کرابووە دوو بەش، لەناو پەردەکەوە کامیرایەک دەرچوو، لە پێش کامێراکە مێزێک و کورسییەک دانرابوو.

دانیشە و دیمانەکە دەست پێ دەکا

من دانیشتم، ئەویش لە پشت پەردەوە وێنەی دەگرتم، کامێراکە قسەکانمی تۆمار دەکرد، ئەو موحقیقە و قسەم لێ وەردەگرێت، بە کامیراش لە پشت پەردەوە وێنەم دەگرێت، من وەک کێژێکی تاوانبار و پەشیمان و دۆڕاو قسەی بۆ دەکەم، ئەویش هەمووی بە جوانی تۆمار دەکات، منی بەرهەڵستکار و دژ بە شۆڕشی ئیسلامی، منی لاوازی بێدەسەڵات، کە ناتوانم خۆم ڕاگرم. منی هەوەسباز و کاری سێکسی لەگەڵ جاسوسێکی ئیسرائیل دەکەم، ئەو کێژەی وەک ژوورنالیستێک بە نووسینەکانم خەڵک دژ بە شۆڕش و حکوومەت هان دەدەم، من بەربەرەکانێی بنچینەکانی شۆڕش و ویلایەتی فیقە دەکەم، من بە زمانی خۆم دەڵێم ئەوانەی کە کردوون سزاکەی لەداردانە، ئەوانە هەموو لە کاسێتی یەکەم تۆمار کرا، بۆ کاسێتی دووەمیش باسی فائیزەیان بۆ بکەم، هەموو گوناهەکانی ئەو تۆمار بکەم، کەوا ئەو ژنە دیندار نییە، بڕوای بە شۆڕشی ئیسلامی نییە، ئەو ژنە چەند دۆستی پیاوی هەیە، واتە بۆی فرێندی هەیە، دەبووایە ناوی پیاوێکیش بڵێم، کەسێکیان بۆ ئاشکرابکەم، کەوا من ئەو دوو کەسەم بە تەنیا لە نووسینگەکەی ئەودا بینیوە، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوانیشم دابێتەوە.

(چی لەو کاسێتانە دەکەن...؟!).

(ئەوانە من لە نووسینگەکەی خۆم دەیانپارێزم، دەستی کەسی ناگاتێ...!).

(مەبەست لەو چییە...!).

(بۆ ڕۆژی خۆی هەڵیان دەگرم، ئەوەش لە وەزارەتی هەواڵگری بۆ هەموو کەسێک دەکرێت، ئەوەی بێتە ئێرە ئەو تۆمارەی بۆ دەکرێت، ئەوە ئاساییە...).

ئۆکتۆبەری ١٩٩٩

لەناو هۆڵی دادگەدا پێم ڕاگەیاندن من پێویستم بە پارێزەر نییە، من خۆم پارێزگاری لە خۆم دەکەم، لیستی تاوانەکانم لەسەر خوێندرایەوە، یەکە یەکە وەڵامم دانەوە. لە پاش تەواوبوونی

دانیشتنەکە پاش ٧٠ رۆژ دایک و خوشکم بینییەوە، دیاربوو دایکم رەوشی باش نەبوو، قژی داوی سپیی پێوە دیاربوو، چاوێکی تەواو نەبوو، دوایی زانیم کە لە خەودا نەوبەیەکی دڵ لێی دابوو، بۆیە چاوێکی داخرابوو، دەمارەکانی ئەو چاوەی وەستابوو، بۆیە چاوی چەپی نەدەکرایەوە. لە خەفەتی منیش خوشکەکەشم لاواز بووبوو، بۆمان نەبوو قسە بکەین، وەک کۆرپەیەک بەتوندی لە ئامێزی کردم، بەگەرمی و بەگریانەوە منی دەگوشی، بەچرپە پێم وتن:

بەو زووانە دێمەوە مـاڵ.! کە دایکم پشتی لە من کرد و بۆ دەرەوە ڕۆیشت، هەستم کرد بە لاری دەڕوات، کێژە خوشکەکەم دەگریا، بە دایکی و بە دایکمی دەوت، بۆ پووڕم ناگەڕێتەوە مـاڵەوە، بۆ ئەویش لەگەڵ ئێمـە ناگەڕێتەوە. لەو دەمـانەدا زۆری نەمـابوو دڵم لەناو سـینگم بێتـە دەرەوە، لەبەر خـۆمـەوە وتم، ئەوانە بـۆ بەو شـێـوەیە ئازارمـان دەدەن، بۆ ئـەو خـێـزانە ئەو ئازار و ئەشـکەنجـەیە بکێشێت...؟ من بۆ لێرە بم..؟!!

کە دایکم منی لە باوەشدا بوو و دەگریا، چاوی بە یەکێک لە پاسـەوانەکـانم کەوت، کەمێ دەنگی بەرز کردەوە و وتی:

ئاغا ئەمیری...؟ مـاڵی ئێوە لە منزیە نییە...؟! ئێوە هـاوسێی مامۆژنم نرجسن...؟

هەموو تەماشایان دەکرد، ئەویش وتی:

بەڵێ بەڵێ... زهرە خـاتوون چۆنی... مـامۆژنێکی باشت هـەبوو خـوای لێ خۆش بێت، من تۆم بە بیر دێتەوە، تۆ و عەلی ئاغای براتم لە بیرە، خـوای لێ خۆش بێت.!

لەو دەمانەدا لەناو ئەو دادگەیەدا، دایکم خـەریکی بەزمی خۆی بوو، پێکەنینم هـات ..! بۆیە دایکم بە پاسـەوانەکەی وت:

کـەواتە ئاگـەداری بە، ئەو کـیژەم بە تـەمـای تۆ جێ دەهـێـڵم، بـە خـوا سـوێندت دەدەم نەهـێـڵـیت ئازاری بدەن، توخوا... نەهێڵیت...! تا دایکم بێدەنگ بکەم نوقرچەیەکم لێ دا. ئێوارێ لێکۆڵەرەوەکە بە پێکەنینەوە لە زیندانەوە وتی:

ئیمرۆ لەناو دادگەدا خزمەکانی جمرانی دۆزییەوە.

ئەو رۆژە پاسـەوانەکەم هـاتنەوە ناو زیندانەکـەم، ئەمجـارە بۆ دادگـە و لێپرسـینـەوەیان نەدەبردم، بۆ مـاڵەوەیان دەبردمـەوە. جلوبـەرگـە کـۆنەکـانیـان دامـەوە، جـانتـاکـەی دەسـتیـان دامـەوە. تا لە زیندانەکە دەرم بهێنن سەریان داپۆشیم، یەکێکیان وتی:

تا من ئاگەدارت نەکەمەوە گیرەکەی سەر چاوەکانت ناکەیتەوە، کە پێم وتی چاوەکەت دەکەیتەوە، لە ئۆتۆمۆبێلەکە دادەبەزیت، تەماشای پشتەوەت ناکەیت، ئاوڕ نادەیتەوە.

لە ناوەندی تاران منیـان بـەرەڵا کـرد، رۆژێکی پایزەی باراناوی بوو، من شـادورێکی تەنکم لەبەربوو، عـەلاگەیەکی پـلاستیکیم بە دەستـەوە بوو، کـەلوپەلەکانم لەناو دانابوو، زۆر سەیر بوو کە منیان دانـا، هیچ کەس هـەستی نەکرد، تاکسییەکەم راگرت بۆ مـاڵەوە. دایکم وا راهاتبوو دەرگەی

شوقەکەمانی دانەدەخست، بۆیە دەرگەکردنەوە هەر ئەوەندەی دەویست ملی دەستەکە بسوڕێنی، خۆی دەرگەکە دەکرێتەوە و دەتوانی بچیتە ژوورەوە. (یاسبانو)ی کیژی خوشکەکەم منی بینی، ئەو یاریی دەکرد، کە چاوی پێم کەوت لە شوێنی خۆی وشک بوو، سەرسامی بە دەموچاوییەوە دیاربوو. رۆژانە دادگە بەڵێنی بە دایکم دابوو، کەوا من ئازاد دەکرێم، پاش چاوەڕوانی و بەڵێنی زۆر گەڕامەوە. لە مەتبەخەوە هاتە دەرەوە بەگریانەوە منی لە باوەش گرت. کە دەموچاوی خۆم لە ئاوێنەکە بینی، شڵەژام زۆر گۆڕا بووم، بەو چەند هەفتەیە دیاربوو زۆر گۆڕابووم، ئاکارم سیس بووبوو، پرشنگی جارانی نەمابوو، چاوەکانم گچکە بووبوون، لەو چەند رۆژەی ڕابردوودا خەوم نەبوو، بەردەوام لەلای پەنجەرەکە دەوەستام چاوەڕوانی هاتنی ئەفسەرەکەم دەکرد.

شوو کردن بە جەللادەکەم

پاش دیداری یەکەممان کە لە نووسینگەیەکی رۆژنامەی زن بوو، لەبەرئەوەی بۆنم لە خۆم دابوو، بۆیە بە تووڕەییەکەوە لە شوێنەکە دەری کردبووم، دیمانەکەمان بە کارەسات کۆتاییی هاتبوو. لە دیداری چوارەم یان دیداری پێنجەمان بوو، فەرماندە داوای لێ کردم لەسەر کاغەزێک ئیمزایەکی بۆ بکەم. کاغەزەکەی هەڵگرتەوە و لەناو قەدی دەفتەری رۆژانەکەی دەستی جێگەی بۆ کردەوە، ئەو تا هەستی هیچی لێ نەکرێت، لە هەموو دیمانەکانماندا ئەو دەفتەرەی لە دەست دەگرت، گوایە بە کاری ڕەسمی هاتووە و کاری تایبەتی هەیە. پارچە کاغەزەکە بڕوانامەی هاوسەرکاریی کاتی بوو، یان بە سیغە ناسراوە، بڕوانامەکەی بە دەستی خۆی نووسیبوو، بۆیە نەچووینە لای هیچ مەلایەک بۆ ماڕەکردنە کاتییەکە.

کە پسوولەکەم بۆ ئیمزا کرد، ئەو وتی:

دیارە ئێمە دەبێ زۆر بەیەکەوە بین، جاری وا دەبێت ماوەی چەند سەعاتێک دەمێنینەوە، ئەوەش بەپێی شەرع ناکرێ، من پیاوێکی بەدینم کارێ ناکەم خوا بە گوناهی بزانێت، پاش ئەو مۆرکردنە، شتەکان دەگۆڕێ، پێوەندییەکەمان مانای تری دەبێت. تا خۆم وا نیشان بدەم من هیچ لەو مەسەلەیە نازانم، من هیچم لەو ژنانەی شاری (قوم)م نەبیستبێت، هیچیان لەبارەوە نەزانم، بۆیە پرسیم:

باشە لەمەودا ئێمە پێوەندیمان چۆن دەبێت، یان چیی تر یەکتر نابینین...؟

لە وەڵامدا وتی: ئەوە مانای ئەوەیە، باشترە کە بەیەکەوە دەردەچین، من زۆرتر هەست بە ئیسراحەت دەکەم، ئازادانە بەیەکەوە قسە دەکەین.

شادور بە بەرەواژوویی

ناوی خۆی پێ نەدەوتم، ناوی ڕاستیم نەدەزانی، ئەو دەیوت، تۆ بەناوی (فەرماندە) بانگم بکە، بەو شێوەیە وەڵامی دەدامەوە، نەدەکرا من ناوی نەزانم. دەمزانی ئەو ژنانەی کاری سیغە دەکەن،

ئەوانەی بۆ پارە و بۆ ئارەزوو ئەو کارە دەکەن، تا بناسرێنەوە، شادورەکەیان بە بەرەواژوویی لەبەر دەکرد، بەوە دەناسرانەوە و بازاڕیان دەبوو، بۆیە بەزمی خۆشیان بۆ پێکەنین و گاڵتەپێکردن لەسەر دەگێڕنەوە. کە بیرم لەو ئیشە دەکردەوە هەستم بە شوورەیی دەکرد، ئەو قۆناخەی ژیانم بە شەرمەوە باس دەکەم، ئەو پیاوە وا دەزانێ ئەو پارچە کاغەزە ئەو لە گوناە دوور دەخاتەوە، خوا لێی رازی دەبێت، بەڵام ئەو پارچە کاغەزە لای من هیچ مانایەکی نەبوو، گاڵتەم پێی دەهات. لەلایەکی تریشەوە من ئەوەم بە باش دەزانی تازە پیاوەکە بەناچاری دەمپارێزێت، لەبەر سێبەری ئەو سەلامەتم، بەڵام ئەگەر لە ماڵەوە ئەو پێوەندییەیان زانی، ئەوان قسەیان چی دەبێت، چی بەو سیغەیە دەڵێن، ناوی چی لەو فەرماندەیە دەنێن...؟

بۆ ئەویش شەرم بوو

دڵی خۆم بەوە خۆش کرد، ئەو سیغەیە بۆ ئەویش شەرم بوو، ئەویش لەناو ماڵ و منداڵەکانی رووزەرد دەبێت، بۆ ئەویش کێشە دروست دەبێ. کەسیش بەو پێوەندییەمان نازانێت، ئەگەر بگیرێت، ئەگەرنا ئەو مەسەلەیە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. من پاشان زانیم بەهۆی ئەو سیغەیە بوو توانیم بەرەو ئەمەریکا ڕابکەم لە دەستی ئەو و وەزارەتەکەی رزگارم بێت. ئەو متمانەی بە من پەیدا کردبوو، زانی ئەگەر سەفەریش بکەم دەگەڕێمەوە، بەو سیغەیە زۆر لە فەرماندە نزیک بوومەوە، دەمتوانی دەستم بەسەریدا زاڵ بێت، قسەم لەلای ئەو بڕوات. دیاربوو ئەویش نەرمتر بووبوو، دەمتوانی بە شێوەیەک لە شێوەکان بیشێلم. بەڵام ئەو پارچە کاغەزەی نێوانمان وەک مانەوەم بوو لە زیندانداا، راستە من ئازادم، بەڵام هێشتا دەستبەسەرم، دیارە هێشتا گەمەکە تەواو نەبووە، بۆیە لە خۆم دەپرسی تا کەی من بەو شێوە بژیم، تا کەی...؟

دیمانەی یەکەممان خۆش نەبوو، ئازاری دام، خۆی لێم تووڕە کرد و مکیاژەکەی پێ شووشتم، بەڵام وا ئێستا داوام لێ دەکات لەبەر خاتری ئەو من مکیاج بکەم، خۆمی بۆ جوان بکەم، لە دیمانەکانمدا جلی رازاوەی بۆ لەبەر بکەم، ئەو دەیوت:

ژنی موسڵمان تەنیا بۆ مێردەکەی هەقی هەیە خۆی جوان بکات، بایەخ بە ئاکاری دەرەوەی بدات، بۆ ئەو حەڵاڵە هەرچی بکات.

داوایەک لە هەواڵگرییەوە

هیوای سەرەکیی من گەڕانەوەم بوو بۆ کارکردنم لە رۆژنامەیەکی ریفۆرمخواز، لەو بوارەدا زانیاریش بۆ وەزارەتی هەواڵگری کۆ بکەمەوە، کار بکەم پێوەندیی نێوان بەڕێز (محمد الابطحی) و رۆژنامەنووس (عەلی رضا نوری زادە) لە لەندەن، بابەتی لەسەر کۆ بکەمەوە.

تا ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدەم، من لە فەرماندەم پرسی، ئەوان من دادەمەزرێنن...؟ لە وەڵامدا وتی:

مەبەستت چییە...؟ منیش لە وەڵامدا وتم:

کارکردنم لە هەر رۆژنامەیەک بەرەو داخستنیان دەبات، هەموویان دەزانن من لە وەزارەتی هەواڵگرییەوە چاوم لەسەرە. بەڵام لە ڕاستیشدا درۆم لەگەڵ دەکرد، نەمدەویست بگەڕێمەوە سەر کاری پێشووم، مەبەستم نەبوو لەسەر هاوڕێکانم بنووسم، جاسووسییان لەسەر بکەم، وا باشتر بوو ماوەیەک لە پەراوێزدا بم، خۆم بەوە خەریک کرد لەگەڵ فائیزە کار بکەم، لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکەی ئەو ماوەیەک بڵاوکراوەیەکی چوار لاپەڕەیی بۆ ئامادە بکەم، کارکردنم بۆ خزمەتی ژنان مەبەستم بوو، ئەگەرچی ئەو کارەم بۆ پاشەوە بوو، لە چاو کاری پێشووم هەر هیچ نەبوو، لە بڵاوکراوەیەک کار بکەم من تەنیا نووسەری بم و فائیزەش سەرنووسیاری بێت، هەر بەو ناو کارکردنە تینووێتیم ناشکێنێ. بەڵام لە بەرچاوان دوور دەکەومەوە، ناوم نایەت، هیچ پێوەندیم بە هەواڵگرییەوە نامێنێ، ئەوانەی ئەوان سۆراخیان دەکەن، من لەوانە دوورم، تەنیا فائیزە نەبێت.

بە پێکەنینەوە بە فائیزەم دەوت:

راستت دەوێت، دەبێ من باش سۆراخت بکەم، وەک جاسووسێک چاودێریت بکەم. ئەویش بە خۆشییەوە دەیوت:

لە هەموو شتە لاساریيەکان ئاگەداریان بکەوە، سڵ مەکەوە، ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە درێغی مەکە، من دەزانم ئەوان لەگەڵ من کێشەیان هەیە، نەک لەگەڵ تۆ، تۆش بوویتە قوربانی دۆستایەتی و هاوکاریت بە منەوە، تۆ لەسەر من گیرایت.!

ئەرکە ئەڤینییەکان؟

کار و بەرنامەکەی وەزارەتی هەواڵگری بۆ من لەسەر ئەوە گیرسایەوە، کەوا لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکەم بە ئۆتۆمۆبێلەوە لەناو تاران گەشتی ڕۆمانسی بکەین، تا بەیەکەوە دانیشین، دوور دەکەوتینەوە، تا چاوەکان نەمناسن، لە دەرەوەی تاران دەماینەوە. باکوری و باکوری ڕۆهەڵاتی تارانمان مەبەست بوو، وەک گەشتیارەکان لە شوێنی لاچەپی بچووک دادەنیشتین، لە ڕێگەی دەریای قەزوین ژووانمان دەبوو، لەوێ شیمانەی ئەوە نەبوو کەس بماننasێت. سەرەتای دیمانەکانم بەو شێوەیە قسەمان دەکرد، بەیەکەوە دۆمان دەخواردەوە، یان دەچووینە قاوەخانەیەک لە لوویزان.

بەڵام پاش ماوەیەکی تر شوێنەکان گۆڕان، وەک شوێنی ئیستخباراتی لێ هات، لە شوێنی نهێنی دادەنیشتین، زۆر دەماینەوە تا تاریک دادەهات، کە من دەردەچووم و دەهاتمەوە بازاڕی تاران دادەخرا، تا ئەو کاتانە دەمامەوە، لە ترسی هەموو لایەک بەتایبەتی هاوسێیەکانمان باش خۆم لە شادورەکەم لوول دەدا، بە تاریکی و لەناو تاریکیش دەڕۆیشتم، لە گۆشەی قاڵا دەڕۆیشتم، لاچەپ ڕێم دەکرد. ماوە ماوە هەستم ڕادەگرت، کەسم بە دواوە نییە. ئەو جارێک پێی وتم، ڕەنگە پیاوانی هەواڵگری سۆراخت بکەن. لە ئاراستەکردنی ڕۆیشتن و مانەوەم زۆر برسی دیاربوو، زانیاریی زۆری دەدامێ دەیوت، ئۆتۆمۆبێل بگۆڕە ڕێگەکان بشێوێنە. ماوە ماوە شادورەکەم

دەگۆڕی، خۆم نەناس دەکرد، خۆم وەک پشیلەیەکی بەرەڵا شەوانە لەناو شەقامەکانی تاران دەبینی.

ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ کوڕێکی ئەو

تا خۆمان بشارینەوە، بۆ زۆر شوێن دەچووین، شوێنمان زۆر دەگۆڕی، هەر برادەرێکی هەبووایە شوێنی هەبووایە، منی بۆ شوێنەکانی ئەوان دەبرد، لە یەکێک لە ستۆدیۆکانی بەرهەمهێنانی سینەمایی لە خیابانی کەریم خان و لە کلینکی پزیشکێکی ژنانی لەدایکبوون لە هافشاتیر، لەوێ دوکتۆرێکی هاوڕێی هەبوو، لەوێش دیمانەمان دەبوو.

لە هەڵسوکەوتەکانی وریا بوو، نەیدەویست کەس گومانمان لێ بکات، ئاسایی دەمەتەقێمان دەکرد، بە چرپە و نەرم یەکترمان دەدواند، باش ئاگاداری هەڵسوکەوتی هەموو ئامادەبووان دەبووین، لە کۆڵانێکدا ڕووبەڕووی کوڕێکی بوومەوە، ئەو لەو دەڤەرە لە باوکی دەگەڕا، ئێمەش لە نۆرینگەی دوکتۆرەکە بەیەکەوە دانیشتبووین، ڕووبەڕوو بەیەکەوە بووین، کوڕەکەشی بە هەڵە دەرگەکەی کردەوە و بەیەکەوە ئێمەی بینی، چاومان بە چاوی یەکتری کەوت.

پێوەندییەکەمان گەرمتر و زۆرتر بوو، بێجگە لە قسەکردن، جاری وا دەبوو، زۆر لە تەنیشت یەکەوە دەبووین، بەیەکەوە دەنووسایین بەڵام بە هاتن و نزیکبوونەوەی هەر کەسێک دوور دەکەوتەوە، لە شوێنە گشتییەکان ڕووداوی بەسۆز و دیمانەی خۆشمان دەبوو، بەڵام کە زۆر دەماینەوە ترسمان لێ دەنیشت، لەو کاتانەدا وەک ئەوەی لەناو زیندانداا بم، بەو چەشنە دڵم خورپەی دەکرد، کە ترپەی پێی بەرپرسەکان دەهات، کە لێکۆڵەرەوەکە لێم نزیک دەکەوتەوە. وام لێ هات بۆ دانانی کاتێکی تری دیمانەکەمان نیگەران دەبووم، بەڵام ئەو زۆرترین دیداری دەویست، من تێ نەدەگەیشتم ئەو چی لە من دەوێت، بەیەکەوە بە کێندەری دەگەین، ئەو داواکاریی زۆرتر دەبوو، شوێنی دیمانەی زۆر تایبەتی دەویست.

نۆڤمبەر ۱۹۹۹

وێنەی کیژ و کوڕێک لەناو چوارچێوەیەک بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، بە دیتنی وێنەکە لێم پرسی:

ئەو دوو منداڵە کێن، دیارە کوڕ و کیژی تۆن...؟

بە چاوێکی برسی و فزوولییەوە تەماشای ماڵی باوکیم دەکرد، چاوم لە هەموو گۆشەکاندا دەگێڕا، لەمێژ بوو (فەرماندە) پەرۆشی ئەوە بوو جارێک بمباتە ماڵی دایکی. کلیلی ماڵەکەی لەلا بوو، لە ڕۆژێکی هەینی دایک و باوکی لەسەر گۆڕی کوڕە شەهیدەکەیان بوون، ڕۆژی هەینی بوو بۆ خوێندنی سورەتی فاتحە چووبوون، دەمزانی برایەکی لە بەرەکانی شەڕدا شەهید بووبوو. ئەو دەیویست من وەک ژنی ئەو بم، وەک ژنێک لەگەڵمدا بجووڵێتەوە، نەک تەنیا دەمەتەقێ بکەین، پەرۆشی شتی تر بوو، بەیەکەوە بۆ لای ماڵی باوکی دەڕۆیشتین، کە نزیک بووینەوە، وتی، لێرە

سەرت شۆڕ کەرەوە، با کەس نەتبینێت، کەس نەتناسێت.! من شوێنەکەم باش دەناسی، لەگەڵ باوکم جارێک هاتبوومە ئەو گەڕەکە، باوکم لەو شوێنە ئۆتۆمۆبێلەکەی پارک دەکرد، کە دەچووە لای دوکتۆرەکەی ددانی، بە دەستە گچکەکانم دەستی باوکم دەگرت و شەقامەکەمان دەبڕی.

بەڵام ئیمرۆ باوکم لەگەڵم نییە، من دەبێ بەتەنیا شەقامەکە ببڕم. کە گەیشتینە نزیک ماڵەکەیان ئەو وتی:

سەرت بەرز مەکەوە، ئەوانە کۆنە هاوسێن، من دەناسن، دەرگەکە بە کراوەیی دەهێڵمەوە، تۆ پاش من بەیەک دەقە وەرە ژوورەوە.

ماڵەکە گەورە بوو، لە دەروازەکە چەند پێڵاوێک دانرابوون، ئەوەم بەبیر هاتەوە ئەو ماڵەی سەڵاواتی تێدا بکرێت، دەبێ بە پێڵاوەوە نەچیتە ژوورەوە. منیش لە پێش دەرگەکە پێڵاوەکانم لە پێ کردەوە، گرتمە دەستمەوە و بردمە ژوورەوە، لە دەروازەکە وێنەی گەنجێک بە جلی پاسداری یان بە وێنەی حەرەس سەوریيەوە بوو هەڵواسرابوو، بۆیە لێم پرسی، ئەو وێنەیە وێنەی برا شەهیدەکەتە..! بەڵام ئەو وەڵامی نەدامەوە.

لەسەر پەیژەکان سەر دەکەوتم، بۆنهۆمی سەرەوە دەچووین، بە وێنەی منداڵەکانی ئەو وەستام، ئازایەتیم دایە بەر خۆم و لێم پرسی:

تۆ ناوت چییە...؟! ئەویش وەڵامی دامەوە و وتی:

وەک هەموو جارێک ناوم فەرماندەیە...! دووبارە پرسیمەوە:

بەڕاستی نازانم بە چ ناوێک بانگت بکەم.! بەڵام وەڵامی دامەوە و وتی:

من دەمەوێ تۆ شادورەکەت لەبەر بکەیتەوە، هەر ئەوەندەش دەڵێم، ئای کە جوانیت.! لێم نزیک کەوتەوە، هاتە پێشم، چاوەکانم داخست، بە چاو قەپاتیش ئاکاری دەموچاویم لێوە دیاربوو، وردەکاریی رووبم دەبینی، هەستم بە شەرم کرد، ئای کە لاوازم، بە شەرمەزاریيەکەوە بێزم لە خۆم کردەوە. لە خۆم پرسی من بۆ کۆتا بە ژیانم ناهێنم، بۆ بەو ژیانە ڕازیم، وەک مشک بژیم... بۆ...؟ ئێستاش ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، ناتوانم وەڵام بدەمەوە...! چاوەکانم داخرابوون، لەبەر خۆمەوە وتم:

کامیلیا تۆ لە خەون دەژیت، تۆ خەوالوویت... ئەوە خەونە...!

دەمی دەجووڵا و دوعای دەخوێند، بەڵام من لە وشەکانی حاڵی نەدەبووم، تا ئەندامی خۆی ڕێک بخاتەوە، پشتەوەی قەمیسەکەی خستەوە ناو پانتۆلەکەیەوە، من لەسەر مافوورەکە دانیشتبووم، نیگایەکی تێ کردم وتی:

قوومێک ئاو ناخۆیتەوە...؟

سەرم بۆی هەژاند، بۆ لای مەتبەخەکە سووڕایەوە. لەبەر خۆمەوە وتم، دەبێ لەو ماڵە چۆڵە نیازی بێ چیم لێ بکات، چی لە خەیاڵدایە...! دەمویست بە زووترین کات لەو ماڵە چۆڵە بچمە

دەرەوە، بەڵام نەمدەزانی چۆن ئەوە بکەم... چی بکەم تا رزگارم بێت... نەمدەویست وا تێ بگات من بێزارم، من نامەوێ لێرە بمێنمەوە، ڕووی خۆم خۆش کرد، هەناسەی عاشقێکم دایە بەر خۆم، خۆم وا نیشان دا، نواندنی وام کرد، پێویستم بە زۆر شت هەیە، هێمنی دەپارامەوە، رزگارم بێت، هەرکە ئاوەکەی هێنا، پێم بڵێت هەڵسە پۆشتە بە، با برۆین، جلەکانت لەبەر کەرەوە و منیش وەک ئەو بە هێمنی دۆعام دەخوێند و دەپارامەوە..!

لەناو ئەو خەیاڵانەدا بووم، گوێم لە دەنگێ بوو، لە خوارەوە خشپەیەک دەهات، ئەو بەڕاکردن بەرەو خوارەوە ڕۆیشت، دەستی بۆ پێڵاوەکانی دەبرد، کوانێ... پێڵاوەکانم... پێڵاوەکانی لەناو دەستی بوو، وتی، دایک و باوکم گەڕانەوە، هاتنەوە، دیارە دایکم لە کوژاندنەوەی غازەکە دڵنیا نییە، بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، لە نیوەی ڕێگەدا گەڕاوەتەوە، دەستەکانی دەلەرزی، لەبەر خۆیەوە (ئەی خوایە شەرەفم چوو، ناموسم چوو، خوایە تۆبە لەسەر دەستی تۆ تۆبە...). بە منی وت، برۆ پشت قەنەفەکە، مەجووڵێوە، تا من بانگت دەکەم هەناسەش نەدەی، هەناسەت ڕاگرە... باشە تا من...

دڵم خێرا لێی دەدا وام هەست دەکرد ژوورەکەی پڕ کردبوو، دڵەکووتەیەکی تووندم گرت، دەبێ جارێکی تر بەزیندوویی لە پشت ئەو قەنەفەیە دەربچم، لەبەر خۆمەوە، دەبێ چەند رۆژ بمێنمەوە، یەک رۆژ دوو رۆژ چەند...!؟ ئەو دەمانە ئەوەم بەبیر دەهاتەوە کەوا دایک و باوکم منی کێژۆڵەی بەناز و بەشەرەفیان بەڕەوشتی بەرزەوە پەروەردە دەکرد، مامۆستای تایبەتی زمانی فرەنسییان بۆ دابین کردبووم، من وام لێ هات، ئەوەم لێ دەرچوو، بکەومە بن کەرەوێتەی ماڵێکی گەڕەکێکی کۆنی شاری تاران، لەو شوێنە خۆم بشارمەوە، ئەوان بەوجۆرەیان دەرس دام، ئەوەم لێ دەرچوو. ماوەیەک وەک پشیلەیەک مامەوە، بە ڕەنگی بۆرەوە مامەوە، هەر پێنج دەقەیەک دەبوو، ئەو هاتەوە لام و وتی، وەرە دەرەوە، زوو بۆی دەرچوو، شادورەکەت جوان بپۆشە، وەرە خوارەوە، چاک خۆت لە شادورەکە لوول بدە، ئەوان وا لە خوارەوەن... دابەزە نهۆمی خوارەوە، وەک با، بۆی دەرچوو من پاش چارەکە سەعاتێک دەگەمە لات، چەندی دەتوانی دوور بکەرەوە، دوور برۆ...!

زۆری نەمابوو بمانگرن... پاش ئەوەی بە خاوێنی ژیام، بەڕێزەوە دەژیام زۆری نەمابوو (الحمدلله)... زۆری نەمابوو بڕووخێم... هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا، تەماشایەکی کردم، وتی:

نازانم بۆ تۆم خۆش ویست...؟ من ئەوەم دەزانی، بەڵام هیچم نەوت، بە بزەیەک تەماشام کردەوە.

پاش مشتومڕێکی زۆر، سوور بوو لەسەر ئەوەی من بەکەڵکی جاسووسی دێم، کار لە دەرەوە بکەم، زانیاری بۆ وەزارەت لە دەرەوە کۆ بکەمەوە، من زۆرتر بۆ کاروباری دەرەوە بەکەڵک دێم. لەسەر بنچینەیەک ڕەزامەندیی دەربڕی من سەفەری لەندەن بکەم. بەڵێنم پێ دا دیمانەی ڕەزا پەهلەوی بکەم، دەقی دیمانەکەی بە ڤیدیۆ بۆ بهێنمەوە، زانیاریی زۆرتر لەسەر مەنوشهری محەمەدی بۆ کۆ بکەمەوە. لەو سەفەرەدا راستی پێوەندیی نێوان (الابطحی) و (نووری زادەی) بۆ تێ بگەم.

ئەو پرسی، تۆ چۆن ڤیزای ئەمەریکات دەست دەکەوێت...؟ منیش دڵنیام کردەوە، برادەری وام

هەیە، دەتوانن، ئەوان لە زانکۆکانی ئەمەریکا دەخوێنن، ئەوان دەتوانن، خەمی ئەوەت نەبێت، لەو دەمانەدا پێوەندیم بە جینییەوە کردبوو، ئەو لە ئینگلتەراوە کاری وەرگرتنی ڤیزام بۆ بکات.

پێش ئەوەی سەفەری ئەمەریکا بکەم، ئەمیر فەرمانی پێ کردم بچمە باڵەخانەی سەرۆکایەتی بۆ وەرگرتنی پەساپۆرتەکەم و دەفتەری مولکییەتی ئۆتۆمۆبێلەکەم وەرگرمەوە، دایکیشم ئەوەی پێ ڕاگەیاندم. لەو ڕۆژەی گیرابووم پەساپۆرتەکەم هەر لەوێ بوو. پاش ئەوەی ئازاد کرام ١٣ ملیۆن تمەنم دا، کە دەکاتە نزیکەی ١٣ هەزار دۆلار، بۆ بەربوونیشم شوقەکەمان کە بەناوی دایکم بوو، لە دادگەی شۆڕشەوە وەک زەمانەتێک لەوێ دەفتەری مولکییەتەکەم دانابوو، دیارە ئەوەش لە بەرامبەر ١٠ هەزار دۆلار دانرابوو، من جیاوازیی پارەکەم دا، تا زەمانەتەکە نەمێنێت. ئەوەش وەک هەموو کەسێک وابوو، ئەوەی لە زیندانداا ئازاد بکرێت، دەبێ ئەو مەراسیمە بکات، ئەمیر کۆششی زۆری کرد، تا ئەو کارانە بەئاسانی تەواو بکرێت، کە لە باڵەفڕگە منی بەڕێ کرد، دووبارە هەڕەشەی لێ کردمەوە و وتی:

لە بیرت بێ خێزانەکەت لێرە ماون، لە بیرت نەچێت، ئەگەر یەک هەنگاو بنێیت، بۆنی خیانەتی لێ بێت، وات لێ دەکەم تا لە ژیان ماویت لە بیرت نەچێتەوە، تۆ تەنیا بۆ دە ڕۆژ دوور دەکەویتەوە، پاش ئەو ماوەیە دەگەڕێیتەوە، زانیت!

دیسەمبەری ١٩٩٩

لە نیویۆرک هەستم کرد، خەڵکی هەموو بە ئازادی دەجوڵێنەوە، بەڵام من وەک ئەو خەڵکە ئازاد نیم، چوومە پایەتەخت، لە واشنتۆن سەردانی ڕەزا پەهلەویم کرد، چوومە لای تا ڕاستییەکانی پێ بڵێم، بەڵام من مەنوشهر محەمەدیم لە گرتیگە (التوحید) نەبینیبوو، هاتووشم لێرە جاسووسیی لەسەر بکەم. زۆر بەڕاشکاوی قسەم لەگەڵ کرد، ئینجا نازانم بڕوای کرد یان نەء. ئەو برادەرانەی لە سەفەرەکەی پێشووم ناسیبوومن ، ئەمجارە حەزیان لە من نەدەکرد، نەیاندەویست بمبینن، دیارە لەبەر ئەوە بوو گوڵریز ئەو ماوەیەی من لە زیندا بووم، پڕوپاگەندەی زۆری بۆ هەڵبەستبووم. پاشان زانیم کە وتبووی من لە گرتیگە نەبووم، ئەوەی گوتراوە هەڵبەستراو بوو، وازی لێم نەدەهێنا، ئەگەر لە دەستی دەربازم نەبووایە دەیخستمە ناو کەندەڵانێک. ئەو وتبووی، من ئەو سێ مانگە لە ناوچەکانی دەریای قەزوین لە پشوودا بووم، خیانەتی ئەو هاوڕێیەم تووشی شۆکی کردبووم. دیارە لە دڵە ڕەشەکەیەوە زانیبووی من کاری جاسووسی دەکەم، پێشبینییەکانی هاتنە دی، من وا لە ئەمەریکام، هاتووم بۆ بەرژەوەندیی وەزارەتی هەواڵگری کار بکەم.

بەتەما نەبووم هیچ زانیاریی ڕاست و دروستی بدەمێ، هەرگیز خۆم وەک جاسووسێک نەدەبینی، تەنیا بۆ دەرچوونم بوو لە زیندان.

لە وڵاتی ئێران بەو پەیمانە ڕازی بووم، بەڵێنم دابوو جاسووسییان بۆ بکەم، ئێستاش نازانم دەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم، ئەو قسە هەڵبەستراوانەی لەسەرم گوتراوە چارەسەر بکەم، یان

ئەوەندە ئازام تا دان بەو پێوەندییە دابنێم. هەستم بە تەنیاییەکی ترسناک دەکرد، من ڕاستییەک دەزانم و کەسیش بڕوام پێ ناکات، بۆیە تووشی خەمۆکی هاتبووم، کەس نەبوو گوێم لێ ڕاگرێت، تا باسی شەرمەزاری و سەرشۆڕی و ژانەکانمی بۆ بکەم، هەموو قبووڵ بوو تا ئازاد بم.

جینی ئەو برادەر و دەستەخوشکەم بوو، کە مایەی ئیسراحەتم بوو، دەستی لە ئامێزم وەرنابوو کە وتی:

مەگەڕێوە تۆ دەبێ لە ئەمەریکا بمێنیتەوە، ئەوان لە تاران دەتکوژن، من بۆ ڕەوشی تۆ زۆر نیگەران بووم لە تۆ دەترسام. منیش وەڵامم دایەوە:

لەبەر سەلامەتیی ماڵەوەمان ناکرێ لێرە بمێنمەوە.

بەردەوام هەڕەشەکەی ئەمیرم لە بیرما بوو، قسەکانی لە خەیاڵم بوون، من ترسم لە دایکم و خوشکم هەبوو، دەبووایە بەو دە ڕۆژە بڕیاری خۆم بدەم، ئەگەر بگەڕێمەوە وڵات دەمزانی ئەمیر ژیانم تاڵ دەکات، مەترسیم بۆ دروست دەکا، دڵنیا بووم، وای دەکرد، ئەگەر موعجیزەیەک ڕوو بدات، ئەگەرنا لە بن دەستی ڕزگارم نەدەبوو.

لە هەزارە نوێیەکەدا

منیش لەگەڵ ئەو هەزاران کەسە، بۆ یادی هەزارەی نوێ لە گۆڕەپانی تایمز سکویر وەستا بووم، بە دەستەخوشکەکەم وت:

زۆرجار هیوای ئەوەم دەخواست، لەو ڕۆژە لە نیویۆرک بم... بەتایبەتی لەو شوێنەدا. لەناو خەونەکەمدا دووبارە گەڕامەوە ناو واقیعەکەی خۆم من بۆ لێرەم، هەستی ئەڤینە بەژانەکەم بەبیر هاتەوە، ئەو دەورەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، ئەو هەموو خەونەی لە پاش خۆم جێم هێشتووە، ئەوانە منیان بە هۆش هێنایەوە.

گەڕامەوە ئێران، بۆ ژێر دەستی ئەو پیاوەی ڕزگاری کردبووم، نەمدەزانی ئەو شتانەی بەبیرمدا دەهات، جۆرێکە لە هەستکردن بە ئەڤین، ئەو سۆزانە لە ناخەوە منیان دەخواردەوە. ئەگەرچی بە دۆست و کەسوکارەکانم دەوت، من زۆر باشم، بەڵام لە ڕاستیدا وا نەبوو، باش نەبووم، وەک کەسێکی ئاسایی نەبووم، نیوەشەوان بە ئاگا دەهاتم، هۆشیار دەبوومەوە، ماسوولکەکانی قاچم گرژ دەبوونەوە، هەستم دەکرد تەواو نیم، ئازارم زۆر بوو.

یەنایەری ٢٠٠٠

بۆ جاری یەکەم و دووبارە لە یانەی ئەدەب لە تاران چاومان بەیەک کەوتەوە، کە هاتە لام خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەم بووم. کە بینیمی وتی:

دیارە بەڕاستی تۆبەت کردووە.

ئەو ماوەیەی لەلای مامەوە، لای من چەند سەعاتێک دەبوو، هیچم نەبوو قسەی بۆ بکەم، بەیەکەوە باسی چی بکەین. لەو دانیشتنەدا بۆم گێڕایەوە کەوا گوڵەریز زۆر بەخراپی باسی منی گەیاندبوو، من لە واشنتۆن رەزا پەهلەویم بینی، بەیەکەوە قسەمان کرد، دڵنیام ئەو پارەی بە (منوشهر محەمەدی) نەداوە، ئەو کاسێتانەی لە دیمانەکەماندا گرتبووم لە پێشم دانا. لێرە تووڕە بوو، بۆیە وتی:

من هیچم ناوێ، هەر ئەوەش مەبەستت بوو، کەوا من لە ئەمەریکا جاسووسیم پێ دەکرێ، ئەوانە لە ئێرانیش بە من دەکرا، ئەوە چییە. لە ڕاستیدا لەوەم زۆرتر پێ نەدەکرا، من دەمزانی ناتوانم لەگەڵی کار بکەم، بۆیەش گەڕامەوە، من شەیدای کاری پێشووی خۆمم، دەمەوێ وەک ڕۆژنامەنووسێک کار بکەم، بگەڕێمەوە ژینی ڕاستەقینەی خۆم.

ئەو ماوەیەی من لە دەرەوە بووم، ئەویش سەفەری کردبوو، لەگەڵ خێزانەکەی بۆ زیارەت چووبووە کەربەلا، ئەو لە کاروانی یەکەمی گەشتیارە ئێرانییەکان بوو لە پاش شەڕدا بۆ عێراق چووبوو، لە کەربەلا دیاریی بۆ هێنابووم، لەوێ ئەنگوستیلەیەکی زیو و پارچە قوماشێکی کەسکی بۆ هێنابووم بە مەزندەی ئەو، قوماشە کەسکەکە بەشێکە لە کفنی ئیمامەکانیان. کە ئەنگوستیلەکەی دامێ، پێی وتم، دانەیەکی کۆپی وەک ئەوەشم بۆ ژنەکەم کڕیبوو، من وا دەزانم کاتی ئەوە هاتووە بێمە لای دایکت و داوات بکەم، بە ڕەسمی خوازبێنیت بکەم. زۆر ڕووی داوە ئەو ژنە موجاهیدانەی تۆبەیان کردووە، شوویان بەو کەسانە کردووە، کە لە ڕۆژانی گرتووخانەدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردوون، بەڵام ئەو برایە چی بکات، کە ئەوی خۆشویستووە، کەوتووەتە داوی، بەڵام ژن و منداڵیشی هەیە...!؟

دۆستی (نەناسراو) یەک

من بەهیچ شێوەیەک خۆشم نەدەویست، ئەوەی کردوومە بۆ فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و لە پێناو خۆشویستنی خۆم بووە، ئەوەی نیشانم دابوو نواندنی ڕۆڵێک بوو، دڵی خۆم بەو قسانە خۆش دەکرد. وا هەست دەکەم شتەکە تەواو بوو. کە باڵەفڕوانەکە وتی، وا لە باڵەفڕگەی میهرباد دادەبەزین، هەستم کرد هەموو شتەکان کۆتاییی هات، تەواو. لەو دەمانەدا هەستم کرد کارێکی زۆر گێلانەم کردووە، بۆ گەڕامەوە، بۆ هاتمەوە، هاتمەوە تا ببمە دۆستی پیاوێکی (نکرة) نەناسراو بۆ من، لەگەڵ پیاوێکی نەناسراو بم. ئەوانە هیچ نین، قەیدی چییە، با لەناو شادورە ڕەشەکەم خۆم بشارمەوە، با لەناو کۆڵانەکانی تاران بسووڕێمەوە. هیچ نەبووە وا چاوانم کرانەوە، هەموو شتەکانم زانی، کە باڵەفڕەکە لەسەر باڵەفڕگەی میهرباد دەسووڕایەوە، بیرم دەکردەوە ئەمجارە زۆرزانترو بەفێڵ کاری لەگەڵ بکەم، بەرنامەی ئەوەم دادەڕشت چۆن وازی لێ بهێنم، دەستبەرداری بم، ئەڤینەکە وەک تەم ڕەوییەوە، نەما... دەبێ ئەو ڕێگەیە لەگەڵ ئەو پیاوە بەرەو کێندەرێم ببات...؟

ئەگەرچی من ئەوم خۆش ناوێت، دەبێ ئەو خۆشی بوێم، منی بە گوڵە فارسییەکە ناو دەبرد،

بەردەوام دەیپرسی. لەو کارە ماندوو بووییت...؟ دەیوت هەر کاتێ لەو ئەرکە بێزار بووییت پێم بڵێ من وا دەکەم کارەکەت تەواو بێت، بەئاسانی دەیوت، هەر کاتێ بێزار بووییت، من و کارەکە لە کۆڵت دەبینەوە، بەڵام من ئەوەندە نەفام نەبووم قسەی وا بکەم، باییی ئەوەندەم دەزانی، چۆن بڵێم من تەواو، بێزار بووم دەستبەرداری من بە، من بە ڕێگەی خۆمدا دەڕۆم بە تەمای خوا، من وا بڵێم...!

بەردەوام هەستم بە خەمۆکی دەکرد، ئەویش هەستی بەوە دەکرد، بە دابڕانم لە ڕۆژنامەوانی شپرزە بووبووم، ئەو ڕاپۆرتانەی بەردەوام پێشکێشی ئەوم دەکرد، چەند ڕستەیەک لە درۆ بوون ریزم دەکردن. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتێکدا وام بۆ نووسیبوو:

بەیەکەوە لەگەڵ فائیزە و کیژ و کوڕەکەی گەشتێکمان بۆ کەنارەکانی دەریای قەزوین کرد، بەیەکەوە باسی سپۆرت و بڵاوکراوەکەمان دەکرد. کە خوێندیەوە سەری ڕاوەشاند و وتی:

چ جۆرە جاسووسێکی تۆ...؟!

ئەپریل ۲۰۰۰

ڕۆژێکیان ئەمیر شوقەیەکی بەتاڵی لە ناوچەی (سعادت ئاباد) دۆزیبووەوە خاوەنەکەی رازی کردبوو کلیلەکانی بداتێ تا شوقەکەی بە ژنەکەی نیشان بدات، ڕەنگە مەبەستیشی ئەوە بووبێت، بەڵام چەند جار منی بردە ئەو شوقەیە، لەسەر ئەرزەکەی چەند پارچە کارتۆنێکی ڕاخستبوو، لە بیرمە ڕۆژی عاشور بردمی بۆ ئەو شوقەیە پێش دەرچوونم لە مااڵوە دایکم داوای ئەوەی لێ کردبووم بەیانییەکەی عاشور بچینەوە گوندەکەمان جمران، منیش بەڵێنم پێ دابوو، بەیانییەکەی کارێکی گرینگم هەیە ئێوە بڕۆن، من پاش نیوەڕۆیەکەی دێمە الیتان.!

بەیانییەکەی ئەمیر لە شوێنێکی نزیک مااڵوەمان هاتە شوێنم، بەیانی بوو شەقامەکانی تاران چۆڵ بوون، خەڵکەکە لەناو حسینییە و مزگەوتەکان بوون، لە یادکردنەوەی شەهیدبوونی ئیمام حسێندا بوون. لەناو ئۆتۆمۆبێلەکە دوو قاپ خواردنم بینی لە پشتەوە دانرابوون، دیارە بە ژنەکەی وتبوو من دەچم خواردنی تایبەتی عاشورتان بۆ دەهێنم، لە ڕاستیشدا لە ژووان بوو لەگەڵ منداا، بەیەکەوە دەچووینە سەعادەت ئاباد بۆ بەڕێکردنی ڕۆژی پشوودانەکەی، کە ئەو قسانەشی پێ دەوتم وەک منداڵێک بە بیرۆکەکەی پێکەنینی دەهات. بەدەنگێکی کەرخەوە وتی:

دەتەوێ ئیمرۆ بەیەکەوە چی بکەین...؟ من ئەوە یەکەم جارمە لە ژیانمدا لە ڕۆژی عاشور ناچمە مزگەوتی بازاڕ، داواکارم خوا لێم خۆش بێت، تۆ شەیتانی نەفرە تلێکراوی.!

ئەگەرچی بزەیەکم هاتێ، بەڵام لە ناخمدا هەستێکی زۆر خراپم هەبوو، گەمەکەم لە دەست دەردەچوو... ناکرێ چۆنی پێ بڵێم، من پاش دیمانەکانمان لەژێر دوشی ئاودا، لە گەرماوەکەماندا دەگریام و سەد جار خۆم پاک دەکردەوە، من لە خۆم دەپرسم بۆ بەو چارەنووسە گەیشتم، بۆ وام لێ هات...!

بەرەو شوقەکە دەچووم، لە ڕێگەدا هەستم کرد دەبووریمەوە ڕشانەوەم دێ، هیچم بۆ نەدەهات قسەم پێ نەدەکرا، بەو ڕەوشە بە پەیژەکە بەرەو نهۆمی سێیەم سەرکەوتم.

نیوەڕۆ بوو منی لە گۆڕەپانی تاجریش دابەزاند، لەوێ تاکسییەکم بۆ جمران ڕاگرت، تا بەزووترین کات بگەمەوە ماڵەوە، هەموویان بۆ بەشداریی عاشور لەوێ لە خانووە کۆنەکەمان کۆ دەبوونەوە، لە حەوشەکەدا مەراسیمەکەیان دەکرد. بۆ یەکەم جار پاش بەربوونم هەندێ لە خزمەکانم بینی، ئەگەرچی شەش مانگ بوو ئازاد کرابووم، ئەوان وایان دەپشکنیم کە دوێنێ بەربوومە. خۆم تازە لە دیمانەکەی ئەمیر هاتبوومەوە، تاقەتم نەبوو ئەوانیش بە پرسیارەکانیان زۆرتر بێزار و هەراسانیان دەکردم. زۆریان وت، یەکێک وتی:

زۆر گۆڕاویت... دیارە ئەشکەنجەیان داویت...!؟ دەموچاوت ئەستوور بووە، دیارە ئازارت زۆر کێشاوە... لێیان داویت... کارێکی ناشایستەیان لەگەڵ کردوویت... خراپەیان کرد... بەڵام مامۆژنەکەم منی لەوان دوور خستەوە و داوای کرد، لە کۆڵم ببنەوە، بەیەکەوە دوور کەوتینەوە، تا لای مزگەوتەکە ڕۆیشتین، لەوێ وتی:

دوعا بکە ئیمام ئارامت بکاتەوە، نوێژ بکە تا سەربەست و ئازاد بیت...!

من نەمدەویست وەک موسڵمانێکی پابەند لەبەر خاتری ئەمیر ڕەفتار بکەم، ئەو داوای لێ کردم بۆ ئاهەنگی زەماوەندی کیژە خاڵەکەم (ئیلهام) نەچم، دەیوت، لەوێ ژن و پیاو بەیەکەوەن.

بەڵام بۆم نەدەکرا لە زەماوەندی کیژی خاڵم ئامادە نەبم... دایکم چیم پێ دەڵێت...!؟ من بەشداریم کرد، بە ئەمیرم وت، باش بوو خاڵۆژنەکەم ژن و پیاوەکانی لەیەک جیا کردەوە، ئەو درۆیەشم کرد.

لەو ئاهەنگەدا بەئامادەبوونی تیپێکی مۆسیقا سەماشم کرد، تا بەیانی سەمام کرد، کە لەگەڵ دایکم و خوشکم گەڕاینەوە لەبەر ئازاری پێیەکانم پێڵاوە بنبەرزەکانم داکەند و بە پێخاوسییەوە سەرکەوتمە شوقەکەمان. بۆ بەیانی ئەمیرم بینی، ژانە سکم لێ بوو، لە ئاهەنگەکەی پرسی، منیش بە کورتی وەڵامم دایەوە و وتم:

ئاهەنگەکە ئاسایی بوو، ڕەوشێکی هێمن بوو.! من لەو ڕۆژانە زۆرتر هەستم بە بێزاری و تاوانەوە دەکرد، لەو ڕۆژانە بەردەوام درۆم دەکرد، بەسە چیی تر درۆ ناکەم با ژیانیشم لەسەری دابنێم، نامەوێ بە درۆ و بەفێڵ بژیم، من دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ کاری خۆم، من ژورنالیستم، ئێستا کەسێکی هیچم...!

گەمەکردن بە ئاگر

بە هیچ شێوەیەک ماڵەوەمان بە پێوەندیی من و ئەمیریان نەدەزانی، ئاگەداری هیچ نەبوون، دایکم و خوشکم هیچیان لە من گوێ لێ نەبووبوو، ڕەوشم باش نەبوو پێویستم بە کەسێک هەبوو لە

دەرەوەی ماڵەوەمان بێت یارمەتیم بدات، ئامۆژگاریم بکات، بەڵام ئەو کەسە جێگەی متمانەم بێت. کابرایەکی بەدەسەڵات هەبوو ماوەیەکی درێژ بوو دەمناسی، ناوی (قریش) بوو. بۆ ئەو مەبەستە چوومە نووسینگەکەی، کە دانیشتین قسەکانم بۆ کرد، ترسا وتی، کامیلیا هەڵسە لێرە تۆ یاری بە ئاگر دەکەیت. یەک دەقەی تر لێرە مەبە، باش بزانە ئەو کابرایە کە لە هەوەسەکانی تێر بوو، کە بێزار بوو، یان کاری بە تۆ تەواو بوو، یان ئەگەر تۆ جورئەتت کرد سەرپێچیی فەرمانی ئەوت کرد، لەناوچوونت مسۆگەرە، پاشان بەنهێنی دەتکوژن. شێوەیەکی تایبەتی کوشتنت بۆ دەدۆزنەوە، جا چ بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل بێت، یان بە خۆکوشتن، باش بیر لەو مەسەلەیە بکەوە. ئەو خۆی لەلای تۆ وتوویەتی من لەسەر کوشتنی کیژانی لە تۆ گچکەتریش ئیمزام کردووە، پێش ئەوەی تۆ بگیرێیت، زۆری لە چەشنی تۆی بە کوشتن داوە. رەنگە ئەو پاش چەند ساڵێکی تر خانەنشین بکرێ، بەڵام کەسانی وەک ئەو، زۆرن ئەو هزرە هەر دەمێنێت، تەواو نابێت، رۆژەکە گۆڕاوە، خەڵکی بە پەتی سێدارە ناکوژن، شێوەی کوشتنەکان ئاسانتر بووە، بۆ خۆت بواریک بدۆزەوە زوو خۆت دەربازکە، بواریک بدۆزەوە، من ناتوانم تا کۆتاییی ئەو گەمەیە هاوشانت بم.

دەزانم تۆ خوێندنت لە زانکۆ تەواو کردووە.

ئەمیر ئەوەی پێ وتم و تەماشاشی دەکردم، منیش لێم پرسی چۆن زانیت دەرچووی زانکۆم. ئەو لە وەڵامدا وتی:

دیارە لەو جلانەی لە زیندان لەبەرت دەکرد، لەو دیمانە فەلسەفییانەی لەگەڵت دەکردم، دیارە رۆشنبیری، باش شارەزات بووم، دەتوانم بواری خوێندنەکەت دەستنیشان بکەم، زۆرت لەسەر دەزانم...!؟ منیش وەڵامم دایەوە و وتم، بەسە بەس، چیبە ئەوەندە سۆراخم دەکەیت، بڕوا بکە تۆ حاڵەتێکی سەیری، لە ژیانمدا کەسی وەک تۆم نەناسیوە. ماموەڵەم لەگەڵ کەسی واش نەکردووە...!

ڕاوێژکاری تایبەتی

لە سەرچاوەیەکی تایبەتیی خۆمەوە زانیم ئەو پیاوە، وەک ڕاوێژکار لە وەزارەتی هەواڵگری کار دەکات، کەس لە برادەر و کەسوکارەکانی ئەوە نازانن، هەموویان وەک پیاوێکی ئەکادیمی دەیناسن، بەڵام ژنەکەی لە راستیی کارەکەی ئاگەدار بوو. ژنەکەی دەیزانی مێردەکەی ڕاوێژکارە لەو وەزارەتە، دیارە ئەو دەزگایەش بەرنامەی وا بوو ژورنالیستە ریفۆرمخوازەکان، کەسانی بەرهەڵستکار و نووسەرە پێشکەوتنخوازەکان لەناو بەرێت. بۆیە بۆم روون بووەوە لەو ولاتەدا جێگەم نەماوە، دوارۆژم لە ئێران نییە. پاش دانوستاندنێکی زۆر لەگەڵ قریش گەیشتینە ئەو ڕاستییەی ئەگەر من لەگەڵ ئەمیر بەردەوام بم و بمێنمەوە، دوارۆژم بەوە کۆتاییی دێت، رۆژێک لاشەکەم لەناو گوشێک یان ناو کیسێکی پلاستیکی دەدۆزرێتەوە، بە خنکاوی یان بە کوژراوی، لەسەر شۆستەی شەقامێکیش فڕێم دەدەن، لە تەنیشت لاشەکەشم پسوولەیەکی ساختە بۆ هۆکاری مردنەکەشم فڕێ دەدەن.

ڕاکردن

دایکم چەند قاچاخچییەکی بۆ دۆزیمەوە، لە سنوور بمپەڕێننەوە، بەرامبەر چوار ملیۆن تمەن کە دەکاتە چوار هەزار دۆلار، لە وڵات دەربازم بکەن. بەڵام من لە دەرچوونم بە قاچاخ دەترسام، دەمزانی ئەگەر بە زیندوویی بگیرێم چیم بەسەر دێت.

بە دایکم وت ئارام بە، ماوەیەک چاوەڕوان بە، لەو ماوەیەدا پێوەندیم بە ئەمیر بەردەوام بوو، پێم وت، لە نیویۆرک کۆنفرانسێک هەیە، بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشتن کراوم، من لەو بەرنامەیە بەشدار دەبم. ئەوەیان راست بوو کە لە ڕۆژنامەی زن کارم دەکرد، بلانکێتم بۆ ئەو بەرنامەیە ناردبوو. کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی پکین – پلوس لە نیویۆرک سازی دەکرد، لەسەر ئەو داوایەم داوەتم بۆ هاتبوو، ئەگەرچی ڕۆژنامەکەش نەمابوو. نووسینگەی فائیزە داوای لە سەرپەرشتیارانی کۆبوونەوەکە کرد، کەوا داوەتەکە ڕەوانەی سابا بکەن، ئەوەی ئەو دەری دەکرد، بەو شێوەیە دەکرا لەناو ئەو دەستەیەی کە نوێنەرایەتیی ئێرانی دەکرد، جێگەم بکرێتەوە.

کچەزای خاتەمی

نیگایەکی سەیری کردم، وەک ئەوەی بڕوا نەکا، وتی:

جاری یەکەم بەهەڵە بواری تۆم دا سەفەر بکەیت. چۆن بواری دەرچوونت دەدەم، ئەگەر بزانم گەڕانەوەی تێدا نییە، تۆ پێویستە لێرە کار بکەیت. بە هاوکاریی قریش خەریکی کڕینی بلیتی سەفەر بووم، پێوەندیشم بە جینی هاوڕێمەوە کردبوو، لە کاتی مانەوەم لە لەندەن ڤیزام بۆ دابین بکات، چونکە لە کاتی دەرچوونم بۆ نیویۆرک ئەو بەڵێنی ئەوەی پێ دابووم بە هەموو شێوەیەک یارمەتیم بدات، هەر کارێک بەو بکرێت ئاسانکاریم بۆ بکات. بەردەوام بە ئەمیرم دەوت، ئەو سەفەرەم بۆ کارێکی زۆر گرینگە، بۆ هەردوولامان سوودگەیێنە، لەو سەفەرەدا زوهرە ئەشراقی خاتەمی کچەزای ئەیەتوڵڵا خومەینیشمان لەگەڵە، کە دەکاتە ژن برای سەرۆک خاتەمی. بۆ چاودێریی ئەویش وەزارەت کەسێکی دەوێت.

ئاسان نەبوو ئەو هەواڵە بە مااڵەوە بڵێم، ئێمە لە ڕۆژی هەڵاتنی شاهەنشاوە ژیانمان لە مەترسیدا بووە، ئەزموونی تاڵی زۆرمان هاتە پێش، ئێستاش بۆ ئەوەی بژیم، تا لە کوشتن ڕزگارمان بێت، دەبێ لە وڵات ڕابکەم، ئەوانیش چییان لە دەست دێ تەنیا نوێژ و دوعام بۆ بکەن، دەسەڵاتمان نەبوو. ئەگەر ئەمیر قبووڵی نەکرد، ئەوان ناچارن بەڕێگەیەکی ناشەرعی لە وڵاتدا بوارم بۆ بدۆزنەوە، دەبێ من بڕۆم، بەڵام چۆن و بەکام ڕێگە، دایکم هەستی بە شتێک دەکرد، چۆن هەست نەکا، چونکە ڕۆژانە من شادورە ڕەشەکەم لەناو جانتاکەم دەئاخنی، بە بیانووی ئەوەی هێشتا کارم لە وەزارەت و دادگەکان ماوە، بۆیە ئەو شادورە لەگەڵ خۆمدا دەبەم.

دایکم لە دوورکەوتنەوەم زۆر نیگەران دەبوو، لێم دەپاڕایەوە، هەرکە دواکەوتم، پێوەندی بکەم،

بەردەوام پێوەندیم هەبێ، بۆیە بەردەوام تکایە لە هەر شوێنێک بووبت پێوەندی بکە.

ئەمیر بەگومانەوە سەیری دەکردم کە لە ژوورەکە بۆ پێوەندی بە دایکمەوە دەچوومە دەرەوە. سەعات یازدە بوو، وتی ئێستا چی بە دایکت دەڵێیت...؟ ئەگەر پرسی لە کوێ بووبت... چی دەڵێیت.. وەڵامی چی دەدەیتەوە، منیش وەڵامم دایەوە، بە دایکم دەڵێم لەگەڵ فائیزەم! دایکم دەیزانی ئەو تەلەفۆنە رەنگە چاودێریی لەسەر بێت، بۆیە بە نەرمییەوە دەیوت، سوپاس کە تەلەفۆنت کرد، باشە سڵاوی لێ بکە. ئەو چاک دەیزانی من لەگەڵ فائیزە نیم لە شوێنێکی ترم، تا درەنگی شەوانیش لە پەنجەرەوە لەناو تاریکیی مەتبەخەوە چاوەڕوانی دەکردم، ئەو دەیوت:

قسەیەکت پێ دەڵێم، هەر کارێک دەکەیت باوکتت لە بیر بێت، ئەوت لە بەرچاوان بێت، تەنیا ئەو کارانە بکە کە باوکت پێی دڵخۆش دەبوو.

ئەو ئەستێرەیەم لەبەر خاتری تۆ هێناوە

من نەگەڕامەوە ئێران. بەهار کۆتاییی هات و هاوین هات. دیاربوو ئەمیر ژمارەی تەلەفۆنەکەیمی دەست کەوتبوو، کە بە زمانی فارسی و ئینگلیزی نامەی بۆ جێ دەهێشم موچڕک بە گیانم دادەهات، زۆرجار نامەکانی بۆنی هەڕەشەیان پێوە بوو، جاروباریش سۆز و نازیشی دەنارد، تاکە وەڵامیش لەلای من بۆ ئەو تەنیا بێدەنگی بوو، کە ئەدرێسە ئەلیکترۆنییەکەی منی زانیبوو، ئیمێلیشی بۆ دەناردم. جارێکیان بۆی نووسیبووم:

ژیانی من و ماڵەوەتان لە مەترسیدایە. بەڵێنی دابوو لە ئەمەریکاش بێت، دێمە شوێنت، وازت لێ ناهێنم، دوایی قسەکانی، داوای دەکرد، گرینگ نییە دەتوانی لە ئەمەریکا بمێنیتەوە، بەڵام پێوەندیمان بە بەردەوامی بمێنێت، جارێکیان لە تەندروستیمی پرسیبوو، جارێکی تر پرسیاری ئەوەی کردبوو لە جەژنی نەورۆز بە سەردان ناگەڕێیتەوە ئێران، من دەتوانم کاروبارەکانت بۆ ئاسان بکەم، هەر دەمێک دایکت داوای کرد، من یارمەتیی دەدەم، بە هەموو شێوەیەک بۆ گەڕانەوەم کۆششی دەکرد، دواجار لە دادگە داوای دایکمیان کردبوو، بۆ هاتنەوەم هەڕەشەیان لەو کردبوو، پێیان وتبوو کەی دەگەڕێتەوە...؟ کەی ئەو گەمەیە تەواو دەبێت...؟ کەی ئەو چیرۆکە تەواو دەبێت..؟!

لە چاوەڕوانی سەرۆکدا

لە سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٠دا وەفدی ئێرانی بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بوون، منیش لە هوتێلەکەیان چاوەڕوانی دیمانەیانم دەکرد، وتم کەسێک لێرە پەیدا بکەم، من بگەیێنێتە لای سەرۆک خاتەمی، دەمەوێ سەربردەی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، دەبێ لەگەڵ ئاغا خاتەمی قسە بکەم، لەناویان سوڕامەوە یەکێکیان ئەو دیمانەم بۆ ئاسان بکات، کارێ بکات کە دیداری سەرۆک بکەم.

وێنەکەم لە رۆژنامەکان بینیبوو، دەمزانی ئەو کەسە چوارشانەیە محەمەد ئەلئەبتەحییە. ئەو سەرۆکی دەستەی کارمەندانی سەرۆکایەتییە، ماوەیەکیش کرا بە جێگری سەرۆکی ئێران. بە ڕوویەکی خۆشەوە بینیم، چاوەکانی دەبریسکانەوە، لەسەر قەنەفەکانی هوتێلەکە لە تەنیشت یەک دانیشتین، بەگریانەوە سەربردەی خۆم بۆ گێڕایەوە، متمانەم پێی دەکرد بە نووزانەوە بۆم گێڕایەوە، بە مانگ و بە رۆژ و بە ساڵ سەربردەکەم بۆ گێڕایەوە، باسی ئەو ژیانە نیگەرانەی خۆمم بۆ باس کرد. کە لە گێڕانەوەکەم بوومەوە بەڵێنی دا یارمەتیم بدات، دیمانەی سەرۆک بکەم، لە کۆتاییدا ئەفسووسی بۆ سەربردەکەم راگەیاند. بۆ بەیانی خاتەمی دەگەڕایەوە تاران، بەیانی بۆ سەردانی پەیکەری ئازادییان دەبرد، پێش سەردانەکە بەڵێنیان دا، لە ساڵۆنە تایبەتییەکەی مانەوەی بمبینێ. لەوێ ببینم، قسەم بۆی کرد سەری بەرز نەدەکردەوە، تەماشای خوارەوەی دەکرد، جاروباریش تا چاوەکانم ببینێت چاوی بەرز دەکردەوە، دیارە بە سەربردەکەی من ناڕەحەت بوو، بەگەرمی و بە سۆزەوە لەگەڵ گێڕانەوەی ئازارەکانم دەگریام، دڵی دامەوە و وتی:

کێشم مەگریێ خوا لەگەڵ کەسانی زوڵم لێکراوە، کێشەکەت بۆ بەدواچوونەوە ئاراستەی ئەلئەبتەحی دەکەم، تۆش پێوەندیت بە من مەبڕە، بەردەوام بە.

دۆسیەکانی پێش سەرۆک

ئەو دیمانەیە و پشتیوانییەکەی سەرۆک بۆ من دڵخۆشی کردم، دووبارە ئارەزووم کەوتەوە سەر کاری رۆژنامەوانی، جۆشم پەیدا کردەوە. چالاکییەکانی سەرۆک و پێوەندیی دەرەوەی ئێرانم، کردە چەندان ڕاپۆرتی رۆژنامەوانی، زۆربەیان بۆ ئاژانسی ئاسوشیتد پریس و کۆواری یلیدج وبیس لە نیویۆرک دەنارد، بۆ جاری دووەم دیمانەی ئەلئەبتەحیم کردەوە، ئەو جارە لە کۆنگرەی لووتکەیی ئۆپیک لە کەراکاس، لەوێ پێی وتم لەگەڵ وەزارەتی هەواڵگری قسەم کردووە، لەگەڵ ئاغا عەلی یونس دیدارم بووە، هەروەها سەرۆک خاتەمی داوای دۆسیەکانی تۆی لە دادگە کردووە.

دیمانەیەکی رۆژنامەوانی

لەو ماوەیەی لە ئاژانسی ئاسوشیتد پریس کارم دەکرد، سەردانی زۆرم بۆ ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو، لەو گەشتانەدا سەرۆک خاتەمیم دەبینی، زۆر بە سۆز لەگەڵمدا دەجووڵایەوە، سۆزێکی تایبەتی بۆم هەبوو. لە کۆنگرەی سەرانی وڵاتانی ئیسلامی لە وڵاتی قەتەر شەرەفی ئەوەم بەر کەوت دیمانەیەکی لەگەڵ بکەم، بۆ من جێگەی شانازی بوو سەرۆک خاتەمی لەناو ئەو هەموو خەڵکە بەناوی خۆم بانگی کردم، لێی پرسیم، ئەو خۆشییە بۆ من بێ وێنە بوو لە ژیانمدا، لە وڵاتانی قەتەر و شانشینی عەرەبی سعوودی ئازادانە دەسوڕامەوە، دەچوومە میسر و دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نزیک ئێران نەکەوتمەوە، ڕاپۆرتەکانم تەرجەمەی فارسی دەکردنەوە و لە ماڵپەڕی فارسی بڵاوم دەکردنەوە، دەمویست هاوواڵتیان لە

ئەزموون و کارەکانم ئاگەدار بکەمەوە، بەوەش بتوانم فێریان بکەم ئازادی و سەربەستی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەتایبەتی ئەوانەی لەژێر باری چاودێری و ترس و چاوەڕوانیدا.

لە کۆتاییدا بەڕێز ئەلئەبتەحی لە چارەنووسی دۆسیەکەم ئاگەداری کردمەوە، پێی وتم، دۆسیەکەی تۆ لەلایەن دەسەلاتدارانی قەزائییەوە گوم کراوە، فەوتێندراوە. دیارە وەزارەتی هەواڵگری رازی نەبووە سەرۆک خاتەمی لە کێشەکەی من بکۆڵێتەوە، هەستم کرد بە هەموو توانایەکەوە بۆ من کۆششیان کردبوو، بەڵام دیارە ئەو دەسەلاتەکەی سنووردار بوو، بۆیە زۆر نیگەران بووم کە زانیم سەرۆک خاتەمی دەستی ناڕوات.

کێ بمانپارێزێت..؟

لە گەڕانەوەی سەرۆک خاتەمی بۆ قەتەر، چوومە لای هوتێلەکەی لەوێ لێی نزیک بوومەوە و پێم وت:

ماڵئاوا، لە ئەمانەتی خوا بیت، ئاغا خاتەمی.! بە بزەوە بە منی وت:

وەرە با بەیەکەوە بگەڕێینەوە تاران، وەرە...! منیش وتم:

دەگەڕێمەوە ئەگەر سەلامەتیی گەڕانەوەم دابین دەکەیت، ئامادەم. ئەویش لە وەڵامدا وتی:

من نازانم کەسێ هەبێت، بتوانێ هەر کەسێک لە ئێمە دڵنیای سەلامەتی بکات پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران، ئەوە بە کەس ناکرێت.!

لە دەروازەی هوتێلەکە مامەوە تا خاتەمی دوور کەتەوە. من وەستابووم ئەندامانی وەفدەکەی بەتەنیشتمدا ڕەتبوون، لەوانە مەلایەک بەناوی دعائی وتی:

دوعا بۆ ئێمە و ئاغا خاتەمی بکە!

ژیانی کۆچ و تاراوگەم لا خۆش بوو، من خۆم ئەوەم هەڵبژاردبوو، بەردەوام هیوام گەش بوو، ئازادانە دەژیام، تەواو سەربەست بووم، لەو ڕەوشەدا کاری ڕۆژنامەوانیم بەجۆش بوو. ئەو ماوەیەی لە زیندان مامەوە دووچاری گۆڕان و تەنیایی هاتبووم، بەڵام لەو ڕۆژانە لەو شەرنەقەیە هاتوومەتە دەرەوە، جینی یارمەتیی دام بۆ وەرگرتنی ڤیزاکەم، هانی دام داوای پەنابەری سیاسی بکەم، برادەرە نوێیەکانیشم شوێنی مانەوەیان بۆ دەدۆزیمەوە، وەک ڕۆژنامەنووسێکی کاتی کاریان بۆ دۆزیمەوە.

ماوەی ساڵێک بوو کابووسێک شەوانە لە کۆڵم نەدەبووەوە، بەردەوام هاوشانم بوو، شەوانە لەو زیندەخەونانە من لەناو باڵەفڕە بووم، بەرەو تاران دەگەڕامەوە. بەڵام چاکم دەزانی گەڕانەوەم بۆ مااڵوە نەبوو، بۆ لای دایکم نەبوو، هەر گەڕانەوەیەکم بۆ لای ئەمیر بوو، کە گەڕامەوە لای دووبارە ئازار و ئەشکەنجەم دەداتەوە، تا مردنم ئازارم دەدات. لەناو باڵەفڕەکە دانەدەبەزیم لە کارمەندانی ناو باڵەفڕەکە دەپارامەوە نەمهێنن خوارەوە، من نامەوێ دابەزم، دەگەڕێمەوە. کە بەخۆیندن

هەوڵدانەوەی کتێب

سەرقاڵ بووم، هێدی هێدی ئەو کابووسانەم لە کۆڵ دەبوونەوە.

کە لە زانکۆ دەرچووم کەسیان لە ماڵەوە نەیانتوانی بەشداری ئاهەنگی دەرچوونەکەم بکەن، لە جیاتیی ئەوانە ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێیەکانم بەشدار بوون، دڵنیا بووم باوکم چاوی لێم بوو، کە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکەم سەر دەکەوتمە سەر یەکۆ، ئەو لە گچکەیەوە چاوەڕوان بوو، با لەناو گۆڕەکە بە ئارامی بخەوێت.

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤دا نامەیەکی ئەلیکترۆنیی ئەمیرم لە ئێرانەوە پێ گەیشت، نەمزانی هێشتا لەسەر کارەکەی ماوە، یان پلە و پۆستی چییە، یان خانەنشین بووە. بەڵام دەزانم دڵی پڕە لە رق و کینە، رەنگە لەو چەند ساڵەدا وای دەزانی من جورئەتی ئەوە ناکەم سەربردە و بەسەرهاتەکانم بنووسمەوە. من دەزانم ئەمیر ئەو ساتانەی لە بیر ناچێتەوە کە منی تێدا خۆشدەویست، کە دەستی دەگرتم، کە بێ هیوا لەناو تاراندا منی بە ئۆتۆمۆبێلەکەی دەگێڕا، دەستی منی دەهاوێشتە سەر بگۆڕی خێراییەکە و دەستی دەگرتم، لەو ساتانەدا دەیوت:

تۆ دەستێکی زۆر نائاساییت هەیە، لەبەر ئەو دەستە خۆشانە کەوتوومەتە داوی خۆشەویستیتەوە.

بەهاری ٢٠٠١

(یاسنانو)ی کێژە خوشکە تەمەن چوار ساڵییەکەم بوو، دیارییەکەی کە بۆم هێنابوو توند گرتبووی بەدەستەوە، لە شاری دوبەی بووین، پاش چەند ساڵ لە دابڕانمان بۆ یەکەم جار دیمانەمان بوو، بینیم ئەو کێژە گەورە بووبوو.

دەستی توند گوشیم، دیاریی بۆ من لەناو دانابوو، گوتم دەستت بکەوە بزانم چیت بۆم هێناوە، خوشکم وتی:

ئەستێرەیەکی شینی بۆ هێناویت، ئەستێرەکەی لە کاغەزی شین دروست کردبوو، ئەستێرەکەی بە خۆی بۆ تۆ بڕیوە و بۆیەشی کردووە. یاسبانو بە سۆزەوە چاوەڕوان بوو من دیاریەکەی هەڵسەنگێنم، کە ڕووی ئەوم بەرز کردەوە، بینیم ڕێز و ئامادەیی پێوە بوو دیار بوو، ماچم کرد و پێم وت:

تۆ خۆت ئەستێرەی ئەستێرە گچکەکەم.

لە ٢١/ ٧ /٢٠٠٧ تا ٦/ ٨ /٢٠٠٧ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی ئەلقەبسی کوێتی بڵاو کراوەتەوە.

هەواڵنامەی کێشک

ئەلفوبێی ڕۆشنگەری

ئۆشۆ

پێشەکی

وشەکان تەنیا کۆمەڵێ دەستەواژە نین، شێوازێکن بۆ دەربڕین و دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان خۆت و کەسانی تر، هەروەها وشە شێوازێکە بۆ تێگەیشتن، بە وشە کار دەکەیتە سەر ئەوانەی لە دەوروبەرتن، هەر ئەوانیش وشە بەکار دێنن بۆ کارکردنە سەر تۆ، وشەکان مانایان هەیە، شتگەلێک چەند ناوێکی لێ نراوە، ئیتر بڕوانە پەرچدانەوەی خۆت. هەر ناوێک وات لێ دەکات بە ڕوانگەیەکی جیاواز بڕوانیتە ئەوی تر.

شەو، لە باڵکۆنی مااڵەکەت دانیشتووی، لە پڕ ڕۆژ ئاوا دەبێ، ئەستێرەکان بە ڕووپەڕی ئاسمانەوە دەردەکەون. لەو کاتەدا مەڵێ "ئەو دیمەنە چەند جوانە". لەبەرئەوەی ئەو ساتەی تۆ ئەو ڕستەت دێنیتە سەر زار، ئەو ساتە وەک خۆی نامێنێتەوە. ڕەنگە ڕستەی "دیمەنێکی جوان" ببێتە ڕستەیەکی ڕابردوو. وشە "جوان"ەکەت چەند دەربڕینێکی جوانکارییان تێدایە، هەموو دەربڕینێک نوێیە بە تەواوی نوێیە. کەواتە بۆ بەڕاناوی ڕابردوو قسان دەکەی؟ ئێستە فراوانتر و بەربڵاوترە، ڕابردوو ڕووبەرێکی بەرتەسکە، تەنگەبەرە. لە کاتێکدا تۆ بتوانی بچیتە دەرەوەی دەرگە و بڕوانیتە ئاسمان بۆ لە کونی دیوارەوە دەڕوانی؟

بۆیە، هۆشیاربە وشەکانت بەکار مەهێنە، ئەگەر ناچاریش بووی بەکاریان بهێنی، زۆر بەوردی وشەکانت هەڵبژێرە، هەر وشەیەک سیحر و کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە. لە هەڵبژاردنی وشەکانت وەک شاعیرێ، بە هەستەوە ئەو وشانە بڵێرەوە، بە جۆرێک خۆشەویستییان تێدا بێت.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەاڵح حەسەن پاڵەوان

هەندێ وشە هەن دەربڕی هەستن، هەندێ وشەی تریش هەن، دەربڕی عەقڵ، واز لە عەقڵ بهێنە، ئەوەیان بەکار بێنە کە دەربڕی هەستن، هەندێ وشە هەن گۆبەن دەنێنەوە، هەرکە لە زارت هاتە دەرێ، گفتوگۆ و مشتومڕ دێتە ئاراوە، کەواتە واز لەم شێوە وشانە بێنە. نەکەی وشەی رەق بەکار بێنی، وشە کاریگەرەکان دەربڕە، ئەو وشانەی خۆشەویستیان لێ دەبارێ، ئەو وشانەی سۆزدارن، ئەو کاتە بێ هیچ گومانێک هەست بە گۆڕانکارییەکی گەورە دەکەیت.

بێ گرینگیدان بە هەڵبژاردن و دەربڕینی وشە، رەنگە زنجیرەیەک نەهامەتی بخاتەوە، بەڵام ئەگەر توانیت بزانی چۆن وشەکانت هەڵبژێری، ئەوە تراجیدیا دروست نابێت، گۆڕانێکی بچووک بەتەنیا رەنگە جیاوازییەکی گەورە دروست بکات.

گەشکەیی- دڵخۆشی

گەشکەیی شتێکە بەتەواوی لە بیرمان چووە، ناچار کراین لە بیری بکەین، چونکە کۆمەڵگە ئەمەی دەوێ، شارستانی ئەمەی دەوێ، کۆمەڵگە تواناکانی خۆی بەکار دێنێ بۆ وەبەرهێنانی نەهامەتی، وەک بڵێی خۆراکی شارستانی نەهامەتی بێت، کۆمەڵگە هەوڵی ئەوە نادا ئەو بڕە خۆشییە رزگار بکات کە لە ژیانی مرۆڤدا ماوە، بگرە هەوڵی ئەوە دەدا ئەو نەهامەتییەی کەوتووەتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون، ئەو نەهامەتییە رزگار بکات، کۆمەڵگە لە پێناوی بنیاتنانەوەی مرۆڤ کار بۆ مرۆڤ ناکات، کار بۆ ئەوە دەکات ئەو مرۆڤە بۆ ئامانج و ئامرازەکانی خۆی بەکار بهێنێ. بەداخەوە ئێمە وای دادەنێین کۆمەڵگە لە مرۆڤایەتی گرینگترە. تەنانەت کولتوور و شارستانی و پەرستگە ئاینییەکانیشمان لە مرۆڤ پێ گرینگترە. هەموو ئەمانە وایان لێ هاتووە لە مرۆڤایەتی گرینگتر بن. وا پێویست بوو ئەو شتانە لە خزمەتی مرۆڤدا بن، بەڵام بەداخەوە وا پێ دەچێت مرۆڤ بۆ ئەوە بووە تا ببێتە خزمەتکاری ئەو شتانە.

منداڵ کە لە دایک دەبێت دڵخۆش و گەشکەگرتووە، لەبەرئەوەی شادی پڕ دڵ جمگی سروشتە. ئەم خۆشییە هەروا لە خۆیەوە لە هیچەوە دروست نابێت و بۆ هیچ دروست نابێت، ئەمە بۆ هەموو مرۆڤایەتی پێویستە، هەموو مرۆڤایەتیی ئەم دنیایە، ئەمە ژیانی ناوەوەی مرۆڤە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ مرۆڤێکی زیندوویت.

داهێنان - دروستکردن

رەنگە داهێنان کاریگەری نەکاتە سەر کارێکی دیاریکراو، بەڵام داهێنان پرۆسەی دروستکردنی جۆرایەتییە لە هۆشی مرۆڤدا، ئەگەر بزانی داهێنان چییە هەموو شتێک کە دەیکەین دەگۆڕێ یان دەبێتە داهێنانێک. داهێنان واتە چێژوەرگرتن لە هەر کارێک کە دەیکەیت، یان رەنگە داهێنان قوواڵبوونەوە بێت، واتە کردنی هەموو شتێکە بەڵام بەخۆشەویستییەوە. داهێنان چییە، ئەگەر

خۆشت ویستم و بە راستگۆیی ئەو خۆشەویستییە دەربڕی ئەوە داهێنانە، بەڵام ئەگەر بێ دەربڕینێکی راستگۆیانە خۆشت ویستم مانای وایە ئەو کارەی دەیکەی کارێکی رۆتینییە. ئەرکی تۆ ئەوەیە شتێک بکەیت، جارناجارێ کارێکی داهێنەرانە ئەنجام بدەیت. بەڵام کاتەکانی تر چی دەکەیت؟ ئاخۆ دەتوانی کارێکی زۆر گرینگ بدۆزیتەوە و ئەنجامی بدەی؟ ئەگەر هەستای بە بۆیەکردنی دیواری ماڵەکەت، ئاخۆ تۆ بەو کارەت کارێکی داهێنانەت ئەنجام داوە؟.. بۆیاخکردن تەنیا کاری پاککردنەوەی ئەو دیوارەیە، بەڵام ئەگەر هاتو لەسەر ئەو دیوارە تابلۆیەکت دروست کرد مانای کارێکی داهێنەرانەت ئەنجام داوە.

ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ هاورێیەکت قسەت کرد مانای وایە تۆ کاتی خۆت بەفیڕۆ داوە. بۆ کاتێک بۆ نووسین تەرخان ناکەیت، کاتێک بۆ نیگارکێشان، پەیکەرتاشی، ئەمە مانای ئەوە نییە واز لە هاورێیەتییەکەت بێنی، نەخێر پێوەندیی مرۆڤایەتی پێویستە و دەبێت هەبێ.

هەمیشەیی

ئەلکالا وشەیەکی سانسکریتییە لەگەڵ کاتدا مانای کات و مردن دەگەیەنێت. یەک وشە بەڵام دوو مانای دژ بەیەکی هەیە، کات و مردن. لەبەرئەوەی کات "خۆی" مردنە. ساتی لەدایکبوونت، ئامادەی بۆ مەرگ، هەردووکیان لە یەک کاتدا پێکەوە کۆ دەبنەوە، لەدایکبوون و مردن. تەنانەت رۆژی لەدایکبوون رۆژی مەرگە. یەک شت هەیە کە گومانی تێدا نییە: هەر دەمریت، ئەمە کارێکە هەر روو دەدات و گومانی تێدا نییە، ئەوانی تر دەشێ روو بدەن و روو نەدەن. دەشێ هاوسەرێتی بکەیت یان نەیکەیت. بەڵام مردن کارێکی حەتمییە هەڵهاتن لێ دەستی مەحاڵە. لەو رۆژەوەی مرۆڤ لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرێ، لەو رۆژەوە گەشت بەرەو مەرگ دەست پێ دەکات، رەنگە ئەو گەشتە درێژ بێت یان کورت.

هاتنە نێو ژیان واتە قبوولکردنی مەرگە.

هەمیشەیی نەمردنە، بەڵام لە کوێ هەمیشەیی دەدۆزینەوە؟ بە چ رێگەیەک؟ دەبێ بزانین چۆن سوود لە هۆکاری زەمەن وەرگرین.

کات بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەردەوامە، کە ساتێک تەواو دەبێت ساتێکی تر دەست پێ دەکات، ئیتر هەتا دەڕوا بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت، ساتێک کۆتاییی دێت و ساتێکی تر دەست پێ دەکات.

ئێمە لەسەر رۆخی زەمەن دەژین.. رووبارێک دێت بە بەردەوامی رێگە دەبڕێ، میلۆدیای کات بەردەوامە، بەم شێوەیە ئێمە دەژین، بەو شێوەیە لەگەڵ کاتدا دەژین، ساتێک کۆتاییی دێت و ساتێکی تر تەواو دەبێت.

ڕێبازێکی تر هەیە، بۆچی لە رووبار دەڕوانین لە جیاتیی ئەوەی بەسەر رووباردا باز بدەین؟ بەو

شێوەیەش زەمەن دەوەستێ، هەر ئەو کاتە، کاتێک خۆت فڕێ دەدەیتە نێو رووبارەکەوە، بەو کارەت جوولّەیەکی ستوونیت دەست پێ کردووە، ئەمەش پێی دەوترێ خاچی مەسیح. خاچ سیمبولی زەمەنە. ئەو سیمبولە لە دوو هێڵ پێک هاتووە: هێڵێکی ستوونی و یەکێکی ئاسۆیی، لەسەر هێڵی ئاسۆیی دەستەکانی مەسیح راکشاون، لەسەر هێڵی ستوونی سەر و هەموو جەستەی. هەردوو ئەو دەستە سیمبولن بۆ کارکردن، کار و بەدەستهێنان سیمبولی هەمیشەیین. بۆیە هەر کارێک دەیکەین، لە نێوان کاتدا ئەنجامی دەدەین، هەر بوونەوەرێک بیت دەبێ روو بکەیتە هەمیشەیی، هەرچییەک بەرهەمی دێنیت، لە نێوان زەمەندا ئەنجامی دەدەیت. سروشتت هەرچییەک بێت ئەو بۆ هەمیشەیی دەبێت. بۆیە واز لە کردار و وەرگرتن بێنە، ببە بوونەوەرێکی مرۆیی. دەتوانی هەر ئێستە نەک پاشان ئەم کارە بکەیت. ئەگەر وازت لە بیرکردنەوە لە رابردوو و ئێستە و داهاتوو هێنا، ئەوە زەمەن دەوەستێ. هیچ شتێ ناوەستێ، بێدەنگییەکی بێ وێنە، هیچ شتێک ناجوولّێت، ئەوەش هەمیشەییە.

ئالۆزی – ناڕوونی

هەرچییەک کە جوانە ئالۆزە، جوانی خۆی ئالۆزییە، خۆشی ئالۆزە، پێکەنین ئالۆزە، خۆشەویستی، ئاشتی، ڕۆشنگەریی هەموو ئەمانە ئالۆزن. لەبەر ئەوە ئالۆزن لە مەودای خودی خۆیان زیاتر مانای تریان نییە، ماناکانیان کرۆکی ڕاستەقینەن.

هەتا دەتوانی وشە ئالۆزەکان لەبەر بکە، بەو شێوەیە خودی خۆت دەوڵەمەند دەکەیت.

ئالۆزی

سۆفییەکان هەندێ دەستەواژەی ئالۆسکاو بەکار دێنن بەمەبەستی گەیاندنی مەبەستەکانیان، نەک ئەو دەستەواژانەی لەگەڵ خۆیاندا ناکۆکن. ئەم دەستەواژانە سەرکۆنەکردنی ئەو کەسەیە کە دەیڵێتەوە. ئاماژەشە بۆ ئەوەی لەوێدا هەڵەیەک هەیە دەبێ چاک بکرێت، بەپێچەوانەی ئەوەی کە سۆفییەکان دەیڵێن، ئەو شتانە دێننە سەر زار کە نابێت چاک بکرێت. ناکۆکی جۆرێکە لە ئالۆزییەک ڕاڤەکردنی نییە.

بوون نهێنییەکی ئالۆزە. ماتماتیک قابیلی تێگەیشتنە، عەقڵ دەتوانێ ئەو زانستە قبووڵ بکات، هەرچییەک ڕاڤە نەکرێت و جێگەی تێگەیشتن نەبێت عەقڵ ڕەتی دەکاتەوە.. هەر کەسێک ژیان بناسێت دەزانێ ئەرستۆ مرۆڤێکی زۆر هێمن بوو، تا ئێستە نموونەی نییە، دەشزانێ کە ئەرستۆ باوکی فەلسەفەی نوێیە، باوکی زانستە هاوچەرخەکانە، کەچی ئەمڕۆ شۆڕشێک دژ بەبۆچوون و بیرەکانی بەدی دەکەین. سۆفییەکان هەموو کات کەسانی شۆڕشگێڕن، ئەمڕۆش زانایانی فیزیا شوێنپێی ئەوانیان هەڵگرتووە.

گوناه

گوناه بازرگانییەکی نهێنیی ئەو دەزگایانەیە کە پێیان دەگوترێ دەزگا ئاینییەکان، ئەمە شێوازی ئەوانە، وایان کردووە مرۆڤ بەردەوام هەست بە گوناه بکات و سەرکۆنەی خۆی بکات، هەردەم ئەو کەسانەی تووشی گوناه دەبن لۆمەی خۆیان دەکەن بەوەی کە گوناهبارن، رێزی خۆیان ناگرن، هەردەم وا هەست دەکەن تۆمەتبارن. ئەمەش ئەو شتەیە کە دەزگە ئاینییەکان دەیانەوێ، دەیانەوێ مرۆڤ وا هەست بکات کە شایستەی نیعمەتی جوانی و نیعمەتی خوا نییە، تەنیا بڕێتین لە پارچە ئاسنێکی ژەنگاوی. بەمجۆرە ئەو خەڵکانە دەبنە کەسانێکی گەڕیدە بەدووی رێپێشاندەرێک تا رێگەی رزگاربوونیان پیشان بدات، بەدوای کەسانێک دەگەڕێن تا پشتی پێ ببەستن.

ئەم جۆرە کەسانە سەدان ساڵە بەکارت دەهێنن و تا ئێستەش هەوڵی ئەوە دەدەن بەکارت بهێنن.

ئاهەنگەکان

ئاخۆ رۆژێ لە رۆژان بیرت لەوە کردووەتەوە کە بۆچی هەموو جیهان لە هەموو کولتوور و نەتەوەکان لە ساڵێکدا چەند رۆژێک تەرخان دەکەن بۆ ئاهەنگگێڕان؟ ئەم چەند رۆژە کەمە تەنیا قەرەبووکردنەوەی رۆژانی ماندووێتی و ماندەخەتین. ژیان هەموو خۆشییەکانی لە مرۆڤ سەندووەتەوە، ئەگەر چەند رۆژێک تەرخان نەکات بۆ ئاهەنگگێڕان، بێگومان دەبنە ترسناکییەک بۆ سەر کولتووری کۆمەڵگەکەیان و کۆمەڵگەکەی خۆشیان لە یەک کاتدا.

هەموو کۆمەڵگەکان وای بە پێویست دەزانن ئاهەنگ بگێڕن، تا خەڵکی هەست نەکەن کڵۆڵ و پڕ نەهامەتن. ئاخۆ ئەم درۆیە چییە؟ تەنیا بەتەماشاکردنی تەلەتەنووره و رووناکیی هەڵخەڵەتێنەر، خۆشی ناکەوێتە دڵی کەسی گەورەوە، دڵی منداڵان و بچکۆلەکان خۆش دەکات، بەڵام هی گەورە نەخێر. بەڵام لە خودی هەر مرۆڤێکدا ئاهەنگێکی هەمیشەیی هەیە بە درێژاییی ساڵ ئەو ئاهەنگە بەردەوامە.

نهێنییەکان

نهێنییەکان یەکەم و بنەڕەتی راستەقینەن، ژیان هەر هەمووی، سەرتاپای نهێنییە. ئەمە پرسێک نییە پێویست بە چارەسەر بکات، ئەمە تەنیا پرسیارێک نییە پێویستی بەوەڵام بێت، ئەم شتە نە راقە دەکرێت و نە ورد دەکرێتەوە. ئەمە شتێکە هەر بەنهێنی و ئاڵۆزی دەمێنێتەوە. ئاڵۆزی بۆ ژیان شتێک نییە بۆ ژیان هەروا بەئاسانی پشتگوێی بخەیت.

بارکەوتن و نائومێدی

بارکەوتن وەک سێبەری سەرکەوتن دەردەکەوێت. لە ولاتە هەژارەکاندا لە رۆهەلات زۆر بە کەمی مرۆڤ هەست بەنائومێدی دەکات، لەبەرئەوەی سەرکەوتنێکیان نییە باس بکرێت. کەواتە ئەم سەرکەوتنانە هیچ سێبەرێکیان نییە. بەپێچەوانەوە لە ولاتە رۆئاواییە زۆر دەولەمەندەکان ئەوەی روو دەدات ئەوەیە هەرچییەکت بوێ لە بەردەستە تەنیا ئەوە هەیە هەستکردن بەڕازیبوون نییە. نەبوونی ئەم هەستە بارکەوتن و نائومێدییە.

لە رۆئاوا بەهۆی هەستکردن بە بارکەوتن و نائومێدی، خەڵکی رووبان کردووەتە لێ وردبوونەوە و نوێژکردن.

بەبڕوای من و بەپێی چاودێرییەکانم، مرۆڤ تەنیا بەرەو لێ وردبوونەوە دەڕوات. لەسەر دووڕیانێکن تەنیا دوو هەڵبژاردنیان لە بەردەمە سێیەم بوونی نییە. یان خۆکوشتن یان گۆڕان. گەیشتن بە لووتکەی بارکەوتن و نائومێدی گۆڕان دەست پێ دەکات، ئەوەی هیمەتی نەبێت ناتوانێت گۆڕان لە خۆیدا دروست بکات، گۆڕان تەنیا ئەو کەسانە پێی هەڵدەستن کە خاوەنی چالاکییەکی زۆرن و بارکەوتن و نائومێدی دەسەلاتی بەسەریاندا ناشکێ و شکستیان هێناوە لە دۆزینەوەی رێگەیەک بۆ رزگاربوون لەو نائومێدییە، ئەو کاتە روو دەکەنە نێو خودی خۆیان.. یان چاکتر وایە بڵێین دڕ بەخودی خۆیان رادەپەڕن.

کاتێک تووشی بارکەوتن و نائومێدی دەبیت، هیچ مەکە تەنیا راوەستە و چاوەڕوان بە. هیچ شتێک هەتاهەتایە بەردەوام نابێت، پاش نەمانی حاڵەتی بارکەوتن و نائومێدی، ئاگەداربە و زۆر وریابە، پاش بارکەوتن و نائومێدی، پاش شەو، سەرلەبەیان هەیە، رۆژێک هەیە هەڵدێت، گەر زانیت چۆن سوود لەم چرکانە وەربگریت، ئەوە کۆنترۆڵی پاشماوەکانی نائومێدیت کردووە، ئەوەش بزانە ئەگەر بارکەوتن و نائومێدی نەبێت هەڵهاتنی رۆژ هیچ مانەیەکی نەدەبوو، ئەو رۆژەش نەدەبووە هۆکاری خۆشی و شادمانی.

بەڵام چی دەکەین؟ دەگەڕێینەوە بۆ خودی خۆمان و دووبارە دەگەڕێینەوە و تووشی بارکەوتن و نائومێدی دەبینەوە؛ گرینگ نییە ئەگەر کەسێک تووشی بارکەوتن و نائومێدی بێت، لەبەرئەوەی لە رێگەی ئەم حاڵەتەوە زۆر شت فێر دەبێت، بەڵام پێش هەستکردن بە بارکەوتن و نائومێدی بۆچی نەپرسین "بۆچی ئێمە تووشی بارکەوتن و نائومێدی دەبین؟ دەبێ تووشی نەبین"، کاتێک دەڵێیت دەبێ تووشی نەبین، ئەمە مانای وایە تۆ دەستت کردووە بە بەرگریکردنی بارکەوتن و نائومێدی، ئەوە خەم نییە گەر جارێک هەستت بە بارکەوتن و نائومێدی کرد، بگرە گرینگ ئەوەیە دووەم و سێیەم هەستی پێ نەکەن، پاشان عەقڵت تێک دەدات، ئەو رووناکییە ناناسیت کە لە کازیوەدا دەردەکەوێت.

گەر تووشی بارکەوتن و نائومێدی بووییت قبووڵی بکە، مەپرسە بۆچی؟ با ئەو بارکەوتن و

نائومێدییە بگاتە کۆتاییەکەی پاشان لەناو دەچێت، لە خۆیەوە نامێنێت. ژیان پڕ جووڵەیە، هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێتەوە، ژیان پێویستی بە تۆ نییە، ئەوەتا ببینە بەبێ تۆ رووبار ڕێ دەکات، چۆن دەتوانی یارمەتیی ئەو رووبارە بدەیت، گەر هەوڵی یارمەتیی ئەو رووبارەت دا مانای وایە تۆ شێتی، ئەو رووبارە لە خۆیەوە دەڕوا، وازی لێ بێنە با بڕوا.

بارکەوتن و سووربوون

لە ئینگلیزی دوو وشەی زۆر جوان هەن، یەکێکیان وشەی بارکەوتنە و ئەوی تر وشەی سووربوونە، ئاخۆ هەستت کردووە کە مێشکت مانای خۆی لەدەست داوە و توانای ئەوەت نەماوە بگەیتە دڵت، ئەو کاتە تووشی بارکەوتن دەبیت، هەروەها لە دەرەوەی بابەتەکان قسان دەکەیت، نازانێت وردبوونەوە چییە، یان ڕەنگە تووشی شێتیش بێیت، بەڵام ئەگەر دەزانیت بەردەوامبوون لە وردبوونەوەت چییە، ئەو کاتە سووربوون دروست دەبێت: جیهانێکی نوێ دەردەکەوێ بە ڕوانینێکی نوێ و مەودایەکی نوێ.

وردبوونەوە هونەری گۆڕینی بڕوانینە بۆ ڕاستی. وردبوونەوە هونەری گەیشتنە بەوپەڕی مەودای بێهوودەیی، گەیشتن بە دانایی عەقڵ و سەلامەتیی عەقڵ. وردبوونەوە گرینگترین دۆزینەوەیە کە مرۆڤ ئاشکرای کردووە، بڕوا ناکەم ئێمە ئەو شتە بدۆزینەوە کە بتوانێ بەسەر وردبوونەوەدا سەرکەوێ.

ڕێز، شکۆ

هیچ فەلسەفەیەک بۆ دژە تووندوتیژی شک نابەم. بەڵام شێوازێک بەدی دەکەم بۆ ژیان دەتوانی بەو شێوازە بڵێیت ڕێزی ژیان، بەڵام لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاواز، دژە تووندوتیژی مانای کەسێک نەکوژی.؟ ئاخۆ ئەمە بەسە بۆ ئەم وشەیە.. ئەم لۆجیکێکی سلبییە، کەسێک مەکوژە، کەس ئازار مەدە. ئاخۆ ئەمە بەسە؟ ڕێزگرتنی ژیان واتە بەشداریکردن، بەخشین، شادمانی، خۆشەویستی، ئاسوودەیی، نیعمەتی هەمیشەیی,, هەتا دەتوانی تێکەڵ بە کەسانی تر بیت تێکەڵ بەوودڵ مەبە.

گەر ڕێزی ژیانت گرت، ئەم ڕێزە بۆ شێوەیەک لە پەرستن دەگۆڕێت، میوانێک میوانەوازی بکەم، بێگومان ڕێزت دەگرێ و شکۆمەندت دەکات.

گەر بتوانین لەوە بگەین کە چۆن لە ناخی خۆمان تێ بگەین، ئەو کاتە بێگومان هەموو خۆشەویستی و سۆزداریمان دەبێت بۆ گشت بوونەوەرەکان و ڕێزێکی بێ پایانی ژیان دەگرین.

مەتەڵ

گەردوون مەتەڵێکە هەڵهێنانی سەختە، کەس ناتوانێ چارەیەک بۆ ئەو مەتەڵە بدۆزێتەوە. بەڵام هەتا

تەرالتامەی کتێب

زیاتر لە وردبوونەوە قووڵ بیتەوە و بیدەنگ بیت، ئەگەر زۆر زیاتر بیدەنگ بیت ئەوە دەتوانی ڕێگەیەک بۆ گەیشتنت بەڕێگەچارەیەک بۆ شیکردنەوەی ئەو مەتەڵە بدۆزیتەوە. لە پڕ دەبینی نە شتێکی ماوە پێی بوترێت مەتەڵ و نە شتێک پێی بوترێ پرسەکان و هیچ شتێک چارەسەری ناوێت. گەردوون، بیرەکان، لە سەرەتای موماڕەسەکردنت بۆ وردبوونەوە لەناو دەچن، هەروەها لەگەڵ وردبوونەوەت بیرەکانی تریش ون دەبن. ڕەبەنەکانی "ئەلزن" وا دەڵێن.

هەستکردن

تۆزێک بیر بکەوە و خۆشییەک لە هەستکردن بەدەست بێنە. ئەوەندە پشت بە عەقڵ مەبەستە بگرە پشت بە هەست ببەستە. ڕەنگە بیرکردنەوە بەڕەو هەزارڕێگەکان بتبەن و هەڵت خەڵەتێنن، ڕەنگە ئەو وەهمەت لا دروست بکەن کە تۆ کارێکی باش ئەنجام دەدەیت، بەڵام لە ڕاستیدا تۆ لە ئاسمان کۆشکێک دروست دەکەیت، بیرەکان هیچ نین، تەنیا کۆمەڵێ کۆشکن بە ئاسمانەوە.

ئەو هەستانەی زیاتر پابەندی کرۆکن دەتگۆڕن لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر. بیرکردنەوە لە خۆشەویستی جیاوازە لەوەی هەست بە خۆشەویستی بکەیت. بیرکردنەوەی خۆراکە بۆ من، لەبەرئەوەی من لە خەیاڵەوە خۆراک وەردەگرم. من واقیعییەت قبووڵ ناکەم، بیرکردنەوەش پێڕەوێکی خەیاڵییە.

گۆڕان لە عەقڵەوە بۆ دڵ، لە بیرکردنەوەوە بۆ هەستکردن، لە لۆجیکەوە بۆ خۆشەویستی.

هەستکردن – خۆشەویستی

هەزاران ساڵە کەسانێک هەن یارمەتیی هەژاران دەدەن، بەڵام هەژاریش بنبڕ نەبووە، بگرە ژمارەی هەژاران زیادی کردووە. ئاخۆ دەبێ وابێت؟ ئەگەر ڕاست بێت کە دەبێ وابێت، ئەوە پێویست بوو بەدرێژاییی هەزاران ساڵ هەژاری نەمێنێ و هەژارانیش بکوژێنەوە، لە ڕاستیدا چاکە هەژاری تێر دەکات.

وا باشە بە هەژاران بگوترێ "ئێوەی هەژاران بەکار هێنراون و دەبێ ڕاپەڕن و دژ بە بەکاربەرانتان شۆڕش بکەن. تا ئەو کاتەی هەژاران هۆشمەند نەبنەوە هەژاری بەردەوام دەبێت، هەژاریی هەژاران بەرەنجامی بەکارهێنانیانە لەلایەن ئەو بڕە کەمەی مرۆڤەوە، نەک تەنیا بەری ڕەنجیان دەبەن، بگرە خوێنیشیان دەمژن. هەژاری خاوێنبوونەوەی ئەو گوناهانە نییە کە لە ڕابردوودا کردوومانە، بگرە هەژاری بەهۆی ئەو سیستەمی کۆمەڵایەتییەیە کە پشت بە بەکارهێنانی کەسانی تر دەبەستێ.

پێویستە لەسەر پیاوانی ئاینی و پیاوچاکان هۆشیار ببنەوە. بەدرێژاییی سەدەکان شتی زۆر بە هەژاران دراوە، بەڵام ئەنجامەکەی چی بوو؟ کەس ئینکاری گرینگێتیی ئەو یارمەتییانە ناکات کە

دەدرێن بە هەژاران، بەڵام ئەم یارمەتییانە گۆڕاون بۆ یارمەتیدانی بەکاربەکاران، پەردەیەکی داداوە بەسەر بنیاتی کۆمەڵگەی ئیستیغلالی.

خەون

شیکردنەوەی خەون یارمەتیی ئەوەت نادات کەسێکی دڵڕووناک دەرچیت، بەپێچەوانەوەی بینینی خەونەوە، ئەمەش جیاوازیی نێوان دەروونناسی و ئاینە، دەروونناسی خەون شی دەکاتەوە : ئاین چاوەدێری خەون دەکات و یارمەتیت دەدات کە ئاگات لە خەون بێت. کە لە خەونی خۆت تێ دەگەی، ئەو کاتە خەونەکانت دەڕەوێنەوە، ئەمانەش ئامادەن نەک بەهۆی نەزانینی. ئەمەش مەرجی سەرەکیبوونی خەونە.

کەسی بودیزم خەون نابینێ، ناتوانێ خەون ببینێ، ئەگەر ویستیشی خەون ببینێ ئەوە ڕوو نادات. بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە شەودا، تەنانەت کە لە قوواڵییی خەوندایە، هەموو هۆشی سەرقاڵە بەبوونی خۆیەوە.

خەون هەیە خەوە، خەویش هەیە زیندەخەوە. بەهەرحاڵ زۆر بەئاسانی لە خەونێکەوە دەچی بۆ خەونێکی تر، لە جۆرە خەونێکەوە بۆ جۆرێکی تر.

گەر بەگوێی من دەکەن ئەوەندە بیر لە خەو مەکەنەوە.

تاقیکردنەوە

من کەسێکی سیاسی و پیاوێکی ئاینی نیم. تەنیا شارەزای هونەری ژیانم، هەر هەموو ژیان. رەنگە کەسێکی بێباوەڕ یان مەسیحی، یا جوو یان ئیسلام هاوڕابێت لەگەڵ منداد. من نالێم گەر بتەوێ زیندوو بیت دەبێ بڕوات بە شتێک هەبێت. من داوەتت دەکەم بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک، ئەزموونێک، ئەگەر شتێکی راستەقینەت دۆزییەوە ئەوە بڕیاردان لای خۆتە، یان ئەوەتا بڕوا دێنی یان نایهێنیت. بەڵام من ئەو کەسە نیم بڕوات پێ بدەم.. من تەنیا دەتوانم ڕێنوێنیت بکەم بەرەو چۆنیەتیی گەڕان و زانیاری وەرگرتن، چۆنیەتیی هەڵبژاردن، ڕێنوێنیت بکەم بەرەو شێوازی ئەزموون و تاقیکردنەوە.

هەڵەکان

ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵەت کرد جێگەی سەرسوڕمان نییە، تۆ مرۆڤێکی نەگەیشتوویتەتە پلەی کاملبوون. بۆیە هەڵەکردن بەڵگەیە لەسەر سروشتی مرۆڤانەی خۆت، گەر وانەبێت ئەوە تۆ مرۆڤێکی سۆپەرمانی و نێزیک دەبیتەوە لە کەسایەتییەکی پیرۆز. شتێکی زۆر نایابە گەر تەنیا وەک بەنی بەشەرێک بمێنیتەوە، هەرواش بمێنەوە گرینگ نییە گوێی مەدەرێ با هەڵەش بکەیت.

بەهۆی ئەو هەڵانەی ئەنجامی دەدەیت خۆت ئازار مەدە، هەست بە تاوان مەکە و سەرزەنشتی خۆت مەکە. هەموو ئەم شتانە پێویست ناکات، هەموومان موعەرەزین بۆ ئەوەی هەڵە بکەین، بەڵام گرینگ ئەوەیە دووجار هەمان هەڵە دووبارە نەکەینەوە. هەر جارێک تووشی هەڵەشەییەکی نوێ دەبیت، مانای وایە تۆ دەمری و زیندوو دەبیتەوە، بەڵام ئەگەر هاتو هەمان هەڵەشەیت دووبارە کردەوە مانای وایە تۆ کەسێکی لە شوێن خۆت راوەستاو و سوود لە ئەزموونەکانت وەرناگریت.

ڕەوشت

کاتێ دەگوترێ ئەمە ئەرکێکی ڕەوشتییە، جۆرە سەرلێشێواندنێکە کەسانی تر (بەسەرەتای دەیسەپێنن بە سەرتدا دەسەپێنن. ئەمە جۆرێکە لە کۆنترۆڵکردن، جۆرێک لە کۆیلایەتی، لەبەرئەوەی تۆ ئەو کەسە نیت بڕیار دەدەیت چی ڕاست و چی هەڵەیە، بگرە کەسانی تر ئەو بڕیارە دەدەن و پێت دەڵێن. تەنانەت وات لێ دێت ناتوانێ جیاوازی لە نێوان ڕەوشت و ناڕەوشت ببینی. ئەوەی لە کۆمەڵگەیەک بە ڕەوشت دادەنرێت لە کۆمەڵگەیەکی تر بێ ڕەوشتییە).

بڕوانە دەوروبەری خۆت، ڕێگە بە چاوەکانت بدە تا گەشتێک بەدەوری گۆی زەویدا بکەن. دەبینیت هەر وڵاتێک تێگەیشتنێکی تایبەتی بۆ ڕەوشت هەیە، ئەو تێگەیشتنە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازیی هەیە. ئەمە چۆن دەبێ وابێت؟ بۆ من لە هەموو جێگەیەک ڕاستی ڕاستییە و هەڵە هەڵەیە. شتە ڕەوشتییەکان ناکرێ بەتاوە بکرێ، واتە ناکرێ ڕەوشتی هیندی، بودی، مەسیحی، محەمەدی و.. تاد هەبێت. بەڵام ئەمە شتێکە و واقیعە و هەیە و ڕاستە، ئەم چەمکە ڕەوشتییانە لە داهێنانی مرۆڤ و کۆمەڵگە مرۆییەکانن، هەر کۆمەڵگەیەک ڕاستگۆیی ئەو ڕەوشتە بەپێی کۆمەڵگەکەی خۆی بڕیار داوە، لەبەر ئەمە ئەوە لەگەڵ ئەو شتەی کە دەیەوێ دەگونجێت. بۆ من ڕەوشت ڕێک وەک کۆت و زنجیر وایە.

پێوەستبوون

پێوەستبوون واتە بلکێین بە شتێکەوە، نەک تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت بگرە بۆ هەتاهەتایە، ئێمە داوای مەحاڵی دەکەین، ژیان پڕ جووڵەیە و هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێتەوە.

زۆرجار تووشی بارکەوتن و نائومێدی دەبین بەهۆی بەدەستهێنانی ئەو شتەی پێشبینیمان دەکرد. لە ڕاستیدا پێشبینییەکان هۆکاری دڵتەنگییەکانن، مرۆڤ لە سەرەتای تەمەنی لاوی دەخوازێ هەر بە گەنجی بمێنێتەوە، ئەمە شتێکی مەحاڵە، زوو یان درەنگ تەمەن دەتبا لەگەڵ خۆی و سەردەمی ئازار دەست پێ دەکات. گەورەبوون سوننەتی ژیانە، گەیشتنە بە بەرزترین لووتکە، لووتکەیەکی داپۆشراو بە بەفر، لەوێدا کە ڕووناکیی هەتاوە دەبریسکێتەوە، کەس بە گەنجی نامێنێتەوە. ئێمە پابەندین بە جەستەوە، بەڵام جەستە شتێکی نەمر نییە. ئاساییە گەر جەستەی

خۆمان خۆش بووێ و گرینگیی پێ بدەین، بەمەرجێک پێوەست نەبین پێوەی، دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت کە جەستە تەنیا ئوتێلێکە بۆ رۆح. ئوتێلێک شەوێکی تێدا بەسەر دەبەین، دوو شەو، چەند مانگێک، چەند ساڵێک، کاتێ رۆژ دەبێتەوە ئەو ئوتێلە بەجێ دێڵین.

ڕێنوێنی

هەموو مامۆستاکانی جیهان بیرەکانی خۆیان، وێنەکانی خۆیان، لەنێو سەری ئەو کەسانە دەچێنن و دەکێشن کە بەدووی کەسانێکەوەن ڕێنوێنییان بکات. ئەمەش ترسناکترین گەمەیە مرۆڤ ئەنجامی دەدات. لەبەرئەوەی ئەو کەسە بەردەوام لەو گەمەیە دۆڕاوە. بەبۆچوونی من ئەو مامۆستایەی کە توانی بیر و بۆچوون و بڕوا و هزرەکانی خۆی چاپ بکات، ئەو کەسە ڕێنوێنیکەر نییە، بەتەواوی پێچەوانەی ڕێنوێنیکەر کار دەکات. کەس ماهییەتی تۆ نازانێ، تەنیا خۆت دەیزانی. دەبێ تۆ گەشە بکەیت و پێش بکەویت بەپێی سروشتی خۆت و بەپێی ڕێڕەوی خۆت، نەک بەپێی ئەوەی ئەوان چۆن دەیانەوێ.

ئەوە بەسە کە تۆ کەسێکی سروشتی و خۆبەخۆ بیت.. پێویستت بە ڕێنوێنیکەر و واعیز نییە، ئەوانن هۆکاری شێتکردنی بڕێکی زۆرو نەگبەتیی بڕێکی تر و نەخۆشیی دەروونی بۆ خەڵکانێکی زۆر.

پێویستە گوێ لە وشەی "دەبێ" و "نابێ" نەگرێت. گوێ لە ناخی خۆت بگرە، ئەوەی ناخت دەیڵێ ئەوە ئەنجام بدە. ئەوە ئەنجام بدە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەیت گەر کەسانی تر پێیان وابوو ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت هەڵەیە یان ڕاستە.

ئەگەر دەتوانی ئەم کارە بکەیت، ئەگەر دەتوانی تۆ خودی خۆت بیت، سروشتی مرۆڤایەتی خۆت بپشکووی. ئەو کاتە دەبیتە خاوەنی نیعمەت و ئاشتی ئەوەی کە مرۆڤ بۆی وەسف ناکرێت. ئەو کاتە دەبیتە شیعرێ، گۆرانی، سەما، لەبەرئەوەی لەگەڵ بوونی خۆتدا دەگونجێیت، ئەگەر تۆ لەگەڵ بوونی خۆتدا نەگونجێیت ناتوانی لەگەڵ بووندا بگونجێی. هیچ کەسێک پێویستی بە ڕێنوێنیی تاکەکەسی نییە، ئەمە بڕێتییە لە دەم شیرینکردن، وات لێ دەکەن پشت بە کەسانی تر ببەستیت و وەک خۆیانت لێ دەردەکەن.

من نە ڕێنوێنیت دەکەم و نە ڕێگەت پێشان دەدەم، نە ئەمەت پێ دەڵێم نە ئەوە. زۆر بە سادەیی بەرامبەرت بە بێدەنگی ڕادەوەستم و هیچ مەکە تەنیا گوێ بدە ناخی خۆت، گوێ لەو دەنگە بگرە کە لە ناختەوە دێتە دەرێ، ئەو دەنگە ڕێنوێنیکەری ڕاستەقینەی تۆیە، ڕێنوێنیکەر لە ناختە.

مامۆستا

مامۆستا مرۆڤێکە کۆمەڵێ زانیاریت پێ دەدات هی خۆی نین، ئەو هیچ شتێک لەبارەی ئەو

زانیارییانەوە نازانێت، ئەو، ئەو زانیارییەی تاقی نەکردووەتەوە، تەنیا شتی لەمەڕ خوێندووەتەوە، یان کەسانی تر لەمەڕ ئەو شتانە ئاگەداریان کردوونەتەوە، مامۆستا تەنیا ئەو توانایە شک دەبات ئەو زانیارییانە سەرزارەکییانە، بە عەقڵەوە بگوێزێتەوە. مامۆستا کەسێکی سەرکەوتووە لە کردەی گەیاندندا.

مامۆستای نموونەیی ئەو کەسەیە دەزانێ کە هیچ نازانێ و، هیچ یەک لەو زانیارییانەی تاقی نەکردوونەتەوە کە شکیان دەبات. بەڵام مامۆستای سادە، بڕوای بە راستیی ئەو زانیارییانە هەیە کە کەسانی تری پێ فێر دەکات، ئەو جۆرە مامۆستایە تەنیا هەڵخەڵەتێنەر نییە، بگرە هەڵخەڵەتێنراوە، لە وەهمێکی گەورەدا دەژی. ئەو، ئەو شتەی دەیگێڕێتەوە کەسانی تری پێ قانیع دەکات، کاتێ دڵنیا دەبێت کە کەسانی تر بە زانیارییەکانی قانیع بوون ئەویش بەو زانیارییانە قەناعەت دێنێ.

نائاسایی

بڕوام بە یەکسانیی نێوان مرۆڤ نییە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە بڕوام بە یەکسانی نییە، ئەویش ئەوەیە مەحاڵە یەکسانی بوونی هەبێت سوکرات سوکراتە، هەر تەنیا لەبەر بەدیهێنانی یەکسانی ناکرێ هەرچی مرۆڤ هەیە لە سوکرات بکات.

هەروەک سوکرات هەرچی مرۆڤ هەیە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هیچ کەس لەگەڵ کەسێکی تردا یەکسان نییە، هەر دەشبێ وابێت، ئەگەر هەموو شتەکان لەیەک بچوونایە ئەوە جیهان دەبووە سەرچاوەی بێزاری و وەڕسبوون. وا بێنە بەرچاوی خۆت هەرچی گوڵی دنیا هەیە یەک ڕەنگ و یەک قەوارەی هەبێت، نەخێر شتی وا نابێت.. دنیا هەمەچەشنی دەوێ، هەمەچەشنی لە ڕەنگ و قەوارە و تەنانەت لەو بۆنەی کە گوڵەکانیش بڵاوی دەکەنەوە.

من بڕوام وایە هەر کەسێک تایبەتمەندی و تاکایەتیی خۆی هەیە، بڕوام بە یەکسانیی نێوان تاکەکان نییە، بەڵام بڕوام بە یەکسانیی هەموو ئەو دەرفەتانە هەیە کە بۆ هەمووان دەڕەخسێت.. ئەمەش شتێکە بەتەواوی جیاوازە. دەبێ بوار بۆ گوڵەکان بڕەخسێنین تا شکۆفە بکەن، هەموو دەرفەتەکان یەکسانن بۆ هەموو گوڵە لۆتسەکان، دەرفەتەکان بۆ هەرچی مرۆڤ هەیە یەکسانە تا بتوانن خەونەکانیان بەدی بهێنن. هەرکەسە خەونێ دەبینێ، ئەم خەون دەبینێ ببێتە پزیشک، ئەو خەون دەبینێ ببێتە نیگارکێش، پەیکەرساز، دەبێ بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەیەکسانی دەرفەت بڕەخسێ، بەو مەرجەی هیچ کەس ناچار نەکەین شتێک بکات پێچەوانەی ئەوە بێت کە خۆی دەیەوێ، گەر ئەمەمان کرد کەواتە ئێمە مرۆڤایەتی وێران دەکەین.

وەڵامدانەوە

وەڵامدانەوە چییە؟ پەرچدانەوەیەکی نابەرنامەکراوە.. ئەزموونی ساتی خۆیەتی. کاتێ تەماشای گوڵێک دەکەیت، بەڕاستی تۆ بێ هیچ بیرکردنەوەیەکی لەپێشینە تەماشای گوڵ دەکەیت، تۆ تەماشای "ئەم" گوڵە دەکەیت، راستییەکانی ناناسیتەوە، تا ئەو کاتەی هەرچی ئەو شتانەی لەبارەیەوە وتراوە، وەلاوەی دەنێی. دڵت وەڵام دەداتەوە، دڵت لەگەڵیدا کارلێکردن دەکات، ناتوانی هیچ شتێک بڵێیت. لە راستیدا پێویست بە هیچ وتنێ ناکات "ئەم گوڵە جوانە." وەڵامدانەوەکەی لە دڵتە، وەڵامدانەوە هەستە و بیرکردنەوە نییە.. تۆ هەست بە وروژاندنێک دەکەیت، کاتێک گوڵێک دەبینی شتێک لە ناختەوە سەما دەکات، شتێک لە ناختەوە شکۆفە دەکات. گوڵی دەرەوە گوڵی ناخ دروست دەکات، بەڵام گوڵی ناخت وەڵامی ئەو سەرسەختییەی دایەوە و، لە ناختەوە کرایەوە.

ئەگەر سەرقاڵی هیچوپووچی نەبیت، لە ناخت ئەوەندە وزە هەیە تا بتوانی گۆڕەپانێک لە دڵتدا هەبێ بۆ سەماکردن. بەڵام کاتێ بە بیرکردنەوە وزەکان لەناو دەچن، هیچ گومانی تێدا نییە، هەست و سۆزەکانت ئازاریان بەر دەکەوێ. بیرکردنەوە وەک کوارک وایە لە وزەی تایبەت بە هەستەکانەوە تێر دەخوات، بیرەکان وزەکانت کون کون دەکەن، وەک تانکییەکی پڕ کونی لێ دێت و هەرگیز ئاوی تێدا بەند نابێت.

کاتێک بیرەکان نەبنە هۆی بەزاندنی وزەکانت، ئەو کاتە تۆ پڕ دەبی لە وزە، پڕ دەبیت تا سنووری تێربوون، لە رێگەی ئەم تێربوونەوە دڵ دەتوانێ وەڵام بداتەوە.

دۆزینەوە

ژیان دۆزینەوە، سەرچڵییە.

لەسەر هەریەک لە ئێمە پێویستە رێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەمە ئەو یاسا ئاڵتوونییەیە کە کاری پێ دەکرێت. ژیان شەقامێک نییە پڕ لە ئاماژە بێت و پێت بڵێت لە رێگەدا گەیشتوویتەتە کوێ و چەندێک لە شوێنی مەبەستی خۆتەوە دووری. دۆزینەوەی رۆحی واتە دروستکردنی ئەو رێگەیانەی کە دەیانگریتە بەر، بۆیە رێگەیەکی ئامادە نییە لە بەردەمتدا. دڵنیام کە بەرەکەتی گەورە لەمەدایە.

تۆ وەک شەمەندەفەر نیت کە بەسەر هێڵی تایبەتدا دەڕوات، ئەگەر وەک شەمەندەفەر دەڕۆی مانای وایە تۆ توانای ئەوەت نییە بۆ هەر کوێیەک بتەوێ بڕۆی بتوانی بڕۆی، دارستانەکان ببڕی و بەسەر چیادا سەرکەویت، ئەوەی لە حاڵەتی شەمەندەفەرەکە رێنوێنیت دەکات سکەکەیە، کەواتە تۆ بەندی دەستی سکەی. بەڵام رووبار گرتیگە نییە دەتوانێ بەبێ نەخشە هەزاران میل ببڕێ، لە بەرزترین چیای هیمالایا تا دەگاتە زەریاکان، بەبێ دەلیل و رێپیشاندەر، بێ ئەوەی بپرسێ "چ رێگەیەک بگرمە بەر؟" دەڕوا، پێشی فرەڕێیانی زۆرە، ئەوەی سەیرە، هەموو رووبارێک چۆن بیەوێ، بە ئازادی تەواو، دەچێتەوە سەر دەریا و خۆشی رێگەی خۆی دەستنیشان دەکات.

هەوالنامەی کتێب

منداڵ

هەرچی منداڵ هەیە جوانییان تێدایە، ئاخۆ قەد بووە منداڵێکت بینیبێت ناشیرین؟ دڵنیام نەتبینیوە نە تۆ و نە کەسانی تریش. هەرچی منداڵ هەیە بە نیعمەتی خوایی دەورە دراون، جوانییەکی بێ وێنەیان هەیە جیایان دەکاتەوە. هەموویان بە جارێک دێنە نێو ئەم دنیایە، بەبێ داماڵین، ئەوان دەم بەپێکەنین، بێدەنگ، هاوئاوازن. نیعمەتی خوایی ئابڵووقەی داون وەک بڵێی هەموو لە خزمەتی ئەودا بن، رۆژ لە دوای رۆژ دێنە نێو ئەم دنیایە، جوانیی نامێنێت، ناشیرینییەکان بەدەردەکەون، چاوە پاکیزەکان دەگۆڕێن بۆ ترسناک. رووی فریشتەی دەبێتە رووبەکی تاوانکار، چیی تر نیعمەتی خوایی دەوری نادات. منداڵ هەموو شتێکی لەدەست دەدات تەنانەت زیرەکییەکەی، بۆ گەمژەیەک دەگۆڕێ. ئەمەیە کارە پەسندەکانی مرۆڤایەتی.

لێبووردن

گەر بەتەواویش لەوە دڵنیا بین کە هەڵە دەکەین، بەڵام هەوڵ نادەین خۆمان چاک بکەین، تەنیا هەوڵ دەدەین وێنەی دەرەوەمان چاک بکەین. ئێمە داوا لە کەسانی تر دەکەین داوای لێبووردنمان لێ بکەن ئەگەر بڕوامان هێنا ئەوان هەڵەیان بەرامبەر کردووین. هەروەها پێویستە لەسەرمان ئەوە بکەین چونکە بەو ڕێگەیە خود و ناخمان چاک دەکەین.

تۆ نەک تەنیا جارێک بگرە هەزار جار قەرزاری لێبووردنی، لە هەمان کاتدا هەڵسوکەوتی خۆت مەگۆڕە، وەک بڵێ لێبووردەیی تەنیا هەڵخەڵەتاندنێک بێت بۆ گەمەکردن بە کەسانی تر، بەڵام تۆ هەر ئەو کەسە دەبی کە هەیت، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە خودی خۆتدا بگۆڕێت.

ئەگەر پێویست بکات بەڕاستی لێبووردەییت هەبێ، وا باشە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەیتەوە کە کردووتە، بەمجۆرە دەبێ ڕۆیشتن لە دەرگەی ڕاستەوە بۆ گۆڕینی خودی خۆت و چاککردنەوەی نەفسی خۆت.

ئابووری

ئێمە یەک جۆر ئابووری دەناسین ئەویش ئابووریی جیهانییە: ئابووریی جیهانی. ئەگەر زۆر پارە بدەی، ئەوە زۆرت دۆڕاندووە، بۆیە دەبێ پارێزگاریی ئەو پارەیە بکەیت، دەبێ لە کەسانی تری بسەنی، بۆیە دەبێ کەم بدەی و زۆرت دەست بکەوێ، لەو حاڵەتەدا تۆ براوەی.

بەڵام ئابووریی ناخ، زۆر جیاوازە، دژە تەوەری ئابووریی جیهانییە، لەم ئابووریییەدا هەر چەندێک زیاتر بدەی، زیاترت دەست دەکەوێ، هەرچەندە کەم بدەی، کەمترت دەست دەکەوێ. هەرچەندە بەخشندەییت زیاد بکات، جیهان و بوون هەر هەموو پێکەوە زیاتر و زیاترت پێ دەبەخشن. دەبێ بەخشندە بیت تا بەشداری لە پێدانی خەندە بۆ سەر لێوەکان بکەیت.

ئەم کارە بوێریی دەوێ، بەڵام کاتێک ئەم کارە تاقی دەکەیتەوە، کاتێک لە مەعریفەی ژمارەکانی ناخت نێزیک دەبیتەوە، تەنیا چاونەترسەکان بەسەر ترسناکییەکاندا سەردەکەون، لەبەرئەوەی سەرەتا وا دەبێت. کێ دەزانێ، رەنگە کەس نەبێت ئاوڕت لێ بداتەوە، لێت وەردەگرێ و دەڕوا. کێ دەزانێ؟ رەنگە خۆشەویستیی خۆت بدەیتە کەسانی تر، بەڵام کەسیش خۆشی نەوێی. هەرچۆنێک بێت، دەبێ هەنگاوی یەکەم بنرێت، بەم شێوەیە رێگەت بە ڕوودا دەکرێتەوە، تا هەنگاوی دووەم و سێیەم بنێی. بەم شێوەیە لە گەشتی هەزار میلدا بە هەنگاوی یەکەم، گەشت دەست پێ دەکات، ئەو کاتە بە خۆشی و شادومانییەوە هەنگاو هەڵدێنی و دەڕۆی و دەوڵەمەندێتیش لەگەڵ هەر هەنگاوێکی نوێدا زیاد دەکات.

ژان

ژان نیشانەی گەشەکردن و هەستە، هەر کاتێک لە شوێنێک لە جەستەت هەستت بە ژان کرد هەوڵ دەدەیت بەسەریدا سەرکەویت، هەوڵ دەدەیت لەناوی بەریت. بۆچی ئەمە دەکەیت؟ بهێڵە با ئازار هەست بەبوونت بکات.. تەنانەت ئەو ژانە زۆر گەورە بوو: کاتێک ئەو ژانە دەگاتە لووتکە، لە خۆیەوە چاک دەبێت، گەر ویستت زەمەنی ئەو ئازارە کورت بکەیتەوە ئەوە مانای وا نییە کە تۆ ئەو ئازارەت لە کۆڵ بووەتەوە، ئەو ئازارە هەر لە جەستەتدا دەمێنێتەوە، لە ناختەوە دەمێنێتەوە، سات لە دوای سات هەستی پێ دەکەیت.

چاوەڕوانی

دەبێ چاوەڕوانی شتێکی زۆر ساف و بێگەرد بێت، نە ئامانج و نە مەبەستی هەبێت، گرینگ ئەوەیە چاوەڕوان بیت بەبێ ئەوەی بزانی چاوەڕوانی چیت. تەماشای ساف و بێگەردیی چاوەڕوانی بکە، بێ ئەوەی گوێ بدەیت چی روو دەدات، بەڵام گەر زانیت چی روو دەدات، ئەمە مانای وایە تۆ پێوەستی بە رابردووەوە، واتە بەردەوامیی رابردووی، شتێکی نوێ لە ئارادا نییە. ئەمە کارێکی نوێ نییە، رەنگە ئەم کارە هاوکێشەیەک بێت، دووبارەبوونەوەیەک بێت.

چۆن دەتوانی بزانی ئەوەی روو دەدات چییە؟ تۆ پێشتر هیچ شتێک لەبارەی ئەوەوە نازانی کە روو دەدات، کەواتە چۆن دەتوانی تەسەوری ئەو شتە بکەیت کە روو دەدات؟

کەی دەزانی، کە رێگەیەک نییە بۆ تەسەورکردنی داهاتوو، بۆ روانینی خەیاڵانە بۆ نەناسراو، کەواتە لەسەرتە بیرکردنەوە رابگریت، ئەو کاتە هەرچی ڕا و بۆچوون و بیر هەیە دیار نامێنێت، هەرچی بیرە دەڕەوێتەوە، لێرەوەیە کە رووناکییەکان خۆیان شاردووەتەوە.

سەرچاوە:

أوشو. ألف باء التنوير. القاموس الروحي لكل الأزمان. ترجمة: د. علي الحداد. دار الخيال ٢٠٠٩

هۆبز
بیردۆزی دەوڵەتی پێش مۆدێرن

مۆریس باربیە

هەرچەند ئەو ئاڵۆزی و ملمـلانێـیانەی کـە ریفـۆرمی ئاینیی پرۆسـتـانی، بەرپای کـردن، بەرەنجامـەکانی کۆمـەڵێک گۆڕانکاریی گرینگ سیاسی بوون، بەڵام هـیچ کامیان سـەرهـەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنیان لێ نەکەوتەوە.

هزرڤانە سیاسییەکانی سەدەی شازدەم لە میکیاڤیلییەوە تا بودەن، تەنانەت وێڕای ئەوانەیش کە بەمۆدێرن ناویان دەرکردووە یا داهێنانی بەرچاویان کردووە، هێشتا کە بیر و ڕامانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی پێش مۆدێرندا دەسووڕایەوە، تەنانەت بیریشیان بەلای چ مۆدێلێکی دەوڵەتدا نەدەچووە. گـەرچی جـاروبار دانیـان بەجۆرە جـیاییـیـەکی نێـوان دین و دەوڵەتدا دەنا، بەڵام قـەت بیریان نە لە جیاییی دەوڵەت و جڤاک دەکردەوە و نە باوەڕیان بە سنووری نێوان هاووڵاتی و تاک هەبوو.

بەمـجـۆرە هـەرچەند مـیکیاڤیلی بە رزگارکردنی سیـاسـەت لەژێر هـەژمـوونی دین، لـە ڕاسـتیدا سیاسەتی کردە دنیایی و ئەمەش بێ ئەملا و ئەولا ناوبراوی خستە ڕێزی مۆدێرنەکانەوە، بەڵام با لە بیرمـان نەچێ کە بابەتی سەرەکیی تێڕامان و بۆچوونەکانی ناوبراو، دەوڵەتی پێش مۆدێرن (کە زۆرتر بە میرنشین بەناوبانگ بوو) و هـەروەها لەلایەن میر بەڕێوەی دەبرا. لە ڕاسـتیدا، میکیاڤیلی، بانگەوازی بۆ ڤـەژاندنی دەوڵەت شـارە کـۆنەکـان دەکـرد. لە کن وی، جـڤـاک و تاک، خـودان چ سەربەخۆییەکی تایبەت نەبوون. بەم پێیە مانای گشتیی دەوڵەتی مۆدێرن، نامۆ بوو بەلایەوە.

هـەروەها، گـەرچی ژان بودەن، بە تەمـابوو تا کـۆمـارخـوازی لەژێر هـەژمـوونی مـەزهـەب باوەکاندا وەک فـاکتەری ململانەکانی ئەو سـەردەمـە، قـوتار بکا. (بنەوایەکی سـروشـتی و ئاوەزمـەندانەی بۆ

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهـاد ئەکبەری

کۆمارخوازی دانا و دەسەڵاتێکی رەها و ڕاوەستاوی پێ دا کە بێگومان بەهەنگاوێک دادەنرێ کە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی مۆدێرنی پێوە دیار بوون، بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە کۆمارخوازییەک «مافی فەرمانڕەواییی زۆر مافی کەڵکوەرگرتن لەوەی کە لەگەڵ دەسەڵاتی خاوەن سەروەریی ئوتۆنومدا، هاوبەشە» پێناسە دەکرد. کەوابوو کۆمارسالاری بڕێتی نییە لە تاکەکان بگرە لە مافەکان پێک دێ و دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەریی بەسەریاندا هەیە. «مافەکان ژێدەری ڕاستەکی و ئاخێزگەی کۆمارسالاری و هەروەها وەک ئەندامی سەرەکیی حیسابی بۆ دەکرێ» مافەکان تەنانەت پارادایم و وێنای کۆمارسالارییە و کۆمارسالاری بەپێی فۆرمی ڕەوایەتیی دەسەڵات تێیدا دەجووڵێتەوە: «بنەماڵەیەک کە چاک پەروەردە بکرێ. وێنای ڕاستەکیی کۆمارسالارییە» و هەروەها «مافی حوکمڕەوایی لەناو ماڵدا، نموونەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ کۆمارساری» سەرۆکی مافەکان وەک ئەندامێکی وڵات، بە هاووڵاتی دادەنرێ و هەروەها هاووڵاتیش وەک «جێبەجێکار (فەرمانبەری)ی ئازادی بڕیار» پێناسە دەکرێ. «کە لەژێر دەسەڵاتی کەسێکی تردایە» واتە گەرچی هاووڵاتی ـ بەپێچەوانەی کۆیلە ـ مرۆڤێکی ئازادە، بەڵام فەرمانبەر و گوێڕایەڵی دەسەڵاتی سەرۆکەکەیەتی و هەر ئەم فەرمانبەرییەیەتی کە لە بیانییەکان جوێی دەکاتەوە.

ئەم پێناسەیەی کۆمارخوازی و هاووڵاتیبوون، لە ڕاستیدا تایبەت بووە بە دەوڵەتە پێش مۆدێرنەکان و دەمانگەڕێنێتەوە بۆ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتشاری کەڤنارا (ڕۆمی یا یۆنانی) لە ڕاستیدا ژان بودەن بەردەوام ئاماژە بە دەوڵەتشاری کەڤنارا دەکا و گەرچی باسی سەرۆکی مافەکان، هاووڵاتی و فەرمانبەر دەکا، بەڵام تاک وەک تاک بەتەواوی لە بیر دەکا و چ مافێکی تایبەتی ناداتێ. لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی ئەوەی کە زۆرجار دەگوترێ کۆمارخوازییەک کە بودەن هەڵی دەنێ و پێشنیازی دەکا، چ پێوەندییەکی بە دەوڵەتی مۆدێرنەوە نییە.

لە سەدەی حەڤدەمدا هێشتا مۆدێرنیتەی سیاسی وەدی نەهاتبوو، چونکە دەوڵەت و جڤاک لێک جوێ نەکرابوونەوە و تاکی سەربەخۆش بەدی نەدەکرا. دیارە مەسەلەی پێوەندیی دەوڵەت و تاک دەهاتە گۆڕێ. بەڵام زۆرجار ئەم پرسە لە ڕێی گوێڕایەڵیی بێ ئەملا و ئەولای تاکەوە بۆ دەوڵەت چارەسەر دەکرا.

گرتنەبەری ئەم ڕێگەچارەیەش بۆ خۆی ئەوە دەسەلمێنێ کە هێشتا باس باسی دەوڵەتی پێش مۆدێرنە و تاک سەربەخۆیی خۆی وەدەست نەهێناوە. هەر لەم پێوەندییەدا، هۆگۆ گروسیوس، دەوڵەتی وەک «جەستەیەکی یەکپارچەی پێکهاتوو لە تاکە ئازادەکان» پێناسە دەکرد. کە بۆ دەستەبەرکردنی لەسەرەخۆی مافەکانی خۆی و هەروەها لە سۆنگەی دابینکردنی بەرژەوەندی هاوبەشیانەوە، یەکیان گرتووە».

ئەم پێناسەیش ڕاست پێناسەکەی دەوڵەتشاری کەڤنارامان وەبیر بێنێتەوە. هەر ئەم کەسانە کە لە ڕاستیدا سەرۆکی ماڵباتەکانن تەنیا ئەندامانی دەوڵەتن. لە ڕێی سەرجەم هەڵسوکەتیانەوە

بەدەوڵەتەوە بەستراونەتەوە: «ئەم لێکگرێدرانەی ژمارەیەکی سەرپەرشتانی بنەماڵەکان لە چوارچێوەیەکی جڤاکی یا دەوڵەتیدا، ئەوپەڕی سوود بۆ ئەندامەکانی دابین دەکا. چونکە (...) تێکڕای هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە جڤاکەوە هەیە و بەگوێرەی هەلومەرج جۆرە پێوەندییەک پێکیانەوە دەبەستێتەوە».

بەم پێیە هەموو شتێک دەکەوێتە چوارچێوەی دیسیپلینی سیاسییەوە: دەسەڵاتی دەوڵەتیش هەم لە بواری گشتیدا کاری پێ دەکرێ و هەم لە بواری تایبەتدا. هەرچەند ئەم کاروبارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بن و یان تایبەت، لە هەردوو باردا، بەکاروباری گرێ دراون، لەم ڕووەوە بەگوێرەی بایەخی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، دەوڵەت بۆ پاراستنی هاوواڵتییان و سامانەکەیاندا، بایەخێکی تایبەتی هەیە» ئەم «مافە سەرتۆپ بالادەستە» بەپێچەوانەی «مافی تایبەت یا کەمبایەخ» مافێکە کە «کۆی پێکهاتەکە بەو ئاوایە قازانجی گشتی دەیخوازێ، بەسەر ئەندامان و سامانەکەیانەوە هەیەتی» لەم سۆنگەیەوە، شا لە بابەت قازانجی گشتییەوە دەسەڵاتێکی هەراوی هەیە بۆ ئەوەی دەست بخاتە ناو سامانی خەڵکەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە خاوەن سامانەکان بۆ خۆیان ئەم مافەیان نییە ئەمانە ئەوە دەسەلێنن کە تاک تواند بە دەوڵەت و دەسەڵاتەکەیەوە شەتەک دراوە: «کارمەندانی دەوڵەت وەک کۆیلەگەلی مالەوەن، بەم پێیە دەکرێ وەک ئامێری دەستی دەسەڵاتدار سەیر بکرێن. لە ڕاستیدا تاک نە خودان ئوتۆنۆمییەکی ڕاستەکییە و نە تەنانەت بوونێکی سەربەخۆ. کەوابوو گروسیوس لە چوارچێوەی دەوڵەتی بەر لە مۆدێرندا، واتە دەوڵەتی باوی سەردەمەکەی خۆیدا قەتیس ما. بۆیە بەپێچەوانەی ئەوەی جاروبار بیری لێ دەکرێتەوە، تەواو نەناس بوو بە مۆدێرنیتەی سیاسی.

لە ناوەندی سەدەی حەڤدەمدا، توماس هۆبز لە کتێبی لویاتان (Leviathan) (١٦٥١) بیردۆزەیەکی پوختی لەمەڕ دەوڵەت یا «کۆماری کلێسایی و مەدەنی» (بن ناونیشانی کتێبەکە) خستە بەرچاو. هەروەها بۆچوونی خۆیشی لەمەڕ دەوڵەتی مەسیحی ـ کە سەلێنەری مەبەستە کەسانییەکەی بوو ـ خستە ڕوو. باسی سەرەکیی ئەم کتێبە لەسەر دەوڵەتی بەر لە مۆدێرنەیە. هەرچەند دەکرێ هەندێ توخمی موژدەدەری مۆدێرنیتەی تێدا بەدی بکەین. بەم پێیە هەرچەند هۆبز، دانی بەهەندێ لە مافەکانی تاکدا ناوە. بەڵام دەبێ ئەویش هەروەک بیردۆزێکی دەوڵەتی پێش مۆدێرنە سەیر بکەین. کۆمارە پێشنیازکراوەکەی هۆبز لە سۆنگەی شێوەی پێکهاتەکەیەوە، لەسەر بنەمای پێدان یا گواستنەوەی مافی کەسانی، هەر لە بنەڕەتەوە وەک دەوڵەتێکی پێش لە مۆدێرن دەردەکەوێ. هەرچەند ئەم کۆمارە مەیدانێکی بەرتەسکی هێشتووەتەوە بۆ ئازادیی تاکەکان. بەڵام ئەم ئازادییانە بەرتەسکن و لە سێبەری دەسەڵاتی سیاسیدان.

١ـ پێکهێنانی کۆمار

ئەلف، دیاریکردنی مافەکانی تاک

کۆمارە دڵخوازەکەی هۆبز پشتی بە ڕێککەوتننامەیەک دەبەست کە تاکەکان بەگوێرەی ئەو

ڕێککەوتننامەیە، مافەکانی خۆیان دەکەنە دەستی دەسەڵاتدارێک (تاک یا کۆ) وە تا گەرەنتیی پاراستنیان بکا. لە ڕاستیدا، بۆ پاراستنی ئاشتی لە نێوان تاکەکاندا، تێکڕا لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە «چاو لە مافەکانی خۆیان لەسەر هەموو بوارێکەوە و بەتایبەت لەو بوارانەدا کە پێیان وایە بۆ ئاشتی و ئاسایشیان پێویستە، دەپۆشن». بەم ڕەنگە هەمووان مافی حوکمکردنی خۆیان دەدەنە تاکێک یا کۆمەڵێک.

دیارە، بەمەرجێک خەڵکی تریش ئەمە بکەن. ئەمە «ئەمەش هەمووان لە یەک جەستەدا کۆ دەکاتەوە و پەیمانی نێوان تاکەکان بەدیهێنەری ئەم یەکەتییەیە» وەکی تر، بەم شێوەیە، کۆمارێک پێک دێ کە بێگومان تێیدا «ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان یەک دەگرن و دەبنە یەک جەستە». دیارە کە ئەم کۆمارە، وەک جڤاتی هاوواڵاتییان پێناسە نەکراوە. لە ڕاستیدا، تەنیا کاتێکی کە تاکەکان مافەکانیان ڕادەستی تاکێک یا بوونێکی دیاریکراو (چ لە شێوەی تاک چ لە شێوەی کۆمەڵدا دەکەن، کۆمارێکی ئەوتۆ سەرهەڵدانێتی؛ واتە بەم ڕادەستکردنە، کۆمار پێک دێ. لە ئەنجامدا، تا ئەو کاتەی کە دەسەڵاتێک نەتوانێ ئاشتی و ئاسایشی تاکەکان دابین بکا کۆماریش لەدایک نابێ. دواجار ئەوە کۆی دەسەڵاتی تاکەکانە کە کۆمار دادەمەزرێنێ.

لەبەر ئەمە، هۆبز کۆماری وەک «لویاتانی مەزن» یا «خوایەکی نەمر» پێناسە دەکا و پێی وایە کە «گەوهەری کۆماری لە هەناودایە» بەمجۆرە کۆمار هەروەک «بوونێکی دیار و تاک و تەنیا». پێناسە کراوە کە تاکەکان دەسەڵاتی خۆیان ڕادەستی کردووە تا ئاشتی و ئاسایشیان بپارێزێ ئەم بوونەوەر دیارە (چ بەشێوەی تاک چ بە کۆمەڵ) ڕاست هەر فەرمانڕەواکەیە و کەسانی تر تەنیا گوێڕایەڵ و جێبەجێکارن.

بۆ ئافراندنی دەسەڵاتدارێکی ئەوتۆ، «تاکەکان دەبێ تێکڕای هێز و وزەی خۆیان ڕادەستی کەسێک یا کۆمەڵێک بکەن. تا بەگوێرەی ڕێسای زۆرینە، بتوانێ ئیرادەی ئەوان یەکپارچە بکا» کەوابوو تاکەکان تێکڕای مافەکانیان ڕادەستی دەکەن و لەم لایەنەشەوە چ سنووردێک تەنانەت لە بواری هزر و ویستدا پێشبینی نەکراوە. هەر تاکێک دەبێ «داوا، ویست و باوەڕی خۆ لەگەڵ ویست و باوەڕی مرۆڤ یا کۆیەکی وادا بکاتە یەک[١٤]».

سەرباری ئەمانە، هەروەک چۆن هۆبز بەوردی ئەوە دەخاتە ڕوو، هەندێ ماف ناکرێ بگوێزرێنەوە یا ڕادەست بکرێن: «کۆمەڵێک ماف هەن کە بیرکردنەوە لە ڕادەستکردن و گواستنەوەیان، بە هەر کەسێک، زەحمەتە» چونکە نازانین کە ئەم کارە لە پێناوی چ دەسکەوتێکدا دەکرێ.[١٥]

دیارە کە باسەکە تەنیا باسی ئازادییە جیاجیاکان نییە بگرە باسی ئەو مافانەیە کە پێوەندییان بە ژیان، سەرپاکی جەستە و هەروەها ئاسایشی کەسانییەوە هەیە. بەم ڕەنگە «مرۆڤ ناتوانێ چاو لە مافی بەرقانی لە خۆ لە هەمبەر ئەو کەسانەدا بپۆشێ کە بە زوڵم و زۆر دەیانەوێ شیرازەی ژیانی لێک بترازێنن» و هەروەها ئەگەر پرسی بریندارى، دیلبوون و زیندانیکرانیش لە گۆڕێدا بێ،

بارەکە هەر یەک شـــتە. بەگشتی، ناشێ مرۆڤ ئاسایشیبـــوونی خۆی بخـــاتە پشـــتگوێ. جا چ پرسـەکـە پێـــوەندیی بە ژیانیـەوە هەبێ یا بـە ئامـرازەکـانی پاراسـتنی ئەو ژیانـەکـەیەوە،: «چ کـەسێک ناتوانێ مـافی پاراستنی خـۆی لـە هـەمبـەر مـەرگدا و هـەروەهـا بریندارى و بەند کـران، رادەست بکـا یا مـافێکی وا خـۆی بپـۆشـرێ[١٦]» کـەوابوو مـرۆڤ ناتوانێ بەڵێنی ئەوە بدا کـە لە هـەمبـەر تووندوتیژیدا، تووندوتیژی نەنوێنێ بـەم پێیـە، هـەموو کـەسێک مـافی بەرقانی لە خـۆی بەڕەوا دەزانێ.

سـەرجـەم تاکـەکـان، ئەو مـافـانەی کـە بێ ئـەمـلا و ئـەولا دەبێ رادەست بکرێن. رادەسـت دەکـەن، دیارە جگە لەو مـافانە کـە نابێ ڕادەست بکرێ. بـە کـورتی، گەرچی هـەڵبـژاردنی فـەرمـانڕەوا، بەپێی بۆچوونی زۆرینە دەبێ، بـەڵام هـەمـووان مافەکانیان رادەستی ناوبراو دەکـەن و چ دەنگیان پێ دابێ یان نا. مل بۆ ئۆتۆریتەکەی رادەکێشن.

دەبێ ئـەوەش بزانـین کـە چـونکـە رادەســتکردنـی مــافــەکــانـی ئـەمــان یەکــلایـی کــراوەتـەوە و ناگەڕێنرێتـەوە، خـەڵک نە دەتوانـن مافـەکانیان وەربگرنـەوە و نە ڕادەسـتی فـەرمـانڕەوایەکی تریان بکـەن. بـەتایبـەت ئـەوەش کە فـەرمانبـەران (خـەڵک) نە دەتوانن، سیستـەمی پاشـایەتی هـەڵبگرن و نە بکـەونـە شـوێن بریار و فـەرمـانی کـەسـێکی تر. زێدەباری ئـەمـەش، بـەتـەواوی گـوێڕایـەڵی بریار و دادوەریی فەرمانڕەواکەی خۆیانن و نـە دەشتوانن ڕەخنـەیان لێ بگرن و نە چاوەدێرییان بکـەن. یان وەکی تر، هـۆبز هـەر چەشنە دەرەتانێکی گـۆڕانکاری و یان دەربـڕینـی ناڕەزایـی دەخـاتـە لاوە. لە ڕاستیدا هـەڵسوکەوتی فەرمـانڕەوا هـەر جۆرێک بێ، خـەڵک دەبێ بـەردەوام گـوێڕایـەڵی بن و مافی لە ڕووداوەستانەوەی ئەویان نییە.

لە ڕاستیدا، هـەرچـەند فـەرمانڕەوا، بەگوێرەی پەیماننامـەی نێوان تاکەکان هـەڵدەبژێردرێ، بـەڵام لە نێـوان فـەرمـانڕەوا و خـەڵکی ژێردەسـەڵاتیـدا، چ ڕێککەوتنێک بەدی ناکـرێ و دەسـەڵاتدارەتی لەسـەر چ ڕێککەوتنێکی پێـشـووی نێـوانیـان دانەمـەزراوە. کـەوابوو فـەرمـانڕەوا نە دەتـوانێ لەو پەیمـاننامـەیە لادا و نە لـە سـۆنگـەیەوە دەسـەڵاتەکـەی خـۆی بدۆڕێنێ: «فـەرمـانڕەوا بۆی نـیـیـە پەیماننامەکە پێشێل بکا.

لە ئەنجامدا هیچ تاکێکی ژێردەسـەڵاتی، بەپشتبـەستن بە هەندێ خاڵی وەک لەسـەر کار لادان و لێ سـەندنـەوەی دەسـەڵات، کـۆتوبـەندی خـۆیان بپـسـێنن» فـەرمـانڕەوانە بـە چ ئاوایـەک بەژێردەستەکانیەوە گرێ دراوە و نە ئیرادە و دەسەڵاتەکەشی ملکەچی ئەوانە و بۆیە دەسـەڵاتەکەی ڕەهایە و تاکەکان ناتوانن، دەسـەڵاتەکەی بڕووخێنن. بەمـجۆرە ڕادەسـتکردنی مافەکانی تاک بە فـەرمانڕەوا، شـتێکی یەکـلایەنەیە، نەک دووڵایەنە و هـەروەهـا فـەرمـانڕەوا چ ئیرادەیەکی لە هـەمبـەر ژێردەستەکانیدا نییە. لە ئەنجامدا، فەرمانڕەوا قەد ناتوانێ دەسـەڵاتەکەی بدۆڕێنێ خـەڵک بێ ئـەملا و ئـەولا، گوێڕاڵی ئـەم دەسـەڵاتەن.

ئەنجامەکانی رادەستکردنی دەسەڵات

رادەستکردنی مافەکانی تاک (فەرمانبەر) بە فەرمانڕەوا، کۆمەڵێک بەرەنجامی پراکتیکی بۆ تاکەکان لێ دەکەوێتەوە، یەک لەوانە ئەوەیە کە سەربەخۆییی خۆیان لە بەرامبەر دەسەڵاتدا لەکیس دەدەن. لە ڕاستیدا سەرجەم تاکەکان تەنانەت ئەوانەش کە دەنگیان بە فەرمانڕەواکە نەداوە، دەبێ، تێکڕای هەڵسوکەوتەکانی پەسند بکەن.

وا دادەنرێ کە خەڵک نەک هەر ڕێیان بەم هەڵسوکەوتانە داوە، بگرە تەنیا بۆ خۆیان خوڵقاندوویانن: بۆیە خەڵک نە دەتوانن بەرهەڵستی ڕەفتاری فەرمانڕەواکانیان ببنەوە و نە ڕەخنەیان لێ بگرن و کردارەکانیان هەڵسەنگێنن. تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵسوکەوتانەش دزێو و دژ بە یاسای سروشت بن: «پاشایەتیی خاوەن سەروەری یا زۆرینەیەکی خاوەن سەروەری، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە لە پێناوی ئامانجی کەسانیی خۆیاندا و بەپێچەوانەی ویژدانیان، بەکەیفی خۆیان بڕیار دەربکەن. (...) بگرە کارێکی ئەوتۆ ڕێگە بە تاک نادا کە بە چەک لە هەمبەر فەرمانڕەواکەیدا ڕاپەڕێ. یان تەنانەت بە نادادپەروەری تۆمەتباری بکا و یا هەر چەشنێکی تر بە خراپ باسی بکا: لە ڕاستیدا خەڵک بەم کارەیان، واتە ڕادەستکردنی سەربەخۆییی خۆیان بە فەرمانڕەوا، ڕێگەیان بەم چەشنە کارانە داوە و ئەم کارانەیان بە کاری خۆیان داناون». بەگشتی خەڵک نە دەبێ بە خراپە باسی فەرمانڕەوا بکەن و نە «ڕەخنە و قسە و ناڕەزامەندییەک دەربڕن».

لەلایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی کە هەرچی فەرمانڕەوا دەیکا، نابێتە هۆی ئەوەی کە لایەن خەڵکەوە وەزەنگێ بگاتێ کەوابوو بۆ هیچ یەکێک لە تاکەکانی ژێردەستی نییە کە بەستەمکاری بزانن یان بیر لە سزادانی بکەنەوە. لەمەڕ ڕێگە چارەگەلی پێویست بۆ دابینکردنی ئاشتی و پاراستنی هاوواڵتیان، تاکە قازی هەر خۆیەتی و بۆی هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئاستی ئاسایش چ بە پێویست بزانی بیکا زێدەباری ئەمەش، قەزاوەت و داوەری «لەمەڕ کەڵکەندی و زیانمەندیی ڕوانگە و ئایدیاگەلی لەمەڕ ئاشتی» لە ئەستۆی ویدایە.

ئەم چەشنە ڕوانگەیە، بەڕوونی چاوەدێریکردن بەسەر ئازادیی ڕادەربڕین - چ بەنووسین و چ بەقسە - و ئەنجامەکەشی نەبوونی ئازادییە لەم بوارەدا: «لەو سۆنگەیەوە کە ڕەفتاری مرۆڤەکان داخباری بیروباوەڕیانە، ڕێکخستنیان بەباشی، لە پێناوی ئاشتی و لێک حالیبوونیان، پێوەندیی ڕاستەخۆی بە بیروباوەڕیانەوە هەیە» بێگومان ئەوەندەی پێوەندیی بەبۆچوونەکانی ئەوانەوە هەیە، تەنیا حەقیقەت گرینگە. بەڵام هۆبز پێی وایە، کە ڕوانگەیەکی ئەوتۆ نابێتە هۆی ئەوەی کە «ئاشتی و ئاسایش بکەینە پێوانە بۆ ڕێسامەندکردنی بۆچوونەکان» چونکە ناکرێ بۆچوون (پرەنسیپ)ی دژ بە ئاشتی، ڕاستەقینە بێ.

لە ڕاستیدا، هۆبز لەم بەڵگاندنە سەمەرەیەدا حەقیقەت دەکاتە گوێڕایەڵی ئاشتی و ئاسایش و هەروەها هزریش بەگوێڕایەڵی کرداری و پراکتیک دەزانێ، بەپێی ئەو تێڕوانینە چەسپاوەی کە

گۆیا چ ناتەباییەک لە نێوانیاندا بەدی ناکرێ. کەوابوو دان بەبۆچوونێکی مەسڵحەتخوازانە لەمەڕ حەقیقەتدا دەنێ کە دەسکەوتەکەی، دیاریکردنی پێداویستییەکانی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتییە. هۆبز، ناشارەزایی و ناکارامەیی فەرمانڕەواکان و زانایان بە هۆکاری داننان بە بۆچوون و پرەنسیپە چەوتەکاندا دەزانێ و هەروەها دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ئەمە بە مانای قبووڵکردنی بوونی کەمایەتی و لاوازییە لە فەرمانڕەوادا. کەوابوو هۆبز دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە «خاوەنی دەسەڵاتی سەربەخۆ لەسەریەتی کە ئەوەندەی پێوەندی و بیروباوەڕ و پرەنسیپەکانەوە هەیە. یا بۆ خۆی ببێتە دادوەر یا کۆمەڵێک دادوەر بۆ ئەم مەبەستە دیاربکا (...) تا لەم ڕێگەوە، پێش بە ناکۆکی و شەڕی ناوەخۆ بگرێ» دیارە کە ئەم ئەنجامگیرییە، لە پرەنسیپەکەی دەسپێکیدا، دەرباز دەبێ، چونکە تەنیا پێوەندییان بەو باوەڕ و پرەنسیپانەوە نییە کە پێ دەچێ زیان بە ئاشتی بگەیەنن، بگرە بەگشتی، لەگەڵ هەر چەشنە باوەڕ و پرەنسیپێکدا گرێ دەدرێتەوە. دیارە ئەم خلیسکانە شاراوەیە، لە ڕاستیدا فەرمانڕەوا دەکاتە خودان و هەروەها ڕاڤەری هزرەکان و لە پراکتیکیشدا، هەر چەشنە ئازادییەک لەم بوارەدا دەبڕێنێتەوە.

لە ئەنجامدا هۆبز پێی وایە «بۆچوونە ڕاپەڕینسازەکان» بۆیان هەیە کۆمار پارچە پارچە بکەن و لێکی هەڵوەشێنن. ناوبراو پاشان ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکا کە جاروبار دەبنە هۆی سەرسوڕمان. یەکێک لەو نموونانە، بۆچوونێکە کە دەڵێ «دادوەریی کردار و چاکە و خراپە» تاک بۆ خۆیەتی بە بۆچوونی ناوبراو، بەدڵنیاییەوە لەیاری سروشتیدا و هەروەها لەو بوارانەوە کە ڕێسامەند نەکراون، هەر وابووە و هەرواشە، بەڵام لە بوارەکانی تردا «ئاستی کردار و چاکە و خراپە، یاسایەکی مەدەنییە» و «یاسادانەر دادوەرانە» یان وەکی تر کاتێک کە ڕەفتار و کردارەکان، بووبنە قانوونی. ئیدی تاک نابێتە دادوەری چاکە و خراپە واتە – ناوەڕۆکی ئەخلاقی ئەوان. بەم ڕەنگە قانوونمەندی، شوێنی ئەخلاقیەت دەگرێتەوە، بۆیە قانوون هەر بەم پێیەش فەرمانڕەوا ـ بەتەواوی دەبنە بڕیاردەری ئەخلاقیەت.

لە ئەنجامدا کردار و ڕەفتار بەپێی ئەوەی کە ڕێپێدراو یا بەربەند بن لە ڕووی یاساییەوە، دەبنە قەنج و کرێت، لە کاتێکدا کە دەبێ بەپێچەوانەوە بێ (هەر کردار و هەڵسوکەوتێک تەنیا لەو ڕووەوە کە وەک خۆی بە پاک یا پیس دابنرێ، ڕێی پێ دەدرێ یا بەربەند دەکرێ). بەپێی ئەم بنەمایە، ئەخلاق بڕێتی نییە لەو ویژدانی کەسانی، بگرە گرێ دراوە بە کۆمار و بە فەرمانڕەواوە، بۆیە بوونێکی سەربەخۆی نییە و دەبێتە کلکی سیاسەت. هۆبز هەروەها بەڕەچی ئەو پرەنسیپە کلاسیکییەش دەداتەوە. کە پێی وایە نابێ مرۆڤ بەپێچەوانەی ویژدانی خۆی بجووڵێتەوە. چونکە ئەم پرەنسیپە وای دادەنێ کە دادوەری چاکە و خراپە، لە ڕاستیدا ویژدانی مرۆڤە.

بەڵگەی ناوبراو بۆ بەڕەچدانەوەی ئەم پرەنسیپە ئەوەیە کە، ویژدانی بنیادەم لەوانەیە بە هەڵەدا بچێ، لەسەری دەڕوا و دەڵێ کاتێک کە بنیادەم گوێڕایەڵی یاسای مەدەنی نییە ـ بۆ نموونە لەباری سروشتیدا ـ دەبێ گوێ بۆ ویژدانی خۆی ڕادێرێ، تەنانەت ئەگەر ویژدانیشی بە هەڵەدا

بچێ. بەڵام کاتێک کە تاکەکان لە چوارچێوەی کۆماردا بژین، ئیدی بۆیان نییە وا بکەن. دۆخەکە دەگۆڕێ «چونکە لێرەوە ئیدی یاسا جێی ویژدانی خەڵک دەگرێتەوە و هەروەها تاکەکان یاسایان کردووەتە چاوساغی خۆیان[٢٤]. کەوابوو دەبێ یاسا سەروەر بێ نەک ویژدان، ئەگینا جۆرەوجۆری و جیاوازیی بیروباوەڕە کەسانییەکان، دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی کۆمار. هۆبز لەم ڕووەوە بەئاشکرا لە هەمبەر ئەخلاقی (تومیستی)دا دەوەستێ. کە بەگوێرەی ئەو پرەنسیپە، مرۆڤ دەبێ بەردەوام گوێڕایەڵی ویژدانی بێ، تەنانەت ئەگەر بە هەڵەشدا بچێ. بەم ڕەنگە هۆبز یاسا ـ و هەروەها فەرمانڕەوا ـ بەسەر ویژدانی تاکدا سەروەر دەکا. لە ڕاستیدا، لەم کۆمارەدا ویژدانی تاک جێی نابێتەوە. چونکە ویژدانی گشتی جێی گرتووەتەوە. بەم ڕەنگە تاک بە چەشنێک لە کۆمارەکەدا دەتوێتەوە کە ئیدی بەتەواوی سەربەخۆییی خۆی دەدۆڕێنێ. لەم بارەیەوە دەبێ بڵێین کە هزری هۆبز لە چاو هزر و بیردۆزەکانی پێش خۆیدا، نەک نەچووەتە پێش، بگرە پاشەکشێشی کردووە، چونکە توانای قەزاوەتی ئەخلاقی لە تاک دەستێنیتەوە.

٢ـ ڕەوشی خەڵک یا ئەندامانی کۆمار

هۆبز وێڕای ئەوە کە تاکەکان بەستوندی بە کۆمار و فەرمانڕەواوە دەبەستێتەوە، بەڵام بە مەرجی سەروەر نەبوونی یاسا، دان بە هەندێ لە مافەکانیاندا دەنێ. لە ڕاستیدا، ناوبراو پێی وانییە کە ئازادی بڕێتی بێ لە توانای پۆزەتیڤی دەروونیی تاک، بگرە بەشێوەیەکی نێگەتیڤ واتە، لە ڕێی نەبوونی دژایەتی یا بەربەستی دەرەکییەوە پێناسەی دەکا (هەروەک چۆن دەڵێن ڕێگە کراوەیە ئەگەر بەربەستی تێدا نەبێ) دیارە ناوبراو ئازادیی تاک یا ڕوونتر بڵێین ئازادیی خەڵک و ئەندامانی کۆمار، لە کۆماردا ڕادەگەیەنێ. بەڵام ئەم ئازادییە بە تەنیا لە دەرەوەی سنووری یاساکان یا لە نەبوونی ئەواندا بەدی دەکرێ: ئازادی لە ڕێی یاساکانەوە، وەک لەمپەرگەلی بەردەمی ـ بەرتەسک دەکەنەوە.

لە ئەنجامدا، تاکەکان «لە سەرجەم ئەو چالاکی و لایەنانەوە کە یاسا، ئاماژەی پێ نەکردوون» ئەوەی پێیان خۆشە دەتوانن بیکەن. ئازادیی ئەندامانی کۆمار ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان لە کۆتوبەندی یاسا ئازادن، بگرە «لە هەناوی ئەو کاروبارانەدایە کە فەرمانڕەوا لە کاتی ڕێسامەندکردنی هەڵسوکەوتەکان و هەروەها کردارەکانی ئەواندا. بەسەریاندا تێ پەڕیوە[٢٦]. هۆبز بەمجۆرە باسی نموونەکانی ئەم چەشنە ئازادییە دەکا: ئازادیی کڕین و فرۆشتن، مۆرکردنی ڕێککەوتننامە، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، خۆراک و جلوبەرگ و پیشە، پەروەردەکردنی منداڵ و ... کەوابوو بواری تایبەت لە بواری گشتی جوێ کراوەتەوە بە چەشنێک کە فەرمانڕەوا دەستی تێ وەرنادا. بەکورتی هەر ئەم بوارەی کە فەرمانڕەوا بۆ تاکەکانی دەخوڵقێنێ و ئەوانیش بۆیان هەیە بە ئازادی تێدا هەڵسوکەوت بکەن، گووڕانی جڤاکی مەدەنی، سەربەخۆ لە دەوڵەت بواری بۆ خۆش دەکا ڕای دەگەیەنێ.

هۆبز گەوهەری ئازادیی راستەقینەی تاکەکان، بە ڕوونی دەخاتە ڕوو، لە ڕاستیدا باس باسی ئەو کارانەیە کە تاک دەتوانێ ئەنجامیان نەدا. تەنانەت ئەگەر لەلایەن فەرمانڕەواوە بڕیاری جێبەجێکردنیشیان دەرچووبێ. ئەم ئازادییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مافانەی کە لە کاتی دامەزراندنی کۆماردا دراون بە فەرمانڕەوا: ئەرکەکانی ئەندامانی کۆمار لەو مافانەوە سەرچاوە دەگرن کە رادەستیان کردوون و هەروەها ئازادییەکانیشیان، لەو مافانەوەن کە رادەستیان نەکردوون. بەتایبەت، تاکی ناو کۆمار، لە هەموو ڕوویەکەوە لەو ئازادییانە سوودمەندە، کە بۆی نییە لەبەر چ کەسێک، چاو لەم مافانەی خۆی بپۆشێ. واتە ژیان، سەرتاپای جەستە و ئاسایشەکەی. بەمجۆرە ناکرێ مل بۆ بڕیار یا یاسایەک رابکێشێ کە مافی داکۆکی لە جەستەی لێ وەربگرێتەوە. لە ئەنجامدا، هەر کاتێک فەرمانڕەوا فەرمانی پێ بکا تا خۆی بکوژێ یا خۆی بریندار بکا، یا لە بەرامبەر دەستدرێژیکاراندا دەست بەرداتەوە، بۆی هەیە، سەرپێچی لە بڕیارەکەی بکا. هەر بەم ڕەنگە، ناکرێ بە زۆری ناچار بکرێ دان جینایەتێکدا بنێ کە کردوویەتی. ناوبراو هەروەها دەتوانێ مل بۆ فەرمانی فەرمانڕەوا نەدا بەمەرجێک ئەم نافەرمانییە، ئەو بنەمایانە نەبەزێنێ کە کۆمارەکەیان لەسەر دامەزراوە، زێدەباری ئەمەش کاتێک کە فەرمانی شەڕ لەگەڵ دوژمنی پێ دەکرێ. بۆی هەیە لە هەندێ لایەنەوە بڕیارەکە جێبەجێ نەکا (بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە بریی خۆی بنێرێ و یا ئەگەر هەر لە جێدا کەسێکی دووڵ و ترسنۆک بێ) ئەوا ئەندامانی کۆمار بەسەرپێچی لە فەرمانی فەرمانڕەوا، داکۆکی لە ژیانی خۆیان بکەن و لەم پێوەندییەدا یارمەتیی یەکتر بدەن و جا چ گوناهکار بن چ بێ گوناه.

هەروەها، کۆمەڵێک ئازادیی تریش بەدی دەکرێن کە «یاسا چاوی لێ پۆشیون» یا بەشێوەیەکی یاسایی ڕێک نەخراون: «لەو بوارنەدا کە فەرمانڕەوا چ ڕێسایەکی دانەنابێ ئەگەر ئەندامێکی کۆمارەکە، کارێک: بە چاک بزانێ، دەتوانێ بیکا یا نەیکا» دیارە ئەم ئازادییانە بەپێی ولاتان و سەردەمەکان دەگۆڕێن. سەرەنجام، ئەگەر تاکێک لەسەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی یاسایەک لەگەڵ فەرمانڕەوادا تووشی گەنگەشە ببێ، بۆی هەیە بۆ داکۆکی لە مافی خۆی، داواکارییەک بەرز بکاتەوە و کێشەکە بخاتە بەردەم دادوەرە دەستنیشانکراوەکانی فەرمانڕەواوە.

بەو حاڵەش، هۆبز، ئازادیی تاک زۆر بەرتەسک دەکاتەوە و بە پاشکۆی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای دەزانێ. کە قامک لەسەر ئەوە دادەنێ کە ئازادییەکانی تاک نە دەبێ دژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بن و نە ببنە مایە سووکایەتی بەناوبراویش و تەنانەت پێشی وایە کە ئەم ئازادییە نابێتە کۆسپ لە بەردەم ئەودا کە، فەرمانڕەوا نەبێتە خاوەن دەسەڵاتی بەسەر ژیان و مەرگی ژێردەستەکانیدا نەشکێ. ناوبراو لە ڕێی بەڵگەهێنانەوەیەکی سەیروسەمەرەدا هەوڵ دەدا، تا بۆچوونەکەی خۆی بسەلمێنێ: لە ڕاستیدا فەرمانڕەوا بۆی هەیە ستەم لەژێر دەستەکانی بکا. چونکە ئەمان، سەرچاوەی سەرلەبەری کردارەکانی ئەون. کەوابوو فەرمانڕەوا بۆی هەیە، بڕیاری کوشتنی، فەرمانبەر و ژێردەستێکی خۆی ـ تەنانەت ئەگەر بێ تاوانیش بێ، دەربکا. لەم دۆخەدا، ناوبراو

تەنیا لە بەرامبەر یەزداندا ـ کە بۆ خۆی فەرمانبەر و ژێردەستەی ئەوە، نادادپەروەریی کردووە، نە دەرهەق بە تاکێکی بێ تاوان. هۆبز بۆ پاساودانەوەی ئەم بۆچوونەی خۆی، ئاماژە بە دوو نموونە لە کتێبی پیرۆز دەکا کە بەشێوەیەکی گەنگەشەهەڵگر، ئاماژەیان پێ کراوە و هەروەها نموونەی سرگوونکرن (دوورخستنەوە) لە ئاتینا کە دوورخستنەوەی هاوواڵاتییەکی بێ تاوانی بەڕەوا دەزانێ[۲۹]. لە ڕاستیدا، پشتبەستنی هۆبز بەم چەشنە بەڵگانە، پتر خستنەڕووی هەقیقەتە نەک قایلکردن و تەنانەت لەگەڵ دوو پرەنسیپی سەرەکیی خۆیشدا ناکۆک و ناتەبان: لەلایەکەوە، هەروەک بینیمان فەرمانبەران (تاکەکان) بۆیە مافەکانی خۆیان دەدەنە فەرمانڕەوا تا بەڵکو بیانپارێزێ و بەرەڤانییان لێ بکا. واتە ببێتە پارێزەری ژیانیان: لەلایەکی ترەوە، ئەندامانی کۆمار، مافی پاراستنی گیانی خۆیان ڕادەستی ناوبراو ناکەن، کەوابوو، مافی لەدەستدانی خۆیان ناخەنە دەست فەرمانڕەواوە. بەکورتی لەم خاڵە سەرەکی و زۆر کەمڕەنگەدا، ناتەبایی لە هزری هۆبزدا بە ڕوونی دەردەکەوێ.

دەکرێ بڵێین کە هۆبز بە ڕادەستکردنی مافی ژیان و مەرگی تاکەکان بە فەرمانڕەوا، لە ڕاستیدا پێی وایە کە فەرمانڕەوا خودان دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ بەندە. لە ئەنجامدا، ئازادیی تاک کە پێشتر لەبەر نەبوونی یاسا، دانێ پێدا نرابوو. نەک لە ڕێی یاساکانەوە بگرە لە ڕێی دەسەڵاتی فەرمانڕەواشەوە بەتەواوی بەرتەسک دەبێتەوە. کاتێک کە باسی پرسی سەرەکیی تاکەکانی ناو کۆمار، واتە پرسی ژیانیان دێتە گۆڕێ، ئازادیی تاک تێدا دەچێ؛ کەوابوو لە بوارەکانی تریشدا ئەم ئازادییە چ گەرەنتییەکی نابێ، چونکە فەرمانڕەوا، هەرتم بۆی هەیە بە دەسکەلاکردنی یاسا، ئەو ئازادییانە بەرتەسک بکاتەوە یان بیانسڕێتەوە و بە تەنانەت زۆر بێبەاکانە پێشێلیان بکا. چونکە فەرمانبەرەکان، بۆ خۆیان دەسەڵاتی هەموو شتێکیان پێ داوە هەر بۆیە، بۆ خۆی دادوەر و قازی ڕەفتاری خۆیەتی. دیارە کە لە دۆخێکی ئەوتۆدا هیچ چەشنە بواریک بۆ ئازادییەکانی تاک لە چوارچێوەی کۆماردا دابین نەکراوە و، تاک بۆی نییە خاوەن سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆی بێ.

هەروەها هۆبز ئاماژە بە ئازادیی تاکەکەسی و ئازادیی کۆمار دەکا و دەیەوێ جیایان بکاتەوە. ئەم سنووربەندییەش بۆ خۆی هەم شتێکی تاسۆخە و هەم زۆر گرینگ. ئەو ئازادییەی کە نووسەرانی یۆنانی و لاتینی سەردەمەکانی کۆن پێیاندا هەڵدەگوت «نەک ئازادیی تاککەلی تایبەت، بەڵکو ئازادیی کۆمار بوو» کەوابوو باسەکەمان لەسەر ئازادیی خەڵکی سەردەمی کەڤنارایە، واتە ئازادیی گشتی لە هەمبەر ئازادیی تاکدا. کە بینجامین کونستان، پاشتر ئاماژەی پێ دەکا: «هەر کۆمارێک (...) بەتەواوی ئازادە لە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک کە لەگەڵ بەرژەوەندەکانیدا گونجاوە» بەڵام لەمەڕ تاکەکان بۆیە ئەمە دەست نادا، چونکە ئەمان بەدەر لە دۆخی سروشتی «بێبەشن لە ئازادیی ڕەها و بێ بەند». زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە ئاتینی و ڕۆمییەکان ئازاد بوون، ئەمەش بەو مانایەیە کە «کۆمارگەلێکی ئازادیان پێک هێناون» نەک لەبەرئەوەی کە تاکەکان ئازادیی سەرپێچیکردن لە بڕیاری فەرمانڕەوای خۆیان هەبووبێ. تاکەکان لە بەرامبەر کۆمار و یاساکاندا

بە ئازاد ناژمێردرێن. لە ڕاستیدا، تەنیا کۆمارەکان ئازادن جا چ دەسەڵاتەکەیان پاشایەتی بێ و چ کۆماری، کەڵکی یەکسان لەم ئازادییە وەردەگرن. لە ئەنجامدا ئەم ئازادییە بە مانای بوونی مافێک نییە کە تاک بۆی هەبێ بیکاتە چەکی دەستی خۆی لە هەمبەر فەرمانڕەوادا. بگرە «تەنیا بە مانای مافی ئۆتۆریتەی گشتییە». ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئازادیی تاک، بەگوێرەی پێناسەکەی، بەرتەسک، ڕێژەیی و مەرجدارە.

ب ـ پێگەی خاوەندارەتی و ئاین

بۆ هەڵسەنگاندنی باشتری پانتا و سنوورگەلی ئازادیی تاکەکەس، لە هزری هۆبزدا، دەبێ دوو بواری تایبەت و یارمەتیدەر واتە خاوەندارەتی و ئاین لە بەرچاو بگرین. لە هەردوو بوارەکەدا و بەتایبەت لەوەی دواییدا، بەسترانەوەی تۆندوتۆڵیی تاک بە فەرمانڕەواوە دەبینین و هەر ئەم بەسترانەوە و پاشکۆیەتییە، وا دەکا کە بواری تایبەت و ئازادیی تاکەکەسی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرتەسک بێتەوە.

دیارە هۆبز، پشتگیری لە خاوەندارەتیی تایبەت دەکا. بەڵام بەتەواوی دەیبەستێتەوە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە و تەنانەت «لە دەسکەوتی ئەم دەسەڵاتە»ی دادەنێ لە ڕوانگەی هۆبزەوە، لە ڕاستیدا ئەوە فەرمانڕەوایە کە بەردی بناخەی خاوەندارەتی دادەنێ و دەستەبەریشی دەکا. هەروەها هەر ئەویشە کە سامان دابەش دەکا و ڕێسای تایبەتیشی بۆ دادەنێ. هۆبز بەشێوەیەکی زۆر سەیر ئەخلاقیەت و خاوەندارەتی دەکاتە پاشکۆی یاسا مەدەنییەکان و بەم شێوەیە، هەمان مامەڵە لەگەڵ خاوەندارەتیدا دەکا کە لەگەڵ ئەخلاقیەت دەیکرد: واتە ئەوە یاسا مەدەنییەکانن، کە چوارچێوەی خاوەندارەتیی ئەندامانی کۆمار دیاری دەکەن. ڕاست هەروەک چۆن ئەخلاقیەتی ڕەفتاری (وێڕای بڕیاردان لەسەر ئەوەی چاکە یان خراپە) دیاری دەکردن. دابەشکردنی سەروەت و سامان واتە دیاریکردنی خاوەندارەتی «لە دەستی دەسەڵاتدار»دایە کەوابوو خاوەندارەتی پشت بەو یاسا مەدەنییانە دەبەستێ، کە فەرمانڕەوا داینان.

بەتایبەت دەبێ ئەوەش بزانین گەرچی فەرمانڕەوا زەویوزار بەسەر خەڵکی ژێردەسەڵاتی خۆیدا دابەش دەکا، بەڵام بەردەوام جۆرە مافێکی تایبەت بەسەر ئەم زەوییانەدا بۆ خۆی دەپارێزێ. کەوابوو هەرچەند سامانی کەسێک نابێتە هیی خەڵکی تر. بەڵام خاوەندارەتییەکەی هەرتم بەستراوەتەوە بە بڕیاری فەرمانڕەواوە: «ئەگەرچی خاوەندارەتیی فەرمانبەر، بە مانای بەربەندبوونی سوود وەرگرتنی کەسانی تر لەو زەویوزارە. بەڵام ئەمە فەرمانڕەوا (چ کۆمەڵێک بن یاخۆ پاشا بەتەنیا) ناگرێتەوە» بەمجۆرە، لەمەڕ خاوەندارەتی، بەڕاستی تاک سەربەخۆ نییە و هەرتم پاشکۆی فەرمانڕەوایە، واتە فەرمانڕەوا مافێکی سەرتر لە سامانی تاکی ناوبراو بۆ خۆی لە بەرچاو دەگرێ.

کەوابوو هۆبز ئەو پرەنسیپەی کە تاک بە خودان «خاوەندارەتیی ڕەها» بەسەر سامانەکەیدا

دادەنێ و هیچ مافێک لەم ڕووەوە نادات فەرمانڕەوا. ڕەت دەکاتەوە لە ڕاستیدا ئەو پێی وایە تاک لە سۆنگەی خاوەندارەتییەکەیەوە قەرزداری دەسەڵاتە و پشتگیری و پاراستنی ئەم دەسەڵاتەش بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئەو زۆر پێویستە. بەکورتی فەرمانڕەوا تەنیا کاتێک دەتوانێ داکۆکی لە ژێردەستەکانی بکا، کە جۆرە مافێک بۆ خۆی بەسەر سامانەکەیانەوە مسۆگەر بکا. لە ئەنجامدا خاوەندارەتیی فەرمانبەران ئەوە ناگەیەنێ کە فەرمانڕەوا مافی خاوەندارەتیی بەسەر سامانەکەیانەوە نییە. دیارە ئەگەرچی ئەم خاوەندارەتییە کردەکییە، بەڵام ڕەها نییە و تەنیا لە بەرامبەر تاک و فەرمانبەرانی تردا شایانی داکۆکییە، نەک لە هەمبەر فەرمانڕەوادا. بەپێچەوانەوە، فەرمانڕەوا بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش، بە ناچاری جۆرە مافێک بۆ خۆی دەپارێزێ. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە خاوەندارەتیی تاک بەستراوەتەوە بە فەرمانڕەواوە و لە ژێردەستی دەسەڵاتی سیاسیدایە.

لەلایەنی ئاینەوە، بە ڕوونی پاشکۆی فەرمانڕەوایە چونکە لە ڕووی ئاینییەوە، هیچ چەشنە ئازادییەک بەدی ناکرێ. لە ڕاستیدا، لە ڕوانگەی هۆبزەوە، فەرمانڕەوا لە بواری ئاینییەوە تەنانەت دەسەڵاتەکەشی بێ ئەملا و ئەولایە لە ڕاستیدا ئاین، بەتەواوی بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە و لە دەوڵەتە مەسیحییەکاندا دەکرێ لەم بارەوە زۆر خاڵی هاوبەش ببینن[٣٩]. فەرمانڕەوای دنیایی لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرکردەی ئاینی و مەزنە قەشە بۆ فەرمانبەرەکانیشی بەم شێوەیە دەبێتە خاوەنی تێکڕای مافگەلی ئاینی (پەروەردە و وتاربێژ) و لە ڕێی ئەو کەسەی کە بەرپرسیارەتیی کاروباری ئاینیی پێ سپاردووە، دەسەڵاتەکەی خۆی پراکتیزە دەکا. ناوبراو تەنانەت بۆی هەیە ڕێساگەلی ئاینی و مەزهەبی دیاری بکا. لە چوارچێوەی کۆماردا تەنیا ڕێگە بە جۆرە چالاکییەکی تایبەت بدا. چونکە بۆ دابینکردنی ئاشتی و یەکپارچەیی پێویستە.

فەرمانڕەوا هەروەها دەتوانێ کتێبی پیرۆز وەڵامە (ڕاڤە) بکا. چونکە جیاوازیی لێکدانەوە لەم بارەوە ململانێ، شەڕ و قسەی ناتەباییی لێ دەکەوێتەوە و کاروباری دەوڵەت ئاڵۆز دەکەن کەوابوو شرۆڤەی کتێبی پیرۆز، لە ئەستۆی فەرمانڕەوادایە نەک خەڵکی ئاسایی: «لە سەرپاکی کۆمارە مەسیحییەکاندا وەڵامی کتێبە پیرۆزەکان، واتە مافی یەکلاییکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان، بۆ فەرمانڕەوایە و لە ئۆتۆریتەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ[٤٠]». هەروەها ئەرکی قەشە گوێڕایەڵەکانی فەرمانڕەوا، پێڕاگەیشتن بە کاروباری ئاینییە. کەوابوو فەرمانبەران ناتوانن، بە ویستی خۆیان کتێبی پیرۆز ڕاڤە بکەن و دەبێ مل بۆ ڕاڤەی فەرمانڕەواکەیان ڕاکێشن.

چونکە فەرمانڕەوا هەم دەسەڵاتی دنیایی و هەم دەسەڵاتی ئاینیی بەدەستە. بۆیە دەبێ لە تێکڕای کاروبارە مادی و مەعنەوییەکاندا پێڕەویی لێ بکرێ: «هەر تاکێ (فەرمانبەر)یک نەک هەر لە کاروباری مایەکیدا بگرە لە ڕووی مەعنەوییەوەش، دەبێ پابەندی بڕیارەکانی ئەو دەوڵەتە بێ کە لە سێبەریدا دەژی، واتە دەبێ پابەندی ئەو بڕیارانە بێ کە کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە ڕایەن

دەگەیەنن» بەمجۆرە لە کاروباری ئاینیدا، تاکەکان خودان چ ڕەنگە ئازادییەک نین، ئەمەش هەردوو بواری بنەوی، باوەڕ و ڕێورەسمی مەزهەبی و ڕاڤەی کتێبی پیرۆزیش دەگرێتەوە. تاکەکان لەم ڕووەوە، کتومت گوێڕایەڵی ئۆتۆریتەی فەرمانڕەوان، ئەو فەرمانڕەوایە کە بە یارمەتیی قەشە دەستنێژەکانی خۆی دەسەپێنێ. لە ڕاستیدا، تاکەکان نە ئازادیی باوەڕ و ویژدانیان هەیە و نە ئازادیی ئاین و مەزهەب. لەم دۆخەدا، ئاین و دەوڵەت بە خورتی تێک پەڕیون، لە دۆخێکی وەک دۆخی دەوڵەتشاری کەڤنارادان. ئەم ڕاستییەش گەوهەری ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتە دەخاتە ڕوو.

کۆمارەکەی هۆبز بەپێی هەندێک لایەنی وەک پێدان و ڕادەستکردنی مافەیلی کەسانی و بەرەنجامە کردەکییەکانی، شوێن و بەرتەسکیی ئازادیی فەرمانبەران و بەسترانەوەی خورتی خاوەندارەتی و ئاین بە فەرمانڕەواوە، لە بەرژەنگ و نیشانەکانی دەوڵەتی پێش مۆدێرنن، نەک دەوڵەتی مۆدێرن. بۆیە هۆبز وەک بیردۆزێکی ڕەسەن و خاوەن میتۆدی دەوڵەتی پێش مۆدێرن، سەر هەڵدەدا و لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسیدا واتە، جیاییی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکی لە مافەکانی تاک لە هەمبەر دەسەڵاتی سیاسیدا، سنووری خۆی جیا دەکاتەوە.

هەڵوێستی هۆبز لەمەڕ فەرمانبەران گەلێک ئاڵۆزە، چونکە قسەکانی زۆر لێک دوور و پێک دژن: لەلایەکەوە، زۆر بە ڕوونی پشتگیری لە ئازادیگەلی تاک، لەو بوارانەدا کە چ دەقێکی یاسایی لە بەردەستدا نییە دەکا و و ناوەڕۆکەکەی بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک نموونەی دیار، دەخاتە ڕوو. بەڵام لەلایەکی ترەوە، هەر ئەم ئازادییە بۆ خۆیشی بەرجدار و لەرزۆکە. چونکە یاسا و فەرمانڕەوا هەردەم دەتوانن بەرتەسکی بکەنەوە و یا تەنانەت هەڵیش بگرن. لەم دۆخەدا، ئازادیی خەڵک (فەرمانبەران) چ گەرەنتییەکی ڕاستەقینەی نییە و بێ پشت بە فەرمانڕەواییی بەهێز و ڕەهاوە و بەبێ بەندە، گرێ دراوە.

زێدەباری ئەمە، دەکرێ بڵێین کە تاک بەکردەکی بەدی ناکرێ و کەڵکێکی ئەوتۆ لە سەربەخۆیی بە ڕاستەقینە وەرناگرێ. هەروەها تاک لە هەمبەر فەرمانڕەوادا مافێکی ڕاستەقینەی نییە. دیارە جگە لەو مافانەی کە ڕادەستی نەکردوون. بەو حاڵەش ئەم سنووربەندییەش بێ کەڵکە، چونکە فەرمانڕەوا بۆی هەیە، فەرمانبەرێک بکوژێ، بێ ئەوەی کە کارەکەی بە نادادپەروەری دابنرێ. ئەگەرچی ئازادیی تاک، لە بواری تیۆرەوە، دەست دەدا، بەڵام بەکردەکی بەدی ناکرێ و هەرتم پاشکۆی فەرمانڕەوایە. شوێنی تایبەتی خاوەندارەتی و ئاین، پیشاندەری ڕاستیی ئەم دۆخەن. لە ئەنجامدا، نە شوێنێک لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا بۆ مافی مرۆڤ بەدی دەکرێ و نە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی سەربەخۆن و نە دەوڵەت. کەوابوو دەبێ هۆبز بەبیردۆزی دەوڵەتی پێش مۆدێرن دابنێین و نەک هزرڤانێک کە موژدەی مۆدێرنیتەی سیاسیمان پێ دەدا. لە ڕاستیدا بیردۆزەکەی هۆبز کە ناتەباییی تێدا بەدی دەکرێ، پتر مەیلی بەرەو پاشایەتیی ڕەها یا سەرەڕۆییی تیۆریزەکراو هەبوو، کە تازە خەریک بوو لە ئەوروپای ئەودەمدا دەکەوتە سەرپێ.

پێڕست

ولاتگیری ڕەشەخاکی عیراق. وەرگێڕانی: جەمیل ڕۆژبیانی 3
یوسف مەلەک ناودارێک لە ناودارانی بیر و سیاسەتی... لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل 46
کوردستان، ولاتی کوردان. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل 54
بێڵ بە کەرکووکیشدا ڕەت بووە. ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە 84
عێراق و کورد ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی پاشەکشە. لە ئینگلیزییەوە: رابەر یوونس 92
کورد و هاشمییەکان مێژوویەکی پڕ لە دۆستایەتی و وەفاداری. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە 131
ئەرمەن و کورد. فەرهاد پیرباڵ 155
کەسێتیی تاکی عێراقی – بەشی حەوتەم. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل 200
مێژووی سااڵنی شا و پێغەمبەرانی سەر زەوی – بەشی دووەم. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە 218
جۆرج تەرابیشی: لە سۆنگەی ناومەوە نەمتوانی ببمە... لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل 234
پاکستان ترسناکترین ولاتی دنیا. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەاڵن عەبدوڵاڵ 238
تەرتیبی داهاتووی دنیای لیبراڵ. لە ئینگلیزییەوە: مامکاک 254
پرسی ئاو لە ڕۆهەاڵتی ناوەڕاستدا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم 267
ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێڕۆ ستراتیجییە تازەکان. لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە 276
خۆشەویستیی بوون و بەخشین گەڕانەوە بۆ خود. لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور 282
کورتەیەک لەسەر ڕەوشت – بەشی یەکەم. سەاڵح حەسەن پاڵەوان 289
کۆمەاڵکوژیی خەاڵکی ڕەسەنی ئەمەریکا. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەاڵن عەبدوڵاڵ 314
دیمانە لەگەاڵ حوسێن مورتەزاییان نووسەری کتێبی "دووپشک..."، دیمانە: مێهدی مێهرپەروەر 327
جەاڵل مەجید فۆتۆگرافەری گوندی ڕۆستی. ئاغالە 335
ئەو شۆڕشانەی ٢٠١١ چین ناسکی و نەرمی لە ڕۆهەاڵتی ناڤیندا لە ئینگلیزییەوە: مامکاک 353
بێوەژنی پاڵینگەکانی بەنگالادیش. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی 366
میزۆپۆتامیا و یەکەمین شارستانیەتی کۆن. لە ئینگلیزییەوە: چنوور نامیق 371
شێوازە جۆرەوجۆرەکانی تۆندوتیژی. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەاڵن عەبدوڵاڵ 378
چیا هەرە بەرزەکانی جیهان ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی 393
کامیلیا ڕاستییەکان بدرکێنە – بەشی سێیەم. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی 403
ئەلفوبێی ڕۆشنگەری. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەاڵح حەسەن پاڵەوان 432
هۆبز بیردۆزی دەوڵەتی پێش مۆدێرن. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری 447